## پێشەکیەکی کورت

لە پێشەکی بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا ئاماژەم بەوە کردوە کە هەورامان وەك ناوچەو هەورامیش وەك شیوەزمان قووڵاییەکی گەورەیان لە مێژووی میللەتەکەماندا هەیە و پێشتر چەندین هەوڵی دڵسۆزانە لە لایەن ژمارەیەك لە رۆشنبیران و شارەزایانەوە دراون بۆ رۆچوون بەو قووڵاییەدا و دەستلێدانی ئەو گەنجینەیە, هەریەك لەو هەوڵانەش بەپێی قورسایی خۆیان سەرنجیانڕاکێشاوە, هەروەها وتومە ئەم کتێبەش هەوڵێکە لەم بوارەدا, ئەگەر وەك پێویست جێگەی خۆی گرت ئەوە دیارە کارێکی باشمان کردووە و بە پێچەوانەشەوە رەنج بە خەسار نابین, چونکە تەنها نییەتپاکییەکە جۆرە پابەندبوونێکە بە کولتووری رەسەنی کوردەوارییەوە.

لەم کاتەشدا کەوا پێشەکی بەرگی دووەمی دەنووسم, زۆر بەوە دڵخۆشم بەماوەی مانگێك کەمتر هەموو ئەو تیراژەی بەرگی یەکەم کە چاپکرابوون فرۆشران و تەنها یەك دانەیان نەماوەتەوە, ئێستا رۆژانە ژمارەیەك لە خوێنەران داوای ئەم کتێبەم لێدەکەن و تامەزرۆی خوێندنەوەین بە شێوەیەك ئەو تەنها دانەیەی لای خۆم ماوەتەوە دەیان دەستاودەستی کردووە.

ئەم بەرگەی لەبەردەستدایە چەند بابەتێك لەخۆدەگرێت بەم شێوەیە:

1-دین لە هەوراماندا: لەم بابەتەدا ئاوڕدراوەتەوە لە هەردوو دینی (میترائیزم و زەردەشتی) کە دینی کۆنی خەڵکی ناوچەکە بوون و باپیرە هەرە دێرینەکانمان پەیڕەوکاریانبوون, تا ئێستاش ئەم دوو دینە بە شیوەیەك لە شێوەکان لە هەندێك وردەکاری ژیانی خەڵکەکەدا رەنگدانەوەیان هەیە.

2-ئەقڵگەرایی لای هەورامییەکان: لەم بابەتەدا باس لەو هۆکارانەکراوە کە هەورامییەکانیان کردووە بە مرۆڤگەلێکی ئەقڵگەرا, بەشێوەیەك ئەقڵگەرایی لە رێکخستنی شێوازی ژیان و گوزەرانیاندا بە تەواوی رەنگیداوەتەوە.

3-ساباتی شیعری هەورامی و شاعیرە دیارەکانی هەورامان: لەم بابەتەدا چەردەیەك لە ژیاننامە و بەرهەمی شیعری ژمارەیەك لە شاعیرە دیارەکانی هەورامان خراونەتەڕوو, هاوکات ئەو هۆکارانە باسکراون کە بۆ سەردەمانێکی دوور ودرێژ شێوەزمانی هەورامیان کردووە بە زمانی ئەدەب و رۆشنبیری زۆربەی ناوچەکانی کوردستان.

4-هەروەها چەند باسوخواسێکی تر دەربارەی هەندێك لە گوندەکانی هەورامان, بابەتی کولتووری وەك: (یاری منداڵانە, رەمەزانی هەورامان)ی تێدا بڵاوکراونەتەوە, لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم ئەم بابەتانە دەبوایە لە بەرگی یەکەمدا بڵاوبکرێنەوە, بەڵام هۆی بڵاوکردنەوەیان لەم بەرگی دووەمەدا ئەمەیە: من لای خۆم بڕیارمداوە کتیبی هەورامان لە سێ بەرگدا بڵاوبکەمەوە, ژمارەی لاپەڕەکانی

هەر بەرگێکیش لە (400) لاپەڕە زیاتر نەبن و بەسەریەکەوە (1200) لاپەڕە دەربچن, بەلاّم کاتێك بەرگی یەکەمم تایپکرد و بردم بۆ چاپخانە بۆمدەرکەوت زۆر زیاترە لە (400) لاپەڕە, هەر بۆیە ئەم چەند بابەتەم لێدەرهێنا و وا لەم بەرگەدا لە ژێرناونیشانی بابەتی (هەمەڕەنگ)دا بلاّودەکرێنەوە.

لە کۆتاییدا دەلّێم: وابیردەکەمەوە ئەو زێدەی ئێمەی تێدا پەروەردە کراوە, ئەو شێوەزمانەی بووە بە زمانی دایکزادمان, ئەو مێژوو و کولتوورەی هەموو جوانییەکانی ژیانیان بە ئیمەی خەلّکی هەورامان بەخشیوە, زۆریان بەسەرمانەوە هەیە و ئەگەر تەمەن و تەندروستی بوارمانبدەن هەقە زیاتر خزمەتیانبکەین.

ئەیوب رۆستەم

15 / 8 / 2004 زایینی

24 / خەرمانان 2704/ کوردی

## نووسەر لە چەند دێڕێکدا

زۆرجار هەندێك لە برادەران, یان خزم و کەسوکار داوایانلێکردووم شتێك دەربارەی ژیاننامەی خۆم بنووسم و لە یەکێك لە کتێبەکانمدا بلاّویبکەمەوە, وا لەبەرگی دووەمی (هەورامان)دا ئەو داواکارییەیان جێبەجێدەکەم و ئەوەی لەم بارەیەوە بە پێویستی بزانم دەینووسم بەم شێوەیە:

ناوم (ئەیوب کوێخا رۆستەم کەریم) و بە (مامۆستا ئەیوب) ناسراوم, بنەماڵەکەمان بە (هەمزەیی) ناویدەرکردووە.

دایکم ناوی (قەتحیٚ فەتحولاّ حەمەلاو) و لە تیرەی (ئاغەلەر)ەکانی تەوێڵەیە.

رۆژی (1 / 4 / 1954) لە گەڕەکی (مالێدەر)ی شارەدێی تەوێڵە و لە ناو خێزانێکی گوزەران مامناوەندیدا لە دایکبووم, لە تەمەنی شەش ساڵییەوە لە قوتابخانەی سەرەتایی تەوێڵە خراومەتەبەرخوێندن.

ساڵی (1961ز) شۆڕشی ئەیلوول دەستییپکرد و ئەو دەمە تەمەنم حەوت ساڵ و پێنج مانگ و چەند رۆژێك بوو, سوپای عێراق زنجیرەیەك هێرشی بۆ سەرکوردستان دەستپێکرد, باوکم یەکێك بوو لەو پێشمەرگانەی لە بەرەی (دەربەنیخان)دا بەشداری بەرپەرچدانەوەی هێرشی سوپایان کرد و لە ئەنجامی ئەو هەڵوێستەیاندا لە حکوومەت قاچاغبوون, ئەوانەیان خەڵکی تەوێڵەبوون ئەو ماوەیە لە شوێنێك دەژیان پێیدەوترێت (تەوەنیٚ), ئەو شوێنە باخ و کانیاوێکی زۆر خۆشە, دەکەوێتە پشت گوندی (بەڵخە)ی هەورامان.

پاشان حکومەت لێبوردنێکی ساختەکارانەی بۆدەرکردن و گەڕانەوە بۆ ناو (تەوێڵە)، بەڵام بۆ ڕۆژی دوایی هەموویان بە ناوی بانگکردنیانەوە بۆ کۆبوونەوە لە گەڵ کاربەدەستانی میریدا دەستگیرکران و لە (زیندانی سلێمانی) پەستێنران، زیندانیکردنی باوکم گورزێك بوو لە بناگوێم سرەوێندرا و بۆ ماوەیەکی زۆر جوانییەکانی دنیای منداڵی لێشێواندم و لە ناخەوە ئازاریدام.
ڕووداوەکان وا ڕۆیشتنە پێشەوە باوکم و هەڤاڵەکانی بە لێبوردنی گشتی ئازادکران، پاش کەمتر لە ساڵێك تەوێڵەش ئازادکراو کەوتە ژێر دەسەلاّتی شۆڕشەوە، ئیتر ئەویش سەرەتا بۆ ماوەیەکی کەم وەکو ئەندامی ڕێکخراوی تەوێڵەی (پارتی) و پاشان وەك لێپرسراوی ئەو ڕێکخراوە کاریدەکرد، لە لایەکەوە کاری سیاسی باوکم و لە لایەکی تریشەوە قەڵەباڵغی خێزانەکەمان کە لە (3) کوڕ و (6)کچ پێکدەهات وایانکردبوو ماڵمان هەمیشە جەنجاڵبێت، خەڵکێکی زۆر بۆ ڕاپەڕاندنی هەندێك کاروباریان لە ناو ناوچەکە و لە دەرەوەی ناوچەکەشەوە هاتوچۆیاندەکردین، من لەو ماڵەدا هەر لە منداڵییەوە جۆرە حەزێکم هەبوو بەوەی دەبوایە ڕۆژانە هەواڵی باوکم بزانیایە و لە مەجلیسەکانیدا گوێم بۆ قسەبگرتایە، ئەوەش وایکردبوو دەیان ڕاز و سەرگوزەشتە و قسەوباس لە مێشکمدا کەڵەکەبن و هاوکات جۆرئەتیشم بۆ قسەکردن پەیداکردبوو، زۆرجار لاسایی هەندێك لەوانەم دەکردەوە دەهاتنە ماڵمان بە تایبەت ئەگەر هەڵسوکەوتێکی سەیریان لێدەربکەوتایە، لەسەر ئەو لاسایی کردنەوەش جارجار سەرزەنشت و جارجاریش ئافەریندەکرام، لەو لاسایی کردنەوانەشەوە جۆرە حەزێك بۆ هونەری نواندن لە ناخمدا چەکەرەیکرد.
ساڵی خویندنی (1967-1968) خوێندنی سەرەتایم تەواوکرد، لەبەر ئەوەش لە ناو (تەوێڵە)دا خوێندنگەی ناوەندی لێنەبوو، ناچار بنەوبارگەی خوێندنم بۆ شاری سلێمانی پێچایەوە، پۆلی یەکەمی ناوەندیم لە ناوەندی (سیروان) و (پۆلی دووەم و سێیەم)یشم لە ناوەندی (ئەزمڕ) تەواوکردن، هەر سێ ساڵەکەش لە بەشی ناوخۆیی (دار الطلبة) بووم.
من بۆ خۆم پاش ئەوەی خویندنی ناوەندیم لە ساڵی خوێندنی (1969- 1970) تەواوکرد ئاواتم ئەوە بوو بچمە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان و ئەو کاتانەش ئەو پەیمانگەیە لە سلێمانی نەکرابووەوە، بۆیە هەوڵمدا لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان لە (بەغداد) وەربگیرێم، بەڵام یەکێك لە خاڵۆکانم خوالێیخۆشبێت بوو بەرێگر و بەوابەستەبوونی بە ئەقڵیەتی خێڵەکییەوە نەیهێشت ئەو ئاواتەم بێتەدی، ئەوەش گورزێکی تر بوو لە بناگوێی مێردمنداڵیم سرەوێندرا و ڕێڕەوی ژیانی گۆڕیم، ئیتر بەناچاری و خۆنەویستانە سەرمکرد بە (ئامادەیی کشوکاڵی بەکرەجۆ)دا.
هەر لەسەرەتای دەستپیکردنی خوێندنەوە لەو ئامادەییەدا، هەوڵمدا ئاواتە هونەرییەکەم بە جۆرێکی تر بهێنمەدی، بۆیە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکدا هەستاین بە دروستکردنی تیپێکی نواندن

و من بە سەرۆکی ئەو تیپە هەڵبـژێردرام, یەکـەم بەرهەمیشـمان شانۆگەریەك بـوو بە نـاوی (کچ بـۆ فرۆشتن) لە نووسینی من و دەرهێنانی (سەیفەدین بەرزنجی), ئەو شانۆیە لە ئاهەنگی یەکترناسین و لـە هـۆڵی نـانخواردنی خوێنـدکاران لـە ئامـادەیی کشـتوکاڵی بـەکرەجۆدا نمایشـکرا, پـاش ماوەیەکیش لە ئاهەنگێکی گەورەدا لە هۆڵی ئامادەیی سلێمانی کوڕان نمایشکرا, لـەو ئاهەنگـەدا هونەرمەندەکانی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی بەشدارایانکرد و ژمارەیەکی زۆر لەکاربەدەستانی ئەوکاتـەش ئامـادەبوون لەوانـە (پارێزگـار و بەڕێوەبـەری پـۆلیس و بەڕێوەبـەری پـەروەردە), بەشـی ئێمەش ئافەرینلێکردن و خەڵاتکردن بوو.

هـاوینی سـاڵی (1971ز) لەگـەڵ چـەند هاوڕێیەکمـدا لـە تەوێڵـە (تیپـی شـانۆی تەوێڵـە)مـان دروستکرد, ئـەو تیپـە سـەرەڕای سـادەیی و بێئـەزموونی زۆربـەی ئەندامـەکانی بـەڵام هـەوڵێکی دڵسـۆزانە و نیەتپاکییـەکی گـەورەبوو بـۆ خزمـەتکردنی هونـەری شـانۆ لـە ناوچـەکەدا, بەرهەمەکانیشی تا ئازاری ساڵی (1974ز) بریتیبوون لە (4) نمایشی شانۆیی, ئەرکی نووسین و دەرهێنانی هەر چواریشیان بە من سپێردرا.

لێرەدا پیویستە باس لەوەبکەم شانبەشانی حەزی هونەری, زۆریش حەزم بەخوێندنەوە و چوونە (سینەما) دەکرد, ئەو سێ ساڵەی لە (بەکرەجۆ) بووم بەردەوام رۆژنامەی (ژین) و هەرسێ گۆڤاری (مەوعـد, شـەبەکە, عـەرەبی) ئـەو دەمـەم دەکـڕین و دەمخوێندنـەوە, هاوکـات کتێبـی (مێـژوویی, ئەدەبی و دیوانی شاعیرەکان)م دەخوێندنـەوە و هیچ فلیمێکی (هینـدی و ئـەمریکی)شم لەدەست خـۆم نـەدەدان تەنانـەت ئەگـەر لـەو رۆژانـەدا تـاقی کردنـەوەشمان بوایـە, ئەمانـەی باسمکردن تـا رادەیەك کاریگەریان هەبوو لەسەر فراوانبوونی مەودای بیرکردنەوەم.

سـاڵی خوێنـدنی (1972–1973) خوێنـدنی ئامـادەیی کشـتوکاڵم تـەواوکرد و دەبوایـە لـە مـانگی کـانوونی یەکـەمی هـەمان سـاڵدا بچوومایە بـۆ سـەربازی, سـەرەتا ملمنـەدا چـونکە نەچـوون بـۆ سەربازی بۆ ئێمـە و مانـان کـە ناوچەکانمان لـە ژێـر دەسـەڵاتی شۆڕشـدا بـوون ئاسـانبوو, دواجـار لەژێرفشاری هەندێك لە خزماندا ناچار ملی رێـی چوونەسـەربازیم گـرت, بـەڵام تـەنها (13) رۆژ لـە (دیوانیە) مامەوە و پاشان گەڕامەوە بۆ تەوێڵە.

سـاڵی (1974ز) شانبەشـانی ئـەوەی لـە نـاو شۆڕشـدا کارمـدەکرد بـەردەوام کتێبم دەخوێندنـەوە, بوونی کتێبخانەیەکی گەورەش لە تەوێڵەدا بە ناوی (کتێبخانـەی خـەبات) ئـەو کـارەی بـۆ ئێمـە زۆر ئاسانکردبوو, چونکە سەدان کتێبی بەنرخ و سەرچاوەی جۆراوجۆری تێدابوون, لـە دوا حەفتـەی مـانگی شوباتی سـاڵی (1975ز) لـە گـەڵ ئامۆزازایەکمـدا بـە نـاوی (ناهیـدە عـارف حەمەشـەریف)

زەماوەندمانكرد و بوو بە هاوسەری ژیانم، بەرهەمی ئەو هاوسەرێتیەش (دوو كوڕ و دووكچ)ن بە ناوەكانی (هەردی، هەڵمەت، خەرمانە، شۆخان).

پاش شكستی شۆڕشی ئەیلوول جارێكی تر بەناچاری بۆ (دیوانیە) و لەوێشەوە بۆ (شوعەیبە) بۆ سەربازی بەڕێكرام، لە كاتێكدا نائومێدی ئەو دۆخە و دووركەتنەوەم لە ماڵ بەردەوام مێشكمیان دەكرۆشت، بڕیاری (تەسریح) كردنمان تا رادەیەك دەروویەكی ئارامیی لێكردمەوە و بۆ تەوێڵە گەڕامەوە.

رۆژی 20 / 5 / 1976ز لە فەرمانگەی كشوكاڵی سلێمانی كە ئەوكاتە پێیدەوترا (رئاسة المنطقة الزراعیة) بە فەرمانبەر دامەزرام، ماوەی دە مانگێك لە لقی كشتوكاڵی هەڵەبجە دەوامكرد، پاشان بۆ خولێكی هەرەوەزی بۆ ماوەی چوار مانگ لە (پەیمانگەی راهێنان و رێنمایی كشتوكاڵی) لە ئەبوغرێب نێردرام، پاش تەواوكردنی ئەو خولە بە (15) رۆژ گوێزرامەوە بۆ لقی كشتوكاڵی كەلار.

سەرەتای چوونم بۆ كەلار و دەستبەكاربوونم لە سەركارەكەم بۆ من زۆرناخۆشبوو، چونكە لە لایەكەوە بێجگە لە هەندێك هاوڕێی دائیرە كەسی ترم لەوێ نەدەناسی، لەلایەكی تریشەوە مانگی تەمووز بوو چووم بۆ ئەوێ و كەشوهەوا زۆر گەرم و وشكبوو، بۆ كەسێكی وەك من كە پەروەردەی ناو ساباتی فێنكی باخەكانی تەوێڵە و فێری خەوی شەوانی ئەفسووناوی ژێر شۆڵەی مانگەشەوی سەربانەبەرزەكانی بووم زۆر گرانبوو، بەڵام هەر پاش چەند رۆژێك منداڵەكانم برد بۆ ئەوێ و تێیدا نیشتەجێبووم، ژمارەیەكی ئێجگار زۆر خەڵكم ناسی و هاتو چۆم لە گەڵ هەندێكیاندا گەرمبوو، بۆمدەركەوت خەڵكی ئەو ناوە بە شێوەیەكی گشتی بەڵام بەبەرچاوگرتنی پەندی كوردی (چەم بێ چەقەڵ نابێت)، خەڵكێكی (پاك، سادە، رۆحسووك و غەریبدۆستن)، بۆیە تا ئێستاش شانازی بە ناسین و دۆستایەتییانەوە دەكەم.

پاش یەك مانگ لە چوونم بۆ (كەلار)، هەوڵمدا كەسانێك بناسم كە عاشقی هونەربن، ئەو كاتە تەنها كەسێكم لەوێ ناسی بە ناوی كاك (حەسەنی عەلی بەگ) كە خولیایەكی لەو چەشنەی هەبێت، ماوەیەك پێكەوە هەوڵماندا كارێكی شانۆیی بكەین، بەڵام لەبەرئەوەی هاوكاری ترمان نەبوو هیچمانپێنەكرا، ساڵی (1984ز) لە گەڵ چەند گەنجێكی ئەوێ تیپێكی شانۆییمان درووستكرد بە ناوی (تیپی شانۆی سیروان)، نۆبەرەی بەرهەمەكانیشمان شانۆگەرییەكی كۆمیدی بوو لە نووسین و دەرهێنانی من بە ناوی (پیسكە).

ئەو ساڵانەی لە (كەلار)دا بووم زۆرم دەخوێندەوە، هەر بۆ نموونە نەوەك سەرژمێر چەندین كتێبی مێژوویی و ئەدەبی بە نرخی وەك: ((شەرەفنامە، یاداشت، چیم دی، كورد، مێژووی ئەدەبی كوردی، كاكەیی، الاكراد، كرد-ترك-عرب، رحله المتنكر الی بلاد مابین نهرین وكردستان) و چەند

شاكارێكی تری وەك: (حەمەدۆك, كارێتە, گێلەپیاو, ذكریات فی بیت الموتی) و زۆربەی دەقە شانۆییەكانی نووسەرە جیهانییەكانم خوێندنەوە, هاوكات هەموو ژمارەكانی (هاوكاری, ئاسۆ, رەنگین, الف باء, دستور, صیاد)م دەخوێندنەوە, هەر لەو ساڵانەدا چەند وتارێكی كولتووریشم  لە (هاوكار و رەنگین)دا بڵاوكردنەوە.

ساڵی (1988 ز) لە كاتێكدا بەرێوەبەری (وێستگەی باخاتی كەلار) بووم, لەبەر دواكەوتنم (تخلف) بۆ سەربازی لە كارەكەم دەستمكێشایەوە و خەریكی كاروباری (كێڵگەی مریشك) و نووسینگەی كشتوكاڵی بوووم, لە رەوە ملیۆنییەكەی ساڵی (1991ز) بە خێزانەوە چووینە دیوی ئێران و كەمتر لە مانگێك لە شاری (بانە)ماینەوە, پاش گەڕانەوەمان بۆ ئەمدیو ئەو هاوینە لە تەوێڵە بووین, پاشان ماوەی ساڵێك لە شاری سلێمانی نیشتەجێبووین, دواتر هاتینە هەڵبجەی تازە و تا ئێستا تێیدا دەژین.

پاش راپەرین و لە ژێر سایەی ئازادیدا دۆخێكی لەبار هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی بە تەوژمێكی ترەوە لە بواری رۆشنبیری و هونەردا كاربكەم بە م شێوەیە:

یەكەم–بواری نووسین:دەیان وتار و لێكۆڵینەوەی (مێژوویی و كولتووری)م نووسیون و لە رۆژنامە و گۆڤارەكانی كوردستانی ئازاددا بە تایبەتی لە (كوردستانی نوێ, الاتحاد, هەرێم, ئاڵای ئازادی, رێبازی ئازادی, بەدرخان, پەیڤین, رێبەری پێشمەرگە, هەورامان, سوورێن, سۆسیالیست..هتد)دا بڵاوكراونەتەوە, هەروەها سێ (نامیلكە) و سێ (كتێب)م بەچاپگەیاندوون بەم ناوانە:

1–دەروازەیەك بۆ سۆسیال دیموكرات–نامیلكە.

2–عەلمانییەت–نامیلكە.

3–عەولەمە شۆڕشی ئەقڵەكانە–نامیلكە–وەرگێڕان.

4–هەگبە و هەوارگە–كتێب.

5–هەورامان–بەرگی یەكەم–كتێب.

6–هەورامان–بەرگی دووەم–كتێب–ئەمەیە كە ئێستا لەبەردەستدایە.

دووەم–بواری رۆشنبیری= دەیان كۆڕ و سیمینارم بۆ سازدراوە لە شار و شارۆچكەكانی (هەڵەبجەی تازە, هەڵەبجەی شەهید, سەی سایەق, خورماڵ, پێنجوێن, زەڕایەن, عەربەت, تەوێڵە, سلێمانی, كەركووك)دا و بابەتی (فیكری, مێژوویی, سیاسی, رۆشنبیری گشتی)م تێیاندا پێشكەشكردووە.

سێیەم–بەرنامەی رادیۆیی و تەلەفزیۆنی= ماوەی زیاتر لە شەش ساڵە بەرنامەیەكی رادیۆیی بەناوی (وەشەن هەورامان) ئامادەدە و پێشكەشدەكەم و هەموو چوارشەمەیەك لە دەنگی گەلی

کوردستانەوە پەخشدەکرێت, هەروەها ئەرکی ئامادە و پێشکەشکردنی بەرنامەی (هەوارگەی شیعر) و ئامادەکردنی بەرنامەی (لاپەڕەیەك لە مێژوو) و بەرنامەی (فەرهەنگی زانیار)م بۆ ماوەی زیاتر لە دوو ساڵ لە ئەستۆدا بووە, ئەم بەرنامانە لە دەنگی گەلی کوردستانەوە هەفتانە پێشکەشکراون, پێویستە ئەوەش بڵێم بەرنامەی (هەوارگەی شیعر) ماوەیەك لە گەڵ بێژەری جوانەمەرگ (لەیلای سەقزی) پێکەوە پێشکەشمانکردووە, بەڕێزان (کاك کەمال هەورامی و چنوور عەزیز)یش یەکەمیان وەك ئامادە و پێشکەشکار و دووەمیان وەك پێشکەشکار هەریەکە و بۆ شەش مانگێك لە بەرنامەی (وەشەن هەورامان)دا هاوکاریانکردووم.

هەروەها بەدرێژایی دووساڵ و سێ مانگ ئەرکی ئامادەکردنی بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنی بە ناو (هەگبە و هەوارگە)م لە ئەستۆدا بووە, ئەو بەرنامەیە لە شاشەی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانەوە پیشاندراوە.

دەیان بەرنامەی تەلەفزیۆنی جۆرا و جۆرم دەربارەی مێژوو و کولتووری هەورامان ئامادەکردووە و لەهەندێکیشیاندا وەك پێشکەشکار بەشداریمکردووە, ئەم بەرنامانە لە جەژن و بۆنەکاندا لە شاشەی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانەوە پیشاندراون, هەندێکیشیان لە کەناڵی ئاسمانی کوردساتەوە پیشاندراون.

ئێستاش بەردەوام هەر دوو حەفتەجارێك بەرنامەی تەلەفزیۆنی (سۆزی هەورامان) ئامادە و پێشکەشدەکەم.

بواری هونەری- بەشداری چەند بەرهەمێکی شانۆییم کردووە, وەك نووسین-دەرهێنان-نواندن) کە لە (هەڵەبجەی تازە, سەی سایەق, تەوێڵە, بیارە)دا نمایشکراون.

ئێستا لێپرسراوی لیژنەی هەورامانی یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان= کارگێڕی مەڵبەندی رۆشنبیریی هەورامان و بەرێوەبەری نووسینی گۆڤاری (هەورامان)م.

ئەگەر تەمەن و تەندروستی بواربدات پرۆژەی ئایندەم لە بواری نووسیندا بەم شێوەیە:

1-بەرگی سێیەمی کتێبی هەورامان

2-کتێبێکی تایبەت بە (رێوڕەچەی یارسان=کاکەیی).

# دین لە هەوراماندا

## سەرەتایەکی پێویست

بەرلەوەی بچینە ناوەرۆکی ئەم باسەوە بەپێویستی دەزانین ئاوڕێکی خێرا و سەرپێیی لە مەسەلەی گەشەکردن بدەینەوە و بڵێین گەشەکردن بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆری هەن بەم ناوانە:

1–گەشەکردنی بایەلۆژیی: ئەم جۆرەیان هەموو گیانلەبەر و زیندەوەرەکان بە (مرۆڤ, ئاژەڵ, درندە, باڵندە, رووەك و شینایی) هەر لەوانەیانەوە لەشیان لە تەنها خانەیەك پێکهاتووە, هەتاکو ئەوانەیان کە گەورەترین لەش و قەوارەیان هەیە تێیدا بەشدارن چونکە لەشیان پێکهاتووە لە (مادەی زیندەڵ).
2–گەشەکردنی کۆمەڵایەتیی: ئەم جۆرەشیان تەنها و تەنها تایبەتە بە مرۆڤەوە چونکە زادەی (ئیرادە, هۆش, ئەقڵ)ی مرۆڤە و بوونەوەرەکانی تر ئەم گەشەکردنە نایانگرێتەوە, هەر چەندە پێویستە بڵێین چەند خاسییەتێك هەن کە مرۆڤ و گیانلەبەرەکانی تر تیایاندا بەشدارن , بەڵام ئەو خاسییەتانە لای هیچکام لەو گیانلەبەرانە هەرگیز نەبوونەتە بنەمای دروستبوونی ژیانی کۆمەڵایەتیی, چونکە تێکرای ئەو خاسییەتانە بەبێ (هۆش) ناتوانن مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیبوونەوە دروستبکەن[1].
هەر لەم ڕوانگەوە دەبینین کە (دین)یش تایبەتە بە مرۆڤەوە و لە ناو بوونەوەرەکانی تردا شتێك نییە ناوی (دین) بێت, لەگەڵ ئەوەشدا تێڕوانینەکان بۆ دین جیاوازن, هەیانە وەك دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیی[2] لێیدەڕوانێت, هەشیانە سەرچاوەکەی بۆ (سروش و ئیلهام[3]) دەگێڕێتەوە, کەچی دەبینین هەر لەکۆنەوە تا ئێستا رۆڵی گەورەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا گێڕاوە.
پاش ئەم چەند دێڕە دینەسەر کرۆکی باسەکەمان و سەرەتا لە پێناسەی دینەوە دەستپێدەکەین بەم شێوەیە:
1–دین لەڕووی زمانەوانییەوە بە وشەیەکی عەرەبی لەقەڵەمدراوە و لەهەندێك شوێندا بەمەبەستی جیاجیا بەکارهێنراوە, هەر بۆنموونە لەقورئانی پیرۆزدا بۆ دەلالەتی (لێپرسینەوە, دادگاییکردن, سزاوپاداشتدانەوە) بەکارهێنراوە وەك دەفەرمێ: (مالك يوم الدين[4]), لەهەندێك شوێنی تریشدا بەواتای (گوێڕایەڵی و شوێنکەوتوویییەوە) بەکارهێنراوە.
2–دین لای زەردەشتییەکان بە (دئنا[5]) و بەواتای (ویژدانپاکی)یەوە ناویهێنراوە.
3–لەڕوانگەی زاناو فەیلەسووفە خواناسەکانەوە کە باوەڕییان بە (یەکتاپەرستی= وەحدانییەت) هەیە, دین بریتیە لەو یاساو رێسا خواییانەی کە لەلایەن خوای گەورەوە بۆ مرۆڤەکان هاتوونەتە خوارەوە و پێویستە پێیانەوە پابەندبن.
4–دین لەڕوانگەی ئیسلامەوە بەچەندجۆرێك پێناسەکراوە هەموو پێناسەکانیش لەیەك ناوەرۆکدا کۆدەبنەوە کە بریتیە لە" (باوەڕبوون بە خوایەکی تاكوتەنها, باوەڕبوون بەوەی حەزرەتی محەممەدی کوڕی عەبدوڵا (د.خ) نێردراو و پەیامهێنەری خوایە بۆ سەر بەندەکانی, باوەڕبوون بەڕۆژی کۆتایی, باوەڕبوون بە قورئانی پیرۆز و سوننەت, باوەڕبوون بە بەهەشتودۆزەخ وەك پاداشتوسزای خوایی بۆ بەندەکانی).
دین لەشێوە گشتییەکەیدا بریتییە لەو پەیوەندییە رۆحییەی لەنێوان مرۆڤ و ئەو هێزانەدا دروستدەبێت کە بەباڵادەست و شاردراوە دەزانرێن. ئەو هێزانە لای ئیماندارەکان خوایەکی تاكوتەنهایە, لای کەسانی تریش ئەو هێزە شاردراوە و غەیبی و ئەفسوناویانەن لە(جیهانی نموونە بەرزەکاندان= عالم المثل[6]) و هەموو راستیەکانیش لای ئەوانە.
بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەو هێزانە نەتەوە کۆنەکانی وەك: (یۆنانی , ئەغریقی, رۆمانی, فیرعەونی, ئەکەدی, سۆمەری, ئاشوری, بابلی) و نەتەوە ئارییەکانی وەك (گۆتی, لۆلۆ, کاسی, خالدی=گالدی, میتانی,

سـۆباری) و كۆمەڵگــەی جـاهیلی لەنیوەدوورگــەی عەرەبـدا پەنایانبردۆتەبـەر (بتپەرسـتی)، هــەربۆ نموونــە قورەیشییەكان وتوویانە (نعبد الاصنام لنقترب من الله زُلفی).

لەگەڵ ئەو هەموو گرنگییەی (دین) لە سەردەمە جیاوازەكاندا لای كۆمەڵ هەیبوە و تا ئێستاش هەیـەتی، كەچی هەنـدێك لـە (بیریـاران، نووسـەران، فەیلەسـووفان، لێكۆڵـەرەوان)، چ لـە خۆرئـاوا و چ لـە خۆرهەڵاتـدا، تێڕوانینـی نێگەتێڤانـەیان هـەبووە بـۆ دیـن، هـەر بـۆ نموونـە لێـرەدا رای یـەكێك لـە فەیلەسـووفەكانی دنیـای ئیسـلام دەخەینەڕوو، ئەویش (ئەبوعەلای مەعـەری)یە، ناوبراو سـەبارەت بە دین وتوویـەتی: مرۆڤ ئەگـەر ئەقڵی هـەبوو دینـی نییە و ئەگـەر دینیشـی هـەبوو ئـەوە ئەقڵی نییـە، هـەروەها لـە شیعرەكانیدا بۆچوونی نێگەتیفانـەی خۆی سەبارەت بە دین خستووەتەڕوو، وەك لەم دێڕانەدا دەردەكەوێت:

فی اللاذقیة ضجة مابین احمد والمسیح

هذا بناقوس یدق وذا بماذنة یصیح

كل یمجد دینه یا لیت شعری ما الصحیح[7]

بـۆ قسـەكردن لەسـەر دیـن لای خـەڵكی هـەورامان پێویسـتە كـەمێك بەلاپـەڕەكانی مێـژووی دیـن لـەناو نەتـەوە ئارییەكاندا شۆڕببینەوە، لەم بوارەدا (موشیر ئەلدەولە حەسـەنی پیرنیا) لـەكتێبی (تأریخ ایـران باسـتان – جلد اول) نووسیویەتی" دین لای ئارییـەكان و هیندییەكان لەسـەرەتاوە هـەتاكو سـەدەی چواردەمی پێش زایین یـەك بـووە و ئـەم راسـتییەش لـەكتێبی (ڤیـدا = ویـدا = Vedas) كـە كتێبـی پـیرۆزی هیندۆسـیەكانە و بـەزمانی (سانسـكریتی) نووسـراوە ئاشـكراكراوە، هـەر لەدرێـژەی ئـەم نووسـینەدا هـاتووە ئارییـەكانی ئێرانـی لـەڕووی دینییەوە باوەڕیانوابووە (رووناكی، باران، رزق و ڕۆزی) سەرچاوەی خێروخۆشین بـۆ مـرۆڤ، بەرامبـەر بەمانـەش (تاریكی، مردن، وشكەساڵی، نەخۆشی) سەرچاوەی (بەد)ن و هەمیشە دژی خۆشگوزەرانی مرۆڤن، لەوەوە ئیتر سەرچاوەكانی خێروخۆشیان پەرستووە، كڕنووشیانبۆبردوون و قوربانیانبۆكردوون، لەسەرچاوە بەدەكانیش ترساون و بەدوژمنی خۆیانیان لەقەڵەمداوون[8].

لەهەندێك سەرچاوەی تردا باس لەوە كراوە ژمارەیەك لەو نەتەوە ئارییانەی بەكۆمەڵـەی زاگـرۆس ناسـراوون وەك (گۆتی، لۆلۆ، كاسی) لەڕووی دینییەوە زیاتر لەژێر كاریگـەری دینـی نەتـەوەكانی (سـۆمەری، ئەكـەدی، بـابلی)دا بوون، چونكە هەرلە سەرەتاوە لەگەڵیاندا تێكەڵاوبوون[9].

بەڵام بەنیسبەت نەتەوە ئارییەكانی تری وەك (ماد، پارس)، هـەر لەسـەرتاوە لـەڕووی دینییـەوە باوەڕییـان بـەدوو بنەمای دینی هەبووە، ئەوانەش بریتی بوون لـە: (خێـرو ڕووونـاكی) و (شـەڕ و تـاریكی)، هـەموو ئـەو شتانەی كە مـرۆڤ سـوودیلێوەرگرتوون وەك (رزق و ڕۆزی، رووناكی، باران) بەسەرچاوەی خێروڕووناكیـان لەقەڵەمـداوون و ئەوشتانەش كە زیانیان بەمرۆڤ گەیاندووە وەك: (نەخۆشی، مردن، ترس، گرانی، بەڵای ڕۆژگار) سەرچاوەكانیان گەڕاندوونەوتەوە بۆ شەڕو تاریكی و لێیانترساون[10].

لەكتێبی (تأریخ دەهزار سالە ایران – جلد اول)دا نووسراوە: ئارییەكان لەسەرەتاوە سەرچاوە سرووشتییەكانی وەك (خۆر، مانگ، ئاسمان)یان پەرستووە و قوربانیـانبۆكردوون، نـاوی خواوەنـدە گەورەكانیشـیان بـەم شـێوەیە بوون:

1–ئیندرا = خواوەندی هەورەبروسکە و جەنگ.

2–وارونا = خواوەندی ئاسمانی پڕئەستێرە.

3–میترا = خواوەندی خۆر.

4–ئاگتی = خواوەندی ئاگر[11].

هەرلە هەمان سەرچاوەدا هاتووە: بەر لەدەرکەوتنی زەردەشت ئێرانییەکان لەڕووی دینییەوە لەژێر کاریگەری سەرچاوە سروشتییەکاندا بوون, بەڵام بەدەرکەوتنی زەردەشت زۆریان روویانکردۆتە (یەکتاپەرستی[12]).

پاش ئەم چەند دێڕە دینە سەر باسی دوودین لە دینە کۆنەکانی ئێرانی کە هەتاکو دەرکەوتنی ئیسلام و گەیشتنی بە ناوچەکە خەڵکی هەورامان پەیڕەیانکردوون, ئیتر ئەو گەیشتنە لەرێی بانگهێشتەوە بووبێت, یاخود شەڕوشۆڕ و گرتنی خاکەوە بووبێت, ئەوانیش بریتیبوون لە (دینی میترائیزم, دینی زەردەشتی), بۆ ئەوەی بتوانین کاریگەری ئەو دوودینە و چۆنیەتی وابوستەبوونی هەورامییەکان پێیانەوە, هەروەها رەنگدانەوەیان لەناو کولتووریاندا بخەینەروو, پێویستە قسەوباسێك لەسەریان بکەین[13].

---

[1]– بروانە کتێبی (مرۆڤ و دەورووبەر) بەرگی دووەم– لاپەرە (19) نووسینی (مەسعوود محەممەد).

[2]–وەك شوێنکەوتووەکانی بیری ماتریالیستی و فەلسەفەی عیلمی و ژمارەیەك لە فەیلەسووفە وجودییەکانی وەك (سارتەر, هایدگەر, ئەلبێرکامۆ).

[3]–وەك شوێنکەوتووەکانی بیری ئایدیالیستی و لاهوتییەت.

[4]–بروانە قورئانی پیرۆز سورەتی فاتیحە– ئایەتی 4, لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەین سوورەتی فاتیحە بە (بسم اللە) وە (7) ئایەتە, (بسم اللە) لای (ئیمای شافیعی) ئایەتێکی جیاواز نییە, بەڵام لای (ئیمامی حەنەفی) بە ئایەتێکی جیاواز لەقەڵەمدەدرێت.

[5]– هادی بەهمەنی لەکتێبی پەیامی هەوراماندا نووسیویەتی. (دین) وشەیەکی کوردی ئاوێستاییە.

بروانە پەیامی هەورامان بەرگی یەکەم پەراوێزی لاپەرە 332.

[6]–بروانە کتێبی (رەخنەسازی– مێژوو و پەیرەویکردن)– لاپەرە (16) نووسینی (د.کامیل حەسەن عەزیز ئەلبەصیر).

[7]–بروانە کتێبی (مجتمع جدید او الکارثة)–ص (26)– (تالیف الدکتور زکی نجیب محمود)– دار الشروق–بیروت 1978.

[8]–بروانە (تأریخ ایران باستان – جلد اول) لاپەرەکانی (163–164) نووسینی (موشیرئەلدەولە حەسەن پیرنیا).

[9]–بروانە کتێبی (خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان) بەرگی یەکەم–ل149– نووسینی (محەمەد ئەمین زەکی بەگ) چاپی نوێ, سلێمانی 2000.

[10]–بروانە سەرچاوەی پێشو– هەمان لاپەرە.

[11]–بروانە کتێبی (تأریخ دەهزار سالە ایران – جلد اول) لاپەرە 67– نووسینی (عەبدولعەزیمی رەزائیی).

[12]–بروانە سەرچاوەی پێشوو هەمان لاپەرە.

[13]–پەرستنی خواوەندی (میترا) لە نێو (بەڵگەنامەکانی هەورامان= قەواڵەکانی هەورامان)دا دیارە, ئەو بەڵگەنامانە جۆری بینای هۆشی, ئایینی و زمانەوانی, هەروەها شێوەی نووسین لە ناوچەیەکی کوردەواریدا روونکەدەنەوە.

لەم بارەیەوە بروانە کتێبی (لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی وڵاتی کوردەواری)–نووسینی (د.جەمال رەشید ئەحمەد)–لاپەرە (442–443) لە بڵاوکراوەکانی (دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی)–1988.

## دینی میترائیزم=میهرپەرستی

میترائیزم=میهرپەرستی: لە سەردەمی زۆر کۆنەوە و لەتاریکترین رۆژانی مێژوودا, لەو سەردەمەوە کە ئارییەکان هاتوونەتە سەر زەمینی ئێران, ئێرانییەکان ستایشی (میهر و ناهید)یان کردووە و شوێنکەوتووی دینی (میهر)بوون[1].

لەسەرچاوە مێژووییەکاندا هاتووە, دینی میترائیزم زیاتر لەدووهەزارساڵ بەسەر هەموودینەکانی تردا باڵادەستبووە و کاریگەری زۆریشی لەسەر دینەکانی (زەردەشتی, مەسیحی, یەهودی) درووستکردووە, بنەمای سەرەکی ئەم دینە لەسەر پەرستنی (ئاگر, هێزەکانی سروشت, ئەفسانە) دامەزراوە[2].

(پرۆفیسۆر ارثر کریستنسن) نووسیویەتی: (میترا) لای بابلییەکان خواوەندی رووناکی بەرەبەیان بووە, ئەوانەیش لەسەر دینی میترائیزم بوون پێیانوتووە (ئەو خۆرەی کە هەرگیز نابەزێت)[3], (میترا) سەرەڕای ئەوەی خوایەکی هاوبەش بووە لە نێوان ئێرانییەکان و هیندییەکاندا, بە خوای (ژیان و زانست و پەیمان و بەڵێن)یش لەقەڵەمدراوە[4], پەرستنیشی سەرانسەری ئیمپراتۆریەتی (رۆمی کۆن)ی گرتووەتەوە.

(میترائیزم) پڕە لەنهێنی مەزهەبی و میترائییەکان پێیانوایە لە رێگەی عیبادەت و هەندێك رێوڕەسمی دینی ئاڵۆزەوە دەکەونەسەر ڕێگەی رزگاری و سەرفرازی, دەربارەی پەیدابوونی (میترا)ش ئەفسانەیەکیان هەیە بەم شێوەیە:

(میترا) سەرەتا لەبەردێك و لەناو ئەشکەوتێك شەوی شەممە رێکەوتی 12/24 ساڵی 272پ.ز لە درێژترین شەوی ساڵدا لەدایکبووە[5], شەوی لەدایکبوونی (میترا) پێیدەوترێت (شەوی یەڵدا), پاش لەدایکبوونی شوان و بەرغەلەوانەکان پەرستوویانە و ئینجا بووە بە هاوئاهەنگی خۆر, رۆژێك گاکێوییەکی کێشاوەتە ناو ئەشکەوتەکەوە و زنجیریکردووە, بەفەرمانی خۆر (کولاغ= قەلەرەشکە) گاکەی کوشتووە, لەهەناوی (گا)کەوە (گوڵەگەنم و داری مێو) سەوزبوون, ئینجا (مار و مێروو) ئەندامی نێرینەی گاکەیان خواردووە, پاشان (میترا) چووە بۆ ئاسمان و جارێکی تر گەڕاوەتەوە بۆسەرزەوی, بەگەڕانەوەی بۆسەر زەوی هێزێکی وەهای بەخشیوە بە مردووەکان هەتاکو هەموویان هەستنەوە, سنوورێکیشی لەنێوان چاکە و خراپە داناوە و بەو شێوەیە چاکەکارانی لە خراپەکاران جیاکردووەتەوە, دواجار گایەکی سەربڕیوە لەگەڵ شیلەی پیرۆزدا خۆشاوێکی لێدرووستکردووە, هەرکەسێك لەو خۆشاوەی خواردووەتەوە چووەتە ژیانی نەمرییەوە.

کاریگەری دینی میهر لەسەرزۆربەی دینەکانی پاش خۆی بەرچاودەکەوێت, بۆنموونە کاریگەری لەسەر مەسیحییەت بەتایبەت لەناو (کارە هونەرییەکان, پەرستاگان, دامەزراوەدینییەکان)دا شتێکی دیار و ئاشکرایە, هەر لەم بوارەدا ئاماژەدەکەین بەوە کە (میهر) لە باوەڕی دینی زەردەشتییەکاندا یەکێکە لە (یەزد=یەزت= ئێزد)ەکان, لە باوەڕی هەڵگرانی دینی (مانی[6])یشدا پەیامبەرە[7].

لەسرووده کۆنەکانی ئاوێستادا سروودێك هەیە پێیدەوترێت (میهریەشت), لەم سروودەدا هەموو سیفەتەکانی میهر و ئەو کارانەی ئەنجامیداون باسیان لێوەکراوە, هاوکات پەیوەندی میهر بە(خۆر)ەوە خراوەتەڕوو[8], بۆ نموونە ئەمانەی خوارەوە چەند سیفەتێکن لەسیفەتەکانی میهر کە لەسوودی (میهر یەشت)دا خراونەتەڕوو:

1–لەستایش و پەرستندا پایەی ئاهورامەزدای هەیە[9].

2–بەخشندەی گەورەیە[10].

3–هەزار گوێ و دەهەزار چاوی هەیە[11].

4-چاودێریکاری هەموو سەرزەوی ئارییەکانە[12].

5-ئاشتەوایی و جەنگی کیشوەرەکانی بەدەستە[13].

6-بەخشندەی بەرەکەتە[14].

میهر لەئەدەبیاتی (ودائی = ویدا=vedas)دا خاوەنی دووئەرکی بنەڕەتییە:

1-حوکمڕانیی ڕۆحانی.

2-بەخشندەی بەرەکەت.

ئەم دینە چەند سەدەیەك دینی نەتەوە ئێرانییەکان بووە, بۆ نموونە (ئەشکانییەکان[15]) بە (خۆر)یان وتووە (میهر) کڕنووشیانبۆ بردووە و پەرستوویانە و لە پەرستگەکانیاندا قوربانییانبۆکردووە, لای ئەوان خوای خۆر پارێزەری خێزانی حوکمڕان و هاوکات پارێزەری پەیکەری باو باپیرانییان بووە[16], هەرلە ساڵی یەکەمی زاینیشەوە میهرپەرستەکان دەستیانداوەتە بڵاوکردنەوەی دینەکەی خۆیان و لەم بوارەدا برەوێکی زۆری پەیداکردووە, ساڵی (68ز) میهرپەرستی گەیشتووەتە ئەورووپای ناوەند, ساڵی (107ز) هەتاکو باکووری باڵکان چووە, ساڵی (148ز) لە (ڕۆما) لایەنگری زۆری پەیداکردوە, هەروەها لەهەریەك لەوڵاتانی (ئیتالیا, ئەڵمانیا, فەرەنسا) شوێنەواری میهرپەرستی بەرچاودەکەون.

دەسەڵاتدارانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆم دینی (میترائیزم)یان پەسەندکردووە و بووە بەدینی ڕەسمی دەوڵەتەکەیان, هەروەها لەناو سوپای یۆنانیدا بە ئاستێکی بەرچاو بڵاوبووەتەوە, سەربازە یۆنانییەکان (میترا)یان بەسیمای خوای جەنگاوەران لەقەڵەمداوە[17].

میتراییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە (میترا) خوای گەورەیە و خواکانی تریش لەخوار ئەوەوەن, هاوکات پێیانوایە (خۆر) خودی خوا نییە بەڵکو خوایەك هەیە لەناو خۆردایە[18].

پەیڕەوکارانیدینی میترائیزم باوەڕیان هەیە بەوەی ڕوح هەمیشەییە و دەمێنێتەوە, هاوکات باوەڕیان هەیە بە کاریگەری ئەستێرەی (خۆشبەختی, نەگبەتی) لەسەر چارەنووسی مرۆڤ, هەروەها باوەڕیان هەیە بەکاریگەری خەو لەسەر ژیانی مرۆڤ, لەم بوارەدا دەستیانداوەتە لێکدانەوەی خەونەکانیان.

هەرچەندە تا ئەمڕۆژانەش هیچ نووسنێك, یان کتێبێك سەبارەت بە دینی میترائیزم لەبەردەست لێکۆڵەرەواندا نییە, بەڵام ئەم سەرچاوانەی خوارەوە چەندشتێکن بۆ تێگەیشتن لەم دینە:

1-شوێنەوارە بەردینەکانی ئەفغانستان و خۆراسان هەتاکو ئینگلستان.

2-هەندێك کتێبی ئیسلامی دەربارەی (مێژوو, تەفسیر).

3-کتێبە مێژووییەکانی (یۆنانی کۆن, ڕۆمانی کۆن) بەشێوەیەکی گشتی.

4-ئەوشتانەی کە مەسیحی و بودائییەکان لەمیترائیزمەوە وەریانگرتوون و تا ئێستاش لاسایاندەکەنەوە.

5-ئەو شوێنەوارانەی کە لەوڵاتی (چین)دا دۆزراونەتەوە.

6-مەزهەبی میترائییەکان لە (وێژەوانی عاریفانە)ی موغە فارسەکاندا.

ئەم دینە پێشتر هەردوو لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتپاکی گرتووەتەوە, هاوکات سیاسەتمەدارنی ئەو سەردەمانە لەخۆرهەڵات و خۆرئاوای جیهاندا, بەهیچ شێوەیەك بەلەقاڵبدانی دینەکە قایلنەبوون.

پێویستە باس لەوە بکەین, سوننەتی ڕێزلێنان لە ڕووناکی یەکێك بووە لەو سوننەتانەی لەئێرانەوە بۆ هەموو وڵاتانی تر گوێزراوەتەوە, لەم بوارەدا داگیرساندنی (مۆم, چرا) لەسەر ڕێگاکان و شوێنە پیرۆزەکان و گۆڕستانەکان بەتایبەت لەناو مەزارگەی پیاوە پیرۆزەکاندا, داگیرساندنی مۆم لەناو کلێساکانی مەسیحییەکاندا) سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ دینی میترائیزم.

بەپیرۆز زانینی خۆر لای میترائییەکان بە ڕادەیەکە ڕۆژانە دووجار کڕنووشیبۆدەبەن و سوپاسگوزاری خۆیان بۆ میترا دەردەبڕن, کاتەکانی کڕنووشبردنیش ئەمانەن:

1-بەیانیان بەرلە هەڵهاتنی خۆر 2-ئێواران پێش ئاوابوونی خۆر.

یەکەمین ڕێنمایی دینی میترائیزم بۆ پەیڕەوکارانی لەسەردەمی خۆیدا, ئاشناکردنیانبووە بە جۆرەکانی چەك و چۆنیەتی سوودوەرگرتن لێیان لەوچەکانەش (شمشێر, تیر, گورز), هەروەها سوودوەرگرتن لە قەڵغان بۆ بەرگریکردن لەخۆیان دژی ئەو نەیارانەی کە چەکیان بەرامبەریان بەکارهێناوە.

لەسەر ڕۆشنایی نووسینێکی (مانەوی[19]) کە لە تورکمانستاندا دۆزراوەتەوە دەوترێت: بەرامبەر بە (میترا)ی ڕاستەقینە (میترا)ی درۆزن هەبووە, گوایا سواری گایەك بووە و خۆی بە کوڕی ڕاستەقینەی خوا ناساندووە و هاوکات فەرمانیداوە بەخەڵك کە بیپەرستن, هەمان (میترا)ی درۆزن لە ڕازە دینییەکانی مەسیحییەکاندا دووبارەبووەتەوە, بەوەی کەسییەتێك هەبووە بەناوی (عیسای ناصری) لەشوێنی (میهر مەسیحا) خۆی نمایشکردووە, بەڵام (میهر مەسیحا = میهر سۆشیانس) هەمان (حەزرەتی عیسای کوڕی مریەم)ە خوای لێڕازیبێت.

هەڵگرانی دینی میترائیزم لەسەردەمی خۆیاندا هەموو ڕێوڕەسمە دینییەکانیان لە ئەشکەوتەکاندا جێبەجێکردووە, پەرستگاکانیان لەنزیك سەرچاوەکانی ئاو و ڕووبارەکاندا دروستکردووە, یەکێك لە شاهیدەکانی سەردەمی کۆن کە هەشتا ساڵ بەرلە حەزرەتی مەسیح (خ.ل) ژیاوە دەربارەی (میترا) بەم شێوەیە دواوە:

(خوایەك لەژێر بەردی ئەشکەوتەکانی ئێراندا دانیشتووە, هەردوو ئەژنۆی خۆی گرتووەتە باوەش, شاخەکانی سەری هەڵدەسوڕاند و دەیسوڕاندنەوە[20].

زۆربەی ئەو سەرچاوانەی باسیان لە(میترائیزم) کردووە لەسەر ئەوە کۆکن, کە پێشکەوتن و گەشەکردنی خێرای لەڕۆژگاری خۆیدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕەوشتپاکی و کرداری چاکی شوێنکەوتووەکانی[21].

---

[1]-بڕوانە کتێبی (اسطوره اهل حق) لاپەڕە (60) تالیف ایرج بهرامی.

[2]بڕوانە کتێبی (مێژووی ئایینی زەردەشت) لاپەڕە (22) نووسینی عەبدوڵا میلغی ئابادانی, وەرگێڕانی ورياقانيع.

[3]-بڕوانە کتێبی (ایران فی عهد الساسانیین) لاپەڕە (133) نووسینی (ارثرکریستنسن) ترجمة یحیی الخشاب, مراجعة عبدالوهاب عزام.

[4]-بڕوانە کتێبی (دراسات کردیه فی بلاد سوبارتو)- الدکتور جمال رشید امین-بغداد 1984.

[5]–بڕوانە كتێبی (اسطوره اهل حق) لاپەڕە (68)نووسینی ئیرەجی بەهرامی.

[6]–لێرەدا پێویستە باس لەوە بكەین (مانی كوڕی فاتك) لە نەوەی یەكێك لە بنەماڵە گەورەكانی ئەشكانی بووە لە هەمەدان, باوكی لە هەمەدانەوە كۆچیكردووە بۆ وڵاتی (بین النهرین=عێراقی ئێستا), (مانی) ساڵی (215ز) لە (بابل) لە دایكبووە, هەر لە منداڵیەوە خراوەتە بەرخوێندن, پاشان لە فەلسەفە و عیرفاندا قووڵبووەتەوە, لە رووی دینییەوە لە دینەكانی (زەردەشتی, بودایی, مەسیحی, یۆنانی) بەهرەمەندبووە, لە تەمەنی (24) ساڵیدا پێغەمبەری خۆی راگەیاندووە, هاوكات لەگەڵ چوونەسەرتەختی (شاپووری یەكەم) دەستیداوەتە بانگهێشتكردنی خەڵك بۆ سەر دینەكەی, بەهاوكاری و یارمەتی (پەرۆێز)ی برای شاپوور گەیشتووەتە بارەگای شا و یەكێك لە كتێبەكانی خۆی بە ناوی (شاپوورگان)پێشكەش بە ناوبراو كردووە, لە ئەنجامدا (شاپوور) دینی مانی پەسەندكردووە و فەرمانیداوە خەڵكی قەڵەمڕەوەكەی بچنەسەر ئەو دینە, لەسەردەمی حوكمڕانی (بارامی یەكەم)دا رۆحانییە زەردەشتییەكان لە تەشەنەكردن و بڵاوبوونەوەی دینی مانی) بێزاربوون, داوایانكردووە لە (بارامی یەكەم) ڕووبەڕووبوونەوەیەكی دینی لە نێوان ئەوان و (مانی)دا سازبدرێت بۆ ئەوەی بەڵگەی پێغەمبەرایەتی خۆی بخاتەڕوو, لەو ڕووبەڕووبوونەوەدا (مانی) شكستیهێناوە و بە فەرمانی (بارامی یەكەم) خراوەتە زیندانەوە, سەرچاوەكان وا دەگێڕنەوە گوایا ساڵی (276ز) لە ناو زینداندا بە زیندوویی كەوڵكراوە.

بڕوانە (تاریخ دە هزار ساڵە ایران)–جلد دوم– لاپەڕە (105–106) نووسینی (عەبدولعەزیمی رەزائی).

[7]–بڕوانە كتێبی (اندیشەهای فلسفی در ایران) لاپەڕە (24) نووسینی (ابو القاسم پرتو) انتشارات اساطیر چاپ اول تهران.

[8]–بڕوانە كتێبی (اسطوره اهل حق) ل62, نووسینی ئیرەجی بەهرامی.

[9]–بڕوانە كتێبی (ئاوێستا – میهریەشت– بەندی یەكەم) ل353, تۆژینەوە و لێكۆڵینەوەی د.جەلیل دۆستخواە.

[10]–هەمان سەرچاوە (میهریەشت–بەندی شانزەیەم) ل357.

[11]–هەمان سەرچاوە (میهریەشت–بەندی حەوت) ل355.

[12]–هەمان سەرچاوە (میهریەشت–بەندی سیانزە) ل 356.

[13]–هەمان سەرچاوە (میهریەشت–بەندی بیست ونۆ) ل360.

[14]–هەمان سەرچاوە (میهریەشت–بەندی چوار, بەندی سی) ل 354, 360.

[15]–(ئەشكانی) لە هەندێك سەرچاوەی مێژوویدا بە (پارتی) ناویانهاتووە, دەربارەی رەچەڵەكیان جاوازی لەسەرچاوە مێژووییەكاندا هەن, هەندێكیان وتوویانە: (ئاری نەژاد)ن و سەرەتا لە (خۆراسان)ی ئەمڕۆدا ژیاون, هەندێكی تریان بە (چینی و مەغۆلی) نەژادیان لە قەڵەمداون, هەندێكی تریش وتوویانە تێكەڵاون لەو دوو رەچەڵەكە, پاشان خۆرهەڵاتناسان دڵنیاییانداوە كە ئاری نەژادن, سەبارەت بە ناوەكەیان هەندێك وتوویانە: باپیرە گەورەكانیان لە سەرەتاوە لە (ئاساك) ژیاون, پاشان پادشاكانیان زنجیرەی بنەماڵەكەی خۆیان گێڕاوەتەوە بۆ سەر ئەوان, هەندێكی تریش وتوویانە: لەبەر ئەوەی خۆیان بە نەوەی (ئەردەشیری دووەم= ئەرشك) زانیوە, ناوی خۆیان ناوە (ئەشكانی).

بڕوانە (تاریخ دەهزار ساڵە ایران) –جلد اول– لاپەڕە (272), نووسینی (عەبدولعەزیمی رەزائی), چاپی دهم–1978.

[16]–بڕوانە كتێبی (تاریخ ایران باستان) جلد 3 لاپەڕە 2348 نووسینی موشیر ئەلدەولە حەسەنی پیرنیا.

[17]–بڕوانە كتێبی (مێژووی ژیانی زەردەشت) ل25, نووسینی عەبدولا موبلغی ئابادانی, وەرگێڕانی بورهان قانیع.

[18]–بڕوانە كتێبی (تاریخ و شناخت ادیان) جلد 2 ل 198 , 199نووسینی د. عەلی شەریعەتی.

[19]–بڕوانە كتێبی (اسطوره اهل حق) لاپەڕە (83) نووسینی ئیرەجی بەهرامی.

33–بڕوانە كتێبی (مێژووی ئاینی زەردەشت) ل21, نووسینی عەبدولا موبلغی ئابادانی, وەرگێڕانی بورهان قانیع.

[21]–بڕوانە سەرچاوەی پێشوو ل29.

## دینی زەردەشتی

دەربارەی زەردەشت و دینی زەردەشتی جیاوازیی زۆر لەسەرچاوە مێژووییەکاندا هەن و تا ئێستا بەتەواوی ئاشکرا نییە (زەردەشت) کەی هاتۆتە دنیاوە؟ لەچ سەردەمێکدا ژیاوە؟ خەڵکی کوێ بووە؟ بە چ زمانێك دواوە؟...هتد, هەر بۆ نموونە لەخوارەوە دەمەتەقێیەکی ژمارەیەك لەو سەرچاوانە دەخەینەڕوو:

1-لە سەرچاوە و رازە زەردەشتییەکاندا هاتووە گوایا (300) ساڵ بەر لەژیانی (ئەسکەندەری مەکدۆنی) ژیاوە, بەواتا لە نیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی پێش زایین بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی شەشەمی پێش زایین لەساڵەکانی (660-583پ.ز)[1].

2-گزانتویس, کۆنترین نووسەری یۆنانییە کە ناوی زەردەشتی هێناوە و سەردەمی ژیانی ئەوی گێڕاوەتەوە بۆ شەش هەزارساڵ بەرلە لەشکرکێشییەکەی (خشیارشا[2]) بۆسەر یۆنان.

3-ئیفلاتوون لەکتێبی (Alkibiadas) ناوی زەردەشتی هێناوە و پاشان قوتابیەکانی وەك (ئەرەستۆ, هۆمیرۆس) مێژووی ژیانی ناوبراویان گێڕاوەتەوە بۆ شەش هەزار ساڵ بەرلە مردنی ئیفلاتوون.

4-پلینی = پلینۆس[3] لەکتێبەکەیدا بەناوی (مێژووی سروشتی)یەوە نووسیویەتی: زەردەشت شەش هەزار ساڵ بەرلە ئیفلاتوون ژیاوە.

5-هەریەك لە دانشمەندی فارسی (ئەردەشیر خەبەردار) و دانشمەندی ئەڵمانی (بارول بۆن سن) سەردەمی لەدایکبوونی (زەردەشت)یان گێڕاوەتەوە بۆ (شەش هەزار و پێنج سەد ساڵ) بەرلەزایین.

6-فەیلەسووفی فەرەنسی (واڵتەر) لەنووسینەکانیدا زۆربە گەورەیی ناوی زەردەشتی هێناوە و مێژووی ژیانی گێڕاوەتەوە بۆ (شەشە هەزار سال) بەرلە کۆرشی گەورە[4].

7-(مستەر جاکسۆن) کە یەکێکە لە لێکۆڵەرەوانی بواری دینی زەردەشتی و پسپۆڕێکی شارەزایە وتوویەتی: زەردەشت لەنیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی پێش زایین لەدایکبووە و لەنیوەی یەکەمی سەدەی شەشەمی پێش زاییندا کۆچی دوایی کردووە[5].

8-(مستەر هۆڵ) لەکتێبی (مێژووی کۆنی خۆرهەڵاتی نزیك)دا نووسیویەتی: بەپێی سەرگوزەشتە کۆنەکان زەردەشت ساڵی (599پ.ز) لەدایکبووە[6].

9-هەریەك لە (مەسعوودی, حەمزەی ئەسفەهانی, یاقووتی حەمەوی, حەدوڵای مستەوفی قەزوینی) لەسەر ئەوە کۆکن گوایا زەردەشت لەسەردەمی حوکمڕانیی (گوشتاسب) لەناوچەی (ورمێ)دا ژیاوە[7].

10-(د. جەلیلی دۆستخوا) لەبەرگی یەکەمی کتێبی ئاوێستادا نووسیویەتی: دەربارەی شوێنی هاتنەدنیای (زەردەشت) جیاوازیی بەرچاو لەسەرچاوەکاندا هەن, هەندێك بە (باختەر= بەڵخ) و هەندێك بە خۆرهەڵاتی ئێرانیان لەقەڵەمداوە, هەندێکیش دەڵێن ئەو شوێنە (ورمێ)یە, هەروەها بەپێی بۆچوونێکی تر لە کۆنەشاری (رگا=رغا) بەواتا شاری (ری) ئەمڕۆدا لەدایکبووە[8].

11-د.موحەممەدی موعین لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەسەر مێژووی ژیانی زەردەشت نووسیویەتی: زەردەشت ساڵی (660پ.ز) لەدایکبووە و لەتەمەنی بیست ساڵیدا گۆشەگیربووە, لە سی ساڵیدا (سروش)ی بۆ هاتووە و بووە بە پێغەمبەر, لەتەمەنی چلودوو ساڵیدا چووەتە (بەڵخ), پاشای ئەوێ بەناوی (گوشتاسب[9]) هاتۆتەسەر دینەکەی, ساڵی (583پ.ز) لەشەڕێکدا لەگەڵ سوپای تووران بەفەرماندەی (ئەرجاسب)ی توورانی لە(ئاتەشگەی بەڵخ)دا کوژراوە[10].

12-آرثر كريستنسن لەكتێبی (ايران فی عهد الساسانين)دا نووسيويەتی: ساسانييەكان هەر لەسەرەتای دەسەڵاتيانەوە لەگەڵ پياوە دينييەكانی زەردەشتيدا يەكيانگرتووە و بەدرێژايی ساڵەكانی حوكمڕانيشيان پەيوەنديی پتەويان پێكەوە هەبووە، هەر لەدرێژەی نووسينەكانيدا دەڵێت: بەپێی داستانە پارسييەكان (ئەردەشيری يەكەم) پاش ئەوەی دەسەڵاتی گرتووەتە دەست فەرمانيداوە هەموو وێنە پەرشو بڵاوەكانی (ئاوێستا)ی سەردەمی ئەشكانييەكان كۆكراونەتەوەو كراون بەكتێبێكی گەورە و پيرۆز[11].

13-عەلائوددينی سەجادی لە كتێبی (مێژووی ئەدەبی كوردی)دا نووسيويەتی: چ فارس چ كورد ئايينيان هەر ئەو ئايينە كۆنە بووە هيندييە كۆنەكان هەيانبووە، لەپاشان جيابوونەتەوە و كەوتوونەتە سەر بتپەرستی، هەتاكو زەردەشت بەخۆی و ئايينەكەيەوە پەيدا بووە، هەنديك لە مێژوونووسان دەڵێن لەباكووری ئەفغانستان پەيدابووە و بەشێكيش لەسەر ئەو باوەڕەن لەبناری ورمێ و ئازربايجاندا سەريهەڵداوە، بۆ سەردەمی پەيدابوونيشی دەڵێن لە نێوان سەدەی بيستەم هەتاكو سەدەی پێنجەمی پێش زايين بووە، بەڵام قسە و بەڵگە و بنەوانی زەردەشتی دەڵێت لەسەدەی حەوتەمی پێش زايين پەيدابووە ولەدەوروبەری ساڵی (620) پێش زايينـدا كوژراوە[12].

14-هادی بەهمەنی لەكتێبی (پەيامی هەورامان-بەرگی يەكەم)دا نووسيويەتی: لەكوردستانی مەزندا كۆنترين دين بەئاگرپەرستی ناوی هاتووە، دووەم دينيش (مەزديسنا)يە رابەرەكەی لەلايەن ئەورپاييەكانەوە ناوی بە(تزار ئەهوسترا) يان (زارا هوسترا) هاتووە، نەتەوە ئارييەكانيش بە (زەردەشت) ناويدەبەن، لەهەمان سەرچاوەدا ناوی چواردە پشتی زەردەشت بەم شێوەيە هاتووە:

زەردەشت – پوروشئەسپ – پايتير ئەسپ – ئوروگە ئەسپ – چخش نوس – پيتەر ئەسپ – ئەرجەزەرشن – هەردار – سپيتاما – ڤيداشت – نيازيين – ئيرچ – دۆراسرۆپ – مەنوچەر[13].

15-موشير ئەلدەولە حەسەن پيرنيا لەكتێبی (تأريخ ايران باستان جلد اول)دا نووسيويەتی: ئارييە ئێرانييەكان لەڕووی باوەڕی دينيانەوە خۆريان بەچاوی ئاسمان زانيوە و هەورەبروسكەشيان بە كوڕی ئەو داوەتە قەڵەم و چەندين قەناعەتی تری ئەفسانەييان هەبووە، بەڵام زەردەشت دژی ئەو قەناعەتە ئەفسانەيی و جادووگەرييانە راپەڕيوە و ئەوانی بەرەو يەكتاپەرستی بردووە[14]، هەرلە درێژەی نووسينەكانيدا وتوويەتی: هەرگيز ناتوانين بەدڵنياييەوە بڵێين دينی زەردەشتی لەسەردەمی حوكمڕانيی ماددەكاندا بڵاوبووەتەوە و دينی دەوڵەتەكەيان بووە، يان نا، چونكە ئارييەكان لەسەردەمی كۆندا سەرچاوە سروشتيەكان بەتايبەت لەناوياندا، (خۆر)يان پەرستووە، بۆيە پێدەچێت ميهرپەرستيش لەناوياندا پەيڕوكرابێت[15].

16-هەريەك لە مێژوونووسان (رۆدۆلف، دۆنكێر، ئێدوارد مايەر) هەزارساڵ پێش زايينيان بەسەردەمی دەركەوتنی زەردەشت داناوە[16].

17-لەكتێبی (مێژووی ئايينی زەردەشت)دا نووسراوە، ئايينی زەردەشت يەكەم مەزهەبە[17] كە لەم جيهانەدا دەربارەی ژيانی جيهانی دووەم و مەسەلەی (قيامەت) دەدوێت، لەم ئايينەدا چمكێكی گەورە هەيە كە نە لە ئايينی ميسری كۆن و نە لە ئەنديشە زۆر قووڵەكانی هيندييەكاندا دەبينرێت، دەقەكەشی ئەمەيە: (جيهان مێژووی هەيە وپەيڕەوی ياسای گۆڕانكارييەكان دەكات و دۆخی ئێستای جيهان بۆ قۆناغی كۆتايی رابەريدەكات)[18].

18–لە کتێبی (دینکەرد[19])دا چیرۆکێك دەربارەی لە دایکبوونی (زەردەشت) خراوەتەڕوو ئەمەی خوارەوە چەند دێڕێکییەتی, رۆحی زەردەشت لە سەرەتاوە لە جیهانی بالأدا ژیاوە, کاتێك لە دایکبوونی ئەو هاتۆتە پێش (بەهمەن و ئۆردیبهێشت) کە دوو (یەزد)ی پایە بەرزن لاسکی گیایەکی پیرۆزیان هێناوە بەناوی (هوم=Hauma) و رۆحی زەردەشتیان تێدا جێگیرکردووە, کاتێك (پوروشەسپ)ی باوکی چووەتە دەشت سەرنجی بۆ لای ئەو گیایە راکێشراوە و لێیبردۆتەوە بۆ ماڵەوە, بەم شێوەیە رۆحی (زەردەشت) لە ئاسمانەوە گوێزراوەتەوە بۆ سەر زەوی. پاشان کاری خوڵقاندنی تەنی (زەردەشت) بە دوو (یەزد)ی تر سپێردراوە بەناوەکانی (ئەمرداد=یەزدی ئاو) و (خورداد=یەزدی گیاکان), ئەم دوو یەزدە پاش ئەوەی کاری خۆیان لە ئاسماندا تەواوکردووە باریونەتە سەرزەوی, (تەنی زەردەشت) یان لەناو رەگی گیادا چەقاندووە, پاش ئەوەی ئەو گیایە رواوە (پوروشەسپ)ی باوکی زەردەشت بەرێنمایی (ئەمرداد و خورداد) شەش مانگای خۆی بردۆتە دەشت بەمەبەستی لەوەڕاندنیان, کاتێك مانگاکان لەو گیایەیان خواردووە گوانەکانیان پڕبوون لە (شیر), (دەغدۆ)ی هاوسەری (پوروشەسپ) مانگاکانی دۆشیون و هاوسەرەکەشی لەو گیای (هوم=Hauma)ەی کەپێشتر بردوویەتییە ماڵەوە و رۆحی زەردەشتی تێداجێگیرکراوە وشکیکردۆتەوە, وەراندویەتیە ناو شیرەکەوە و لەگەڵ (دەغدۆ) لێانخواردۆتەوە, پاش ماوەیەك (زەردەشت) لە دایکبووە[20].

19–یۆنانییەکان بە (زەردەشت)یان وتووە (زوروئاسترس), رۆمییەکان بە (زوروئاستر) و ئەوروپاییەکانیش هەر بە (زوروئاست) ناویانهێناوە[21].

20–(هەرتل) پێیوایە (زەردەشت) لە سەردەمی (گوشتاسپی هەخامەنشی)دا ژیاوە, دەربارەی ئەم زاتە نووسیویەتی: زەردەشت بەهیچ شێوەیەك کاهن و رۆحانی نەبووە, بەدڵنیایەوە لە چینی جووتیارە و بەچینەکانی (ئەشراف, جەنگاوەر, رۆحانی)ییەوە پەیوەستنەبووە[22].

21–ئەندازیار ئەنداز حەویزی لەکتێبی (ئاوێستا– نامەی مەنەڤی ئایینی زەردەشت)دا نووسیویەتی: مێژوونووسی یۆنانی (کسانتۆس) ساڵی (450پ.ز) وتوویەتی: زەردەشت (شەش سەد ساڵ) پێش جەنگی (خشیارشا) دژ بە یۆنانییەکان لەدایکبووە, بەوپێیەی ئەو شەڕە (480ساڵ) بەرلەزایین روویداوە بەواتا زەردەشت (600 + 480 = 1080 ) ساڵ بەرلەزایین ژیاوە. هەر لەدرێژەی ئەم نووسینەدا هاتووە: باوکی زەردەشت ناوی (پووروش ئەسپ Pourshaspa) و دایکی ناوی (دوغدۆڤا Daghdova) بووە و لەگوندی (هەردشنە)ی نزیك بە (ورمێ) لەدایك بووە[23].

22–جۆزێف گایر نووسیویەتی: مێژووی لە دایکبوون و مردنی (زەردەشت) بە شێوەیەکی گشتی بە (660 و 583پ.ز) دیاریکراوە, هەرچەند هەندێك لە زانایان دەڵێن پێیدەچێت بەچەند سەدەیەك پێش ئەم مێژووە ژیابێت و بۆی هەیە ماوەی ژیانی هەزار ساڵ پێش زایین بووبێت[24].

23–ئەحمەدی کوڕی ئەبوبەکر نووسیویەتی: زەردەشت بە (وەخسوورسیماری) ناوی دەرکردووە[25], لە تێکستەکانی (رێوڕەچەی یارسان= کاکەیی)دا ناوی ((وەخسوورسیماری) هاتووە, هەروەها هەمان ناو لەفەرموودەیەکی (پیشالیاری زەردەشتی)دا هاتووە بەم شێوەیە:

هۆشت جەواتەی پیشالیار بۆ     گۆشت جە کیاستەی زانای سیمار بۆ

پاش دەرخستنی دەمەتەقێی ژمارەیەك لەسەرچاوەكان دینەسەر ئەوەی (زەردەشت) هەر لەتەمەنی منداڵییەوە لەڕووی ژیری و سەلیقە و تێگەیشتنەوە لەگەڵ هاوتەمەنەكانیدا جیاوازبووە, لەم بوارەداهەندێك كرداری سەیروسەمەرەی نواندووە[26].

لەتەمەنی حەوت ساڵییەوە هەتاوەكو پانزە ساڵان لەلای بیریارێكی گەورە و پیرۆزی ئەو سەردەمە فێری هەندێك (بنەمای مەزهەبی, كاروباری كشتیاری, پیشەی دەرمانگەری) بووە, كاتێك توورانییەكان هێرشیانبردۆتە سەر ئێران, زەردەشت كە لەهەرەتی گەنجیەتیدا بووە چووەتە گۆڕەپانی جەنگەوە و دژی سوپای تووران قارەمانانە جەنگاوە[27], لەتەمەنی بیست ساڵیدا دنیای گۆشەگیریی هەڵبژاردووە و دەستیداوەتە تێڕامان و تێفكرین, لەتەمەنی سی ساڵیدا نیشتمانەكەی خۆی بەجێهێشتووە و روویكردووەتە چۆڵایی و كێوەكان, چووەتە كەناری رووباری (دائیتا) كە رووباری (ئاراكس)یشی پێدەڵێن, لەو شوێنەدا داوای لە خەڵك كردووە دەستبدەنە خواپەرستی و خواناسی[28].

بەرامبەر بە بانگهێشتەكەی زەردەشت (موغ[29])ەكان سەرسەختانە بەرپەرچیانداوەتەوە و دژی وەستاون, بۆیە ناچار بووە لەگەڵ ژمارەیەك لەدەستوپێوەندەكانیدا كۆچیكردووە و هاتۆتە (بەلخ), لەوێ كولەباڵێكی سپیی لەبەركردووە و بەدەستێكی بڕێك ئاگر و بەدەستەكەی تری (گالۆك = گۆچان)ێكی لەداری سەروو گرتووە بەدەستیەوە و چووە بۆلای (گوشتاسپ)ی پاشای مەملەكەتی بەلخ و داوای لێكردووە بێتەسەر دینەكەی[30].

زەردەشت ماوەی دووساڵ هەوڵی بەردەوامیداوە هەتاوەكو گوشتاسپ باوەڕپێبهێنێت, بەڵام چونكە پاشا لەژێركاریگەریی قسەی (موغەكان = ڕۆحانیەكان)دا بووە, ئەوانیش بەهەنگاوی ئەهریمەنانەی خۆیان سەرسەختانە دژایەتیانكردووە و دژی دینەكەی راپەڕیون,دواجار بوون بەهۆی ئەوەی بیگرێت و بیخاتە زیندانەوە, بەڵام پاش دووساڵ (پەرجوویەكی=موعجیزەیەكی) لێدەركەوتووە, ئیتر گوشتاسپ باوەڕپێهێناوە و تەواوی هێزی خۆی بۆ بڵاوكردنەوەی دینەكەی بەكارهێناوە, پاش گوشتاسپی پاشا هەموو دەستوپێوەندەكان و فەرمانبەرەكانیشی چوونەتەسەر دینی زەردەشتی[31], پێویستە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بكەین كە دانایی (جاماسپ)ی وەزیر كاریگەری زۆری هەبووە بۆ ئەوەی گوشتاسپ باوەڕ بەدینی زەردەشتی بهێنێت, زۆربەی سەرچاوەكانیش باسی ئەوەدەكەن گوایا (زەردەشت و جاماسپ) ژنبەژنیانكردووە.

هەر لەم بوارەدا دەوترێت بەبۆنەی باوەڕهێنانی (گوشتاسپ و دەستوپێوەندەكانی) زەردەشت دارێكی سەرووی ناشتووە, ئەو دارە هەتاكو ساڵی (861ز) ماوە, بەڵام لەو ساڵەدا خەلیفەی عەباسی (المتوكل علی الله[32]) فەرمانیداوە بڕیویانە و هێناویانەتە (سامەڕا) و لەدرووستكردنی سەراكەیدا بەكاریانهێناوە[33].

بەپێی هەندێك سەرچاوە زەردەشت لەماوەی بیست ساڵی پاشماوەی تەمەنیدا دوو نەبەردیی لەگەڵ دوژمنانی دینەكەیدا بەرپاكردووە, جەنگی دووەمیان لە سەردەمێكدا بووە كە ناوبراو تەمەنی گەیشتۆتە حەفتاوحەوت ساڵ, هەرچەند لەو جەنگەدا سەرەتا سەركەوتووە, بەڵام لەدواییدا كوژراوە و دەربارەی كوشتنەكەشی رازی جۆراوجۆر هەن بەم شێوەیە:

1-محەممەد ئەمین زەكی بەگ بەپشتبەست بە كتێبی (مێژووی كۆنی خۆرهەڵاتی نزیك) نووسیویەتی: زەردەشت لەجەنگێكدا بۆ بڵاوكردنەوەی دینەكەی كەلەگەڵ نەتەوەی (هیون)دا بەرپاكراوە كوژراوە, سەرداری لەشكری هیون لەو شەڕەدا ناوی (ئێرجاسپ) بووە[34].

2–ئەندازیار ئەنداز حەوێزی نووسیویەتی: زەردەشت لەشەڕی توورانییەکاندا بەسەرکردایەتیی (تۆربراتۆر) کوژراوە[35].

3–مەحەممەد رەسووڵ هاوار نووسیویەتی: (زرادەشت) لەتەمەنی پیری و لەشەڕێکدا لەگەڵ (شەعبی هیونی) کە سەرکردەکەیان (ئاجاسپ) بووە, کوژراوە[36].

4–نووسەرەکانی ئاوێستا پاش نزیکەی هەزار ساڵێك لەکوژرانی زەردەشت وتوویانە توورانییەکان بەزۆر شاری (بەڵخ)یان داگیرکردووە و توورانییەك لەناکاو پەلاماری ئەو پێغەمبەرەی خوای داوە لە کاتێکدا کە خەریکی خواپەرستی بووە و لەبەردەم میحرابی ئاگردا کوشتوویەتی[37].

## بنەماکانی دینی زەردەشتی

1–فەلسەفەی دروستبوونی دنیا: لەسەر رۆشنایی کتێبی ئاوێستا کە کتێبی پیرۆزی زەردەشتییەکانە و هەندێك سەرچاوەی تری پەهلەوی, دنیا لەدوو هێز پەیدابووە, بەم شێوەیە:

ئ–هێزی رووناکی:

ب–هێزی تاریکی:

هەر لەسەر ئەو بنەمایەش جیهان بووە بە دوو بەشەوە (لەشکری رووناکی) و (لەشکری تاریکی), سەرداری لەشکری رووناکی پێیدەوترێت (ئاهورامەزدا = هرمز = سپنتامینۆ), سەرداری لەشکری تاریکیش پێیدەوترێت (ئەهریمەن = ئەنگرمینۆ).

ئاهورامەزدا: ناوەکەی لەدوو بەش پێکهاتووە کە بریتین لە (ئاهورا[38]) و (مەزدا), ئاهورا لەبڕوای دینی ئارییەکاندا قووڵایی و ریشەی دێرینی هەیە چونکە ناوی (خوا)کەیان بووە و بەواتای (سەروەر) دێت. (مەزد)یش بەواتای (زانا, ژیر) دێت, هەردوو بەشەکە بەسەریەکەوە دەبن بە (سەروەری زانا, سەروەری ژیر). کە دەقاودەق بەرامبەر (العلی العلیم)ی عەرەبیە, زەردەشتییەکان دەڵێن (ئاهورامەزدا) لەسەر هەموو شتێکەوەیە و ئاگای لەهەمووشتێکە, هیچ شتێك وەك ئەو نییە.

ئەهریمەن = ئەنگریمنۆ: رەمزێکە بۆ (رۆحی تێکدەر, مردن, تاریکی, پیسی, خراپی, درۆ), بەردەوام لەگەڵ ئاهورامەزدادا لەجەنگ و ململانێدایە.

(ئاهورامەزدا) کە خوای خێرە شەش یاریدەدەری هەن, پێیاندەوترێت (ئەمشەسپێنتان = ئامشاسپندانە = رۆحی نەمر و ئەزەلی) و ئەمانەش ناوەکانیانە:

1–زەند هومەن=وەهومەن=بەهمەن: بە واتای (فریشتەی رەوشتباش, فریشتەی خێر و چاکە), هێمای ژیری و زانایی و زانستی خودایییە.

2–ئەشەڤەهێشتە=ئۆردیبەهێشت: بەواتای (فریشتەی راستی و دادوەری), خاوەنیهەمووئاگر و هەروەها ئاگردانەکانی سەر رووی زەوییە.

3–هەورڤەتات=شەهریوەر: بەواتای (فریشتەی توانا) کە رزق و رۆزی هەموو بەندەکانی خوای بەدەستە.

4–ئەناهیتا=سپەندارمەز: بەواتای فریشتەی (بەرەکەت و خۆشەویستی), کاری ئەم فریشتەیە ئاوەدانکردنەوە و سەوزکردنی زەوییە.


www.pertwk.com

5–هوروتات=خورداد: بەواتای (فریشتەی سوودمەندی, کامەرانی, سەرکەوتن) کە شادی و خۆشی دەبەخشێت بەرۆحی شادان.

6–هڤەرخشەیتە=مورداد: بە واتای فریشتەی نەمری و هەمیشەیی[39].

ئەمشەسپەنتان هەمیشە لەخزمەتی (ئاهورامەزدا) دان و چاوەڕوانی فەرمانەکانی دەکەن و لەرێگەی ئەمانەوە دنیا بەرێوەدەبات, هاوکات بەرامبەر بە (ئاهورامەزدا و ئەمشەسپەنتان)یش (ئەهریمەن) و شەش یاریدەدەری وەستاون, یاریدەدەرەکانی ئەهریمەن (دەئو= دێو)ن و ئەرکیان تێکدانی کارەکانی (ئاهورامەزدا و ئەمشەسپەنتان)ە.

بەپێی باوەڕی زەردەشتییەکان وەك لە ئاوێستادا هاتووە (ئاهورامەزدا) سەرەتا جیهانی رۆحەکانی درووستکردووە و ماوەی سێ هەزار ساڵ حوکمی بەسەرداکردوون, ئینجا ئەهریمەن لە جیهانی تاریکییەوە هاتۆتە ناو جێهانی رووناکی, پاشان ئاهورامەزدا جیهانی مادی, بەشەش قۆناغ, لەماوەی سێ هەزار ساڵدا درووستکردووە, ئەمانەش ناوی قۆناغەکانن:

1–میدیۆزرم = Maidyuzarm: لەم قۆناغەدا (ئاسمان, ئەستێرەکان, رێگەی کاکێشان=(درب التبانە)ی دروستکردوون.

2–میدیۆشم = Mdidushem: لەم قۆناغەدا ئاوەکانی درووستکردوون.

3–پیتی شهیم = Paityshahim: لەم قۆناغەدا زەوی دروستکردووە.

4–ئەیاترم Ayatherm: لەم قۆناغەدا (دار, گژوگیا, شینایی) درووستکردوون.

5–میدیارم Maidyarem: لەم قۆناغەدا بێجگە لەمرۆڤ هەموو گیانلەبەرەکانی درووستکردووە.

6–هەمسپدمدم Hamaspathmadm: لەم قۆناغەدا (مرۆڤ)ی درووستکردووە.

بەم پێیە مرۆڤ لەقۆناغی شەشەمدا درووستکراوە, بەهاتنەدنیای (زەردەشت)یش ئەهریمەن بێهێزبووە و لەو رۆژەشەوە تا ئێستا سەرکەوتنی ئاهورامەزدا بەسەریدا بەردەوامە هەتاوەکو جارێکی تر دەچێتەوە ناو دنیای تاریکییەوە[40].

هەرلەم بوارەدا (پرۆفیسۆر کریستنسن) نووسیویوتی: بەپێی یەشتە کۆنەکان دەورەی ژیان دوانزەهەزارساڵ بەردەوامدەبێت, لەسێ هەزار ساڵی یەکەمیاندا هەردوو جیهانی (ئاهورامەزدا و ئەهریمەن) لەبێدەنگیدا بوون, پاش ئەوە ئەهریمەن لەجیهانی تاریکییەوە هاتۆتە دەرەوە ویستوویەتی جیهانی رووناکی لەناوببات, ئاهورامەزدا جەنگێکی نۆهەزارساڵی دژی راگەیاندووە, لەبەرئەوەی ئاهورامەزدا ئاگاداری هەموو شتەکانە و زانیویەتی ئەو جەنگە بەشکستی جیهانی تاریکی کۆتاییدێت, ئەهریمەن لەترساندا ماوەی سێ هەزار ساڵ بەئیفلیجی لە تاریکیدا ماوەتەوە, لەو ماوەیەدا ئاهورامەزدا دەستیکردووە بەدرووستکردنی دنیا, پاش ئەوەی لەکارەکەی بووەتەوە ئەو (گا)یەی دروستکردووە کە بە(گای یەکەم) ناسراوە و ئینجا مرۆڤی یەکەمی بەناوی (گیومرد = گیامەرەتەن)ی درووستکردووە.

لەوکاتـەدا ئەهریمـەن بەهـەموو هێزێکیـەوە کەوتۆتـە دژایـەتی ئاهورامـەزدا, ئـەوەش بەپیسـکردنی سەرچـاوە سروشتییەکان و دروستکردنی زینـدەوەر و مێرووی زیانبـەخش, هەربۆیـە ئاهورامـەزدا خەنـدەقێکی لەبـەردەم ئاسماندا دروستکردووە, بەڵام ئەهریمەن لەئەنجامی هێرشە بەردەوامەکانیدا دواجار توانیویەتی (گای یەکەم و گیومەرد) بکوژێت, لەبەر ئەوەی تۆوی (گیومەرد) دارێکی لێرواوە و دوو مرۆۆ لەنەوەی ئادەم بەناوی (مشیگ, شـیانگ)ی لێدرووسـتبوون. لـەو کاتـەوە ئـیتر تێکـەڵاوی لـەنێوان چاکەوخراپەدا دەسـتیپێکردووە[41]. رۆڵـی مرۆڤەکانیش لەو شەڕەدا بەتەنیشت چاکە, یان خراپە بەپێی کردارەکانیان کاریگەربووە, پاش سێ هـەزار ساڵی تـر لەدرووسـتبوونی جیهـان زەردەشـت وەك رێپیشـاندەرێك بـۆ بانگهێشـتکردنی خـەڵك بۆسـەر دینـی راسـت سەریهەڵداوە, پاش ئەم ماوەیە لە تەمەنی دنیا تەنها سێ هـەزار ساڵ دەمێنێت, پاش هـەر هـەزار ساڵێکیش (روزگارکارێـك = سۆشـیانس) لـەتۆوی زەردەشـت لەدایکـدەبێت, ئـەو تـۆوەش لەیـەکێك لەدەریاچـەکاندا شاردراوەتەوە.

لـەو چـرکەیەدا کـە دوا( سۆشـیانس) لەدایکـدەبێت دواجـەنگ لـەنێوان هێـزی روونـاکی و هێـزی تاریکیـدا دەسـپێدەکات, دواجـار هـەموو مردووەکـانیش زینـدوو دەبنـەوە و ئەسـتێرەی کلکـداری (جوتچـهر=جۆپیتـەر) دەکەوێتەسـەر زەوی و یەکسـەر گڕدەگرێـت, لەئەنجامـدا هـەموو میتاڵـەکان دەتوێنـەوە و بەسـەر زەویـدا و وەك لافاوێکی ئاگرین دەکەونەڕێ, هەمووخەڵك بەزیندووەکان و مردووە زیندووبووەکانیشەوە پێویستە بەناو ئەو لافـاوەدا بـڕۆن, لەدرێـژەی نووسـینەکەدا هـاتووە ئـەو لافـاوە بـۆ چـاکەخوازان دەبێـت بەشـیرێکی گـەرم و پاکیاندەکاتەوە و ئیتر دەچنە بەهەشت.

پاش ئەم دواجەنگە بۆ یەکجارەکی هێزی تاریکی و خراپەکار لەناودەچن و دەچنەوە ناو تاریکییەوە, زەوی تەختوپانوپۆڕ دەبێت, دنیا بۆ هەتاهەتایی بەپاکی و ئارامی دەمێنێتەوە[42].

2–تێڕوانین بۆ رۆح: بەباوەڕی زەردەشتییەکان رۆح نەمرە, هەموو مرۆڤێك پاش مردنی بەسێ ڕۆژ رۆحەکەی دێتەوە ناو ژیان و تامی ژیان دەچێژێت, ئینجا با هەڵیدەگرێت و دەیبات بۆ (پردی جینوەت) لەوێ لەبەردەم سێ دادوەردا دادگایی دەکرێت و گەورەی دادوەرەکانیش (میهر)ە, لەو دادگاییکردنەدا هەموو کردەوەکانی لەچاکە و خراپە بەتەرازوو دەکێشرێن, ئینجا پێویستە لەو پردە بپەڕێتەوە کە هەر لە قولەی (ئەلبورز)ەوە هەتاوەکو ئاوی (دائیتیا) درێژدەبێتەوە, ئەگەر ئەو رۆحە چاکەکاربێت پردەکە پاندەبێت بەسەریدا دەپەڕێتەوە, ئەگەر خراپەکاریشبێت پردەکە زۆر تیژوتەنکدەبێت و دەکەوێتە ناو تاریکستانێکی ئەنگوستەچاوەوە[43].

رۆح ئەگەر خاوەنی سێ سیفەتبێت کە لەڕاستیدا کرۆکی دروشمە دینییەکانی زەردەشت پێکدەهێنن دەچێتە بەهەشت و ئەو دروشمانە بریتین لە:

1–هۆمیتە = نییەتی چاك = ئەندێشەی چاك.

2–هۆدارشتە = کرداری چاك.

3–هۆمواختە = گوفتاریچاك = قسەی چاك.

ئەم دروشمانە لەهەندێك سەرچاوەدا بەم ناوانە هاتوون (هومنگا, هوختگا, هورشگا[44]).

بەهەشت لای زەردەشتییەکان بە (ئەنهوەهیشت = ئەنگوەهێشت =ANGUVAHISHTA) ناویدەهێنرێت و بەواتای باشترین ژیان, یان چاکترین دنیا دێت.

رۆح ئەگەر خراپەکاربێت ئەوە دەچێتەناو دۆزەخەوە کەبە (دژانگهە) ناویدەهێنرێت[45].

ئەو رۆحانەی کرداری چاکە و خراپەیان بەرامبەرن دەچنە شوێنێکەوە پێیدەوترێت (هەمشتگان = هەمەستەکان)، لەو شوێنەدا سزاو پاداشت نییە[46].(لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەین ئەم شوێنە لەقورئانی پیرۆزدا پێیدەوترێت الاعراف)

3-بەپیرۆز زانینی ئاگر و ئاتەشگە: ئاگرپەرستی لەدوای داستانەکەی حەزرەتی ئیبراهیمەوە دەستیپێکردووە، لە ئاوێستادا باسی ئاگر بەپێنج جۆرکراوە، ناوەکانیشیان لە (یەسناکانی ژمارە 11 و ژمارە 17[47])دا بەم شێوەیە باسیانلێوەکراوە:

1-ئاگری وەهرام = ئاگری پەرستگە.

2-ئاگر لە نێو لەشی مرۆڤ و زیندەوەراندا.

3-ئاگری شاردراوەی ناو رووەك.

4-ئاگری نادیار کە لەناو هەوروبروسکەدایە.

5-ئەو ئاگرەی لە بەهەشتدا لەبەردەم ئاهورامەزدادایە، ئەمجۆرەیان وەك لەکتێبی مێژووی ژیانی زەردەشتدا باسیلێوەکراوە، ناوی (خورنە)یە و پەیوەندی بەبارەگای شکۆدار و گەورەی پادشاکانەوە هەیە، لەزمانی پەهلەویدا بە (خۆر) و لەزمانی فارسیشدا بە (خورشید) بەناوبانگە.

ئاگر لەئاوێستادا پێیدەوترێت (ئاتر) بەڵام لەزمانی فارسیدا هەرلە سەدەکانی ناوەڕاستەوە ناوەکە بووە بە (ئازەر) و بەکوڕی ئاهورامەزدا ناوبراوە، هەندێك لە عیسایییەکان ئاگری پیرۆزی زەردەشتییەکانیان بەکچی ئاهورامەزدا لەقەڵەمداوە، بەڵام ژمارەیەك لە کەشیشەکانیان دژایەتیی ئەم بۆچوونەیان کردووە، هەروەك (هوئونام) کە یەکێکبووە لە کەشیشە عیسایییەکان لەرووی رقەوە ئاگری ئاتەشگەیەکی کوژاندووەتەوە و وتوویەتی: (نە ئەم خانووە پەرستگەی خوایە، نە ئەم ئاگرەش کچی خوایە).

لە ئاوێستای سەردەمی ساسانییەکاندا گەلێك شت دەربارەی (پیرۆزی ئاگر، سوود و دەسکەوتەکانی) بۆ پێشەوا ئایینیەکان و ئەنجامدانی ئەرکەکانی مرۆڤ لەبەرانبەر ئاگردا قسەیانلەسەرکراوە[48].

(کریستنسن) دەربارەی ئاگر و ئاتەشگە لای زەردەشتییەکان نووسیویەتی (ئاتەشگە = ماڵی ئاگر) بەشێوەیەکی گشتی هەشت دەرگای هەبووە، نموونەی ئەم جۆرە ئاتەشگەیە، ئاتەشگەکەی (شاری یەزد)ە کە لەسەردەمی لەشکرکێشی ئیسلامدا کراوە بە مزگەوتێکی گەورە[49].

(مەسعوودی)ش دەربارەی داروپەردووەی ئاتەشگە کۆنەکەی (اسطخر) نووسیویەتی: ئەو شوێنە لەکۆندا جێگای بتەکان بووە، (کچی بەهمەنی[50] کوڕی ئەسفەندیار) بتەکانی لابردوون و کردوویەتی بە ئاتەشگە، لەم ساڵەدا کە (934ز)یە خەڵك بە مزگەوتی (سلێمان کوڕی داود) ناویدەبەن، بیناکە بریتیە لەبینایەکی سەرسوڕهێنەر و چوارچێوەیەکی گەورەی هەیە، بەهەرچواردەورەکەیدا شوورایەکی گەورەی بەردین کێشراوە، چەندین وێنە لەسەر بەردەکان دروستکراون و جوانترین شێوە دەنوێنن، ئەوەی بێتە ئەم شوێنە وایبۆدەچێت کە وێنەکان هی پێغەمبەرانبن[51].

هەندێك لەمێژوونووسان وتوویانە ئەو ئاتەشگەیەی لەبەردەم گۆڕی شاکاندا لەبالآخانەکەی (نەقشی ڕۆستەم)دا دروستکراوە و مێژووەکەی بۆ سەردەمی (هەخامەنشییەکان) دەگەڕێتەوە، نموونەیەکە لەو ئاتەشگەیانەی کە پارێزەری ئاگری سەرمەدی بوون، ئەو ئاتەشگەیە پێیدەوترێت (کەعبەی زەردەشت)[52].

ئەو ئاتەشگایانەی ئاگری پیرۆزیان تێداکراوەتەوە پێویستبووە ڕەچاوی ئەوەیان تێدا بکرێت بەهیچ شێوەیەك خۆر لەئاگرەکە نەدات، بۆیە لەناویاندا ژوورێکی تاریك دروستکراوە و ئاگری تێداکراوەتەوە، وێنەی ئەوجۆرە ئاتەشگەیانەش لە دراوی حوکمڕانەکانی فارسدا، هەرلەپێش (سلوکی)یەکانەوە و هەتاکو دواتریش بەرچاودەکەوێت.

دراوەکانی سەردەمی حوکمڕانیی ئەردەشیر کە لەمۆزەخانەی (کۆبنهاگن)دا پارێزراون وێنەی ئاتەشگەیەکی زەردەشتی پیشاندەدەن[53].

وێنەی ئاتەشگە لەسەر دراوی هەموو شاکانی دەوڵەتی ساسانی دەبینرێت، لەدراوی شا کۆنەکاندا هەتا سەردەمی (یەزدەگوردی دووەم)، وشەی ئاگر بەدوای ناوی ئەو پاشاوە کە فەرمانی لێدانی دراوەکەی داوە نووسراوە.

ئاگر لەناو خێزانە ئێرانیەکاندا پلەی جۆراوجۆری هەبووە وەك:

1-وەجاخ[54] = ئاگری ماڵ.

2-ئاگری عەشیرەت.

3-ئاگری گوند کەپێیوتراوە (ئازران).

4-ئاگری ناوچە و هەرێم کەپێیوتراوە (وەهرام)، یان (وەرهران).

ئاگری ماڵ ئەرکی نێرینەی خێزان بووە، بەڵام ئاگری گوند لەلایەن دوو لە (هەربەد=هەربەرز[55])ەکانەوە سەرپەرشتیکراوە، لەکاتێکدا ئاگری (وەرهران = ئاگری ناوچە و هەرێم) پێویستبووە لەلایەن ئەنجومەنێکی هەڵبژاردەوە لە (هەربەد=هەربەرز)ەکان و لەلایەن (مووبد)ێکەوە سەرپەرشتیبکرێت[56].

(کیریتر هێربد)ی گەورە مووبد کە لەسەردەمی حوکمڕانیی (شاپووری یەکەم، هورمزی یەکەم، بەهرامی یەکەم، بەهرامی دووەم)دا ماوەی سی ساڵ رابەرایەتی زەردەشتە ڕۆحانییەکانی کردووە وتوویەتی: ئایینی مەزدایی بەدەستی من بەهێزبوو، زاناکان من پەروەردەمکردن، هەربەدەستی منیشبوو ئاتەشگەکان کرانەوە و (موغ)یان لەسەر دانرا، سوپای پادشا بۆهەر جێگایەك دەڕۆیشت لەو شوێنەدا ئاتەشگە دەکرایەوە، هەر بۆ نموونە لە (ئەنتاکیە) چەندین ئاتەشگە کرانەوە[57].

ئاگر لای زەردەشتییەکان نیشانەی گیانی نوورانی خوای گەورەیە و هەر ئاگردانێکیش جێگە و ڕێگەی تایبەتی خۆی هەیە، لەوێشەوە ئاگری هەمیشەیی دەسووتێت و نابێت بەدەستلێدان و هەناسە هەڵکێشان لەبەرانبەریدا پیسبکرێت، مووبدەکان کەخزمەتی ئاگر دەکەن پێویستە لەسەریان دەستکێش لەدەستبکەن و دەمیشیان هەڵبەستن.

هەروەك لە سەرچاوە مێژوویەکاندا باسکراوە چەند ئاتەشگەیەکی گەورە و بەناوبانگ لەئێراندا هەبوون، وەك:

1-ئاتەشگەی ئازەرگوشەسپ: ئەم ئاتەشگەیە لەباکووری (شیز)دا بووە لەهەرێمی ئازەربایجان, تایبەتبووە بە پادشاکان و شوێنەکەشی وادیاریکراوە گوایا دەکەوێتە ناوشوێنەوارەکانی (تەختی سلێمان), لەناوەڕاستی رێگەی نێوان (ورمێ = ئورمیە و هەمەدان)دا.

پادشاکانی دەوڵەتی ساسانی بەردەوام (زیڕ, پارە, زەوی, کۆیلە) و شتی گرانبەهایان وەك دیاری پێشکەشکردووە بەم ئاتەشگەیە, لەکاتی دەسبەکاربوونیشیاندا لەسەر تەختی پاشایەتی بەپێ رۆیشتوون بۆ زیارەتی (ئازەرگوشەسپ) و قوربانیی گەورەیان بۆکردووە, ئەم ئاتەشگەیە لەسەردەمی ساسانیەکاندا, هێمای یەککگرتنی دین و دەوڵەت بووە.

2-ئاتەشگەی فریغ: بەپێی چەند گێرانەوەیەك ئەم ئاتەشگەیە لەسەر (کێوی رۆشن) بووە لەهەرێمی کابلستان و ئاتەشگەی (مووبد, پیشەوەر)ەکان بووە, هەندێکیش پێیانوایە لە (اصطخر)دا بووە, مەسعوودی بەناوی (ئازەر جۆی= ئاگری جۆی) ناویهێناوە[58].

3-ئاتەشگەی ئازەر بەرزین میهر: کەوتۆتە خۆرهەڵاتی ئێرانەوە ولە چیاکانی (رێوەند)دا بووە لە باکووری خۆرهەڵاتی (نەیساپوور), ئاتەشگەی جووتیارەکان بووە.

بێجگە لەمانەی ناومانهێنان, لە ئێراندا چەند ئاتەشگەیەکی تر هەبوون, هەرچەند لە رووی گرنگییەوە بەپلەی دوو هاتوون, بەڵام شوین بایەخپێدانی گەورە بوون, لەوانە: (ئاتەشگەی نەیساپوور, ئاتەشگەی ئەرجان لەهەرێمی فارس, ئاتەشگەی کرکرا, ئاتەشگەی شیروان لەنزیك (رەی), ئاتەشگەی قەزوین, ئاتەشگەی قووش, ئاتەشگەی طوس)[59].

ئاگری ئاتەشکە هەمیشە لەلایەن پیاوە دینییەکانەوە چاودێری و سەرپەرشتیکراوە و بەدارێکی تایبەت ئەمدیو و ئەودیوکراوە, ئەو دارە داری رووەکێکە پێیدەوترێت (بەرسم), بەپێی نەریتێکی تایبەت بڕاوەتەوە[60].

هەر لەم بوارەدا پێویستە باس لەوە بکەین بۆنی ئاتشگەکان بەردەوام بە (بوخورد, سووتەمەنییە بۆندارەکانی تر) خۆشکراوە, رۆژانەش پێنج جار لەلایەن پیاوە دینییەکانەوە نزای تایبەت خوێنراوە و پاشان ئەرکی دینی و مەزهەبی خۆیان ئەنجامداوە, لەسەر هەموو زەردەشتییەکیش پێویستە بڕوات بۆ ئاتەشگە و نزای (ستایشی ئاگر) بخوێنێت کەپێیدەوترێت (ئاتەش نیایشین), بە بڕوای زەردەشتییەکان هەر کەسێك رۆژانە سێجار بڕواتە ئاتەشگەو نزای (ئاتەش نیایشین) بخوێنێت, خوشگوزەران و بەختەوەر دەبێت و لەرووی رۆحیشەوە ئاسوودەیە[61].

لەکۆتایی ئەم خاڵەدا دەڵێین زەردەشتییەکان ئاگر بە نووری خوادەزانن و ئاگر پەرستنین, (مەجوسییەت[62]) و ئاگر پەرستی تاوانێکی ناڕەوایە, دوژمنەکانیان داویانەتە پاڵیان.

4-باوەڕبوون بە (یەزد=یەزت= ئێزد)ەکان , بەپێی باوەڕی زەردەشتییەکان ئەمانە بوونەوەری موجەڕەدن و ژمارەیان (30) یەزدە, دەبن بەدوو کۆمەڵەوە بەناوی (یەزدی ئاسمانی و یەزدی زەمینی), هەر یەکێکیشان تایبەتە بە یەکێك لە رۆژەکانی مانگەوە, هەرە چاکترین یەزدی زەمینی

(زەردەشت)ـە کە خەڵك بانگدەکات بۆ خواپەرستی و دینی راستی, لە رۆژی دەرکەوتنیشیەوە سەرکەوتنی هێزی چاکە و رووناکی بەسەر هێزی خراپە و تاریکدا بەردەوامە.

5–نوێژ: هەموو زەردەشتییەك لەسەری پێویستە رۆژانە پێنج جار نوێژ بکات, لە کاتی نوێژکردندا رووەدەکەنە رووناکی وەك: (تیشکی خۆر, رووناکی مانگ, رووناکی چرا), ناوی نوێژەکانیشیان و کاتەکانیان بەم شێوەیەی لای خوارەوە دیاریکراوە:

هاون گا=HAVANGAH: لە هەڵهاتنی خۆرەوە هەتاکو نیوەڕۆ.

رپیت وین گا=REPITHWINGAH:لەنیوەڕۆوە هەتاکو سێ سەعات پاش نیوەڕۆ, لەسەردەمی کۆنیشدا کەسەعات نەبووە, ئەم نوێژە لەماوەی نێوان نیوەڕۆ بۆ کاتی گەیشتنی خۆر بە ¾ ئاسمان ئەنجامدراوە.

ئەزیرین گا=OZIRINGAH: لەسەعات سێی پاش نیوەڕۆ وە هەتاکو دەرکەوتنی ئەستێرەکان.

ئەیویس رۆتریم گا=AIWISRATHRIMGAH:لەسەرەتای شەوەوە هەتاکو نیوە شەو.

ئوشهین گا=USHAHINVAH:لەنیوە شەوەوە هەتاکو هەڵهاتنی خۆر[63].

مەرجەکانی نوێژکردنیش بریتین لە:

1–پاکیی لەش لەهەموو پیسی و پۆخڵییەك.

2–پاکیی جلوبەرگ لەچەپەڵی:خوێن, موو, نینۆك و هەموو شتە هاوشێوەکانی تر.

3–شتنی دەمو چاو و دەست و قاچ.

4–داکەندنی چۆغە و کوشتی زەردەشتی لەکاتی نوێژکردندا[64].

5–شوێنی نوێژکردن نابێت بەپارەی دزیکردن کڕدرابێت, یاخود بەزۆر لەکەسێك داگیرکرابێت, ئەو شوێنە پێویستە دووربێت لەهەموو پیسو پۆخڵییەکەوە و بەلای کەمە وە سێ هەنگاو بەدەورووبەریدا پاك و خاوێنبێت. سەبارەت بە رۆژووش, لەبەر ئەوەی رۆژوو دەبووە هۆی لاوازبوون و بێتوانایی جووتیارەکان کە هێزی بەرهەمهێنەی ئەو سەردەمانە بوون, بۆیە (زەردەشت) رۆژووگرتنی لێقەدەغەکردوون.

6–بەپیرۆز زانیینی سەرچاوە سروشتییەکان وەك:( ئاگر, ئاو, هەوا, خاك), سەبارەت بە ئاگر لە خاڵی پێشوتردا لەبارەیەوە قسەمانکرد کە هێمای دینی زەردەشتییە, بەڵام سەرچاوەکانی تری وەك: (ئاو,هەوا, خاك)یش بەلایانەوە پیرۆزن و هەرگیز نابێت پیسبکرێن[65], هەر لەم بوارەدا زەردەشتییە کۆنەکان مردووەکانیان بردوونەتە سەر لوتکەی چیایەکی بەرز و لەوێ دایانناون بۆ ئەوەی دڕندە و باڵندەی کێوی و گۆشتەکەیان بخۆن, بڕوایان وابووە ناشتنی مردوو لەناو زەویدا دەبێت بەهۆی پیسکردنی زەوییەکە و سووتاندنیشی ئاگر و هەوا پیسدەکەن, بەڵام پاشان ئەم بڕوایەیان پاشان گۆڕانی بەسەردا هاتووە, لەم بوارەدا گەشتیارێکی بوودایی بەناوی (هیون تسانگ) وتوویەتی: ئێرانییەکان بەزۆری لاشەی مردووەکانیان لە چۆڵاییدا فڕێدەدان, بەڵام (سیاوەش) نەیویستووە لەسەر ئەونەریتە بڕوات, بۆیە کاتێك هاوسەرەکەی مردووە, گۆڕی بۆ هەڵکەندووە و شاردوویەتییەوە.

لەچوار چێوەی ئەو گۆانەی لەرووی تێڕوانینیانەوە بۆ لاشەی مردوو بەسەر بڕوایاندا هاتووە, زەردەشتییەکان بە تێپەڕبوونی رۆژگار لەم بوارەدا هەڵسوکەوتیان گۆڕیوە و (دخمە[66])یان دروستکردووە بۆ ئەوەی لاشەی مردووکانیانی تێدا بشارنەوە.

لە کتێبی (وەندیداد)دا, کە یەکێکە لەبەشەکانی کتێبی پیرۆزی ئاوێستا, هاتووە: زەردەشت پاش پاڕانەوە لە ئاهورامەزدا فەرموویەتی: ئەی خوای تاك و تەنها پێمناڵێی خۆشترین شوێنی زەوی لەکوێدایە؟ ئاهورامەزداش


www.pertwk.com

لەوەڵامدا فەرموویەتی: ئەی زەردەشتی ئەسپیتمان خۆشترین شوێنی زەوی ئەوشوێنەیە ماڵێکی تێدا دروستبکرێت و ئاگردانێکی تێدابێت, (ژن و منداڵ, گا و مەڕ)ی زۆری تێدا بێت, خەڵك دانەوێڵە و داری میوە و ئالیکی زۆریان هەبێت, لەو شوێنەدا کشتوکاڵی زۆربکەن و زەوی تێرئاوبکەن, چونکە زەویەك کە کشتوکاڵی تێدانەکرێت وەك ژنێکی نەزۆك وایە کەمنداڵی نەبێت[67].

هەر لەم بوارەدا (زەردەشت) فەرمانیداوە بە شوێنکەوتووەکانی, بۆ ئەوەی دانەوێڵە و میوە بهێنرێتەبەرهەم, پێویستە کشتوکاڵبکرێت, شوێنە وشك و بەیارەکان پاراوبکرێن و زۆنگاو لەزەویدا نەمێنێت, وەك پێویست و ئەرکێکی دینی, دەبێ هەموو زەردەشتییەك دارێك بڕوێنێت.

7-تێڕوانین بۆ تاوان: تاوان لای زەردەشتییەکان شتێکی خۆکردە و هەموو مرۆڤێك دەتوانێت بەویستی خۆی دوورەپەرێزبێت لەتاوان, یاخود بەپێچەوانەوە دەتوانێت خۆی بەتاوانکاری بسپێرێت, لەم بوارەدا ئیتر بەدبەختی یان خۆشبەختی مرۆڤ, تاوانکاری و بێتاوانی راستە و راست پەیوەستن بەئازادی ئیرادەی خۆیەوە[68], هەر لێرەشەوە دەتوانێت ژیانی خۆی بکات بەئاهەنگێکی خۆش و دڵگیر یاخود بە ئاوازێکی شووم و خەماوی, گەورەترین تاوانەکانیش لای زەردەشتییەکان ئەمانەن:

بتپەرستی, زینا, نێربازی, خەڵککوشتن, خۆکوژی, داوێنپیسی, سۆزانیەتی, سوودخواردن, جادووگەری, باوەڕبوون بەئەفسانە, درۆ و دەلەسە, دزی, پەیمانشکێنی, بێئەمەکی, تەمەڵی و تەوەزەلی, کینەبازی, لووتبەرزی و لەخۆ بایبوون, خۆپەرستی, ناهەقی, چاوچنۆکی, دەمەدەمی, بەخیلی, بوختانکردن, تووڕەیی, شیوەن و زاریکردن بۆ مردوو,خەڵك فریودان, بایەخنەدان بە رێنمایی تەندرووستی, بەزەیی نەهاتنەوە بە ئاژەڵدا و چلەکێشی[69].

8-ژن و مێردی و هاوسەری: لە زۆر شوێنی ئاوێستادا ناوی ژن لەگەڵ ناوی پیاودا هاتووە, بە پێی تێڕوانینی زەردەشتییەکان ژن پێویستە ویژدان ئازادبێت هەتا کاری ویستراوی لێبوەشێتەوە, چونکە پەروەردە و پێگەیاندن و پارێزگاری وەچەی مرۆڤ لە باشترین شێوەدا لەلایەن ژنەوە بەرهەمدەهێنرێت, لەم بوارەدا (زەردەشت) فەرموویەتی:

ئەی کیژانی شووکردوو, ئەی ئەو لاوانەی تازە ژیانی هاوسەریتان پێکەناوە, لە رێگەی ویژدانی خۆتانەوە هەر یەکێکتان پێشبڕکێی ئەوی ترتان بکەن بۆ ئەوەی نەفستان پاکبێت.

ئەمانەی خوارەوەش هەندێك وردەکارین لە بواری ژیانی (ژن و مێردیی) زەردەشتییەکاندا:

1-کچ کەتەمەن گەیشتە (9) ساڵ دەکرێت ناوی بەشوودانی لێبهێنرێت, بەڵام گواستنەوەی بۆ ماڵی مێرد دەبێت تەمەنی لە دوانزە ساڵ کەمترنەبێت.

2-کچ کە بۆ یەکەمجار تێکەوت= سەر و عوزری شت و هێشتا بەشوو نەدرابوو, ئەوە باوکی تاوانبارە و بەچەندبارەبوونەوەی تێکەوتنەکەی ئەوەندەجار تاوانی باوکەکەی زیاددەکات, رادەی تاوانی هەر جارێکیشیان (1500) درهەمە و بەرامبەر بە و تاوانە, لەو دنیا لەسەر (پردی جینوەت) سزای باوکەکەی دەدرێت.

3-باشترین شت بۆ کچان پاش تەمەنی (15) ساڵ شووکردنە.

4–نیشانەکانی ژنی باش بریتین لە: (داوێنپاکی, ئازارنەدانی مێرد بە زمانی, پارێزگاریی ئابووریی ماڵ, رێکوپێکی لەگەڵ مێردا, پارێزگاریی کەلوپەلی ناوماڵ)[70].

5–کۆمەککردن بەو کەسانەی گەیشتوونەتە تەمەنی (باڵقبوون) و هێشتا ژن و ماڵیان پێکەوە نەناوە, لەکردارە زۆر چاکەکانە و پاداشتی خاوەنەکەی دەدرێتەوە.

6–هەمووکەسێك لەسەری پێویستە هاوکاریی هاوتەمەنی خۆی بکات لە پێکەوەنانی خێزان و دابینکردنی بژێویدا.

لێرەدا ئاماژە بۆ یەکێك لە فەرموودەکانی (ئاهورامەزدا) دەکەین, کە بە (زەردەشت) دەڵێت, ئەی زەردەشتی ئەسپیتمان لای من پیاوی خاوەن ژن لە پیاوی بێژن و پیاوی خاوەن خێزان لە پیاوی بێخێزان لە پێشترن[71].

هەر لەدرێژەی ئەم باسەدا قسە لەسەر ئەوەدەکەین, لای زەردەشتییەکان فرەژنی کارێکی خراپ و ناڕەوایە, جۆری (ژن و مێرد)ی بە پێنج ناو و بەم شێوەیە دیاریکراوە:

1–پاشاژن: بەو ژن و مێردییە دەوترێت کە کچێکی باڵق بەرەزامەندی دایك و باوکی بدرێت بەشوو بەکوڕێك و بە بووکی بۆی ببرێت.

2–چاکزژن: بەو ژن و مێردییە دەوترێت کاتێك بێوەژنێك پاش مردنی مێردەکەی لەکەسێکی تر مارەبکرێت.

3–ئەیوك ژن=یەکانەژن: بریتییە لەو ژن و مێردییەی کە کەسێك کچێك بهێنێت تەنها کچی ماڵبێت, کاتێك مێردەکەی یەکەم منداڵی دەبێت, دەکرێت بەکوڕی باوکی ژنەکە و ئیتر هەرچییەك لەباوکی ژنەکەوە بەمیرات بمێنێتەوە بۆ ئەو کوڕە دەبێت.

4–سترژن: ئەم جۆرەیان بریتییە لەوەی کاتێك کوڕێکی باڵق, یاخود پیاوێکی بێژن دەمرن, کەسوکاری مردووەکە لەسەر خەرجیی خۆیان کچێك لە لاوێك مارەدەکەن, بەڵام بەمەرجێك ژن و پیاوەکە پەیمانبدەن یەکێك لە کوڕەکانیان بە کوڕی کابرای مردووبدەنەقەڵەم.

5–خودسەرژنی:=ژنی خاوەنرا: کاتێك کوڕ و کچێکی باڵق بە ویستی خۆیان بیانەوێ خێزان پێکەوەبنێن, بەڵام بەهەر هۆیەکەوە بێت کەسوکاری کچە ناڕازیبن, خۆیان دەتوانن ببن بەهاوسەری یەکتری و کەس ناتوانێت رێگە لە کارەیان بگرێت, بەڵام کچەکە لە میراتی باوکی بێبەشدەبێت تەنها لە حاڵەتێدا نەبێت دایك و باوکەکەی بەشێوەی نووسین ئەو مافەی بۆ بسەلمێنن[72].

سەبارەت بە تەڵاقدانیش رەویەی تایبەت بە خۆی هەیە, تەڵاق لای زەردەشتییەکان ئازادنییە تەنها لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا نەبێت:

ئەگەر ژن لەسەرنوێنی نووستنی مێردەکەی ناشایستەییکرد.

هەرکاتێك بەبێڕەزامەندیی مێردەکەی دوژمنێك بشارێتەوە.

ئەگەر فێری جادووگەری بوو یاخود باوەڕی پێیبوو.

لەکاتی نەزۆکی و منداڵنەبووندا, چ بۆژن, چ بۆ پیاو.

لەکاتێکدا مێردەکەی بۆ ماوەی پێنج ساڵ هیچ هەواڵیکی نەبێت.

لەکاتی دەستدرێژیکردنی سێکسیدا چ بۆژن, چ بۆ پیاو.

ئەوگەر یەکێکیان ئەقڵیان لەدەستدا و شێتبوون[73].

لێرەدا پێویستە ئاماژەبکەین بەوەی لە دینی زەردەشتیدا کچ وەکو کوڕ لە میراتی ماڵە باوانی دەبات.
9–پابەندبوون بەجەژنە زەردەشتییەکانەوە و گێڕانی ئاهەنگ بە بۆنەیانەوە, جەژنە گرنگەکانیشیان ئەمانەن:
1–جەژنی نەورۆز.
2–جەژنی لەدایکبوونی زەردەشت لە رۆژی شەشەمی مانگی فەروەردیندا= رۆژی شەشەمی مانگی خاکەلێوەی کوردی.
3–جەژنی گاهانبار.
4–جەژنی تیرگان= رۆژی سەرکەوتنی ئێرانییەکان بەسەر توورانییەکاندا.
5–جەژنی میهرگان= رۆژی دانیشتنی فەرەیدوون لەسەر تەختی پادشایەتی.
6–جەژنی سەدە= رۆژی (میهر)یشی پێدەوترێت.
7–جەژنی مانگەکان: وەك (فەروەردینگان, ئۆردیبەهێشتگان, خوردادگان[74].
10–پابەندبوون بە پۆشینی بەروانکە و پشتێنی زەردوشتییەوە=کوشتی زەردەشتی (بڕوانە پەراوێزی ژمارە (61).

## ئاوێستا کتێبی پیرۆزی زەردەشتییەکان

هەر چۆن دەربارەی مێژووی ژیانی زەردەشت جیاوازیی لە سەرچاوە مێژووییەکاندا هەن, بەهەمان شێوە دەربارەی ( کتێبی ئاوێستا) و ئەو زمانەی پێینووسراوە جیاوازیی هەن, لەم باسەدا بۆچوون و تێڕوانینی هەندێك لەسەرچاوەکان دەخەینەڕوو:
1–(پلۆنیۆس)ی یۆنانی کە لەسەدەی یەکەمی زاییندا ژیاوە نووسیویەتی: ئاوێستا (2) ملیۆن سروود بووە, زەردەشت خۆی ئەو کتێبەی نووسیوە و ئێستا نەماوە.
2–(د. جەلیل دۆستخوا) نووسیویەتی: یەکەم کەس لە ئەوروپا لێکۆڵینەوەی لەسەر (ئاوێستا) کردووە, (بریسۆن) بووە و لێکۆڵینەوەکەشی ساڵی (1590 ز) لە پاریس بڵاوکراوەتەوە, دواتر خۆرهەڵاتناسی ئینگلیزی (تۆماس هاید) بەهەمان رێچکەدا چووە و ساڵی (1700 ز) کتێبێکی بەزمانی لاتینی لەسەر ئاوێستا نووسیوە, زانیارییەکانیشی لە نووسینە (یۆنانی, رۆمانی, ئێرانی ,عەرەبی)یەکانەوە وەرگرتووە, هەر لەدرێژەی نووسینەکەدا هاتووە (ئیبراهیم پورداود) ساڵی (1925 ز) لەسەر بانگهێشت و داواکاری فارسەکانی هیندستان, لەوێ لەئەنجامی بیر و را گۆڕینەوە لەگەڵ (ئاوێستاناسان و زانایان)دا لێکۆڵینەوەکانی خۆی کەپێشتر لە (ئەوروپا) دەستپێکردوون تەواویکردوون و هەر لەوێش کتێبی (ئەدەبی مەزدیسنا)ی بەچاپگەیاندووە[75].
3–(عەبدولعەزیزی رەزائی) نووسیویەتی: چەندین وشەی ئینگلیزی ریشەیەکی ئاوێستاییان هەیە, هەربۆنموونە وشەی (best ) کە لای ئینگلیزەکان بە واتای چاکترین دێت هەمان وشەی (بەهەشت)ە, وشەی ( right )یش کە بەواتای راست دێت, لەهەمان وشەی (رات)ی ئاوێستاییەوە وەرگیراوە, هەروەها کاریگەری ئاوێستا و فەلسەفەی زەردەشت لە نووسینەکانی ژمارەیەك لە فەیلەسووفە گەورەکانی وەك: (کانت, هێگڵ, نیتشە)دا بەرچاودەکەوێت, زۆر لە بیریارانیش لەسەر ئەو بڕوایەن فەلسەفەی (هێگڵ) لەژێر کاریگەری بیری زەردەشتدا داڕێژراوە[76].

4-(پرۆفیسۆر ارثر کریستنسن) نووسیویەتی: لەسەر رۆشنایی داستانە پارسییەکان (ئەردەشێری یەکەم= ئەردەشێری بابکان)، پاش ئەوەی لەسەر تەختی حوکمڕانیی (دەوڵەتی ساسانی) دانیشتووە، فەرمانیداوە بە پیاوە رۆحانییەکانی زەردەشتی هەموو دەقە پەرت و بلاۆوەکانی سەردەمی ئەشکانییەکان کۆکراونەتەوە، ئینجا کراون بە کتێبێك و ئەو کتێبەش پیرۆزییەکی گەورەی دراوەتێ، پاشان بە فەرمانی(شاپووری یەکەم) کوڕی ئەردەشێر کە دوای باوکی حوکمڕانیگرتووەتە دەست کۆمەڵێك زانیاری دەربارەی (ئەستێرەناسی، پزیشکی) کە لە (هیندی، یۆنانی)یەکۆنەکانەوە وەرگێراون خراونەتە دووتوێی ئەو کتێبەوە، وێنەیەك لەو کتێبە نوێیەی (ئاوێستا) لە ئاتەشگەی (ئازەر گوشەسپ) دانراوە[77].

5-(فلادیمێر مینۆرسکی) نووسیویەتی: بەپێی ئەو بەڵگانەی کەوتوونەتەدەست بۆماندەردەکەوێت، زمانی کوردی بەستراوە بەزمانی (ئاوێستا)وە کە کتێبی پیرۆزی ئاوێستای پێنووسراوە، بیرو رایەکیش هەیە کە (زمانی کوردی) وەکو بەشی زۆری شێوەزمانەکانی تری ئێران، زۆربەی کۆڵەکەکانی دروستبوونی لە زمانی میدی کۆنەوە وەرگرتووە[78].

6-(دکتۆر عەلی شەریعەتی) نووسیویەتی: کتێبی پیرۆزی ئایینی (مەزدا) ئاوێستایە، ئەم کتێبە لەسەدەی سێیەمی زاینیدا کۆکراوەتەوە و لەسەدەی چوارەمی زایینیدا بەناوی کتێبی شەریعەتی دینی زەردەشت راگەیەنراوە، پێنج سروودی کتێبەکەش (زەردەشت) خۆی دانەریانە[79].

7-(هاشم رەزی) نووسیویەتی: کتێبی ئاوێستا بریتییە لە (161) هەزار وشە، (39) هەزاریان لەبەشی (یەسنە) و (38) هەزاریان لەبەشی (ڤەندیدات=وەندیداد)دان، ئەوانی تریش بەسەر بەشەکانی تردا دابەشبوون[80].

8-(د. صدیقی بۆرەکەیی) نووسیویەتی: زۆربەی (زانایان، خۆرهەلاتناسان، لێکۆڵەرەوان) پێیانوایە (زەردەشت) کتێبی ئاوێستای بە(زمانی مادی) نووسیوە، لەم بوارەدا (مێجەر سۆن) وتوویەتی: سەرچاوەی زمانی کوردی (زمانی مادی)یە و بەپێی هەندێك بەڵگە ئاوێستای زەردەشت بەم زمانە نووسراوەتەوە[81].

9-(ئەندازیار ئەنداز حەوێزی) نووسیویەتی: ئاوێستای ئەم رۆژانە لە شەش بەشی سەرەکی پێکهاتووە بەم ناوانە: (گاتاکان، یەسنا، یەشتەکان، خوردەئاوێستا، ویسپەرد، وەندیداد= ماڤەندادی=Vidaevata)، هەلە درێژی نووسینەکەیدا هاتووە: ئاوێستا لەیەك سەردەمدا و بەدەستی یەك کەس نەنووسراوەتەوە، گاتاکان کە کۆنترین بەشی ئاوێستان سروودبێژەکەیان خودی زەردەست بووە، سەردەمەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دەیەمی پێش زایین، بەلاّم بەشەکانی تر لەدواییدا و بەدەستی چەندکەسێك نووسراونەتەوە، ئەو زمانەی ئاوێستای پێنووسراوە پێیدەوترێت (زمانی ئاوێستایی)[82].

10-(عەبدوڵا موبلغی ئابادانی) نووسیویەتی: ناوی ئاوێستا هەروەکو ناوی زەردەشت لەمێژوودا بەچەند جۆرێك نووسراوە وەك: (ئەوستا، ئەویستا، بستاق، ئیساق، ئیتیساع، ئیستا، ئابستا، ئاڤستا، ئەبستا، ئاوێستا)، لەسەرچاوە ئیسلامییەکانیشدا بە (بستاه، ئەبستاق، ئەفستاق) نووسراوە، دەربارەی ئەم وشەیەش لەنێوان زاناکاندا جۆرە هاودەنگیەك هەیە، هەندێك بەواتای (پەنا)ی لێکدەدەنەوە، هەندێکی تریش بەواتای (زانست و زانیاری) دادەنێن، ژمارەیەکی دیکەش بەواتای (دەقی بنچینەیی) دادەنێن[83].

ئەوەی کە سەلمێنراوە ئەوەیە کە ئاوێستا بەواتای (بنچینە) و دەقی ئەسڵی هاتووە، وشەی ئاوێستاش هەمیشە لەگەڵ وشەکانی (زەند و پازەند[84])دایە.

11–(جوزیف گایر) نووسیویەتی: کتێبی پیرۆزی زەردەشتییەکان (ئاڤستا=avesta)یە بە مانای (شەریعە)، ئەم کتێبە کۆمەلێك ئادابی بەنرخی تیدان و دەبێت بە پێنج بەشەوە، (ئەسکەندەر) لە هێرشەکەیدا بۆ سەر (فارس) هەموو کتیبە زەردەشتییەکانی لە ناو بردوون، بەڵام پاشان فارسەکان توانیویانە سەربەخۆیی خۆیان بە دەستبهێننەوە و چەند هەوڵێکی ڕێك و پێکیان داوە بۆ نووسینەوەی (ئاوێستا)، لە ئەنجامی ئەو هەولانەدا توانیویانە لە چوارچێوەی رازی دەماودەمی پەرت و بلاو دەریبهێنن[85].

12–(عەلائوددینی سەجادی) نووسیویەتی: لەبندەست تەعالیمی ئاوێستاوە سۆراخی هەندێك لەپادشاکانی کۆنی فارس وەکو (دارا)، لەسەر تەختەبەردەکانی (ئەستەخەر) ماوەتەوە، ئەدەبەکەی ئەویش هەرتێکڕای ئەدەبی ئایینیە و هەموو رووله (ئاهورامەزدا) دەکاتەوە[86].

13–(محەممەد بەهائوددین مەلا صاحب) نووسیویەتی: ئاوێستای کۆن بەشێوەی هەورامی نووسراوەتەوە، لەنامەخانەی گشتی تاراندا چەند لاپەڕەیەك لەئاوێستا تائێستاش ماون، هەرلە درێژەوی نووسینەکەیدا لیستێکی بەراوردکاری لەنێوان زمانی ئاوێستا و هەردوو شێوەزمانی هەورامی و سۆرانی خستووەتەڕوو، ئاماژەشی بەوەکردووە ئەو لیستەی بەدەستکارییەوە لە (کتێبی زەردەشت)ی مامۆستا شاکر فەتاح وەرگرتووە[87].

14–(ئیرەجی بەهرامی) نووسیویەتی: لەسروودە کۆنەکانی ئەو ئاوێستایەی لەبەردەستدایە، سروودێك هەیە کە ستایشی (میهر) دەکات و کۆمەڵێك سیفەتی گەورەی داوەتەپاڵی،لەستایش و پەرستندا لەپایەی (ئاهورامەزدا)دایە[88].

15–(محەممەد رەسوڵ هاوار) نووسیویەتی: دەربارەی پەیوەندی زمانی ئاوێستا و هەردوو زمانی (سانسکریتی و پارسی)، خوالێخۆشبوو (تۆفیق وەهبی) جارێك بۆی باسکردم: ئەوانەی لەو سەردەمەدا بەسانسکرسیتی و پارسی کۆن دواون زمانەکانیان زۆر لەیەکەوە نزیکبووە، بەڵام سەیر ئەوەیە هەر پاش شەشسەد بۆ حەوتسەد ساڵ، ئەو سێ زمانە لەیەتری دوور کەوتوونەتەوە، لەکاتێکدا پێشتر زۆر لەیەکترەوە نزیك بوون، هەرچۆن ئەمڕۆ (رووسەکان و پۆڵۆنییەکان) لەیەکتری دەگەن، ئەوسا ئەوانیش وابوون[89].

16–(هادی بەهمەنی) نووسیویەتی: ئاوێستا بەیەك زمان نووسراوە، بەڵام ئەو زمانە سی چوار زاراوەی هەیە[90].

17–(قانیعی شاعیر) پێیوابووە ئاوێستا کتێبی یەزدانییە و بۆ زەردەشتی پێغەمبەر بە هەورامی نێردراوە، لەم بوارەدا فەرموویەتی:

کتێبی زەردەشت کە ئاوێستایە — وەك باقی کتێب خەڵاتی خوایە
بەزمان هەورامی هاتەسەر بەشەر — یانی های زەردەشت بووبە پێغەمبەر[91]

شایەنی باسکردنە لێکۆڵینەوەکانی بواری (ئاوێستا ناسی) هەر لەسەرەتای سەدەی بیستەمی زایینییەوە گەرم و گوڕییەکی بەرچاویان بەخۆوە بینیوە، ژمارەیەکی زۆر لە (زماننناسان، بیریاران، خۆرهەلاتناسان) بەو بوارەدا شۆڕبوونەتەوە، بۆنموونە ناوی ئەمانەی خوارەوەیان دەهێنین:

(هەرتل، یونکر، هۆساخ) لە ئەڵەمانیا.

(بیلی، گرۆشیج) لە بەریتانیا.

(دۆزیل، بنۆنیست) لە فەرەنسا.

(کۆریلویچ) له هه‌نگاریا.

(کریسنسن, باڕ, مۆرنگشترین) له ولاّتانی ئه‌سکه‌ندناڤی.

(ئه‌نکساریا, تاوادیا, تاراپۆرید, که‌نگا, ده‌هابر) و چه‌ند بیریارێکی تری فارس له هیندوستان.

(سمیث) له ئه‌مه‌ریکا.

(فریمان, ئابایف) له یه‌کێتی سۆڤێتی پێشوو.

له کاتێکدا ئه‌م بیریارانه‌ی ناومانهێنان له ده‌ره‌وه‌ی ئێراندا ده‌رباره‌ی ئاوێستاسه‌رقاڵی لێکۆڵینه‌وه‌کانیان بوون, که‌چی له ولاّتی ئێران هه‌تاکو ده‌رکه‌وتنی لێکۆڵینه‌وه‌که‌ی (ئیبراهیم پورداود) به‌ناوی (ئه‌ده‌بیانی مه‌زده‌یسنا)که له‌ولاّتی (هیندوستان)دا بۆ یه‌که‌مجار بلاّویکردۆته‌وه له‌م باره‌وه شتێك ئه‌نجامنه‌دراوه.[92]

(ئاوێستا) ده‌کرێت به‌چه‌ند به‌شێکه‌وه یان به‌مانایه‌کی تر ده‌کرێت به‌چه‌ند کتێبێکه‌وه, به‌نیسبه‌ت ژماره‌ی به‌شه‌کانه‌وه جیاوازیی له‌نێوان (لێکۆڵه‌ره‌وان, ئاوێستاناسان, زماننا‌سان)دا هه‌یه, له‌م بواره‌دا هه‌ندێك سه‌رچاوه باس له‌وه‌ده‌که‌ن که (ئاوێستا) پێنج به‌شه به‌م ناوانه:

1–یه‌سناکان: به‌پێی ئه‌و سه‌رچاوانه ئه‌م کتێبه (72) به‌نده, کۆنترین به‌شی ئاوێستایه و سروود‌ه‌کانی زه‌رده‌شتی تێدا تۆمارکراون که بریتین له (17) سروودی رێك و پێك, هه‌م له‌رووی زمان و هه‌م له رووی هۆنینه‌وه‌وه.

2–یه‌شته‌کان: بریتییه له (21) به‌ند, باس له‌ستایشکردن و پێشکه‌شکردنی قوربانی ده‌کات.

3–ویسپه‌ڕد= ڤیسپه‌ڕد: بریتییه له (24) به‌ند و باس له گه‌وره پیاوانی دینی زه‌رده‌شتی ده‌کات.

4–وه‌ندیداد= ڤه‌ندیدات: بریتییه له (2) به‌ند و باس له یاساکانی دژی (دێو) ده‌کات.

5–ورده ئاوێستا: هه‌موو نزا و پاڕانه‌وه‌کانی رۆژانه‌ی زه‌رده‌شتییه‌کانی تێدایه[93].

له هه‌ندێك سه‌رچاوه‌ی تریشدا هاتووه, کتێبی (ئاوێستا) شه‌ش به‌شه به‌واتای شه‌ش کتێبه به‌م ناوانه:

1–یه‌سنا: به‌مانای نیایش دێت و (72) به‌شه.

2–گاتاکان: به‌شیعر هۆنراونه‌ته‌و و ته فه‌لسه‌فییه‌کانی زه‌رده‌شتییان له خۆگرتووه.

3–یه‌شته‌کان: ستایش و نیازه و بریتییه له (21) به‌ش , وادێته پێشچاو به‌شێکیان په‌یوه‌ندییان به پێش زه‌رده‌شته‌وه بێت.

4–ویسپه‌ڕد: بریتییه له (24) به‌ش و (وێردی گشتیاران)ی پێده‌وترێت.

5–وه‌ندیداد: به‌واتای (یاسای دژی دێو= دێوبه‌ند), ئه‌م کتێبه‌یان په‌یوه‌ندی به‌سه‌ده‌کانی پێش زه‌رده‌شته‌وه هه‌یه.

6–خورده ئاوێستا: بریتییه له دۆعای رۆژانه, زۆربه‌یان له‌لایه‌ن (مووبد)ه‌کانی سه‌رده‌می ساسانیدا کۆکراونه‌ته‌وه و ئه‌ندێشه‌کانی ئه‌و سه‌رده‌مه و پێشتریشیان له خۆگرتووه[94].

له هه‌ندێك سه‌رچاوه‌دا هاتووه ئه‌و (ئاوێستا)یه‌ی ئێستا هه‌یه ئاوێستای سه‌رده‌می ساسانییه‌کانه که کۆکراوه‌ته‌وه و زۆر بیری پروپووچی تیکه‌ڵبووه, بریتییه له شه‌ش به‌ش به‌م ناوانه:

1–گات 2–یه‌سنه 3–یه‌شت 4–ویسپه‌ڕد 5–ڤه‌ندیدات 6–گچکه=خورده ئاوێستا.

وەك باویشــە گاتــەکان بەبەشـێك لــە (یەســنە) دادەنـرێن, پاشـان ئاوێستاناسـان گاتـەکانیان لـەناو (یەسـنە) دەرهێناون[95].

لەسەر ڕۆشنایی کتێبی (ئاوێستا)ش بەشەکانی ئەم کتێبە بەم شێوەیەن:

کتێبی یەکەم/ گاتاکان: بریتییە لە 17 (هات [96]) و لەدوو توێی پێنج سرووددان بەم ناوانە:

سروودی یەکەم بەناوی (ئەهونودگا=ئەهونەڤەدگا): بریتییە لە (7) هات, (لە هات)ی 28–34.

سروودی دووەم بەناوی (ئوشتەوەدگا= ئوشتەڤەدگا): بریتییە (4) هات , لە (هات)ی 43–46.

سروودی سێیەم بەناوی سیپەتمەندگا= سپەنتەمەیمۆ) بریتییە لە (4) هات, لە (هات)ی 47–50.

سروودی چوارەم بەناوی (وهوخشتەرگا=ڤەهوخشتەر): بریتییە لە (1) هات کە (هات)ی (51)یەمینـە.

سروودی پێنجەم بەناوی (وەهیشوایشت گا=ڤەهیشتۆیەشت): بریتییە لە (1) هات کە (هات)ی (53)یەمینە.

کەواتە کۆی هاتەکان= 7+ 4+ 4 +1 +1= 17هات[97].

لە خوارەوە دەقی بەندی یەکەم لە (هات)ی ژمارە (28) بە زمانی ئێستامان دەخەینە ڕوو:

(ئـەی ئاهورامـەزدا, ئـەی سپـەندمینۆ, لـە کاتێکدا دەسـتەکانم بـەرە و تـۆ بەرزدەکەمـەوە, داواکـارم ئـەم دنیایـە پیرۆزبکەیت لە خۆشی و شادی).

کتێبی دووەم–یەسناکان: ناوی یەسنا لە ڕیشەی (یەزد=یەزت)ەوە وەرگیراوە, ئەم کتێبـە بریتییـە لـە 72 (هات) بەڵام 17(هـات)ی بـەناوی گاتاکانـەوە لێدەرهێنراوە و (55) هـاتی ماوەتـەوە, لـەناو کتێبـی (یەسـنا)کانـدا گـەلێك بنەمای گرنگی دینی زەردەشتی بەرچاودەکەون, یەکێك لەوانە شایەتومانی زەردەشتییە.

کتێبی سێیەم– یەشتەکان: یەشتەکانیش لەبەشە گرنگەکانی (ئاوێستا)ن, ژمارەیان (21) یەشتە, بە شـێوەیەکی گشـتی بـریتین لـە (931) بەنـد, وشـەی (یەشـت) بـە واتـای (قوربـانی یـاخود خێـر) دێـت, یەشـتەکان دەربـارەی ستایشــی فریشــتەکان دەدوێــن و هــەر یەکێکیشــیان لــە کــاتێکی تایبەتــدا دەخوێنرێتــەوە, هــەر بــۆ نموونــە (فـەروەردین یەشـت), لـە ڕۆژی نـۆزدەی مـانگی فـەروەردین بەرامبـەر بـە نـۆزدەی مـانگی خاکـەلێوەی کـوردی دەخوێنرێتـەوە, هـەروەها (میهـر یەشـت), لـە ڕۆژی شـانزەی مـانگی میهـر بەرامبـەر بـە ڕۆژی شـانزەی مـانگی ڕەزبەری کوردی دەخوێنرێتەوە, یەشتەکان بەشێوەیەکی گشتی ئەمە ناوەکانیانن:

(هــورمزد یەشــت, خــورداد یەشــت, مـاە یەشـت, میهـر یەشـت, فـەروەردین یەشـت, زامیـاد یەشـت, حـەوت ئەمشاسپندان, ئابان یەشت, تیر یەشت, سروش یەشت, بەهرام یەشت, ئوردیبەهێشت یەشت, خورشید یەشت, گوش یەشت, ئەشن یەشت, ڕام یەشت, ئەشناد یەشت, وەندیەشت)[98].

کتێبـی چـوارەم/ وەندیـداد= ڤەندیـدات: ئـەم کتێبـە (22) بەشـە و (846) بەنـدە, ناوەکـەی بەئاوێسـتایی (ڤیـدە ئەیوەدان)ە بە واتای یاسای دژی دێو, باس لە دنیای (ترس, شەیتان, جنۆکە, دێو ودرنج, جادووگەری) دەکات کەئەمانـە هـەموویان لای زەردەشتییەکان کرداری خراپـە پیادە دەکـەن و سـەربە لەشـکری تـاریکین, هـەر کارێـك بەرێکوپێکی ئەنجامنەدرێت یـاخود بـەدڵی پیاوە ڕۆحانیـەکانی زەردەشـتی نـەبێت, ئـەوە دێـو و شـەیتان لـەوێ خۆیـان مەڵاسـداوە و ئامـادەی هێرشـهێنانن, بـۆ ئـەوەی مرۆڤ خـۆی لـەو هێرشـانە بپارێزێت, پێویسـتە لەسـەری (وێرد)بخوێنێت, هەروەها گیانلەبەری زەرەرمەند بکوژێت[99].

کتێبی پێنجەم- ویسپەرد= ڤیسپەڕد: بریتییە لە (24) کردە و (62) بەندە, لەم کتێبەدا سنووری خواپەرستی بۆ مرۆڤێکی سادە دیاریکراوە, هەر بۆنموونە لە (بەندی یەکەم- کردەی چوارەم)دا باس لەچۆنییەتی پاداشدانەوەی چاکەکاران دەکات, بەوەی ئاهورامەزدا بەرامبەر چاکەکانیان پاداشتی گەورەیان دەداتەوە[100].

کتێبی شەشەم- وردە ئاوێیستا=گچکە ئاوێستیتا: ئەم بەشەیان لە لایەن (مووبد)ی بەناوبانگ (ئازەر پادمازاسپند)ەوە کۆکراوەتەوە, بریتییە لەباس و خواسی (نزا و پاڕانەوە, نوێژ, جەژنە دینیەکانی زەردەشتی, ڕێوڕەسمی ژنهێنان, مردن, ڕۆژانی خۆشی و ناخۆشی, کەفارەتی تاوان).

(ئاوێستا چۆن کۆکراوەتەوە)

هەندێك لە بۆچوونەکان لەسەرئەوەیەکدەنگن کە (ئاوێستا) هەتاکو سەدەی شەشەمی زایینی وەچە پاش وەچە گوێزراوەتەوە, مێژوونووسە ئیسلامەکانیش باسی ئەوەیان کردووە کە (ئاوێستا) لەسەر (12 هەزار پێستەگا[101]) بەئاوی ئاڵتوون بەچوار (وێنە=نوسخە) نووسراوەتەوە, یەکێك لەو وێنانە لە (ئاتەشگەی ئازەرگوشەسپ) و دووەمیان لە (تەختی جەمشید) و یەکێکیشیان لە (ئاتەشگەی بەڵخ)دا بووە, ئەو وێنەیان لە (ئاتەشگەی بەڵخ)دا بووە لەکاتی هێرشی توورانییەکان بۆسەر ئەوێ و کوشتنی زەردەشت لەهەمان شوێندا, بەدەستی توورانییەکان لەناوچووە, وێنەکەی (تەختی جەمشید)یش بەدەستی لەشکری ئەسکەندەری مەکدۆنی= ئەسکەندەری فەیلەقووس) سووتێنراوە. ئاشکرایە یۆنانییەکان بەدرێژایی دەسەڵاتیان لەوڵاتی (ماد)دا دینێکی بتپەرستیان سەپاندووە, بەڵام کە ساسانییەکان دەسەڵاتیان گرتووەتەدەست و لەنێوان ساڵەکانی (226ز – 636ز) حکومڕانییانکردووە, دینی زەردەشتیان بووژاندووەتەوە و ڕۆحانییە زەردەشتییەکانیش کەوتوونەتە هەوڵی کۆکردنەوەی ئاوێستا, بەپێی هەندێك بۆچوون ئەو هەوڵانە ماوەی شەش سەدساڵ لەچەند قۆناغێکدا بەردەوامبوون, بەم شێوەیە:

1-حەسەنی پیرنیا نووسیویەتی: (بلاش)ی پاشای ئەشکانی هەوڵی کۆکردنەوەی ئاوێستای داوە, بەڵام ئاشکرا نییە لەو هەوڵەدا سەرکەوتوو بووبێت, یان نا, لەدرێژەی نووسینەکەدا هاتووە پێدەچێت ئەو پاشا ئەشکانییە (بلاشی یەکەم) بووبێت[102], هەرلەم بوارەدا (عەلائوددینی سەجادی)ش هەمان دەربڕینی دووبارە کردووەتەوە.

هەندێك لەسەرچاوە مێژووییەکان قسەیان لەسەر ئەوە کردووە گوایا (بلاشی پێنجەم) کە لەساڵی 208ز پاش مردنی باوکی حوکمڕانیی دەوڵەتی ئەشکانی گرتووەتە دەست[103], هەوڵی کۆکردنەوەی ئاوێستای داوە و یەکێك لە موغەکانی بەناوی (zadspiam)[104]ڕاسپاردووە بۆ ئەوەی بەو ئەرکە هەڵبسێت.

2-ئەردەشێری بابکان = ئەردەشێری یەکەم کە دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانییە, هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونییەوە لەسەر تەختی حوکمڕانیی هەوڵی کۆکردنەوەی ئاوێستای داوە, ئەو ئەرکەشی سپاردووە بە ئەنجومەنێکی گەورە لەڕۆحانییە زەردەشتییەکان لەژێر سەرپەرشتی (تەنسر = تەنەسور)ی موبدان موبد[105] = گەورەی موبەدەکان, لەو بوارەدا تەنسر سەفەری یۆنانی کردووە و ئەو ئاوێستایەی گوایا (ئەسکەندەری مەکدۆنی) لەکاتی هێرشەکانیدا بۆ سەر ئێران ناردوویەتی بۆ یۆنان, لەگەڵ خۆیدا هێناویەتییەوە بۆ ئێران[106].

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین ئەردەشیری بابکان ساڵی (220ز) لە ئەشکانییەکان یاخیبووە, بەپێی زۆربەی سەرچاوەکان ساڵی 226ز توانیویەتی بەسەر (ئەردەوان)ی پادشای ئەشکانیدا سەربکەوێت[107].


www.pertwk.com

3–شاپووری یەکەم کوڕی ئەردەشێر, کە لەساڵەکانی 242–272ز حوکمڕانیکردووە, فەرمایداوە کۆمەڵێك بابەت کە پەیوەندییان بەدینەوە نەبووە و باسیان لە زانستەکانی (پزیشکی, ئەستێرەناسی, لاهوت) کردووە بخرێنە ناو ئاوێستاوە و بکرێن بەپاشکۆیەك بۆی[108].

4–شاپوری دووەمی کوڕی هورمز لەسەردەمی حوکمڕانیی خۆیدا و بەمەبەستی ڕێگەگرتن لەناکۆکییە دینییانەی هەتا ئەو سەردەمەش بنەبڕ نەکراوون, فەرمانیداوە سەرلەنوێ بۆجارێکی تر ئاوێستا نووسراوەتەوە و نوێکراوەتەوە, ئەو ئەرکەشی سپاردووە بە ئەنجومەنێکی ڕۆحانی بەسەرپەرشتی موبەدان موبد (ئازەر میهر ئیسپەندان)[109].

لەهەندێك سەرچاوەدا هاتووە گوایا عەباسییەکان لەسەردەمی حوکمڕانیی مەئموونی کوڕی هارون ئەلڕەشید دا و بەفەرمانی خودی مەئموون, کەسێکیان بەناوی (ئازەر فرەنبەغ) راسپاردووە بۆ کۆکردنەوەی ئاوێستا, (ئیبن نەدیم) باسی گرنگی ئەو کتێبەی کردووە کەلەو سەردەمەدا کۆکراوەتەوە و وتوویەتی: ناوی (ژیاننامە) بووە, لە دەبەرگ پێکهاتووە[110].

یەکێك لە پیاوەدینییەکانی مەسیحی بەناوی (فرانس نۆ=f rancois nau), لە گۆڤاری (مێژووی ئایینەکان=revue de Ihistoire religions) بەرگی–95–لاپەڕە (149–199) ساڵی (1927ز)دا, وتارێکی دەربارەی دەستاودەستکردنی (ئاوێستا) بە پشتبەستن بە سەرچاوە نەصرانییەکان بڵاوکردووەتەوە و نووسیویەتی:

دەقە پیرۆزەکانی (مەزدی) هەر لەسەرەتاوە هەتاکو سەدەی حەوتەمی زایینی تەنها لە ڕێگەی دەماو دەمەوە بۆ نەوەکان گوێزراونەتەوە و زەردەشتییەکان تا دوارۆژەکانی حوکمڕانی (دەوڵەتی ساسانی) کتێبی دینی نووسراویان نەبووە, لەو سەردەمەدا پیاوە ڕۆحانییەکانی زەردەشتی ترسی ئەوەیان لێنیشتووە ڕاز و سەرگوزەشتە دینییەکانیان بفەوتێن, بۆیە (ئاوێستای ساسانی)یان نووسیوەتەوە, وشەی (ئاوێستا)ش کە پێشتر لەسەدەکانی پێنجەم و شەشەمی زایینیدا بەکارهێنراوە لەو سەردەمەدا مانای کتێبی دینی نەگەیاندووە و بە مانای (یاسا) بەکارهێنراوە[111].

لەسەر ڕۆشنایی هەندێك لەسەرچاوەکان, کتێبی ئاوێستای سەردەمی حوکمڕانیی هەخامەنشییەکان زۆر گەورە بووە و لەهەزار بەش پێکهاتووە, فیردەوسی لەشانامەکەیدا باسی ئەوەیکردووە کە ئاوێستا لە 1200بەش پێکهاتووە, لەڕۆژگاری ساسانییەکاندا تەنها 348بەشی ماوەتەوە, لەم بوارەدا پرۆفیسۆر کریستنسن نووسیویەتی: ئاوێستا لەم ڕۆژانەدا تەنها کەمێکی ماوە ئەوەی لەبەردەستدایە کورتەیەکە لە کتێبی حەوتەم و هەشتەمی (دینکەرد) کە لەدەقە پەهلەوییەکانە و لەسەدەی نۆیەمی زایینیدا کۆکراوەتەوە, ناوەڕۆکەکەشی تەنها باسی خواپەرستی ناکات, بەڵکو بریتییە لە (ئەنسکلۆپیدیا)یەك هەموو زانستەکانی تێدایە[112].

کتێبی (دینکەرد) هەروەك ئاوێستا پیرۆزە و لەسەردەمی ساسانییەکاندا کۆکراوەتەوە, لەلایەن یەکێك لە ڕۆحانییە گەورەکانی زەردەشتییەوە نووسراوەتەوە, هەرلەم بوارەدا دەوترێت دەستنووسێکی کۆنی ئەم کتێبە کە مێژووەکەی بۆ زیاتر لە 600 ساڵ دەگەڕێتەوە و ناوی (بەهمەنیەشت)ە, ئێستا لەکتێبخانەی شاری (کۆپنهاگن)دا پارێزراوە, ئەو دەستنووسە بەدەستی خانمێك نووسراوەتەوە بەناوی (میهرەبان خان)[113].

بۆ کۆتاییهێنان بەم باسە پرسیارێك خۆی قوتدەکاتەوە بەم شێوەیە:


www.pertwk.com

**ئایا ئاوێستا کتێبێکی ئاسمانییە یان نا؟**

وەڵامدانەوەی پرسیارێکی لەم چەشنە قسەی زۆر هەڵدەگرێت, بەڵام لێرەدا ئێمە تەنها ئاماژە بەهەندێك دەربڕین و بە تایبەت لەناویاندا بەدەربڕینە ئیسلامییەکان دەکەین, بەم شێوەیە:

سەرچاوە سەرەتاییەکانی ئیسلام جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە زەردەشتییەکان خاوەنی کتێبی پیرۆزن, لەفیقهی ئیسلامیدا زەردەشتییەکان لەریزی یەهودی و مەسیحییەکاندا دانراون, لەرەوشت و سوننەتەکانی پێغەمبەری ئیسلامیشدا (د.خ) چەندین رێنمایی سەبارەت بە زەردەشتییەکان هەن.

هەندێك لە پێشەوایان و کارناسانی (شیعە) لەسەر بنچینەی روونکردنەوەیەکی قورئانی پیرۆز زەردەشتییەکان بەخاوەن کتێب دادەنێن, لەم بارەیەوە ئیمامی شەشەم (جەعفەری صادق) فەرموویەتی: زەردەشتییەکان پێغەمبەرێکیان هەبوو کوشتیان, کتێبێکیشیان هەبوو سووتاندیان.

(ئەصبغی کوڕی بناتە) هاوڕێی ئیمامی عەلی کوڕی ئەبوتالیب (خ.ل) گێڕاویەتیەوە گوایا حەزرەتی عەلی فەرموویەتی: (زەردەشتییەکانە کتێبیان هەبوو پێغەمبەریان بۆ رەوانەکرابوو, من خۆم ئەو کتێبەم خوێدووەتەوە).

(شێخی توسی) فەرموویەتی: (المجوس کان لهم کتاب ثم رفع عنهم, دلیلنا اجماع الفرقة و اخبارهم).

(ئیبن عەباس)یش فەرموویەتی: پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) فەرمانیداوە (جزیە = سەرانە) لەزەردەشتییەکانی دانیشتووی یەمەن وەربگرن, شتێکی ئاشکرایە (جزیە) لەوانە وەرگیراوە کە خاوەنی کتێبی ئاسمانی بوون وەك یەهود و مەسیحی[114].

لەکتێبی (تاریخی دەهزار سالە ایران) زەردەشت پێغەمبەرێك بووە هەروەکو پێغەمبەرانی تر لەلایەن خواوە نێردراوە بۆسەر بەندەکانی, مەلەکوتی خوایی لەسەر زەوی جێگیر کردووە.

هەروەها پرۆفیسۆر (رضوی) لەکتێبی (پارسیان اهل کتابند) نووسیویەتی: (زەند ئاوێستا لەرووی راستی و پارێزگاری لەبنەما جێگیرەکانی هەموو دینە ئاسمانییەکان دەستوور و یاسای توندی هەیە[115].

---

[1]– بڕوانە کتێبی ئاوێستا– بەرگی یەکەم– لاپەڕە (11) تۆێژینەوە و لێکۆڵینەوەی (د.جلیل دوستخواە) لە بلاوکراوەکانی مروارید.

[2]–(خشیارشا) کوڕی (داریوشی یەکەم ) و دایکی ناوی (ئاتسی سا) کچی کۆرشی گەورە بووە, ساڵی 35سلوکی بەرامبەر بە 486ی پێش زایین, چووەتەسەر تەختی پادشایی, ناوی ناوبراو لەنووسراوە هەڵکۆڵراوەکانی سەردەمی هەخامەنشیدا بە (خشەیارشا) و بەزمانی شوشی (خشەرشا) هاتووە, بەزمانی میسری (خشی یەرش) و لەتەوراتدا بە (ئەخس ویروش) ناوی هاتووە, هیرۆدۆت و کۆنە مێژوونووسەکانی تری یۆنانی بە (کسرك سس) ناویانهێناوە و لەناو زنجیرەی ناوی شاکانی کلدانیشدا بە (ئەحشیرۆش) ناویهاتووە, مێژوونووسە ئەوروپاییەکانیش بە (گزرك سس) ناویانهێناوە.

بڕوانە (تأريخ ايران باستان – جلد اول) لاپەڕە 638– نووسینی (موشیر ئەلدەولە حەسەن پیرنیا).

[3]–(پلینی=پلینۆس) زانایەکی گەورەی ڕۆمانی و نووسەرێکی ناودار بووە, ساڵی (23) زایینی لە دایکبووە, ژمارەیەك کتێبی نووسیون تیایاندا هەواڵی تیرە جیاجیاکانی ئەورووپای خستوونەتەڕوو, بەڵام کتێبەکەی بە ناوی (مێژووی سروشتی= naturalis historiae) کە لە (37) بەرگدایە گرنگترین کتێبیەتی, ساڵی (79 زایینی) کۆچی دوایی کردووە.

بڕوانە کتێبی (دراسات کردیە فی بلاد سوبارتو)– ص (119)– تالیف (د.جمال رشید احمەد)–بغداد 1984.

[4]–بڕوانە (تأریخ دەهزار سالە ایران – جلد اول) لاپەڕە 59–60 نووسینی (عەبدولعەزیمی ڕەزائیی).

[5]–بڕوانە خوڵاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان–بەرگی یەکەم–ل195– نووسینی (محەممەد ئەمین زەکی بەگ) چاپی نوێ, سلێمانی 2000.

[6]–بڕوانە سەرچاوەوی پێشوو, هەمان لاپەڕە.

[7]–بڕوانە کتێبی (پیشالیاری زەردەشتی) ل10 نووسینی محەممەد بەهائودین مەلا صاحیب (دانای هەورامی).

[8]–بڕوانە کتێبی ئاوێستا –بەرگی یەکەم– لاپەڕە (12) تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی (د.جلیل دوستخواە) لە بلاوکراوەکانی مرواريد.

[9]–ناوی ئەم پادشایە لە (زمانی پەهلەوی)دا بە (کەی وشتاسپ=kai veshtaspa ) و لە زمانی فارسیدا بە (کەی گشتاسپ) هاتووە, لە کتێبی پیرۆزی (ئاوێستا)شدا چەندین جار ناویهاتووە, بۆنموونە لە سروودی یەکەمی (گاتاکان) و لە (هات)ی ژمارە (28)دا هاتووە:

ئەی ئەرمیتی ئارەزووی (گشتاسپ) و پەیرەوکارانی بەجێبهێنە.

بڕوانە (ئاوێستا)–بەرگی یەکەم–دەفتەری یەکەم– گاتاکان–لاپەڕە (8), نووسینی (د.جلیل دوستخواە), لە بلاوکراوەکانی مرواريد.

[10]–بڕوانە مێژووی وێژەی کوردی بەرگی دووەم– ل8, نووسینی (د. صدیقی بۆرەکەیی).

[11]–بڕوانە کتێبی (ایران فی عهد الساسانین)ل130 تألیف آرثر کریستنسن, ترجمة یحیی الخشاب, مراجعة عبدالوهاب عزام– القاهرة 1957.

[12]–بڕوانە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) چاپی دووەم لاپەڕە 641, نووسینی (عەلائودینی سەجادی).

[13]–بڕوانە کتێبی (پەیامی هەورامان)– بەرگی یەکەم– لاپەڕە (333) نووسینی (هادی بەهمەنی).

[14]–بڕوانە کتێبی (تأریخ ایران باستنان)– جلد اول– لاپەڕە 164, نووسینی (موشیر ئەلدەولە حەسەن پیرنیا).

[15]–بڕوانە سەرچاوەی پێشوو– جلد اول– لاپەڕە 220.

[16]–بڕوانە کتێبی (زرتشت– مزدیسناو حکومەت) ل86 , نووسینی (جەلالودینی ئەشتیانی), چاپی حەوتەم.

[17]–پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە (زەردەشتییەت) دینە نەوەك مەزهەب.

[18]–بڕوانە کتێبی (مێژووی ئایینی زەردەشت) لاپەڕە (59)– نووسینی (عەوبدولاّ موبلغی ئابادانی) وەرگێڕانی (وریاقانیع)–چاپی دووەم.

[19]–(دینکەرد) ناوی ئەو کتێبەیە کە بەفەرمانی (ئەردەشێری بابکان)ی پادشای ساسانی لەرێگەی ڕۆحانییە زەردەشتییەکانەوە لەهەموو وێنە پەراگەندەکانی (ئاوێستا) کۆکراوەتەوە و بە سەرپەرشتی (مووبدان مووبد)ی ئەو سەردەمەدا نووسراوەتەوە, ئەردەشێری بابکان لەنێوان ساڵەکانی (241– 226پ .ز) حوکمڕانیی دەوڵەتی ساسانی کردووە و بەبنیاتگوزاری ئەو دەوڵەتە دەدرێتە قەڵەم.

بڕوانە کتێبی ئاوێستا–بەرگی یەکەم–لاپەڕە (15) تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی (د.جلیل دوستخواە) لە بلاوکراوەکانی مرواريد.

[20]– بڕوانە (تأریخ دەهزار سالە ایران – جلد اول) لاپەڕە (70) نووسینی (عەبدولعەزیمی ڕەزائیی).

[21]–بڕوانە کتێبی (مێژووی ئایینی زەردەشت) لاپەڕە (55) نووسینی (عەبدولاّ موبلغی ئابادانی), وەرگێڕانی (وریاقانیع).

[22]–بڕوانە لێکۆڵینەوەی (ئایازەردەشت کاهنێك بووە) نووسینی (کەمال نووری مەعرووف) گۆڤاری (بانە ڕۆژ ژمارە (5) ل32.

[23]–بڕوانە کتێبی (ئاڤێستا– نامەی مەنەڤی ئایینی زەردەشت) لاپەڕە 12 نیگاکردنەوەی (ئەندازیار ئەنداز حەوێزی).

[24]–بڕوانە کتێبی (حکمة الادیان الحیة)–تالیف (جوزیف طایر)– ترجمة (المحامی حسین الکیلانی)– مراجعة الاستاذ محمود الملاح)–منشورات (دار مکتبة الحیاة)–بیروت.

[25]–بڕوانە کتێبی (دبستان المذاهب) ل10, نووسینی ئەحمەدی کوڕی ئەبووبەکر.

[26]–بڕوانە کتێبی (خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان) بەرگی یەکەم– ل195, نووسینی محەممەد ئەمین زەکی بەگ چاپی نوێ 2000.

[27]–بڕوانە کتێبی (تأريخ دەهزار ساله ايران – جلد اول) لاپەڕە (71) نووسینی (عەبدولعەزیمی رەزائیی).

[28]–بڕوانە کتێبی (کورد و باکووری کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهان) ل (83), بەرگی یەکەم نووسینی محەممەد رەسووڵ هاوار.

[29] –(موغ) ئەم وشەیە بەزمانی ئاشووری بە (مج, ماج) هاتووە کە واتای گەورە و گران دەگەیەنێت, لەسەردەمی کۆندا بە جادووگەر وتراوە (موغ), موغەکانی زەردەشتیش هەر لەسەردەمی ژیانی زەردەشتەوە تائێستا پێشەوایی دینی زەردەشتییان لە ئەستۆدایە.

[30]–بڕوانە (مێژووی ئەدەبی کوردی) چاپی دووەم لاپەڕە (642 ) نووسینی (عەلائوددینی سەجادی).

[31]–بڕوانە کتێبی (مێژووی ئایینی زەردەشت) لاپەڕە (54) نووینی (عەبدوڵا موبلغی ئابادانی) وەرگێڕانی (وریاقانیع).

[32]–(متوکل علی الله) بەدناوترین خەلیفەی عەباسی بووە, ساڵی (232ك=846ز) پاش کۆچی دوایی خەلیفە (الواثق)ی برای بە یارمەتی سەردارانی تورك بووە بە خەلیفە, بە شێوەیەکی راستەوخۆ لە ژێر کاریگەری راسپاردە و رێنمایی ئەواندا بووە, ئازاردانی وەحشیانەی نەوەکانی حەزرەتی (عەلی کوڕی ئەبی طالیب) و هەڵدانەوەی گۆڕی شەهیدەکانی (کەربەلا) لە کارە هەرە دزێوەکانی ناوبراون, ساڵی (247ك= 861ز) کە هەمان ساڵی درووستکردنی سەراکەیەتی, بەدەستی یەکێك لە کوڕەکانی بە ناوی (موعتەمید) کوژراوە.

بڕوانە (تاريخ دە هزار ساڵە ايران)– جلد دوم– لاپەڕە (211–212) نووسینی (عەبدولعەزیزی رەزائیی).

[33]–بڕوانە کتێبی (خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان) بەرگی یەکەم لاپەڕە 196 , نووسینی محەممەد ئەمین زەکی بەگ.

[34]–بڕوانە سەرچاوەی پێشوو–بەرگی یەکەم لاپەڕە 197.

[35]–بڕوانە کتێبی (ئاوێستا– نامەی مەنەڤی ئایینی زەردەشت)– بەشی یەکەم– نیگاکردنەوەی (ئەنداز حەوێزی).

[36]–بڕوانە کتێبی (کورد و باکووری کوردستان لەسەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهان) ل (83) بەرگی یەکەم نووسینی محەممەد رەسووڵ هاوار.

[37]–بڕوانە کتێبی (تأريخ و شناخت اديان) ل 249–251, نووسینی د.عەلی شەریعەتی.

[38]–دەربارەی ناوی (ئاهورا) دکتۆر جەمال رەشید نووسیویەتی: لە راستیدا (ئاهورا) هەر دەبێت (وارونا) بێت کە زۆربەی گەلانی هیندوئەورووپایی پەرستوویانە, لە نێو ئەو داستانەشیاندا باسیانکردووە کە پێش سەرهەڵدانی ئایینەکانی هاوچەرخدا هەبوون.

بڕوانە کتێبی (لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی مێژووی وڵاتی کوردەواری).

[39] –بڕوانە ئەم کتێبانە:

1–تاريخ و شناخت اديان – بەرگی دووەم– لاپەڕە (204 , 205) نووسینی د. عەلی شەریعەتی.

2–مێژووی ئایینی زەردەشت– لاپەڕە (47, 48) نووسینی عەبدوڵا موبلغی ئابادانی– وەرگێڕانی وریا قانیع.

3–مێژووی وێژەی کوردی بەرگی یەکەم– لاپەڕە (64,65) نووسینید. صدیقی بۆرەکەیی.

[40]–بڕوانە بڕوانە کتێبی (خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان)– بەرگی یەکەم– لاپەڕە 194 , نووسینی محەممەد ئەمین زەکی بەگ.

[41]–بڕوانە کتێبی (ايران فی عهد الساسانيين) ل136–137, نووسینی (آرثر کرستنسن), وەرگێڕانی يحيی الخشاب, پێداچوونەوەی عيدالوهاب عزام– القاهره 1957.

[42]–هەمان سەرچاوە, ل137.

[43]–بڕوانە کتێبی (خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان), بەرگی یەکەم لاپەڕە 198, نووسینی محەممەد ئەمین زەکی بەگ.

[44]–بڕوانە کتێبی (تاريخ دەهزار ساڵە ايران) ل74, نووسینی عەبدولعەزیمی رەزائی.

[45]–سەرچاوەی پێشوو ل74–78.

[46]–سەرچاوەی پێشوو ل137.

[47]–بڕوانە کتێبی (ئاوێستا, کتاب دوم, یسنە, ل151,168) نووسینی جلیل دوستخواە.

[48]–بڕوانە کتێبی (مێژووی ژیانی زەردەشت) ل116, نووسینی عەبدوڵا موبلیغی ئابادانی, وەرگێڕانی وریا قانیع.

[49]–بڕوانە کتێبی (ایران فی عهد الساسانیین) ل150, نووسینی (آرثر کریستنسن) وەرگێڕانی یحیی الخشاب, پێداچوونەوەی عبدالوهاب عزام القاهرە 1957.

[50]– (بەهمەن کوڕی ئەسفەندیار) یان بەپێی هەندێك لەسەرچاوەکان کوڕی (بەهلو) باپیرە گەورەی سانەکانی هەورامان بووە.

[51]–بڕوانە کتێبی (مروج الذهب) بەرگی چوار لاپەڕەکانی 76 و 77, نووسینی ابوالحسن علی بن حسین المسعودی.

[52]–بڕوانە کتێبی (ایران فی عهد الساسانیین) ل151, نووسینی (آرثر کرستنسن) وەرگێڕانی یحیی الخشاب, پێداچوونەوەی عبدالوهاب عزام– القاهرە 1957.

[53]–هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[54]–وەجاخ لەکولتووری دینی ئێمەی کورددا قووڵییەکی دێرینی هەیە, کردنەوەی ئاگری ناوماڵ لای زەردەشتییەکان ئەرکی نێرینە بووە, هەرماڵێك نێرینەیان نەبووبێت ئیتر ئاگرەکەیان کوژاوەتەوە و وەجاخیان کوێربووەتەوە, تا ئێستاش لەناو کۆمەڵی کوردەواریدا ئەو خێزانانەی منداڵی نێرینەیان نییە, ئەگەر منداڵی مێینەشیان هەبێت هەر پێیانەوترێت وەجاخکوێر, هەرچۆن ئەوانەش کە هیچ منداڵیان نییە بەوەجاخکوێر لەقەڵەمدەدرێن.

[55]–هەربەد=هەربەرز: لە دینی زەردەشتیدا پێیانەوترێت (ئەشتراپایتی), خوارەزمی وتوویەتی: وشەی هەربد بەواتای خزمەتکاری ئاگر دێت, (تەبەری)ش وتوویەتی: (کیسرای دووەم) فەرمانیداوە بەدرووستکردنی ئاتەشگەکان و دوانزە هەزار هەربدی بەسەرەوە داناون, سەرداری هەربدەکانیش بەواتای گەورەی هەربدەکان پێیدەوترێت (هەربدان هەربد).

بڕوانە کتێبی (ایران فی عهد الساسانیین) لاپەڕە (106, 107) نووسینی (آرثر کریستنسن) وەرگێڕانی یحیی الخشاب, پێداچوونەوەی عبدالوهاب عزام– القاهرە 1957.

[56]–بڕوانە کتێبی (ایران فی عهد الساسانیین) ل151, نووسینی(آرثر کریستنسن) وەرگێڕانی یحیی الخشاب, پێداچوونەوەی عبدلوهاب عزام– القاهرە 1957.

[57]–بڕوانە کتێبی (مێژووی ئاینی زەردەشت)ل113, نووسینی عەبدوڵا موبلیغی ئابادانی, وەرگێڕانی وریا قانیع.

[58] –بڕوانە کتێبی (مروج الذهب ومعادن الجواهر) –بەرگی چوارەم–لاپەڕە (75) نووسینی (ابو الحسن علی بن حسین المسعودی).

[59]–شتێکی سەیرە لە زۆربەی سەرچاوەکاندا ناوی (ئاتەشگەی پاوە) نەهاتووە, لەکاتێکدا دوای ئاتەشگەی (ئازەرگوشەسپ)بەدووەمین ئاتەشگەی زەردەشتی لەقەڵەمدەدرێت, پێدەچێت ئەمەش هەر بۆ سڕینەوەی تایبەتمەندییە مێژوویی و کولتوورییەکانی گەلی کورد بێت, ئەگینا چ پاساوێکی هەیە؟, بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییەش کە ئاتەشگەی پاوە دووەم ئاتەشگەی زەردەشتی بووە لە ئێراندا, تکایە بڕوانە: (دلیل راهنمائی سیاحی شهرستان پاوە), لە بڵاوکراوەکانی فرهنگ و ارشادات اسلامی پاوە.

85–بڕوانە مێژووی ئایینی زەردەشت –لاپەڕە (121, 122) نووسینی عەبدولا موبلغی ئابادانی, وەرگێڕانی وریا قانیع.

[61]–بڕوانە کتێبی (ایران فی عهد الساسانیین)– لاپەڕە (153) نووسینی (آرثر کریستنسن, وەرگێڕانی یحیی الخشاب, پێداچوونەوەی عبدالوهاب عزام)– القاهرە 1957.

[62]–واژەی مەجووس بەچەند مانایەك هاتووە, لەوانە: (ئاگرپەرست, ڕاهیب, خومار, سەرخۆش, خاوەنی مەیخانە, شاخی گا, ڕەگی دارخورما) و هەندێك جاریش بە مانای (کافر و بتپەرست) هاتووە, لەچەند شوێنێکی (تەورات)دا ناوی مەجووس هێنراوە, لە (ئینجیل)دا زیاتر لە تەورات باسی مەجووس کراوە, لە بەندی دووەمی (ئینجیلی مەتی)دا هاتووە: مەجووسییەکان لە سەرەتاوە

کەسانێك بوون بە هۆی ئەستێرەیەکەوە لە خۆرهەڵاتدا ئاگاداری لە دایکبوونی (مەسیح) بوون, لەم بارەوە نووسراوە: (کە (یەسووع) لە دایکبوو لە (بیت لحم)ی یەهودا لە رۆژانی (شا هیرۆدیس)دا ئەوەتا ئاگرپەرستان لە خۆرهەڵاتەوە بۆ (ئۆرشەلیم) هاتن, ئەیان وت لە کۆێیە ئەو شای جوەی کە لە دایك بووە؟ ئەستێرەی ئەومان دیوە لە خۆرهەڵات دا وە هاتووین کڕنوشی بۆ بکەین).

تێبینی: ئەمەی لە کەوانەکەدا نووسراوە دەقی نووسینەکەی ناو (ئینجیلی مەتی=ئینجیلی مەتتا)یە هەروەك خۆی و بە بێدەستکاری ڕوونووسەکەی نووسیمانەوە.

بڕوانە (ئینجیلی مەتی= ئینجیلی مەتتا)-بەندی دووەم-ئایەتی (1-2)-بەرچڤەی (قەشە یووسف پەری و کەریم زەند)-چاپخانەی راپەڕین سلێمانی-1872 .

(قاموس کتاب مقدس)دا کە ڕوونکردنەوەی زۆربەی وشە و ناوەکانی ناو (تەورات و ئینجیلە)ە هاتووە: (مەجووس) لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی کلدانییە و واتای (کەهەنە) دەگەیەنێت کە پلەی کۆمەڵایەتیان لە نێوان حوکمڕانەکان و خەڵکدا بووە.

بڕوانە کتێبی (مێژووی ئایینی زەردەشت)چاپی دووەم-لاپەڕە (91), نووسینی (عەبدولا موبلغی ئابادانی), وەرگێڕانی (وریاقانیع).

[63]-بڕوانە کتێبی (تاریخ دەهزار ساڵە ایران)-لاپەڕە (79) نووسینی عەبدولعەزیمی ڕەزائی.

[64]-چۆغەی زەردەشتی, لەهەندێك سەرچاوەدا بە ( بەروانکە) ناویهێنراوە, بریتییە لە چۆغەیەکی کەمێك درێژ کە لە کەتان, یان دەزووی سپی درووستدەکرێت و بەسەر شەرواڵدا بەردەدرێتەوە.

سەبارەت بە کوشتی زەردەشتیش بریتییە لە پشتوێنێك لە (72) تاڵ بەنی ڕێسراو درووستدەکرێت, هەر لەتەمەنی پانزە ساڵییەوە دەکرێتە پشت و چەند گرێیەکی لێدەدرێت, تا ئێستاش لەهەندێك ناوچەی کوردستاندا ئەم شێوازەی پشتوێنبەستنە بەردەوامە.

[65]-بڕوانە کتێبی (خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان) بەرگی یەکەم-لاپەڕە (199) (نووسینی محەممەد ئەمین زەکی بەگ) چاپی نوێ ساڵی 2000.

[66]-(دخمە) بریتییە لە بینایەك لەشێوە گشتییەکەیدا بازنەییە و بەدیوارێکی بەردین دەوریدراوە, پێویستە لە (10-12کم) لەنزیکترین ئاوەدانییەوە دووربێت, زۆرتر بەسەر لوتکەی چیا بەرزەکانەوە درووستدەکرێت, لە ئێراندا تا ئەم ڕۆژانەش (دخمە)ی زەردەشتی هەیە.

[67]-بڕوانە کتێبی (مێژووی وێژەی کوردی-بەرگی یەکەم-لاپەڕە (9,10) نووسینی د.صدیقی بۆرەکەیی.

[68]-بڕوانە کتێبی ئاوێستا-بەرگی یەکەم-لاپەڕە (43) تۆژینەوە ولێکۆڵینەوەی (د.جلیل دوستخواە) لە بلاوکراوەکانیمرواری.

[69]-بڕوانە کتێبی (تاریخ دەهزار ساڵە ایران-لاپەڕە (78, 79) نووسینی عەبدولڕەحیمی ڕەزائی.

[70]-بڕوانە کتێبی (پەیامی هەورامان)- بەرگی یەکەم-لاپەڕە (396) نووسینی (هادی بەهمەنی).

[71]-بڕوانە کتێبی تاریخ دەهزارساڵ ایران-لاپەڕە (83) نووسینی عەبدولعەزیمی ڕەزائی.

[72]-بڕوانە کتێبی مێژووی ژیانی زەردەشت- لاپەڕە (170, 171, 172) نووسینی عەبدولا موبلغی ئابادانی- وەرگێڕانی وریاقانیع.

[73]-بڕوانە کتێبی (ائین زناشوئی زردشتی) لاپەڕە (22) نووسینی ئەردەشیر ئازەرگوشەسپ.

[74]-ناوی جەژنە زەردەشتییەکان بەپێی سەرچاوەکان جیاوازن, بۆ نموونە لە ئاوێستادا ناوەکانیان بەم شێوەیەن: میزیۆی زرمیە, میزیۆی شام, میزیای ریە, همس پتمائیدە, پایتسش هیمە, ئەیاسریمە.

[75]-بڕوانە کتێبی (ئاوێستا)- بەرگی یەکەم- لاپەڕە (49) تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی (د. جلیل دوستخواە).

[76]-بڕوانە کتێبی (تاریخ دەهزار ساڵە ایران)- بەرگی یەکەم- لاپەڕە (87) نووسینی عەبدولعەزیزی ڕەزائی.

[77]-بڕوانە کتێبی (ایران فی عهد الساسانیین)- لاپەڕە (130) نووسینی (آرثر کریستنسن), وەرگێڕانی یحیی الخشاب, پێداچوونەوەی عبدالوهاب عزام) القاهرە 1957 .

[78]–بڕوانە کتێبی (کورد) ل (83) نووسینی فلادیمێر مینۆرسکی, وەرگێڕانیبۆ عەرەبی د.مارف خەزنەدار, وەرگێڕانی بۆ کوردی حەمەسەعید حەمەکەریم 1984.

[79]–بڕوانە کتێبی (تاریخ و شناخت ادیان– جلد دوم) ل(233) نووسینی د. عەلی شەریعەتی.

[80]بڕوانە کتێبی (وەندیداد– جلد اول– چاپ اول) ل (124), نووسینی هاشم رەزی.

[81]–بڕوانە کتێبی (مێژووی وێژەی کوردی– بەرگی یەکەم) ل (22), نووسینی صدیقی بۆرەکەیی.

[82]–بڕوانە کتێبی (ئاوێستا–نامەی مەنەڤی ئایینی زەردەشت) ل (20) نیگاکردنەوەی ئەنداز حەوێزی.

[83]–بڕوانە کتێبی (مێژووی ئاینی زەردەشت) ل (66), نووسینی عەبدوڵا موبلیغی ئابادانی, وەرگێڕانی وریا قانیع.

[84]–لێرەدا پێویستە باس لەوە بکەین (زەند) بریتیە لە کتێبی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئاوێستا, لەسەردەمی ساسانییەکاندا بەزمانی پەهلەوی نووسراوە, (پازەند)یش لێکۆڵینەوەی کتێبی (زەند)ە بەزمانی پارسی نووسراوە.

[85]–بڕوانە کتێبی (حکمة الادیان الحیة)–تالیف (جوزیف طایر)–ترجمة (المحامی حسین الکیلانی)– مراجعة (الاستاذ محمود الملاح).

[86]–بڕوانە کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی– چاپی دووەم) ل (649) نووسینی عەلائوددینی سەجادی.

[87]–بڕوانە کتێبی (پیرشالیاری زەردەشتی) ل (13) نووسینی محەممەد بەهائوددین مەلا صاحب.

[88]–بڕوانە کتێبی (اسطورة اهل حق) ل (62–63) نووسینی ئیرەجی بەهرامی.

[89]–بڕوانە کتێبی ( کورد و باکووری کوردستان لەسەرتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهان) ل (81) نووسینی محەممەد رەسوڵ هاوار.

[90]–بڕوانە کتێبی (پەیامی هەورامان– بەرگی یەکەم) ل (347), نووسینی هادی بەهمەنی.

[91]–بڕوانە (دیوانی قانیع) شیعری لەگەڵ شاخی هەوراماندا ل (348) کۆکردنەوەی بورهان قانیع.

[92]–بڕوانە کتێبی (ئاوێستا) بەرگی یەکەم– لاپەڕە (51) تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی (د. جلیل دوستخواه).

[93] –بڕوانە کتێبی (تاریخ ومذاهب در ایران) نووسینی (عەباسی قدیانی).

نووسەری ئەم کتێبە بەهەڵەدا چووە چونکە (هات)ـەکانی ئاوێستای بە(بەند) لەقەڵەمداوە لەکاتێکدا هەر (هات)ێکی ناو سروودەکان خۆی لە خۆیدا چەند بەندێکە.

[94]–بڕوانە کتێبی (مێژووی ژیانی زەردەشت) لاپەڕە (69) نووسینی (عەبدوڵا موبلغی ئابادانی), وەرگێڕانی (وریا فانیع).

[95]–بڕوانە کتێبی (پەیامی هەورامان) بەرگی یەکەم–لاپەڕە (346, 347) نووسینی (هادی بەهمەنی).

[96]– (هات= هائیتی) وەك لەهەندێك بەشی ئاوێستادا ئاماژەپێکراوە بە واتای (پەیوەند)ەوە هاتووە.

[97]–بڕوانە کتێبی ئاوێستا– بەرگی یەکەم– (دفتر یکم –گاهان– لاپەڕە (8 بۆ 87) تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی (د. جلیل دوستخوا).

[98]– بڕوانە کتێبی (مێژووی ژیانی زەردەشت) لاپەڕە (67, 77) نووسینی (عەبدوڵا موبلغی ئابادانی), وەرگێڕانی وریا قانیع.

[99]–بڕوانە کتێبی (پەیامی هەورامان) –بەرگی یەکەم– لاپەڕە (383) نووسینی (هادی بەهمەنی).

[100]–بڕوانە کتێبی (ئاوێستا)– بەرگی دووەم– لاپەڕە (531) تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی (د.جلیل دوستخواه).

[101]–لە نووسینە زەردەشتییەکاندا هاتووە, ئاوێستا لەسەر پێستی (دەهەزار گا) بەئاوی ئاڵتوون نووسراوەتەوە. بڕوانە کتێبی ئاوێستا بەرگی یەکەم, لاپەڕە 14, تۆژینەوە و لێکۆڵینەوەی د.جەلیل دۆستخواه.

[102]–بڕوانە کتێبی (تاریخ ایران باستان – جلد 3) ل2351, نووسینی موشیر ئەلدەولە حەسەنی پیرنیا.

[103]–بڕوانە کتێبی (تاریخ دەهزار سالە ایران –جلد1) ل298, نووسینی عەبدولعەزیمی ڕەزائی.

[104]–بڕوانە کتێبی (پەیامی هەورامان – بەرگی یەکەم)ل 352, نووسینی هادی بەهمەنی.

[105]–موبدان موبد: سەردار و ڕێپیشاندەری دینی و ئاراستەکاری ڕۆحی پادشاکان بوە, هاوکات ڕاوێژکاربووە لەهەموو کاروبارە دینییەکاندا و دامەزراندن و وەلاخستنی هەموو کارمەندە دینییەکانی لەئەستۆدا بووە, بەشداری هەموو ئەو ئەنجومەنانەیکردووە کە وەك دادگای پشکنین بۆچارەسەرکردنی کێشە دینییەکان لەهەموو هەرێمەکانی حوکمڕانیی دەوڵەتدا دروستکراوون.

[106]–بڕوانە کتێبی (مێژووی ئاینی زەردەشت) ل72, نووسینی عەبدوڵا موبلغی ئابادانی. وەرگێڕانی وریا قانیع.

[107]–بڕوانە کتێبی (تاریخ ایران باستان – جلد 3) ل2218, نووسینی موشیر ئەلدەولە حەسەنی پیرنیا.

[108]–بڕوانە کتێبی (ایران فی عهد الساسانین) ل130, تألیف آرثر کریستنسن, ترجمة یحیی الخشاب, مراجعة عبدالوهاب عزام.

[109]–بڕوانە سەرچاوەی پێشوو, ل131.

[110]–بڕوانە کتێبی (پەیامی هەورامان – بەرگی یەکەم)ل 352و پەراوێزی هەمان لاپەڕە, نووسینی هادی بەهمەنی.

[111]–(پرۆفیسۆر کریستنسن) لە کتێبی (ایران فی عهد الساسانیین)– لاپەڕە (496)دا دەربارەی ئەم بۆچوونەی (فرانسوا نۆ) نووسیویەتی: تیورەکەی (نۆ) دەبارەی (ئاوێستا) نەگونجاوە و دیارە ناوبراو زۆر بێئاگابووە لەو هەموو باسوخواسانەی پێش ساڵی (1927ز) دەربارەی ئاوێستا بڵاوکراونەتەوە, هیچ هۆیەکی وانییە بمانباتە سەر ئەو بڕوایەی واتێبگەین گوایا ئەوانەی مێژووی دینی زەردەشتیان نووسیوەتە لە سەردەمی ساسانییەکاندا لە دینەکەی خۆیان بێئاگابوون, ئەگەر دەقی نووسراوەی ئەم دینە پێش سەردەمی حوکمڕانی (یەزدەگوردی سێیەم) بڵاونەبونایەتەوە و مەسەلەکە لای زەردەشتییەکان تەنها ئەوە بوایە کە موسڵمانەکان بزانن ئەوان خاوەن کتێبی پیرۆزن, دەبوایە (مووبەدەکان) تەنها ئەو شتانەیان بنووسیایەتەو پەیوەستبوون بە خوداپەرستییەوە و خۆیان بە نووسینەوەی ئەو هەموو زانیاریانەوە سەرقاڵنەکردایە کە باس لە (سروشت و جوگرافیا و مەسەلە یاسییەکان) دەکەن.

بڕوانەکتێبی(ایران فی عهد الساسانیین)– لاپەڕە (495–496)– تالیف (ارثر کریستنسن), ترجمة یحیی الخشاب, مراجعةعبدالوهاب عزام.

[112]–بڕوانە کتێبی (ایران فی عهد الساسانین) ل131, تألیف آرثر کریستنسن, ترجمة یحیی الخشاب, مراجعة عبدالوهاب عزام.

[113]–بڕوانە کتێبی (مێژووی ڕێبازی زمانی کوردی) ل184, نووسینی محەممەد ئەمین هەورامانی, لەبلاوکراوەکانی مەڵبەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی زانکۆی سەلاحەدین 1990.

[114]–بڕوانە کتێبی (مێژووی ئایینی زەردەشت) ل89–90, نووسینی عەبدوڵا موبلغی ئابادانی.

[115]–بڕوانە کتێبی (تاریخ دەهزار سالە ایران –جلد1) ل298, نووسینی عەبدولعەزیمی ڕەزائی.

## پەیوەندی خەڵکی هەورامان بەگشتی و
## هەڵگرانی ڕێوڕەچەی یارسان بەتایبەتی
## بەهەردوو دینی میترائیزم و زەردەشتییەوە

لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە و لە لاپەڕەکانی (100–142)دا باسێکمان سەبارەت بە (ڕێوڕەچەی یارسان= کاکەیی) کردووە لەژێر ناو نیشانی (ڕێوڕەچەی یارسان لە هەورامان)دا, لێرەدا دووبارە بەهەموو وردەکارییەکانی ئەو باسەدا ناچینەوە, بەڵام پێویستە ئەوەندەی پەیوەستبێت بە پەیوەندی ئەم ڕێوڕەچەوە بەدینەکانی (میترائیزم و زەردەشتی)یەوە تیشکبخەینەسەری, بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر بەرچاوڕوونبین لە پەیوەندی خەڵکی هەورامان پێیانەوە, چونکە شتێکی حاشاهەڵنەگرە کە (هەورامان) شوێنی (سەرهەڵدان, گەشەکرن, ڕێکخستنەوەی)ئەم ڕێوڕەچەیە بووە, هەتاکو ماوەیەکی زۆریش خەڵکی ناوچەکە بەگشتی دینی کۆنی خۆیان لەدووتوێدا پاراستووە, کاتێکیش زۆربەیان چوونەتە سەر دینی ئیسلام, ژمارەیەکیان هەر لەسەر هەمان ڕێوڕەچە ماونەتە وە و درێژەیانپێداوە.

ئاشکرایە هەورامان وەك ناوچە و هەورامی وەك شێوەزمان پەیوەندییەکی پتەویان بە (ڕێوڕەچەی یارسان)ەوە هەیە, بۆ تیشکخستنە سەر ڕەگوڕیشەی ئەم پەیوەندییەش لەوەوە دەستپێدەکەین کە (ساسانییەکان[1]) هەر لەسەرەتاوە لەگەڵ پیاوە دینییەکانی زەردەشتیدا یەکیانگرتووە و ئەو یەکگرتنەشیان بووە بە هۆی لەناوچوونی

هەموو شوێتەوارەکانی (دەوڵەتی ئەشکانی) و هەتاکو کۆتای حوکمڕانیی ساسانییەکان بەردەوامبووە[2], بەوەش دینی (میترائیزم= میهر پەرستی) کە دینی ڕەسمی (دەوڵەتی ئەشکانی) بووە لە ژێر فشاری دەوڵەتی ساسانیدا پووکاوەتەوە[3], بەڵام ژمارەیەك لە پەیڕەوکارانی ئەو دینە لەناوچە دوورە دەست و شاخاوییەکانی خۆرئاوای ئێران و بەتایبەت (هەورامانی ئێستا)دا توانیویانە لەسەر دینەکەیان بمێننەوە, هاوکات هەندێك لەپیاوە دینییەکانی میترائی لە شوێنەکانی ترەوە هاتوونەتە ئەم ناوچانە و درێژەیان بە دینەکەیان داوە, لەکاتێکدا دینی (میترائیزم) وەچە پاش وەچە گوێزراوەتەوە, لە لایەکەوە کاریگەری لەسەر دینەکانی ئەوسەردەمە بە تایبەت (دینی زەردەشتی, دینی یەهودی) درووستکردووە, لە لایەکی تریشەوە کەوتووەتە ژێرکاریگەری ئەو دینانەوە, بەڵام بە شێوەیەك لە شێوەکان هەتاکو گەیشتنی ئیسلام بەوناوچانە لە ناو خەڵکەکەدا ماوەتەوە.

پاش ئەوەی دینی زەردەشتیش لە ژێر فشاری لەشکرکێشی دەوەڵەتی ئیسلامدا بەهەمان چارەنووسی میترائیزم چووە, ژمارەیەکی زۆر لە موغەکانی زەردەشتی توانیویانە رووبکەنە ئەو ناوچانەی کە تا ئەو دەمانەش هەر لەسەر دینی (میترائیزم= میهر پەرستی) بوون, خەڵکی ئەو ناوچەیەش لەلایەکەوە بەهۆی کاریگەری دینی زەردەشتی لەسەریان و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی ترسیان لە بڵاوبوونەوەی دینی ئیسلام,جیاوازییان لە گەڵ ئەوانەدا نەکردووە کە هاتوونەتە ناویانەوە, بەو شێوەیەش ئیتر رۆژ لە دوای رۆژ هەردوولا زیاتر لە یەکتری نزیکبوونەتەوە, هەروەها چەند خاڵێکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەبوون وەك ئەوەی هەردوو لایان ئاگریان بە نووری خوا لەقەڵەمداوە و بە پیرۆزیان زانیوە, هەروەها جۆرە لێکچوونێکیشیان لە نێوان (میترا و زەردەشت)دا دۆزیوەتەوە, چونکە لەکاتێکدا (میترا) خوای ئەوان بووە لای زەردەشتییەکانیش بەیەکێك لە (یەزد=یەزت=ئێزد)ـە پیرۆزەکان دراوەتە قەڵەم و لەپایەدا لە خوار (ئاهورامەزدا)وەیە, ئیتر بەو شێوەیە لەناو یەکتریدا تواونەتەوە, کە دینی ئیسلامیش باڵی بەسەر زۆربەی ناوچەکاندا کێشاوە, خەڵکی ئەو ناوچانەی کە هێشتا کاریگەری (میترائیزم=میهر پەرستی) لەسەریانبووە, هەوڵیانداوە جۆرە پێکهاتنێك لە ناو دینی کۆنیان و دینی تازەدا بکەن[4], هەتاکو بەو شێوەیە بتوانن دینی کۆنیان درێژەپێبدەن, لەچوارچێوەی ئەو هەوڵانەدا کەسێتی (حەزرەتی عەلی کوڕەی ئەبی تالیب) بووە بە جێنشینی (میترا= میهر[5]), ئەو هەوڵانەش هەر لەسەدەی دووەمی کۆچییەوە لەسەر دەستی (بالوولی ماهی) دەستیانپێکردووە و بنەماسەرەتاییەکانی (ڕێوڕەچەی یارسان) داڕێژراون, پاشان بەچەند قۆناغێکی گەشەکردندا چوون و دواجار لەسەر دەستی (سان سەهاکی بەرزنجی= سوڵتان ئیسحاقی بەرزنجی)دا ڕێکخراونەتەوە و بە تەواوی ئاشکراکراون.

بەپشتبەستن بە (کتێبی سەرەنجام) کە کتێبی پیرۆزی یارسانەکانە, یەکەم کەس هەوڵی بڵاوکردنەوەی ڕێوڕەچەکەیداوە لە هەوراماندا, ناوی (عەمری کوڕی لەهەب ناسراو بە بالوولی ماهی[6])یە, ناوبراو لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچیدا لە (لوڕستان) لەدایکبووە, ماوەیەك هاتووەتە هەورامان و خەریکی بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێوڕەچەیە بووە, پاشان لەگەڵ هەندێك لەیارانی لوڕستانیدا ڕۆیشتووە بۆ(بەغدا), لەوێ لە خزمەتی (ئیمام جەعفەری صادق)دا خوێندوویەتی, لەبەر ئەوەی بۆچوونە عیرفانییەکانی خۆی بێپەردە درکاندووە, لای (هارون ئەڵرەشید) زمانیانلێداوە و ئەویش فەرمانی کوشتنیداوە, لەسەر ڕاسپاردەی (ئیمام جەعفەری صادق[7]) خۆیکردووە بە شێت هەتاکو لەو مەسەلەیە دەربازبێت و دواتریش بەهاوکاری ناوبراو گەیشتۆتەوە هەورامان,

لەوێشــەوە ڕۆیشــتووە بــۆ ناوچــەی (قرماســین= کرماشــان) و لــەوێ نیشــتەجێبووە, ئینجــا دەســتیداوەتە بڵاوکردنەوەی ڕێوڕەچەکەی و ژمارەیەکی زۆر لەپەیڕەوکارانی لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوە.
پایەی دینی (بالوولی ماهی) لای یارسانەکان زۆر گەورەیە, (دەروێش نەوڕۆزی سۆرانی)کە یەکێکە لە شاعیرە گەورەکانی یارسان لە یەکێك لە دوو بەیتییەکانیدا فەرمووییەتی:

بالــــوول زاتیـوەن زات یەکــانە        عامییــــان ماچــان بالوول دێوانە

کێ دی دێوانە وەی تەور دانا بۆ        مەرگەو نەمەیدان گەردوون زانا بۆ

(بالوولی ماهی) بیروڕا دینییەکانی خۆی لە دووتوێی شیعرەکانی دەرخستووە و ئەوەی دەرخستووە کە هەوڵی زیندووکردنەوەی دینی ئێرانی کۆنی داوە لە قاڵبێکی نوێدا, ئەمەش یەکێکە لە دووبەیتییەکانی:

ئەو واتەی یاران ئەو واتەی یاران        ئێمە دیوانەین ئەو واتەی یاران

هەنی مەگێڵین یـەك یـەك شـاران        تـازینـدە کەریـم ئایین ئیـران

مەبەستی (بالوول) لەم شیعرەدا ئەوەیە گوایا هەندێك لەیاران بە شێت و دێوانـەی دەزانـن, بـەڵام ئـەو یـەك یـەکی شاران دەگەڕێت لـە پێنـاوی زیندووکردنـەوەی (دینـی ئێرانـی کۆن)[8], لای هـەموانیش ئاشـکرایە دینـی ئێرانـی کۆن کە (بالوول) هەوڵی زیندووکردنەوەیداوە دینی میترائیزم بووە.
ئەم زاتە ژمارەیەك موریدی هەبوون لەوانە: (باوا لوڕەی لوڕستانی, باوا نجووم, باوارەجەب, باوا حاتەم....هتد), ئەم زاتانە هەریەکەعارفێك و شاعیرێکی گەورەی سەردەمی خۆیان بوون, درێژەیان بە هەوڵەکانی (بالوول) داوە و شیعری عاریفانەیان لە شوێن بەجێماوە.
(بـالوولی مـاهی) سـاڵی (219ك=834ز) لەدەوروبـەری تەنگـەکوڵ کۆچـی دوایـی کـردووە و هـەر لـەوێش بـە خاکسپێردراوە.
لەسـەدەی چوارەمی کۆچیدا ژمارەیـەکی تـر لـە ڕێبـەرانی یارسـان دەرکـەوتوون یـەکێك لەوانـە (باوا سـەرهەنگی دەودانی)یە.
ئەم زاتـە سـاڵی (324ك=935ز) لـە گونـدی (دەودان) لـەدایکبووە, یـەکێك بووە لەعاریفـەکانی سـەردەمی خـۆی, لەسـەر هـەمان شـێوازی (بـالوولی مـاهی) هـەوڵی بڵاوکردنـەوەی ڕێوڕەچـەی یارسـانی داوە و لەیـەکێك لـە دوو بەیتییەکانیدا فەرموویەتی:

سەرهەنگ دەودان سەرهەنـگ دەودان        ئەز کە ناممەن سەرهەنگ دەودان

چـەنی ئیرمانـان مەگێـڵم نـەهەردان        مـەکۆشم پـەرێ ئایین کـوردان

بـەو مانایـەی نـاوم سـەرهەنگی دەودانـە, لەگـەڵ موریـدان و شـوێنکەوتووانمدا بەهـەموو شـوێنێکدا دەگـەڕێم و تێدەکۆشم بۆ زیندووکردنەوەی دینی کوردان, شتێکی حاشاهەڵنەگرە (باوا سەرهەنگ) لەم شیعرەدا بەڕاشکاوی قسـەی لەسـەر ئـەوە کـردووە کـە هـەوڵی بڵاوکردنـەوەی دینـی کـوردانی داوە, دیـارە پێشـتر دینـی کـوردان هـەردوودینی (میترائیـزم و زەردەشـتی) بـوون, تێکۆشـانەکەی ئـەویش بۆزیندووکردنـەوەیان لـەدووتوێی کارکردنەکانیدابووە بۆ برەودان بە (ڕێوڕەچەی یارسان[9]).
لە دوو بەتییەکی تردا دەربارەی (هەفتەن) قسەیکردووە کە لای زەردەشتییەکان پێیاندەوترێت (ئەشمەسپەنتان= جاویـدانی پـیرۆز), ئەمانـە فریشـتەکانی دینـی زەردەشـتین و ژمارەیـان شـەش فریشـتەیە و لەسـەرووی

هەمووشیانەوە (ئاهورامەزدا) هەیە, (هەفتەن) لەسەردەمی (سان سەهاکی بەرزنجی)یشدا بە (جاویدان) یان حەوت تەنی جاویدان ناوبراون, (هەفتەن) لای یارسانەکان ئەوانەن کە لەسەرەتای دنیاوە تا کۆتایی دنیا رۆحیان هەمیشە لەگەڕاندایە, هێزو توانای خواییان تێدایە و بۆیان هەیە لە (تەن)دا خۆیان پیشانبدەن, ئەمەش دوو بەیتییەکەیە:

هەفتەم سەرخێڵەن هەفتەم سەرخێڵەن   جە ئاسماندا هەفتەم سەرخێڵەنەن
هەریەك وەڕەنگیٚ نەگەشت و گێڵەن   هەریەك پەی کاریٚ ئاوارە و وێڵەن

لەسەر رۆشنایی کتێبی (سەرەنجام) ئەم حەوت فریشەیە کاروباری ئاسمان و زەوییان پێسپێردراوە و هەریەکە بەکارێکەوە خەریکن.

هەر لێرەدا پێویستە ئاماژەبکەین بەوە, ژمارەی حەوت لای میترائییەکانیش پیرۆزە و پلە دینییەکانیان حەوتن, پاشان لەبەراوردکردنێکی رێوڕەچەی یارسان لەگەڵ هەردوو دینی (میترائیزم و زەردەشت)دا ناویاندەهێنین.

(باوا سەرهەنگ) ژمارەیەکی زۆر مورید و شوێنکەوتووی هەبوون لەوانە: (باوا قەیسەری هەورامی, باوا گەرچکی هەورامی, باوا سەرنجی کەلاتی, دایە تەورێزی هەورامی), کە پاش (بابا سەرهەنگ) درێژەیان بە هەوڵەکانی بڵاوکردنەوەی رێوڕەچەی یارسان داوە.

ئەم زاتە لە دوا دوای سەدەی چوارەمی کۆچیدا لە تەوێڵە کۆچی دوایی کردووە و مەزارگەی لە خوار (شارەدێی تەوێڵە)ی هەورامانداپە.

لەدرێژەی ئەم باسەدا دینە سەر ئەوەی (سان سەهاك=سوڵتان ئیسحاق)ی کوڕی شێخ عیسای بەرزنجی کە هەندێك بەداهێنەری (رێوڕەچەی یارسان) و زۆریش بە رێکخەرەوەی رێوڕەچەکەی دەزانن بەوەی:

1-رازی یارێتی فێری خەڵك کردووە, بەواتای رازی چۆنیەتی چوونە سەر ئەم رێوڕەچەیەی فێری خەڵك کردووە.

2-یاران و لایەنگرانی خۆی کردووە بە پانزە بەشەوە و بۆ هەر بەشێکیان ئەرکێکی تایبەتی دیاریکردووە, ئەمانەش ئەو پانزە بەشەن: (حەوتەن, حەوتەوانە, حەوت خەلیفە, چل تەن, حەفتاودووپیر, یارانی قەوەڵتاس, حەوت خادم, حەوت حەوتەوان, چل چل تەنان, نەوەدو نۆپیری شاهۆ, شەست و شەش غوڵامی کەمەرزێڕین, هەزار و یەك بەندە و خواجە وێنە, بێوەن بەندە, بەیوەر هەزار بەندە, بێوەن بەندە).

3- پێکهێنانی (جەم) و باو و برەوی گوێزشکاندنی رێکخستووە (گوێزشکاندن یەکێکە لە نەریتە دینییەکانی یارسان و لە ناویاندا پیرۆزییەکی گەورەی هەیە).

4-دیاریکردنی سیٚ رۆژ بۆ رۆژووگرتن و دیاریکردنی رێوڕەسمی جەژن.

5-دیاریکردنی سرووتە دینییەکان و خوێندنەوەی شیعرو ژەنینی تەمبوور لەکاتی سرووتەکاندا.

مەبەستمان لێرەدا ئەمەیە بەفەرمانی ئەو زاتە تەواوی رەوشتە دینییەکانی یارسان وەك: (تەڵقینی مردوو, خۆشتن, قوربانیکردن, دەستگیربوون, سەرسپاردن, جەمبەستن, تۆبەکردن لەتاوان...هتد)بەشیعری کوردی و بەشێوەزمانی هەورامی هۆنراونەتەوە, تەنانەت (کتێبی پیرۆزی سەرەنجام) کە بریتییە لە شەش بەش بەم ناوانە: (دەورەی حەوتەوانە, دەورەی چلتەن, دەورەی عابدینی جاف, بارگە بارگە, گلێم و کۆڵ, وردە سەرەنجام) هەمووی بەشێوە زمانی هەورامی هۆنراوەتەوە, تەنها (دەورەی عابدینی جاف) نەبێت کە بەشێوەزمانی سۆرانی

هۆنراونەتەوە, هەرچەندە عابدینی جاف چەند پارچەشیعرێکی عاریفانەشی هەن بەشێوەزمانی هەورامی هۆنراونەتەوە, (عابدینی جاف) کە خۆی هەورامی نەبووە و خەڵکی (گوندی سازان)ی سەر بە هەڵەبجە بووە, یەکێکبووە لە مەلا دیارەکانی سەردەمی خۆی, پاشان کەمەنکێشی (سان سەهاك) بووە چووەتە سەر ڕێوڕەچەی یارسان, مەلا دیارەکانی شارەزووری ئەو سەردەمە بەشیعرو نامەی شیعری زۆر قسەیان لەسەریکردووە, بەکەسێکی گومڕا و سەرلێشێواویان زانیوە, پێدەچێت هۆی هۆنینەوەی ئەو بەشەی سەرەنجام بەو شێوەزمانە ئەوەبووبێت کە ناوبراو ویستبێتی سووربوونی خۆی لەسەر دەربڕینەکانی بۆ ئەوان بسەلمێنێت.

پاش ئەوەی باسمانکرد دەچینە سەر بەراوردکارییەك لە نێوان هەردوودینی (میترائیزم و زەردەشتی) لەگەڵ ڕێوڕەچەی یارساندا بەم شێوەیە:

| دینی میترائیزم | دینی زەردەشتی | ڕێوڕەچەی یارسان |
|---|---|---|
| (میترا=میهر) دەرکەوتەی تەواوی خوایە و هەموو خەسڵەتەکانی خوای هەیە. | (ئاهۆرمەزدا) دەرکەوتەی تەواوی خوایە, (میهر)یش یەکێکە لە (یەزد=یەزت= ئێزد)ـە پیرۆزەکان و سەرۆکی ئەو دادوەرانەیە لەسەر (پردی جینوەت[11]) دادگایی ڕۆحەکان دەکەن. | (حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبو تالیب) دەرکەوتەی تەواوی خوایە بەوەی ڕۆحانیەت و جیسمانییەت تێیدا جێگیربوون بە (میهر عەلی) ناویدەهێنرێت. |
| ژمارەی حەوت لە لایان پیرۆزییەکی گەورەی هەیە, بۆ نموونە دەڵێن (حەوت ئاسمان, حەوت چینی زەوی, حەوت ئەستێرە, حەوت پایە و حەوت دەرگا و حەوت تاق لە پەرستگەدا, هەروەها پلە دینییەکانیان حەوتن بەم ناوامە: (قەلە ڕەشکە, هاوسەر, سەرباز, شێر, ئایینداری, پەیکی خۆر, پیر. | (ئەشمەسپەندان= جاویدانی پیرۆز) لای زەردەشتییەکان حەوتن کە بریتین لە (ئاهورامەزدا) و ئەو شەش فریشتەی هەمیشە لەژێر فەرمانیدان. | (حەوتەن و حەوتەوانە و حەوت خەلیفە)یان هەیە, حەوتەن= حەوت تەنی جاویدان, ئەوانەن کە ڕۆحی خواییان تێدا جێگیر بووە و لە سەرانسەری تەمەنی دنیا ڕۆحیان لە گەڕاندایە و بۆیان هەیە لە (تەن= جیسم)دا خۆیاندەرخەن, حەوتەوانە کوڕەکانی (سان سەهاك)ن, حەوت خەلیفەش بەفەرمانی سان سەهاك لە ناو حەفتاو دووپیرەدا هەڵبژێردراون بۆ ئەوەی بەسەرپەرشتی داود بن بە دەلیلی یارسانەکان. |
| پەرستن و کڕنووشبردن بۆ (خۆر), بە پیرۆززانینی (میهرابە= پەرستگەی میترائی, ئاگر, ئاو...هتد). | بە پیرۆززانینی (ئاتەشگە= پەرستگەی زەردەشتی) و کڕنووشبردن بۆ ڕووناکی (خۆر, مانگ, چرا) لەکاتی نوێژکردندا. | بەپیرۆز زانینی (میهرابەکەی دوکانی داود و بە پیرۆز زانینی (جەمخانە= پەرستگەی یارسان), هەروەها |


www.pertwk.com

| | | |
|---|---|---|
| دژایەتیکردنی فرە ژنی و دوورکەوتنەوە لێی. دروشمیان ڕەوشت و ئاکار باشییە. | قەدەغەکردنی فرەژنی. | بەپیرۆززانینی (خۆر, ئاگر), لەوباوەڕەدان کە (حەزرەتی عەلی) کاتێک لە دنیا دەرچووە ڕۆحی بەرزبووەتەوە بۆ ناو خۆر, خۆریش بە بێ فەرمان ئەو هیچ جووڵەیەک ناکات. |
| | دروشمیان (نییەتی چاک, کرداریچاک, ڕەفتاری چاک)ە هەموو کردەوە خراپەکان بە تاوان دەزانن. | بەخراپزانینی فرەژنی. (درۆکردن, دزی, خیانەتکردن, سوێندی درۆ) بە تاوانی گەورە لە قەڵەمدەدەن. |
| تا ڕادەیەکی زۆر لە ڕووی وردەکارییە دینییەکانەوە نهێنی بووە. | هەندێک سەرچاوە دەڵێن گوایا سەرەتا سێ ڕۆژ ڕۆژوویان هەبووە, ئەو سێ ڕۆژەش ئەو ڕۆژانەن کە تێیاندا (زەردەشت) بەمنداڵی دزراوە و خراوەتە ناو ئاگرەوە, پاش سێ ڕۆژ لەناو خۆڵەمێشی ئاگرەکەدا دەرهێنراوەتەوە. | ڕێوڕەچەیەکی دینی نهێنییە, درکاندنی بچووکترین زانیاری دەربارەی دینەکەیان بە تاوانێکی گەورە دەزانن[13]. ڕۆژوگرتن لایان سێ ڕۆژە, لەو ڕۆژانەدایە کە (سان سەهاک) لەگەڵ لەشکری جیجک شەڕیکردووە, گوایا لەو سێ ڕۆژەدا خوێ و یارەکانی هیچیان نەخواردووە. |
| پلەی (پیر) دوا پلەی دینیە لای میترائییەکان و هەر کەسێک دوا قۆناغی ڕێنماییەکانی میترائیزمی بەسەرکەوتوویی ئەنجامدا دەگاتە ئەم پلەیە[10]. | بەگەورە مووبەدەکانی زەردەشتی وتراوە (پیری مۆغان = مووبدان مووبد). | (پیر) لای یارسانەکان یەکێکە لەپایە دینییە گەورەکان و لەسەر هەموو کەسێکی یارسان پێویستە سەر بسپێرێت بە (پیر) و (دەلیل)ەوە. |
| | وشەی (جەم) لە ئاوێستادا مانای کۆبوونەوە و گلێربوونەوە دەبەخشێت. | بە کۆبوونەوە دینییەکانیان دەڵێن (جەم). |
| | (گا) لایان پیرۆزە, وەك وشە واتای (خوا, گەورە) دەبەخشێت, , گوایا لەو سێ ڕۆژەدا (زەردەشت) دزراوە و لەناو خۆڵە مێشی ئاگرەکەدا | (گا) لای یارسانەکان بە |

| | | |
|---|---|---|
| | بووه به شیری مانگا ژیاوه[12]. | هێزێکی خوایی لەقەڵەمدەدرێت، لەم بوارەدا شیعریان هەیە بۆ نموونە:<br>هەنت گروهێ جەگاو بێوەری<br>وەزێڵ نیەنێ وەزوان هەنی.<br><br>دەفتەرەکانیان بەپیرۆز باسی (میترا و زەردەشت) دەکەن، بۆنوونە بۆ میترا دەڵێن:<br>نامیما میهر نامیما میهرە<br>نەقولەی ئەلەست نامیما میهرە<br>بۆ زەردەشتیش دەڵێن:<br>نموونەی نەرگس نەسیم وەشبۆ<br>زات میهماندار یانەی ئەزەڵ زۆ<br>زەردەشت جەسایەی ئەزەڵ مایەی جۆ<br>سەرسکە زاتان قاپی داڵە هۆ[14]. |

پاش بەراوردێکی کورتمان کرد لە نێوان هەردوو دینی (میترائیزم و زەردەشتی) لەگەڵ (رێوڕەچەی یارسان= کاکەیی)دا، ئێستا دینە سەر ئەوەی کە (رێوڕەچەی یارسان) ماوەیەکی دوور و درێژ لە کوردستان بەگشتی و ناوچەی هەورامان بە تایبەتی زۆر بەربڵاوبووە، خەڵکی هەورامان زۆربەیان شوێنکەوتووی ئەم رێوڕەچەیە بوون چونکە زۆرێك لە تایبەتمەندییە دینییە کۆنەکانی خۆیان تێدا بینیوە، بۆ سەلماندنی بۆچوونێکی لەم چەشنەش چاکتر وایە ئەم چەند خاڵەی خوارەوە بخەینە پێشچاو:

یەکەم: بەگەڕانەوەیەکی خێرا بۆ ئەو تێکستە کۆنانەی بەرهەمی شیعری عاریف و شاعیرە کوردەکانی ساڵانی نێوان ( نیوەی دووەمی سەدەی دوومی کۆچی هەتاکو کۆتایی سەدەی هەشتەمی کۆچی) لە ئامێزگرتووە لەوانە: (بالولی ماهی، باوا لورەی لوڕستانی، باوا رەجەبی لوڕستانی، باوا حاتەمی لوڕستانی، باواسەرهەنگی دەودانی، باوا قەیسەری هەورامی، باوا سەرنجی کەلاتی، دایە تەورێزی هەورامی، شاخۆشێنی لوڕستانی، بابا تایەری عوریان، باوا ناوسی سەرگەتی، قازی نەبی سەرگەتی، دایە خەزانی سەرگەتی، لیزا خانمی جاف، رێحانە خانم)، هەروەها ئاوڕێك لە بەرهەمە شیعرییەکانی (72) پیرە و (99) پیرەی شاهۆ بدەینەوە، بۆماندئاشکرادەبێت ئەم زاتانە کە تا ئەم رۆژانەش تێگەیشتنی هەڵە لەبارەیانەوە هەیە،بەوەی واباسدەکرێت گوایا کەسێتی دیاربوون لەبواری موسوڵمانێتیدا، کاریانکردووە بۆ بڵاوکردنەوە و گەشەکردنی دینی ئیسلام و لەم بوارەدا خەڵکیان رێنمایکردووە، بەڵام ئەگەر کەمێك بەشیعرە عیرفانییەکانی خۆیاندا شۆڕببینەوە دەبینین بەجۆرێکی تر باسی بیروباوەڕی دینیان دەکەن و بەدڵنیاییەوە دەیسەلمێنن کەئەوان لەسەر (رێوڕەچەی

یارسان) بوون, سەبارەت (72) پیرە و (99) پیرەی شاهۆ یار و هاوەڵی (سان سەهاکی بەرزنجی) بوون, بۆزیاتر دەرخستنی ئەم راستییە چەند نموونەیەکی شیعری ژمارەیەکیان دەخەینە پێشچاو بەم شێوەی لای خوارەوە:

### 1- پیر بنیامینی شاهۆیی= پیرخدری شاهۆ:

یەکێك بووە لە بازنەی (حەوتەن= حەوتەنی جاویدان) و لە یارانی (سان سەهاك) بووە, پایەی دینی ئەم زاتە لای هەڵگرانی رێوڕەچەی یارسان ئەوەندە گەورەیە, خودی (سان سەهاك) بە پیری خۆی هەڵیبژاردووە, لەیەکێك لە دووبەیتیەکانیدا فەرموویەتی:

هەرکەسێ رۆچەی پادشام[15] کەلکەرۆ پادشام جە تەقصیر گوناش نەویەرۆ

هەرکەس نەگێرۆ یەرێ رۆێ یاران سەربەرزیش وەپای دیوان ناوەران

(پیر بنیامین) لەم دووبەیتییەدا باسی رۆژووی یارسەنەکانی کردووە و ئەوەی خستووەتە ڕوو, ئەگەر هەر کەسێك رۆژووی (پادشا) نەگرێت, لەو سێ رۆژەی لەسەری دانراوە (کەلبکات= لەو رۆژانەدا بەرۆژوونەبێت), ئەوە لەدیوانی خوای گەورەدا سەربەرزنابێت, شتێکی دیارە و هەمووبمان دەزانین رۆژوو لای موسڵمانان بە درێژایی مانگی رەمەزان دیاریکراوە نەوەك (3) رۆژ, بەڵام هەڵگرانی رێوڕەچەی یارسان تەنها (3) رۆژ بەرۆژوودەبن.

### 2- پیر تەیمووری هەورامانی:

یەکێکبووە لە یاران و هاوەڵانی (سان سەهاکی بەرزنجی) لەم دووبەیتییەدا فەرموویەتی:

ئەو شارەزووری ئەو شارەزووری

بارگەی شام وستەن ئەو شارەزووری

بگندێ وەشون پیر وەصەبووری

سکەی قەدیمەن والاَ مەندووری

ناوبراو لەم دووبەیتییەدا داوایکردووە لە یارسانەکان هەموویان بەرووسووری لەخزمەت (شا)دا کۆببنەوە کە بنەو بارگەی لە شارەزووردا هەڵداوە, هاوکات پیاندەڵێت وا (حەوتەوانە= کوڕەکانی سان سەهاك)یش وەك سکەی کۆن بەبرەون و وەك مۆم رووناکیدەبەخشن.

### 3- پیر روکنوددینی هەورامی:

یەکێکبووە لە (72) پیرە و لە یاران و هاوەڵانی (سان سەهاك) بووە, ئەم چەند دێرەش نموونەیەکن لە شیعرەکانی:

ئەو دڵێ دوڕی ئەو دڵێ دوڕی بارگەی شام وستەن ئەو دڵێ دوڕی

ها بنیامینەن شەریك و سڕی قاف تا قاف جیهان بنیامین چڕی

بنیامین کالاَی هەفتەوان خڕی

ناوبراو لەم دێڕانەدا باسی ئەوەی کردووە گوایا (خوا) لەگەڵ (بنیامین)دا چوونەتە ناو دوڕێك, پاش هەزاران ساڵ بەفەرمانی خوا ئەو دوڕە تەقیوە و (خوا) هاتۆتە دەرەوە, (بنیامین)یش کە لەسڕی خوایی ئاگاداربووە جاڕی دینی خوایی داوە.

**4- پیر راستگۆی قەرەداغی:**

یەکێکبووە لە (72) پیرە, لە یاران و هاوەڵانی (سان سەهاك) بووە, ئەم چەند دێڕەش نموونەبیەکن لە شیعرەکانی:

مێردان خواجام مێردان خواجام　　　پەریٚ ئازمایی مێردان خواجام

زەردەشت پەیدا بی وەفەرمان شام　　　ئاوێستاش ئاوەرد پەریٚ خاس و عام

چەنی گومڕاهان ستێزا وەکۆچ　　　مەکۆشا پەریٚ یاری شەو رۆچ

ناوبراو لەم دێڕانەدا باسی ئەوەی کردووە کە وا بەفەرمانی خوا (زەردەشت) سەریهەڵداوە و کتێبی ئاوێستای بۆ خەڵك هێناوە, خەڵك بۆ خواپەرستی بانگدەکات و لەگەڵ گومرا و سەرلێشێواواندا کەوتۆتە جەنگ و ململانێوە.

**5- پیر نەرە بالآمۆیی:**

یەکێکبووە لە بازنەی (72) پیرە و لەیاران و هاوەڵانی (سان سەهاك) بووە, لەم دووبەیتییەدا فەرموویەتی:

ئەومۆردینەوە ئەو مۆردینەوە　　بارگەی شام وستەن ئەو مۆردینەوە

سڕ ها وەسینەی بنیامینەوە　　پیر و پیرعالی یەك یەك دینەوە[16].

ناوبراو لەم دێڕانەدا باسی ئەوەی کردووە, گوایا نهێنی یاریسان لە سنگی (پیر بنیامین) دایە کە لەگەڵ( پیر عالی) لە گوندی مۆردین یەکتریان دۆزیوەتەوە و زۆرانبازییانکردووە.

**6- پیر حەیاتی ماچینی:**

یەکێکبووە لە بازنەی (72) پیرە و لەیارانی (سان سەهاك) بووە, لەم دووبەیتییەدا فەرموویەتی:

یاران هامڕا یاران هامڕا　　　رای راست بگێرن یاران هامڕا

یاری نەکەرن وەجەنگ و هەرا　　وێنەی سامری خەڵك کەرن گومڕا

ناوبراو لەم دێڕانەدا وتوویەتی بە یارسانەکان ڕێگەی راست بگرن, دووربکەونەوە لە ڕێگەی چەوت و شەڕ و هەرا, باوەك (سامری[17])تان لێنەیەت و خەڵك گومڕانەکەن.

**7- پیرشالیاری سێیەم:**

یەکێکبووە لە بازنەی (72) پیرە و لەیاران و هاوەڵانی (سان سەهاك) بووە, ئەم زاتە لەنەوەی (پیرشالیاری یەکەم) بووە کە بە (پیرشالیاری زەردەشتی) ناویدەرکردووە, لەم دووبەیتییەدا فەرموویەتی:

ئەو ئاتەشخانە ئەو ئاتەشخانە[18]　　　بارگەی شام وستەن ئەو ئاتەشخانە

زەردەشتش کیاست پەریٚ فەرمانە　　　بەرگوزیدەش کەرد نەرووی زەمانە[19]

ناوبراو لەم دووبەیتییەدا باسی پیرۆزی ئاتەشخانە و ناردنی زەردەشتی کردووە لەلای خواوە وەك رابەرێك بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی.

سەبارەت بە (پیشالیاری یەکەم)یش کە بە (پیشالیاری زەردەشتی) بەناوبانگبووە, هەندێك شیعر لە تێکستەکانی (یارسان)دا هەن قسە لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەم زاتە لەسەر رێوڕەچەی یارسان بووە و شیعریش دراوەتە پاڵی گوایا لەو شیعرانەدا ستایشی (شاخۆشێن= موبارەك شا)ی کردبێت, ئەمەش دوودێڕە لە یەکێك لەو شیعرانە:

یاران جە رێواس یاران جە رێواس پادشام پەیدا بی جەدانەی رێواس

مەشیە و مەشیانە بەرئامان جەواس پەریٚ ئازمایی مێردان رەواس

ئەم شیعرە باس لەوەدەکات کە (شاخۆشێن) لەدانەی رێواس لەدایکبووە, (مەشیە و مەشیانە)ش هێمان بۆ (ئادەم و حەوا).

ئەمانەی سەرەوە تەنها چەند نموونەیەك بوون لە شیعری عاریفانەی پیرەکان و سەدان نموونەی تریش هەن دڵنیایەدەن بەوەی ((72) پیرە و (99) پیرەی شاهۆ لەسەر رێوڕەچەی یارسان بوون.

دووەم: هەموو سروودە دینییەکانی یارسان و کتێبە پیرۆزەکانیان بەشێوەزمانی هەورامین, زۆربەی هەرە زۆری شیعری (عاریف و شاعیر)ەکانیان بەهەورامی هۆنراونەتەوە, لەجەمە دینییەکانیاندا سروودەکانیان و شیعرەکانیان لەسەر ئاوازی گۆرانی هەورامی بەتایبەت ریتمی (سیاچەمانە و خاو) هاوڕیٚ لەگەڵ ژەنینی تەمبوور دەخوێننەوە.

سێیەم: (قیبلە و ئاوی کەوسەر)یان لە هەوراماندان, لە چەند سروودێکی دینییاندا ئەمە خراوەتەڕوو.

سەبارەت بە (قیبلە) باکەمێك لەم دێڕە شیعرە لە سروودی تەڵقینی مردوو وردببینەوە:

موحاسیب پیر موسیٚ ساحیب دەفتەرەن قیبلەی هەقانیش نەپەردیوەرەن[20]

هەروەها سەبارەت بە (ئاوی کەوسەر), با لەم دێڕە شیعرە لە سروودی خۆشتن وردببینەوە:

ڤە واتەی مەردان خەرقەی نوور نەوەر ئاوم تەشارەن قیبلەم پەردیوەر[21]

بەپێی ئەم دێڕە یارسانەکان بەهەر (ئاو)ێك (وسڵدەرکەن) هەمان ئاوی (کانی کەسڵان= کانی غەسڵان[22]) کە لە (_گوندی تەشار)ی هەورامانی لهۆندایە, ئەو ئاوەش ئاوی کەوسەری یارسانەکانە ولەهەمان دێڕدا بە قیبلەبوونی (پەردیوەر)یش دووبارەبووەتەوە, بۆ سەلماندنی ئەوەی ئاوی (کانی کەسڵان= کانی غەسڵان) ئاوی کەوسەریانە بالەم دوو دێڕە شیعرە وردببینەوە:

یاران بەیانیٚ بدانیٚ پەیخام یادگار مەن رۆشنی بنیام

بادە غەسڵانی کەوسەری نۆشام غەسڵان یادگار کەندش پەری جام

بێجگە لەمانەی باسمانکردن هەریەك لەم شوێنانەی خوارەوەش کە لەهەوراماندان بەلای یارسانەکانەوە زۆر پیرۆزن وەك:

(شارەدێی تەوێڵە)– مەزاری (باوا سەرهەنگی دەودانی) تێدایە.

(گوندی دزاوەر)ی هەورامانی لهۆن– مەزاری (شێخ شەهابوددینی دزاوەری) تێدایە, ئەم زاتە ئەو کەسەیە کچێکی خۆی داوە بە (بابا مەردۆخ= پیر محەممەدی هەورامی), ئەو کاتە (پیر محەمەد) لە تەمەنی (98)ساڵیدا

بووه و هەتاكو تەمەنی بووه بە (110) ساڵ نەیتوانیوه كاری سێكسی لەگەڵ هاوسەرەكەیدا بكات, بەرێكەوت رۆژێك لەسەرەتای هاویندا پێكەوه چوون بۆ ناوباخ و لەوێ كاری سێكسی لەگەڵداكردووه و پاش ئەوه كۆچی دواییكردووه, هاوسەرەكەشی پاش ماوەیەك دووگیانبووه و كوڕێكی بووه ناویلێناوه (گوشایش), ناوبراو پاش گەورەبوونی لە ناو خەڵكدا بە (مەولانا گوشایش[23]) ناویدەركردووه, (مەزاری شێخ شەهابوددینی دزاوەری) پیرۆزیەكی گەورەی لای خەڵكی هەورامان هەیە و تا ئێستاش هەندێك ژن بۆ رزگاربوونی منداڵەكانیان لە نەخۆشی (كۆكەڕەشە) دەچنەسەری.

(گوندی هاوار)- شوێنی هانابۆبردنی یارسانەكان بووه, هەروەها بە فەرمانی (سان سەهاكی بەرزنجی) یەكێك لە حەوتەن بە ناوی (داودی رەهبەر) نێردراوه بۆ ئەوێ, لەم بارەوه با لەم دوو دێڕه شیعره وردببینەوه:

داود ئۆهـــاوار داود ئۆ هـــاوار    داود حـــەواڵەن بلۆ ئۆ هـاوار

راگەی دەریای نیل میره باش تجار    نه رای گڵێم كۆڵ بارۆ وه قەتار[24]

(شنروێ)- (خاتوو جەلاڵێ دایكی شاخۆشێن= موبارەك شا) لە (شنروێ)دا چاوی بە (كاكا رەدائی= كاكە رەیا) كەوتووه, (كاكا رەدائی) كە لەپێشوازی لەدایكبوونی (شاخۆشێن)دا بووه موژدەی پێداوه گوایا بە رابەرێكی دینی گەورەوه دووگیانە, وەك لەم دوو دێڕه شیعرەدا دەردەكەوێت:

جه ملەگاهێ سەرەم بەرد ئەو دیار    دیم گەوره كناچێ مەنەن جه هەوار

چەمش یەكێوەن ئەسرینش هەزار    بارش خالقەن, گاو نه میر و بار

(گوندی شێخان)- نزیك (گوندی دەودان)ه, شێخانی ئێستاش لە ناو شوێنەواری (پەردیوەر)دایە كە سان سەهاك ئاوەدانیكردووەتەوه, ئاشكرایه (سان سەهاك) لە پەردیوەردا تەكیە و جەمخانەی درووستكردوون و هەر لەوێشدا یەكەم جەمی سەردەمی ئەو بەستراوه.

(جاور)- مەزاری كاكەی جاوری لێیه.

(چادرگه)- شوێن بنەو بارگەی هاوینەی (سان سەهاكی بەرزنجی) بووه, بۆ سەلماندنی ئەمە با لەم دوو دێڕه شیعره وردببینەوه:

عەزمم سەیوانا بە سەیر و سەوێ    غولاٌمان بیروێ راگه سەر هەوێ

وەرگێردی چادر حەفتاو دوو دوێ    پەی سەركەل و شندروێم رەوێ[25].

(سەرگەت)- شوێنی ژیانی (باواناوس, قازی نەبی سەرگەتی , دایەخەزانی سەرگەتی) بووه.

چوارەم: زۆربەی رێبەرەدینییەكانیان لەهەوراماندا ژیاون, بۆنموونه:

1-(بالوولی ماهی) سەرەتا لە لوڕستانەوه هاتووەتە هەورامان و لەوێ دەستیكردووه بەبلاٌوكردنەوەی رێوڕەچەی یارسان.

2-(باواسەرەنگی دەودانی) لەهەوراماندا ژیاوه و برەوی بە رێوڕەچەكە داوه.

3-(باواناوسی سەرگەتی) هەرچەندە خۆی هەورامی نەبووه و لە تیرەی جاف بووه, بەلاٌم لە (گوندی سەرگەت)ی هەوراماندا دانیشتووه و خەڵكی بانگهێشتكردووه بۆ ئەوەی بچنە سەر رێوڕەچەی یارسان.

4–تەنانەت (سان سەهاکی بەرزنجی)یش لە (بەرزنجە)ی زادگەی خۆیەوە کۆچیکردووە بۆ هەورامان و لەوێ رازی یارێتی فێری خەڵك کردووە, هەر لەوێش هەموو بنەماکانی یارسانی داڕێژاوەتەوە و ڕێوڕەسمی گشت سرووتە دینییەکانیانی دیاریکردووە.

لێرەدا پێویستە باس لەوەبکەین خەڵکی هەورامان کاتێك سوپای ئیسلام چووەتە ناوچەکەیانەوە, بەرەنگاریبوونەتەوە و شەڕی سەختیان لەگەڵ کردووە, هەتاکو سەدەی هەشتەمی کۆچیش دینی ئیسلام نەگەیشتووەتە هەندێك شوێنی هەورامان, کەچی کە (سان سەهاك) چووەتە ئەوێ و بانگەشەی بۆ بلاوبوونەوەی یاریسان کردووە, نەك هەر دژی نەوەستاونەتەوە بەڵکو یارمەتیشیانداوە و وەك پێشتریش وتمان تەنانەت عاریف و رۆشنبیرەکانیشیان باوەڕیانپێیهێناوە و هاوکارییانکردووە.

ئەمانەی باسمانکردن مشتێکن لەخەرواریك نموونەی زیندوو کەخەڵکی هەورامان لە دووتوێی (ڕێوڕەچەی یارسان)دا کاریان بۆ ژیاندنەوەی دینی کۆنیان کردووە.

---

[1]–ساسانییەکان: لە ساڵەکانی دوادوای سەدەی دوەمی زایینیدا (ساسان) کە یەکێکبووە لە رۆحانییە نەجیبزادەکانی (فارس) و لە شاری (اسطخر)دا ژیاوە, لە بواری پارێزگاریکردن لە دابونەریتە دینییەکاندا ناوبانگییەکی زۆری پەیداکردووە, هەر ئەو ناوبانگی پەیداکردنەش بووە بەهۆی ئەوەی رۆژ لە دوای رۆژ دەسەلاتی زیادیکردووە و خەڵکێکی زۆر گوێڕایەڵیبوون, پاش کۆچی دوایی (ساسان) کوڕێکی بە ناوی (بابەك) بووە بە جێنشینی و توانیویەتی لە رێی کوودەتایەکەوە دەسەلات لە دەستی (گوتچهر)ی میری (بەرزنگیان) دەربهێنێت.

کوڕی دووەمی (بابەك) بە ناوی (ئەردەشێر) ساڵی (226ز) توانیویەتی (ئەردەوانی پێنجەم)ی پادشای (پورث=پارت=ئەشکانی) بکوژێت و کۆتایی بەحوکمڕانی ئەشکانییەکان بهێنێت, لەوێوە ئیتر لەسەر تەختی حوکمڕانی دانیشتووە و بووە بەسەر دەستەی پادشایانی دەوڵەتی ساسانی, پاش ئەردەشێری بابکان کوڕەکەی بەناوی (شاپوور) لەسەر تەختی حوکمڕانی دانیشتووە, پادشای ناوبراو زۆر هەڵیداوە هەرێمەکانی ژێر دەسەلاتەکەی ئاوەدانبکاتەوە , بەشێوەیەکی گشتی زنجیرەی پادشایانی ساسانی بەم شێوەیە بووە:

(ئەردەشێری بابکان, شاپووری یەکەم, هۆرمزدی یەکەم, بارامی یەکەم, بارامی دووەم, بارامی سێیەم, هۆرمزدی دووەم, ئازەرنەرسی, شاپووری دووەم, ئەردەشێری دووەم, نەرسی, شاپووری سێیەم, بارامی چوارەم, یەزدەگوڕدی یەکەم, بارامی پێنجەم, یەزدەگوڕدی دووەم, هۆرمزدی سێیەم, فەیرۆز, بلاش= وڵخش, قوبادی یەکەم, خەسرەوی یەکەم= ئەنۆشیروان, هۆرمزدی چوارەم, خوسرەوی پەروێز, قوبادی دووەم, ئەردەشێری سێیەم, یەزدەگوڕدی سێیەم).

دەوڵەتی ساسانی یەکێکبووە لە دەوڵەتە هەرە بەهێزەکانی خۆرهەلات و خاوەنی ژیار و شارستانێتێکی پێشکەوتوو بووە, چەندین شوێنەواری سەردەمی ساسانی گەواهی ئەم راستیە دەدەن, هەر بۆ نموونە نەوەك سەرژمێر ناوی ئەمانەیان دەهێنین:

1–دیواری ساسانی, فەرهاد تراش, پردی خوسرەو لە بێستوون.

2–پەیکەری تاج لەسەرنانی خوسرەوی پەروێز, پەیکەری تاج لەسەرنانی ئەردەشێری دووەم, دیواری خوسرەو لە تاقەوسان.

3–تەلاری خوسرەوی لە قەسری شیرین.

4–قەلاّی سەرماج 5– کۆشکی باتاق لە دەربەندی باتاق 6– پەرستگەی ئەناهیتا.

ساسانییەکان بە درێژایی (428) ساڵ حوکمڕانییانکردووە, زمان و نووسینی رەسمی دەوڵەتەکەیان (پەهلەوی فارسی )بووە, نازناوی حوکمڕانی پاشاکانیشیان (کیسرا)بووە, شکستە یەك لە دوای یەکەکانی لەشکری ساسانییەکان لەبەردەم لەشکری

ئیسلامدا لە جەنگی گەورەی (قادسیە) لە ساڵی (14ك=635ز) و دواتر لە جەنگی (جەلەولا) و (حەلوان) لە ساڵی (16ك=637ز) و دواجار لە جەنگی نەهاوەند لە ساڵی (21ك=641ز)دا بووە بە هۆی هەرەسهێنانی دەوڵەتەکەیان و برانەوەی زنجیرەی حوکمڕانییان.

[2]–بڕوانە کتێبی (ایران فی عهد الساسانیین)– لاپەڕە (130)– نووسینی (ارثر کرستنسین) وەرگێڕانی بۆ عەرەبی (دکتۆر یحیی الخشاب).

[3]–بڕوانە (اسطورة اهل حق)– لاپەڕە (80) نووسینی ئیرەجی بەهرامی.

[4]– لەم بوارەدا (محەممەد ئەمین زەکی بەگ) نووسیویەتی: خەڵکی کوردستانی خۆرلاهەلات لە خۆرئاوای (هەرات)ەوە لەپێش سەرهەڵدانی ئیسلامدا بیروباوەڕەی سەیریان هەبووە, پاش ئەوەی دینی ئیسلامیان وەرگرتووە وازیان لە باوەڕی کۆنیان نەهێناوە, بەڵام هەندێك گۆڕانیان تێداکردووە, خەڵکی (ئەرنیل) لە کوردستانی خۆرهەڵاتدا کاتێك کە بوون بە موسڵمان, بە (ئالوهییەتی حەزرەتی عەلی) ویستوویانە عەقیدەی پێشوویان زیندووبکەنەوە.

بڕوانە کتێبی (خولاصیەکی تاریخی کورد و کوردستان) –بەرگی دووەم –لاپەڕە (201) نووسینی (محەممەد ئەمین زەکی بەگ), لە بلاۆکراوەکانی ساڵی 2000 دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

[5]– دەربارەی پیرۆزی (میهر) لای یارسانەکان چەندین بەڵگە لەبەردەستدان و ئەم شیعرەش کە لە کتێبی (سەرەنجام)دا نووسراوەتەوە یەکێکە لەو بەڵگانە:

نامێما میهرە نامێما میهرە　　نە قولەی ئەلەست نامێما میهرە

بڕوانە کتێبی (اسطورة اهل حق)– لاپەڕە (57)– نووسینی (ئیرەجی بەهرامی).

[6]–بێجگە لە بالوولی ماهی چەند بالوولێکی تریش هەبوون وەك:

1–بالوولی خارجی, ناوی کەسارەی کوڕی شەیبانی و یەکێك بووە لە سەرانی خەوارج, گوایا لە کوردەکانی دەوروبەری (موصڵ) بووە.

2–بالوولی شۆلی, خەڵکی لوڕستان و پیاوێکی قەلەندەر بووە, (ابن بطوطة) لە گەشتەکەیدا ئەوی لە لوڕستاندا دیوە.

بڕوانە کتێبی مێژووی وێژەی کوردی–بەرگی دووەم– لاپەڕە (49) نووسینی (د. صدیقی بۆرەکەیی).

هەر لەباسی ئەم (بالوولی ماهی)دا پێویستە باس لەوە بکەین تاوبراو بە (باڕولی دانا) و (باڕولە شێت)یش ناوی هاتووە, بە پێی هەندێك رازی دەماو دەمی بێسەرو بەریش بە نای ناهەق کراوە بە برای هاروونە رەشید, بەڵام بە پێی سەرچاوە و تێکستە خۆماڵییە کۆنەکان ئەم رازە فری بەسەر راستییەوە نییە.

[7]–(ئیمام جەعفەری صادق کوڕی ئیمام محەممەد باقر) ساڵی (83ك= 702ز) لە شاری (مەدینە) لە دایکبووە, زانا و بیریارێکی گەورەی سەردەمی خۆی بووە و لە هەموو زانستەکانی ئەو سەردەمەدا مامۆستایەکی کەمهاوتا بووە, پاش کۆچی دوایی باوکی بووە بە ئیمامی شیعە و بەدرێژایی (34) ساڵ ئیمامەتی کردووە, دە کوڕی هەبووە و گەورەی هەموویان ناوی (ئیسماعیل) بووە, سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن پاش کۆچی دوایی (ئیمام جەعفەری صادق) لە ساڵی (148ك=765ز)دا شوێنکەوتووانی بوون بە سێ دەستەوە بەم ناوانە:

1–شوێنکەوتووانی (ئیسماعیل)ی کوڕە گەورەی پێیانوتراوە (شیعەی ئیسماعیلی).

2–شوێنکەوتووانی (ئیمام موسای کاظم) پێیانوتراوە (شیعەی دوانزدە ئیمامی).

3–دەستەی سێیەمیان پێیانوتراوە (شیعەی موعتەزیلە), شایانی باسکردنە دەسەلاتدارانی (دەوڵەتی بوەیهی) کە توانیویانە لە نیوەی دووەمی سەدەی دەیەمی زاییندا (بەغداد) بخەنە ژێر دەسەلاتیانەوە لەم دەستەیە بوون.

[8]– بڕوانە کتێبی (اسطورة اهل الحق)– لاپەڕە (89 ) نووسینی (ئیرەجی بەهرامی).

[9]– بڕوانە هەمان سەرچاوەی پێشوو– لاپەڕە (89).

[10]–بڕوانە کتێبی (اسطوره اهل حق) لاپەڕە (15) نووسینی ئیرەجی بەهرامی.

[11]–پردی (جینوەت) بەرامبەر بە (صراط)ی موسڵمانانە.

[12]-بروانە کتێبی (کاکەیی) لاپەڕە (254) نوسینی (محەمەد ئەمین هەورامانی).

[13]- بروانە کتێبی (هەورامان) بەرگی یەکەم- ڕێوڕەچەی یارسان لە هەوراماندا، لاپەڕەکانی (100 بۆ 142 ) نووسینی ئەیوب ڕۆستەم، لە بلاوکراوەکانی مەڵبەندی ڕۆشنبیری هەورامان چاپی یەکەم ساڵی 2004.

[14]-بروانە کتێبی (کاکەیی) لاپەرە (248) نووسینی (محەممەد ئەمین هەورامانی).

[15]-مەبەست لە (پادشام) لە تێکستەکانی (یارسان)دا، ئەو زاتانەن کە لەسەرانسەری تەمەنی دنیا خوا حەوتجار ڕۆحی خۆی لە تەنی ئەواندا جێگیردەکات، لەم شیعرەدا بە سان(سەهاکی بەرزنجی) وتراوە.

[16]-دەربارەی زۆرانبازییەکەی (پیر بنیامین و پیر عالی)، دەوترێت گوایا ئەو زۆرانبازییە لەسەر تۆکمەبوون و جەماوەریبەندی خۆیان بووە لە باوەڕ و پیراتیەتیدا، لەگوندی مۆردین زۆرانیانگرتووە، پیر بنیامین پیر علی داوە بەزەویدا خۆی بووە بەیەکەم.

بروانە بابەتی (پیرنالی مۆردێنی شاعیرێکی گومناوی کوردە) نووسبینی (نامق هەورامی) گۆڤاری هەورامان ژمارە (1) زستانی 2003 .

[17] (سامری) ئەو کەسە بووە هەوڵی گومڕاکردنی (یەهودییەکان)ی داوە و داوایلێکردوون کڕنوش بۆ ئەو گوێرەکەیە ببەن کە لە ئاڵتوون درووستیکردووە، پێیوتوون ئەوە خواکەی (مووسا)یە.

[18]-لەهەندێك سەرچاوەدا ئەم شیعرە بەم شێوەیە نووسراوە:

ئـەو ئاهـرخانـە ئــەو ئاهـرخانە        بارگەی شام وستەن ئەو ئاهرخانە

زەردەشتش کیاست پەریٚ فەرمانە        بەرگوزیدەش کەرد نەرووی زەمانە

[19]-بۆ بەرهەمی شیعری ئەم پیرانەی ناومانهێنان بروانە کتێبی (مێژووی وێژەی کوردی)- بەرگی یەکەم- لاپەڕەکانی (166، 230، 232، 246، 248، 268) نووسینی (د. صدیقی بۆرەکەیی).

[20]-بروزانە کتێبی هەورامان-بەرگی یەکەم- لاپەرە (123) نووسینی ئەیوب ڕۆستەم.

[21]-بروانە هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

[22]- ئەم کانییە لە (گوندی تەشار)دایە، بەپێی بڕوای یارسانەکان (باوایادگار) کە یەکێکە لە (حەوتەن= حەوتەنی جاویدان) هەڵیکەندووە.

[23]-بروانە کتێبی (هەگبە و هەوارگە) لاپەرە (184-186) نووسینی (ئەیوب ڕۆستەم).

[24]-بروانە (کاکەیی)- لاپەرە (260) نووسینی (محەممەد ئەمین هەورامانی).

[25]- بروانە دەفتەری شندرویٚ لاپەرە (40).

ئەم دەفتەرە یەکێکە لە دەفتەرە پیرۆزەکانی یارسان (نووسەر).

# هەورامییەکان و ئەقڵگەرایی

بۆ قسەکردن دەربارەی ئەم بابەتە پێویستە لەسەرتاوە پێناسەیەکی بیر بکەین و بزانین بیریار کێیە؟، ئینجا بزانین سەرەتای سەرهەڵدانی (تیوری ئەقڵگەرایی) لە بیری مرۆڤدا بۆ چ سەردەمێك دەگەڕێتەوە؟.

لە سەر ڕۆشنایی زۆربەی ئەو سەرچاوانەی پێناسەی (بیر)یان کردووە، بۆماندەردەکەوێت (بیر) کۆمەڵە چالاکییەکی هزرە لە (تێڕامان، ڕۆشنکردنەوە، ئیرادە، سۆز و ویژدان)، بیریارەکانیش ئەو کەسانەن بە تێڕوانینەکانیان بۆ (گەردوون، کۆمەڵ، مرۆڤ) لە بازنەی باو دەردەچن و بابەتی نویٚ دەبینن کە خەڵکانی تر نایانبینن، هاوکات بەرپرسیارن لە هۆشیارکردنەوەی هاوسەردەمەکانیان.

**شتێکی ئاشکرایە هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی بیری مرۆڤەوە, چەند تیورێك لە بواری (کارکردن, داهێنان و ئەفراندنی) مرۆڤدا سەریاتهەڵداوە, بەم ناوانە:**

1–**تیوری سروش و بلیمەتی.**

2–**تیوری ئەقڵگەرایی.**

3–**تیوری کۆمەڵایەتی.**

4–**تیوری سایکۆلۆژی.**

**موریدەکانی دوان لەم تیورانەش بەردەوام لە پێشبڕکێ و ململانێدان, ئەوانەش هەردوو تیوری (سروش و بلیمەتی) و (ئەقڵگەرایی)ن, سەرەتای ململانێکەشیان لە دوو تابلۆی (رافائێل)ی گەورە وێنەکێشی یۆنانیدا بەرجەستەکراوە, کاتێك کە لەبەردەم (قوتابخانەی فیکری ئەپینا)دا ئەو دوو تابلۆیەی داناوە.**

**تابلۆی یەکەمیان وێنەی (ئیفلاتوون) بووە کە سەیری ئاسمانی کردووە و هەردوو دەستی بەرزکردوونەتەوە, وەك بیەوێت بڵێت (ئێمە لەوێوە هاتووینەتە خوارەوە).**

**تابلۆی دووەمیشیان وێنەی (ئەرستۆ) بووە کە هەردوو چاوی بڕیونەتە زەوی, وەك بیەوێت بڵێت (ئێمە لێرەوە دەرهاتووین).**

**سەبارەت بە تیوری (سروش و بلیمەتی), ئەم تیورە وایلەقەڵەمدەدات مرۆڤ بوونەوەرێکی بێدەسەڵاتە, هەرچی دێت بەسەریدا فەرمانێکی ئاسمانییە و دەبێت بۆی ملکەچبێت, ئەم تیورە لەهەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤدا رەگی داکوتاوە و کاریگەریی گەورەی درووستکردووە, رەگەکانی ئەم تیورە لە نووسینەکانی (هۆمیرۆس و هیراقلیگس)دا دەبینرێن, بەڵام لەڕووی مێژووییەوە (ئیفلاتوون) بە داهێنەری لەقەڵەمدەدرێت.**

**(تیوری ئەقڵگەرایی)ش وپێیوایە ئەقڵی مرۆڤ سەرچاوەی هەمووداهێنان و ئەفراندنێکیەتی, ئەم تیورە هزری مرۆڤ رزگاردەکات لە هەموو بیرکردنەوەیەکی ئەفسانەیی و غەیبی و دەڵێت: مرۆڤ خۆی سەرپشکە بەوەی چۆن چارەنووسی دیاریدەکات, ئەوەش لە رێگەی بەکارهێنانی ئەقڵ و ئیرادەی خۆیەوە, لەم بوارەدا فەیلەسووفی فەڕەنسی (باسکاڵ) وتوویەتی: هەرگیز ناتوانم بیر لەوەبکەمەوە مرۆڤێك هەبێت خاوەنی (بیر) نەبێت, چونکە ئەگەر وابوو ئەوە دەبێت بە بوونەوەرێکی بێجووڵە و وەك بەردێك وایە.**

**ململانێی نێوان ئەم دوو تیورە بە پێی سەردەمە جیاوازەکان گەشەیکردووە و خوێندنەوەی نوێی بۆکراوە, لە سەدەکانی ناوەڕاست و راستە و راست لە سەدەی دوانزەیەمی زاییندا, هەندێك لە (زانا, بیریار, نووسەر)ەکان هەوڵیانداوە چمکی نوێ بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان بێننەئاراوە, لە ئەنجامی بایەخدان بە هونەر و ئەدەب و مێژوو, ئاستی بیرکردنەوەی مرۆڤ گەشەیکردووە, هەر لەم بوارەدا فەیلەسووفی گەورەی ئیتالی (دانتی) لە سەدەی**

چواردەیەمی زایینیدا, رەخنەی زۆری لە (پاپا و کەنیسە) گرتووە کە چارەنووسی مرۆڤ بە ئاسمانەوە دەبەستنەوە, لە یەکێك لە شیعرە دورودرێژەکانیدا بە ناو نیشانی (الكوميديا الالهيه), توویەتی: هەندێك لە پاپاکان دەچنە دۆزەخ و ئەوانەی ئەوان پێیاندەڵێن (گومڕا و لادەر لە دین) دەچنە بەهەشت.

لە سەدەکانی دواتریشدا چەندین فەیلەسووف و بیریاری ئازادیخواز باسی ئەوەیان کردووە, مرۆڤ لە ژیانیدا لە ڕێی بەکارهێنانی (ئەقڵ و ئیرادە)یەوە کارەکانی خوای مەزن و درووستکار تەواودەکات, هاوکات وتوویانە (شارستانییەتی مرۆڤایەتی) تەنها لە دۆخێکی تەواو لە سەربەستیدا گەشەدەکات, هەریەك لە فەیلەسووفی فەڕەنسی (مۆنتین), فەیلەسووفی بەریتانی (هۆبس), فەیلەسووفی هۆڵەندی (سپینۆزا) بەهەمان ڕێچکەدا چوون.

(دیکارت) لە سەدەی حەڤدەیەمی زایینیدا فەلسەفەکانی سەدەکانی ناوەڕاستی داونەتە داوە و وتوویەتی: مرۆڤ دەبێت ملکەچی دەسەڵاتی ئەقڵی بێت و بوونی مرۆڤی بەستووە بە بیرکردنەوەیەوە, لێرەدا وتە بەناوبانگەکەی دەهێنینەوە یاد کە وتوویەتی: (من هەم مادام بیر دەکەمەوە), هەر بۆیە کەنیسە کتێبەکانی ئەم فەیلەسووفەی قەدەغەکردوون.

(ڤۆڵتێر) لەسەدەی هەژدەیەمی زایینیدا داوای ئازادکردنی ئەقڵی مرۆڤی کردووە لە هەموو فشارێك و وتوویەتی: خودای گەورە خۆی درووستکار و ئەندازیارە, دنیای درووستکردووە وەك شانۆیەك بۆ ئەوەی هەموو کەسێك لە ڕێی ئەقڵیەوە ڕۆڵی خۆی تێدابگێڕێت.

(هێگڵ) وتوویەتی: درووستکاری ئەم گەردوونە خۆی کەماڵی ڕەهایە, مرۆڤ هەرگیز ناتوانێت لە ڕێی ئەقڵی و هەستەکانییەوە ڕاستەخۆ پێیبزانێت و سۆسەیبکات, بۆیە گەردوونیشی درووستکردوە هەتاکو مرۆڤ لە ڕێی تێگەیشتن لە دەورووبەرە مادییەکەیەوە بە ئەقڵی پەی بە خودی درووستکارەکەی ببات.

سەبارەت بە کاریگەری ئەقڵ لەسەر مرۆڤ چەندین (بیریار, فەیلەسووف, زانا, ئەدیب و شاعیر)ی موسڵمانیش بۆچوون و تێڕوانینی خۆیان خستووەتەڕوو, بە شێوەیەك مشتومڕ و هەندێکجاریش ململانێی خوێناوی لێکەوتووەتەوە, لەم بوارەدا فەیلەسووفەکانی (موعتەزلە) باشترین نموونەن, لای موعتەزلەکان (ئەقڵ) تەنها وەکیلی خودای گەورەیە لای مرۆڤ و تەنها ڕێگەیە بۆ گەیشتن بە (کەماڵ).

(ئیمامی غەزالی) یەکێکبووە لەو فەیلەسووفانەی کە بوونی مرۆڤی بەستووە بە ئیرادەیەوە, لەم بوارەدا وتوویەتی (من هەم مادام ئیرادەم هەیە), ژمارەیەك لە بیریاران وتوویانە (غەزالی و دیکارت) سەبارەت بە مرۆڤ یەك بۆچوونیان هەبووە, تەنها جیاوازی لە نێوانیاندا ئەوەیە کە (غەزالی) ئیرادە و (دیکارت)یش ئەقڵی بەکاریگەر زانیوە.

(جاحڤ) وتوویوتی: ئەقڵ وەکیلی خودای گەورەیە لە مرۆڤدا و پێویستە لەسەری هەموو شتەکان لە ڕێگەی ئەقڵیەوە ڕاڤەبکات.

یەکێکی تر لەو فەیلەسووف و بیریارە موسڵمانانەی باسی کارگەری ئەقڵیان کردووە لە سەر مرۆڤ (ئیبن روشد)ە، هەندێك لە بیریارانی ئەوروپایی پێیانوابووە، هەر رووناکبیرێك ئاگاداری فەلسەفەی ئەم فەیلەسووفە نەبووبێت نابێت پێیبوترێت رووناکبیر، ناوبراو وتوویەتی: ئەقڵ تەنها پێوانەیە بۆ ئەوەی مرۆڤ لە ژیانیدا بە هەموو راست و هەڵەیەك پەیببات، هەروەها وتوویوتی: پێویستە مرۆڤ هەموو شتێك بگەڕێنێتەوە بۆ هۆکارەکەی کە تەنها بە ئەقڵی لێیتێدەگات.

شتێکی ئاشکرایە هەموو مرۆڤێك بەش بە حاڵی خۆی خاوەنی ئەقڵە و ئەقڵیش لای مرۆڤ دوو جۆری هەن بەم ناوانە:

1-ئەقڵی غەریزی= ئەقڵی سروشتی: ئەم جۆرە ئەقڵە هەر تایبەت نییە بە مرۆڤەوە، بەڵکو زۆربەی گیاندارەکانی تریش خاوەنی ئەقڵی غەریزین و لە رێی ئەو ئەقڵەیانەوە پەی بە شتەکانی دەور و بەریان دەبەن، بۆ نموونە (مریشك) لە رێی ئەقڵی غەریزییەوە لە کاتی کڕکەوتنیدا بەدرێژایی (21) رۆژ لەسەر هێلکە دەنیشێت، پاش ئەوەی جووجکەکانیشی هەڵدەهێنێت، تا ماوەی چەند مانگێك خواردنیان بۆ پەیدادەکات، دەیانپارێزێت، قرتەقرتیان بۆ دەکات و لە سەرپشتی و لە بن باڵیدا دەیانحەوێنێتەوە، کاتێکیش دەگەنە ئەو تەمەنەی بەجێیاندەهێڵێت تەنها لەسەر دەنکە گەنمێك لەگەڵیان بەشەڕدێت و دەنووکیان لێدەگرێت.

2-ئەقڵی دەستهاوەردە= موکتەسەب: ئەم جۆرەشیان تایبەتە بە مرۆڤەوە و بەدەر لەوەی ئاستەکەی لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر جیاوازە، چەندین هۆکاریش هەن کاردەکەنە سەر گەشەکردن و باڵاکردنی، موریدەکانی ئەقڵگەرایی زۆربەیان لەسەر ئەوە یەکدەنگن کە مرۆڤ پێویستە ئەقڵی سروشتی خۆی بە ئەقڵی دەستهاوەردەی موتوربەبکات و هەر لێرەشەوە دەگاتە کەماڵ.

پاش ئەم پێشەکییە کە بە پێویستمانزانی، دەچینە ناو کرۆکی بابەتەکەمانەوە دەربارەی ئەقڵگەرایی لای هەورامییەکان و لەوێوە دەستپێدەکەین کە چەند هۆکارێك هەن کاریگەری گەورەیان هەبووە بۆ ئەوەی هەورامییەکان مرۆڤگەلێکی ئەقڵگەرا بن، بەرای ئێمەش دیارترینی ئەو هۆکارانە ئەمانەن:

1-هۆکاری دینی: وەك پێشتر لە بابەتی (دیین لای هەورامییەکان)دا باسمانکردووە، خەڵکی هەورامان سەردەمانێکی دوور و درێژ لەسەر دینی زەردەشتی بوون و پێیەوە پابەندبوون، لە هەندێك شوێنی ناوچەکەدا ئەو پابەندبوونەیان هەتاکو سەدەی هەشتەمی کۆچی بەردەوامبووە، شتێکی ئاشکرایە دینی زەردەشتی تێڕوانێکی ئەقڵانی هەیە بۆ هەموو چمکەکانی ژیان، دروشمە سەرەکییەکانی بریتین لە: (نیەتی چاك= ئەندێشەی چاك، کرداری چاك، گۆفتاری چاك)، ئەم سێ دروشمە لای هەڵگرانی ئەم دینە پیرۆزییەکی وەهایان هەیە، کە هەموو یەکێکیان پێویستە لەسەری لە چوارچێوەیاندا بجووڵێتەوە و بەهەموو بوونیەوە پێیانەوە پابەندبێت.

هەر لەم بوارەدا باس لەوە دەکەین یەکێك لە تاوانە گەورەکان لای زەردەشتییەکان باوەڕبوونە بە ئەفسانە و جادووگەری، شتێکی ئاشکرایە ئەفسانە و جادووگەری مرۆڤ دەبەستن بە شتی شاردراوە و نادیارەوە و رۆڵی ئەقڵی دەخەنەپەراوێزەوە، بەڵام زەردەشتییەکان کە دژی ئەم شتانە دەوەستن دەبن بە خاوەن ئیرادەیەکی ئازاد.

دیاره پابەند بوون بە دروشمەکانی دینی زەردەشتییەوە و ئازادی ئیرادە, هەر لە دێر زەمانەوە هەورامییەکانیان والێکردووە هەمیشە خەڵکێکی کراوە بن بەرووی یەکتریدا, گەشبین بن و باوەڕی پتەویان بە خۆیان هەبێت و بەسەر خۆیاندا نەشکێنەوە, لە ڕێی هەستەکانیانەوە دنیای دەرەوە بگوێزنەوە بۆ ناو دنیای ناوەوەیان کە بریتییە لە (بیرکردنەوە, ئاوەز, ئیرادە, گومان), لێرەشەوە ئیتر (ئەقڵی غەریزی و ئەقڵی دەستهاوەردە)یان پێکەوە موتوربە کردووە و جڵەوی خۆیان بە ئەقڵیان سپاردووە, هەر مرۆڤیش کە جڵەوی خۆی بە ئەقڵی سپارد هەموو کردار و دیاردە و کەسێتییەکانی دەوروبەری لە ڕێی ئەقڵیەوە هەڵدەسەنگێنێت و هەڵوێستی خۆی بەرامبەریان دیاریدەکات, خۆی ناداتە دەست (حەز و هەوا و هەوەس) و نەستی بەسەر هەستیدا زاڵناکات.

2–هۆکاری ئابووری: شتیکی ئاشکرایە هەورامان لە رووی ئابوورییەوە هەرێمێکی نموونەییە و خەڵکەکەی دەتوانن جۆرە خودکەفاییەك بۆ خۆیان فەراهەمبکەن, لەبەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا بەم بوارەدا شۆڕبووینەتەوە و لێرەدا پێویستناکات جارێکی تر بچینەوەسەری, بەڵام ئەوەی پێویستە باسیبکەین ئەمەیە کە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنان لە هەوراماندا هەر لە (باخداری و پیشە دەستییەکانەوە بیگرە هەتاکو دەگاتە کشتیاری و ئاژەڵداری) و سەرچاوەکانی تریش هەموویان موڵکی خەڵکەکەین, هیچ دەسەڵاتدارێکی ناوچەکە و لە هیچ سەردەمێکدا نەیتەانیوە ئەو مافە بە خۆی بدات ئەم سەرچاوانەیان لێزەوتبکات, ئەو شتانەش کە لە ژێر ناوی سەرانە, یان هەر ناوێکی تردا لێیانسەندرابێت, بە شێوەیەك نەبوون هەورامییەکان واهەستبکەن لە خەصڵەتە مرۆڤایەتییەکانیان نامۆ کراون و بوون بە ئامێرێك بەدەست فلأن بەگ, یان فلأن خان, یان فلأن کوێخا و سەرکارەوە.

بۆزیاتر قووڵبوونەوە بەم باسەدا دەڵێین: باخداری و پیشە دەستییەکان کە دوو سەرچاوەی گەورە و دیاری بەرهەمهێنان و دابینکردنی بژێوی هەورامییەکان بوون, یەکەمیان بەرهەمی هەزاران سەعات کارکردن و نیشتەجێبوون بووە لە زێد و ماوای ژیان و گوزەراندا, سەبارەت بە دووەمیشیان بەرهەمی کارکردنی بەردەوام و ژیری و سەلیقەی خودی پیشەوەرەکان بووە, ئەمانەی باسمانکردن شتێك نەبوون کە (بەگ), یان (خان) لە باوباپیریانەوە بۆیان مابێتنەوە, یاخود لە دەسەڵاتدارانی سەردەمەکانیان وەریانگرتبێت, ئەوانیش لە لایەن خۆیانەوە و بە پێی بەرژەوەندییان دابێتیانن بە خەڵکە رەمەکییەکە ولێیانسەندبێتنەوە.

لێرەوە دەگەینە ئەوە ئەنجامە کە ژێرخانی ئابووری هەورامان هی خەڵکەکە خۆیان بووە, هەر کۆمەڵێکیش ژێرخانی ئابووریان موڵکی خۆیان بێت, لە رووی فکرییەوە پیشکەوتووترن لەوانەی ژێرخانی ئابوویان موڵکی خۆیان نییە, لەم بوارەدا (مارکس) وتوویەتی: بیر رەنگدانەوەی دەوروبەری مادییە, دیارە دەورووبەری مادی لە هەوراماندا بەم شێوەیە کە باسمانکرد, بۆیە کاریگەری گەورەی لەسەر گەشەکردنی ئاستی بیرکردنەوە و خۆسپاردن بە ئەقڵگەرایی لای خەڵکەکەی درووستکردووە.

3–هۆکاری کۆمەڵایەتی: بۆ روونکردنەوەی کاریگەری ئەم خاڵە لە سەر خەڵکی هەورامان, سەرەتا لەوەوە دەستپێدەکەین کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی هەر کۆمەڵێك, رەنگدانەوەی ئاستی رۆشنبیری ئەو کۆمەڵەن و گەشەکردنیان بۆ پەیوەندی باڵاتر بەشێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بەگەشەکردنی ئاستی فیکری و رۆشنبیریی تاکەکانییەوە, هەرچەندە پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژی کاریگەری گەورەیان هەیە لەسەر پێشکەوتنی ژیار و

خۆشگوزەرانکردنی مرۆڤەکان , بەلاّم ئەم جۆرە پێشکەوتنە هەرگیز ناتوانێت گرنتی پێشکەوتنی فیکری و رۆشنبیری کۆمەڵ بدات و گۆرانکاری لە (چەمکە کۆمەلاّیەتییەکان)دا بکات, هەر بۆنموونە کۆمەڵگەی یابانی لە رووی پێشکەوتنی زانستی و تەکنۆلۆژییەوە لە ترۆپکدان و هەمووسمان دەزانین کالاّ یابانییە جۆراوجۆرەکان چ رەواجێکیان هەیە و چۆن زۆربەی بازاڕەکانی جیهانیان داگیرکردووە, کەچی خەڵکی ئەو ولاّتە لە رووی رۆشنبیرییەوە بەو شێوەیە نین و تا ئێستاش چەندین قەناعەتی رۆحی و کۆمەلاّیەتی دواکەوتوویان هەیە, وەك ئەوەی (ئیمپراتۆڕ) بەنەوەی خوادەزانن و جیاوازی بەرچاو لەنێوان (نێر و مێ)دادەکەن, ژن بەئامرازێکی خزمەتکردنی پیاو دەزانن و لە زۆربواری ژیاندا رێگەی کارکردنی لێدەگرن.

کۆمەڵی کوردەواری یەکێکە لەو کۆمەلاّنەی تا ئەم رۆژانەش پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییە دواکەوتووەکان کاریگەری خراپیان هەیە لەسەری, خەڵکی زۆربەی ناوچەکانی کوردەواری وابەستەبوونێکی پتەویان هەیە بە ئەقڵیەتی خێڵەوە, بڕیارە کۆمەلاّیەتییەکانیش کە دەرهاوێشتەی ئەو ئەقڵەن لە ناویاندا هێزی یاسایان هەیە و زۆرجاریش هێزی یاسا دەبەزێنن.

بەلاّم ئەگەر لەپەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکانی خەڵکی هەورامان وردبینەوە دەبینین بەو شێوەیە نین و جیاوازیەکی تەواو گەورەیان هەیە, تائاستێکی باش ئەقڵییەتی خێڵیان تێپەڕاندووە و لە سروشت و سونەت دەرچوون, دیارە نیشتەجێبوونی خەڵکەکە هەر لەدێرزەمانەوە لە ناوچەکەیاندا و درووستبوونی پێکهاتەیەکی کۆمەلاّیەتی (هەمۆجین= متجانس) کاریگەرییەکی گەورەیان لەگەشەکردنی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکاندا هەیە, گەشەکردنی پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکانیش بۆ پەیوەندی بالاّتر, زیاتر مرۆڤەکان بە ئەقلیان دەسپێرێت و بەردەوام ئەو شتانە رەتدەکەنەوە کە لەگەڵ لۆژیکی ئەقڵیدا نایەنەوە.

4–هۆکاری رۆشنبیریی: ئەگەر بە ویژدانەوە و دوور لە هەموو سۆزێك بەراوردی ئاستی رۆشنبیریی خەڵکی هەورامان لە گەڵ خەڵکانی ناوچەکانی تر بکەین, بە ئاشکرایی بۆماندەردەکەوێت کەخەڵکی هەورامان لەم رووەوە لە پێشترن و دیارە ئەمەش هۆکاری خۆی هەیە, پیاهەلدان نییە ئەگەر بلێێن هەورامان هەر لەسەردەمی باوبرەوی دینی میترائیزم و زەردەشتی و پاشان دینی ئیسلامەوە زێدی ژیان و گوزەرانی هەزاران (عاریف, زانای دینی, ئەدیب وشاعیر) بووە, پیاوە دینییەکانی هەر سێ دینی (میترائی, زەردەشتی, ئیسلام), هەرچەندە زۆربەیان کاری جیدیان کردووە بۆ برەوپێدان بەدینەکەیان و بالاّدەستبوونی ئەو قەناعەتانەی کە خۆیان پێیانەوە وابەستەبوون, هاوکات مامۆستا و رێنماییکاری خەڵك بوون لە بواری خوێندەواریدا, هەروەها بەرهەمەکانیان چ ئەوانەیان نووسراونەتەوە و چ ئەوانەیان دەما و دەم بۆ وەچەکانی یەك لەدوای یەك گوێزراونەتەوە, رۆڵی گەورەیان گێڕاوە لە هۆشیارکردنەوەی خەڵکدا.

لەم بوارەدا پێویست ئاماژەبکەین بە رۆڵی (پیرەکانی هەورامان و شاهۆ, شاعیر و عاریفەکانی رێورەچەی یارسان, شێخەکانی نەقشبەندی هەورامان, شاعیر و عاریفەکانی هەڵگری رێوڕەچەی نەقشبەندی, مەلا و زانا و شاعیرەکانی تر)ی ناوچەکە, لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی خەڵکدا و ئاشناکردنیان بە خوێندەواری, بوونی ئەم زاتانە وایکردووە هەورامان لە سەردەمە جیاجیاکاندا چەندین قوتبخانە و حوجرەی تێدا بێت, ئەو قوتابخانە و حوجرانە


www.pertwk.com

مەڵبەندی گرنگی خوێندن و پەروەردەکردن بوون و لە رێیانەوە ئاستی هۆشیاری خەڵکەکە گەشەیکردووە, گەشەکردنی ئاستی هۆشیاریش یەکێکبووە لە گرنتییەکانی خۆ ئەسپاردن بە ئەقڵگەرایی.

بۆ کۆتایهێنان بەم بابەتە دەمانەوێت بڵێین: ئەقڵگەرایی لای هەورامییەکان بە ئاستێك بووە لە هەموو بوارەکانی ژیانیاندا توانیویانە داهێنەر بن و ئەفراندنیانکردووە.

تێبینی: لەبەرگی یەکەمی ئەم کتێبە و لە بابەتی هونەری ژیان لە هەوراماندا بە درێژی باسمان لە داهێنان و ئەفراندنی هەورامییەکان کردووە لە بواری ژیان و گوزەرانیاندا.

# ساباتی شیعری هەورامی و شاعیرە دیارەکانی هەورامان

بۆ ئەوەی بچینە ناوەرۆکی ئەم باسەوە باشتر وایە ئاوڕێك لە پێناسەی شیعر لای ژمارەیەك لە (بیریاران, شاعیران, فەیلەسووفان, رەخنەگران) بدەینە و لە پیناسەکەی (ئیفلاتوون)ەوە دەستپێبکەین, هەڵوێستی ناوبراو دەرهەق بەشیعرلەسەر بناغەی (تیوری ئایدیا=نظریە المپل). دامەزراوە, لەسەر رۆشنایی ئەم تیورەش سێجیهان دیاریکراون بۆ زانیاری ئادەمیزاد بەم شێوەیە:

1-جیهانی ئایدیا: بارەگای نموونەی بەرزی راستی هەمووشتەکانە.

2-جیهانی هەستپێکراو: شانۆی هەموو شتێکی مادییە و ئادەمیزاد بەیەکێك یان زیاتر لە پێنج هەستەکەیەوە هەستیپێدەکات و لێیتێدەگات.

3-جیهانی سێبەر: ئەم جیهانە هونەرمەندەکان و هەستیارەکان بەهۆی هونەرە جوانەکانیانەوە دروستیدەکەن.

لەبەر تیشکی ئەم سێ جیهانە (ئیفلاتوون) پێناسەی شیعری بەم شێوەیە کردووە:

(شیعر) بریتییە لە لاسایکردنەوەی شتەکانی جیهانی هەستپێکراو, هەستیار لە هۆنینەوەیدا تەنها لاسایی ئەو شتانە دەکاتەوە.

(ئەرستۆ)ش لەپێناسەی شیعردا بەڕواڵەت شوێنپێی (ئیفلاتوون)ی مامۆستای هەڵگرتووە و لە کتێبی (بیوتیکا= هونەری شیعر)دا وتوویەتی:

شیعر لاسایکردنەوەی سروشتە, لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین, کە کتێبی (بیوتیکا) لە رەخنەسازی جیهانیدا رۆڵێکی گرنگی گێڕاوە و ئەوروپییەکان لەسەدەی یانزەمی زاینییەوە لەرێی کورتکردنەوەکەی فەیلەسووفی عەرەبی (ابن

الرشد)ەوەئەم کتێبەیان ناسیوە, (پرۆفیسۆر هەرمن) کتێبی (بیوتیکا)ی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی ئەڵەمانی, هەروەها ساڵی 1498ز لە (شاری ڤینیسیا) بەزمانی لاتینی لەلایەن (جۆرجیو بلا)وە بلاڵوکراوەتەوە, ساڵی (1508ز)ش بەیارمەتی (جیۆڤانی سکاریس) بەزمانی یۆنانی لەچاپدراوە.

لە قورئانی پیرۆزدا ناوی شیعر و شاعیران هاتووە, لەسەر رۆشنایی سوورەتی (الشعراو) شاعیرەکان کراون بە دوو دەستەوە وەك دەفەرمێت:

(والشعراو یتبعهم الغاوون الم تر انهم فی کل واد یهیمون, وانهم یقولون مالا یفعلون, الا الزین امنوا وعملوا الصالحات وزکروا الله کپیرا وانتصروا من بعدما ڤلموا وسیعلم الزین ڤلموا ای منقلب ینقلبون).

ژمارەیەك لە زانایان و رەخنگرانی دنیای ئیسلام دەربارەی شیعر و شاعیران کتێبیان نووسیوە لەوانە:

کوڕی سەلامی ئەلجەمحی- کتێبێکی نووسیوە بە ناوی (گبقات الشعراو).

کوڕی قوتەیبەی ئەلدینەوەری- کتێبێکی نووسیوە بە ناوی (الشعر والشعراو).

قدامە کوڕی جەعفەر- کتێبێکی نووسیوە بە ناوی (نقد الشعر).

لەم بوارەدا (قدامە کوڕی جەعفەر) کە یەکێکبووە لە بیریاران و رەخنەگرانی ناسراوی عەرەب لەسەردەمی خۆیدا و ساڵی (337ك=948 ز) کۆچی دوایی کردووە, لە کتێبەکەیدا بەم شێوەی خوارەوە پێناسەی شیعری کردووە:

شیعر قسەکردنێکی کێش و سەرواداره و مانایەك دەبەخشێت.

(رامبۆ)ش کە هەر لەساڵی (1837ز) بەمەبەستی داهێنان و چەسپاندنی رێبازێکی نوێ لەشیعردا دەستیداوەتە بلاڵوکردنەوەی بۆچوونەکانی, وتوویوتی: جیهانی شیعر جیهانێکی نوێیە, هیچ پەیوەندییەکی بەجیهانی بینراو و بیستراوەوە نییە, هەر لەدرێژەی دەربڕینەکەیدا هاتووە: هەرچەندە بوون و واقیع سەرچاوەن بۆ هەستیار, بەڵام هەستیار لەسەری پێویستە شتێك لەو سەرچاوەیە هەڵبژێرێت کەسی تر هەڵینەبژاردبێت.

(عەلائوددینی سەجادی) نووسیویەتی: (بەڵی هۆنراو دەزگایەکە بۆ ئەوەی پیاو مانای لەخەیاڵێکی ناسك پێبداتەوەو سۆزی خوێنەر وەکو کارەبا راکێشێ), هۆنراوەش چەند جۆرێکە, لای فەرەنسییەکان سێ جۆرن بەم ناوانە: (هۆنراوەی شەڕ و شۆر= ملحمە, شیعری گۆرانی= غنائی, شیعری لاسایکردنەوە= تمپیلی)), هەر جۆرێکیان چەند لق و پۆپێکیان لێدەبێتەوە.

پاش ئەم چەند دێڕەی سەرەوە دەچینە سەر ئەوەی بزانین مێژووی کۆنترین تێکستی شیعری کوردی بۆ چ سەردەمێك دەگەڕێتەوە, لەم بوارەدا (د.صدیقی بۆرەکەیی) نووسیویەتی:

ئەوەی روون و ئاشکرایە پێش سەرهەڵدانی ئیسلام هۆنراوە بەزمانی کوردی هۆنراوەتەوە و هۆنراوەی کوردیش سەری بە گەلێك دەرگادا کردووە, کتێبی (گاتاکان) کە بەشێکە لە کتێبی (ئاوێستا) هەمووی هۆنراوەیە, لە درێژەی ئەم نووسینەدا هاتووە شیعری کوردی دەکرێن بەچوار بەشەوە بەم شێوەیە:

1-شیعری دڵداری و گۆرانی 2=شیعری خوداناسی 3-شیعری لاسایکردنەوە 4-شیعری نەبەردی و پاڵەوانی.

(ئەنوەر مایی) نووسیویەتی: (د. بلەج شێرکۆ) لە یاداشتەکانیدا باسی ئەوەی کردووە, یەکێك لە خۆرهەلاٌتناسان بە ناوی (فلیامینۆف) لە باکووری ئێراندا بەردێکی دەستکەوتووە دوو دێڕ شیعری لەسەر بووە و مێژووی نووسینیان گەڕاوەتەوە بۆ ساڵی (330پ.ز).

بە پێی نووسینی (د.سەعید خانی کوردستانی)یش پارچە چەرمێك لە (ئەشکەوتی جێشانە)ی نزیك شاری سلێمانی دۆزراوەتەوە, چەند دێڕە شیعرێکی بەشێوەزمانی هەورامی لەسەر نووسراوە, مێژووی شیعرەکان بۆ نزیکەی (1400) ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە.

ئەو شیعرانە کە لەو ئەشکەوتەدا دۆزراونەتەوە ئەم چەند دێڕەن:

هورمــزگان رمــان ئاتــران کــژان وێشان شاردەوە گۆرە گۆرەکان

زۆرکاری ئارەب کردنە خاپوور گناو پالــەیی هەتــا شــارەزوور

شـــەن و کــەنیکا وەدیــل بشینا مــەرد ئازا تلی وەرووی هونیـــنا

رەوشت زەڕدەشت مانۆوە بێکەس بەزیکا نیکا هورمزد وەهیچ کەس.

هەندێك سەرچاوە باس لەوەدەکەن, ئەو بەڵگانەی کەوتوونەتە بەردەست دڵنیایدەدەن کە شاعیرانی کورد, هەر لەسەدەی دووەمی کۆچییەوە هەتا سەدەی پێنجەمی کۆچی بەملاوە زۆربەیان لەسەر (رێوڕەچەی یارسان= کاکەیی) بوون, بەشێوەیەکی سەرەکیش دابەشبوون بەدوو دەستەوە بەم شێوەیە:

دەستەی یەکەم: رابەران و پیرانی یارسان

دەستەی دووەم : شوێنکەوتووانی رابەران و پیرانی یارسان

هەر لەم بوارەدا باسی ئەوەیان کردووە شاعیرەکانی سەدەی دووەمی کۆچی, هەتاکو سەدەی پێنجەمی کۆچی زۆربەیان لە رابەران و پەیڕەوکارانی یارسان بوون, بەلاٌم لەسەدەی هەشتەمی کۆچی بەدواوە هەتاکو سەدەی یانزەمی کۆچی زۆربەی شاعیرانی کورد لەشیعرەکانیاندا بەدەوروخولی ئەم بابەتانەدا سووڕاونەتەوە:

1-دیمەنی سروشتی 2-دڵداری 3-خوداناسی 4-چیرۆکی و ئەفسانەیی.

هەر لەبواری دەستنیشانکردنی بابەتەکانی هۆنراوەی کوردیدا, (د. کامل ئەلبەصیر) نووسیویەتی: بنەڕەتەکانی هۆنراوە چوارن:

1-ویستەمەنی کە بەرهەمەکەی ستایش و سوپاسکردنە.

2-ترس کە ئاکامەکەی سکالاَ و داوای لێبوردنە.

3-خۆشی و ناخۆشی کە سەرئەنجامەکەی دڵداری و حەزلێکردن و باسی ئافرەتە.

4-تووڕەبوون کە زمانلێدان و گلەیی و سەرزەنشتکردن دەهێننە بەرهەم.

هەروەها باسی ئەوەشی کردووە کە ئەم دابەشکردنە لە رووی ژمارە و دەستنیشانکردنی مەبەست و بابەتەکانی هۆنراوەوە, ورد و فراوان نییە و ناتوانێت هەموو لایەنەکانی هۆنراوەی کوردی بگرێتە خۆی.

پاش ئەم پێشەکییە کورتە کە بە پێویستمانزانی, دینە سەر ئەوەی چەردەیەك لە ژیان و بەرهەمی شیعری ژمارەیەك لە شاعیرە گەورە و ناسراوەکانی هەورامان بخەینەڕوو, هاوکات پێویستە ئاماژە بکەین بەوە ئەو شاعیرانەمان کە هەڵگری (رێو ڕەچەی یارسان= کاکەیی) بوون ژمارەیان تەواو زۆرن, بەرهەمە شیعریەکانیان لە کتێبی پیرۆزی (سەرەنجام) و لە کتێبە دینییەکانی تری هەڵگرانی ریوڕەچەی یارساندا بلاَوکراونەتەوە, ئێمە لێرەدا تەنها ناویاندەهێنین, مەسەلەی باسکردن لە مێژووی ژیان و بەرهەمی شیبعریان بۆ رۆژگار بەجێدەهێڵین, ئەگەر تەمەن و تەندرووستی بواریانداین دەیانخەینە دووتوێی کتێبێکی تایبەتەوە.

ئەمەش ناوی ژمارەیەك لە عاریف و شاعیرەکانی هەڵگرانی رێوڕەچەی یارسان)ە:

بالوولی ماهی, باوا لوڕەی لوڕستانی, باوا رەجەبی لوڕستانی, باوا حاتەمی لوڕستانی, باوانجوومی لوڕستانی, باوا سەرهەنگی دەودانی, باوا قەیسەری هەورامی, باوا سرنجی کەلاتی, باواگەرچکی هەورامی, دایە تەورێزی هەورامی, موبارەك شا= شاخۆشێنی لوڕستانی, جەلالە خانمی لوڕستانی, بابا تایەری هەمەدانی, فاتمە لوڕەی گۆران, لزا خانمی جاف, کاکە رەدائی لوڕستانی, سوڵتان چەلەبی, باوا بوزورگی لوڕستانی, باوا هندۆی هەورامی, باوا ناوسی جاف, دایە خەزانی سەرگەتی, قازی نەبی سەرگەتی, سان سەهاکی بەرزنجی, خاتوودایراکی رەزبار, شائیبراهیمی ئێوەت, باوا یادگار, عابدینی جاف, نەرگز خانمی شارەزووری. شاوەیسقولی, خاتوون رەزبانووی دەرزیانی, کاکە عەرەبی هەورامی, کاکە رەحمانی دەرزیانی, کاکە پیرەی دەرزیانی, عالی قەلەندەر.

هەروەها پیرەکانی هەورامان و شاهۆ (بۆ ناوەکانی ئەم زاتانە, بڕوانە بەرگی یەکەمی کتێبی هەورامان- لاپەڕەکانی (129, 130).

خەلیفەکانی (یارسان) وەك: خەلیفە ئەمیر, خەلیفە جەبار, خەلیفە محەممەد, خەلیفە شەهابوددین, خەلیفە عەزیزی سلێمانی, خەلیفە باپیر,خەلیفە شاشا.

بێجگە لەوانەی ناوماهێنان ژمارەیەکی زۆر لە شاعیرەکانی یارسان لە تێکستەکاندا تەنها نازناویانهاتووە و پێدەچێت لەو رۆژانەدا لەبەر بارودۆخی ناوچەکانیان و فشاری دەسەلاَتداران لەسەریان نەیانوێرابێت شیعرەکانیان بە ناوی تەواوی خۆیانەوە بنووسن, وەك: دەمام, شەمام, ئەژدەر, ئەنوەر, قامووس, گەوهەر, نگین, مسکین, مۆمن, سەفیر, کەبیر, ناری, سەیاد, قانوون, لامی, پێشەنگ, ئەوڕەنگ, خەزاوی, خوونچی, عەزازیل, ئیدراك, وردی, نیشان, سەقا, جەرگا, مەرزی, بیا, تەوار, سروور, سەراف, رەزتاو, شەمیل, قەندیل, شمشاڵ, سەیقال, مەستی, غازی, حەریر, تۆفیق.

بۆ چی شێوەزمانی هەورامی بۆ سەردەمانێکی دوور و درێژ

زمانی شیعر و رۆشنبیریی میللەتەکەمان بووە؟

بۆ قسەکردن لەم بارەوە سەرەتا لەوەوە دەوستپێدەکەین کە شێوەزمانی هەورامی یاخود وەك پێیدەوترێت شێوەزمانی گۆرانی, لقێکی زۆردێرینی زمانی کوردییە, ئاشکرایە ژمارەیەکی زۆر لە (زماننا‌سان, خۆرهەلاَتناسان, مێژوونووسان, جوگرافیاناسان, گەڕیدە و گەشتیاران, تۆژەرە و لێکۆڵەرەوان) لەسەر ئەو بڕوایەن کە رەگەکانی زمانی کوردی دەچنەوە سەر زمانی ئەو نەتەوە ئاریانەی کە بە باپیرە هەرە دێرینەکانی کورد لەقەڵەمدەدرێن, وەك نەتەوەی (ماد), هەروەها ئەونەتەوانەی تر کە پێیاندەوترێت (مەنزومەی زاگرۆس), لەم بوارەدا خۆرهەلاَتناسی ناسراو (دارمس تیتر) نووسیویەتی: کتێبی ئاوێستا بەزمانی نەتەوەی (ماد) نووسراوە و زمانی کوردی دەچێتەوەسەر ئەو زمانە.

هەندێك سەرچاوە دەڵێن: دەربارەی زمانی (نەتەوەی ماد) هیچ بەلگەیەك لەبەر دەستدا نییە, هەرچەندە پێشتر وا لەقەڵەمدراوە کە وێنەی دووەمی نووسراوە هەلکۆڵراوەکانی (دایوشی یەکەم) لە ناو شوێنەوارەکانی بێستوون بەزمانی مادەکان نووسراون, بەلاَم پاش چەندین لێکۆڵینەوە و تۆژینەوەی پسپۆڕان و شارەزایان سەلمێنراوە ئەو زمانە زمانی ئیلامییەکانە, لە هەمان ئەو سەرچاوانەدا هاتووە, لێکۆڵەرەوان هیچ دوودڵییەکیان نییە لەوەی زمانی نەتەوەی ماد زۆر لە زمانی پارسی کۆنەوە نزیکبووە, هەروەها مادەکان و پارسەکان زۆر بە ئاسانی لە زمانی یەکتر تێگەیشتوون.

(محەممەد ئەمین زەکی بەگ) نووسیویەتی: زمانی پەهلەوی = زمانی پاڵەوان, وادیارە لە (عێراقی عەجەم, میدیای گەورە, ولاَتی فارس)دا بەکارهێنراوە و قسەپێیکراوە, هاوکات لەبارەگای پادشاکانی نەوەی (کەیخوسرەوی گەورە)دا زمانی رەسمی دەوڵەت بووە, بەلاَم لە ساڵی (211ز-632ز)ەوە بەرە بەرە لە بەکارهێنانکەوتووە و بەفەرمانی پادشا زمانی فارسی کۆن جێگەی گرتۆتەوە, هەر لەدرێژەی نووسینەکەدا هاتووە, (سێر جۆن مالکۆلم) لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بە ناو نیشانی ((history of parsia نووسیویەتی: ئەو تیرانەی لەهەرێمەکانی (کرمان, فارس, هەموو کوردستان, بەشێکی عێراق)دان بەلگەی هەرە بەهێزی رەسەنایەتییان زمانەکەیانە کە زمانێکی توندی پەهلەوییە.

(محەممەد رەسووڵ هاوار) بەزمانی (مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ)ەوە نووسیویەتی: زمانی کوردی بەتایبەت شێوەزمانی گۆران لەهەموو زمانە ئارییەکانیتر لە (زمانی ئاوێستا)وە نزیکە.

شتێکی ئاشکرایە زۆرجار کە باسی شێوەزمانی گۆرانی دەکرێت لەبەرامبەرەکەیدا دەنووسرێت, یاخود دەوترێت شێوەزمانی هەورامی, ئەگەر بەوردیش سەیری جوگرافیای شێوەزمانەکە بکەین, بۆماندەردەکەوێت زیاتر لەهەموو شوێنێك

لەهەوراماندا پارێزراوە, بۆنموونە قسەکردن بە (شێوەزمانی گۆران) لەناو خودی گۆرانەکاندا ئەوەندە کەمبووەتەوە, تەنها بەساڵاچووەکانیان دەتوانن قسەپێبکەن, بۆیە ئەوانە کە بەشێوەزمانی گۆران دەڵێن شێوەزمانی هەورامی هەقی خۆیانە.

(شەمسی قەیسی رازی) کە لەسەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچیدا ژیاوە لە کتێبی (المعجم فی معاییر اشعار العجم)دا نووسیویەتی: باشترین و خۆشترین کێشی هۆنراو فەهلەویاتە کە بە هەواکەی هەورامانی دەڵێن, دیارە مەبەستی لە هەوای هەورامانی, هەواو ئاهەنگی خەڵکی هەورامانە کە بەشێوە زمانی هەورامی یان وەك دەڵێن گۆرانی دەدوێن.

بۆ زیاتر دەرخستنی رەگی شێوەزمانی هەورامی لە مێژوودا بەدەر لەوانەی باسمانکردن, هەروەها لەو قەواڵانەی کەلە هەوراماندا دۆزراونەتەوە و ئێستا لەمۆزەخانەی لەندەندان, باس لەوە دەکەین چەندین وشە و دەستەواژە هەن لەشێوەزمانی هەورامی و هەندێك لە زمانە کۆنەکاندا وەك (عیبری, پەهلەوی باستان=پەهلەوی کۆن, سۆمەری, پارسی باستان=پارسی کۆن) ... هتد) وەکو یەکن, یاخود زۆر لەیەکەوە نزیکن.

شێوەزمانی هەورامی ئەوەندە لەگەڵ زمانی پەهلەوی باستاندا نزیکە, هەندێك دەڵێن شێوەزمانی هەورامی کۆن هەمان زمانی (پەهلەوی باستان)ە، لێرەدا بۆ نموونە نەك سەرژمێر لیستێکی بەراوردکاری بەهەندێك لەو وشە و دەستەواژانە کەلە شێوەزمانی هەورامی و هەردوو زمانی (عیبری, پەهلەوی باستان)دا وەك یەکن دەخەینەڕوو, لەبەرانبەریشیاندا واتاکەیان بەشێوەزمانی کرمانجی باشوور دەنووسین:

| شێوەزمانی هەورامی | زمانی عیبری | شێوەزمانی کرمانجی باشوور |
|---|---|---|
| مانێ | مانێ | هەمبانە |
| پنێ | پنە | دەرخۆنە |
| تاتە | تاتە | باوك |
| هەلچی | هەچی | قارچك |
| مێوە | مێوە | میوە |

| شێوەزمانی هەورامی | زمانی پەهلەوی باستان | سۆرانی |
|---|---|---|
| هەڵسی | ئەرسی | فرمێسك |
| یەوی | یەوە | جۆ |
| ژەنی | ژەن | ژن |


www.pertwk.com

رۆشن رۆشن ڕووناك

هامن هامین هاوین

یەرێ یەرە سێ

پاش ئەم پێشەکیە کورتە و بۆ ئەوەی بچینە ناوەرۆکی بابەتەکەمانەوە دەربارەی باڵادەستبوونی شێوەزمانی هەورامی لەئەدەب و وێژەوانی کوردیدا هەتاکو دەرکەوتنی سێکوچکەی شاعیرەکانی بابان (نالی, سالم, کوردی), سەرەتا دەقی نووسینێکی مامۆستا (عەلائوددینی سەجادی) وەك چۆن خۆی نووسیویەتی, تەنها لەڕێی ڕونووسەوە نەبێت کەمێك دەستکاریدەکەین دەخەینە پێشچاوی خوێنەران و پاشان بەپشتبەستن بەچەند بەڵگەیەك وەڵامێکی ئەو نووسینە دەدەینەوە.

دەقی نووسینەکەی مامۆستا سەجادی بەم شێوەیە:

کورد لەبەرەبەیانی مێژووەوە لەباری ئەدەبیاتدا تێکەڵاوبووە یا لەگەڵ ڕۆم و فارسدا یا لەم ئاخرەدا لەگەڵ تورکدا, هەرچی دەستەی خوێندەواربووە یا سەربەخۆ ئاشنابوون بەبارەگای پادشاکانی تورك و عەجەم, یانزیکبوون بەکۆشکی ئەو خانەدانە کوردانە کە ئەوان هاتوچۆی بارەگاکانیان کردوون, بەیاسای تەبیعەت برەو لەو زمانەدا دەبێت کە پادشا قسەیپێدەکات و پێیکردووە, ئەو زمانە بەئەدەب پیشاندەدرێت کە پادشا قسەیپێکردووە و پێیدەکات, بە درێژایی زەمان ئەم زمانانە لەسەر کورد سووڕاونەتەوە, بەجۆرێك شعووری داپۆشیون تەنانەت ئەوەیان بەدڵدانەهاتووە کە زمانی خۆشیان دەگونجێت ببێت بەزمانێکی ئەدەبی, لەم بوارەدا شیعری فارسی و تورکی لە دیوەخانی ئەو کۆشکانەوە بڵاوبۆتەوە, هەروەها شیعر و ئەدەبی عەرەبیش بەهۆی ئیسلامەتییەوە لەمزگەوتەکانەوە تەنیوەتەوە, دیارە شیعر و ئەدەب لە هەر زەمانێکدا کە تۆ بیگریت دەبێت ئەو کەسە لێیتێبگات ئەو وەختە دەمیبۆبەرێت, نەوەك تەنیا تێگەیشتن بەڵکو هەموو سووچێکی دەبێت بزانێت, لێرەدا ڕەمەکی مەردم یەعنی نەخوێندەوارەکان نەیانتوانیوە و لەکون و قوژبنی زمانێکی وەکو فارسی یا تورکی یا عەرەبی بگەن, هیچ دەمیانبۆنەبردووە وەبڕای بڕای ئەوەشیان بەدڵدا نەهاتووەکە بەو زمانەی خۆیان قسەیپێدەکەن دەتوانن شیعر و ئەدەب بڵێن, وەئەگەر بەدڵیشیاندا هاتبێت وتبێتیان وەکو هاتووە وتوویانە, بەرەی خوێندەوارەکان کە ئەوان ئەدەبیان بە زمانی بێگانە زانیوە چونکە زانیویانە گاڵتەیانپێکردوون و پێیانوتوون (شایەر یان دەلون), بەم بۆنەوە ئەدەبی خاوێنی ئەسڵی زمانەکە پاشکەوتووە, مەبەست بەم قسەیەمان لە بەینی (ئەردەڵان , شارەزوور, موکریان)دایە, واتە کوردی ئەم شوێنانە بێجگە لە هەورامان شیفتەی ئەو زمانانە بوون, مایەوە سەر هەورامان.

هەورامان شوێنێکی شاخ و داخ و وشکە, نە(فارس) خۆیبۆکوتاوە نە (ڕۆم),نە (عەجەم) بە تەنگییەوە بووە نە (تورك), بەم بۆنەوە پیاوەکانی ئەوێ ئاشنای بارەگای پادشاکان نەبوون بەجۆرێکی وەها کە زمانی ئەوان سوار زمانەکەیان بێت, هەر کەدەروونیان هاتبێتە جۆش بە زمانەکەی خۆیان دەریانبڕیوە, لەمەوە ڕەمەکی مەردمەکەش فێربوون کە هەر لەدەورێکی زۆر کۆنەوە شیعر و ئەدەبیان بەزمانەکەی خۆیان وتووە, کە عەرەبیش لە مزگەوتەکانەوە سەریهەڵدا ئەدەبی زمانەکەی خۆیان بە میراتی هەر بۆ مابۆوە, ئیتر خوێندەواری مزگەوتەکان بیزیانلێنەدەهاتەوە, چونکە کابرا لە پێش ئەوەدا بچێتە مزگەوت, گوێی لە باوك یا لە مامە نەخوێندەوارەکەی بووە کە بە زمانەکەی خۆی هەڵبەستی بەسەردا هەڵداوە, ئەمە بێجە

لەوە کە دایکی لە بێشکەدا هەر بەو شێوەیە لایە لایەی بۆ دەکرد, ئەم لە مالاَ کە دەچووە دەریشەوە , لە سەر هەڵپەڕکێ, لە ڕێی کانی, لەبەر بەرۆچکەدا هیچی تری گوێلێنەدەبووتەنیا هۆنراوەی زمانەکەی خۆی نەبێت, ئەمانە هەموو کردیانە کارێك کاتێ کە دەستی دا بە خوێندنی فارسی یات عەرەبی یا زمانێکی تریشەوە, ئەدەبی زمانەکەی خۆی هەر بزانێت.

ئەمە ئەمان تێکڕا بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە ئاشنابوون بە ئەدەبی زمانەکەی خۆیان و فێریبوون, ئینجا بەرەی خوێندەوارەکانیان بەدەم خوێندنەوە پەرتەوازەدەبوون بۆ وڵاتەوکانی (ئەردەڵان, شارەزوور, موکری) لەوێ شیعر و ئەدەبی شێوەی قسەکردنی خۆیان دەخوێندەوە بۆ مەردمی ئەو وڵاتانە, مەردمەکەی ئەوێش تەماشایاندەکرد ئەم ئەدەب و شیعرە جۆرە شێوەیەکە لە شێوەکەی خۆیان ناچێت, لەبەر ئەوە شعووری ئەدەبی بێگانە پەرستی بە جارێ کشابوو بەسەر هۆشیاندا ئەو شێوەیان هەر بە بێگانە دەزانی چونکە لە هینەکەی ئەوان نەدەچوو, ئەمان وەریاندەگرت و لە دیوەخان و مزگەوتەکانیاندا بلاَوەدەبووەوە, ئەوانیش ئەگەر بیانویستایە شتێك بڵێن, دەهاتن پەیڕەوی ئەو شێوەیان دەکرد و بەو شێوەیە ئەدەبی شیعریان دادەنا, وەکو وترا لەو باوەڕەدا نەبووەن یا هەر ئەوەیان بەدڵدا نەدەهات کە بە شێوەکەی خۆیان شیعروتن دەگونجێت.(تا ئێرە دەقی نووسینەکەی مامۆستا سەجاددی)یە.

بۆ ئەوەی قسەیەك لەسەر ئەم نووسینەی (مامۆستا سەجاددی) بکەین, پێویستە کەمێك بەچاوی ڕەخنە و وردبینیەوە لێیڕامێنین و بزانین تا چ ئاستێك مەبەستیپێکاوە, لەم بوارەدا چەند پەیڤێکی نووسینەکەی ئەو بەرێزە دەخەینە بەر قسە و باس بەم شێوەیە:

یەکەم: مامۆستا سەجادی وتوویەتی: (هەورامان شوێنێکی شاخ و داخ و وشکە, نەفارس خۆیبۆکوتاوە نە نە ڕۆم, نەعەجەم بە تەنگییەوەبوون نە تورك).

ئێمەش دەڵێن: ڕاستە هەورامان شوێنێکی شاخ و داخە, بەلاَم شوێنێکی وشك نییە, چونکە وەرزی بەفروبارانی زۆر درێژە و بەشێوەیەکی گشتیش لەچوارچێوەی ئەو ناوچانەدایە کە بارانیان مسۆگەرە و پێیاندەوترێت (مجمونە الّمگار), ئەو جۆرە ناوچانەش لەڕووی زانستییەوە هەرگیز بەناوچەی وشك لەقەڵەمنادرێن، هەروەها چەندین (ڕووباری بچووك, چەم, جۆگە, کانیاو، ئەستێڵ, کارێز، بەهاراو) لەهەردوو دیوی هەوراماندا هەن، بۆ نموونە نەك سەرژمێر ناوی ژمارەیەکیان دەهێنین لەوانە: (ڕووباری سیروان, ڕووباری گاوەرۆ, چەمی زرێبار, چەمی گردەڵان, چەمی گاڕان، چەمی تەنگیسەر، چەمی تەنگیوەر، چەمی پاوە، چەمی نەوسوود، چەمی تەوێڵە، چەمی بیارە، چەمی زەڵم), ئەمانەو هەزاران کانیاوی سارد کە سەرچاوەیان بارانی زۆری هەورامان و بەفری کوێستانەکانیەتی، هەربۆ نموونە لەشوێنێکی وەك تەوێڵەدا ئەم چەم و کانیاوانە هەن: (دەرەۆ ئاوێسەری=چەمی ئاوێسەر، دەرەۆ زاوەری=چەمی دزاوەر، دەرەی وارین=چەمی خوارین، سەرچەمەو چناری=سەرچاوەی چنار(ئاوێسەر)، هانۆ جاخێ، هانە هەڵووچە، هانە دیوا، هانۆ شەکەرێ، هانەکڵە ڕێزینە، هانەکڵە، هانۆ ماوەزای، هانەی دلین، هانەملکشا، هانەسووسوو، هانۆژەنا، هانۆ مەلاَیا، هانۆ خانەقای، هانەکێ گەڕیاتێ=کانیەکانی گەڕیات، هانۆ مەلاَ ساحیبی، هانۆ خالاَنێ، هانۆ کافەکوڵێ، هانۆ سوفیجانەی، هانۆ ویسورەی، هانەکێ وەزڵێێ، هانەکێ بێیەرییێ، هانۆ هەسارو حەمەڕەواسی، هانەکێ سەیمارەواری، هانۆ دەرەتاریکی، هانەکێ دەرەو بەڵخی، هانۆ وەیسەی، هانۆ عەلی ... هتد).

ئەو (ڕووبار، چەم، کانیاو، کارێز)انە هەزاران دۆنم لەباخەکانی هەورامان ئاودەدەن و جوانترین ساباتیان دروستکردووە، ئایا دەکرێت بەشوێنێکی لەم چەشنە بوترێت وشك؟ بێگومان بەدڵنیاییەوە دەڵێین نەخێر.

سەبارەت بەوەش گوایا نە فارس نەڕۆم، نەعەجەم نە تورك, خۆیان بۆ هەورامان نەکوتاوە، ئەوەی لەسەرچاوە مێژووییەکاندا سەلمێنراوە بەجۆرێکیترە، زۆربەی ئەو سەرچاوانە قسە لەسەر ئەوە دەکەن داگیرکارانی کوردستان و ملهوڕانی سەردەمە جیاجیاکان چەندین جار شالاوی دڕندانەیان بردووەتە سەر ناوچەکە، بەڵام لە لایەکەوە خۆڕاگری خەڵکە قارەمانەکەی و پابەندبوونیان بە خۆشەویستی خاکیانەوە، لەلایەکی تریشەوە سروشتە یاخییەکەی هەورامان, وایانکردووە هەمیشە قەڵایەکی پۆڵایینبێت لە ڕوویاندا و هەورامییەکان سەربەرزانە بژین، ئەمانەی خوارەوەش چەند نموونەیەکن لە لەشکرکێشییەکانی داگیرکاران بۆسەر هەورامان لەسەردەمە جیاجیاکاندا:

1-تەگەلات پلاسەری پادشای ئاشووری, پاش گرتنی ئەرمەنستان بەرەو دەریاچەی وان لەشکرکێشی کردووە، پاشان (ئەداد نیراری) و (ئاشوور ناسرپاڵ)ی کوڕی بەمەبەستی پەلاماردان و دەست بەسەراگرتنی ناوچەکانی ژێر دەستی نەتەوە زاگرۆسییەکان لەشکرکێشییان کردووە، بەڵام سەرکەوتنێکی وەهایان بەدەستنەهێناوە و تەنها توانیویانە دەست بەسەر هەندێك لە شوێنە شاخاوییەکانی هەوراماندا بگرن، پاش لەشکرکێشییەکەی (ئەسکەندەری مەکدۆنی)یش لەسەرەتای سەدەی دووەمی پێش زایین هەورامان کەوتووەتە ژێردەسەڵاتی حکومەتی (ئەرمەنستان ئارتاکسایس).

2-لەشکرکێشییە گەورەکەی (مەئموون بەگی ئەردەڵانی) کە بەفیتی داگیرکاران پەلاماری مەڵبەندی حوکمڕانیی (میر سەعید جیاشا)ی حوکمڕانیی هەورامانی داوە، پاش سێ ساڵ گەمارۆدانی بەردەوام شکستیهێناوە.

3-لەشکرکێشییەکەی (میر تەیمووری گورگانی = تەیمووری لەنگ) لەسەردەمی حوکمڕانیی (سلێمان بەگی کوڕی میر سەعید جیاشا), ناوبراو ساڵی (1396ز) حوکمڕانیی هەورامانی گرتۆتە دەست، لەئەنجامی ڕێککەوتنێك لەنێوان هەردوولا (میرتەیموور) لە هەورامانەوە هاتووەتە شارەزوور.

4-هێرشە گەورەکەی (خان ئەحمەد خان) کەبەفیتی عوسمانییەکان کردوویەتیە سەر مەڵبەندی حوکمڕانیی هەورامان و گەمارۆی (قەڵای هەورامان)ی داوە، پاشان شمشێر خستنە گەردەملی حوکمڕانەکانی هەورامان و کۆکوژیەکەی هەموو نەوەکانی (بەهمەن = باپیرە گەورەی حوکمڕانەکانی هەورامان).

5-هێرشی قاجارییەکان بۆسەر هەردوو هەورامانی (تەخت و لهۆن)، کوشتنی (هەسەن سان) لەگوندی (بێڵەك)، کوشتنی (حەمەسەعید سان و ئەوڕەحمان بەگی کوری) لەقەڵای جوانڕۆ.

6-پەلامارە یەك لەدوای یەکەکانی دەوڵەتی عوسمانی بۆسەر هەورامان، دوا پەلاماریان ساڵی (1914ز) کە هەردوو شارەدێی (نەوسوود، نۆدشە)ی تێدا سووتێنراون.

7-لەشکرکێشییە بەردەوامەکانی دەوڵەتەکانی (صەفەوی، ئەفشار، قاجاری) بۆسەر دەوڵەتی عوسمانی و بەپێچەوانەوە کە تێیاندا هەورامان بووە بە گۆڕەپانی جەنگ و ململانێ و خەڵکەکەی زەرەرمەند بوون، زیندوترین نموونەی ئەو جەنگ و

لەشکرکێشیانە لەداستانە شیعرییەکەی (میرزا ئۆلقادری پاوەیی) کە لەژێر ناونیشانی (جەنگنامەی کوللە و ئاینەمەل)دا هۆنراوەتەوە دەکەوێتە ڕوو، ئەمەش چەند دێڕێکە لەو جەنگنامەیە:

پارچەی قەرەداخ تاوە شارەزوور چەنی سلێمانی گرد کەردەن خاپوور

وێران کەرد لهۆن ملك هەورامان نەتەرسا جە زۆر سەلّتەنەی سانان

سەنگەر وست وەپای سەختاخانی سەخت وێرانکەرد مەحالْ هەورامانی تەخت

مەزرعەی مەحالْ کاشتەر جەبیخ کەند تەپلْ هەی تالان جە ژاوەرۆ ژەند

8-هێرشەکانی لەشکری رووسیای تزاری ساڵی (1335ك=1916ز)بۆ سەرناوچەکە و شکستەکانی لە بەردەم جەنگاوەرانی هەورامی و ژمارەیەك لە خێڵە کوردەکان لە (ئارنان, ئاویدەر, وەنسێ و ئەویهەنگ)دا, شاعرێکی خەڵکی بێساران بەناوی (مەلاشەریفی بێسارانی) بە پارچە شعرێك باسی ئەو جەنگ و لەشکرکێشییانەی کردووە, ئەمانەی خوارەوە چەند دێڕێکن لەو شیعرە:

بە تەوفیق ژات خالق العباد داستانێ جە نۆ باوەرین وەیاد

لەشکر کێشی رووس پێ خاك هۆرامان ولایەت سۆچیا گردش بی وێران

مەردم پەرێشان تەمامی دڵ رەنج سەنە جە هەزار سێ صەد و سی و پەنج

بەیان بکەرین پەی برادەران تاکە حاڵی بان ئەو وەخت و زەمان

کاتێ عەشایر خەبەریان زانی تایفەی هەورامی هەم مەریوانی

چی حاڵ و ئەحواڵ دەروون بیەن مات (مەحموود خان دزڵی) روو بە کافران هات

هجومیان هاوەرد, بە تەعجیل و تاو ئێلی عەشایر بەگزادەی رەزاو

9-شالاّوەکانی لەشکری (رەزاشا) بۆ سەر هەورامانی تەخت بە مەبەستی ملکەچپێکردنی خەڵکەکەی, لەیەکێك لەو شالاّوانەدا گوندەکانی (زەلك, وەیسە, دەرەناخێ) سووتێنراون, هەروەها هەوڵەکانی ئەو لەشکرە بۆ چەکداماڵینی (مەحموود خانی دزڵی) و جەنگاوەرەکانی کە نەبەردییەکەی (دەربەند کەڵەوێ) و پاشانیش جەنگی (دەربەندی دزڵی)یان لێکەوتووەتەوە.

1-هێرشە دڕندانەکەی لەشکری (رەزاشا) زستانی ساڵی (1931ز) بۆ سەر قەڵەمڕەوی حوکمڕانیی (جافرسان) لە هەورامانی لهۆن, ئەو هێرشە ئەوەندە دڕندانە و نامەردانە بووە کوشتن و گرتنی سەدان کەس و کاولکارییەکی زۆری لێکەوتووەتەوە, بە


www.pertwk.com

جۆرێك له ناو خەڵكی هەوراماندا ناوی (زمسانی سیاو=زستانی رەش)ی لێنراوه, یەكێك له شاعیرەكانی ئەو سەردەمه به ناوی (مەلا مەحموودی دووریسانی) له پارچه شعرێكیدا بەم شێوەیه باسی ئەو هێرش و پەلامارەی كردووه:

تاریخ هجرەت (شای خیر الانام) هەزار و سێصەد پەنجا بێ تەمام

ساحیب مەنسەبان كۆمیسیۆن كەردەن سێصەد كەس عالی وەدیوان بەردەن

پەوچی پەی دەستوور پادشای ئێران بەسەرحەدی قەسر هەتا مەریوان

جوانرۆ پاوه هەردوو هەورامان ئەترافی مادەشت تا خاكی گۆران

چن وەكێڵ چن میر چنهای چن سوڵتان چن كەیخودای خاس بێ گونا و تاوان

چن جه عالمان بەحری شەریعەت چن مەشایخی ساحیب تەریقەت

چن میرزایان ساحیب تەقریرات جەرووی ئەقڵ و فام گۆیای تەحریرات

جه تەختی شاوه دەستووریٚ دریان تەمامی یەك رۆ باڵ بەسته كریان

دووەم: سەبارەت بەوە وتوویەتی خەڵكی هەورامان ئاشنای بارەگای پادشاكان نەبوون بەجۆرێك زمانی ئەوان سوار زمانەكەیان بێت.

ئێمه دەڵێن: ئەگەر مەبەست له ئاشنایەتیەكه نۆكەرایەتیكردنبێت, ئەوە بەدڵنیاییەوە خەڵكی ناوچەكه زۆربەی زۆری كاتەكان سەربەرزانه ژیاون و ملیان بۆ داگیركاران كەچنەكردووە، بەڵام ئەگەر مەبەست گێلی و نەزانی و خەڵكەكەبێت ، ئەوە پێچەوانەكەی راستە.

سێیەم: سەبارەت بەوەش كه وتوویەتی بەرەی خوێندەوارانی هەورامی بەدەم خوێندنەوە روویاندەكردە (ئەردەڵان، شارەزوور، موكریان), كه شیعری خۆیان دەخوێندەوە بۆ مەردومی ئەو وڵاتانه تەماشایاندەكرد لەشێوەی قسەكردنی خۆیان ناچێت، لەبەر ئەوەی شعوری ئەدەبی بێگانه پەرستی كشابوو بەسەر هۆشیاندا.

نازارێت مامۆستا سەجادی بۆچی شیعری هەورامی خستووەتە ناو ئەدەبی بێگانه پەرستییەوە، لەكاتێكدا زۆربەی (زماناسان، مێژوونووسان، خۆرهەڵاتناسان، لێكۆڵەرەوان) شێوەزمانی هەورامی بەدێرینترین شێوەزمانی كوردی دەزانن، هەر لەم بوارەدا دەڵێین: باشه هەورامانێك خاوەنی چەندین خوێندنگەی دینی گەورە بووبێت، مزگەوت و خانەقاكانی هەمیه شوێنی پێگەیاندنی (فەقێ، مەلا)كان بووبن، زۆربەی عاریف و شاعیرەكانی كورد موریدی شێخەكانی نەقشبەندی هەورامان بووبن، چۆن عەقڵ دەیگرێت خوێندەوارەكانی بەو شێوەیەی مامۆستا باسیكردووە پەرشبووبنەوە بەناو (ئەردەڵان، موكری، شارەزوور)دا، خۆ ئەگەر ژمارەیەكیشیان زەرورەتی بژێوی و گۆڕانكارییەكانی رۆژگار وایلێكردبن, ئەوە بەدڵنیاییەوە كەمینە

هەرە کەمەکەی هەورامییەکان بووە، چونکە چەندین بەڵگە هەن (مەلا، زانا، عارف)ە هەورامییەکان زیاتر پێیانخۆشبووە لەزێدی خۆیاندا ژیان بگوزەرێنن، لەم بوارەدا (مەلا حەسەنی دزڵی) یەکێکە لەوانەی کە لە مامۆستایی زانکۆی ئەزهەر وازیهێناوە و گەڕاوەتەوە بۆ هەورامان, پێیخۆشبووە مەلای گوندێکی بچکۆلەی وەك (ئێلانێ) بێت.

بەلەبرچاوگرتنی ئەم خاڵانەی باسمانکردن پێمانوایە (مامۆستا عەلائوددینی سەجادی) لەبەشی زۆری بۆچوونەکەیدا بەهەڵەدا چووە، راستی مەسەلەی باڵادەستبوونی شێوەزمانی هەورامی بەسەر شێوەزمانەکانی تری کوردیدا بۆماوەیەکی دوورودرێژ بەتایبەت لەبواری شیعر و وێژەوانی، بۆ چەند هۆکارێك دەگەڕێتەوە بەڕای ئێمە ئەمانەی خوارەوە گرنگەکانیانن:

1-شێوەزمانی هەورامی لەڕووی دینییەوە جۆرە پیرۆزییەکی بووە بەوەی رەگەکانی لەناو زمانی ئاوێستا و گاتاکانی زەردەشتدا چەکەرەیانکردووە، هەر لەم بوارەدا گۆرانییە هەورامییەکانیش وێردی سەرزمانی رۆحانییە گەورەکانی دینی زەردەشتی بوون، لەسەر ئاوازەکانیان گاتاکانیان چڕیوە.

2-پاش سەرهەڵدانی (رێوڕەچەی یارسان=کاکەیی)، شێوەزمانی هەورامی کەوتۆتە قۆناغێکی نوێ لەبووژانەوە و بڵاوبوونەوە، چونکە هەموو سرووده دینییەکانی یارسان بەم شێوەزمانە هۆنراونەتەوە، عاریف و شاعیرە یارسانەکان هەموو سرووده‌کانیان بەهەورامی هۆنیوەتەوە و شیعرەکانیشیان بەهەورامی رێکخستوون، هەرکەسێکی یارسان لەهەر شوێنێکدا ژیابێت لەناو چوارچێوەی سرووتە دینییەکانیاندا فێری شێوەزمانی هەورامی بووە.

3-ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە شاعیر و عاریفە گەورەکانی کورد، خەلیفە و موریدی شێخەکانی نەقشبەندی هەورامان بوون، لەبەر ئەوەی ئەو شێخانەش بە هەورامی دواون, ئەوانیش بەزمانی پیرەکانیان شیعریان هۆنیوەتەوە و سۆزی خۆیان و پەیوەندی رۆحیان لەدووتوێی شیعرەکانیاندا خستووەتەڕوو، هەربۆ نموونە هەریەك لە (حەزرەتی مەولەوی، کاك ئەحمەدی پریسی، مەلا حەسەنی جوانڕۆیی، مەلا عوسمانی باڵخی، مەلا محەممەدی مەحوی، سالمی سنە، شێخ عەبدوڵای داخی، مەلا ساڵحی حەریق، شێخ ئەمینی خاڵ، مەلا مەحموودی بێخود، شێخ محەممەدی خاڵ، بابا رەسووڵی بێدەنی، شێخ محەممەد ساڵحی فەخرولعولەما، ... دەیانی تریش) هەورامی نەبوون, بەڵام زۆربەی شیعرەکانیان هەورامین, یاخود بە شێوەزمانی هەورامی شیعریان هۆنیوەتەوە.

4-شێوەزمانی هەورامی شێوەزمانێکی (تەڕدەست، شیرین، پاراو)ە بۆ هۆنینەوەی شیعری کوردی، بەتایبەت ئەو شیعرانەی کەلەسەر کێشی خۆماڵی دەهۆنرێنەوە.

پاش ئەوەی باسێکمان دەربارەی باڵادەستبوونی شێوەزمانی هەورامی لەبواری ئەدەب و شیعر هۆنینەوەدا خستەڕوو، دینە سەر باسکردنی چەردەیەك لەمێژووی ژیان و بەرهەمی شیعری ژمارەیەك لە شاعیرەکانی هەورامان, پێویستە ئاماژە بەوەش بکەین شیعرەکان چۆن هۆنراونەتەوە, دەقا و دەق دەیاننوسین و هیچ جۆرە دەستکارییەکیان ناکەین.

بێسارانی

ناوی مستەفا کوڕی مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا مەحموودی بێسارانییە، دەربارەی مێژووی ژیانی جیاوازی لەسەرچاوەکاندا هەن بەم شێوەیە:

مامۆستا عەلائوددینی سەجادی نووسیویەتی: ساڵی (1052ك=1641ز) لە (گوندی بێساران) هاتووەتە دنیاوە، ساڵی (1113ك=1702ز) لەتەمەنی (61) ساڵیدا کۆچی دواییی کردووە و لەگۆڕستانەکەی نێوان (دووڕوو- ڕەزاو – تەرخانئاوا) بەخاکسپێردراوە.

مامۆستا محەممەد بەهائوددین مەلا صاحب نووسیویەتی: ساڵی (1650ز) هاتووەتە دنیاوە و ساڵی (1706ز) کۆچی دوایی کردووە.

د.صدیقی بۆرەکەیی نووسیویەتی: ساڵی (1053ك=1643ز) هاتووەتە دنیاوە و باوکی ناوی (مەلا قوتبەدینی بێسارانی)یە، ساڵی 1114ك= 1702ز ) کۆچی دوایی کردووە و لەگۆڕستانی (پیرە هەژار)دا بەخاك سپێردراوە.

فلادیمێر مینۆرسکی پێیوایە ساڵی (1760ز) کۆچی دوایی کردووە و لەدێی (دووڕو)دا نێژراوە.

محەممەد ساڵح ئیبراهیم محەممەدی نووسیویەتی: بێسارانی کە خاوەنی دەورێکی خاوێن بووە,

خەڵکی (دێی بێساران)ە لە ناوچەی (ژاوەرۆ) ناحیەی (سەڵوئاوا=سروئاباد), چۆنییەتی بەسەرهاتی ژیانی وەکو زۆربەی شاعیر و زانا وعاریفە کوردەکانی تر هێشتا لە تاریکیدا ماوەتەوە.

ئەم شاعیرەمان هەر لە منداڵییەوە خراوەتە بەر خوێندن، سەرەتا (گولستان و بوویستان)ی خوێندوون، بۆ خوێندن هەموو هەورامان گەڕاوە، لە (نۆدشە، پایگەلان، سنە) فەقێیەتیکردووە، هەر لە سنەش خوێندنی تەواوکردووە و مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە، پاش تەواوکردنی خوێندنەکەی گەڕاوەتەوە بۆ بێساران و پاشماوەی ژیانی بەوانە وتنەوە و ڕێنماییکردنی خەڵك بردۆتەسەر.

بێسارانی شاعیری جوانی و خۆشەویستییە، هەرلە سەردەمی لاوێتیدا شەیدای کیژێکی (پایگەلان)ی بووە بەناوی (ئامینە) و لە شیعرەکانیدا بە (چراغ) ناویهێناوە، لەلایەك خۆشەویستی بۆ ئەو خانمە و لەلایەکی تریشەوە سروشتی دڵڕفێنی ناوچەکەی بوون بەسەرچاوەی هەڵقووڵینی شیعرەکانی, چۆلەکەی شیعریان بەئاسمانی جوانی وشەی کوردیدا هەڵفڕاندووە و جوانترین شاکاری شیعری تۆمارکردووە، هەربۆ نموونە بالەم چەند دێڕە شیعرە وردبببینەوە:

چڵێ نە پەنا چڵێ نە پەنا چڵێ چوون ڕەقیب مدران نە پەنا

هۆرئامان مدران نەڕووی تەمەنا مەر باد قودرەت بدەرۆش فەنا

وەباد قودرەت لەتار لەتار بۆ نمازۆ باڵای قیبلەم دیاربۆ

بسۆزۆ با هر بازەدەی سەحەر ریەش جە زەمین بەربارۆ وەبەر

تا بالآی قیبلەم چوون شەمی خانان بوینو وەچەم جە بەرزە بانان

واتای ئەم دێرانە بەم شێوەیە:

چلێك لەپەناوە بووە بە ملۆزم و نایەلێت بالآی خۆشەویستەکەم لێمەوە دیاربێت، مەگەر بای قودرەت لەناوی ببات، بەلکو بەو ئاگری بەرەبەیانە بسوتێت با لێیدەدات و گەشیدەکاتەوە هەتاوەکو لەبنەوە ریشەکێشببێت، منیش بالآی خۆشەویستەکەم کەوەك مۆمی دیوەخان دەدرەوشێتەوە بەسەربانە بەرزەکانەوە ببینم.

هۆی وتنی ئەم چەند دێڕە شیعرە ئەوەبووە رۆژێك بێسارانی لەسەربانی مزگەوتەکەی گوندی پایگەلان وەستاوە بۆ ئەوەی چاوی بە ئامینەی خۆشەویستی بکەوێت، بەلآم دارتوویەك لە حەوشەکەدا لقەکانی پەرش و بلاو بوونەتەوە و بەرچاویانگرتووە و نەیتوانیوە بەمەرامەکی خۆی بگات، بۆیە لەقولآیی دلیەوە ئەم شیعرانەی هۆنیوەتەوە.

خۆشەویستی بێسارانی بۆ ئامینە کرۆکی خۆشەویستی مەجازی بووەن سۆز و پەیوەندییەکی قوولبووە، هەرچەندە پێدەچێت ئەو هەندێکجار بەرامبەر بێسارانی کەمەوبالات بووبێت، بەلآم شاعیر نەیویستووە ئەگەر بەچەند دێڕێکیش گلەییلێبکات گلەییەکە بەشێوەیەك بێت پەڕەی خونچەی دلی خۆشەویستەکەی بڕاکێنێت, بۆیە لەوکاتانەشدا زۆر بەوریاییەوە هاتووەتە گوفتار وەك لەم چەند دێڕانەدا دەردەکەوێت:

قیبلەم یە حەیفەن وێنەی تۆ شایێ بگێرۆنە دلْ خەشمی گەدایێ

ئەگەر گوناهێ وەنەم کەری بار یەسەر یەشمشێر یە تەناف یەدار

وەگەرنە حەیفەن بەواتەی بەدگۆ نەپەردە مانۆ رازۆ من و تۆ

بەواتای: خۆشەویستەکەم زۆر حەیفە پادشایەکی وەکو تۆ رکابەری لەگەلْ گەدایەکی وەکو مندا بکات، ئەگەر تاوانم هەیە سەرم ئامادەیە بۆ شمشێر و دار و تەناف، ئەگەر واش نییە مەخابن بە قسەی بەدگۆ و ناحەزان رازی خۆشەویستی ئێمە لەژێرپەردەی نهێنیدا بمێنێتەوە.

ئەم جۆرە شیعرانە لەناو گولزاری شیعری کوردیدا زۆر بەرچاو دەکەون, کە تیایاندا شاعیر بەرانبەر خۆشەویستەکەی خۆی زۆر بەکەمدەزانێت و لەناخەوە نەفسیدەشکێنێتەوە، بۆ نموونە (حەزرەتی نالی) فەرموویەتی:

دوور لەتۆ نالی سەگێکە بێوەفایە هەرزەگۆ

بۆچی بانگی ناکەی ئەم کەلبە کەنانی نانیە؟!

(بێسارانی) لە دوو دێڕی تر لە شیعرەکانیدا دەلێت:

کەم خزمەتیم چێش کەم خزمەتیم چێش ئاخ من بزانام کەم خزمەتیم چێش

جە چێش خاترت جە من بیەن رێش ئەگەر دیدەم بۆ کۆر کەرو پەرێش

بە واتای ئاخ بمزانایە لە چی کەمخزمەتم و لەچی دڵت لەمن زویربووە, ئەگەر چاویشم بێت بۆتی کوێردەکەم.

شاعیر لەم دوو دێڕە شیعرەدا دەقا و دەق چووەتە ناو ئەو بابەتە شیعرییەوە کە لە شیعری کۆندا باوبووە, بەوەی زۆرجار دڵداری و خۆشەویستی لای شاعیرەکان بە ئاکارێکی وێرانکەر و (نێگەتیف)دا براون, لەم بوارەدا (بێسارانی) ئامادە بووە بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندی خۆشەویستەکەی هەموو شتێك ببەخشێت, تەنانەت ئەگەر چاویشی دەرهەق بەو کەمتەرخەمبێت بۆیدەربهێنێت و هەتا هەتایی بە کوێری بمێنێتەوە, بەلام ئەمە خۆی لە خۆیدا نە ك هەر جۆرێکە لە خۆبەکەمزانین, بەڵکو لێوان لێویشە لە زیادەڕۆیی, هاوکات شێواندنی بەها جوانەکانی خۆشەویستییە, چونکە شتێکی ئاشکرایە خۆشەویستی سۆزێکی پاك ودنیایەکی بێگەردە, نەوەك کینەبازی و تۆڵەسەندنەوە, ئەگینا ئەگەر کەسێك کەسێکی تری بە راستی خۆشبوێت, هەرگیز حەز بەبچوکترین بێتاقەتی خۆشەویستەکەی ناکات, نەوەك کوێربوونی و بێبەشکردنی لە بینایی.

بێسارانی هەرچۆن سەوداسەری خۆشەویستی (ئامینە) بووە و ئەو خۆشەویستییە بووە بە هەوێنی شیعرەکانی , سروشتی جوانی هەورامانیش لە (شاخی سەرکەش, باخی رازاوە, هەوارگە و سەیرانگەی دڵڕفێن, هاژەی چەم و خوڕەی بەفراو, شەماڵی فێنك و چرپەی دارستان و جۆرەها ئاوازی مەل و بولبول, بۆنی خۆشی گوڵ و گولاڵە رەنگینەکان) لە شیعرەکانیدا رەنگیانداوەتەوە, هەندێکجار ئەم جوانییانە لە ئاست جوانی (ئامینە)دا بوون بە (خاکسار= نۆکەر) وەك لەم چەند دێڕەدا دەردەکەوێت:

چراغ وەنەوشە چنوور چەنی گوڵ عەزم رای وساڵ تۆشان هانە دڵ

چنوور جەسەرکۆ وەنەوشە جە چەم گوڵ جەگوڵستان وەهەم بیەن جەم

واتشان بەمن بەندەی فلانی چون حاڵ زانەنی بەحاڵ مەزانی

بۆ نەڕای ئەلا بکەرە کارێ بیاومێ بەوەصڵ ئەو دڵبەر جارێ

چراغ یا هەر سێم بەستەن بەدەستە جە دەستە دەستە زگاران بەستە

هەر سێم یا ئاوەرد چون خاکساران هەریەك وایەی وێ وەچەم مەداران

چنوور پەی زوڵغت پەشێو حاڵشەن وەنەوشە سەودای خاڵ خەیاڵشەن

گوڵ پەی جەمینت مەسوچۆ چون شەم جە دووریت نیشتەن نەپاش خار خەم

شاعیر لەم چەند دێڕەدا باسی لەوەکردووە گوایا (وەنەوشە, چنوور, گوڵ) کەڵکەڵەی دیداری (ئامینە= خۆشەویستکەی بێساران)یان کەوتۆتەدڵەوە, بۆیە چنوور بەسەر کێوانەوە و وەنەوشە لەناو چەم و گوڵیش لە ناو گوڵستاندا یەکیانگرتووە و هەر سێکیان پێکەوە هانایان بۆ شاعیر هێناوە, بەڵکو لەڕێی خودادا بیانگەیەنێتە خزمەتی ئەو نازدارە, هەتاکو تێر تێر سەیریبکەن, ئەمیش هەرسێکیان کردووە بەچەپك و وەك نۆکەر لەبەردەستیدا ئامادەیکردوون.

لە پارچە شیعرێکی تردا خۆشەویستیەکەی بۆ ئامیینە گەیشتۆتە رادەیەك دوایلێکردووە لەجەژنی قورباندا تیغبخاتە گەردنی و بیکات بە قوربانی, ئەم چەند دێڕەی خوارەوە ئەو راستییەمان بۆ دەسەلمێنن:

چراغ قوربانەن چراغ قوربانەن چراغ ها فەصڵی جەژنی قوربانەن

زەمزەمەی تەوحید رای حاجیانەن قوربانی قوربان ئەمری یەزدانەن

دارا و نەدارا و مسکین و دەروێش گشت کەس مەکەرۆ قوربانی پەی وێش

توش سامن بەرە پەی قوربانی گا سەرەی من ببڕە وەك (خلیل الله)

تیغی بێ دریغ بنیەم نەگەردەن جارِدە وەشاردا قوربانم کەردەن

منیش بەو قوربان زۆر منەت بارم قوربانی قوربان باڵای دڵدارم

واتای ئەم شیعرە بەم شێوەیە:

(چراغ) بە قوربانتم وا وەرزی جەژنی قوربانە و قوربانیکردن جێبەجێکردنی فەرمانی یەزدانە, دارا و نەدارا, موسکێن و دەروێش, هەموویان قوربانیدەکەن, تۆش من ببە بۆ ئەو شوێنەی قوربانیلێدەکرێت و سەرمببڕە, هەر چۆن (حەزرەتی ئیبراهیم) دەیویست کوڕەکەی سەربڕێت و بیکات بە قوربانی, تۆش تیغبنێ لە گەردنی من و بەناو شاردا جاربدە و بڵێ قوربانیمکردووە, منیش بەو قوربانییە زۆر منەتبارم و دەبمبەقوربانی بەژن و باڵای یارەکەم.

(بێسارانی) زێد و مەڵبەندەکەوی خۆی زۆر خۆشویستووە, کاتێك بەمەبەستی خوێندن بۆ ماوەیەك لێیدوورکەوتووەتەوە و مامۆستاکەی بواری گەڕانەوەی نەداوە, لەناخەوە کورەی دڵی هاتووەتەجۆش و ئەم دێڕانەی نەخشاندووە:

چەوساوە دیدەم دوورکەفتەن جە تۆ لێلاَویش لێڵەن لێلاَوتەر مەبۆ

رۆشنی بیسات وەنەم بیەن تار زیندەگیم تاڵەن وێنەی ژاری مار

کەسێ کە بەیتەور حاڵی جەستەش بۆ پێسە جۆیای تۆ ئاوات واستەش بۆ

خاسش هەر ئێدەن مەرگش مهمان بۆ مەگەر ئەو بەمەرگ دەردش دەرمان بۆ

لەم دێڕانەدا بەراشکاوی وتوویەتی: لەو کاتەوە لە زێدەکەی دوورکەوتووەتەوە, چاوی هەمیشە پڕن لە فرمێسك و لێلاّویان هاتووەبەسەردا, بەجارێك دنیای لێتارێکبووە و ژیانی تاڵە وەك ژەهری مار, بۆیە کەسێکیش حاڵی بەم شێوەیە بێت, باشتر وایە مەرگ ببێتە میوانی, چونکە تەنها بەمردن دەرمانی دەردی دەکرێت.

شتێکی ئاشکرایە (پیری) هۆکارێکی گەورەی نائۆمێدیە بۆ مرۆڤ و تا رادەیەکی زۆر هیوابڕاویدەکات, ئەو هیوابڕاوییەش کاریگەری خراپی لەسەر درووستدەکات, (بێسارانی) وەك شاعیرێکی شەیدا و هەست ناسك, ئەو کاریگەرییە لەسەری بەجۆرێك بووە گەیاندوویەتیە حاڵەتێك کە خۆی شوبهاندوویەتی بە (مردن), وەك لەم دێرانەدا دەردەکەوێت:

پیری جێم سەندی پیری جێم سەندی تاب و تەوانا تاقەت جێم سەندی

جوانیم لوا تۆ وەجاش مەندی بەردی بنچینەی بیساتم کەندی

تێش تابی رەفتار تیر ئاسای دووی دەو چالاکی رەوان بێ ئەندیشی شەو

هەڵمەتی رەفتار پڕتاوم کەردی کەم رەفتو بێ زۆر بێ زاتم کەردی

بالآی ئەلف دار دەوەندی دەوان چەفت کەردەوە چون چەفتی کەمان

بینایی دیدەی پڕنووری دووربین وەنەم مەوینو فەرش جە رووی زەمین

گۆنای گوڵ ئەنار گوڵ سیمای گوڵ رەنگ بێ رەونەقت کەرد وێنەی سیا سەنگ

قەتارەی دندان سافی سەدەف دار کەلکورت کەردەن چون کۆنە دیوار

سکەی وەش رەونەق سیای سەوادکار سفید کەرد تا تا چەن بەرفی کوسار

دڵ بیەن بە کۆڵ یەخبەندی نسار نە خەیاڵی عشق نە نیم نگای یار

ئەو نازدارانە پەسەند دیدەی وێم مەوینا سکەم تەعنە مەدان لێم

مەواچان ئەر سەد دانە شناسەن پیرەن بێکەڵکەن پەی مەردەی خاسەن

کارێ پێم کەردی هیچ کەس نەکەردەن ئاخر یاونای حاڵم وەمەردەن

تاکەی دڵ جە جەور جەفات خەڵاس بۆ ساکنی خاك بۆ کۆتایی باس بۆ

سای سەنگی لەحەد سەنگ سەرای گڵکۆ خاستەرەن جەزەوق هامنشینی تۆ

شاعیر لەم چەند دێڕەدا وتوویەتی:

جوانیم لەدەستچوو و پیری شوێنیگرتەوە, بەژن و باڵای ڕێکم چەمایەوە و چاوەکانم بەشێوەیەك کز و لێڵ بوون تەنانەت دیمەنە جوانەکانیش وەك تەم دێنە بەرچاوم، ڕەنگی سووری گوڵهەناری کوڵمەکانم ڕەشهەڵگەڕان و ددانە سپییە جوانەکانم کەلوکوێر بوون، مووی ڕەشم وەکو بەفری کوێستان خاڵخاڵ بووە و دڵم وەك سەهۆڵبەندانی نزارەکان ساردوسڕە، نەبیری خۆشەویستی دەکەم و نەخەیاڵی بینینی یاریش دێتبەسەرمدا، ئەو نازدارانەی کەپێشتر لام پەسەند بوون و خۆشیاندەویستم ئێستاکە دەمبینن تانەملێدەدەن و دەڵێن: هەرچەندە ژیرودانایە بەڵام پیرو بێکەڵکبووە و مردنی باشترە، بۆیە منیش مردن و گۆڕم لاچاکترە هەتا هاونشینی پیری.

بێسارانی یەکێکە لەو شاعیرە گەورانەی (حەزرەتی مەولەوی) وەك شایەتحاڵێك باسی پایەی شیعری کردووە و فەرموویەتی:

بێسارانیەن نەتۆی فەردی من خەم چەنی خەمان زوو مەبۆ ساکن

هەر لەم بوارەدا ئاماژە بەوە دەکەین ئەم دێڕە شیعرە کە دەڵێت:

شەوەن خەڵوەتەن ماڵ بێ ئەغیارەن ئاڵەم گرد وتەن دۆست خەبەردارەن

مامۆستا محەممەد بەهائوددین مەلا صاحب بەشیعری بێسارانی داوەتە قەڵەم، لەکاتێکدا مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس وتوویەتی: شیعری مەولەویە و هۆی هۆنینەوەکەشی بەوە دیاریکردووە, گوایا مەولەوی لە سەفەرێکیدا بۆ کەرکوك و لەسەردەمی ژیانی شێخ عەبدولڕەحمانی خالصی تاڵەبانی بەشەو گەیشتۆتە ئەوێ، یەکسەر چووە بۆلای شێخ و دیویەتی هەرچەندە خەڵك هەموو نووستوون و لەشیرین خەودان کەچی شێخ عەبدوڕەحمان خەریکی خواپەرستییە بۆیە ئەم دێڕە شیعرەی بەسەردا خوێندووەتەوە، ئەویش دەستبەجێ بەم دێڕەی خوارەوە وەڵامیداوەتەوە:

نیازم ناڵەن وەی کەڵپۆسەوە شەوناڵین وەشەن وەلای دۆسەوە

شیخ شەهابی لهۆنی

ئەم شاعیرەمان ناوی (شەهاب کوڕی شێخ ئەمینی لهۆنی)یە, دەربارەی مێژوی ژیانی (د.صدیقی بۆرەکەیی) نووسیویەتی: بە پێی بەیازێکی کۆن کە کەوتووەتەدەستمان, ساڵی (1112ك= 1700ز) لەدایکبووە, هەر لە منداڵییەوە خەریکی خویندن بووە و پاشان چووەتە حوجرەی فەقێیان, بۆ خوێندن زۆر شوێنی هەورامان گەڕاوە, ماوەیەکیش لە (شاری سلێمانی) خوێندوویەتی, دواجار لە (شاری سنە) خوێندنی تەواوکردووە و گەڕاوەتەوە بۆ زێد و مەڵبەندەکەی خۆی, پاشماوەی ژیانی بە وانەوتنەوە و ڕێنمایکردنی موسڵمانانەوە بردووەتەسەر, ساڵی (1185ك= 1771ز) کۆچی دوایی کردووە.

ئەگەر بەوردی لە شیعرەکانی وردببینەوە, لە چەند دێڕێکیاندا بۆماندەردەکەوێت هاوزەمانی (نادر شای ئەفشار) بووە, ئەمەش یەکێکە لەو دێڕانە:

هەر یەکێ با سازو نازو بەربەگ و جەنگ و غەزەل گرد مەوانان بە نەڤم نەووەهاری نادری

دەگێڕنەوە (نادر شا) زۆر رێزی لەم شاعیرە گرتووە و چەند جارێکیش خەلاّتیکردووە.

(شێخ شەهابی لهۆنی) شاعیرێکی تەڕدەست و ناسك گوفتار بووە, شیعرەکانی زیاتر بەدەور و خولی بابەتەکانی (دڵداری و خۆشەویستی, ستایشی سروشت)دا دەسووڕێنەوە, بابزانین لەم پارچە شیعرەیدا چۆن هاتووەتەزمان و وەك وێنەگرێکی کارامە سروشتی هەورامانی بە هەموو جوانییەکانیەوە وێناکردووە و بەشیعری تەڕ و پاراو خستوویەتیە پێشچاومان, ئەمەش دەقی شیعرەکەیەتی:

دیدە گریان, جا بیابان, هەمچو قەیسی عامری

گوڵ حەنا, لەولاو و رەیحان, شەست پەڕ و گوڵ جەعفەری

بۆی گێسوی قرنفل مەرهەمی دەردی دلاّن

وێش پەرێشان, زوڵفداران, عاشقان را خون خوەری

زوڵف عەرووس و تاج خورووس و زەعفەرانی گوڵ وەهار

رۆژ پەرست و دیدە مەست و لالەهای دوختەری

چەند هەزاران رەنگ شوکفتە گهوق توحفەی خاوەران

هەر چڵێ کەردەن بەسەردا چەند گوڵێ بۆ ئەصفەری

صەد هەزاران گوڵ هەزاران رەنگ چون بازار چین

شەوق مەدۆ یەك یەك نەدڵ چون مانگ و زوهرە و موشتەری

نیم بیەن حەیران خار و نیم بیەن حەیران دار

نیم بەر ئامان ئەز شکاف سەنگ خارا و مەڕمەڕی

تیپ بە تیپ, گهوق گهوق کەبك جەم بە جەم سازدا وەهار

صەف بەصەف, صەف صەف, صەفەن صەف صەف دان سەر عەسکەری

زومرە زومرە گوڵ بە قۆشەن بەرد پەرێش ئەو پای کووب

شای وەهار بەخشا بە خەشخاش گهوق توحفەی ئەحمەڕی

چاوشان قازلاخ دەنگ دا نە هەفت ئەوڕەنگ فەڵەك

شاهی نادر نەووەهاران نیشت وە تەخت ئەخچهری

عەندەلیب و بوڵبوڵ و قومری هەزار دەستان نە باغ

فاختە و گوگی و تەزەر و گاوس و کەبك دەری

چەهچەهەی بوڵبوڵ نە باغ و هوهوی قومری نە راغ

قەهقەهەی کەبکان نە داغ و دڵ بە صەد جۆش ئازەری

باقی شنقاڕ و وەحش و گیڕ و گاوس تەیار

هەر یەکێ دەنگێ بە ڕەنگێ خۆش نەوا ئەلحان کەری

هەر یەکێ با ساز و ناز و بەربەگ و چەنگ و غەزەل

گرد مەوانان بە نەغم و نەو وەهاری نادری

فەرش عەنبەر, تەخت گاوس, گوڵ جە کاوس تاجدار

پڕ حوییورو پڕ گوویرو پڕ فریشتەی پەرپەری

سەیردەستان, بەزم مەستان, حوورپەرستان صەد هەزار

نازپەرستان, گوڵ بەدەستان, دەست پڕ ئەنگوشتەری

فەصڵ ساز و فەصڵ ناز و فەصڵ غەمزە و فەصڵ راز

عیشوە سازی, بۆسەبازی, سەرفرازی, یاوەری

فەصڵ جۆش و فەصڵ نۆش و فەصڵ هۆش و غەم خەمۆش

دەس نەدۆش و دوڕ نە گۆش و ناز فرۆشان پەری

فەصڵ چەنگ و فەصڵ دەنگ و فەصڵ رەنگ و فەصڵ مەی

فەصڵ حەی و فەصڵ نەی و فەصڵ مەی و مەی خوەری

فەصڵ شورب و فەصڵ شەهد و فەصڵ قورب و فەصڵ بوعد

چەم بە ئیما, ڕۆخ بە سیما, لەب عەقیق و ئەحمەڕی

فەصڵ وەصڵەن, هەر کە ئەصڵەن, سەعی و کۆشش نۆش مەی

عەیش و شەوقەن, وەقت ژەوقەن, ماچ و موچ و یاوەری

ئەصفەهانی بێخ کاوان, ئەرغەوانی بانەوی

وەش نەوازی, نەغمەسازی, راز شیرین شەکەری

عەزیزم تۆنی گوڵ خاستەر جە گوڵانی وەهار

دڵ منەوەر بی بە دینت هەمچو شەمس خاوەری

ئارەزووی بولبەڵ وەهارەن رەنگ گوڵ وینۆ بە چەم

ئارەزووی من تۆنی دڵبەر چون بە ئینان وەرتری

بۆ (شەهاب)ت بۆ سەراپات فیدا ئەی نازەنین

فەصڵ سەیر و نەوەهاران تۆ جە گوڵها خاستەری

ئەم شیعرە تەنها چەند وشەیەکی هەورامی تێدایە کە تێگەیشتنیان بۆ خوێنەر ئاساننەبێت و پێویست بە شیکردنەوەی درێژی واتای شیعرەکە ناکات, لە خوارەوە بەکورتی واتاکەی شیدەکەینەوە بەم شێوەیە:

گوڵانی جۆر بەجۆر لە هەموو شوێنکدا رواون و وەکو فەرش زەویان داپۆشیوە, تیپ بە تیپ (کەو, بولبول, قومری, تاوس قازی قولنگ) ریزیانبەستووە, لەم چڵەوە بۆ ئەو چڵ دەفرن و بە ئاوازی جۆرا و جۆر دەخوێنن, لە هەموو شوێنێکەوە سەدای چەنگ و ساز و نەی دێتەگوێ, نازداران بە لەنجەر و لار غەمزە و ناز دەفرۆشن و لاوانیش زۆر دڵخۆشن, مەیگێڕان بە پیاڵەی زێڕینەوە مەیدەگێڕن و غەم و پەژارەی دڵ دەڕەوێننەوە, ئازیزەکەم تۆ گوڵێکی چاکتری لە گوڵزاری بەهار, دڵم بە بینینت وەك رۆژ ڕووناکبووەوە, ئارەزووی بولبول ئەوەیە بەهاران گوڵ ببینێت بە چاو, ئارەزووی من بینینی تۆیە چونکە لەمانە لە پێشتری, شەهاب سەرگەردانت بێت ئەی نازەنینەکەم, لەوەرزی نەوبەهاردا تۆ لە گوڵان چاکتری.

ئەگەر کەمێك لەم پارچە شیعرە وردببینەوە بۆمانئاشکرادەبێت, کەم شاعیر توانیویانە بەم شێوەیە باسی جوانییەکانی سروشت بکەن, هاوکات شێوەی ژیانێکی تەمەنناکراو لە ئەندێشەی خۆیاندا تێکەڵ بەو جوانییانە بکەن و بەم شێوازە وەستایانەوە بیخەنە چوارچێوەیەکی شیعری ناسك و مانادارەوە.

(شێخ شەهابی لهۆنی) لە بواری شیعری (دڵداری و خۆشەویستی)شدا ئەسپی خۆی تاوداوە و سوار چاکێکی ئەم مەیدانە بووە, لە پارچە شیعرێکیدا باس لەوە دەکات چۆن خۆشەویستەکەی دڵی رفاندووە, بە جۆرێك ئاگری تێبەرداوە ئارامیلێبڕیوە کەچی هیچ باکێکی پێینییە, ئەم شیعرەی گلەییەکی دۆستانەیە و لە رۆحێکی پاك و هەستێکی ناسکی پڕ لە سۆز و خۆشەویستییەوە هەڵقوڵاوە, ئەمەش شیعرەکەیەتی:

جە تۆ عەفوەن, جە من تاوان جە تۆ فێشتەر بە کێ نازم

فیدات بام شۆخ شیرین وەش ئەنیسی مەحرەمی رازم

چعیف و زەرد و زار و وێم پەرێو یەك نیم نیگاه تۆ

بوینی قاڵب مەردیم, بوانی رۆح پەروازم

نەدارۆ قوەت چەندان, بپێچوون سەر جە عومر تۆ

بە هەر جایێ تۆ واچی شۆ, جە وەردابیت مەبۆن عازم

نیەن مەیلت بە من ئەصڵەن عەجەب بێ مەیلەنی صەد حەیف

کەمێ نامای بدەی مەڵهەم پەرێو ئی زام مارگازم

نیەن شەرگ بوزورگی تۆ پەنەم دەی مننەت چەندان

پەرێ چی قاعیدەت پاسەن, بەڵێ منت نیەن لازم

خودا زانان نە عاڵەم دا نەمەندەن زەڕەیۆ شادیم

بەڵێ جەو ساوە تۆ پۆشان دەرۆ گۆشت جە ئاوازم

فەڵەك کەڕ بی جە ناڵینم, زەمین تەڕ بی جە ئەسرینم

جە تاو هەیبەت دووریت, بوڵەند بی سۆزو ئاوازم

(شەهاب)ت پڕ خەم و خەستەن, چعیف و زار و ناجەستەن


www.pertwk.com

سیا حەیتار تۆ گەستەن, ئەرێ هەی شا شەکەررازم

واتای ئەم شیعرە بەم شێوەیە:

لە تۆ لێبوردن, لە من تاوان بێجگە لە تۆ بەکێ بنازم, بەسەرگەردتبم ئەی شۆخی شیرین و هۆگری رازم, رەنگ زەرد ولاوازم بۆ دیداری تۆ, ئەوەندەم غەمخواردووە و پەژارەمکێشاوە نازانم چۆن توانام هەیە ژیان بەسەربەرم, ئەسڵەن هیچ مەیلێکت بە لای منەوە نیە و کەمێك نەهاتی بەلامەوە, هەتاکو مەڵهەمێکم بدەیتێ بۆ زامی مارانگازم, بەڵێ تۆ منت پێویست نییە, خودا دەزانێ یەك تۆزقاڵ خۆشی لە دڵما نەماوە, فەلەك لە ناڵینم کەڕبوو و زەویش تەڕ بوو بە فرمێسکی چاوم, لە تاوی دووریت سۆز و ئاوازم بەرزبوویەوە, (شەهاب) دڵی پڕ لە پەژارەیە و لاواز بووە بە هۆی ئەوەوە پەلکە رەشمارییەکانت دڵیانگەستووە و بە تەواوی بریندارپانکردووە.

مەلا خدری رواری= روودباری

هەندێك لەو سەرچاوانەی دەربارەی (مەلاخدری رواری) نووسیویانە, دەربارەی مێژووی ژیانی ناوبراو یەکدەنگییەکیان نەداوە بەدەستەوە و جیاوازی لە نێوانیاندا هەن, لەم بوارەدا مامۆستا عەلائوددینی سەجادی نووسیویەتی: ساڵی (1145ك= 1725ز) لە دایکبووە و ساڵی (1210ك=1790ز) کۆچی دوایی کردووە.

(محەممەد ساڵح ئیبراهیم محەممەدی) نووسیویەتی: (مەلا خدر) لە وێژەوانانی خاوەن هونەر و زانست بووە, لە گوندی (روودبار)ی هەورامان لە نزیکی ساڵی (1140ك) لەدایکبووە, هەر لە منداڵییەوە خراوەتە بەر خوێندن, سەرەتا قورئان و کتێبە وردەکانی سەردەمی خویندووە, بە فەقێیەتی بۆ خوێندنی فەرهەنگ و زانست و زانیاری ئیسلامی, بە مەڵبەندەکانی هەردوو میرایەتی (ئەردەڵان, بابان)دا گەڕاوە, پاشان چووەتە (قەڵاچوالان) و لە خزمەتی (شێخ وەسیمی تەختەیی)دا خوێندوویەتی و هەر لای ئەویش مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە, پاش وەرگرتنی مۆڵەت گەڕاوەتەوە بۆ (هەورامان) و بووە بە مەلای (گوندی روار), هاوکات وەك راوێژکاری (ئەحمەدسان) ناوبانگیدەرکردووە, لەسەردەمی حوکمڕانیی (کەریم خانی زەند)دا چەند جارێك بە هاوڕێیی (ئەحمەدسان) سەفەری شیرازی کردووە, بیجگە لە دیوانی شیعرەکانی و کتێبی (رۆڵە بزانی), چەند کتێبێکی تری نووسیوە لەوانە:

1-(دەوڵەتنامە): ئەم کتێبەی بە شیعری هەورامی هۆنیوەتەوە, هەروەها هەمان کتێبی بە ناوی (ئیقباڵنامە)وە بە شێوەزاری کرمانجی خواروو بەشیعر هۆنیوەتەوە.

2-(مەنفومەی عەقیدەی ئیسلام): لەم کتێبەدا فەرموویەتی ئەمەم لە مامۆستام (شێخ وەسیم) وەرگرتووە کە لەجێگەی گشت کەسمە, بۆ ئەوەی دڵنیاییبدات کە زانیارییەکانی ئەم کتێبەی لە ناوبراو وەرگرتووە, ئەم دێڕە شیعرەی وەك بەڵگەیەك نووسیوە:

پێسەش فەرماوان یاگۆ گشت کەسیم ئوستادم شێخی محەممەد وەسیم

(محەممەد سیراجوددینی نیزلّی) نووسیویەتی: (مەلای رواری) ناوی (مامۆستا مەلا خدر)ە, ساڵی (1729ز) لە گوندی (روار= روودبار)ی مەڵبەندی هەورامانی ئێران لە دایکبووە, تا ئەو جێگایەی بەڵگەم دەستکەوتووە, بۆم روونبووەتەوە لە بنەماڵەی (شانیعمەتولاّی وەلی)یە, (مامۆستا مەلاخدر) لە پلەی تێگەیشتن و زانیاری ئیسلامی دەستێکی باڵای هەبووە و بە یەکێك لە زانایانی دینی سەردەمی خۆی دەژمێردرێت, لە فێرکردن و پەروەردەکردنی فوتابیانی دیندا کۆششێکی فراوانیکردووە, هەروەها لە بواری نووسین و شیکردنەوەی مەسەلە دینییەکاندا بێوچان لە هەوڵداندا بووە, بۆ ماوەی (40) ساڵ پێنووسەکەی لە خزمەتی دینی ئیسلامدا بەکارهێناوە, ساڵی (1790ز) لە تەمەنی (61) ساڵیدا ماڵئاوایی لە دنیا کردووە, تەرمی پاکی لە (دێی روار) بە خاکسپێردراوە.

(محەممەد بەهائوددین مەلاصاحب) نووسیویەتی: (مەلا خدری رواری) مەلایەکی زانا, ئەستێرەیەکی گەش بووە بە ئاسمانی ناوچەی هەورامانەوە, زۆر کەس لە زانایی و پەندەکانی بەهرەمەندبوون, خواپەرستێکی راست بووە, ساڵی (1725ز) لە دایکبووە و ساڵی (1790ز) کۆچی دوایی کردووە.

(د.صدیقی بۆرەکەیی) نووسیویەتی: بەپێی کەشکۆڵێکی کۆن کە گەیشتۆتەدەستمان و هەندێك لە شیعرەکانی (مەلاخدری رواری) تێدا نووسراونەتەوە, ناوبراو ساڵی (1147ك=1734ز) لەدایکبووە, بەڵام ساڵی مردنەکەی نەنووسراوە, ناوبراو لەدرێژەی نووسینەکەیدا وتوویەتی: سەرەتا لای باوکی دەستیکردووەتە خوێندن و پاشان چووەتە حوجرەی فەقێیان, بەفەقێیەتی زۆربەی شارەکانی کوردستان گەڕاوە و سەرەنجام چووەتە (قەڵاچوالان) لەوێ لای (شێخ محەممەد وەسیم) فقهلی ئیسلامی خوێندووە و مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە, ساڵی (1210ك=1795ز) لەتەمەنی شەصت و سێ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستاانی (روار) بە خاکسپێردراوە.

(مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) نووسیویەتی: (مەلاخدری رواری) ساڵی (1140ك=1727ز) لەدایکبووە, ساڵی (1200ك=1785ز) کۆچی دوایی کردووە, هەروەها لە درێژەی نووسینەکەیدا هاتووە: کتێبی (رۆڵە بزانی) ساڵی (1197ك=1782ز) داناوە, بۆ ئەم مەبەستەش پشتیبەستووە بەم دوو دێڕە شیعرەی (مەلاخدر) کە فەرموویەتی:

تاریخ نەڤمش بایەد شنەفتەن هەزار و یەکصەد نەوەد و هەفتەن

مانگ رەمەزان شەهر مبارەك ئی نەڤمە پەی خێر دریا تەدارەك

(مەلاخدری رواری) شاعرێکی گەورە و زمانشیرینی میللەتەکەمان بووە و بەهەردوو زمانی (کوردی و عەرەبی) شیعری هۆنیونەتەوە, سەرەڕای پایەی شیعری زانایەکی کەمهاوتابووە بە تایبەت لە بوارەکانی (رێزمانی عەرەبی, مێژووی ئیسلام, لێکدانەوەی قورئانی پیرۆز)دا, هاوکات خۆشنووسێکی بەناوبانگیش بووە, دەوترێت کتێبی (صەحیحی موسلم)ی لە ماوەی ژیانی هەوارنشینیدا بە (50) رۆژ نووسیوەوتەوە.

دەربارەی پایەی بەرزی ئەم زاتە لە بوارەکانی زانست و شیعردا, شاعیری گەورەی میللەتەکەمان (حاجی قادری کۆیی) فەرموویەتی:

وەك مەلا خدری روودباری نییە شیعری ئاوی حەیاتە تاڵی نییە

شیعرەكانی بە شێوەیەكی گشتی بابەتەكانی (دڵداری و خۆشەویستی, كۆمەڵایەتی, خوداناسی) دەگرنە خۆ, زۆربەی شیعرە كۆمەڵایەتییەكانی لە كتێبی (دەوڵەتنامە)دا نووسراونەتەوە, بریتین لە پەند و ئامۆژگاری و مەبەستی لە هۆنینەوەیاندا ئامۆژگاری و رێنمایكردنی خەڵك بووە, بۆ نموونە چەند دێڕێكیان دەخەینە پێشچاو بەم شێوەیە:

بێ یانەی خاسا نەك یانەی پردەنگ بێ پالای خاسا نەك پێلاوی تەنگ

لەم دێڕە شیعرەدا پێماندەڵێت: دووربكەونەوە لە ئاژاوە و دەمەبۆڵەی ناوماڵ, چونكە بێ ماڵی باشترە لە ماڵێك كە ئاژاوەی تێدا بێت و بێ پێلاویش باشترە هەتاكو لەپێكردنی پێلاوی تەنگ.

لەدێڕێكی تردا باسی گرنگی زانست و كاركردنی كردووە لە ژیانی مرۆڤدا, لەم بوارەدا فەرموویەتی:

عیلم چون درەخت عەمەل سەمەرەن عیلمی بێ عەمەل باغی بێ بەرەن

بەواتای زانست وەك دارێك وایە و كردار بەرهەمەكەیەتی, زانستی بێكرداریش وەكو باخێكی بێبەرهەم وایە.

لە دێركی تردا لەدیدی خۆیەوە خەصڵەتی خەڵكی چوار شوێنی خستۆتەڕوو, ئەو چوار شوێنەش بریتین لە:

(روار, پاوە, ئەسپەرێز, ناو), خەڵكی (روار)ی بە زانا و (پاوەیی)یەكانی بە ژیر لەقەڵەمداوە, هەروەها خەڵكی (ئەسپەرێز)ی بەهار و دڕندە و خەڵكی (ناو)یشی بە ساویلكە و نەزان لەقەڵەمداوە, لێرەدا دەڵێن: ئەم حوكمدانەی شاعیر بەسەرخەڵكی ئەو شوێنانەدا حوكمدانێكی رەهایە, زیاتر رای تایبەتی خۆیەتی لەسەریان و ئەو كاریگەرییانەی پێوەدیارە كە لەسەر شاعیر دروستیانكردووە, ئەگینا هەرگیز ئەقڵ نایگرێت خەڵكی گوندێك یان شوێنێك هەموویان (زانا, ژیر), یان (هار و دڕندە), یاخود (گێل و نەزان) بن.

لە دێڕێكی تردا فەرموویەتی:

(گەردەڵە) مەچرۆ ئۆ (گەردەمیان) (چەپی دۆڵ) وەشا هۆبە و زومییان.

شاعیر لەم دێڕە شیعرەدا وتوویەتی:

(گەردەڵە) بانگدەكات لە (گەردەمیان) و دەڵێت (چەپی دۆڵ) خۆشە و هۆبەی (زومییەكانە) سەبارەت بەم دێڕە شیعرە رازێك هەیە باس لەوەدەكات كە ناكۆكییەك دروستبووە لە نێوان خەڵكی هەردوو گوندی (ئەسپەرێز) و (زوم)دا لەسەر موڵكییەتی هەوارگەی (چەپی دۆڵ), كێشەكە ئەوەندە گەورە بووە گەیاندوویانەتە لای (قازی), بەڵام هیچ لایەكیان بەڵگەی تەواویان بەدەستەوەنەبووە بەشێوەیەك بتوانن راستی دواكارییەكەیان بسەلمێنن, لەو كاتەدا پیرێژنێكی بەساڵاچوو چووە بۆ لای (قازی)یەكە و وتوویەتی: من دێڕێك شیعری (مەلا خدری رواری)م لەبەرە, پێدەچێت لەچارەسەری ئەم كێشەیەدا

سوودمەندبێت, کاتێك دێڕە شیعرەکەی خوێندووەتەوە, ئیتر (قازی) دڵنیابووە لەوەی موڵکییەتی (هەوارگەی چەپی دۆڵ) دەگەڕێتەوە بۆ خەڵکی (گوندی زوم).

لە دێڕێکی تردا فەرموویەتی:

(تاقڵە و تەشابی) مدیۆرە (بێلۆ) ئاخو سالێو تەر چەرخ چەنی گێلۆ

(مەلاخدری رواری) لە پارچە شیعرێکیدا باسی پووچگەرایی دنیاو بێهوودەیی ژیانی کردووە و فەرموویەتی: هەموو مرۆڤێك رۆژێك لە دایکدەبێت و رۆژێك دەمرێت, بۆیە چاکترین رێگە لە ژیانیدا بیگرێتەبەر رێگەی (راستی خودایی)یە, ئەمانەی خوارەوە چەند دێڕێکن لە شیعرەکە:

زەمانەی ئەندەن زەمانەی ئەندەن قاپی سەرگوشاد دەر خێر بەندەن

ئی دوو رۆژ عومر باقیات مەندەن ئەویچ فانییەن ئاخۆ تاچەندەن

تەور دەست دەور جە ریشەش کەندەن های بێدارۆ بن ئاندەش نەمەندەن

ئەگەر کەیخەسرەو جەمشید جام بی چون قەیسەر رۆم خاوەن سپا بی

ئەگەر پادشای عالی جەنابی ئەگەر کەیکاوس ئافراسیابی

ئەگەر سلێمان ئەر ئەسکەندەری ئەر خاقان چین ئەگەر سەنجەری

ئەر چون حەکیمان خاوەن دەورانی ئەگەر پادشای فەرمانڕەوانی

ئەر چون شای مەردان فەتحت بەدەسەن ئەر پشتیوانت صەد هەزار کەسەن

ئەر یوسفەنی بە حوسن و جەماڵ ئەگەر قاروونی خاوەن گەنج و ماڵ

ئەگەر رۆستەمی سەهمی سەهمناك ئەصڵت جە خاکەن هەم مەبی بەخاك

ئادەم تاخاتەم جەی دنیای پڕ دەرد فامێوە کەردی کێ بێ کێ نەمەرد

فامێوە کەردێ بە فیکر باریك ئی دنیای رۆشن لێتان بۆ تاریك

واتای ئەم شیعرە بەم شێوەیە:

دنیا پڕوپووچە, مرۆڤ ئەگەر پادشا بێت یان گەدا, دەوڵەمەند بێت یان نەدار, جوان بێت یان ناشیرین, ئەنجامی هەر مردنە و دەچێتە ژێر گڵ, ئەگەر کەیخوسرەو بێت یان جەمشید, ئەگەر وەك قەیسەری رۆم خاوەنی سوپا و سان بێت, ئەگەر پادشای پایە بەرزبێت, ئەگەر کەیکاوس بێت یان ئەفراسیاو, ئەگەر خاقانی چین بێت یان سەنجەر, ئەگەر وەك دانشمەندا ن و حەکیمان

سەرێکی دیاربێت لە ناو خەڵکدا, ئەگەر سەد هەزار کەس پشتیوانتبن, ئەگەر وەك حەزرەتی یووسف جوان و پێکەوتە بێت, یاخود ماڵ و سامانی قاروونت هەبێت, ئەگەر وەك رۆستەم خاوەن هێز و سام بێت, سەرەنجام هەر دەبێت بەخاك, هەر لەسەردەمی (حەزرەتی ئادەم)ەوە تا سەردەمی (حەزرەتی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام د.خ), هەر کەسێك رۆژێك لە دایکبووە و رۆژێکیش مردووە.

وەك پێشتر وتمان یەکێك لە بەرهەمە بلاّوکراوەکانی (مەلاخدری رواری) نامیلکەی شیعری (رۆڵە بزانی)یە, شیعرەکانی ئەم نامیلکەیە لە هەموو روویەکەوە رێکوپێکن و بە سەلیقەی وردوو شێوەیەکی وەستایانە هۆنراونەتەوە, شاعیر مەبەستی خۆی لە هۆنینەوەیاندا بە ئاشکرایی شیکردۆتەوە و زۆریش ئاسانن بۆ تێگەیشتن, شیعرەکانی (رۆڵە بزوانی) باس لەم تەوەرانەی خوارەوە دەکەن:

باوەڕبوون بە تاکوتەنیای خوای گەورە هەم لە رووی خودی و هەم لە رووی سیفاتییەوە.

باوەڕبوون بە پێغەمبەرێتی پێغەمبەری گەورەی ئیسلام(د.خ).

3-باوەڕبوون بە رۆژی کۆتایی و زیندووبوونەوە پاش مردن.

4-باوەڕبوون بە قورئانی پیرۆز و سونە.

5-باوەڕبوون بە بەهەشت و دۆزەخ وەك پاداشت و سزای خودایی.

هەروەها خستنەڕووی بنەما فەرعییەکانی دینی پیرۆزی ئیسلام وەك (نوێژ, رۆژوو, زەکات, حەج بۆ ئەو کەسانەی توانایان هەیە, غەزا لە رێی خودا) و زۆرێك لە رێورەوشتەکانی تری موسڵمانێتی.

لە خوارەوە چەند دێڕێك لە شیعرەکە دەخەینەپێشچاو:

رۆڵـــــە بزانــــــی رۆڵــــــە بزانـــــــــی فەرڤەن وەر جەگشت مەبۆ بزانی

ئەصڵ و فەرع دین چەنی ئەرکانــی چەنی ئەحکامان پەی موسڵمانی

مەبۆ بزانی هەر یۆ پەنجەنێ ئەر جە پەنجەنێ ئەمما گەنجەنێ

ئەصڵ دینمان زاتەن و صیفات مەبدەئو مەعاد پەنجەم نوبوات

فەرع دینمان نمانە و رۆچێ زەكات حەج غەزا بزانە تۆچێ

روكنێو دینمان ئەوەڵ شەهادەت صەلات, صەوم, زەكات, حەج ئیستگاعەت

هەتاكو فەرموویەتی:

رۆڵە بژناسە جەگرد وەرتەری ئەوەڵ خوداوەند هەم پێغەمبەری

پێغەمبەرێمان ئەدا و بابایەش بژناسە چەنی بابە و ئەدایەش

وێش موحەممەدەن بابەش عەبدوڵا عەبدولەتتەلب هاشم چا گەوڵا

عەبدولەنافەن چا گەوڵا قوصەی كلاب و مەررە, كەعبەن و لوئەی

غالب و فەهر و مالكەن سادەی نەچر و كەنانە, چەنی خوزەیمەی

ئەم شیعرە زۆر درێژە و لە خوێندنەوەیدا بۆمان ئاشكرادەبێت (مەلاخدری رواری) چەند خواناسێكی گەورە بووە و چۆن هەوڵیداوە رێگەی خوداناسی راستەقینە فێری خەڵك بكات.

میرزا شەفیع

دەربارەی ئەم شاعیرە تا ئێستا زانیاریەكی وەها بەدەستی ئێمە نەگەیشتووە, ئەوەی لەبەردەستماندایە تەنها چەند پارچە شعرێكییەتی, دەربارەی مێژووی ژیانیشی (مامۆستا محەممەد بەهائوددین مەلا صاحب) نووسیویەتی: میرزا شەفیع هەڵبەستەوانێكی بەناوبانگە, ساڵی (1785ز) لە دایكبووە و ساڵی 1835ز) كۆچی دواییكردوە, هۆنراوەی بەشێوەی هەورامی زۆر بووە.

لە یەكێك لە پارچە شیعرەكانیدا فەرموویەتی:

نگای جامم كەرد نگای جامم كەرد یەك رۆ جەتەقدیر نگای جامم كەرد

سیاو و چەرمەم شناسامەوە شیم وەتاسەی مەرگ هەم ئامامەوە

نەدڵ هۆركێشام هەناسانی سەرد موو چوون مارانگاز نە كەللەم باد بەرد

پەرسام ئەرێ هەی تار بێ وادەی رەشتە هەوای سەرد و گەرم رۆزگار نەچەشتە

پەی چێش تۆ جە خەوف حەق نمەتەرسی هەیما خۆ ساڵت نەیاوان بەسی

تار وات ئەحواڵی سفیدی رەنگم مەر من جە تۆ نیم جە سیاسەنگم

ئەوسا تۆ کەماڵ شایی و زەوقت بێ رۆ جە رۆ ئامای بێشتەر شەوقت بێ

قولەی قەڵای دڵ نەگرتەبێش تەم رۆشن بێ چون جام جهاننمای جەم

سەرووەش مەگێلای بە کاوانەوە هیچ نمەپەرسای جە شا و خانەوە

فەڵەك پەی خەمان من پەسەن کەردەن سەرتاپای تەنم وە خەم پەروەردەن

خەم شیەن نە تۆی مەنزڵگەی شادیم هەر خەمەن مەیۆ موبارەك بادیم

دڵ بی وە بۆتەی مەنزڵخانەی خەم سەد قافڵەی خەمان تێدا گرتەن جەم

ریشەی مووچەنی ریشەی دڵ بەندەن پۆچی میسکم دان کافوورم سەندەن

(شەفیع) مووی سفید روسفیدیتەن هەر چەند نیشانەی نائۆمێدیتەن

لەم شیعرەدا (میرزا) باسی لەوەکردووە کە رۆژێك سەیری ئاوێنەی کردووە, سەیریکردووە مووی سەر و ریشی سپیبوون, بۆیە لەناخی دڵیەوە هەناسەی ساردی هەڵکێشاوە و وتوویەتی: ئەی (تار) کەی کاتی رەشتنی مووی منت بوو, خۆ هێشتا تەمەن بەسی ساڵ نەگەیشتووە, ئەویش وەڵامیداوەتەوە و وتوویەتی: ئەوسا تۆ لەشادی و خۆشیدا بوویت, سەرلووتکەی دڵت تەمنەیگرتبوو, بەڵام ئێستا لە داخی زەمانەی بێهودە و پڕوپووچەوە تازە بە تەمای چیت؟.

(میرزا) لە درێژەی شیعرەکەیدا دەڵێت: دڵم بووە بە کاروانسەرای خەم و لەشم بە خەم پەروەردە بووە, ریشەی مووم بەریشەی دڵمەوە بەندە, بۆیە مووی رەشم کە وەك میسك بوو داومە بە کافووری سپی.

لە پارچە شیعرێکی تردا بێزاری خۆی لە خەم و پەژارە دەربڕیوە, لەم بوارەدا وتوویەتی:

سپای خەم هجوم ئاوردەن ئیمشەو ئەساسی شادیم گرد بەردەن ئیمشەو

تاڵ بیەن یەکسان ئەوقاتم ئەمشەو سەبرم سۆچنان گشت وەهەم ئیمشەو

تا کەی قامەتم خەم وەردەی خەم بۆ تاکەی دەروونم وە خەم ماتەم بۆ

سەڵتەی سیای خەم تاکەی نەدۆش کەم هەڵقەی نیشی خەم تاکەی نە گۆش کەم

تا کەی بوازوون ئاوات ئەو عەدەم تاکەی میسلی خەم بکێشو نەچەم

تاکەی روخسارم چەنی داخ و دەرد بگێڵۆ وە رەنگ زەعفەرانی زەرد

وەی کزی دەرون هوون و هانام بۆ هانای دەردی سەخت کەس نەزانام بۆ

فەڵەك دەردی دڵ جەفای خەم تاکەی پای شکستە و لەنگ رای ستەم تاکەی

بەرقی تیغ جەور رۆزگار تا کەی وارای سەیلی هوون هەورۆی تاو تا کەی

وادەی نەو سیوەیل داران رەشتەن فەسڵی نەوپاییز وارانی وەشتەن

دوورە سۆ ئامای کۆنە داخانەن فەسڵی تەم گیری کۆهو زاخانەن

هوونەی سەیلی هوون جە سەرچەمەی چەم کڵپەی شوورەی نار ناڵەی کوورەی دەم

واتای شیعرەکە بەم شێوەیە:

ئەمشە و سوپای خەمەکانم هێرشیهێناوە و هەموو بنەماکانی خۆشییان بردووم, هەموو کاتەکانی ژیانیان لێتاڵکردووم و سەبریان سووتاندووم, تاکەی دەروونم بە خەم ماتەمبێت و سەڵتەی رەشی خەم بپۆشم, تاکەی روخسارم لەگەڵ داخ و دەردد‌ا ببێت بە زەعفەرانی زەرد, ئەی فەلەك تاکەی دڵم جەفای خەم بکێشێت و قاچم شکستەی رێگەی ستەم بێت.

لێرەدا پێویستە باس لەوە بکەین, (مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی) لە دیوانەکەی (میرزا ئەولقادری پاوەیی)دا, پێنج دێڕ شیعری نووسیوە و بە شیعری (میرزا شەفیع)ی داونەتەقەڵەم, وا ئێمەش لێرەدا ئەو شیعرانە دەنووسینەوە:

جە کۆشان بێ دەرد, جە کۆشان بێ دەرد فەرهاد و مەجنوون جە کۆشان بێ دەرد

فەرهاد کەی رەنجش پەی بێستون بەرد مەجنوون کەی ئاهش تەوەن کەرد وەگەرد

فەرهاد هەر سەنگش تاشا وەتێشە مەجنوون چۆڵگەردیش کەردەبێ پێشە

مەگەر دەردەدار چوون ئەوان مەبۆ رەنگ زەرد و زاییف چون خەزان مەبۆ

مە زەرێ ئەو دەرد هانە دەروون دا وەختەن (نەجد) بدەو وە (بێستوون)دا

حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشی


www.pertwk.com

ناوی (ئەحمەد کوڕی مەلا عەبدولڕەحمانی نۆدشی)یە، دەربارەی مێژووی ژیانی (مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) نووسیویەتی: ساڵی (1228ك=1812ز) لە دایکبووە، هەر بەمنداڵی لای باوکی دەستیکردووە بە خوێندن، قورئانی پیرۆز و وردە کتێبەکانی تەواوکردووە، پاشان بووە بە فەقێ و ماوەیەکیش بە فەقێیەتی هەر لە خزمەتی باوکیدا بووە، بەمەبەستی خوێندن زۆر شوێنی کوردستان گەڕاوە، سەرەنجام لای (مەلا محەممەدی خەتێ) خوێندنی تەواوکردووە و مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە.

(مامۆستا محەممەد بەهائوددین مەلا صاحب) نووسیویەتی: ساڵی (1815ز) لە (نۆدشە) لە دایکبووە، لای (مەلای خەتێ) مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە، کتێبی زۆرە بە تایبەت لە (زانستی نەحو)دا، یەکێك لە کتێبەکانی بەناوی (ڤرفی حاجی مامۆستا) لەو کتێبانەیە کەلە خوێندنگە دینییەکاندا دەخوێنرێت، ساڵی (1883ز) لە شاری سنە کۆچی دوایی کردووە و لە (تەپی شێخ حەمەباقر) بەخاکسپێردراوە.

(مامۆستا عەلائوددینی سەجادی) ساڵی (1815ز) بۆ لەدایکبوونی و ساڵی (1883ز) بۆ کۆچی دوایی دیاریکردووە.

(د.صدیقی بۆرەکەیی)ش نووسیویەتی: ئەم هۆنەرەمان ناوی (ئەحمەد کوڕی عەبدولڕەحمان) و نازناوی شیعری (فانی)یە، ساڵی (1228ك) لە دێی نۆدشە لە دایکبووە و هەر لەوێشدا پێگەیشتووە، قورئانی پیرۆز و وردە کتێبە فارسییەکانی لای باوکی خوێندوون، بە فەقێیەتی زۆر شوێنی کوردستان گەڕاوە و دواجار لە (ڕەواندوز) لای (مەلای خەتێ) مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە، لە بەر ئەوەی کاتێك ناوبراو بووە بە مەلا ماڵی باوکی لەشاری سنەدا نیشتەجێبوون ، (مەلا ئەحمەد)یش گەڕاوەتەوە بۆ ئەو شارە و پاشان لەگەڵ باوکیدا (سنە)یان جێهێشتووە و هاتوونەتە (شاری سلێمانی)، ساڵی (1302ك) لە تەمەنی (75)ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە سەر ڕاسپاردەی خۆی لە (تەپی شێخ حەمە باقر) بە خاکسپێردراوە.

پێویستە باس لەوە بکەین (مەلا عەبدولڕەحمانی باوکی مەلا ئەحمەد)، پاش ئەوەی لەسنەوە هاتووەتە سلێمانی سەرەتا بووە بە مامۆستا و پێشنوێژی مزگەوتی (مەڵکەندی)، پاشان لە بەر زانایی و پایەی زانستی دانراوە بە (موفتی سلێمانی) تا ساڵی (1264ك=1847ز) لەو کارەیدا ماوەتەوە، لە هەمان ساڵدا کۆچی دوایی کردووە و بە یارمەتی (محەممەد مونیب پاشای موتەصریفی سلێمانی) مەلا ئەحمەدی کوڕی لە شوێنی دانراوە.

ئەم زاتە یەکێکبووە لە زانا زۆر بەناوبانگەکانی سەردەمی خۆی و بە حاجی مامۆستا ناسراوە، لە دەریای زانستی دینیدا مەلەوانێکی کەمهاوتا بووە، چەندین مەلای دیاری کوردستان لە ژێردەستیدا مۆڵەتی مەلایەتییان وەرگرتووە، ژمارەیەك کتێبی بەهەردوو زمانی (فارسی، عەرەبی) نووسیون و پەراوێزیشی بۆ ژمارەیەك لە کتێبە دینییەکان کردووە، دەربارەی پایەی زانستی ئەم زاتە جارێکیان پرسیاریان لە (سەی عەبدولڕەحیمی تاوەگۆزی= مەولەوی) کردووە، لەوەڵامدا وتوویەتی: لە ڕاستیدا پایەی زانستی (مەلا ئەحمەد) بۆ من دیارینەکرێت، بەڵام ئەوەندە دەڵێم، جارێکیان گەورە ئاخووندێك هاتبوو بۆ (شاری سنە) منیش لەوێ لە خزمەتی (مەلا ئەحمەد)دا بووم، بەبۆنەی هاتنی ئاخووندەکەوە ژمارەیەکی زۆر لە گەورە پیاوان و زانایانی شار کۆبوونەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا مەسەلەیەك هاتە پێشەوە، (ئاخوون) و (مەلا ئەحمەد) لەسەری کەوتنە قسەوباس، تاماوەیەك قسەی هەردوولا بە جۆرێك بوو هەموو مەلا بەشدارەکان لێیانتێدەگەیشتین، پاش ماوەیەك

ئاستی قسەکردنیان ئەوەندە بەرزبووەوە, ئامادەبووان هیچیانلێتێنەدەگەیشتین و تەنها خۆیان لە یەکتری تێدەگەیشتن, ماوەیەکی تر وایلێهات زانیم ئاخوونەکە لە (مەلا ئەحمەد) تێناگات و تەنها بەلێکردنی بۆ ماوەتەوە.

هەر لەبارەی پایەی زانستی ناوبراوەوە, (مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) نووسیویەتی: لەو کاتەدا (مەلا ئەحمەدی نۆدشی) موفتی شاری سلێمانی بووە, هەندێك لە مەلاکانی ئەوسەردەمە رکابەری بوون و ویستوویانە بیشکێنن, رۆژێك یەکێك لەو مەلایانە شوێنێکی لە (ئیبن حەجەڕ)ی پیشانداوە و داوایکردووە ماناکەی بۆ بداتەوە, بەلاّم بە رێکەوت ئەو نوسخەیە لەو شوێنەدا مەلاکە دیاریکردووە هەڵەیەکی تێدابووە, (مەلا ئەحمەد) دەستبەجێ دەرکی بەو هەڵە کردووە و بەخەتی خۆی رستەیەکی بۆ زیادکردووە و وتوویەتی: ئەم شوێنە بەبێ ئەم زیادکردنەی من مانانادات, ئینجا نوسخەیەکی تری (ئیبن حەجەڕ)یان هێناوە و سەیریانکردووە هەمان زیادەی تێدایە, ئیتر ئەو مەسەلەیە ئەوەندەی تر پایەی (مەلا ئەحمەد)ی لەناو خەڵك بەگشتی و زانیان بەتایبەتی بەرزکردووەتەوە.

هەر لە بارەی پایەی زانستی ئەم زاتەوە دەگێڕنەوە ساڵی (1290ك=1873ز) لەگەڵ (حەزرەتی شێخ محەممەد بەهائوددین) لە رێگەیی رۆیشتنیان بۆ سەفەری حەج, شەوێك بوون بە میوانی (موفتی زەهاوی) لە بەغداد, پاش ناخخواردنی ئێوارە و پشوودان (مەلا ئەحمەد) دەربارەی شوێنێك لە (حاشیەی عەبدولحەکیم لەسەر شەرحە شەمسی) پرسیاری لە موفتی کردووە و ئەویش وەلاّمیدەداتەوە, (مەلا ئەحمەد) رەخنەی لە وەلاّمەکەی گرتووە, ئیتر بە رەخنەو وەلاّمدانەوەی یەکتری ئەو شەوە رۆژیانکروەتەوە.

مەلا ئەحمەدی نۆدشی لەگەڵ ئەوەدا زانایەکی گەورە و شاعرێکی دیار بووە, سۆفییەکی تواوەی ناو (ئەوینی خودایی) بووە, رێوڕەچەی نەقشبەندی لەسەر دەستی (حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجوددین= شێخ عوسمانی تەوێڵە)دا وەرگرتووە, پاش کۆچی دوایی ئەو زاتە بووە بەموریدی (حەزرەتی شێخ محەممەد بەهائوددینی کوڕی) و شوێنێکی دیاری بووە لای شێخەکانی نەقشبەندی هەورامان, هەر ئەوەش وایکردووە کاتێك (حەزرەتی شێخ محەممەد بەهائوددین) چووە بۆ حەج (مەلا ئەحمەدی نۆدشی) لەگەڵ خۆی بردووە, هەر لەم بوارەدا باس لەوە دەکەین(مەلا ئەحمەدی نۆدشی) یەکێك بووە لەو کەسانەی (حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجوددین) لەسەر داواکاری خەڵکی شاری سنە, ناردوونی بۆ لای (ئەمانولاّخانی والی= غولاّمشاخان) بۆ ئەوەی پەشیمانیبکەنەوە لە هێنانی (حاجی کەریم خانی موجتەهیدی هەمەدانی), بەمەبەستی بانگهێشتکردنی خەڵکی کوردستان بۆ ئەوەی ببن بە (شیعە).

(حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشی) لەلایەن حوکمڕانەکانی هەورامانیشەوە رێزێکی زۆری لێگیراوە, لەگەڵ (مەلا عەزیزی هەورامی) هاوڕێیەتی (ئەوڕەحمان بەگی کوڕی حەمەسەعید سان)یان کردووە لەسەفەرەکەیدا بۆ جوانرۆ, لە کاتێکدا ناوبراو لەسە داوای باوکی لە (نەوسوود)ەوە چووە بۆ ئەوێ, بۆ ئەوەی لەگەڵیدا پێکەوە بگەڕێنەوە بۆ (نەوسوود), گوایا بەگەڕانەوەیان (حەمەسەعید سان) حوکمڕانیی هەورامانی لهۆن بگرێتەوەدەست, بەلاّم لە (جوانرۆ) پیلانە گلاّوەکەی (فەرهاد میرزا و عەلی ئەکبەر خانی ئەلّقە لە گوێی) لە دژیان جێبەجێکراوە و کوژراون.

پاش ئەوەی چەردەیەکمان لە مێژووی ژیانی (حاجی مەلا ئەحمەدی نۆدشی) باسکرد, دینەسەر خستنەڕووی چەند نموونەیەك لە شیعرەکانی بەم شێوەیە:

کورەی دڵ چمان جۆشش وەردەوە کەم کەم بێ هۆشی هۆشش بەردەوە

ئەسرین هەم تاف بەست وەڕووی رووەمەدا گفل ئاسا مدۆ وێش وەبوومەدا

بەختم سیاپۆش پێخە پارەشەن شەرارەی ناڵەم شووم ستارەشەن

لەرزەی دڵ جە شەوق پێکانی پەیکان دڵ خاس بە پەیکان نە پەیکان پەیکان

زاهیر هەم فەڵەك کەڵەك بەستە بۆ دیسان دڵ بەتیر دووری خەستەبۆ

دووری ئەو دولبەر جەگیان سوروشتە دیدە بەسورمە بەختی من رەشتە

قامەت سەرووی ناز چەمەی نوور ئاودا نگاش دیدەی عەشق نیدای وەخاودا

گیسوو دڵی شێت لێش کەردەن تاپیر جەو پەی پەی پای یار بیەن بە زەنجیر

یاخۆ مەزاقش یەکێ وجودەن رەمزش ئەو مەقام فەنا و شهودەن

جەمین مەدرەوشۆ بەینی حەیتاران چوون وێنەش نەتۆی دڵەی غەمباران

توڕڕەش وێنەی رەنگ خەیاتەی خامەن یا ریشەی ئەروای بەختی سیامەن

خەم دان بە قامەت نە کەمین گای دڵ ئەبرۆش چوون صەیاد نە سارای جەنگڵ

دیدەش پەڕ پەڕ مەی صەحیح بیمارەن ئەویچ مەرزەدەی نیم نگای یارەن

بینی خەتی نوور خۆرشید لەت کەردە گۆنا وێنەی بەدر رەنج ئەنگوشت بەردە

لەب شەفاف تینەت هەوەس نۆشای هوون مەنمانۆ نەچەم رەنگش لالە گوون

دەهەن نوختەی خەت شۆڵەی لۆلۆی تەڕ ددان خۆ بەردەن رەونەقی گەوهەر

زنج جەسەری دڵ, دڵسەردی دڵبەر ئاوی‌حەیاتەن رچیان مدەوەر

گەردەن شەمعی نوور سافی بێ گەردەن تاریك یانەی دڵ پێش رەوشەن کەردەن

بازو سیمی خام پەنجە رشتەی هوون ناخون ناخنەی دیدەی دەهری دوون

لیمۆش نەخشی زنج کەردەن تەخەلخل نە تۆی سینەی ساف وێنەی پەڕەی گوڵ

جە ئامۆشۆی زنج وە راسو چەپدا دوو نەخْش تێدا بیەن هوەیدا

میان چەنی موو دوو کوت کەردەن موو موو موو راست مدران چ خاس چەنی موو

نافش خۆ بۆ بێز نافەی غەزالەن جە ناف تا زانو دەرکش مەحاڵەن

واتای شیعرەکە بەم شێوەیە:

کورەی ئاگری دڵم گەشبووەتەوە و هۆشی لێمسەندووە، تاڤگەی فرمێسکی چاوەکانم کارێکی بە دڵم کردووە وەك منداڵ لەنا و خاك و خۆڵدا خۆی دەگەوزێنێت، بەختم رەشپۆشە و یەخەی خۆی دادڕیوە، ئەستێرەم تاریکە و لە ترسی تیری یار دڵم کەوتووەتە لەرزین، چەرخ لەگەڵما چەپگەردە، خەوی شیرینم لێزڕاوە و بەداوی پەلکەکانی یار زنجیرکراوم، برۆکانی وەك کەوانی راوچی کاریانلێکردووم، بەدەرکەوتنی روومەتی جوانی سەرمەستدەبم کەچی لێوە ئاڵەکانی مەیلی نۆشینی خوێنم دەکەن، دەمی دەڵێیت بە قەڵەم نەخشکراوە، وەك لۆلۆی تازە پاراوە، دانەکانی نرخی گەوهەریان بەزاندووە و گەردنی جوان و بێگەردی خانووی دڵ رووناکدەکاتەوە، پەنجەکانی لە خوێندا سوورکردوون و نینۆکەکانیشی لە روومەتی زەمانەی بێنرخ گیرکردوون.

ئەم شاعیرەمان زۆر لە پیری بیزار بووە و بابزانین لەم چەند دێڕە شیعرەیدا چۆن سکاڵایکردووە لە پیری و بێتاقەتی خۆی دەرخستووە:

وادەی نەوسیوەیل داران رەشتەن فەصڵ نەوپایز واران وەشتەن

دوورە سۆ ئامای کۆنە داخانەن فەصڵ تەمگیری کۆهـ و زاخانەن

هوونەی سەیلی هوون جە سەرچەمەی چەم کڵپەی شوورەی نار ناڵەی کوورەی دەم

تەم غەم نەسەرسەر سەرکڵاوەی دڵ چەترەن پەرێ عەکس جەمین پەڕەیگوڵ

صەفحەی گۆنای زەرد رەنگ جە خەزان بەر باڵای خەم کاڵاْن نەرەزان بەتەر

سەردی هەناسەی ئێڵاْخەکەی دڵ وتەی سیاکار بەختم جە سەرچڵ

قاژی سەرشێویای ناڵەی بێ ئەپهر ئەپهر وە بەد عەکس ئاوا و دڵبەر

لازم کەردەن لێم فەصڵەکەی پاییز دووروستەن وەهار وەصڵەکەی ئازیز

قیبلەم هەر کەسێ چون من ماتەمەن وەهارش پاییز پاییزش خەمەن


www.pertwk.com

واتای ئەم شیعرە بەم شێوەیە

داری لاوێتم کەوتووەتە وەرین, چاوەکانم ئاودەکەن و غەم وپەژارە بە یەکجارەکی دایگرتووم, هەناسەم ساردبووە و بەختم بە تەواوەتی رەشبووە وەك ئەو قاژەی لە کاتی باوبۆراندا سەریلێدەشێوێت, بەهاری تەمەنم بە جارێك پێپەڕیوە, پایزی تەمەن هاتووە بە پیرمەوە و رووبەرووم بووەتەوە, خۆشەویستەکەم هەر کەسێك وەك من ماتەمبێت, وەرزی بەهاری پاییزە و وەرزی پایزیشی هەمووی غەم و پەژارەیە.

سەی حەبیبی رەوانسەری

ئەم شاعیرەمان ناوی (حەبیبولاّ کوڕی سەی حەسەنی باینچۆیی)یە, دەبارەی مێژووی ژیانی

(د. محەممەد عەلی سوڵتانی) نووسیویەتی: خوالێخۆشبوو (حەبیبولاّ) دایکی لە سەیدەکانی (لهۆن) و باوکی لە سەیدەکانی (باینچۆ)یە, لە گوندی (تەپەلەر) لە دایکبووە, ساڵی (1310هەتاوی) لە رووداوی گرفتاری سەرۆك هۆزەکوردەکاندا دەستگیرکراوە و ماوەی (10) ساڵ لە زیندانی ئەصفەهاندا بەندکراوە, ساڵی (1320هەتاوی) ئازادکراوە.

(د.صدیقی بۆرەکەیی) نووسیویەتی: بە پێی ئەو ئاگادارییانەی کەوتوونەتە دەستمان, ساڵی (1302ك=1884ز) لە گوندی تەپەلەری روانسەردا لە دایکبووە, لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە و پاشان بووە بە فەقێ, بە فەقێیەتی زۆر شوێنی هەورامان گەڕاوە و ماوەیەکیش لە (باینجۆ) بووە, ئینجا گەڕاوەتەوە بۆ زێد و مەڵبەندەکەی خۆی و خەریکی کشتوکاڵ بووە, لە تەمەنی پەنجا ساڵیدا بە هۆی ئازادیخوازییەوە گیراوە, ماوەی دەساڵ لە بەندیخانەی ئەصفەهاندا بووە, پاش ئازادکردنی گەڕاوەتەوە بۆ زێدی خۆی, ساڵی (1385ك=1965ز) لە تەمەنی (83) ساڵیدا لە (کرماشان) کۆچی دوایی کردووە و لەسەر راسپاردەی خۆی لە (گۆڕستانی روانسەر)دا بەخاکسپێردراوە.

(سەی حەبیبی رەوانسەری) پیاوێکی (زانا, خواناس, خاوەن هەڵوێست)بووە, هەمیشە حەزیکردووە لەگەڵ زانایان و شاعیراندا کۆببێتەوە, لەو کۆبوونەوانەدا بابەتی شیعری جۆراوجۆریان خستۆتەبەر قسەوباس, هەروەها حەزی لە خوێندنەوەی کتێبی (مێژوویی, ئەدەبی, جوگرافیایی) کردووە, سەرەڕای ئەوەی خۆی شاعیر بووە و بە یەکێك لە کەڵە شاعیرەکانی گەلەکەمان لەقەڵەمدەدرێت, دەستکی باڵآشی هەبووە لە شیکردنەوەی شیعری شاعیرەکاندا, لەشیعر هۆنینەوەدا سەریکێشاوەتە ناو دەرگای هەموو جۆرە بابەتێکەوە, زۆربەی شیعرەکانی(دڵداری, کۆمەلآیەتی, دینی, ستایشکردنی سروشت)ن.

(سەی حەبیبی رەوانسەری) لەکاتی زیندانیکردنیدا چەندین پارچە شیعری هۆنیوەتەوە, لەو شیعرانەیدا زۆر لە زیندان بێزاربووە و چاوەڕێی ئازادیکردووە, لە پارچەیەکیاندا داوایکردووە لە (شەماڵ) داد و سکالآی ئەو و گشت ئەوانەی تر کە لە

زیندانی (ئەصفەهان)دا بگەێنێتە بارەگای (پێغەمبەری ئیسلام د.خ) و بەڵكو بەزەیبێتەوە پێیاندا و لە ئازاری زیندان رزگاریانبێت, لەم بوارەدا با لەم چەند دێڕەی خوارەوە وردببینەوە:

شەماڵ دەخیلەن قاصدمان نیەن عەرچهی زەلیلان هەر بە تۆ بیەن

جەی وەرتر هەركەس مەبیا گرفتار هاناش بە تۆ بێ پەیك خوەش رەفتار

تۆ پەنا و مەلجەو دەردەدارانی واسگهی وصول بەین یارانی

قاصد بیت جە بەین مەجنوون و لەیلێ عەرچهی قەیس یاونای فراوان خەیلێ

جە رۆژ ئەزەل تا وەرۆی مەحشەر هیچ كەس چون ئێمەش نەیاوان بەسەر

شیرین سواران دەس و دڵ تەیار شیرین بەزم و رەزم رۆژ هەی سوار

گشت پەروەردەی ناز هیجران نەدیدە بێ خەم چون ئاهووی جە گەل رەمیدە

ناكاو تا غافڵ بین وەدامەوە ئاوارەی وەگهن وە صەد زامەوە

ئای جە نالەی تاڵ بلێسەی دەروون فەریاد جەحەسرەت دڵەی پڕ جەهوون

گشت وەبار لێو زام سەختەوە دڵ پڕ جە نەفرین كەچی بەختەوە

گشت دەس وە پارەی زام جەرگەوە تەقەلای بێ سوود وەدەس مەرگەوە

ئای جە قرچەی زام ناسۆر كەفتەمان رەنج چەند ساڵەی وەباد رەفتەمان

جە جەفای گەردوون رەنج بەدكاران مەر خالق زانۆ چۆنمان ویاران

های هانا شەماڵ عەرصەمان تەنگەن پای قاصد وەلای فەریادڕەس لەنگەن

بۆ نە راگەی حەق شەماڵ رەهبەر هەرچەند زەحمەتەن مدارا مەكەر

عەرچ ئی جەرگەی جگەر هوونینە ببەر وە قاپی شاهی مەدینە

عەرچمان وە لای كەس نەدارۆ ئەپهر مەگەر نەدەرگای شای خەیرولبەشەر

دمای خاكبۆسی بارگای ئەعقهم فەخر كاینات رەسوول خاتەم

سەرکردە و سالار گشت ئەنبیاهان ئەشرەف مەخلووقات پادشای شاهان

دادرەس دوو عالەم فرستادەی حەق بەرگوزیدەی زات پادشای موگڵەق

عەرچهی زەلیلی جەرگەی بێ تاوان گیر وەردەی توهمەت دەروون سیاوان

شەرح حاڵمان وە سۆز دەروون یەك یەك بەیان کەر تۆ ژات بێچوون

عەرج کەر یا رەسووڵ پادشای ئەکبەر پەنای ئۆمەتان نە شارای مەحشەر

جەمع مەحبووسین حەبس ئەصفەهان ئیرادەی تەقدیر پادشای سوبحان

ئۆمێدشان جە لای مەخلووقات بڕیان پەردەی صەبرشان هەزار جار دڕیان

جە قاپی قادر تاك تەنیای فەرد تۆشان وە شەفیع گوناشان ئاوەرد

ئە صەد گونابار غەرق عصیانن چەمەڕای ئۆمێد عەفو سویحانن

ئیسە چەمەڕای رەحم خاص توون ئۆفتادەی مەینەت زەبوونەن زەبوون

بە حاجەت قوربت نە دەرگای ئەکبەر نەجاتشان جە حەبس ئەصفەهان بدەر

کافر نەوینۆ حاڵ جەستەشان بۆی قرچەی کەواو دڵەی خەستەشان

وێنەی زەمزەمەی دیوان مەحشەر بەزەییت بۆ پێشان یا شاهی سەروەر

واتای شیعرەکە بەم شێوەیە:

شەماڵ دەخیلتم هەمیشە داواکاری لێقەوماوان هەر بە تۆ بووە, لەمەوپێش هەرکەسێك گرفتاربووە هانای بۆ تۆ هێناوە, تۆ پەناو دالْدەی دەردەدارانی و هۆی بەیەکگەیشتنی بەینی خۆشەویستانی, پەیامبەری لە نێوان (مەجنوون و لەیلێ) و چەندین نامەی (قەیس= مەجنوون)ت پێگەیاندووە, هەر لە سەرەتای دنیاوە تا رۆژی مەحشەر هیچ کەس وەکو ئێمەی لێنەهاتووە و لێینایەت, ئێمە کە هەموو بە ناز پەروەردەکرابووین و ئازاری دووریمان نە چێشتبوو, وەك ئاسکی پەرتەوازە لە رەوەکەی کەوتینە نێو داوەوە و بەصەد برینەوە ئاوارەی نیشتمان بووین, هەموومان بە باری لێو و برینی سەختەوە لە بەدبەختی خۆمان دەم بە نەفرینین,

هەموومان جگەرمان پارەکرا و بریندار و بێهوودە تەقەلادەدەین بۆ مردن, ئای لە قرچەی برین و رەنجی بەباچووی چەندین ساڵەمان, ئەی شەماڵی رابەر وەرە لە رێی خودا داواکاری ئەم جگەرە خوێناویە بگەیەنە (پادشای مەدینە=

پێغەمبەری مەزن د.خ),پاش ئەوەی خاکی بارەگاکەی سەرکردەی گشت پێغەمبەران و شەرەفمەندترین درووستکراوی (پادشای شاهان= خودای مەزن)ت ماچکرد, یەك یەك باسی حاڵی ئێمەی بۆبکە و پێیبڵێ: ئەی پێغەمبەری مەزن و پادشای گەورە, تۆ لە ڕۆژی مەحشەردا پشتوپەنای هەمووانی, وا کۆمەڵی بەندکراوانی (زیندانی ئەصفەهان) هیوابڕاوبوون و ئارامینەماوە, پەنایانهێناوە بۆ بەردەرگای تۆ و ئەگەر صەدجاریش گونەهباربن چاوەڕێی لێبوردنی خوای گەورەن, لە بەر خاتری نزیکیت لە بارەگای یەزدان رزگاریانبکە لەزیندانی ئەصفەهان.

(سەی حەبیبی ڕەوانسەری) چونکە کەسێکی ئیماندار و خواناس بووە, سەرەڕای ئەو هەموو ئێش و ئازارەی لە زینداندا چێشتوویانە لەگەڵێ هاوڕێکانیدا, هەمیشە هیوای بە خوای خۆی هەبووە رزگاریانبکات و بە فریایانەوەبێت.

لە پارچەیەکی تری شیعرەکانیدا کە سەرەتاکەیان بە پارانە و ستایشی خودای گەورە دەسستیپێکردووە, وتوویەتی:

یا ژات بێچوون, یا ژات بێچوون پەنام هەر بە تۆن یا ژات بێچوون

یا گەڕدانەندەی دەور بێ سکوون پەی تەعدیل حاڵ ئەهل دنیای دوون

ئاگا جە ئەحواڵ گشت دەردەداران مەرهەم نمای زام جەرگ بیماران

جە راز گەردوون مە حبووس و ئازاد وێت خاس مەزانی شای موشکڵ گوشاد

زوان جە تەعریف ژات پاك تۆ لاڵەن جە ئەوصاف کۆنە ژات تۆ

من بەندەی چهعیف بێ هۆشم کەم فام وەصف و پەنای تۆ نمەبۆ تەمام

یەقین مەزانی وەحاڵ دەردم وە لافاو خەم وەی ئلە سەردم

خالق یەك بەندەی گونابار تۆم رووسیای عوصیان شەرمەزار تۆم

جە قرچەی دەروون شەوان تا بە رۆ خاس ئاگاییت هەن شای کەرەم بێ شۆ

ئەگەر بەیان کەم دەردان سەختم ئەوەڵ تا ئاخر سیاهی بەختم

گشت جە کتابچەی دەفتەردار وێت مەواچۆن واچح مەخفی نیەن لێت

یا رەب وە حاجەت ئیسم ئەعقهمت بە سڕ دەروون سینەی مەحرەمت

وە سۆز ئیخلاص شەو بێدارانت بە بیم و ئومێد گوناکارانت

نە رای عەدالەت دیوان مەحشەر جە دەریای زوخاو نەجاتمان بدەر

یا حەق بۆ ئێمەیچ نە راگەی قورئان نەجات دەر جە حەبس شووم ئەصفەهان

جەی ئاخر عومر باگل سەرف کەردەم رۆزگار حەبس مەینەت ئاوەردەم

ئاخر نەفەسەن گیان جە قەفەسەن تۆ ژاتت قەسەم بێ باکی وەسەن

یا نە جات یا مەرگ وە ئیمان پاك عەگاکەر پێمان فەرد تەنیای تاك

یەك ئەمجار وەرەحم ئی (38) نەفەر جەی گێجاو غەم یەکجار نەجات دەر

عەبدەکەت (حەبیب) صەد گوناباره‌ن چەمەڕای عەفووی پەروەردگارەن

واتای ئەم شیعرە بەم شێوەیە:

ئەی خوای گەورە و ئەی زاتی رەها, ئەی هەڵسووڕێنەری چەرخی رانەوەستاو, ئەی ئاگادار لە گوزەرانی هەموو دەردەداران, هەرخۆت مەلهەم دەنوێنیت بۆ برینی جگەری بیماران, من کە بەندەیەکی لاواز و بێدەسەلاٌت,م هەرگیز ناتوانم بە تەواوی ستایشتبکەم, خۆت بە حاڵێ دەردی هەموو خەڵکانی (زیندانی و ئازاد) باش دەزانیت, من کە بەندەیەکی (بێدەسەلاٌت و بێهۆش و نەزانم), ستایشی تۆم پێتەواوناکرێت, دڵنیام باش بە حاڵی دەردم و بە لافاوی خەم و هەناسەی ساردم دەزانیت, ئەی درووستکار من بەندەیەکی گونابار و شەرمەزاری تۆم, ئەگەر دەردی خۆم هەڵڕێژم بۆ خەڵك چەند دەفتەرێك پڕدەکاتەوە, یا خوای گەورە بۆ خاتری ناوی گەورەت, بۆ خاتری سۆز و دڵسۆزی ئەوانەی شەوانە بۆ رەزامەندیت شەونخونیدەکێشن, بۆ خاتری گەورەیی قورئان, رزگارمانبکە لە (زیندنی ئەصفەهان), لەم ئاخر و ئۆخری تەمەنەوە کە بە فیڕۆمداوە, یا رزگارمانکە یاخود مەرگ ببەخشەپێمان, بە زەییت بەم (38) کەسەدا بێتەوە و لەم گێژاوی خەمە قوتارمانبکە, هەرچەند (حەبیب)ی بەندەت زۆر تاوانبارە, چاوەڕێی لیبوردنتە ئەی پەروەردگار.

(لەم شیعرەدا دەردەکەوێت ژمارەی ئەو زیندانییانەی پێکەوە دەستگیرکراون و زیندانیکراون (38) زیندانی بوون).

(د.صدیقی بۆرەکەیی) نووسیویەتی: (سەی حەبیب) پاش ئازادبوونی لە زیندانی ئەصفەهان گەڕاوەتەوە بۆ زێد و ماوای خۆی, ئیتر سەرقاڵی دابینکردنی بژێوی خێزانی بووە و کەمتر شیعری هۆنیوەتەوە, ئەگەر شیعریشی هۆنیبێتەوە شتێکی بە دەستی ئێمە نەگەیشتووە, تا بزانین پاش ئەو هەموو چەرمەسەرێی زیندانە بیروڕای چی بووە؟.

شێخ محەممەد ساڵحی فەخرولعولەما

یەکێکە لە ئەستێرە گەشەکانی ئاسمانی شیعری کوردی, دەربارەی مێژووی ژیانی (مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) نووسیویەتی: مەلا محەممەدساڵی کوڕی شێخ محەممەدی کوڕی شێخ ئیمامی کوڕی شێخ قەسیمی کوڕی شێخ مەحموودی کوڕی شێخ ئەحمەدی تەختەیی)یە کە بە (شێخ ئەحمەدی عەللامە) بەناوبانگبووە, باوك و باپیری ئەم زاتە لەشێخ

مەحموود بەرەوخواریانەوە ولآتی خۆیانیان بەجێهێشتووە و لە دێی (دژەن) نیشتەجێبوون, ئەم زاتە پاش ئیجازەوەرگرتن لە (سنە) نیشتەجێبووە, لە کەشکۆڵەکەی (مەحموود پاشای جاف)دا چەند پارچە شیعرێکیم بەرچاوکەوتووە.

مامۆستا عەلائوددینی سەجادی نووسیویەتی: مەلا محەممەد ساڵحی فەخرولعولەمای سنەیی, ساڵی (1830ز) لە دایکبووە و ساڵی (1885ز) کۆچی دوایی کردووە.

د.صدیقی بۆرەکەیی نووسیویەتی: ناوی (محەممەد ساڵح کوڕی شێخ ئیمامەددین و نازناوی (فخر العلماو) وناتۆرەی (حەیران)ە و لە بنەماڵەی مەردۆخییە, ساڵی (1250ك=1834ز) لە دێی (دژەن) کە لە نزیك (پاڵەنگان)دایە پێیناوەتە مەیدانی ژیانەوە و هەر لە منداڵییەوە لای باوکی خەریکی خوێندن بووە, ساڵی (1305ك=1887ز) لە شاری سنە کۆچی دوایی کردووە. (شێخ ئیمامەددین)ی باوکی ئەم شاعیرە یەکێکبووە لە زانا پایە بەرزەکانی سەردەمی خۆی, دەسەڵآتدارانی ئەردەڵآنی بانگیانکردووە بۆ لای خۆیان و لە شاری (سنە)دا نیشتەجێبووە, ئیتر بوارێکی باش رەخساوە بۆ (شێخ محەممەدساڵح) بۆخوێندن و لە خوێندنگە ئایینییەکانی ئەو شارەدا خوێندوویەتی, هەروەها رێزمانی عەرەبی و فقهی ئیسلامی لە مزگەوتی (دارولئیحسان)دا خوێندووە.

ئەم شاعیرەمان کەسێکی (زیرەك, هۆشیار و سەلیقەدار) بووە, پاش تەواوکردنی خوێندن و وەرگرتنی مۆڵەتی مەلایەتی زانایەکی کەمنموونەی لێدەرچووە, ئەوەندە زانا بووە سەرداره ئەردەڵآنییەکان و گەورە مەلاکانی ئەوسەردەمە نازناوی (فخر العلماو)یان داوەتێ, هەموویان رێزیالێگرتووە و راوێژیاپێکردووە.

(شێخ محەممەساڵح) چەندە لە زانستە دینییەکاندا سەرکەوتووبووە, بەهەمان شێوەش لە شیعر هۆنیەنەوەدا بەهرەمەندبووە, بەهەر سێ زمانی (فارسی, کوردی, عەرەبی) شیعری هۆنیونەتەوە, شیعرە کوردییەکانی زیاتر بەشێوەزمانی هەورامی هۆنیونەتەوە, هەرچەندە وەك پێشتر باسمانکرد خۆی بەرەچەڵەك لە شێخەکانی تەختەییە, بەڵآم چوارپشتی لە گوندی (دژەن)دا ژیاون و شێوەزمانی هەورامی بووە بە شێوەزمانی دایکزادی.

شاعیری ناوبراو هەرچەندە مەلایەکی گەورەبووە ئەویندارێکی سەرمەستیشبووە, رازی ئەشق و دڵداری ناوبراو هەتاکو ئێستاش پیاوە پیرەکانی (سنە) لەکۆڕی دەمەتەقێ و شەونشینییەکاندا دەما و دەم دیگێڕنەوە, کورتەی ئەو رازەش بەم شێوەیەبووە:

(شێخ محەممەساڵح) هەر لەسەردەمی دواپلەی فەقێیەتییەوە کەوتووەتە داوی ئەوینی کچێکی (گاور)ی سنەییەوە وئەو کچە بووە سەرچاوەیەکی لە بنەهاتوو بۆ هەڵقوڵینی شیعرەکانی, ئەو خۆشەویستییە لەسەرەتاوە مێشکی ئەم زاتەی کرۆشتووە و هەمیشە ئازاریداوە, چونکە لە لایەکەوە بەشێوەیەکی نهێنی بووە و شاعیر زانیویەتی ئاشکراکردنی خۆشەویستییەکەی بەزاندنی نەریتە دینی و کۆمەڵآیەتییە باڵآدەستەکانی خەڵکی ناوچەکە بەگشتی و خزم و کەسوکارەکانی خۆیەتی بەتایبەتی, لەبەرئەوەی ئەم لە بنەماڵەیەکی دیندار و ئایینناس بووە, ئاشکراکردنی خۆشەویستییەکەی زۆر لە دەسەڵآتی ئەو گەورەتربووە, لە لایەکی تریشەوە خۆشەویستەکەی زۆر لێیبێباکبووە و هیچ مەیلی بەلایەوە نەبووە, (شاعیر)یش هیچ رێیەکی تری نەبووە, بێجگە لەوەی لە رێی شیعری شیرین و ناسکەوە هەست و سۆزی خۆی دەربڕێت, بەوەش قەرەبووی نائارامی خۆی کردووەتەوە, لە پارچە شیعرێکیدا وتوویەتی:


www.pertwk.com

نەدیم نەشنەفتم نە رۆزگاران دووتەن وە یەك دڵ دەوران بویاران

ئێد مەیلش وە چەپ ئەو یەك وەراسەن ئێد پارە کەردەن, ئەو یەك وراسەن

ئێد مەیلش پاپێچ ریشەکەی گیانەن ئەو یەك وەفریو حەرف زوانەن

تەزەروان نە پای سەروان مەناڵان سەروان سەر نە ئەوج وە هەوای یاڵان

بولبولان جە داخ نەوگوڵان زارن گوڵان هەم ئاغوش سەر نبش خارن

موفلیسان پەی گەنج نە رەنج دامەردەن گەنج دەس وەگەردەن ئەژدەها کەردەن

فەرهاد پەی شیرین نەچەم هوون رێزەن شیرین نە گەرم بەزم عەیش پەروێزەن

مەجنوون پەی لەیلێ بێزار جە گهرەب لەیلێ نەگهرەب سەر ئێل عەرەب

پەی تەرسا صەنعان دین وە تاراج دا سککەی نەصرانی پەرسان رەواج دا

هەر سێ وە عەشقم مەشقشان کەردەن هیچ کام پەی وە مەرز عەشقم نەبەردەن

چێش واچوو ئازیز, من پەی تۆ چوونم سەرمەشق فەرهاد شێخ و مەجنوونم

جا تویچ نەچون لەیل بە وێنەی تەرسا نە شێوەی شیرین جە حەق نەتەرسا

خاگرت وە مەیل رەقیبان کەیل کەرد منت سەرگەردان سارای دوجەیل کەرد

هەر لالآم, نالآم, زاریام, پالآم تا وەدیدەم گەرد رای رەقیب مالآم

ئاخر وەهیچ رەنگ سوودێ نەبەخشا دڵت وێنەی سەنگ سیا نەلەخشا

نە زەڕێ مەیلم نە دڵتا جا کەرد نەکەمێ مەیلش نە دڵتا لابەرد

ئازیزم قوربان, زیندەگیم رۆحم منیچ چی مەیلە تۆبەی نەصۆحم

بەلآم گەرمی تاو کوورەی دەروونم سەردی هەناسەی جەستەی زەبوونم

ئەو یەك رەقیبت وە قەقنەس کەرۆ ئێد گەرد شادیش پەرێ هەرد بەرۆ

واتای شیعرەکە بەم شێوەیە:

نەمدیوە و نەمبیستووە دوو کەس بەیەك دڵەوە بژین و ڕۆژگار ببەنەسەر, کەچی یەکێکیان حەز بەلای چەپ بکات و ئەویتریان بەلای راست, ئەمیان بیدرێنێت و ئەویان بیدورێتەوە, ئەمیان مەیلی بەرپشەی گیانیەوە بەسترابێتەوە و ئەو بەزمانی خەڵك فریوبدات, کۆترەباریکەکان لەبەر دار سەروەکاندا دەناڵێنن و دارسەروەکانیش ئەوەندە بەرزن ئەوان نایانگەنێ, بولبولەکان بەداخی گوڵەکانەوە دەناڵێنن و گوڵەکانیش باوەشیانکردووە بە درِك و داڵدا, موفلیسەکان بۆ بەدەستهینانی گەنجینە ئەوەندە رەنجیانداوە گەیشوونەتە مردن, گەنجینەش دەستیکردووەتە ملی ئەژدەها, فەرهاد بۆ شیرین خوێن لە چاوانییەوە دێن و شیرینیش بێباکانە لەگەڵ خەسرودا رایدەبوێرێت, مەجنوون بۆ لەیلا لە ئاواز و گۆرانی بێزارە و لەیلا لە بەزم و رەزمی سەر ئێلی عەرەبدایە, (شێخی صەنعان) بۆ (تەرسا) لەدین لایدا و بە دراوی نەصرانییەکان رەواجیدا, ئەم سێ کەسە بە ئەوینی من مەشقیانکردووە, کەچی هیچکامێکیان لە سنووری ئەوینم تێنەگەیشتوون و پەیانپێینەبردووە, چی بڵێم ئازیزەکەم کەمن بۆ تۆ چۆنم؟ من سەرمەشقی خۆشەویستی (فەرهاد و مەجنوون)م, کەچی منت ئاوارە و دەربەدەرکرد, ئەوەندە (ناڵاندم و گریام و پارامەوە) تا رادەیەك بەچاوم تۆزی رێگەی رکەبەرانم پاککردەوە, ئەمانە هەموویان بە هیچ جۆرێك سوودیاننەبەخشی و دڵت بۆم نەسووتا, ئازیزەکەم, رۆحەکەوم, هەمووژیانم, باش ئەوە بزانە تاوی گەرمای کوورەی دەروونم و ساردی هەناسەی جەستەی بێچارە و داماوم, ئەمیان رکابەرەکەت دەکات بە قەقنەس و ئەویتریشیان تۆز و گەردی شادیی ئەو بۆ هەردەکان دەبات.

لێرەد قسە لەسەر ئەوەدەکەین بێمەیلی خۆشەویستەکەی هەرگیز واینەکردووە لە (شێخ محەممەد ساڵح) تۆسقاڵێك لە خۆشەویستییەکەی بۆی کەمببێتەوە, بەڵکو ئەو خۆشەویستییە رۆژ لە دوای رۆژ زیادیکردووە, بە شێوەیەك بەتەواوی ئارامینەماوە ئۆقرەی لێبڕاوە, دواجار هێزێکی وەهای پێبەخشیوە لای هەندێك لە دۆستە نزیکەکانی و ئاشنایانیەوە رازی خۆشەویستییەکەی درکاندووە, ئیتر لەماوەیەکی کەمدا ئەو رازە بە هەموو شاری سنەدا بڵاوبووەتەوە.

پاش ماوەیەك لە بڵاوبوونەوەی رازی خۆشەویستییەکەی کەوتووەتە ناو بارێکی دەروونی سەیرەوە, ژمارەیەك لە خزمانی و هاورێیانی پاش راوێژکردن و بیروراگۆڕینەوە لە ناو خۆیاندا, بڕیاریانداوە هەرچۆنێك بووە هەوڵدەن ئەو خۆشەویستییەی لە دڵدا دەربکەن, بۆ ئەو مەبەستەش

بردوویانە بۆ سەر (مەزاری وەیس) کە لە نزیك (رەوانسەر)دایە, بەڵام لەو سەفەرەدا ئەوان لە دنیایەك و شاعیریش لە دنیایەکی تردابووە, دنیاکەی ئەوان بە پیرۆزراگرتنی کۆت و بەندە باوەکانی سەردەمی خۆیان و دیلبوونبووە لە ناو بازنەی ئەقڵیەتی خێڵ و نەریتە دواکەوتووەکاندا, دنیاکەی شاعیریش لێوان لێوبووە بە جوانییەکانی ئەوینی پاك و بەرزراگرتنی بەهائینسانیەکان بووە, ئەم چەند دێڕەی خوارەوەش گەواهی ئەم راستییەدەدەن:

دیاردان وەهار, گوڵان جەم بەستەن دڵان پەشێوەن, بوڵبوڵان مەستەن

دیارەن کەم کەم نەتۆی دڵداران نەگۆشەی دڵدا, خاران ویاران

های جەکزەی ئێش, ئای جە کزەی دەرد ئێش کۆنە زام وەهار تازەکەرد

واچە بە گوڵان بەر نەیان جە خاك دڵەی من نیشتەن پەی وێش وە غەمناك

گلۆع نەشئەی بادە خوارانەن صەفای گەرمی بەزم دەردەدارانەن

مەی پەنهان نە جام صاف گولاَن دا گلۆع نەشئەش نەتۆی دلاَن دا

شەونم صوب نە رووی سەوزەی دیاران چون قەگرەی عەرەق زولف نازاران

شین شەتاوان شنۆی سەرکاوان چوون خالّ خالّ بەور ریشەی دلّ کاوان

های جیلوەی کۆسار, های صەفای دەشتەن ماچی بەهەشتەن ئای وادەی گەشتەن

ئازیز جات خالّی, گولّ بیّ تۆ خارەن وەهار وە نەهار نەدیدەم تارەن

سەرسەوزەی ساوام نێش نەشتەرەن وە بیّ تۆ سارام, سارای مەحشەرەن

من سفتەی ئایر دووری دیدارم تەژنەی ئاو صاف ویصالّی یارم

شنۆی سەرکاوان کەی صەفا مەدۆ؟ چون نێش نەشتەر پێم حەفا مەدۆ

سەوزە چەمەنان کەی دەوا مەدۆ؟ هاژەی وەفراوان کەی دەوا مەدۆ؟

من جە لای دیدەم بەو دیدارەوەن صەفای خاگرم بەو روخسارەوەن

وەهارم کام گولّ؟ خاکم وە سەرەن وە بیّ تۆ سارام, سارای مەحشەرەن

کۆساران دەشتان زومورود پۆشەن تافان بیّ پەروا نە تۆف جۆشەن

وادەی صەفا و سەیر سەردیارانەن وەخت نۆشانۆش بادە خوارانەن

من پەی تۆ بەزمم گەرمەی زاریەن نالّەی نەی کزەی زام کاریەن

ئارۆ من دەردم سەرمەشق قەیسەن نەجدم سارای ساف پای قولەی وەیسەن

دووریت زام دلّ خاس کاری کەردەن دیدەم دامانم گولّناری کەردەن

ئازیز یە عومرەن, زیندەگانییەن؟ یە عەیش و عیشرەت کامەرانی یەن؟

نە (باللە) مەرگەن (باللە) ماتەمەن شینەن زاریەن, مەینەتەن خەمەن

سیرم جە عەزاو, مەردەن وەشتەرەن وە بیّ تۆ سارام سارای مەحشەرەن


www.pertwk.com

واتای شیعرەکە بەم شێوەیە:

بەهار دیاریداوە و گوڵەکان گلێربوونەتەوە, دڵەکان پەشێو و بولبولەکان سەرخۆشن, ئای لە کزەی ئێش و ئای لەکزەی دەرد ئێشی کۆنە زامم بەهار نوێیکردەوە, بڵێ بە گوڵەکان لەخاك دەرنەیەن چونکە دڵی من زۆر خەمبارە, شەونمی بەرەبەیان بەسەر سەوزایی کێو وهەردانەوە هەر وەك دڵۆپی ئارەقی سەر زولفی نازداران وایە, ئای لە جوانی کۆسار و ئای لە پاکی و رووناکی دەشت کە دەڵێی بەهەشتن و ئای کە کاتی سەیران و گەشتکردنە, ئازیزم چونکە جێگەت خاڵیە گوڵ لە لام وەك درك وایە و بە رۆژیش بەهار لای من تاریکە, سەوزایی دەشت بەلامەوە وەك نووکی نەشتەر وایە و بەبێ تۆ هەموو دەشتایەك بۆ منم دەشتایی مەحشەرە, من سووتاوی ئاگری دیتنی تۆ و تینوی ئاوی پاکی پێشادبوونەوەتم, سەوزایی مێرگ و چیمەن و هاژەی بەفراوەکان کەی دەتوانن دەردم دەرمانبکەن؟ من هەر لەبیری روومەتی جوان و روخساری تۆدام, دەشت و کێو هەموو زومورودپۆشن و ئیستا کە کاتی بادەنۆشینە من خەریکی شین و زاریم, دەردی من ئەمڕۆ سەرمەشقی (قەیس= مەجنوون)ە و (نەجد)ی ئەو بۆ من بووە بەم دەشتاییەی دامێنی (قولەی وەیس), دووریت برینی دڵمی کاریگەرکردووە و فرمێسکی خوێنینی دیدەم دامێنمی وەك گوڵی هەنار سوورکردووە, ئازیزەکەم ئایا ئەمە زیندەگی و ژیانە؟ ناوەڵا ئەمە شین و زاری و خەم و مەینەت و مردنە.

ئەوانەی باسیان لە مێژووی ژیان و بەرهەمی شیعری (شێخ محەممەد ساڵح) کردووە, ئەوەیان خستۆتەڕوو, گڕی خۆشەویستی وایکردووە لەم شاعیرە هەندێکجار بەشەو لە ماڵدەرچووە و تا بەرەبەیان بە کۆڵانی گاورەکانی شاری (سنە)دا سووڕاوەتەوە بۆ ئەوەی لە سووچێکەوە خۆشەویستەکەی ببینێت, جارێکیان لە نیوەشەوێکی ساردی زستاندا لە ماڵەوەدەرچووە و بە تاسەی دیتنی یارەکەیەوە بەرە و گەڕەکی گاورەکان کەوتووەتەڕێ, ئەو شەوە بارانێکی زۆر باریوە و کەس بەدەرەوە نەبووە, ئەمیش تەنها بۆ ئەوەی سەرنجی خۆشەویستەکەی رابکێشێت هەتاکو لە پەنجەرەی ژوورەکەیەوە سەربێنێتەدەر, بەوشەوەسارده خۆیداوەتە بەر پلووسکی سەربانەکەیان, لێرەدا بۆماندەردەکەوێت خۆشەویستی هێزێکی وەها بە مرۆڤ دەبەخشێت کە باکی بە هیچ شتیك نەبێت, لەو پێناوەدا تەنانەت (کەسێتی و وقاری) خۆشی لەناو خەڵدا بخاتە ژێر پرسیارەوە, خۆ دیارە ئەگەر کەسێك لەو شەوەدا و بەو شێوەیە ناوبراوی ببینیایە, بێجگە لەوەی بەکەسێکی شێت و سەرلێشیواوی دەزانی, هیچ لێکدانەوەیەکی تری بۆ ئەو حاڵەتەی نەدەکرد.

لە پارچە شیعرێکی تریدا کە بەشێوەزمانی کرمانجی باشوور هۆنراوەتەوە و تەنها چەند وشەیەکی هەورامی تێدان فەرموویەتی:

نازك سارا و دەشت, شیرین کۆسارێ صەفای بەهەشتی تێدا (ئەوارێ)

گوڵ شێوەی روخسار ئازیز دەنوێنێ بولبول وە روویدا وەك من دەخوێنێ

لالە کەم کەم چاو بلاّو ئەکاتۆ دەوێژێ مەستە و شەراب دەخواتۆ

وەشنۆی نەسیم چنوور ئەلەرزێ (دیما و دیم) دەکا هەر تەڵ وەتەرزێ

شەتاو وەك فرمێسیك چاوم ئەدا جۆش گولاْو هەر وەك خوون دلْ هاتۆ خرۆش

ئاخ بۆ دلْ خۆشی قەراری نەویْ غوصصەی بیْ مەیلی نازداری نەویْ

دەس یەك بگرن هەر وەك لە گەلْ یار سەیر بەهار کەن دیارە و دیار

نەك چوون من هەر یەند خەم لیَم بووگە کۆ گولْ (فیْشتەر) زامم ماوەرۆ ئەوسۆ

سا, نەی چی, دەی, نەی, سا, دەروێش دەفیْ قەزای پەنجەتان لە گیانم کەفیْ

تۆ وە صەدای دەف, ئەو وە نالەی نەی جەرگم لەت لەت کەن, ریشەی دلْ کەن پەی

(بەلْ) وەها کەمیْ زامم ساکن بۆ ساتێکیچ دنیا وەکام من بۆ

نەموت بێشەی عیشق خاری شێرگیرە چلەی جەنگەلْی قولاپەی تیرە

چنگی لە ناو دلْ هەرکەس مەحکەم کرد دەسی هەلْ نەگرت ریشەی دەرهاورد

وەك پێشتر وتمان ئەم شیعرە تەنها چەند وشەیەکی هەورامی تێدان و لە پەراوێزی ئەم لاپەڕەیەدا ماناکانیان لێکدەدەینەوە.

(شێخ محەممەد سالْح) دۆستایەتیەکی پتەوی لەگەلْ (مەولەوی)دا هەبووە, پارچە شعرێکی قەتاری هەیە کە زۆر لە شیعرە قەتارییەکەی مەولەوی دەچێت, تەنها جیاوازیان ئەوەیە شیعرەکەی ئەم لەسەر شێوازی کۆن هۆنراوەتەوە, لە خوارەوە چەند دێڕێکی دەخەینەپێشچاو بەم شێوەیە:

هانا های رەفیق زریا وەگۆشم دەنگیْ جاگیر بی نەکەللەی هۆشم

ڤاهر زەمزەمەی رای زەواری یەن زایلەی قەتار ئیشتیهاری یەن

هەی توجار باش خەیر بۆ ئامانت خاس خاس مەلوولم دەسم دامانت

نە راگەی ئیحسان حوسەین مەڤلۆوم تو سەرمایەی عەشق ئیمام مەعصووم

(بووشە) ساکن بۆ ساتیْ قەتارت وازکەن قوفلْ تەنگ دیاری بارت

بۆ کۆتایهێنان بەم باسە دەلْێین: ئەوینی گەورەی ئەم شاعیرە بۆ خۆشەویستەکەی دواجار هەمووبەربەستە دینی و کۆمەلاْیەتییەکانی بەزاندووە, خزم و کەسوکار و هاوڕێکانی ناچاربوون ئەو کچە مەسیحییە کوردەیان بۆ داواکردووە, کاتێك چوونەتە خوازبێنی سەرەتا دایك و باوکی کچەکە قایلنەبوون بیدەنیْ, بەلاْم لە دواییدا بەهەر جۆرێك بووە قایلیلنکردوون و کچەکەش موسولْمانبووە.

شێخ عومەری بیارە= شێخی چیائوددین

(شێخ عومەری بیارە) شەوی دووشەمەی 26/مانگی جەمادەلئەوەل (ساڵی 1255ك= 1839ز) لە

(شارەدێی بیارە) لەدایکبووە, هەر لەمنداڵییەوە لای (مەلا مەحموودی دشەیی) خراوەتە بەرخوێندن و پاشان لای (مەلاحامیدی کاتب) درێژەیداوە بە خوێندن, بەفەرمانی باوکی (حەزرەتی شێخ عوسمانی تەوێڵە) ڕۆیشتووە بۆ (شاری کەرکووك) بۆ ماڵی (شێخ عەبدولقادری خالصی تاڵەبانی) و لەگەڵ (شێخ عەلی کوڕی شێخ عەبدولڕەحمان) بۆ ماوەیەك لە (مزگەوتی بلاّخ) لە خزمەت (سەی محەممەدی بلاّخ) خوێندوویانە, پاشان گەڕاوەتەوە بۆ (هەورامان), پاش گەڕانەوەی لای مەلاکانی (بیارە) لەسەرخوێندن بەردەوامبووە, هەر لەو ماوەیەدا لەخزمەتی باوکیدا ڕێوڕەچەی نەقشبەندی وەرگرتووە, پاشان بەفەرمانی باوکی مۆڵەتی ئیرشادی لە (شێخ محەممەد بەهائوددین)ی برای وەرگرتووە.

(شێخ عومەری بیارە) لەماوەی ژیانیدا ژمارەیەك ژنیهێناوە, لەوژنانەی (9) کوڕ و چەند کچێکیان بووە لەوانە:

1- (شێخ موحییەدین) کوڕی گەورەی شێخ بووە, دایکی کچی (شێخ رەشیدی بیارەیی)یە, ساڵی 1278ك= 1861ز لەدایکبووە,ساڵی (1342ك= 1923ز) کوچی دوایی کردووە.

2- (شێخ عەلائوددین) دایکی ناوی (فاتمەخان و کچی میران ئاغای تەوێڵەیی)یە, ساڵی (1280ك= 1863ز) لەشارەدێی تەوێڵە لەدایکبووە, لەسەردەستی (شێخ محەممەد بەهائوددین)دا ڕێوڕەچەی نەقشبەندی وەرگرتووە, پاش کۆچی دوایی (شێخ نەجموددین)ی برای و لەساڵی (1338ك= 1919ز) لەسەرخانەقای بیارە دانیشتووە, ساڵی (1373ك= 1953ز)کۆچی دوایی کردووە و لەخانەقای بیارەدا بەخاکسپێردراوە.

3- (شێخ نەجموددین) دایکی ناوی (سەلماخان و کچی مەحموود بەگی صاحێبقران)ە, ساڵی (1280ك= 1863ز) لە(شارەدێی تەوێڵە) لەدایکبووە, لەسەردەستی (شێخ محەممەد بەهائوددین) ڕێوڕەچەی نەقشبەندی وەرگرتووە, ساڵی (1318ك= 1900ز) پاش کۆچی دوایی باوکی بووە بەمورشید, ڕۆژی (9ی مانگی موحەڕەمی ساڵی 1337ك= 1918ز) کۆچی دوایی کردووە ولەناو (خانەقای بیارە)دا بەخاکسپێردراوە.

4- (شێخ نیڤاموددین) دایکی لەسەیدەکانی (صومەیدەعی) بووە, ساڵی (1299ك= 1881ز) لە (شارەدێی بیارە) لەدایکبووە, ساڵی (1350ك= 1931ز) لە(گوندی ڕێژاو)ی نزیك بە (زەهاو) کۆچی دوایی کردوە.

5- (شێخ سەعدوددین) ساڵی (1294ك= 1877ز) لە (شارەدێی بیارە) لەدایکبووە, ساڵی (1315ك= 1897ز) هەر لەبیارە کۆچی دوایی کردوە.

6- (شێخ ئەنوەر) سشاڵی (1300ك= 1882ز) لە (خانەقی)ن لەدایکبووە, ساڵی (1360ك=1941ز) لە(گوندی گومە) کۆچی دوایی کردووە.

7- (شێخ جەمیل) ساڵی (1308ك= 1890ز) لە (شارەدێی بیارە) لەدایکبووە و لە (قادرکەرەم) کۆچی دوایی کردووە.

8- (شێخ کامیل) ساڵی (1315ك= 1897ز) له (شارەدێی بیاره) لەدایکبووه, ماوەیەك لەبیاره ژیاوه, پاشان چووه بۆ ناو (هۆزی باوەجانی) و کچی (محەممەد بەگی ناسراو به میر ئەسعەد)ی خواستوه, ساڵی (1396ك= 1976ز) لەناوچەی (تالش)ی باکووری ئێران کۆچی دوایی کردووه.

9- (شێخ تایب) دایکی لەسەیدەکانی (دیواندەره) بووه ساڵی (1316ك= 1898ز) له (شارەدێی بیاره) لەدایکبووه, چەند ساڵێك لەسەر خانەقاکەی خۆیان له شاری خانەقین دانیشتووه, ساڵی (1383ك= 1963ز) له شاری تاران لەژێر نەشتەرگەریدا کۆچی دوایی کردووه.

کچەکانیشی ئەوانەیان ناویانزانراوه هەریەك له (عەدله خان, فاتمەخان, سەنیەخان,عەتیەخان) بوون.

پاش کۆچی دوایی شێخ محەممەد بەهائوددین ودانانی شێخ عەلی حوساموددینی کوڕی لەشوێنەکەیدا, شێخ عومەر چیائوددین هاتووەته بیاره و لەوێ ئیرشادیکردووه, سەرەتا له ناو(مزگەوتی بیاره) ئیرشادیکردووه, پاشان له ساڵی (1306ك= 1888ز) خانەقای بیارەی درووستکردووه, چەند حوجرەیەکیشی بۆ فەقێ و میوان تێداکردووەتەوه, هاوکات (مەلاقادری کانیکەوەیی بازیانی) لەگوندی (کوچك چەرموو)ی لای سنەوه هێناوه بۆ بیاره و کردوویەتی به مامۆستای خوێندنگەی دینی بیاره.

لەسەردەمی ژیانی ئەم زاتەدا (بیاره) بووه به مەڵبەندێکی زۆر گەورەی خوێندەواری و پەروەردەکردن, له هەموولایەکەوه فەقێ رووبانکردووەته ئەوێ و خوێندنگەی دینی بیاره هەموو بابەته زانستییەکانی ئەو کاتانەی تێداوتراوەتەوه, (شێخ عومەری بیاره) زۆر رێزیگرتووه له فەقێ, هەمیشه پێش خەلیفه و موریدەکانی خۆی خستوون, لەم بوارەدا فەرموویەتی: مەلا و فەقێ بەکاری رێنمایکردنی موسڵمانانەوه خەریکن و سوودیان بۆ هەموانه, زۆرجار بەپارەی خۆی جلوبەرگی بۆ کڕیون و بەخێزانەکانی جلەکانی بۆ شتوون.

ئەم زاته لەماوەی ژیانیدا چەند خانەقایەکی درووستکردوون وەك:

1- خانەقای خانەقین: ساڵی (1301ك=1883ز) درووستکراوه, لەناو حەوشەکەیدا بیری ئاوی بۆ هەڵکەندراوه, چەند حوجرەیەکیش لەتەنیشتییەوه درووستکراون لەگەڵ چایخانەیەك و خانوویەك بۆ (متەوەلی خانەقا).

2- خانەقای قزلڕبات: ساڵی (1393ك= 1885ز) درووستکراوه.

3-خانەقای کفری: ساڵی (1306ك= 1888ز) درووستکراوه, باس لەوه دەکرێت بۆ کڕینی زەوی ئەم خانەقایه له (مەجید پاشای بابان), شێخ ئەسپێکی خۆی فرۆشتووه به (40) لیره, بەلام کاتێك (مەجید پاشا) بەو مەسەلەی زانیوه, زەوییەکەی بێبەرامبەر پێبەخشیوه.

4- خانەقای بیاره: لەساڵانی (1306 و 1307ك= 1888 و 1889ز) له دامێنی چەمی بیارەوه درووستکراوه, (شێخ عومەری بیاره) لەدروستکردنی ئەم خانەقایەدا وەك بەردەستی (وەستارەحیمی بیارەیی) کاریکردووه.

5- خانەقای بیاوێڵە: لەدەوروەبەری ساڵی (1310ك= 1892ز) درووستکراوە.

6- خانەقای سەردەشت: لەدەوروەبەری ساڵی (1314ك= 1896ز) درووستکراوە.

(شێخ عومەری بیارە) (41) خەلیفەی هەبوون لەوانە:

1- شێخ مارفی نێرگسەجاڕ

2- مەلا قادری گەورە= مەلا قادری بیارە

3- شێخ مەلا وەیسی پشدەری

4-شێخ عەلی قەرەداخی

5- شێخ سەعید فەزڵی بەغدادی

6- خەلیفە عەلی کەرکووکی

7- شێخ سەلیمی تەختەیی

8- باباشێخی سیرێ

9- شێخ شەمسوددینی سەقزی

شتێکی ئاشکرایە کەسێکی دیار و ناسراوی وەك ئەم زاتە کەخاوەنی پایەیەکی دینی و کۆمەڵایەتی زۆر بەرز بووە, لەزۆر لاوە و بەمەبەستی جیا جیا نامەی بۆ هاتووە, ئەمیش وەڵامی داونەتەوە و زۆرجاریش خۆی نامەی بۆ خەڵك نووسیوە, لە کتێبی (یادی مەردان)دا چل و حەوت نامەی بڵاوکراونەتەوە کەیەکێکیانی بۆ (موزەفەرەدین شای قاجار) نووسیوە, هەروەها لەماوەی ژیانیدا چەند سەفەرێکیکردووە, یەکێك لەو سەفەرانەی بۆ (کەربەلا و نەجەف) بووە بۆ سەر مەزاری پیرۆزی ئیمامەکان.

(شێخ عومەری بیارە), شاعیر و پەخشاننووسێکی گەورە بووە, بە هەردوو شێوەزمانی (هەورامی, کرمانجی خواروو) و بە زمانەکانی (فارسی و عەرەبی) شیعری هۆنیوەتەوە, لە زۆربەی شیعرەکانیدا نازناوی (فەوزی) بووە و لەهەندێك پارچە شیعریدا نازناوی تری بەکارهێناوە, دەربارەی ئەدەبیاتی ئەم زاتە (مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) نووسیویەتی: (شێخ عومەری بیارە) گەلێك شیعری ناسك و پەخشانی بەرزی هەیە, پەخشانەکانی هەموویان لە شێوەی نامەدان کە بۆ ئەم و ئەوی نووسیون, من ژمارەیەکی زۆر نامەیم دیوە بەڵام بەداخەوە ئەو کاتە گوێمنەدەدا بەکۆکردنەوە و هەڵگرتنی ئەم جۆرە شتانە, یەکێك لەو نامانەی دیومن نامەیەکی بوو لە (خانەقین)ەوە بۆ (مەلاقادری بیارە)ی نووسیبوو و تێیدا هەواڵی فەقێکانی پرسیبوو, نامەیەکی تری بۆ (حاجی شێخ عەلی کوڕی شێخ محەممەد سادقی وەزیر) نووسیبووکە لە (دێی

تەرخاناوا) بوو, نامەیەکی تری بۆ (ێصف الدیوان) نووسیبوو لە (شاری سنە) و تێیدا سەرزەنشیکردبوو بەوەی لە جیاتی ئەو خەرجە زۆرەی دەیکات بۆ بەربەرەکانێکردنی خزمو کەسوکارەکانی, بۆچی نەوایەك لە (مەکە و مەدینە) درووستناکات بۆ ئەوەی حاجیانی ئەم ولأتە لەکاتی حەجکردندا تێیدا بحەوێنەوە.

لە درێژەی نووسینەکەی (مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)دا هاتووە: لەم سالأنەی دواییدا کە ئارەزووی کۆکردنەوەی کەلەپووری کۆنی مەردانی ئەم ولأتەم کەوتە دڵ, توانیم چەند پارچە شیعرێکی (شێخ عومەر چیائوددین)یش وەك هی کەسانی تر کۆبکەمەوە, هەروەها گەلێك نامەیشم دەستکەوت کە وا هەموویان لەم کتێبەدا بلأودەکەمەوە.

هەر لەبواری ئەدەبیاتی ئەم زاتەدا (ئەمین نەقشبەندی) نووسیویەتی: ئێمە لە شیعری (شێخ عومەر) بە ناوی شیعری مورشدێکی زۆر بە دەسەلأت دەکۆڵینەوە کە تاقانەی رۆژگاری خۆی بووە, شیعرەکانی زۆرباش دەریدەخەن چە پایەبەرزێك بووە لە سۆفیگەریدا, تەنها شیعرێکیشی بەسە بۆ ئەوەی بزانرێت چ پایەیەکی مەعنەوی هەبووە.

شیعرەکانی (شێخ عومەری بیارە) تەڕ و شیرین و مانادارن, لە پارچە شیعرێکیدا فەرموویەتی:

قیبلەم ها بـەردم قیبلـــەم ها بــــەردم داخ دووری تــــــو وە گلگــو بــــــەردم

وە مەیلی تووە روو وە چوڵ کەردم ژاری دووری دەرد هیجران گشت وەردم

یانێ ئازیزم عەشق تۆم نەسەر وە عەشق تۆوە ها شیم وەمەحشەر

تۆ بۆ بەو وەفا و مەیل وەرینت بنمانە جار جار وەمن جەمینت

بنمانە قامەت وەی زامەت وەردە پەرێ ئەو قامەت داخ وەدڵ بەردە

تا جەو رۆ دەم دەم وە بێ مدارا (قد قامت) واچوون هەر سات نەو سارا

چونکە زکر تۆن مایەی حەیاتم وەشی و شادی و شەوق مایەی نیشاتم

جە مەماتەدا با تۆم جەیاد بۆ جەو عالەمەدا دڵ وە تۆ شاد بۆ

واتای ئەم شیعرە بەم شێوەیە:

بە مەیلی تۆوە روومکردە چۆڵەوانی و ژاراوی دوورکەوتنەوەتم نۆشی, خۆشەویستەکەم داخی دووری تۆم بردە گلگۆ و بەخۆشەویستی تۆوە ئەوا گەیشتمە مەحشەر, کەواتە تۆش بەو وەفا و مەیلەی پێشینەتەوە جاجار خۆت بنوێنە, هەتاکو منیش لەو رۆژەوە بە بیڕاوەستان (قد قامت) بڵێم, چونکە ناوهێنانی تۆخۆشی و شادی من و مایەی ژیانمە, با لە مردنیشدا تۆم لە یادبیت و لەو دنیادا بە تۆ دڵشادبم.

شیعرەکانی (حەزرەتی شێخ عومەری بیارە) کرۆکی خۆشەویستی خودایی و توانەوەن لە ناو ئەو خۆشەویستییەدا کە بۆ رابەرێکی دینی وەك ئەم زاتە مایەی هەموو ژیانی بووە.

لە پارچە شیعرێکی تردا فەرموویەتی:

قیبلەم وەردەنم قیبلەم وەردەنم چەوساوە ژاراو دووریت وەردەنم

چەنی دڵ و گیان شەرتێ کەردەنم مەیل نەدەو وە کەس تا رۆی مەردەنم

دڵ یەند مەینەتان مصیبەت کێشان تای تامڵ ئازیز جە دەستش بڕیان

پای صەبرش هالاً شکست هاوەردەن پەوکە شەو تا رۆ ویردش ئی فەردەن

فەڵەك داخ جە دڵ جەستەمدا بەردی ژاراو دووری ئازیز پێم وەردی

واتای شیعرەکە بەم شێوەیە:

ئەی خۆشەویستەکەم لەو ساوە ژاراوی دووریتم خواردووەتەوە, لەگەڵ دڵ و گیاندا مەرجم ئەوەیە هەتاکو مردن دڵ بەکەسی تر نەدەم, دڵم ئەوەندە ئازاریکگێشاوە هیچ سەبر و تاقەتێکی نەماوە و شەو رۆژ لەناوهێنانی تۆ زیاتر هیچی تری بەلاوە مەبەست نییە, ئەی فەلەك داخت نابەدڵمەوە و ژەهراوی دووری ئازیزت دەرخواردام.

لە پارچە شیعرێکی تردا فەرموویەتی:

وەشا نازارێ لاونا دلاًن جە وەخت خەزان جە فەصڵ گولاًن

دلاًن وەششان جە نازارانەن وەش رەنگی گولاًن نمەو وارانەن

بوڵبوڵ ناڵەشان خەیلێ وەسۆزەن نیگای نازاران چاك دڵ دۆزەن

ئەو وەشی ئەو رەنگ ئێد ناڵەی سەحەر گرد بان وە فیدای نیم نیگای دڵبەر

قنیاتم, قووتم, زیندەگیم, شادیم وەشیم, وەش کەیفیم, جەژن و ئازادیم

ئەوسان کە ئازیز لاونۆمەوە وە نیم نیگای ناز تاونۆمەوە

ئەو دەم ئارەزووم کاملەن یە قین فانی بۆ جە لام جەمعی ئافلین

تەنیای تاك مانۆ پاسە ئەوسا بی غەیر پێسەی ئەوسا عەدەم ماوابی

واتای ئەم شیعرە بەم شێوەیە:

خۆشە نازداران لەکاتی (خەزان= وەرینی گەڵای دارەکان) و لە وەرزی گوڵاندا دڵەکان بلاوێننەوە, دڵەکان خۆشیان لە نازداران دێت و خۆشڕەنگی و جوانیشیان بەهۆی نمەی بارانەوەیە, بولبولەکان بەسۆزەوە دەناڵینن و سەرنجی نازداران دڵدەپێکێت, (گوزەران و خۆرك, خۆشی و خۆشکەیفی, جەن و شادیم) ئەو کاتەیە خۆشەویستەکەم بملاوێنیتەوە و بەنازەوە بمتاوێنێتەوە, ئەوسا ئارەزووم کاملدەبێت و بەدڵنییایەوە دەمرم.

هەروەك پێشتر وتمان (حەزرەتی شێخ عومەری بیارە) چەندین پارچە شیعری بەشێوەزمانی (کرمانجی باشوور) هەیە, بۆنموونە ئەمەی خوارەوە یەکیکە لە شیعرەکانی:

لە پڕ بەردی ئەجەل بۆ شیشەیی عومرم نەکا بێزوو

فیدات بم دەست و بردێ, ساقیا, جامێ شەرابێ زوو

چیە دنیا؟ ژنێکە هەر شەوێ سکپڕ بە سەد فیتنە

سبەینێ زوو بە خوێنی جەرگی ئەهلی دڵ ئەکا بێزوو

نەکوو دەرچێ لە دەس فرسەت هەتا ماوم موغەنی دەی

دەفێ لێدە بە کەف چاوم لەگەڵ ناڵەی روبابێ زوو

پیاڵەی چاوی مەستی تۆ بەدەستی دڵ کە ئەینۆشم

مەزە فرمێسکی خوێنی دڵ, هەتیو بێنە کەبابێ زوو

گیای ئومێدی من وشکە لە ژێر خاکی تەمەننادا

دەناڵێ رەعدی دڵ هەر شەو لە بۆ شۆری سەحابێ زوو

حەیات شیر ئێنێ بۆ باغچەی ویصاڵی جانی جانانم

رەفیق ئامان لە بۆم بێنە لە زوڵفی یار تەنابێ زوو

کە دیم قەوسی برۆی لەیلا وتم یاران یەقین بوو لێم

وەکوو مەجنوونی خێڵی حەی دەکەومە ناو سەرابێ زوو

له دەرگای عەشقی تۆ کەوتم کە تێفکریم لە عومری خۆم

مرووری دەهر و ئەییامی فەنا چوو وەك حوبابێ زوو

دڵم صەیدی گوروفتارە بە داوی دەردی هیجرانت

خەلاصم کە بە خێری خۆت ئەجەل ناگاه نەکا بێ زوو

دەسا لادە شەوی زوڵفت بکەم سەیری هەتاوی رووت

دەمی مردنمە ئاخ قوربان بکە ئیحیای سەوابێ زوو

لە لەعلی لێوی لەیلا, لاڵە مەجنوونی پەرێشان حاڵ

مەکە مەنعی لە رێی حەقدا کە نادا ئەو جوابێ زوو

لەسەر باڵینی غەم کەوتووم, دەلیل سا بێ تەماشات کەم

کە هاتی رامەوەستە, چاوەکەم, فەرموو خێگابێ زوو

دڵم خوێنە لە هیجری تۆ, تەمەننای خاڵی لای لێوە

دەخیلت بم خەلاصێ کە لە رێدایە سەرابێ زوو

لە فەرقی فەرقەدین بالاترە (فەوزی) هەوای عاشق

ئەگەر یارێ شکاری خۆی بکا گاهێ عیتابی زوو

یەکێکی تر لە شیعرەکانی کە بە شێوەزمانی کرمانجی خواروو هۆنراونەتەوە, بۆ (حاجی مەلا عەبدولای جەلی) ناردووە, ئەم نامەیەش وەك لە ناوەرۆکەکەیدا دەردەکەوێت, گلەییکردنە لەوەی ناوبراو ماوەیەك نامەی بۆ (حەزرەتی شێخ عومەر) نەناردووە, ئەمەی خوارەوەش شیعرەکەیە:

دەمێکە کاغەزت نائێتە لامان عەجەب سستی لە پەیغام و سەلامان

(جەلی) دائیم دەبێ جیلوەی دیار بێ لە نێو گێژاوی شەت بێ یا کەنار بێ

(عومەر) عومرێکە بۆ تۆ ئینتیڤارە لە شەوقی تۆ وەکو ئاو بێ قەرارە

چه ئینصافێکه گاهێ ناوی نابەی چه فیکرێکت هەیه بێ باکی تاکەی

حەیاتی من به یادی تۆ مەنوگه نەوازش چاوەکەم لایق به خۆته

دەبوو بۆ خاگری تەفریحی یاران بکەی سەیر و صەفا وەختی بەهاران

ببینی شارەزووری بێ زەڕ و زۆر بچیته کێوی هەورامانی پڕ نوور

شەوێ تا فەجری صادیق دابنیشی به ئومێدی وەفا پێ رابکێشی

وەکو ئەو عالمانه مل به حەق دەی هەزار نادان ئه پێشی شەقق و لەق دەی

ئیجازەی خەرقه و تاج و موصەللا بسێنی بۆ رەواجی کاری دنیا

له عوقبا گەر بڵێن بۆ وەهات کرد بڵێ دەفعی فەسادم بۆ دوهات کرد

منیش بۆ دەفعی ئەو مەنهی قەبیحه تەلاشم کرد به ئەلفاڤی فەصیحه

له ئەصڵی دین و ئیمان بێ خەبەر بوون له هەی هەی قاڵ و قوول پڕ خەگەربوون

بەصیرەتان نەبوو تا حەق بزانن حەق و باگیل جوێ کەن یا بزانن

وە ئیلا عالم و عامی و مەشایخ هەموو موحتاج بەون هەم گیفل و راسخ

ئەم زاته پاش تەمەنێکی پڕ لەخواپەرستی و ئایینناسی و شیعر هۆنینەوه ساڵی( 1318ك= 1900ز) کۆچی دوایی کردووه و مەرقەدی پیرۆزی لەناو (خانەقای بیاره)دایه.

صەیدی هەورامی

ئەو سەرچاوانەی باسیان له (صەیدی هەورامی) کردووه جیاوازی زۆر لەنێوانیاندا هەن, دەربارەی ئەوەی لەچ ساڵێکدا لەدایکبووه؟ چەند ساڵ ژیاوه؟ کەی کۆچی دوایی کردووه؟ له کوێ بەخاکسپێردراوه؟ ئایا هەر یەك شاعیر هەیه بەو ناوەوه, یاخود دوو شاعیر هەن ئەو ناوەیان هەڵگرتووه و له دوو سەردەمی جیاوازدا ژیاون؟.

لەم بوارەدا (مامۆستا محەممەدئەمین کاردۆخی) که هەستاوه بەکۆکردنەوه و لەچاپدانی دیوانەکەی نووسیویەتی: تەنها یەك (صەیدی هەورامی) هەبووه و ئەوەشی روونکردووەتەوه له نێوان ساڵەکانی (1200-1265ك= 1785-1848ز)دا ژیاوه, هەر له درێژەی نووسینەکەیدا هاتووه, ئەو خانووەی (صەیدی) تێدابووه له (هەورامانی تەخت) تا ئێستاش ماوه, لێرەوه بۆماندەردەکەوێت که (صەیدی) نابێت زۆر کۆن بێت.

(د.صدیقی بۆرەکەیی) باسەی دوو شاعیری کردووە بەناوی (صەیدی هەورامی یەکەم, صەیدی هەورامی دووەم) و لەم بوارەدا نووسیویەتی: (صەیدی هەورامییەکەم) ناوی (سەی حەمەسادق کوڕی سەی عەلی هەورامی) و نازناوی شیعری (صەیدی)یە, بەپێی ئەو بەڵگانەی کەوتوونەتەدەستمان, ساڵی (850ك=1446ز) لە (گوندی ڕەزاو) لەدایکبووە, ساڵی (918ك=1512ز) کۆچی دوایی کردووە و لەهەمان گوند بەخاکسپێردراوە, هەروەها باسی (صەیدی هەورامی دووەم)ی کردووە گوایا ناوی (محەممەد سلێمان کوڕی سەی مەحموود)ە و ساڵی (1189ك=1775ز) لە گوندی خانەگای نزیك پاوە هاتووەتەدنیاوە, ساڵی (1271ك=1854ز) کۆچی دوایی کردووە, باسی ئەوەشی کردووە هەریەك لە (مامۆستا محەممەدئەمین کاردۆخی, مامۆستا عەلائوددینی سەجادی, مامۆستا محەممەدبەهائوددین مەلاصاحب) تووشی هەڵە بوون بەوەی تێکەڵاویان کردووە لە نێوان هەردوو (صەیدی)دا, لە کاتێکدا جیاوازی لەشیعرەکانیاندا هەن, چونکە (صەیدی هەورامی یەکەم) بەشێوە زمانی هەورامی کۆن شیعری هۆنیوەتەوە, بەڵام (صەیدی هەورامی دووەم) بە شێوەزمانی هەورامی نوێ شیعری هۆنیوەتەوە.

(محەممەد بەهائوددین مەلاصاحب) نووسیویەتی: صەیدی هەورامی ناوی (سەی حەمەصادق کوڕی سەی عەلی)یە, لەسەدەی شانزەمدا ژیاوە و ساڵی (1520ز) لە هەورامان ناوبانگیدەرکردووە, بیروباوەڕ و هۆنراوەکانی ئاوێنەیەکن بۆ هۆنراوەی ئەو سەردەمە, لە درێژەی نووسینەکەیدا وتوویەتی: وەك دەڵێن (صەیدی)یەکی تریش بووە ناوی (حەمەلەتیف) بووە لەسەردەمی (مستەفابەگی کوردی)دا ژیاوە, ئەوەش بەپێی یەکێك لە شیعرەکانی کە دەڵێت:

هیجری نەزانان هیجری نەزانان تۆ بەحاڵی دەرد ئێمەت نەزانان

من سەیدیم سەردار سوپای دێوانان کوشتەی دەردی عشق زەدەی هیجرانان

شتێکی دیارە نازناوی شیعری (مستەفابەگی کوردی) لەسەرەتاوە (هیجری) بووە.

(محەممەد ساڵح ئیبراهیم محەممەدی) نووسیویەتی:شاعیری زۆر بەناوبانگی هەورامان و کوردستان (مەلامحەممەد سلێمان کوڕی حاجی سەی مەحموود) کە نازناوی (صەیدی)یە, لە گوندی خانەگا لە دایکبووە, لە ژێردەستی (مەلاجەلالی خورماڵی) مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە, پاش تەواوکردنی خوێندن چووەتە هەورامانی تەخت و لەوێ جێگیربووە و بۆتە خەلیفەی (شێخ عوسمانی تەوێڵە), لە نێوان ساڵەکانی (1200-1265ز)دا ژیاوە.

(صەیدی هەورامی) لە هۆنینەوەی شیعردا داویەتی لەدەرکەی هەموو بابەتە شیعرییەکانی سەردەمی خۆی, بەتایبەتی شیعری (دڵداری و خۆشەویستی, دینی, پیاهەڵدانی سروشت),

شایانی باسکردنیشە شیعری بە شێوەزمانی هەورامی, زمانی فارسی, زمانی عەرەبی هۆنیوەتەوە و هەندێك لە شیعرەکانیی تێهەڵکێشن لە (فارسی و عەرەبی, فارسی هەورامی, عەرەبی هەورامی).

ئەمەی خوارەوە یەکێکە لە پارچە شیعرەکانی کە بەشێوەزمانی هەورامی کۆن هۆنراونەتەوە و تیایاندا فەرموویەتی:

دڵبەر دڵ ئەساناى جەمن, شرگ ئی دڵستانی نیۆ

جەورش مەدەی رەنجش مەکەر, خۆ کافۆستانی نیۆ

شەرگهن بکێشو دڵ جەفات, بایادگار مانۆ جەلات

تۆ بۆت نەدڵ خۆفی خودات, خۆ کافرستانی نیۆ

ئامام نەڕات پی جەستەوە, گیرەم سڵۆم چیت نەستەوە

پی حاڵی جەستەی خەستەوە, خۆ کافرستانی نیۆ

هەی نەونەمامی باغیدڵ, پەی تۆ سیان بەیداخی دڵ

سامەرهەمێ پەی داخی دڵ, خۆ کافرستانی نیۆ

بیمار تۆم حۆر و پەری, ئەر خواهیشەن ئەر سەرسەری

شەرگهن عەیادەتمان کەری, خۆ کافرستانی نیۆ

دادەم پەنە چڵێو ڕیۆن, قیمەتشەنە سۆنەم گیۆن

چی مامەڵە مەگنۆم زیۆن, خۆکافرستانی نیۆ

وێڵ وێڵ مەگێلام کۆ بەکۆ, دەردم گران بێ رۆبەرۆ

ساحاڵو دەردێم پەرسە تۆ, خۆ کافرستانی نیۆ

تەرك و ولاٚتیت کەردمۆ, ژاراو دوریت وەردمۆ

پەرسە بەحاڵی دەردمۆ, خۆ کافرستانی نیۆ

عوریان و کەڵپۆس پێڵەنۆ, شەیدا و بیابان گێڵەنۆ

دا پەرسە پەی کێ وێڵەنۆ, خۆ کافرستانی نیۆ

ئەر شەرگ و بەینت ویرتەن, خۆف و خواو پیرتەن

بۆ لام ئەگەرچی دێرتەن, خۆ کافرستانی نیۆ

یام تەشریف بارە یانەمۆ, یا دورۆ پەرسە حاڵمۆ

تەرسە هەناسەی کاڵمۆ, خۆ کافرستانی نیۆ

قەومان خوێشان هامسەران, لۆمە و مەمانان چی کەران

خاسەن تەئەسوفمان وەران, خۆ کافرستانی نیۆ

واتای شیعرەکە بەم شێوەیە:

ئەی دوڵبەرەکەم دڵت لێسەندووم, کە ئازاری دەدەیت بۆچی دەیڕەنجێنیت, خۆ کافرستانی نییە, من دڵم لای تۆ جێهێشتووە بۆ ئەوەی وەك یادگاری بەلاتەوەبێت, ترسی خوات لەدڵدا بێت, خۆکافرستانی نییە, هاتم بۆ لات بەم جەستە ماندوو و نەخۆشەوە, سلاّوم لێتکرد بۆچی نەتسەندەوە, خۆ کافرستانی نییە, ئەی نەونەمامی باخی دڵم, بۆ تۆیە بەیداخی سپی دڵم رەشبووە, دەی مەڵهەمێکم بدەرێ بۆ ئەوەی دەردی دڵمی پێدەرمان بکەم, خۆ کافرستان نییە, ئەی شۆخی نازەنین خاڵت وەك عەنبەر و روومەتت وەك گوڵ وایە, مەڵهەمێکم بدەرێ بۆ دەردی دڵمم, خۆ کافرستانی نییە, من بۆ تۆ نەخۆشم ئەی پەری بێوێنە, ئەگەر بەسەرپێیش بێت سەردانێکم بکە,خۆ کافرستانی نییە, تاڵێك لەو رێحانەی پرچت بمدەرێ و لەبەرامبەریدا گیانم لێبسێنە, لەم مامەڵەیەدا هیچ زیانێك ناکەم, خۆ کافرستانی نییە, شاخ و کێو تەیدەکەم و دەردم رۆژ لەدوای رۆژ گرانتردەبێت, ئا تۆش حاڵی دەردم بپرسە, خۆ کافرستانی نییە, تەرکی وڵاتم کرد و ژەهراوی دووریت خواردمەوە, سا تۆش هەواڵێکم بپرسە, خۆ کافرستانی نییە, بە رووتوقووتی کەڵپۆسم کردە کۆڵ, بۆ تۆ شەیدا و گەڕیدەی ناو بیابان بووم, سا بپرسە بۆ کێ وێڵم, خۆ کافرستانی نییە, ئەگەر شەرت و بەینت لەبیرتە و ترسی خوا و پیرت لەدڵدایە, ئەگەرچی درەنگیشە کەمێك وەرە بەلامەوە, خۆ کافرستانی نییە, یان تەشریفبهێنە بۆماڵەوە یان لەدوورەوە هەواڵمبپرسە, لەهەناسەی کاڵیشم بترسە, خۆ کافرستانی نییە, خزمان و خوێشان هاوسەران بۆچی لۆمەی من دەکەن, باشتر وایە بۆم غەمگین بن, خۆ کافرستانی نییە, (صەیدی) دوامالْئاوایی گرانە و دووری خۆشەویستەکەی هەمیشە ئازاریدەدات, لەبەر خاتری خوا وەرن بەلایەوە, خۆکافرستانی نییە.

لە پارچە شیعرێکی تردا روویکردۆتە خۆشەویستەکەی کە بە (ریۆن= رێحان) ناویهێناوە و فەرموویەتی:

ریۆن داخۆ بالاّو تەڤە, هەزارێو دەردەدارەنی

گرد کوشتە و ئادیدەتەنێ, تە دیدەت جادووکارەنی

بالاّت نەمامی نەوبەرۆ, دیدێت نەرگسی مامەرۆ

کوڵمێت سافو دڵێ دەرۆ, مەمێت مەرەجیۆ نارەنێ

زوڵفێت گرنج و خاوەنی, سەر لوولەنێ سیاوەنێ

چنوور و راگا و کاوەنێ, کەمەندە یا شامارەنێ

گەر لۆمەنو ئەگەر مەنۆ, ئەز عاشقو بالاّ و تەنۆ

پی دینە با تەپلّم ژەنۆ, وەس نیا خاسم یارەنێ

بی مێرغوزار دنیا تەمۆم, چەنی ئاڤۆ هەرسۆ چەمۆم

کەی مەینە تۆ یاگۆ خەمۆم, دیدەی من ئینتزارەنی

واتای شیعرەکە بەم شێوەیە:

رێحان لە داخی قەد و بالاّی تۆوە هەزار کەس دەردەدارن, کوژراوی دیدەی تۆن و دیدەی تۆش جادووکارە, بالاّت نەمامی نەوبەر و چاوەکانت نەرگزی (مامەرۆ)ن, کولّمەکانت سێوی چەم و مەمکەکانت وەك هەنار وان, زولّفەکانت گرنج و خاو و رەشن وەك (چنوور)ی رێگەی (کاو) پێم بلّێ بزانم ئەو زولّفانە کەمەندن یاخود شامارن, ئەگەر لۆمەیە و ئەگەر لێم قەدەغەدەکەن من هەرشەیدای بالاّی تۆم, با لەسەر ئەم دینە تەپلّمبژەنن, هیچ باکمنییە چونکە تۆ باشترین یارمی, دنیا بەتەواوی بە ئەسرینی چاوم بووە بە مێرگ, تۆ کەی دێیت بۆ لام سەرچاوەی خەمەکانم, چاوەکانم چاوەرێتن.

یەکێك لەشیعرە زۆر بەناوبانگەکانی (صەیدی هەورامی) پارچە شیعرێکە بە ناو و نیشانی (هارە سەختەنی), ئەم شیعرە لە چەند سەرچاوەیەکدا بلاّوکراوەتەوە, هەر یەك لە وسەرچاوانەش لەچەند دێرێکدا بلاّویانکردۆتەوە, سەرەرای ئەوەی لە زنجیربەندی دێرەکان و هەندێك وشەشدا جیاوازیان هەیە بۆ نموونە:

(د.صدیقی بۆرەکەیی) ئەم شیعرەی بە شیعری (صەیدی هەورامی دووەم) لە قەلّەمداوە و لە دووتوێی (24) دێردا بلاّویکردۆتەوە.

(محەممەد بەهائوددین مەلا صاحب) لە دووتوێی (32) دێردا بلاّویکردۆتەوە و (10) دێری شیعری (صەیدی عار نییەن)ی تێکگەلّکردووە.

(محەممەد سالّح ئیبراهیم محەممەدی) لە دووتوێی (5, 19) دێردا بە کەموکورِی بلاّویکردۆتەوە.

(مامۆستا محەممەدئەمین کاردۆخی)یش لە دووتوێی (27) دێردا بلاّویکردۆتەوە و نووسیویەتی: لە و نوسخانەی کە لەلام بوون, ئەم شیعرەیان لەهەموویان زۆرتربوو, بەلامەوە راستتربوو, لە درێژەی نووسینەکەیدا هاتووە, تا ئێستا کەس لەم (27) دێرە زیاتری نەبیستووە.

ئێمەش بەبۆچوونی خۆمان ئەوەی (مامۆستا کاردۆخی) بە راستتر دەزانین و لێرەدا بلاّویدەکەینەوە:

هارە سەختەنی هارە سەختەنی تۆخۆ کەم قیمەت سەنگی سەختەنی

چی بۆلّند ئیقبالّ ساحیب بەختەنی یار ئامان وەلات جەهد و جەختەنی

تراشیدەی دەست سەرئوستادی باش جەستەت پڕ زەخم قوڵنگەی سەنگ تاش

یادگار ئۆسای قەدیم زەمانان دەس ئاسی دەس كێش خیاتەی خانان

چمان تاشیای تێشەی فەرهاد بێ دەستت جەنەمام داری شمشاد بێ

ئارۆ قیبلۆ من بە لەنجۆ لارە تەشریفش وەلای تۆ ئامان هارە

شیرینەن نیشتەن دانە مەدۆ پێش هارەش هاركەردەن دۆر مەدۆنە وێش

مەگێڵۆ بەدەور چون چەرخی چەپگەرد هەیا هووش گەرمەن مەناڵۆ جەدەرد

دوو لیمۆی وەشبۆش تەرحی شەمامە جمە جمشانە نە یەخەی جامە

كەس چون تۆ ئازیز جە لای یار نەبی هارە چی وەشی ساچی هار مەبی؟

تای تورەی زوڵفان سیای عەنبەر بۆ سەرئاوێزكەردەن تا وەبانی تۆ

دەخیلەن دەستت بەدەستی یارەن پەنجەش رێش نەبۆ هارە هاوارەن

شیرین بە سەد ناز مەكێشۆ دەستە دانە مەدۆ پێت چون ئاوات وەستە

دانەش مەسانی چون ستەمكاران مەكەریش وەگەرد تووتیای شاران

تاقەت شی جەلام واتم ئەی هارە بە مەودای ئەڵماس پارە بی پارە

تۆ دەستی شیرین دەستە كێشتەن ئاواتت بڕیان ناڵەی چێشتەن

با من بناڵۆ ڕوان تا شەوان زەدەی هیجرانم دەردم بێ دەوان

هارەی هەراسان هەردەی هەردەگێڵ كەم دۆردەنەوێت چون دێوانەی وێڵ

ئانە شیرینەن دوڵبەر دوڵستان دڵ جێت مەسانۆ بە مەكر و داستان

بەبەینو بەڤاش هیچ مەبە خەڕە جەڤاش سەد بارەن وەڤاش یەك زەڕە

چەنی كەس تاسەر هەرگیز یار نیەن یاری ساحیب شەرت وەفادار نیەن

كاتێ مەزانی هۆرئێزا بەقەس چون بێ بەینەتان جە تۆش كێشا دەس


www.pertwk.com

شی بە ماوای ویش تەشریف بەردەوە تۆش ئاستی وەلای داخو دەردەوە

کوتابی سەداو نەعرەتە و دەنگت بێ قیمەت گنای کەساس بی سەنگت

بەدڵەی پڕسۆز مەینەت بارەوە پێچیای بەدەردی دووری یارەوە

ئەوسا چەنی زام بێ دەوای خەتەر مات مەبە بێ دەنگ جە صەیدی بەتەر

واتای ئەم شیعرە بەم شێوەیە:

دەستهاڕ تۆ بەردێکی کەمنرخیت, بەڵام ئێستا کەخاوەن بەختی هۆی ئەوەیە یار هاتووەتەلات, هەمووی لەشت بە قوڵنگە بریندارکراوە و دەستکردی وەستا شارەزاکانی کۆنی, وادیارە بە قوڵنگەکەی دەستی فەرهاد تاشراویت و دەسکەکەشت لە داری (شمشاد)ە, شیرین دانیشتوە گەنم دەکابەگەرووتا بۆیە شێت و هاربوویت و بەخێرایی دەسووڕێیتەوە و هایوهوت گەرمبووە, دوو مەکی شیرین بەسەرتەوە وەك شەمامە لەیەخەی کراسەکەیەوە جووڵە جووڵیانە, تۆش ئەوەندە لای یار خۆشەویستی ئیتر بۆ لە خۆشیدا هارنابیت, دەخیلە دەستهاڕ وریای دەست و پەنجەی یاربە و برینداری‌نەکەیت, شیرین بەنازەوە گەنم دەکابەگەرووتا, تۆش وەك ستەمکار لێیدەستێنیت و دەیکەیت بە (گەردی تووتیا), لە ناڵەناڵی دەستهار بیزاربووم و وتم بەنووکی ئەڵماس لەتلەتبیت تۆ کە ئاواتتبڕاە, ئیتر ئەم ناڵە ناڵەت لە چییە؟ کەپەنجەکانی یار بەرتدەکەون بۆ برینەکانت ساڕێژنابن؟ با من بە ڕۆژ و شە و بناڵێنم چونکە یار لێمدوورکەوتۆتەوە و دەردم گرانە, دەستهاڕی هەراسان کەم وەك دێوانەی وێڵ بەدەوری خۆتا بسووڕێرەوە, ئەوە شیرینە بە فێڵ دڵتلێدەسێنێت و بە بەڵێنی ئەو فریو مەخۆ, چونکە جەفای سەد بارە و وەفای یەك زەڕەیە, کاتێکت زانی بەئەنقەست بەجێیهێشتی, وەك بێوەفایان دەستی لێتکێشایەوە و بۆ ماوای خۆی گەڕایەوە, ئیتر تۆش بێنرخدەکەویت و کەساس و بێسەنگدەبیت, هاوار و نەعرەتەت کۆتاییاندێت, ئەوسا بە دڵێکی پڕسۆز و مەینەتبارەوە دەپێچرێیت بە دەردی دووری یارەوە, بەبرینی سامناك و بێدەرمانەوە لە (صەیدی) خراپتر مات و بێدەنگدەبیت.

(صەیدی هەورامی) هەر چۆن لە بواری شیعری دڵداری و خۆشەویستیدا تەڕدەست و زمانشیرین بووە, بەهەمان شێوە لە ستایشی سروشتە ڕەنگینەکەی هەورامانیشدا شاعیرێکی لێهاتوو بووە, ئەمەش چەند دێڕێکە لە شیعرێکی تێیدا باسی خۆشی یەکێك لە چیا بەرزەکانی هەورامانی کردووە بە ناوی (کۆسالان).

کۆسالان وەشەن کۆسالان وەشەن میرزام سەیری هەرد کۆسالان وەشەن

تەماشای جەرگەی گوڵاڵان وەشەن سەیری سەربەرزان عەودالان وەشەن

پەی لانساران خاڵ خاڵش وەشەن وەرواوی شیرین لاپاڵش وەشەن

شنۆی شاخەی ساز شەتاوش وەشەن ڕۆ بێداریش وەش شەو خاوش وەشەن

تەماشای نەورۆز خاڵماویش وەشەن کافوورش نیلیش سیاویش وەشەن

چۆپی کۆساڵان سەیرانش وەشەن سەدای قاقبۆی کەبکانش وەشەن

چەخاس جای گەشتەن عوبورش وەشەن بۆی عەتر و عەبیر چنوورش وەشەن

هەتاکو دەفەرمێت:

پەی کەسێ خاسەن میرزام کۆساڵان چەنی یار کەرۆ سەیری گوڵاڵان

هەرکەس چون صەیدی جەهیجران خەستەن سەیری کوساڵان کەی ئاوات وەستەن؟

وا دیارە (صەیدی) ئەم شیعرەی بۆ میرزایەکی سەردەمی خۆی نووسیوە, هەرچی لە ( محەممەد ئەمین کاردۆخی)یە نووسیویەتی: پێدەچێت بۆ باوك یان باپیرەی (میرزا ئەولقادری پاوەیی) نووسیبێت

واتای ئەم شیعرە بەم شیوەیە:

کۆساڵان خۆشە, میرزام سەیکردنی شاخی کۆساڵان خۆشە, لانزارە خاڵخاڵەکانی, بەفراوی قەدپاڵەکانی هەموویان خۆشن, بەئاگابوونی رۆژی و خەوی شیرینی شەوانی زۆرخۆشە, هەڵپەرکێ و سەرچۆپیکێشان تیایدا و دەنگی خوێندنی کەوەکانی خۆشن, گەشت و گوزار بە ناو کۆساڵان و بۆنی گولە بۆنخۆشەکانی لە (چنوور و شەوبۆ) زۆر خۆشن.

لەدرێژەی شیعرەکەدا وتوویەتی: میرزام کۆساڵان بۆ کەسێك خۆشە لەگەڵ یارەکەیدا گەشتتێدابکات و بەسەیردنی گوڵ و گوڵاڵەکانی سەرمەستبێت, بەڵام هەر کەسێك وەك (صەیدی) بەدەردی دووری یارەکەیەوە بتلێتەوە, کەی ئاواتەخوازی سەیکردنی کۆساڵانە.

(صەیدی هەورامی) لە چەند دێڕێکی شیعرەکانیدا راشکاوانە باسی بێبەهایی و پووچگەرایی ئەم دنیایەی کردووە و بە رەشبینییەوە روانیویەتە دنیا, پێیوابووە ئەو مرۆڤەی بۆ ژیانێکی کاتی و چەند ساڵێك تەمەن هەڵپەبکات و خۆی ماندووبکات گێل و دێوانەیە, چونکە لە بری ئەم خۆماندووکردنە پێویستە خۆی بۆ ژیانێکی نەبڕاوە و هەتا هەتایی ئامادەبکات, دیارە ئەم جۆرە باس و خواسانەشی لە ژێر کاریگەری بیر و باوەڕی دینییدا بوون, بۆ نموونە با لەم چەند دێڕەی خوارەوە وردببینەوە:

یاران دێوانە یاران دێوانە ئەبڵە کەسێوەن شێت و دێوانە

چی دنیای فانی بسازۆ یانە بە ئاوایش وانۆ یانەی وێرانە

یاران هەر مەسکەن وێرانە زێد بۆ ئەبڵە ئەو کەسەن بەوش ئومێد بۆ

هەر کەس عاقڵ بۆ چەنەش چی نیشۆ ڕەنجی بێ حاصڵ پێ دنیای کێشۆ

ئەم شاعیرە گەورەمان چەندین پارچە شیعری عیرفانی هەن, لە دووتوێیاندا خۆشەویستی ڕاستەقینەی خودایی دەکەوێتەڕوو, لە هەندێك لەو شیعرانەدا ڕاشکاوانە وتوویەتی: هەموو خەڵکی بەداوی خۆشەویستییەوە دەتلێنەوە, ئیتر ئەو خۆشەویستییە ئەگەر مەجازی بێت, یاخود خۆشەویستی خودایی, لە پارچە شیعری (یا شێخ صەنعانم)دا ئەم دەربڕینەوی بەبێپەردە خستووەتەڕوو, هەندێك پێیانوایە ئەم شیعرەی لە وەڵامی نامەیەکی (حەزرەتی شێخ عوسمانی تەوێڵە)دا نووسیوە, گوایا چەند کەسێك لای شێخ زمانیانلێداوە و وتوویانە (صەیدی) ڕێی خواپەرستی بەرداوە, هەر خەریکی دڵداری و هەوا وهەوەسی خۆیەتی, (حەزرەتی شێخ عوسمانی سیراجوددین)یش لە نامەیەکدا گلەیلێکردووە, ئەویش بە شیعری (یا شێخ صەنعانم) وەڵامیداوەتەوە, ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان دەستنەکەوتووە ئەم بۆچوونە بسەلمێنێت, چونکە وەك پیشتریش وتمان دیاریکردنی مێژووی ژیانی صەیدی و ئایا چەند شاعیر هەبوون بەم ناوەوە, هێشتا بەتەواوی ساغنەکراوەتەوە و مشتومڕیان لەسەرە.

ئەمانەی خوارەوە چەند دێڕێکن لە شیعرەکە:

یاشێخ صەنعانم یا شێخ صەنعانم عاشق پەی تەرسا وێتەی صەنعانم

بێ باك جە تانەی مانا و مەنعاتم چون یەعقووب داغدار پەی مای کەنعانم

وامق پەی عوزار گوڵ عەنبەرینم فەرهاد جە حەسرەت خاڵی شیرینم

جە بەهرام بەدتەر من نمەدپۆشم گوڵ ئەندام سەندەن فام چەنی هۆشم

مەجنوونی لەیلم بیابان گێڵم عالەم مەزانان پەی لەیلێ وێڵم

هەزار کەس وەی تەور شێوەش ئی بازین نیم بە حەقیقەت نیم بە مەجازین

تامەجاز نەبۆ حەقیق نمەیۆ حەقیق بێ مەجاز تەحقیف نمەبۆ

ئەر حەقیقیەن ئەر مەجازییەن دڵۆ من بەئەو بە خوا ڕازییەن

گرد جەمن فیشتەر حاڵشان فەنان داخم هەر ئێدەن هەر پەی من مەنان

گرد جە هام دەردی من حاشاکەران سا خەڵقان بەیان تەماشا کەران

ئەر عاشق نەبان یەکسەر مەلاّ و شێخ فتوا بۆ (صەیدی) سەربڕان بە تێخ

لەم شیعردا (صەیدی) باسی لەوەکردووە چۆن (شێخی صەنعان) بۆ کچە گاورێك لە دین وەرگەڕاوە, ئەمیش سەوداسەری یارەکەی بووە, بێباکە لە تانەوتەشەری خەڵك و گوێنادات بە قسەوقسەڵۆکیان, خۆی شوبهاندووە بە ئەویندارە گەورەکانی وەك: (فەرهاد بۆ شیرین, بارام بۆ گوڵئەندام, مەجنوون بۆ لەیلێ), وتوویەتی هەزاران بەدەردی خۆشەویستییەوە دەتلێنەوە, نیوەیان خۆشەویستییەکەیان مەجازی و نیوەکەی تریشیان خۆشەویستییەکەیان خوداییە, هەروەها وتوویەتی: کەسێك گیرۆدەی خۆشەویستی مەجازی نەبێت ناتوانێت ببێتە ئەویندارێ خۆشەویستی خودایی, خۆشەویستییەکەی ئەمیش ئەگەر مەجازییە یان خودایيە, بەخوا دڵی بەیارەکەی قایلە, بەڵام داخی هەر ئەوەیە کەخەڵك هەموویان بەدەردی خۆشەویستتەوە پەرێشانن, بۆ تەنها لۆمەی ئەو دەکرێت, دواجار دڵنیایداوە بەوەی ئەگەر هەموو (مەلا و شێخ)ەکان شەیدا نەبن, بڕیاربێت (صەیدی) بە تیغ سەربڕن.

لەشیعرێکی تردا کە بریتییە لە ستایشی ئایینی روویکردۆتە خوای خۆی و فەرموویەتی:

شەرابو عیشقو تۆ سافو زولاڵا بەلەزەت وەش بنۆشۆش توند و تاڵا

مەبۆ مەستی ئەزەل هەرکەس مەنۆشۆش کە ساقیش پادشاهی ژوالجلالا

کەسێوەن ئاکەسە لێوەن بە زاهیر بە(باگن) عاقڵ و صاحب کەماڵا

نەفکرش هەن جەلا موڵك و نەماڵی نە خۆ باکش جە فرزەند و عەیاڵا

درێغ چی گەشتی دنیا ئێمە هەرگیز شکارتێ پەی قیامەت نەکاڵا

ئەگەر سەد ساڵ چەنەش مانی بە دڵشاد چەنەش مەنەی تاسەر پەی ما مەحاڵا

دراز و دوور سەفەرمان هانە وەردا نە تۆشەی راو نە پۆشاك و نە (پاڵا)

واتای ئەم شیعرە بەم شێوەیە:

شەرابی خۆشەویستی تۆ ساف و زولاڵە, هەرکەس بینۆشێت مەستی هەتا هەتایی دەبێت, ئەو کەسە ئیتر لە رواڵەتدا گێلە بەڵام لە ناخیدا ژیر و خاوەن کەماڵە, نەبیری بەلای موڵك و سامانەوە دەمێنێت و نە هیچ باکێکی بە ماڵ و منداڵ هەیە, مەخابن ئێمە لەم گەشتە دنیاییەدا شتێکمان بۆ دوارۆژ نەکرد, چونکە ئەگەر صەد ساڵیش تێیدا بژین, مانەوە تا سەر بۆمان مەحاڵە, سەفەرێکی دوور و درێژمان لەبەردایە, کەچی نە توێشووی سەفەر و نە جل و بەرگ و نە پێڵاوەمان بۆی ئامادەکردووە.

شێخ عەبدولکەریمی خانەگایی

دەربارەی مێژووی ژیانی ئەم شاعیرە (د. محەممەد عەلی سوڵتانی) نووسیویەتی: (خەستە) هاوچەرخی (مەولەوی تاوەگۆزی) بووە, تا ساڵی (1265ك= 1848ز) زیندووبوە, ماوەیەك لە شاری سلێمانی وانەی وتووەتەوە, سەرەنجام گەڕاوەتەوە بۆ (خانەگا) و لەویدا کۆچی دوایی کردووە.

(دکتۆر صدیقی بۆرەکەیی)ش نووسیویەتی: ئەم هۆنەرەمان ناوی (عەبدولکەریم کوڕی شێخ ئەبوبەکر و نازناوی خەستەیە), ساڵی (1207ك=1792ز) لە دێی خانەگای پاوە لە دایکبووە, هەر لە منداڵییەوە لای باوکی خەریکی خوێندن بووە, پاشان چووەتە حوجرە و بۆ خوێندن زۆر شوێنی هەورامان گەڕاوە, لە (دژەن, سنە, پاوە) خوێندوویەتی و دواجار لەشاری (سنە) خوێندنی تەواوکردووە و گەڕاوەتەوە بۆ زێد و مەڵبەندەکەی خۆی, ئیتر سەرقاڵی ڕێنماییکردنی خەڵك و وانەوتنەوە بووە, ماوەیەکیش لە (شاری سلێمانی) خەریکی وانە وتنەوە بووە, پاشان گەڕاوەتەوە بۆ (خانەگا) و ساڵی (1276ك= 1859ز) کۆچی دوایی کردووە.

(شێخ عەبدولکەریمی خانەگایی) شاعرێکی زمانشرین و دەمپاراو بووە, هەرچەندە شیعرەکانی کۆنەکراونەتەوە, بەڵام ئەو چەند پارچەشیعرەی لەبەردەستی ئێمەدان گەواهی ئەوەدەدەن کە توانایەکی باشی هەبووە لە هۆنینەوەی شیعردا و بە یەکێك لە شاعیرە گەورەکانی سەردەمی خۆی لەقەڵەمدەدرێت, ئەم شاعیرە (صەیدی) ئاسا پێیوابووە هەر کەس سەوداسەری خۆشەویستی مەجازی نەبێت, ناتوانێت بچێتە ناو دنیای خۆشەویستی خوداییەوە, بۆیە لە شیعرەکانیدا لە قوڵایی دڵیەوە بە خۆشەویستەکەیدا هەڵیداوە, لە پارچە شعرێکیدا وتوویەتی:

چراخ ڕێش نەبۆ, چراخ ڕێش نەبۆ هەر سەرێ بە دەرد سەودات ڕێش نەبۆ

خاگرێ وە نێش تۆ پڕ ئێش نەبۆ وە رووی دنیاوە راحەت پێش نەبۆ

تێش نیشۆ مەودای پەیکان ژاراو لێش حەرام بۆ خاو, چێش تکیۆ زوخاو

سیا بۆ چون سەنگ ماندەی هەواران خەستە بۆ وە دەرد پەی دووی یاران

دەستێ نەگێڵۆ نە سینەی صافت چنگ نەدۆ نە چنگ شیرین کلاًفت

وە تیغ پڕ زام پارە پارە بۆ ئاوێزان وەچنگ پای قەنارە بۆ

ڕێزە ڕێزە بۆ تواناش کەم بۆ دوساخ پاوەند زەنجیر خەم بۆ

ساکە دووری تۆ ئاهر وست نەدڵ دەست هۆرگرت نەگشت (خەستە)ی خاروچڵ

واتای ئەم شیعرە بەم شێوەیە:

سەرەتا لەوەوە دەستپێدەکەین وشەی (چراخ) وشەیەکی فارسییە و بە واتای (چرا) دێت, لە لایەن چەند شاعیرێکەوە وەك نازناو بۆ خۆشەویستەکەیان بەکارهێنراوە.

چراخ- سەرێك بە ئێش و ئازاری سەودای تۆوە بریندار نەبێت, با لەم دنیایەدا وچاننەدات و بەر تیری ژەنگاوی بکەوێت, دڵێك بە چزووی ئەوینت ئێشیپێنەگات, با رەشببێتەوە چۆن بەردی بەجێماوی هەواران, دەستێ شەوان نەگەڕێ بەناو سنگ وبەرۆکتدا و چنگنەخاتە ناو چینی پەلکەکانتەوە, پارچە پارچەبێت بە تیغ و بە سێدارەوە هەڵواسرێت, دەسا دووری تۆ ئاگری خستووەتە دڵمەوە چونکە دەستت لە (خەستە) هەڵگرتووە.

لەپارچە شعرێکی تردا بەڵێنیداوە بە خۆشەویستەکەی هەتاکو مردن بەدڵسۆزییەوە خۆشیبوێت, لەم بوارەدا وتوویەتی:

چراخم ناشاد, چراخم ناشاد تا وە موژدەی مەرگ دڵ نەبۆ ناشاد

تاکە هیجرانت نەکێشۆ جەورم تا یاسین وانان نەگێران دەورم

تا دیدە نەشۆ چەنی بالاسەر نەگێلۆ پەی من زایڵەی چەمەر

تا یاران پەرێم نەکێشان فەریاد شەرگ بۆ مەیلو تۆ نەدەروون وە باد

تا پێم نەوانان ئایەی وادەی مەرگ تا بەر ناوەران نە تۆی جامە و بەرگ

تاکە مەردەشۆر نەشۆرۆم بەدەن نەپێچامەوە وە تۆ تۆی کەفەن

نەنیام وە تابووت وە هەی داد هەی داد شەرگ بۆ مەیل و تۆ نەدەروون وەباد

تاکە دڵسۆزان تەرمم نەوەران وە سەرای گڵکۆم داخڵ نەکەران

تاکە نەنیانێم نە تۆی یانەی نۆ دڵ پڕ ئاخ و داخ دووری دیدەی تۆ

نەپۆشان وە سەنگ, بەرکەرام جە یاد شەرگ بۆ مەیلو تۆ نەدەروون وەباد

تاکە نەڕێزنان وەسەر قەبرم خاك تا نەوەزانێم یانەی تەنگ و تاك

تا خەستەی دەردت قاڵبش یەکسەر نە دریۆ جە یۆ نەو یانەی خەگەر

تاکە گۆشت و پۆس, موغز و ئیستخوان چەنی خاك و خۆڵ ئامێتە نەوان

تا (خەستە)ت سفتەی نار و نوور نەبۆ شەرگ بۆ مەیل و تۆ جە لام دوور نەبۆ

تا мووران نەوان وە زیزم دڵشاد شەرگ بۆ مەیل تۆ نەوەروون وە باد

واتای ئەم شیعرە بەم شێوەیە:

چراخ- تا بەموژدەی مەرگ دڵشاد نەبم, تا یاسینخوێنان دەورملێنەدەن, تا دەنگی شین و چەمەریم بەرزنەبێتەووە و یارانم ئاخم بۆ هەڵنەکێشن, مەرجبێت بە مەیلی تۆوە بمێنمەوە, تا مردووشۆر نەمشۆن و لە ناو توێی توێی کفندا نەمپێچنەوە, بە هەی داد هەی داد نەمخەنە ناو تەرمەوە, مەرجبێت بە مەیلی تۆوە بمێنمەوە, تاکە دڵسۆزان تەرمەکەم نەبەن بۆ گڵکۆ و نەمخنە ناو (ماڵی نوێمەوە= مەبەستی گۆڕە) بەبەرد دامنەپۆشن, مەرجبێت بە مەیلی تۆوە بمێنمەوە, تا خۆڵ نەکەنە سەر قەبرم و نەمخەنە ناو ماڵی تەنگ و تاریکەوە, مەرجبێت بە مەیلی تۆوە بمێنمەوە, تا (گۆشت, پێست, مێشك و ئیسقان)م تێکەڵی خاکوخۆڵ نەبن, تا (خەستە)ت لەناو ئاگردا نەسووتێنرێت, مەرجبێت بە مەیلی تۆوە بمێنمەوە, تا مێرووان بە لەشی ساردووسڕم دلشادنەبن, مەرجبێت بە مەیلی تۆوە بمێنمەوە.

میرزا ئەولقادریپاوەیی

دەربارەی بەسەرهاتی ژیانی (میرزا ئەولقادری پاوەیی), لەچەند سەرچاوەیەکدا قسە وباس خراونەتەڕوو بەم شێوەیە:

(مامۆستا محەممەدئەمین هەورامانی) کە ئەرکی کۆکردنەوە و لەچاپدانی دیوانەکەی گرتووەتە ئەستۆ نووسیویەتی:

(میرزا ئەولقادر کوڕی کوێخا محەممەدی پاوەیی)یە, ساڵی (1266ك= 1849ز) لە (شاری پاوە)ی هەورامانی لهۆن لە دایکبووە, هەر لەوێش خراوەتە بەر خوێندن و پلەی سەرەتایی خوێندنی دینی تەواوکردووە, بە مەبەستی تەواوکردنی پلەی خوێندەواری چووە بۆ (دێی کاشتەر), پاشان گەڕاوەتەوە بۆ (شاری پاوە) و تێیدا نیشتەجێبووە. ساڵی (1328ك= 1910ز) لە تەمەنی (62) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و سەری هەمیشەیی بەدایکی خاکەوە ناوەتەوە.

(مامۆستا محەممەد بەهائوددین مەلا صاحب) نووسیویەتی:

(میرزا عەبدولقادری پاوەیی) بوێژ و هەڵبەستەوانێکی بێهاوتا بووە, لە (پاوە) لە دایکبووە, شیعری بە شێوەی هەورامی و بە زمانی فارسی زۆرە, دانەری داستانی ئاسمان و زەمینە کە بە جوانترین شێوە هۆنراوەتەوە.

(د.صدیقی بۆرەکەیی) نووسیویەتی:

ئەم هۆنەرەمان ناوی (عەبدولقادرکوڕی محەممەد)ە و بەپێی ئەو بەڵگانەی کەوتوونەتە دەستمان, ساڵی (1264ك=1847ز) لە (پاوە) لە دایکبووە و هەر لەوێشدا پێگەیشتووە, لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووە, پاشان چووەتە حوجرەی فەقێیان, ماوەیەکیش لە (کاشتەر و سنە) بووە, ئەوسا گەڕاوەتەوە زێد و مەڵبەندەکەی خۆی, پاشماوەی ژیانی بەکاری کشتوکاڵکردن و خوێندنەوە و هۆنینەوەی شیعرەوە بردووەتەسەر, ساڵی (1327ك= 1909ز) لە تەمەنی شەست و سێ ساڵیدا لە کرماشان کۆچی دوایی کردووە.

ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارەکانی (52, 139, 148) باسی ژیانی (میرزا ئەولقادری پاوەیی) کردووە, بەتایبەت شیعری (جەنگنامەی کوللە و ئاینە مەل) کە لە هەردوو ژمارەی (139, 148)دا لە لایەن (د. محەممەدصدیقی موفتی زادە)وە لە بارەیەوە نووسراوە, لە ژمارە (52)شدا ئاماژە بەوە کراوە (میرزا ئەولقادری پاوەیی) ماوەی دوو ساڵ لای (محەممەد بەگی وەکیل) وەك نووسەری تایبەتی ناوبراو کاریکردووە, پاشان چووەتە شاری کرماشان و ماوەیەکی تەمەنی لەو شارەدا بردووەتەسەر, لەو ماوەدا کە لە کرماشان بووە بەبەردەوام هاتوچۆی شاعیری گەورە و خواناس (سەی ساڵح)ی کردووە و سوودی زۆری لێوەرگرتووە, لە تەمەنی (62) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

لە ژمارە (1279) ساڵی 1955زایینی (ڕۆژنامەی ژین)دا دەربارەی (میرزا ئەولقادر) نووسراوە:

بوێژی نەمری هەورامی (میرزا عەبدولقادر) ساڵی (1834ز) لە پاوە لەدایکبووە, ساڵی (1907ز) لەتەمەنی (73) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە و لە (پاوە) نێژراوە, بەزمانی هەورامی و فارسی هەڵبەستی هەیە, خاوەنی داستانی (سەما و زەمینە).

ئەم شاعیرەمان لە هۆنینەوەی شیعردا دەستێکی باڵای هەبووە, شیعرەکانی تا بڵێیت تەڕ و پاراون, بە شێوەیەکی گشتی دەبن بەچەند بەشێکەوە بەم شێوەیە:

یەکەم-شیعری دڵداری و خۆشەویستی- میرزا ئەولقادری پاوەیی هەر وەك زۆربەی شاعیرەکانی تر لە سەرەتای چوونە ناو دنیا جوانەکەی شیعر, بە شیعری دڵداری و غەزەلیات دەستپێکردووە و زۆربەی شیعرە دڵدارییەکانیشی بۆ (پەریزاد) ناوێك نووسیون, ئیتر ئایا ئەو (پەریزاد)ە ناوی ڕاستی خۆشەویستەکەی بووبێت یاخود لەبەر جوانییەکەی بە پەریزادی شوبهاندبێت, لەم جۆرە شیعرانەدا زۆر وەستایانە هاتووەتەمەیدان, بەڵام دەتوانین بڵێین شیعرە دڵدارییەکانی بە (وقارن) و حەزی گەنجانەیان پێوە دیار نییە, بە وشەی سادە و دەربڕینی زۆر ناسك لە هۆنینەوەیاندا (میرزا) جوانترین مەبەستی پێکاوە, هەر بۆ نموونە با لەم دوو دێڕە وردببینەوە:

ئەر دەشتەن, ئەرکاو, ئەرکەشەن, ئەر کۆ نەهەرجا مدیەو , نەخشەن شێوەی تۆ

نە حەکی جەدڵ, نەمەحوی نەزەر یادم نمەشی, وەمەرگت دڵبەر

واتای ئەم شیعرە بەم شێوەیە:

بۆ هەر شوێنێك دەڕوانم ئەگەر دەشتە یاخود کەژ و کێو, وێنەی تۆی تێدا هەڵکەندراوە, خۆشەویستەکەم بەمەرگت نەبەسرینەوە لە دڵ و نەبەسۆماهاتنی چاو هەرگیزا و هەرگیز ئەو وێنەیە لەیادمناچێت.

لە پارچەیەك لەشیعرە دڵدارییەکانیدا لەگەڵ شەماڵ کەوتۆتە گفتوگۆ, داوالێکردووە بچێتە خزمەت یارەکەی و باسی بێتاقەتی و بێزاری (میرزا)ی بۆ بکات, کە چۆن وا بەدەردی دوورییەوە دەناڵێنێ و بەردەوام فرمێسك لە چاوەکانییەوە دەڕژێن و دڵی بە تەواوی بریندارە, هەتاکو ئەویش یان مەڵهەمی ڕزگاربوون یاخود مەرگی بۆ بنێرێت, بەر لەوەی بچینە سەر نووسینی چەندە دێڕێك لەو شیعرە پێویستە باس لە وەبکەین, شیعرەکە لەچەند سەرچاوەیەکدا بڵاوکراوەتەوە, هەر یەکێکیان لە دوو توێی چەند دێڕێکدا بڵاویانکردۆتەوە و جیاوازی بەرچاویش لە چەند وشەیەکی دێرەکاندا هەن, سەرەڕای

ئەوەی هەندێك لە دێڕەكان لەسەرچاوەیەكدا هەن و لە سەرچاوەكەی بەرامبەریدا نین و بە پێچەوانەشەوە, لەم بوارەدا دەڵێین: هەریەك لە (مامۆستا محەممەد بەهائودین مەلا صاحب و دكتۆر صدیقی بۆ رەكەیی) لە دوو توێی (32) دێڕدا بڵاویانكردووەتەوە. پێدەچێت (د. بۆرەكەیی) لە (مامۆستا محەممەد بەهائوددین)ەوە وەریگرتبێت, چونكە دەقا و دەقی دێڕەكانی ئەوی نووسیوەتەوە و ئاشكراشە نووسینەكەی ئەم نوێترە.

(مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی)یش لە دوو توێی (51) دێڕدا بڵاویكردۆتەوە و ئاماژەی بەوەش داوە كە ئەو (51) دێڕە هەموو شیعرەكەیە.

لە بەر ئەوە شیعرەكە دوور و درێژە لێرەدا تەنها ئەم دێڕانەی خوارەوەی دەنووسینەوە:

شنۆی سەحەر خێز شنۆی سەحەرخێز شنۆی سەركاوان سوبح سەحەرخێز

وەهارش رەونەق زمسانش وەبێز مەحرەم وەحەرەم سارای شای پەروێز

پەیك بەری (بێستوون) دەلیل دووجەیل مەست بۆی (شیرین) كەیل جە عەتر (لەیل)

سەنای تای توغرای زوڵفی تەتاران هام دەر دو هام ڕاز دیدە خوماران

دەوای ئێش و زام دەروون پڕ دەردان هام شەریك دەرد هەناسە سەردان

سا دەخیل شەماڵ تاقەتم تاقەن دڵ نەگێج مەوج سەودای فیراقەن

جەستەی پەشێو حاڵ شادی بەتاڵم پەی دووری ئازیز دەروون زوخاڵم

تۆ نەسیم سوبح سەردیارانی ئەمین و مەحرەم لای نازدارانی

تۆ گەنج (قەیسەر) وە دەوان دەو وە تاراج بەردی پەرێ (كەیخەسرەو)

نامەی (شیرین)ت وە (فەرهاد) سپەرد (فەرهاد) جە ئاهش سەنگ مەكەرد وە گەرد

پەیكت بەردەوە لای باوان (لەیلێ) عەرزەی (قەیس) وانای فرەجار خەیلێ

دڵەی كۆس كەوتەی قەترانی (حەیدەر) شادت كەرد بەدین دیدار (عەنبەر)

نیشان (وامق) پەی (عەزرا) بەردی نار ئاسا جەرگش وەكەباب كەردی

پەی یۆ تەر نامان نام بەردەی هەواڵ یە هەر رەسم تۆن فیدات بام شەماڵ

سادەی وێت ئاسا هۆرێز ئاخێزکەر مەدارا مەکەر وەیاد دڵبەر

(زەلان) بەد حاڵەن هیچ خۆفت نەبۆ روو بنیە نە رووی هەرد (شاهۆ) کۆ

هەتاکو فەرموویەتی:

یاوای (زاهۆڵی) ساتێ بناڵە بەتەنخوای (قادر) پەی کۆی (قەرزاڵە)

سۆزان (لەیلاخ) دیارەن جە دوور (کەل عاشقان), (زەڵم و شارەزوور)

زویری پارچەی وەیس یەمەن ماڵ قولەی (پیر رۆستەم), (هووبەتوو ساراڵ)

تو خوا نگا کەر چ خاس دلگیرەن چاگە ویەردی شەماڵ (وێمیرەن)

جە (وێمیر) بویەر (هەولێ سەراوەن) سەرمایەی سیحەت حەیات پاوەن

دایم ئارامگەی جەرگەی یارانەن جای عەیش و نیشات چەم خومارانەن

نازك خەیاڵان پاسەشان واتەن هەوڵێ کەوسەری رووی سەر بیساتەن

(دووریسان) ئایر نەجەرگم وەردان شەماڵ ئاخێزکەر دەخیل هامەردان

ئەوسا رووبنیە نە رووی (پاوەشار) ئێد فەرزەن شەماڵ یەگشت بەرکەنار

ساتوخوا شەماڵ سەر باوە راسی مەبۆ تۆ قیبلەم بەی تەور بشناسی

هەتاکو دەفەرمێت:

جەو دما ماوەر عوزر و بەهانە نامش وە شش حەرف نەی فەرد بوانە

(پەریزاد) نامەن (پەری) دەستوورەن سەرتا پا بێ عەیب هەر ماچی حورەن

(پەری) دەستوورەن نازك ئەندامەن شۆخەن شیرینەن (پەریزاد) نامەن

واچە (قەیس)ەکەی وێڵ تۆ ئاساکە (فەرهاد) خەستەکە و (مەجنوون) ئاساکە

دێوانەکەی وێت دڵ ناشادەکە خەستەی نائومێد رەنج وە بادەکە

زام زەدەی خەمان جگەر پارەکە چەم جە ئەسرین کەیل بێ قەرارەکە

یا مەڵھەم یا مەرگ مەسپارۆت بە دەست باوەر بماڵەش نە جای زام سەخت

(قادر) تا زیندەن خەم نە خەیاڵەن جان فیدای لەیلەن بەندەی شەماڵەن

دەگێڕنەوە (میرزا ئەولقادری پاوەیی) ئەم پارچە شیعرەی لە کاتێکدا هۆنیوەتەوە کە لە (گوندی هاوار) بووە و وەك دوورخراوەیەك ژیاوە, ناوبراو لەم شیعرەدا لەگەڵ هەڵڕشتنی بێزاری و بێتاقەتی خۆی بۆ شەماڵ, بۆ ئەوەی وەك پەیامبەرێك بیانگەیەنێتە لای خۆشەویستەکەی, هاوکات وەك وێنەگرێکی کارامە وێنەی ئەو هەموو شوێنانەی کردووە لە (گوند, شاخ, هەوارگە, سەیرانگە,چەم, کانیاو...هتد) کەدەکەونە نێوان (گوندی هاوار و شاری پاوە) و قۆناغ بە قۆناغ وەك رێپیشاندەرێکی شارەزا رێنمایی شەماڵی کردووە.

واتای شیعرەکە بەم شێوەیە:

ئەی بای شەماڵ, ئەی ئەو شنەبایەی سەر لەبەیانیان زوو لەسەر کێوەکانەوە دێیت, ئەی هاوڕازی خۆشەویستان و چاومەستان, ئەی دەرمانی دڵ پڕ لە دەردان و هاوڕێی هەناسە ساردان, ئەی شەماڵ وا ئارامنەماوە و لە دووری یار دڵمپڕبووە لە خەم و پەژارە, تۆ پێشڕەوی هاتنی بەهار و لابەری بەرگی بەفرینی کوێستانەکانی, هەر تۆیت گەنجی (قەیسەر)ت بۆ (کەیخوسرەو) برد, نامەی شیرینت گەیاندە (فەرهاد) و لەخۆشی ئەو نامەیەدا (فەرهاد) بەردی هاڕیوە و کردوویەتی بە (گەرد), تۆ بوویت هەواڵی (قەیس)ت برد بۆ ماڵی باوانی (لەیلێ) و چەند جارێك داواکارییەکەیت لایان خوێندەوە, دڵی بریندار و قەترانی (حەیدەر)ت بەبینینی (عەنبەر) گەشاندەوە, ناونیشانی (وامق)ت برد بۆ (عوزرا) و جەرگت کرد بە کەباب, کەسی تر بۆینەهاتووە رابەری نامەگەیاندنبێت و ئەو کارە هەر لە تۆ دێت, بەسەرگەردتبم سادەی خۆت ئاسا دەست و برد بە و هیچ شێنەینەکەیت , ئەگەر زانیت (زەلان) ترسناکە ئەوە رووبکەرە (شاهۆ), کاتێکیش گەیشتیتە (زاوەڵی),لە شاخی (قەزاڵە)وە تێپەڕتکرد, سەوزایی (لێلاخ) و کەلی عاشقان, زەڵم و شارەزوور) لە دوورەوە دیارن, ئینجا لەوێوە چاك سەیری لووتکەی (پیر رۆستەم و هەیبەت و ساراڵ) بکە بزانە چەندە دلگیرن, کە لەوێشەوە رابوردیت (بێمیر) دێتە رێت, لە (بێمیر)یش دەرچوویت دەگەیتە (سەرچاوەی هەوڵی) کە شوێنێکی زۆر دلگیرە و مایەی تەندروستی و ژیانی خەڵکی (پاوە)یە, شوێنی ئارامگرتنی یاران و جێی خۆشی و رابواردنی چاو خومارانە, بۆیە ناسك خەیاڵەکان وتوویانە (هەوڵێ) ئاوی کەوسەری ئەم دنیایەیە, (دوریسان) ئاگری لە جەرگم بەرداوە, شەماڵ دەخیلتم خەریکە بمرم رووبکەرە (شاری پاوە) چونکە لەهەموویان فەرزترە, سا توخوا شەماڵ سەر بهێنە سەر راستی, دەبێت بەم شێوەیە خۆشەویستەکەم بناسیتەوە: (ناوی پەریزادە, شێوەشی وەك (پەری)یە, هەموو لەشی بێ عەیبە و وەك فریشتە وایە, شۆخ و شەنگ و بەژن و بالاَ رێکە و (پەریزاد)ی ناوە, پێیبلێ ئەو (قەیسە)ی بۆ تۆ وێڵبووە و وەك (فەرهاد و مەجنوون) وایە, ئەو دێوانە دڵناشادەی کە نەخۆش و نائومێد و رەنجبەبادە هەمیشە فرمێسك دەڕێژێت, ئیتر ئەویش یامەڵهەم یاخود مەرگت دەداتێ بۆمیبهێنە, ئەگەر مەڵهەمی دایتێ بیهێنە بیسووە بەبرینەکانمدا بۆ ئەوەی سارێژ بن, (قادر)یش هەتاکو زیندووە و گیانفیدای خۆشەویستەکەی و کۆیلەی شەماڵە.

دووەم- رازی شیعری- یەکێك لە خەصلەتەکانی شیعری (میرزا ئەولقادری پاوەیی) ئەوەیە وەك مێژوونووسێك رووداوی مێژوویی هێناوە و بەشیعری (هێمایی= رەمزی) لە چوارچێوەی داستانێکی شیعریدا بە شێوەیەکی زۆر رێکوپێك


www.pertwk.com

هۆنیونیەتەوە, ئەمەش لە داستانی شیعری (جەنگنامەی کوللە و ئاینەمەل)دا دەردەکەویت کە یەکێکە لە داستانە شیعرییە بەناوبانگەکانی,

شاعیری ناوبراو لەم داستانەدا باسی هەڵس و کەوتی ناڕەوای لەشکری داگیرکاری (عوسمانی) کردووە بەرامبەر خەڵکی ئەو شوێنانەی دەستییبەسەرداگرتوون بەگشتی و بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان و شاری پاوە بەتایبەتی, رازە شیعرییەکە رازێکی ئەفسانەیی و هەڵبەستراو نییە, بەڵکو سەرگوزەشتەیەکی‌راستەقینەیە, بەرگێکی هێمایی بەبەرداکردووە و زۆر هەستی خوێنەر بۆ سەرگوزەشتەکە دەبزوێنێت, لەم رازە شیعرییەدا ناکۆکییەکی زۆر قوڵ هەیە لە نێوان سێ لایەندا, ئەو سێ لایەنەش بریتین لە (لەشکری کوللە= لەشکری دەوڵەتی عوسمانی, لەشکری ئاینەمەل=لەشکری دەوڵەتی قاجاری, خەڵکی پاوە), شاعیر بۆیە لەشکری دەوڵەتی عوسمانی بەلەشکری کوللە ناوبردووە, چونکە لەشکرێکی برسی بوون و بەهەر شوێنێکدا تێپەڕیون کەوتوونەتە تالان و برۆ, رووینناوە لە وێرانکارییەوە و سڵیان لە هیچ تاوانکارییەك دەرهەق بە خەڵکی هەژار و بێتاوانی ئەو ناوچانە نەکردووەتەوە کە کەوتوونەتە ژێر دەستیان, هەروەها بۆیە لەشکری دەوڵەتی قاجاری بە لەشکری ئاینەمەل ناوبردووە چونکە ئاینەمەل باڵندەیەکە زۆر دوژمنی کوللەیە و هەر بەئاسمانەوە دەیچنێتەوە و دەیخوات, دیارە شاعیر لەم شیعرەیدا ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پیاو ماقوڵان و خەڵکی دیاری ئەو سەردەمە نامەیەکیان بۆ شای ئێران نووسیوە, لەو نامەیەدا داواینلێکردووە بێت بەهانایانەوە و لە ستەمی لەشکری عوسمانییەکان رزگاریانبکات, کاتێك ئەوانیش هاتوونەتە ناوچەکەوە بەحیساب وەك فریادرەسێك سەیکراون, وا دیارە (میرزا ئەولقادر) لە سەرەتاوە هیوایەکی بەوەبووە کە لەشکری قاجارییەکان شکستبدات بە لەشکری دەوڵەتی عوسمانی و ئەمانیش روزگاریانبێت, بەڵام پاش ئەوەی قاجارییەکان لە جەنگەکەدا براوە بوون و سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە, ئیتر تاسەر مۆخ ستەمیان لە خەڵکەکە کردووە و لەداگیرکارانی عوسمانی خراپتر بەربوونەتە وێزەی خەڵکەکە و زیاتر زەرەر و زیانیان لێداون, باڵادەستی خۆیان نواندووە و (پاوە)یان کردووە بە شوێنی حەوانەوە و رابواردنیان, (جەنگنامەی کوللە و ئاینەمەل) زۆر درێژە و لە دووتوێی (275) دێڕدایە, لێرەدا ئێمە چەند دێڕێکی لێهەڵدەبژێرین بە تایبەت ئەو دێڕانەی پەیوەندییان بە ناوچەکانی کوردستانەوە هەیە بەم شێوەیە:

(هەولێر و موصڵ) گرد بەرباد کەردەن ئایر جەدەروون (کەرکووك) ئاوەردەن

(رەواندز) هەتا (خانەقی و زەهاو) (مەندەلی) و (بەسرە) یەکسەر دا چەپاو

پارچەی (قەرەداخ) تا وە (شارەزوور) چەنی (سلێمانی) گرد کەردەن خاپوور

وێرانکەرد (لهۆن) ملك هەورامان نەتەرسا جە زۆر سەڵتەنەی سانان

سەنگەر وەست وەپای سەخناخانی سەخت وێرانکەرد مەحاڵ (هەورامان تەخت)

مەزرەعەی مەحاڵ (کاشتەر) جە بێخ کەند تەپڵ هەی تالان جە (ژاوەرۆ) ژەند

لەرزا جە سامش قولەی سەربەرزان رێزا جە زۆرش گەلای سەرتەرزان

(سەقز) شێونا (مەریوان) نالاّ زوڵمش جە سەقف گەردوون ونالاّ

مەحشەر نمانا وەخاك (بانە) (ساوەجبلاّخ)ش كەردەن وێرانە

شارەت دا وەتەخت ملّك (سنە) شار بنار (لەیلاخ) مەنزڵ داقەرار

(ئەلكە و بێڵەوار) (قۆشەن) كەردش پەی (كەنووڵە)وێرانكەرد تا وە دەشتی (رەی)

(كوردستان)ش كەرد وەخاك نەیكۆ خصوصەن بلۆك خاك (جوانرۆ)

مایدەشت چون چۆی تەختەی تەرم شا غەزەب گرت نەدەور شار (كرمانشا)

(سەرپێڵ و)(قەمسەر), (قەسر) تا (راوەند) مالاّش تا قەلاّی شاری (نەهاوەند)

خاك لوڕستان وە توورەكە بەرد (پشتكۆ) و (ئێلام)ش تەمام وێرانكەرد

خەراپ كەرد (هەرسین) هەتا (وارماوا) یاساوڵش وە شار (هەمەدان) یاوا

ئیرادەش تەسخیر ملّك ئێرانەن قەصدش تەصەروف بێشەی شێرانەن

هەتاكو فەرموویەتی:

(ئاینەمەل) وێڵ وێڵ مەگێلاّ ئەنقەس مەلەخ پەی دەرمان هیچ نەگنێش دەس

بووڵ وەیاگەی تەخت شای مەلەخ شانا حەمد خواوەند بێ هامتا وانا

گێلاّوە دما وە زەوق و شادی چاوشان ژەندەن تەپڵ ئازادی

شا چەنی سپا سەرووەش وەدڵشاد خەرمان خەمان یەكسەر دان وە باد

شا نیشت وەسەر تەخت پادشای جەڕاد جەم بین نەدەورش ئەمیران وەشاد

فەتحنامەش كیاست وە ئەتراف دا وە هەر حەفت ئەقلیم (قوللەی قاف)دا

جەو دما خێزا واتش ئەی یاران با بچین وە پای سەهەند داران

دیا چێش قوشەن یەكسەر تەمامەن فەرما (تووت تەڕ) دەرمان زامەن

هەر كەسێ پەی وێش دەس كەرد وە چەپاو هیچ نەبێ وە تەنگ حەسا و كتاو

یاران یە نامەی نەهاتی (پاوە)ن مەعلووم نامەدیش جە لای خواوەن

کەسێ بەزەییش ناما وە حاڵش سەد نەعلەت وەشووم بەخت و ئیقباڵش

هەتاکو دەفەرمێت:

(ئاینەمەل)ت کەرد وە زەواڵ ئەو رۆی رۆشن کەرد لێش وە تاریکە شەو

ئومێدەن وە تۆرن کەرەم فراوان گۆشەی لوتف تۆ پەی گشت کەس یاوان

مەعلووم هەر زوڵمێ زەواڵێ دارۆ هەر تۆز و گەردێ شەماڵێ دارۆ

هەر شادی و شەوقێ شینێش هانە شۆن تەنیا بێ زەواڵ زات پاك تۆن

سیوای زات وێت شاه بێ زەواڵ نەشۆر نە شیرین نەترش نە تاڵ

یەکسەر فانییەن وێرانەن ماڵش هەر کەس کەسێوت کەرد وە زەواڵش

ئافەریدەی جنس ئەشیا گرد تۆنی نە هەر جا هەنی تمەز جە کۆنی

ئەر صەد هەم عاصی هەم گونام بێ شۆن (قادر) ئومێدش وە ئەلگاف تۆن

وەك پێشتر وتمان ئەم جەنگنامەیە زۆر درێژە و لە دووتوێی (275)دێڕدایە, ئێمە تەنها ئەم چەند دێڕەمان لێهەڵبژارد و واتای دێڕەکانیش بەم شێوەی خوارەوەن:

لەشکری داگیرکاری (کوللە= لەشکری عوسمانی) هەولێر و موصڵیان بەربادکرد و ئاگریان بەردا لە دەروونی (کەرکووك), لە (رەواندوز)ەوە هەتاکو (خانەقین, مەندەلی, بەسرا)یان تاڵانکرد, (قەرەداخ و شارەزوور و سلێمانی)یان کاولکردن, (هەورامانی لهۆن)یان وێرانکرد و نەترسان لە دەسەڵاتی سانەکان, (هەورامانی تەخت)یان وێرانکرد و مەزرای ناوچەی (کاشتەر)یان لە ریشەوە هەڵکەند, تەپڵی تاڵان و برۆیان لە (ژاوەرۆ) لێدا, لە ترسی زوبر و زەنگیان قوله سەربەرزەکان لەرزین و گەڵای سەوزی سەرتەرزەکان هەڵوەرین, (سەقز)یان شێواند و (مەریوان) لە ژێر دەستیاندا ناڵاندی, خاکی (بانە)یان کرد بە مەحشەر و سابلاغیان کاولکرد, هێرشیانبردە سەر (شاری سنە) و بنە و بارگەیان لە بناری (لەیلاخ) خست, (ئەلکە و بێڵەوار)یان وێرانکرد هەتا دەگاتە دەشتی (رەی).

(کوردستان)یان تەختکرد بە تایبەتی (خاکی جوانرۆ), غەزەبیان لە دەورووبەری (کرماشان) گرت, هەر لە (سەرپێڵ و قەمسەر و قەسر)ەوە هەتا (راوەند و نەهاوەند)یان رامالی, خاکی (لورستان)یان بە توورەکە برد و (پشتکۆ و ئیلام)یان بە تەواوەتی خاپوور کردن, هەر لە شاری (هەرسین)ەوە هەتا (وارماوا) هەموویان کردنە وێرانە و یاساوڵیان گەیشتە شاری هەمەدان, هەموو مەبەستی ئەوەیە موڵکی ئێران بگرێت و بێشەی شێران بخاتە ژێر حوکمی خۆیەوە.


www.pertwk.com

له درێژەی شیعرەکەدا هاتووە:

(لەشکری ئاینەمەل) بەسەر لەشکری کوللەدا سەرکەوتن, پاشان بەدەستی ئەنقەست وێڵ وێڵ دەسووڕانەوە و بۆ دەرمان کوللەیەکیان دەستنەدەکەوت, خۆڵەمێشیان کرد بەسەر تەختی پادشای کوللەدا و سوپاسی خودای بێهاوتایان کرد, بە خۆشی و شادیەوە تەپڵی سەرکەوتنیان لێدا, شا لە سەر تەختی پادشای کوللە دانیشت و میرەکان بە خۆشییەوە لە دەوری کۆبوونەوە, نامەی سەرکەوتنی خۆی بە هەموو لایەکدا نارد و بە هەر حەوت ئەقلیمی (قوللەی قاف)دا بلاّویکردەوە, پاشان وتی دیارە هەموو لەشکر ئامادەن و (تەرە توو)ش باشترین دەرمانە, ئیتر هەر کەسێك بۆ خۆی کەوتە تالاّنکردن و ئەمەش هۆی نەهامەتی (پاوە)یە و دیارە ئەم نەهامەتییەش لە لای خواوەیە, هیچ کەسێك بەزەیی بە حاڵی پاوەدا نەهاتەوە و سەد نەفرەت لەو بەختە شوومەی بێت.

لە دێڕەکانی دواییشدا باسی لەوە کردووە, شتێکی دیار و ئاشکرایە هەموو ستەمکارێك زەواڵێکی هەیە و هەموو تۆز و گەردێکیش شەماڵێکی هەیە, هەموو شادییەك شیوەنێکی بە دواوەیە و تەنها خوای گەورە کەس بالاّدەستی نییە, لە دوا دێڕیشدا وتوویەتی: هەرچەندە گوناکارم و تاوانم زۆرن, بەلاّم (قادر) هەر ئومێدی بە تۆیە.

هەر لەم بوارەدا باس لەوەدەکەین (میرزا ئەولقادری پاوەیی) داستانێکی شیعری تری هەیە بەناوی (سەما و زەمین), هەرچەندە هەندێك ئەم داستانە شیعرییەیان بە هینی (فەقێ قادری هەمەوەند) و هەندێکی تریش بە هینی مەلا عەبدولخالیقی پاوەیی)یان داوەتەقەڵەم, بەلاّم (د.محەممەد صدیقی موفتی زادە) دڵنیاییداوە بەوەی کە (سەما و زەمین) شیعری (میرزا ئەولقادری پاوەیی)یە و لە (رۆژی کوردستان)دا بلاّویکردووەتەوە.

(مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی) نووسیویەتی: داستانی شیعری (سەما و زەمین) دەمەتەقێیەکی مەنتیقیانەی دینیە و بەشێوەیەکی زۆر رازاوە لە راستیدا تواوەتەوە, هەروەها نووسیویەتیمەبەست لە (سەما و زەمین) ئەوەیە, زەوی نابێت ژێربکەوێت ئەگەر چی وا لەژێر (ئاسمان)دا, چونکە بەپێی دەستووری دینی ئیسلام (محەممەدی پێغەمبەر د.خ) لە زەویدا لەدایکبووە و هەر لەوێشدا نێژراوە, خوای گەورەش ئەگەر بۆخاتری (محەممەد) نەبوایە دنیای دروستنەدەکرد.

سێیەم- شیعری خوداناسی- (میرزا ئەولقادر) لەم شیعرانەیدا بەرگی خوداناسی پۆشیوە و بەدەم پاڕانەوە و نزاوە ملکەچ لەبەر دەم خودای گەورەدا راوەستاوە, خۆی بە تاوانبار زانیوە و هاوکات گلەیی لە بەختی خۆی کردووە, بەوەی بۆچی دەبێت هەمیشە بەدبەختبێت و بەدەستی ئێش و ئازارەوە بناڵێنێت, لەم بارەوە با لەم چەند دێڕە شیعرەی وردببینەوە:

فەلەك بار دەرد فەلەك بار دەرد تا کەی بکێشم سزای بار دەرد

وەهار دا نەتەپڵ زمستان ویەرد تاکەی جەوری دەرد رەنگم کەرۆ زەرد

مەر پێت نەیاوان دوود ئاهمەن هەناسان سەرد سەحەر گاهمەن

شین و شەوناڵین نامرادیمەن کزەی کوورەی دڵ دوور جە شادیمەن

کزەی زۆخی زام نادیاریمەن قرچەی ئیستخوان دەرد کاریمەن

مەر من جە ئوممەت (مستەفا) سیوام چون سکەی خارج قەڵب و ناڕەوام

من پەیکوڵ نەڕای (رەسووڵ) نەشەندم نەدام پەی (ئادەم) گەواهی گەندم

کارنامەی مەشرووع ناما جەدەستم پەی (قەتڵ) قابیل کەمەر نەبەستم

کوفار و کافر نەکێشام نەشار (زەکەریا)م نەکوشت وە مەودای مشار

بارە نەفت وە نار (نەمروود) نەپاشام مەنجەنیق پەی مەرگ (خەلیل) نەتاشام

ناقەی (صاڵح)م وەسیرقەت نەبەرد میناکار تەخت (فیرعەون) نەکەردم

رای کابەم نەگرت پەرێ حاجیان تیغ نەدام نەفەرق فیرقەی ناجییان

هەتاکو فەرموویەتی:

بە حاجەت نوور شای (خیرالبشر) ببەخشەم بەنوور شەفیع مەحشەر

هەرچەند من عاصی مەعصیەت بارم بە لوتف یەکتا ئومێدەوارم

خالق تۆ قادر, بەندە عەبدی تۆم نەدەرگای تۆ هەر ئێدەن ئەرجوم

بویەر نەجەور ئەی ((عبدالقادر) هەر چەن گوناهان لێش بیەن صادر

واتای ئەم شیعرە بەم شێوەیە:

ئەی خودا تاکەی بەباری دەردەوە بتلێمەوە و سزای ئەو بارە بکێشم, مەگەر دووکەڵی ئاهو هەناسەی ساردی بەرەبەیانم پێتنەگەیشتووە, لە نامورادیمدا شیوەن و شەوناڵینمە و کورەی دڵم کزەیلێوەدێت, مەگەر من لە ئۆمەتی (مستەفا= حەزرەتی محەممەد د.خ) نیم وا وەك سكەی قەڵپ وام و رەواجمنییە, من رێگەی پێغەمبەرم پەیکوڵڕێژنەکردووە و گەواهی (گەنم)م بۆ (حەزرەتی ئادەم) نەداوە, کارنامەی کوشتنی (قابیل)م دانەرێژاوە و بۆ ئەوە کەمەرمنەبەستووە, خەڵکانی کافر و گومرانم بە دزییەوە نەهێناوەتە ناوشار بۆ تاوانکاری, زەکەریام بە مشار نە کوشتووە, بارە نەوتم نەکردووە بەسەر ئاگرەکەی نەمروودا و مەنجەنیقم بۆ (حەزرەتی ئیبراهیم خەلیل) نەتاشیوە, حوشتری (حەزرەتی ساڵح)م نەکوشتووە و تەختی (فیرعەون)م ئاوێنەبەند نەکردووە, رێگەی (کەعبە)م نەگرتووە لەحاجیان و تیغمنەداوە لەسەری گروی جاویدان, لەبەر خاتری نووری پادشای (خیر البشر= پێغەمبەری مەزن) لێمببورە و بمبەخشە, هەرچەندە من تاوانکارم بەڵام ئومێدم بە لەتفی خوای تاك و تەنیایە, ئەی درووستكار تۆ بەتوانا و منیش کۆیلەی تۆم,

لە دەرگای تۆشدا هەر ئەوە دواکاریمە لە خراپەکارییەکان و گوناهەکانم ببوریت.

مەلا حەسەنی دزڵی

ناوی (مەلا حەسەن کوڕی مەلا محەممەد کوڕی محەممەد رەزا) و نازناوی (هیجری)یە، ساڵی 1275ك=1858ز لە (گوندی وەیساوا) لەبنەماڵەی شێخە مەردۆخییە دینپەروەرەکان هاتووەتە دنیاوە، دایکی ناوی (شاپەروەر) و ئەویش هەرلە شێخە مەردۆخییەکانی هەورامانە، لەتەمەنی شەش ساڵییەوە خراوەتە بەر خوێندن و کتێبە سەرەتاییەکانی ئەو سەردەمەی تەواو کردووە، بۆ درێژەدان بە خوێندنەکەی چووەتە گوندی (دەگا شێخان) و لەخزمەتی (حاجی شێخ یوسفی دەگاشێخان)یدا کتێبەکانی (صەرف, نەحو، مەنتیق)ی خوێندووە، ئینجا رۆیشتووە بۆ (شنۆ، لاجان) و لەهەر شوێنێکدا ناوی زانایەکی گەورەی بیستبێت چووەتە خزمەتی، لەهەریەك لە (دۆلکانە، سنگان)دا درێژەی بەخوێندن داوە و پاشان لەخزمەتی مەلای گەورەی هەولێردا بۆماوەیەك خوێندوویەتی، هەربە مەبەستی خوێندن ماوەیەك لە (سلێمانی)دا ماوەتەوە و بۆجاری دووەم گەڕاوەتەوە بۆ (شنۆ و لاجان)، هەروەها لە (موکریان)دا خوێندویەتی و بۆ هەمان مەبەستیش ماوەیەکی زۆر لە (بیارە)دا ماوەتەوە، دواجار لەخزمەتی مەلای گەورەی هەولێردا مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە.

(مەلا حەسەن) لەژیانی مەلایەتیدا سەرەتا چووەتە گوندی (سەنگان)، بەڵام هەر پاشماوەیەك کەڵکەڵەی گەڕانەوەی هەورامانی کەوتۆتەسەر و گەڕاوەتەوە بۆ زێد و مەڵبەندەکەی خۆی بووە بە (مەلای گوندی دەگاشێخان)، هەر لەم گوندەدا دووچاری ناکۆکی بووە لەگەڵ یەکێك لەدەسەڵاتدارەکانی ناوچەکە, لەهەندێك شیعریدا ناوی ئەو دەسەڵاتدارەی بە (موفەتیش) هێناوە، پاش ماوەیەك بەناچاری (گوندی دەگاشێخان)ی بەجێهێشتووە و چووەتە گوندی (دزڵی)، پاشان چووەتە (گوندی هانەی قوڵ) ماوەیەکی کەم لەو گوندەدا ماوەتەوە, دواجار چووە بۆ (بانیشار) و بووە بە مەلای ئەو گوندە.

پایەی زانستی ئەم زاتە زۆر گەورە بووە، لەو ماوەدا کەلە بانیشار بووە یەکێك لە دەسەڵاتدارەکانی ناوچەکە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا تەلاق کەوتۆتە بەینیان, هەرچی مەلای ئەو سەردەمەی قەزای هەڵەبجە بوون بڕیاری ئەوەیانداوە ئەو تەلاقە کەوتووە، بەڵام بەپێچەوانەی هەموویانەوە (مەلا حەسەن) وتوویەتی تەلاقەکەی نەکەوتووە، ئەو کێشە بەرادەیەك گەرەبووە گەیشتووەتە لای (حاکمی شەرعی کەرکوك), ئەویش (مەلا حەسەن)ی بانگکردووە و پێیوتووە بەڵگەت چییە بۆ نەکەوتنی تەلاقەکە؟ پاش ئەوەی ناوبراو بەڵگەکانی خۆی وتووە حاکمی شەرع قایلبووە بەو بەڵگانە، بەڵام هەر لەبەرئەوەی (مەلا حەسەن) بەتەنیا بووە و هەموو مەلاکانی تر دژیوەستاون, (حاکمی شەرعی کەرکوك)یش نەیتوانیوە مەسەلەکە یەکلابکاتەوە, بۆیە رووبەڕووی (موفتی بەغداد)ی کردووەتەوە.

کاتێك (مەلا حەسەن) چووەتە خزمەتی (موفتی بەغداد) لەگەڵیا کەوتووەتە مشتومڕ، (موفتی) بۆی دەرکەوتووە مەلا کەسێکی زۆر زانا و خوێندەوارە, کێشەی تەڵاقەکەی بەرزکردووەتەوە بۆ بەردەم (والی بەغداد)، لەئەنجامدا (والی بەغداد) فەرمانیداوە (مەلا حەسەن) و هەموو دژەکارەکانی ئامادە بکرێن و لەئەنجومەنێکی گەورەی شەرعیدا رووبەڕوو بکرێنەوە و هەرلایەکیشیان بەڵگەی خۆیان بخەنەڕوو، لەو ئەنجومەنەدا (مەلا حەسەن) زۆر بەڕاشکاوانە بەڵگەکانی خۆی خستۆتەڕوو, بەجۆرێك بووەتە شوێنی سەرنجراکێشانی (والی)، بۆیە فەرمانیپێداوە پایەی (قاچی القچات), یان (موفتی) وەربگرێت، بەڵام ئەو بەهیچ کام لەو پلەوپایانە قایلنەبووە، بەرانبەر بەوە داوایکردووە لە (والی) بەمەبەستی خوێندن بینێرێت بۆ (ئەزهەری شەریف), (والی)ش دەستبەجێ فەرمانیداوە بە جێبەجێکردنی داواکارییەکەی.

(مەلا حەسەن) پاش ئەوەی دووساڵ لە (ئەزهەری شەریف)دا خوێندوویەتی, لەسەر فەرمانی (شێخی ئەزهەر) دانراوە بە مامۆستا, ماوەی (9) ساڵ سەرقاڵی وانە وتنەوە و پەروەردەکردنی خوێندکاران بووە, پاش ئەو ماوەیە بیری هەورامان بەجارێك تاقەتیلێبڕیوە, بۆیە گەراوەتەوە بۆ ناوچەکە و بووە بە مەلای (گوندی هانەی قوڵ).

ئەم زاتە کاتێك گەراوەتەوە بۆ هەورامان تەمەنی زۆر لە کاتی ژنهێنانی تێپەڕاندووە، لەبەر ئەوەی خۆشی کەسێکی بێفیزبووە و بەهەمووشتێك قایلبووە، بێوەژنێکی مارەکردووە و نەوایەکی هەژارانەی پێکەوەناوە، ئەو بێوەژنە خەڵکی گوندی (ئێلانیێ) بووە و هەتا مردنیشی هاوسەری (مەلا حەسەن) بووە.

شیعری عیرفانی لای مەلا حەسەنی دزڵی:

شتێکی ئاشکرایە بڵاوبوونەوەی هەردوو رێوڕەچەی (قادری, نەقشبەندی) لە کوردستاندا هەر لەسەردەمی (شێخ عوسمانی سیراجوددین = شێخ عوسمانی تەوێڵە) کە پیری رێورەچەی نەقشبەندی بووە و (شێخ قادری کەسنەزان) کە پیری رێوڕەچەی قادری بووە, زۆربەی مەلاکانی کوردستانی کردووە بە دووبەشەوە، ، خانەقاکانی هەردوولا بوون بە مەڵبەندی گەورە بۆ کۆبوونەوەی (مەلا، زانا، عارف، شاعیر)ەکانی کوردستان، هەریەکێك لەمانەی ناومانهێنان ئەگەر رووی لەیەکێك لەپیرەکانی ئەم دوو رێوڕەچەیە نەکردبێت و نەبووبێت بە مووریدی, زۆرجار بە (مونکیر) و دین لاواز ناویهێنراوە، کەچی لەگەرمەی ئەو مەسەلە و کێشمەکێشانەدا (مەلا حەسەن) لەگەڵ ئەوەدا کەسێکی زانا و ناسراو بووە, نەچووەتە ژێر رکێفی هیچ شێخێك و موریدی کەسیان نەبووە، ناوبراو وایبۆچووە کە سۆفیگەری و عیرفان تەنها لەرێگەی بوون بە مورید وخزمەتکردنی شێخەوە نین، هەرچەند ئەم زاتە خەڵکی گوندی (دزڵی) بووە و دزڵییەکانیش هەمویان سۆفی (حەزرەتی شێخ حیسامووددین) بوون, کەچی ئەم بەو ئاکارەدا نەچووە، بەڵام ئەمەش واینەکردووە دژایەتی شێخەکان بکات و بەتەواوی لێیاندوورەپەرێزبێت، چەند پارچە شیعرێکی هەن تیایاندا ستایشی شێخەکانی نەقشبەندی هەورامانی کردووە, لەوانە یەکێکیانی بۆ لەدنیادەرچوونی (حەزرەتی شێخ حیسامووددین) و یەکێکی تریانی بۆ (حەزرەتی شێخ عەلائوددین) نووسیوە، لای شارەزایانی ئەو سەردەمە بەشاکاری شیعری عیرفانی دراونەتە قەڵەم، هەربۆ نموونە با لەم چەند دێڕە ورد ببینەوە:

قیبلەگای حاجەت کەعبەی راستان 9؛ توتیـــا ئاســـا خاکــی ئاستـــان

شەمسی مـــەشاریق بورجی بیـــارە 9؛ تەلعەت نوورئەفشان وەهەر کەنارە

شەمسی موفتەبیس نووری مەحاسین #9؛ جازیبەی هیممەت چوون روبای ئاسن

شـــارەزای راگـــەی سەحـــرای کیبریا شێری سیلسلەی زومرەی ئەولیا

غـــەواسی شـــهود بەحـــری تـــەجەلا پـیری موقامـات رای (فنا فی الله)

(مامۆستا مەلا حەسەن) کەسێکی دڵفراوان و لێبوردنی زۆر بووە, باس لەوەدەکرێت کەسێك بەناوی (حاجی محەممەدی دزڵی) کە بە (حاجی حەمەشێت) ناسراوبووە, لە رۆژگاری هەرزەکاریدا رۆژێك برنەوێکی بەدەستەوە بووە, لەو کاتەدا (مامۆستا مەلا حەسەن)یش بەسەربانەکەی خۆیانەوە راوەستاوە و مێزەرەکەی سەری سپیکردووەتەوە, (حاجی حەمەشێت) وتوویەتی بەدایکی سەیری مێزەرەکەی سەری مامۆستا بکە بزانە باشیدەپێکم, هەتاکو دایکی بە رۆڵە نەکەی هاواری لێبەرزبووەتەوە, گوڵەیەکی ناوە بەسەری مامۆستاوە و یەکسەر کەوتۆتەسەرزەوی, ئەوانەی ئاگاداری رووداوەکە بوون وایانزانیوە کوژراوە, بۆیە دەستبەجێ گەیشتوونەتەسەری, بەڵام پاش کەمێك (مامۆستا مەلا حەسەن) هەستاوەتەوە سەیریانکردووە تەنها قەفی مێزەرەکەی کون کونبوون و تووکەسەری سووتاوە, ئامادەبوان ویستوویانە تەمێی (حاجی حەمەشێت) بکەن, بەڵام (مەلا حەسەن) رێگەینەداون و فەرموویەتی: بیهێنن بۆ لای خۆم, کاتێك هێناویانەتە خزمەتی پێیوتووە: (ئافەرین هۆرامیلە کە ئاندە دەست راسا, ئەگەر مێزەرەکەت نەپێکی واچێنێ دارکاریت کەرا, بەڵام ئیسە بەخشوت, جا ئیسە پنەم واچە نەتەرسێنی کوشیەو) واتا (ئافەرین هەورامی ئەوەندە دەستت راستە, ئەگەر مێزەرەکەمت نەپێکایە دەموت دارکاریت بکەن, بەڵام ئێستا دەتبەخشم, جا پێمبڵێ نەدەترسای بکوژرێم) لە وەڵامدا (حاجی حەمەشێت ) وتوویەتی: بۆیە خەڵك چەکدەگرێت بەدەستییەوە تەقاندی لەهەرکەسێك ساردیبکاتەوە, ئینجا (مەلا حەسەن) وتوویەتی: هیچ کەسێك ئازارینەدات و هەقیبەسەریەوە نەبێت چونکە من لێیدەبوورم.

(مەلاحەسەن) مرۆڤێکی نەفس بەرز و زۆریش قانیع بووە, بەهەژاری و نەداری ژیاوە و هەرگیز لە هەڵپەی کۆکردنەوە و پێکەوەنانی ماڵ و ساماندا نەبووە, مەبەستی لەم دنیایەدا تەنها خواپەرستی و رێنمایکردنی موسڵمانان بووە, زۆر بەکەمی رێککەوتووە پۆشتەبوو‌بێت یان خۆراکی خۆش خرابێتە بەردەمی, چاوەڕێی خەلاَ ت و بەراتی کەسی نەکردووە و لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتیدا نەبووە بەچەکوشی دەستی دەسەلاَتداران, دەگێڕنەوە کابرایەکی خەڵکی دزڵی هەندێك کەلوپەلی لە ناو سنووری عێراقدا دەستیبەسەرداگیراوە, دوایکردووە لە (مەلاحەسەن) بۆ ئەوەی نامەیەکی بۆ بنووسێت بۆ کاربەدەستانی دەوڵەتی هەتاکو کەلوپەلەکانی بدەنەوە, ئەویش نامەیەکی بۆنووسیوە بۆ کاربەدەستێك, کە نامەکە گەیشتووەتە دەست ئەو کاربەدەستە سەیریکردووە بەشیعری عەرەبی مانادار و زۆر بەرێکوپێکی نووسراوە, ئیتر کابرای دزڵیەیی ناردووە بۆ لای کاربەدەستێکی لە خۆی گەورەتر, ئەویش فەرمانیداوە بەگەڕاندنەوەی هەموو لەکوپەلەکانی, هاوکات پێیوتووە داواتلێدەکەم بەم مامۆستایە بڵێیت بابێت بۆ لای ئێمە دەیکەین بە (قازی دادگای لیوا=پارێزگا) و مووچەیەکی باشی بۆ دەبڕینەوە, بەڵام (مەلا حەسەن) بەوە قایلنەبووە, پاشان کاربەدەستە گەورەکە بە (حەمەئاغا) ناوێکی وتووە: هەرچۆنێك بووە بەڵکو (مەلاحەسەن) قایلبکەیت بێت بۆ لامان چونکە کەسێکی زۆر زانا و زمانزانە,(حەمە ئاغا)ش بۆ ئەو مەبەستە لە خورماڵەوە نامەیەکی بۆ ناردووە و داواکاری کاربەدەستەکەی بۆ دووپاتکردووەتەوە, (مەلاحەسەن) لەگەڵ ئەوەدا باری ژیان و گوزەرانی زۆر ناهەمواربووە, ئەو داواکارییەی داوەتەدواوە و بەم شیعرانە وەڵامی (حەمەئاغا)ی داوەتەوە:

ســـــوێندم خواردووه به ڕۆحـــــی باوام بەگۆڕی نەنکم به ڕۆڵەی ساوام

تا بۆ و بەرامەی (شەوبۆ و وەرکەمەر) تا (سوور هەراڵه) سەرتێرێتەدەر

تا دەنگی ژەرەژ پیقەی نەچیرێ تا قسەی خۆشی پیرێکی ژیرێ

تا بەڕوو مابێ لەهەوراماندا تا شەماڵ بدا به کۆساڵاندا

تا بەڕەزایەك با بیشەکێنێ هەتا ڕێواسێ چووزە دەربێنی

فەرەنجی شڕێ چۆغەدڕاوێ کلاشه چەکێ پشتێن بزاوێ

شەرته هەورامان بەجێنەهێڵم مەگەر ئەو ساته که بەجێیدێڵم

دیاره ئەم شیعره به شێوەزمانی کرمانجی باشوور نووسراوه و پێویست به لێکدانەوەی واتاکەی ناکات, له دووتوێشیدا گەورەترین خۆشەویستی بۆ سرووشته ڕەنگینەکەی هەورامان و تواندنەوه لەناو جۆری ژیانی خەڵکەکەیدا دەردەکەوێت, (مامۆستا مەلا حەسەن)یش ئەو ژیانەی بەهیچ شتێك نەگۆڕیوەتەوه, ئەو جۆره هەڵوێستەش هەمیشه هەڵوێستی خەڵکانی (ڕۆحپاك, نەفسبەرز, دەم و دەست پاك)ە.

ئەم شاعیرەمان زۆر حەزی له جگەرەکێشان و چایخواردنەوه کردووه, چەندجارێك ڕێککەوتووه بەنامەی شیعری داوای (شەکر, چایی, تووتن)ی له دۆست و برادەرانی خۆی کردووه, ئەم چەند دێڕەی خوارەوه نموونەیەکن له نامەیەکی شیعری تێیدا داوای چایی کردووه له دۆستێکی بەناوی (وەستا ئەولعەزیزی تەوێڵەیی):

جه قەند شیرینتەر هەنگوینی لەزیز باش ئوسای زیرەك ئوسا ئەولەزیز

سەر و قنگ چەرمه فره ممتاز بۆسا چایۆه خەلیس ئاواتەخواز بۆ

ڕەنگ دبێز و سیاو به وێنەی ڤیراو چون چای تۆرێز یان میاندواو

عەرەڤش وێنەی بناگۆشی یار چیرۆ هۆربەیۆ نەوەختی ئێوار

بەعزێو نەئەی چا ئیسه کەمن وات بکیانه پەرێم بەرەسمی سەوقات

بەیادی تۆوه یەخەگیرمانه هەتا ساڵێوتەر هەرجه ویرمانه

واتای شیعرەکه بەم جۆرەیه:

وەستا ئەولعەزیزی لە هەنگوین شیرینتر و باشوەستای زیرەك, ئارەزووی چایی رەنگ دێز و رەش دەكەم وەك قیراو كەوەك چایی تەورێز و میاندواو وابێت, برێك لەو چاییەم بۆ بنێرە بە سەوقاتی و هەتاكو ساڵێكی تر بەیادی تۆوە هەر لەبیرمدا دەمێنێتەوە.

بەڵام (وەستا ئەولعەزیز) ماوەیەك داواكارییەكەی دواخستووە و چاییەكەی بۆ نەناردووە, بۆیە (مەلاحسەن) بەمەبەستی تووڕەكردنی نامەیەكی تری بۆناردووە بەم شێوەیە:

داخم هەر ئینەن جۆرە كەسانێ پاكافرمانێ لاقنگ هەسانێ

ریش تەپلە گەونێ یاپراخە لوتێ سەوەتە سەرێ گەڵ وقنگ رووتێ

مەواچۆ ئەمن چایی وەرەنان موقەدەم وێنەی ئەسكەندەرەنان

من وێنەی خورووس دایم قووقوومەن پەی كەلە قەنێ هەر قەیسە و قوومەن

نە پەیخامێ هەن نەنامە و راپۆرت نەدیم ژەقنەموت یاخود قوزەڵقورت

گەردن ژەرەژا سۆسەن خاڵەكا زوڵفە سیاكا چەمە كاڵەكا

كلاشە خاسەكێ پەی ئادیشا بۆ چ دەربەسەنی من پاخروابو

ئافەرین (گوڵێ) پەی تەقۆ تێلاش گا سەرە چلۆسك گا لنگە كلاش

شكۆر ئۆلعەزیز هەر چێر چەپۆكەن یانەی دڵ تاریك سینەش ناكۆكەن

گوڵێ هەر وەختێ چەمش هۆربرێۆ ئید دەس و دیمش وەفەوری مەرێۆ

هێزم و ئاویرگاش پنە هۆربرۆ هەڵیزە و مانێ پینە مەكەرۆ

ئەم نامە شیعرییەی (مەلا حەسەن) بۆ وەستا ئەولعەزیز نامەیەكی گاڵتە ئامێزی دۆستانەیە, پڕە لەناو و ناتۆرەی ئێسك سووك و تەنها بەمەبەستی تووڕەكردنی وەستا ئەولعەزیز بووە, واتای نامەكەش بەم شێوەیە:

داخم هەر ئەوەیە هەندێك كەس (قاچ وەك كافرمان, لاقنگ وەك هەسان, ریشیان وەك تەپلەی داری (گوێنو=جەوی) لووتیان دەڵێت یاپراخە, سەریان بەقەد سەبەتەیەكە و گەڵ و قنگ رووتن) خۆیان بەچایی خۆردەزانن, لە كاتێكدا من وەك كەڵەشێر هەمیشە قوقومە و داوای كەلە شەكرێك دەكەم, بەڵام نەنامەیەكم پێگەیشت لەلای تۆوە, نە (ژەقنەمووت و قوزەڵقۆرت)م بینی, كلاشە باشەكان دەدەیت بەو زوڵف رەش و چاوكاڵانەی گەردنیان وەك گەردنی كەو خاڵ خاڵە و هیچ مەبەستت بەوە نییە من پێخاوس بم, ئافەرین بۆ (گوڵێ) بۆ تەقەی تێلای و جار جاریش تاكە كلاش و سەلكە بزوزگت

تێدەگرێت، شوکور بەردەوام (ئەولعەزیز) هەر ژێرچەپۆکە و ماڵی دڵی تاریك و سنگی ناکۆکە، هەر کاتێك (گوڵێ) چاوی هەڵبڕی ئەو لە ترسا دەستنوێژی دەشکێت، داری کوانووی پێهەڵدەبڕێت و (مەشکە و هەمانە)ی پێپینەدەکات.

کاتێك ئەم نامە گەیشتۆتە دەستی (وەستا ئەولعەزیز) لە تەوێڵەوە بەڕێکەوتووە بۆ دزڵێ و مامۆستا (مەلا حەسەن)یش زۆر ڕێزیلێگرتووە، وەستا وتوویەتی من تەسلیم و دیارە کەس چاری مەلا ناکات، (مەلا حەسەن)یش وتوویوتی: وەستا گیان تۆ لەمن باشتری ئەگەر ( تۆ و ئاسنگەر و ناڵبەند و دارتاش) و وەستاکانی تر نەبن، ژیانی خەڵك چۆن بەڕێوەدەچێت.

(مەلاحەسەن) هەردوو زمانی فارسی و عەرەبی زۆر بەباشی زانیوە، چەند پارچە شیعرێکی بە هەرسێ زمانی (کوردی، عەرەبی، فارسی) هەن، لەهۆنینەوەی ئەم شیعرانەیدا هونەرێکی زۆربەرزی نواندوە، یەکێك لەو شیعرانەی لەنامەیەکی شیعریدا ناردووە بۆ (مەلاحەسەنی مەلاسەی محەممەدی گێزمڵ).

پایەی شیعری ئەم زاتە بەئاستێك بووە ژمارەیەك لە شاعیرەکانمان باسیانلێوەکردووە لەوانە (هەژار، هێمن، قانیع، سوارەی ئیلخانیزادە. . .هتد)، لەم بوارەدا (قانیع) وتوویەتی: ئەگەر وەك (مەلاحەسەنی دزڵی) شیعرم بهۆنیایەتەوە، دەنگی کوردی داماوم دەگەیاندە ئەوپەڕی دنیا، (هێمن) وتوویەتی: پێموایە ئەدەبی کوردی (مەلاحەسەن)ی کەمبووە، هەروەها (سوارەی ئیلخانیزادە) وتوویەتی: کورد شاعیری زانا و شۆخی وەك (مەلاحەسەن)ی نەبووە.

(مامۆستا مەلاحەسەن) پاش تەمەنێکی سەربەرزانەی پڕ لەداهێنان لەبوارەکانی ئەدەب و زانستدا، ساڵی (1365ك=1945ز) کۆچی دوایکردووە و لەگۆڕستانی (ئەسحابە)ی گوندی دزڵی بەخاکسپێردراوە، کاتێك ئەو هەواڵی مەرگی ناوبراو گەیشتووەتە (سنە)، هەموو مەلا گەورەکانی ئەو سەردەمە لە (مزگەوتی جامیعە) پرسەیان بۆ داناوە، لەپرسەکەدا (موفتی گەورە)ی سنە و (شێخولئیسلامی موجتەهیدی کوردستان) لە بارەی کەسێتی ئەم زاتەوە قسەیان بۆ خەڵکی کردووە.

مەلا عەبدوڵای دشەیی

ئەم زانا گەورە و شاعیرە پایە بەرزەمان ناوی (مەلا عەبدوڵا کوڕی مەلا مەحموودی دشەیی)یە، هەر لە منداڵییەوە خراوەتە بەرخوێندن و لە زۆر شوێنی هەوراماندا خوێندوویەتی، پاشان بە فەقێیەتی چووەتە هەولێر و (لای حاجی مەلا عومەرە ئەفەنی باوکی مەلا ئەبوبەکرە ئەفەنی) ناسراو بە (مەلا ئەفەنی) مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە، لە زانستەکانی (مەنگیق، فیقهی ئیسلامی، ریاچیات و فەلەك)دا دەستێکی باڵای هەبووە، پاش تەواوکردنی خوێندن لە مزگەوتی (دارولئیحسان)ی شاری (سنە)دا دامەزراوە، دواتر لەبەر پایەی دینی و زانستی گەورەی کراوە بە (موفتی)، ساڵی (1341ك=1922ز لە شاری سنە کۆچی دوایی کردووە.

هەر لە بارەی مێژووی ژیانیەوە (د. صدیقی بۆرەکەیی) نووسیویەتی: ناوی (عەبدوڵا و کوڕی مەلا مەحموود و لەنەوەی موزەفەرخانی جوانرۆ)یە، ساڵی (1275ك=1858ز) لە دێی (دشە)ی هەوراماندا لە دایکبووە و هەر لەوێشدا پێگەیشتووە، بۆ خوێندن بە فەقێیەتی ڕۆیشتووەتە هەولێر و لای (حاجی عومەر ئەفەنی) خوێندنی تەواوکردووە و گەڕاوەتەوە زێد و

مەڵبەندەکەی خۆی, ساڵی (1313ك=1895ز) لەلایەن حوکمڕانەکانی ئەردەڵانەوە بانگکراوە بۆ شاری (سنە) و لە مزگەوتی (دار و لئیحسان)دا کراوە بە مامۆستا, ئیتر پاشماوەی ژیانی بە وانەوتنەوە و ڕێنمایکردنی خەڵکەوە بردووەتەسەر , تا لە ساڵی (1342ك=1923ز) لە شاری (سنە) کۆچی دواییی کردووە و هەر لەوێشدا بە خاکسپێردراوە.

شاعیری ناوبراو لە ناو خەڵکدا بە (مەلا عەبدوڵای مفتی) ناسراوبووە و بنەماڵەکەیان پشتاوپشت زانستخوازبوون, (موزەفەرخان)ی باپیرە گەورەیان لە سەردەمی هێرشی مەغۆلەکاندا لە زێدی خۆیەوە کۆچیکردووە بۆ گوندی (دشە)ی هەورامانی لهۆن و تێیدا نیشتەجێبووە, لەبەر ئەوەی پایەیەکی زانستی بەرزی هەبووە, لە زۆربەی کۆبوونەوە دینی و زانستییەکانی ئەو سەردەمەدا بەشداریکردووە و بۆ ئەو مەبەستەش چەندجارێك سەفەری (بەغداد, موسڵ, تاران)ی کردووە, وەك کەسێتییەکی دیاریش دۆستایەتی پتەوی لەگەڵ (بنەماڵەی سانەکانی هەورامان, خانەکانی ئەردەڵان, میرەکانی ببان, بەگزادەکانی جاف) و شێخەکانی (نەقشبەندی هەورامان, نەهری, بەرزنجە, تاڵەبان)دا هەبووە و هەمیشە ڕێزیانلێگرتووە و ڕاوێژیانپێکردووە.

ئەم شاعیرەمان زۆبەی شیعرەکانی بە (شێوەزمانی هەورامی) هۆنیونەتەوە و چەند پارچە شیعرێکیشی هەن بە شێوەزمانی کرمانجی باشوور و بە زمانی فارسی هۆنراونەتەوە و زۆربەیان لە دیوانێکدا کۆکراونەتەوە, بەڵام ئەو دیوانە لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا فەوتاوە, تەنها چەند پارچە شیعرێکی لە دووتوێی هەندێك سەرچاوەدا خراونەتەڕوو, (د.صدیقی بۆرەکەیی) نووسیویەتی: (مفتی) بێجگە لە دیوانەکەی, باوەڕنامەیەکی هەیە بۆ کوڕی دووەمی (مەلامەحمودی مفتی) کە ئەو کاتە تەمەنی حەوت ساڵ بووە دایناوە, ئەم باوەڕنامەیە کە سەرەتاکەی بە (خودا یارت بۆ) دەستپێدەکات, لە قاڵبێکی ڕێك و پێك و لەو پەڕی سادەیی و ڕەوانیدا دانراوە, ئەم دێڕانەی خوارەوە بەشێکن لە باوەڕنامەکە:

خودا یارت بۆ, خودا یارت بۆ ڕۆڵە ئەرجوم هەن خودا یارت بۆ

بە فەڤڵ ڕەحمەت نیگادارت بۆ پێ تە حصیل عیلم مەدەدکارت بۆ

ڕۆڵە وەر جەگشت مەبۆ بزانی حیکمەت جە ئیجاد نەوع ئینسانی

ئەوەڵ عیرفانەن, پانی عیبادەت مەبان ئەصڵ و فەرع بنای سەعادەت

هەرچی مەوینی گرد مومکیناتەن ئەگەر زەمینەن, ئەر سەماواتەن

گیان دار و بێ گیان, لەگیف و کپیف ڕۆشن و تاریك, شەریر و شەریف

یەکسەر موحتاجەن وەگردگارێ (واجب الوجود) پەروەردگارێ

بێ جەسەد بێ ڕەنگ, بێ شکڵ و شێوە شێوەی عالەمش هیچ نەبۆ پێوە

سەرچەشمەی (وجوود) فەییاچ جوود بۆ مەوجوودات یەکسەر بە ئەو مەوجوود بۆ


www.pertwk.com

بێ ئیحتیاج بۆ جەگرد سەراسەر تا موحتاج نەبۆ بە واجبی تەر

مەوجوود هەر ئادەن, موکین چون سایەن ئا ژاتە پاکە ژات و خودایەن

ئەوەڵ عیرفانەن پانی عیبادەت مەبان ئەصڵ و فەرع بینای سەعادەت

عیرفان یانێ های خودای بشناسی بە ژات و صیفات بە گهور و راسی

عیبادەت یانێ بەندەگیش کەری ئەمر و نەهی ئەو بە جا باوەری

ئینسان جە حەیوان ئەر ویر کەرۆوە بە عیلم و عەمەل, جیا مەبۆوە

ئینسان غافڵ جە دین بێ خەوەر جەگرد حەیوانێ کەمتەرەن بەتەر

رۆڵە ئەصڵ و فەرع دین و ئیسلامی مەبۆ بزانی تا نەبی عامی

ئەصڵ و دینمان باوەڕەن بە هەق خودای ژولجلال خەلاق موگڵەق

هەرچی مەوینی گرد مومکیناتەن ئەگەر زەمینەن ئەر سەماواتەن

واتای شیعرەکە بەم شێوەیە:

رۆڵە داواکارم خودا یارت بێت و بۆ بەدەستهێنانی زانست یارمەتیدەرت بێت, رۆڵە پێش هەموو شتێك دەبێت بزانیت مەبەست لە خوڵقاندنی مرۆڤ بە لای خودای گەورەوە, یەکەم ناسینی خودا و دووەم پەرستنیەتی کە دەبنە بنەما و لکی بنیاتنانی خۆشبەختی, هەرچی لەم جیهانەدا بەچاو دەیبینی لە (گیاندار و بێگیان, پاك و پیس, رووناك و تاریك, خراپکار و چاکە کار), هەموویان پێویستیان بە پەروەردگارێك هەیە, کە (بێجەستە, بێڕەنگ, بێشێوەیە) و هاوکات شێوەی هەموو جیهانی بە خۆیەوەگرتووە, سەرچاوەی هەموو شتێکە و هەموو شتێك بۆ ئەو دەگەڕێتەوە, عیرفان مانای ناسینی راستەقینەی ماك و خەصڵەتی خودایە و خوداپەرستیش مانای بەندەیی مرۆڤە بۆ پەروەردگارەکەی و جێبەجێکردنی فەرمانەکانییەتی, ئەگەر مرۆڤ باش بیربکاتەوە لە گەڵ ئاژەڵدا تەنها بە زانسشت و کردەوە لە یەکتری جیادەبنەوە, مرۆڤی بێئاگا لە دین لە ئاژەڵ کەمترە, رۆڵە دەبێت بنەما و لکی دین بزانیت هەتاکو بێئاگانەبیت لەوەی بنەمای دینمان باوەڕبوونە بە خوایەکی خاوەن شکۆ و درووستکاری رەها.

لە پارچەیەکی تری شیعرەکانیدا باسی پێویستی باوەڕبوونی کردووە بە قەزا و قەدەر و فەرموویەتی:

جەو دما باوەڕ بە قەزا و قەدەر یانێ جە عەرصەی ئیمکان سەرانسەر

هەرچی مەوجوود بۆ ئەزەل تا ئەبەد جە خێر و جەشەڕ, جە نیك و جەبەد

خواه جه کردەوەی ئیختیاری بۆ خواه هەر وە قودرەت ژات باری بۆ

گرد جه رۆی ئەزەل حەق مەعلووم کەردەن یەکسەر وەرِشتەی تەحریر ئاوەردەن

وەر جه کائینات قەڵەم بی مەئموور جه (لوح المحفوڤ) کەردەنش مەسگور

بێ قەزا و قەدەر, بێ تەقدیر حەق مومکن نین نەسیم بجمنۆ وەرەق

نەواچی وەختێ گرد وە تەقدیر بۆ مشیۆ ئیختیار بەستەی زنجیر بۆ

تەکلیف وە عەبدی فائیدەش نی یەن هەرچێوە کەرۆ موقەدەر بی‌یەن

چونکه جوابت پێسه مداوه زەمانه نی‌یەن وە لای خوداوه

ئەزەڵ تا ئەبەد مەعلووم بی‌یەن لێش کائینات یەکسەر هەرکام نەجای وێش

جەمیعش زانان, جەلاش ویەردەن جه دمای زانا تەقدیرش کەردەن

عیلمش موحیگەن یووەن روودادی نه جەبرەن پەی وێش نەپەی عیبادی

ئەم پارچە شیعرە لە سەرچاوەکاندا وەك یەك نەنووسراوە و هەر سەرچاوەیەك بە جۆرێك نووسیویەتی, ئەم دێرِانەی سەرەوە (11) دێرِیان لە زۆربەی سەرچاوەکاندا هەن و مەگەر تەنیا لە چەند وشەیەکدا جیاوازی هەبێت, ناوەرۆکی شیعرەکەش باس لەوەدەکات چارەنووسی هەموو مرۆڤێك و هەرچییەکی بەسەردادێت فەرمانی خودای گەورەیە و هیچ شتێك بەبێ فەرمانی ئەو روونادات, مرۆڤ لەم بوارەدا بێدەسەلاتە و پێویستە پابەندی فەرموودەکانی خودای گەورە بێت و هەرگیز ناتوانێت شتێك لەوانە بگۆرِێت کە هەر لە رۆژی بەرینەوە نووسراون.

شتێکی ئاشکرایە ئەم شیعرانەی مامۆستا (مەلا عەبدولای مفتی) رووچوونێکی قووڵن بەناو (رێبازی جەبری)دا و تێرِوانینی ئەو رێبازە بۆ (قەزا و قەدەر), موریدەکانی رێبازی جەبری مرۆڤ بە بوونەوەرێکی زۆر بێدەسەلات لە قەڵەمدەدەن, هەموو شتەکان دەبەستن بە دەسەڵاتی خوداییەوە, خەلیفەکانی دەوڵەتی ئەمەوی بێجگە لە (عومەری کورِی عەبدولعەزیز) رێبازی جەبریان کردووە بە تیوری حوکمرِانی دەوڵەتەکەیان و هەر لەسەر رۆشنایی ئەو تیورە دەستیانچووەتە خوێنی چەندین فەیلەسووف و زانا و بیریاری ئیسلامییەوە کە لە سەر رێبازی (قەدەری) بوون و کارەکانی مرۆڤیان بەستووە بە ویست و ئیرادەی خۆیەوە, کاریگەری ئەقڵی مرۆڤیان لە سەر دیاریکردنی چارەنووسی زۆر بە بایەخەوە سەیرکردووە و وتوویانە: خودای گەورە تەنها ویستی لە مرۆڤدا داهێناوە و بەو ویستەش هەرکارێك ئارەزوویبێت دەیکات, ئەگەر نەشیەوێت نایکات.

میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی

شاعیر و پزیشکی میللی و ڕەوانبێژ (میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی)، ناوی (عەبدولقادر کوڕی حەمەیووسف کوڕی محەممەدی تەوێڵەیی)یە، ساڵی (1870ز) لە شارەدێی تەوێڵە لە ناو خێزانێکیخوێندەوار و شارەزا لە بواری پزیشکی و دەرمانگەریدا لە دایکبووە، پاش ئەوەی گەیشتۆتە تەمەنی خوێندن، سەرەتا لەخزمەتی هەردوو زانای پایەبەرز (مەلا عەبدوڵای مالێدەر و مەلا عەبدەی چلانە)دا خوێندوویەتی، بەمەبەستی درێژەدان بە خوێندن چووەتە (شاری سنە) و ماوەیەك لەوێ ماوەتەوە و پاشان گەڕاوەتەوە بۆ زێد و ماوای خۆی.

ئەم شاعیرەمان، پیاوێکی (زانا، دانا، پزیشکی میللی، بیرمەند، سیاسەتمەدار، پیاوماقووڵ و دەمڕاستی سەردەمی خۆی) بووە، هەردوو زمانی فارسی و عەرەبی بەباشی زانیون، بێجگە لەوەی خۆی شیعری هۆنیوەتەوە شیعری زۆربەی شاعیرە گەورەکانی لەبەربووە، لەوانە شیعرەکانی:

(مەولەوی، حافیزی شیرازی، سەعدی شیرازی، شانامەی فیردەوسی، خەمسەی نیزامی..هتد)، ئەو شیعرانەی لە ناو مەجلیس و مزگەوت و دیوەخانەکاندا خوێندوونەتەوە، پەیوەندییەکی دۆستانەی پتەوی لەگەڵ شاعیرەکانی سەردەمی خۆی هەبووە، وەك: (گۆران، پیرەمێرد، بێکەس، قانیع، تایەربەگی جاف، ئەحمەد موختارجاف، مەلاعەبدوڵای مەریوانی، عەبدوڵابەگی هەورامانی، مەلاحەسەنی دزلی) و نامە و شیعریان لەگەڵ یەکتریدا گۆڕیوەتەوە.

لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە یەکێك بووە لە پیاوماقووڵان، لەچارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانەی لە ناوچەکە و دەورووبەریدا ڕوویانداوە، هەمیشە سەرێکی دیار و شوێن باوەڕی خەڵك بووە و زۆریش حیساب بۆ قسەی کراوە، لای خەڵکی هەورامان زۆر خۆشویستبووە، دەسەڵاتدارانی ناوچەکەش لەوانە (جافرسان، کەریم سان، قادربەگی جافرسان، حامیدبەگی جاف)، خۆشیانویستووە و زۆرجار ڕاوێژیانپێکردووە.

لە بواری پزیشکی میللی و چارەسەرکردنی نەخۆشیدا زۆر شارەزا و بەسەلیقە بووە، سەرەتا لای باوکی و فێربووە و پاشان چەند کتێبێکی لە بواری پزیشکی و دەرمانگەریدا دەستی خۆی خستووە و سوودی زۆری لێوەرگرتوون، سەدان نەخۆشی چارەسەرکردوون و لەم ڕووەوە چەندین شتی سەیر و سەمەرەی لێدەگێڕنەوە، لەوانە (نەشتەرگەری گەدە و ڕیخۆڵە، دەرهێنانی بەردی میزڵدان، نەشتەرگەری قوڕگ و چاو، نەشتەرگەری دەست و قاچ) و شوێنی نەشتەرگەرییەکانی بە (ئاورێشم) دووریونەتەوە، هەندێك ئامێری پزیشکی هەبوون کە خۆی وێنەی کێشاون و ڕێنمایی وەستا سەلیقەدارەکانی تەوێڵەی کردووە بۆ دروستکردنیان، لە بواری چارەسەرکردنی نەخۆشیدا ئەوەندە بەناوبانگبووە، پزیشکێك بەناوی (ئیفلاتوون) کە ئەو دەم لەسلێمانی بووە، ناردوویەتی بەشوێنیدا بۆ ئەوەی بڕواتە سلێمانی و وەك یاریدەدەری ئەو کاربکات، بەڵام (میرزا) بەو داواکارییە قایلنەبووە، لە زۆر ناوچەی کوردستانەوە نەخۆشیان هێناوەتە لای و چارەسەریکردوون.

(میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی) هەر وەك خۆی خوێندەوار بووە، هەوڵی زۆریشیداوە خوێندەواری لە ناوچەکەیدا پێشبکەوێت و گەشەبکات، هەمیشە ئامۆژگاری خەڵکی کردووە بۆ ئەوەی منداڵەکانیان بخەنەبەرخوێندن، هانی (قادربەگی جافرسان)ی داوە بۆ ئەوەی لە تەوێڵەدا قوتابخانە بکرێتەوە، لەم بوارەدا ساڵی 1927ز (قادربەگ) خانوویەکی خۆی بەخشیوە بۆ ئەوەی قوتابخانەی تێدا بکرێتەوە و هەموو پێداویستییەکانی بۆ ئەو کارە دابینکردووە، (میرزا)ش چووە بۆ


www.pertwk.com

لای (مامۆستا گۆرانی شاعیر) و فایلیکردووه بەوەی ببێت بە مامۆستای ئەو قوتابخانەیە، هاوکات بەمەبستی وەرگرتنی ڕەزامەندی بەکردنەوەی قوتابخانەکە سەفەری سلێمانی کردووە، چاوی بەهەریەك لە (موتەصەریف و بەڕێوەبەری مەعاریف)ی ئەوکاتە کەوتووە، ئیتر لەهەمان ساڵدا قوتابیانی تەوێڵە چاویان بە بینینی (مامۆستا و کتێب و تەختە ڕەشە) ڕوونبووەتەوە.

ڕۆژی کردنەوەی قوتابخانەکە ڕێوڕەسمێکی گەورە سازدراوە، لەسەرەتای ڕێوڕەسمەکەدا (میرزا عەبدولقادر) بەخوێندنەوەی پارچە شیعرێك پێشوازی لە ئامادەبووان کردووە، (مەلا عەبدوڵای مەریوانی) بە وتەیەك بەخێرهاتنی کردوون و (مامۆستا گۆران)یش بە وتەیەك ئامادەبوونی خۆی بۆ فێرکردنی قوتابیان و خزمەتکردنیان لە بواری زانست و پەروەردەدا دەربڕیوە، هاوکات سوپاسی خەڵکی تەوێڵە بەگشتی و (قادربەگ)ی بەتایبەتی کردووە بۆ ئەو هەموو بەتەنگەوە هاتنە لە بواری کردنەوەی قوتابخانەکەدا، (میرزا) ساڵی (1936ز) داوای لە (بێکەس)ی شاعیر کردووە داوای گواستنەوە بکات بۆ قوتابخانەی تەوێڵە و زۆر حەزیکردووە قوتابییەکان لە ژێر دەستی ئەو شاعیرە نەمرەدا فێری وانەی کوردایەتی ببن، ناوبراویش داواکەی جێبەجێکردووە و لەو ساڵەدا لەسەرداوای خۆی نێردراوەتە تەوێڵە.

(میرزا عەبدولقادر) یەکێك بووە لەوانەی بەفەرمانی (قادربەگی جافرسان) ساڵی (1928ز) هەستاون بە ڕێکخستنی (نۆباو= نۆرەئاو)ی باخەکانی تەوێڵە وەك عورفێکی کۆمەڵایەتی و تائێستاش ئەو عورفە لە ئاودانی باخەکاندا بەردەوامە، ئەوکارە هەرچەندە هەر لەسەرەتاوە زۆر بەرێکوپێکی ئەنجامدراوە، بەڵام یەکێك لە باخدارەکان بەناوی (مام حەمەلەتیفی سەیفوور) کە شاعرێکی میللی بووە، باخەکەی لە سەرپەڕی چەمی (ئاوێسەر)دا بووە لەشوێنێك پێیدەوترێت (بلکۆ)، تەنها کەسێك بووە گلەیی لە شێوازی دابەشکردنی ئاوەکە بووە و بە پارچە شیعرێك سکاڵای بەرزکردووەتەوە بۆ (قادربەگ)، ئەویش بۆجاری دووەم فەرمانیداوە لیژنەکە بەکارەکانیدا بچێتەوە و گۆرانکاریشی لە ئەندامەکانیدا کردووە، ئیتر بەو شێوەیە چارەسەری کێشەکەی (مام حەمەلەتیف)یش کراوە.

ئەم شاعیرە زۆر وریا و وردبین بووە، لەسەفەرێکیدا بۆ (تەورێز) بەمەبەسی بازرگانیکردن، کابرایەکی شرۆڵە و پیسوپۆخڵ بووە بە هاوڕێیان، ئەوەندە پیسوپۆخڵ بووە هەموو ئەوانەی لەگەڵ (میرزا)دا بوون بێزیانلێکردووەتەوە، ڕۆژێکیان مریشکێکیان سوورکردووەتەوە لەو کاتەدا کابرای شرۆڵە خۆی کردووە بە خەوتوو، (میرزا) وتوویەتی: بالەخەوهەڵیسێنین و لەگەڵماندا نان بخوات، هاوڕێکانی قایلنەبوون بە تایبەتی یەکێکیان بەناوی (حەمەساڵحی حاجی حەمەیووسف) وتوویوتی: هەڵیمەسێنە زۆر پیسە و وازمان لێبێنە با تامی مریشکەکە بزانین، (میرزا)ش وتوویوتی: ئێوە هیچ کەس ناناسن ئەم پیاوە پیاوێکی نەجیبزادە و گەورەیە، ئیتر لە خەو هەڵیساندووە و لە گۆشت مریشکەکە بەشیانداوە، کاتێك گەیشتوونەتە (تەورێز) کابرای شرۆڵە لێیانجیابووەتەوە، پاش دوو ڕۆژ دیویانە وا ئەفسەرێکی پایە بەرز لەگەڵ دوو پاسەواندا هاتنە ناو کاروانسەراکەوە و هەواڵی ئەمان دەپرسن، بە ڕێزەوە چووە بۆ لایان و میوانداریکردوون بۆ ماڵەوە، لە ماڵی خۆیاندا بە (حەمەساڵحی حاجی حەمەیووسف)ی وتووە، شەرمەکە و نانی خۆت بخۆ هەرچەندە تۆ دەتویست لە گۆشتی مریشکەکە بێبەشمبکەیت، ئینجا بە (میرزا)ی وتووە: دووساڵ لە ئێران و ساڵێکیش لە عێراقدا بۆکۆکردنەوەی زانیاری وەك سواڵکەر ژیاوم و کەس پێینەزانیوم، تۆ چۆنت زانی من سواڵکەر نیم، (میرزا)ش لە وەڵامدا وتوویەتی: سەرنجمدەدایت دەست وپەنجەت نەجیببوون و زۆر بەشەرم و ئەدەبەوە دەستت بۆ خواردن دەبرد، لە قسەکردنیشدا زۆر هێمن و لەسەرخۆبوویت، دیارە ئەم سیفەتانە هیچیان لە سواڵکەردا نین، بۆیە هەر لەسەرەتاوە زانیم تۆ سواڵکەر نیت.

(میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی) هەڵگری بیر و باوەڕی سیاسی بووە و یەکێك بووە لەئەندامانی (چەپڕەوی مەشرووتە)، پەیوەندی پتەوی پێیانەوە هەبووە و بەردەوام بەیاننامە و رۆژنامەیان بۆ ناردووە، ئەویش ئەو رۆژنامانەی بۆ خەڵك خوێندوونەتەوە و بابەتەکانی بۆ شیکردوونەتەوە، لەسەر ئەو هەڵوێستەی دەسەڵاتدارانی عوسمانی لێیکەوتوونەتە بڕوبیانوو، بۆ ئەوەی لە ناوچەکە دووریبخەنەوە هەرچەندە لەو کاتەدا تەمەنی زۆر بووە کەچی ناونووسیانکردووە بۆ سەربازی و ئەویش تەوێڵەی بەجێهێشتووە، باریکردووە بۆ گوندی (دزاوەر) و نزیکەی (18) مانگ لەوێ ماوەتەوە، پاش ئەو ماوەیە (سەلیم)ی برای بەناوی (میرزا)وە چووە بۆ سەربازی و هەتاکو برانەوەی جەنگی جیهانی یەکەم سەربازی تورك بووە.

هەروەك لەباسوخواسی شاعیری شۆڕشگێڕ (عەبدوڵا بەگی هەورامانی)دا وتمان، پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن (میرزا و عەبدوڵابەگ) پێکەوە کەوتوونەتە ژێر بیر و باوەڕی کۆمۆنیستی، ئەوانەی هاوڕێی ناوبراو بوون ئەم راستییەیان زانیوە بەتایبەت ( مەلا حەمەئەمین وەستا قادری تەوێڵەیی) کە بە حاجیمامۆستا ناسراو بووە و (مامۆستا شێخ صەفائوددین).

دەربارەی زیرەکی و وردبینیشی دەڵێن:

(میرزا) لەبەر ئەوەی کەسێکی دەوڵەمەند و خاوەن سامان بووە، بەینا و بەین پارەی داوە بەخەڵك بۆ مەبەسی بازرگانی، ئەوەندە هەستی شەشەمی بەهێز بووە لیرەی خۆی ناسیونەتەوە، لەم بوارەدا دەوترێت جارێکیان کابرایەکی تەوێڵەیی بەناوی (حەمەئەمینی مینالێ)ناردووە بۆ ئێران بۆ ئەوەی (لیرە)ی بۆبکرێت، ئەویش ماوەیەك لە ئێران ماوەتەوە و دیارنەبووە، تا رۆژێك چەند لیرەیەکی داوە بە پیاوێکی نەدار بۆ ئەوەی لە تەوێڵە بیانفرۆشی و سوودەکەیان بۆ هەردووکیان بێت، کابراش بەمەبەستی فرۆشتنی لیرەکان هاتووە بۆ ناو بازاری تەوێڵە، کاتێك (میرزا) لیرەکانی بینیوە بەکابرای وتووە ئەم لیرانە هینی منن، دووکاندارە دراوسێکانی وتوویانە (میرزا) مەگەر تۆ شێت بووی داوای ئەم لیرانە دەکەیت، کێشەکەیان گەیاندووەتە (قادربەگ)، پاش ئەوەی ئەویش لە کابرا تووڕە بووە و وتوویەتی تۆ بەم وەزعەوە ئەم لیرانەت لە کوێ هێناوە؟ ئەویش یەکسەر دانیناوە بەوەدا کە لیرەکان هینی فلاّنە کەسی تەوێڵەیین ئێستا لە ئێرانە و داونی بە من بۆ ئەوەی لێرە بیانفرۆشم بە قازانج شەریکی.

پاش برانەوەی دەسەڵاتی (قادربەگی جافرسان) و گەڕانەوەی دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی بۆ ناوچەکە) (میرزا عەبدولقادر) دانراوە بە سەرۆکی شارەوانی تەوێڵە و ماوەی چەند مانگێك لەو پۆستەدا ماوەتەوە، پاشان لەبەر چەند هۆیەك وازی لەو کارە هێناوە و سەرقاڵی بازرگانی و دووکانداری بووە.

ئەم شاعیرەمان لە ماوەی تەمەنیدا چەندین پارچە شیعری هۆنیونەتەوە، بەڵام تا ئێستا کۆنەکراونەتەوە، پێدەچێت لە دووتوێی دەستنووس و کەشکۆڵەکاندا قەتیسمابن، هەروەها هەندێکیان لەئەنجامی دەستا و دەستکردنیان فەوتاوبن، پاش مردنی خۆی کتێبخانەکەی لەلایەن (سەعید)ی کوڕییەوە فرۆشراوە و پێدەچێت شیعرەکانی کە ئەو کات دەستنووس بوون لە ناو کتێبەکانیدا بوو بن، ئەوانەی باسیان لە ژیان و بەرهەمی شیعری (میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی) کردووە بە تایبەت (مامۆستا محەممەد بەهائوددین مەلا صاحب و د. صدیقی بۆرەکەیی) تەنها پارچە شیعرێکیان بلاّوکردووەتەوە کە لەدوو


www.pertwk.com

تویی (16) دێڕدایە, ئەم پارچە شیعرە باس لە ئەو بەفرە قورسە دەكات ساڵی (1329ك= 1911ز) بۆ ماوەی (35) ڕۆژی بەردەوام لە (15ی مانگی موحەڕەم) هەتا (20 مانگی سەفەر) بارییوە, بارینی ئەو بەفرە بەبەردەوامی باری ژیان و گوزەرانی خەڵكی تێكداوە و بووە بە هۆی بلاَوبوونەوەی برسێتی و نەبوونی, لە گوندەكانی شارەزووردا زۆربەی وڵاخ و ئاژەڵەكانیان مرداربوونەتەوە و خەڵكەكەش لە لێواری مردن نزیكبوونەتەوە, (میرزا) وەك كەسێكی شاعیر و ڕۆشنبیر وێنەیەكی ریالیستیانەی ئەو بار و دۆخەی بە هەموو وردەكارییەكانەوە گرتووە و بە شیعر خستوویەتیەروو.

ئەم شیعرە بە تەواوی لە دووتویی (52) دێڕدا و وەك پێشتر وتمان لە ڕێی (زەكیە خانی هاوسەری خوالێخۆشبوو مامۆ ستا مەحییەدینی حاجی سەلیم و كاك زانای كوڕی)یەوە گەیشتە دەستمان و لێرەدا بلاَویدەكەینەوە:

حەیی جیهان دار حەیی جیهان دار پەنا هەر بە تۆن حەیی جیهان دار

پەنا هەر بە تۆن پەناتەر چكۆن گومەن ئیبلیس بێ شەرت و بێ شۆن

بەندە بێ مقدار كەم ئەقڵ و كەم فام بەحسی سیفەتت مەكەرۆ تەمام

مودەعای ئێدەن ئەندك و كەم كەم جە تەعریفی ساڵ ئیمساڵ بدەم دەم

تاریخ جە هەزار سێسەد بیست نۆ تاریخی ئیمساڵ جەلات مەعلووم بۆ

قەومان عەشرەتان ژیران سەر شێتان گردین بگرەودێ پەی بەختو وێتان

ساڵش زیقەتەن عەشرەتان ئیمساڵ زەخیرەی پاییز كەردش پایە ماڵ

هەر كەس ماڵدارەن با رزقش جەم بۆ نەبای جە وەهار ئەوزاحش كەم بۆ

بە بێ چەند و چون بە بێ بەهانە رزقی زمستان باوەردێ یانە

گەندم و ڕۆغەن برنجی شاران ئامادە كەردێ پەی جەمعی یاران

بێ دەوڵەت بەدەس بدۆ وەسەردا پەلاَسێو قایم كەرۆ وە بەردا

ناگا پەی تەقدیر بینای بانیسەر هەور جە رووی فەڵەك سەر ئاورد وە بەر

بی وە تەپو پۆز وەڕووی هەواوە شی پەری شاهۆ وە پشتی پاوە

پایتەختش بۆوست ئۆ پەشتۆ (ناوێ) زەلانش كیاست پەی (سەڵوەكاوێ)

ساكە ئێدش دی (توختانو خانی) وات (هاڵی وڕا) حاڵم بزانی

(خورِخورِە)ی چرِیش (هانەشروانی) پەی (قۆلۆدمەی) خەبەر کیانی

خەبەر هەم دەیدێ بە (ملە وەرد)ێ (وەرنەوەزانا) باخەبەرکەردێ

هەم (دالەمێز) و بەرزی (بانیشار) (کورەکاژاو) و (بەرزینجە)ی هەژار

(گۆیژە)ی چرِیش ئۆ (پیرەمەگروون) پیری گشت پیران ئۆمێد هەر بە تۆن

مەر تۆ وە باقی وەرِووی گوستاخی خەبەر کیانی پەی (قەرەداخی)

واچە وەکێڵ بۆ ئاوۆ (سیروان)ی خەبەر بدەرۆ چەم و دێوانی

واچە (زمناکۆ)ی ساکن بۆ پەی وێش خەبەر بدۆنە بە هامسایا وێش

(ماکوان) عاجز (کۆیلە) بێ دەنگ بەرزی دالەرِێ عاجزەن بێ دەنگ

کوان سەربەرزان نزاران کاوان دەشتان باغاتان چەشمە و سەراوان

فەلەك چنیما خەیلێو بە قینەن ئیمساڵ چارەما هەر زار و شینەن

جە پانزەهەمی مانگی موحەرەم با جەوارای (وەرو) ئیتر بدەین دەم

بی وە زەمهەریر جە سەرکلاوان داش وە دەشتاندا هەم وەردی کاوان

داش وە باغاندا بە شادمانی پایتەختش ئاوەرد پەی ئاوەدانی

موختەسەر پەیتان چێش کەرو بەیان پەنا مەگێرو جە زاتی سوبحان

موختەسەر وارا تا بیستی سەفەر ئادەم جە یانە نمەشی وەبەر

راهان شی وەبەند دەربازان ماتڵ قاتران جە گەورِ گشت مەندەن خجڵ

صنعەت کار دەسش جە صنعەت کێشا دەستەزەرانی نیشتەن پەی وێشا

بەزازان عاجز جۆلایان ماتڵ کۆش دۆزان یەکسەر گشت بیەن خجڵ

چوار پینەی کەوش فەقیران دریان هەلاجان بێ کەیف ژیکەمان برِیان

بابکەین تەعریف وەحشیانی کۆ بەدحاڵی ئەوان جە لات مەعلووم بۆ


www.pertwk.com

زیقەتێو ئۆ ناو وەحشیان کەوتەن سەگان جە حەیبەت گورگان نەسرەوتەن

ئاوارە توون بین کەبکان جە داخان ئارامشان نییەن کەلآن جە زاخان

هۆرێشە چەنی رەواس بیەن پیر هەر کەسێ پەی وێش ئاوردەن بە گیر

ئاهوی گەرمیان چەنی پاساری گەنارە لە چەم دەردش بی کاری

(قاژان) جە وەرزاخ بەندەن راگەشان (قالآو) گۆشەی ئاو بیەن جاگەشان

(قشقەڕە) حەیران مەندەن چی کارە (حاجی لەق لەقان) بیەن ئاوارە

گردین مەواچان با بەیۆ وەهار نەجات یافتە بین بشین سایەی دار

با بێ تفاقی خەڵکان کەین مەعلووم گەدایان گۆشدەن لێتان بۆ مەفهوم

دووکەڵی یانە کارێوش کەردەن پەناشا ئەهلی جەهەنەم بەردەن

دەوڵەمەند تەماش بە گەدا کەردەن مەزانۆ مەندەن یەکجار نەمەردەن

شەرعی ئی ولآت ها کۆتەن ئۆ دوور با بشمێ سەر وەخت کوردی شارەزوور

دەردەگاو کردێو کەرد بە شارەزوور ئیتر نمەبۆ تا وە (نەفخی صور)

چنی دەردە گاو دەردە حەیوانی نە جە دەواردا نە جە دێکانی

نەمەندەن ئەصلەن گردین قڕکەردەن چەرمشان پەرێ هەمەدان بەردەن

بەزەییم ئامان پی کوردانەدا بە وەحشییەتان چی هەردانەدا

ماشاالله قادر قەدرش نمانا توخمی سفیدش وە زەمین شانا

(قادر) تا زیندەی بنیشە بێ دەنگ هەردەییت کەردەن سەرت دان لە سەنگ

واتای شیعرەکە بەم شێوەیە:

ئەی خوای گەورە و خاوەنی جیهان پەنامان هەر بە تۆیە, منی بێ ئەقڵ و تێنەگەیشوو باسی کاری تۆ دەکەم و دەمەوێ کەمێك باسی ئەمساڵ بکەم کە ساڵی(1329)یە, با ئەم مێژووە لە لاتان ئاشکرابێت, خزمان, ژیران, سەرشێتان هەمووتان

بگرین بۆ بەدبەختی خۆتان, ساڵەکەی ئەمساڵ سەختە و دوایی بە جیرەی پاییز هێنا, ئەوەی دارایە با ئازووخەی کۆبێت, (برنج, گەنم, رۆن) لە شارانەوە بهێنن, بێ چەندوو چوون و بێ بیانوو ئازووخەی زستانتان بخەنە ماڵ, ئەوەندەمان زانی بە تەقدیری خودای بانیسەر, هەور کەوتە رووی ئاسمان, تەپو و تزێك پەیدابوو و بەرەو شاخی شاهۆ رۆیشت, (ئینجا باسی لەوە کردووە شاخ و کێو هەوارگەکانی ناوچەکە لەو بارووداۆخە یەکتریان ئاگادارکردووەتەوە و تەنانەت خەبەریان گەیاندووەتە چەمی دێوانە و ئاوی سیروان)یش.

پاشان وتوویەتی: چەرخ لە رکابەرێدایە لەگەڵمان و ئەمساڵ چارەمان هەر شیوەنکردن و زارییە, هەر لە رۆژی پازەمینی مانگی موحەڕەمە وە بەفر بارین دەستیپێکرد و هەتاکو بیستی مانگی سەفەر بەردەوامبوو, هەموو رێگەکان بەستران و ئێسترەکان لە گەورەکاندا مانەوە, پیشەوەرەکان دەستیان لە کارەکانیان کێشایەوە و دەست لە ئەژنۆ دانیشتن, قوماش فرۆش و جۆلاکان بێکار مانەوە و پێلاودرووەکان هەموویان سەرقاڵبوون بە پینەکردنی پێلاوی خەلکەوە, پێلاوی چوارجار پینەکراوی هەژاران دڕاوە و هەلاجەکانیش هەموویان بێکار دانیشتوون.

ئینجا هاتووەتە سەر باسکردنی بەدحاڵی باڵندە و گیاندارە کێوییەکان و ئەو ناڕەحەتییەی لە ئەنجامی بارینی بەفرەکەوە کەوتووەتە ناویانەوە, بەشێوەیەك سەگەکان لە ترسی گورگەکان ناسرەون, کەوەکان لە داخان ئاوارە بوون و کەڵە کێوییەکانیش لە زاخەکانیاندا ئارامییاننەماوە, ئاسکەکانی گەرمیان و چۆلەکە پاسارییەکان دەردیان کاریگەربووە, قاژەکان رێینلێگیراوە و قەلە رەشەکان کەناری ئاوەکان بووە بە ماوایان, قشقەڕەکان لەم کارە سەریانسووڕماوە و حاجی لەق لەقەکانیش ئاوارەبوون, ئەم گیاندارانە هەموویان پێکەوە دەڵێن با وەرزی بەهار بێت, رزگارمانبێت و بچینە سێبەری دارەکان, نەخۆشی دەردەگا کارێکی بە شارەزوور کردووە هەتاکو (نەفخی صور) دووبارە نابێتەوە, لەگەڵ ئەم نەخۆشییەدا نەخۆشی دەردە ئاژەڵ وایکردووە نە لە ناو گوندەکان و نە لە ناو دەوارەکاندا ئاژەڵ نەماوە و هەموویان قڕیانتێکەوتووە و پێستەکانیان بۆ (هەمەدان) بردوون.

ماشائەڵا (قادر= مەبەستی خوای گەورەیە) هێزی خۆت نواند و (توخمی سپی= بەفر)ت بەسەر زەویدا وەشاند, (قادر= لێرەدا مەبەستی خودی شاعیرە) هەتاکو ماویت بێدەنگ دانیشە, بەم قسانەت هەرزەییتکرد و سەرتدالەبەرد.

لێرەدا پێویستە ئەوە بهێنینەوە یاد زۆر شتمان دەربارەی شیعرەکانی (میرزاعەبدولقادری تەوێڵەیی) و ئەو کەسانەی شیعری ئەم زاتەیان لەبەرکردوون بیستووە, لەوانە چەند کەسێکی تەوێڵەیی بەناوی (حاجی مامۆستای قادر, وەستا ئەولعەزیز) کە هەردووکیان کۆچی دواییان کردووە) هەروەها (وەستا محەممەدی وەستا حەمەساڵح و مام کەریمی عەبدولا), لەکاتی کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ئەم شاعیرە, چووم بۆ لای ( (وەستا محەممەدی وەستا حەمەساڵح), ئەم پیاوە کەسێکی خوێندەوار و ژیر و ئەدەبدۆستە و زیاتر لە سێ هەزار دێڕ شیعری شاعیرەنی لەبەرن بەتایبەتی شیعرەکانی: (مەولەوی, صەیدی هەورامی, بێسارانی, مەلا خدری رواری, حافقی شیرازی, کەلیمی هەمەدانی....هتد), بەڵام بەداخەوە ئێستا پیریی و نەخۆشی تەنگیانپێهەڵچنیوە و گوڕ و تینی نەماوە, دەربارەی شیعرەکانی (میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی) لەگەڵیدا کەوتمە گفتوگۆ, بۆمدەرکەوت هەمان ئەم پارچە شیعرەی لەبەرە کە ئێمەش لەم بابەتدا نووسیومانە, لە گەڵ چەند دێڕێکی تری پچڕپچڕدا کە دیاربوو هەر دێڕێکیان هینی پارچە شیعرێك بوون.

هەروەها بەمەبەستی چاوپێکەوتن لە گەڵ (مام کەریم عەبدوڵا) ڕۆژی 23 /7 /2004 چووم بۆ تەوێڵە, لە ڕێی (چەمی ئاوێسەر) چاوم بە ناوبراو کەوت و پێکەوە چووین بۆ (ئاوێسەر), لەوێ کەوتینە قسە و داواملێکرد ئەگەر شیعری (میرزا عەبدولقادری) لە بیرماون بۆمبخوێنێتەوە, ئەویش بە خۆشحاڵیەوە چەند دێرێك شیعری بۆ خوێندمەوە و هاوکات ڕازی هۆنینەوەی شیعرەکانیشی بەم شێوەیە خستەڕوو, وتی: (ڕۆژێکیان (قادربەگی جافرسان) لەگەڵ چەند تفەنگچییەکی دەستڕاست لەوانە: (وەستا عەلی و حەمەساڵحی قادر) و چەند کەسێکی تر بەمەبەستی (سەیران و ڕاوی ئاژەڵی کێوی) لە تەوێڵەوە بەرە و شاخی (تەخت) کەوتوونەتەڕێ, لە (ئاوێسەر) لایانداوە بۆ ئەوەی کەمێك بحەوێنەوە, دیویانە (میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی) لە ناو کۆمەڵێك خەڵکدا دانیشتووە و کۆڕی دەمەتەقێیان گەرمکردووە, (قادربەگ) بانگیکردووە و پێیوتووە لە گەشتەکەیاندا هاوڕێیەتییانبکات, گوایا (میرزا)ش وتوویەتی فۆندەرەی لەپێدان و بەکاری شاخ و داخ نایەن, (قادربەگ)یش وتوویەتی جووتێك کلاش لە یەکێك وەربگرە و فۆندەرەکانی خۆتی بدەرێ, بەرێکەوت پیاوێکی دراوسێماڵی (میرزا) لەوێ بووە بەناوی (مام ڕەسووڵی جوانە), کلاشەکانی خوی داون بە (میرزا) و فۆندەرەکانی ئەوی کردوونەتە پێی, (میرزا) بە (مام ڕەسووڵ)ی وتووە ڕاستە و ڕاست یچۆڕەوە ماڵەوە و ئەم فۆندەرانەی من بۆ هاتوچۆی (شاخ و کێو) ناشێن, ئیتر پاش کەمێك (قادربەگ و میرزا) و هاوڕێکانیانیان بەرە و شاخی (تەخت) کەوتوونەتەڕێ, (مام ڕەسووڵ)یش بۆ هێنانی کۆتەرەی کێکف بەڕێیەکی تردا بەرەو (هەیات و هانە مرۆ) کەوتووەتەڕێ, بۆ ڕۆژی دوایی (قادربەگ) و هاوڕێکانی چوونەتە (هەیات و هانە مرۆ) و (میرزا عەبدولقادر) پاژنە فۆندەرەیەکی بەرچاوکەوتووە, دەستبەجێ وتوویەتی: ئەمە پاژنەی فۆندەرەکانی منە, (قادربەگ)یش وتوویەتی: (میرزا) بۆ هەر تۆ فۆندەرەی وات هەن؟ (میرزا)ش بەتەلاق سوێندیخواردووە ئەوەی وتوویەتی ڕاستە, کاتێك گەراونەتەوە بۆ تەوێڵە بۆیاندەرکەوتووە قسەکەی ڕاستە, ئەم چەند دێڕە شیعرەکانی (میرزا)ن لەو بارەوە:

کەوشم دان بەدەس یەك پەدر سەگێو بەشان و باهوو بەوێنەی بەگێو

نەزانام دۆمەن ئەو سەگ پەدەرە نەتیجە بەرداش ئەو دەورووبەرە

ئەمن شیم پەرێ تەختی هۆرامان سەیری تەختم کرد سەر هەرتا دامان

تومەز ئەو بەدبەخت ئەو ڕەنگی بەد شووم کەوشش بەردەنا پەرێ (تەختەی دۆم)

(خۆڕ خورە و هەیات تا هانە مرۆ) کۆ کۆ مەگێڵۆ تەختە باوەرۆ

چەوسەرۆ ئامان چون نۆ پالای دێز پسماری کۆشش کەردەن ڕێزە ڕێز

شەرعمان کۆتەن ئۆ یانۆ قازی بەچار و ناچار (قادر) بی ڕازی

تا (قادر) مەنەن جە تۆ ڕازییەن چونکە چی دمای کلاش بازییەن

کەوشم داون بەدەستی سەگبابێکەوە کە بەلەش ولار وەك (بەگ)ێك وایە و نەمزانی دۆمە, من چووم بۆ تەختی هەورامان و سەرتاداوێن سەیرمکرد, تومەز ئەو بەدبەختە کەوشەکانمی لەپێکردووە و چووە بۆ هێنانی (تەختەی دۆم), هەر لە


www.pertwk.com

(خوڕخوڕە و هەیات)ەوە هەتاکو (هانەمرۆ) گەڕاوە بۆ هێنانی تەختە, تا لەو سەروە گەڕاوەتەوە کەوشەکان دڕاون و بزمارڕێژیکردوون, شەرعمان کەوتووەتە لای قازی و دواجار (قادر) بەناچاری رازی بوو, (قادر) تا ماوە لە تۆ رازییە, چونکە لەمەولا کلاشبازییە.

بەڕای ئێمە ئەم شیعرە درێژە و پێدەچێت (مامەکەریم) هەر ئەم چەند دێڕەی لەیاددا مابن, هەروەها چەند وشەیەکی تێدان لەو شوێنەی ئێستایاندا مانادارنین.

پێش ئەوەی کۆتایی بەم باسە بهێنین دەڵێن: (میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی) کتێبێکی (100) لاپەڕەیی بە قەبارەی (12×18سم) دەربارەی پزیشکی و دەرمانگەری میللی داناوە, لەو کتێبەدا سەرەڕای باسی جۆری نەخۆشییەکان و جۆری ئەو دەرمانانەی بۆ چارەسەرکردنیان بەکارهێنراون, هەندێك لە ئەزموونەکانی خۆی لە بواری نەشتەرگەریدا خستوونەتەڕوو, ئەو کتێبە ساڵی (1957ز) فرۆشراوە بە (مەلا ساڵحی دزاوەری) کە دەستێکی باڵای لە پزیشکی و دەرمانگەری میللیدا هەبوو.

(میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی) پاش تەمەنێکی پڕ لە داهێنان و ئەفراندن, رۆژی 5 /3 /1949ز کۆچی دوایی کردووە و لە (شارەدێی تەوێڵە) بە خاکسپێردراوە.

عەبدولا بەگی هەورامانی

شاعیری شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەر (عەبدولا بەگی هەورامانی کوڕی حەمەشەفیع بەگ), لەبنەماڵەی بەگزادەکانی (هەسەن سانی هەورامانی تەخت)ە, (هەسەن سان)ی باپیرە گەورەی بەفەرمانی (فەرهاد میرزای مامی ناسەرەدین شای قاجار) لە گوندی بێڵەك کوژراوە, ئەم شاعیرەمان ساڵی (1299ك=1881ز) لە (هەورامانی تەخت) لە دایکبووە و هەر لەوێشدا پێگەیشتووە, بەمنداڵی خراوەتە بەر خوێندن و لەبەر ئەوەی بنەماڵەکەیان حوکمڕان و دەستڕۆیشتوو بوون باوکی میرزای تایبەتی بۆڕاگرتووە, لە ژێر دەستی ئەو میرزایەدا فێری ئەدەبی فارسی و جواننووسی بووە, پاشان چووە بۆ(شاری سنە) و لە حوجرەدا بۆ ماوەیەك فقهی ئیسلامی خوێندووە, دواتر گەڕاوەتەوە بۆ زێد و مەڵبەندەکەی خۆی.

هەر لەسەرەتای لاوێتییەوە دەرکی بەچەوساندنەوەی گەلەکەی و ستەمی داگیرکارانی رژێمی پادشایی کردووە, بیرو باوەڕی نیشتمانپەروەری لە مێشکیدا چەکەرەیکردووە, لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوڕێیانیدا بەرامبەر رژێمی شای ئێران راپەڕیوە و سەرەنجام راپەڕینەکەیان شۆڕشێکی لێبەرپابووە, سوپای داگیرکاری رژێمی (رەزاشا) بۆ سەرکوتکردنی شۆڕشگێڕان رژاوەتە هەورامان, پاش کوشتارێکی زۆر دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرتووە و بەدڕ ندانەترین شێوە روویانناوە لە تالانکردن و کاولکارییەوە, سەرەنجام (عەبدولا بەگ) و هاوڕێکانی دەستگیرکراون, ساڵی (1350ك=1931ز) کە ئەو کاتە تەمەنی (51)ساڵ بووە, بە فەرمانی خودی (رەزاشا) بەتاوانی ئازادیخوازی بۆ ماوەی (10)ساڵ لەگەڵ هاوڕێکانیدا لە (بەندیخانەی ئەصفەهان) بەندکراون.

(عەبدولابەگ) لەبەندیخانەدا هەمیشە لە بیری هەورامان و خەڵکەکەیدا بووە, بۆیە لە زیندانەوە لەشیرین خەودا چووەتەوە هەورامان و بە خۆشی و شادییەوە بەدیداری دۆستان و هاوڕێیانی شادبۆتەوە, بەدڵخۆشییەوە یادەوەری رۆژەکانی خەبات و

بەرەنگاربوونەوەی هێناونەتەوەیاد, ئەو بەسەرهاتی خەوەی لە چوارچێوەی شیعرێکی ناسك و مانادارردا دارِشتووە, کە یەکێکە لە شیعرە جوان و بە تامەکانی و ئەم دێرِانەی خوارەوەش دەقی شیعرەکەیەتی:

یاران هامسەران ئیمشەو خاوێ دیم جەزیندان تار عەجەو خاوێ دیم

ئازادی وەتەن هەورامانم دی ئێلاّخان چۆلّ کۆسالاّنم دی

وەنەوشەی وەشبۆ, چنوور جەهەردان ئامانە خاوم پەی بارو دەردان

رێحان پەلش دێز شەست پەرِ جەباخان سۆسەن و نەسرین شەوبۆی ئێلاّخان

بەرزەلّنگ جەکۆ, چنوور جە کاوان سەوزی و مێرغوزار, هارِەی وەرواوان

چەنی هامسەران نیشتەبێم وەشاد بەکەیف و ئاهەنگ غەم مەدام وەباد

گۆش بە صەدای ساز, چەم بەنیگاوە جە (قاوەخانە)ی رای کەمالاّوە

لێو بەپیالّەی عەقیق رەنگەوە گاهێ پرِ بەشەوق گاهێ خەندەوە

گا نیگای کۆسار بەرزی ئێلاّخان گا نیگای خەزان گا نیگای زەردان

جەی عەیش و نیشاگ, جەی خەوی بەتالّ زیندانم ئەصلّەن نامان بە خەیالّ

هەر پاسەم زانان وێم شەهریارم چەرخ کەچ کردار نەدان ئازارم

پاسەم مەزانا شای خاوەن بەختم نەزانام مەڤلۆم حەپسی بەدبەختم

وەختێ بێداربیم, تەماشا کەردم (ئاژان) و زیندان نەڤهر ئاوەردم

چەندە مەدهۆش بیم تەواسامەوە عەقلّ و فام و هۆش نەمەن لامەوە

صەد موقابلّ بی بار خەمانم وەسۆ ئاماوە سۆتەی زامانم

غەیر جە ئێش و نێش جەفای رۆزگار هیچ سوودێ و جەفا نەدیم جەرووی کار

زام کۆنە و نۆم تازە کەردەوە زار زار مەنالاّم وەدەم دەردەوە

یا رەب هەر کەسێ کە رۆش نەهات بۆ زام زەدەی تەقدیر روی سەر بیسات بۆ


www.pertwk.com

کەشتی نگینش هەر سەرنگوونەن نە گێجا و گێج رودی جەیحوونەن

مۆرەی ئیقبالٚش دووشەش ناوەردەن چەنی بەدبەختی مامەڵەش کەردەن

خۆرد و خۆراکش ژاراو زەردەن خاو شیرینش هەر ئێشو دەردەن

یاڕەب بە حاجەت رەسووڵ حەبیب خاکی غەریبیم نەکەری نەصیب

واتای ئەم شیعرە بەم شێوەیە:

دۆستان و هاوسەران ئەمشەو لەزیندانی تاریکدا خەوێکی سەیرم دی, لە خەومدا ئازادی هەورامانم بینی, وەنەوشەی بۆنخۆش و چنووری کێوەکان هاتنە خەوم, لەناو رەیحانە رەشە و شەستپەڕی باخەکان, گوڵە سەوسەن و نەسرین و شەوبۆی کوێستان, بەرزەلنگ و چنوور و سەوزی مێرگەکان و هاژەی بەفراوەکاندا, لەگەڵ هاوڕیامندا بەکەیف و خۆشییەوە دانیشتبووین, لە چایخانەکەی سەر رێگەی (کەمالا)وە لێومان بەپیاڵەی عەقیق رەنگەوە نابوو, چاومان مەستی نیگاکردن و گوێمان بۆ ئاوازی ساز شلکردبوو, سەیری کۆسارەکان و بەرزایی ئێلاٚخانم دەکرد, بەهیچ شێوەیەك زیندانم نەدەهات بە خەیاڵدا, هەر وامدەزانی خۆم شەهریارم و زەمانەی کەچکردار هیچ ئازارێکی نەداوم, وامدەزانی خۆم پادشای خاوەن بەختم, نەمدەزانی ستەملێکراو و بەدبەختی ناو زیندانم, کاتێك لەخەوەکە بێدا بووم یەکسەر پاسەوان و زیندان هاتنەوە پێشچاوم, هەر بۆیە بیر و هۆش بەلامەوە نەمان, سەد ئەوەندەی تر باری خەمەکانم قورس بوو و برینەکانی کۆن و نوێم کولانەوە و جارێکی تر نوێبوونەوە, خوای گەورە هەر کەسێك رۆژگاری نەهامەتیبێت, کەشتی بەختی بەردەوام سەرنگوونە و لەناو گێژاوی (رووباری جەیحوون) دایە, مۆرەی بەختی دووشەشی نەهێناوە و لەگەڵ بەدبەختیدا سەودایکردووە, خۆراکی بووەتە ژەهراوی زەرد و خەوی شیرینیشی هەر ئێش و ئازارە, یاخوا لەبەر خاتری پێغەمبەری خۆشەویست, خاکی غەریبی بە نەسیبم نەکەیت.

هەر لە درێژەی باسکردنیلایەنی شۆڕشگێڕی کەسێتی (عەبدولاٚ بەگی هەورامانی)دا, باس لەوە دەکەین ناوبراو پەیوەندییەکی دۆستانەی لەگەڵ شاعیر و میرزای بەناوبانگ (میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی)دا هەبووە, جارێکیان بەمەبەستی تۆمارکردنی چاوپێکەوتنێکی رادیۆیی دەربارەی ژیان و بەرهەمی شیعری (میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی), چووم خزمەتی خوالێخۆشبوو (مامۆستا مەحییەدینی حاجی سەلیمی تەوێڵەیی) کە برازای (میرزا)یە و یەکێکبوو لە مامۆستا رۆشنبیر و بەهەڵوێستەکان, دەفتەرێك و چەند پەڕە کاغەزێکی هێنا و خستنیە بەردەستم, یەکێك لەو پەڕە کاغەزانە نامەیەکی (عەبدولاٚ بەگی هەورامانی) بوو بۆ (میرزا), ناوەرۆکی ئەو نامەیە بۆنی جۆرە پەیوەندییەکی دەدا کە هەردووکیان هەیانبووبێت لەگەڵ (مەشرووتەکان)دا, (مامۆستا مەحییەدین) باسی ئەوەی کرد گوایا پاش سەرکەوتنی (شۆڕشی ئۆکتۆبەر) هەردووکیان کەوتوونەتە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی کۆمۆنیستی و نامە و شیعریشیان هەیە ئەو راستییە دەسەلێنن و ئەو خۆی هەندێك لەو بەڵگانەی لایە, ناوبراو بەڵێنیدامێ هەموو ئەو بەڵگانە فۆتۆکوبییکات و وێنەیانمبداتێ, منیش بەبەڵێنەکەی زۆر دڵخۆشبووم, بەلاٚم بەداخ و کەسەرەوە پاش یەك هەفتە بەنەخۆشییەکی کوتوپڕ کۆچی دواییکرد, کاتێك کەدەستمکرد بە کارکردن لە بەرگی دووەمی کتێبی (هەورامان), بۆ ئەوەی سۆراخێکی ئەو بەڵگانە بکەم سەردانی ماڵی (مامۆستا مەحییەدین) و هەروەها (مامۆستا فەخرەددینی برای)م کرد, (زەکیەخانی هاوسەری مامۆستا

مەحییەدین و کاك زانای کوڕی) زۆر هەوڵیاندا ئەو بەڵگانە بدۆزنەوە, پاش چەند رۆژێك گەڕان لە ناو کتێخانە و نووسینەکانی ناوبراودا, هیچکام لەو بەڵگانەیان بۆ نەدۆزرایەوە, بەڵام چەند پەڕە کاغەزێکیان دۆزییەوە و دایانێ کە (ژیاننامە و شیعرێکی میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی و شیعرێکی شاعیری میللی حەمەلەتیفی سەیفوور تەوێڵەیی)یان تێدا بوو.

(عەبدوڵا بەگ) بەدرێژیی ماوەی زیندانکردنی نەیتوانیوە بۆ تەنها یەك ساتیش سروشتەجوانەکەی هەورامان و یادەوەرییەکانی سەردەمی ئازادی فەرامۆشبکات, بۆیە هەمیشە لەناخەوە ئازاریچێشتووە و دڵی گوشراوە, هەمیشە لە یادی ساڵانی رابووردا بووە کە لەگەڵ هاوڕیانیدا بەخۆشییەوە ژیاوە, لەیادی (کێو, بەندەن, گوند, هەوارگە) ڕەنگینەکانی ناوچەکەیدا بووە, لە پارچە شیعرێکیدا باسی یادەوەرییەکانی خۆی لە (شاخی کۆساڵان, گوندی دەرەویان, دەمی هاڵ, پیەنسەر, هەوارگەی بەدهۆ,سەکۆی سان, قولەی پیررۆستەم)ی کردووە و وتوویەتی, ئەو یادەوەرییانە جارجارێك دەیانخستمە گریان و زاری و جارجارێکیش سوپاسگوزاری دەرگای خودای تاکوتەنیا دەبووم, خۆشەویستەکەشم لە گەرمەی عەیش و نۆشی خۆیدا, بێئاگا بوو لە حاڵ و گوزەرانی من.

(شاعیر) دواجار وەك قەرەبووکردنەوەیەکی باری دەروونی خۆی, چووەتە سەر ئەو بڕوایەی مادام هەموو کەس دەمرێت و هەر کەسێك چاوەڕێی سەرەی خۆی دەکات, ئیتر خەم و پەژارە مانایەکی نییە, لەم بوارەدا با لەم چەند دێڕەی خوارەوە وردبببینەوە:

یاد گوزەشتەی هامفەردانم کەرد کوردستان مەحاڵ هەورامانم کەرد

یاد گوزەشتەی ئەو ساڵانم کەرد سەیر سەرهەردان (کۆساڵان)م کەرد

جایێ چون (بەندەن) فەرەح سازم کەرد جای نیشاگ ئەنگێز (دەرەویان)م کەرد

یاد تەماشای بەرزی خاسم کەرد چەندێ تەواسام, چەندێ تاسم کەرد

یاد خەیاڵ (دەمی هاڵ)م کەرد تاکە (ساروخە)ی رووی ژیوارم کەرد

ئارەزووی (مەڵێن), (پیەنسەر)م کەرد هەوارگەی (بەدهۆ) موعەگهرم کەرد

یاد پالاوەژ (سەکۆی سان)م کەرد قولەی (پیر رۆستەم) جەرگم بەرئاوەرد

گا گریە و زاری مەناڵام جەدەرد گا جەفاکێشان هەناسانێ سەرد

گا سەرمەستی عەشق بێزار جە یانە گا شوکور دەرگای یەکتای یەکانە

گا دڵ وەشی دەرد فیکر و خەیاڵان گا شەیدای باڵای شای سۆسەن خاڵان

دڵبەر هەر وەعەیش گوڵان وەهار بێ بێ ئاگا جە حاڵ ئی بەندەی زار بێ

(عەبدوڵا بەگی هەورامانی) پاش ئازادبوونی لە زیندان کۆڵینەداوە لە خەبات و تێکۆشان, شانبەشانی ئەوەی سەرقاڵی خوێندنەوە و هۆنینەوەی شیعر بووە, درێژەی بەخەباتی رەوای داوە, هەتاکو دواجار لە ساڵی (1364ك=1944ز) بەدەستی سوپا دڕندە و ستەمکارەکەی رژێمی پەهلەوی لەگۆڕنراو شەهیدکراوە, بەم شێوەیە کۆتایی بەژیان و خەباتی ئەم شاعیرە بلیمەت و شۆڕشگێڕە هاتووە, تەرمی پیرۆزی لە (هەورامانی تەخت) بە خاکسپێردراوە.

عینایەتی هیدایەتی

یەکێکە لە شاعیرە ئازادیخوازەکانی کوردستان, ناوی (عینایەت کوڕی هیدایەتی پاوەیی)یە, دەربارەی مێژووی ژیانی (د.صدیقی بۆرەکەیی) نووسیویەتی: ساڵی (1301ك= 1883ز) لە (پاوە) لە دایکبووە, بەمنداڵی لای باوکی خوێندوویەتی و ئینجا چووەتە حوجرە, بەمەبستی خوێندن هەندێك شوێنی کوردستان گەڕاوە, ماوەیەك لە (چۆڕ) خوێندوویەتی و ماوەیەکی زۆریش لە (بیارە) ماوەتەوە, پاشان رۆیشتووە بۆ (شاری سنە) و لەوێ خوێندنی تەواوکردوە و گەڕاوەتەوە بۆ زێد و مەڵبەندەکەی خۆی, پاش ماوەیەك بەماڵەوە چووەتە (گوندی کەڵێ)ی جوانرۆ, لەو گوندەدا سەرقاڵی وانەوتنەوە و رێنمایکردنی خەڵك بووە, تا لە ساڵی (1376ك= 1956ز) کۆچی دوایکردووە و لە گۆڕستانی هەمان گوند بە خاکسپێردراوە.

ئەم شاعیرە هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە دەستیداوەتە شیعر هۆنینەوە, بەڵام شیعرەکانی کۆنەکراونەتەوە و هەندێکیان تەنها دەما و دەم لە ناو خەڵکدا ماونەتەوە, لەسەر هەڵوێستی شۆڕشگێڕی و لە ئەنجامی هاوکاریکردنی لەگەڵ بەگزادەکانەی جوانرۆ, لەگەڵ ژمارەیەکیاندا بۆ ماوەی (10) ساڵ لە زیندانی (ئەصفەهان) زیندانیکراوە, لەو ماوەیەدا چەندین پارچە شیعری داناوە بەڵام پاش مردنی خۆی کەس هەواڵێکیان لێنازانێت.

لە یەکێك لە پارچە شیعرەکانیدا کە وەڵامێکن بۆ نامەیەکی شیعری (محەممەد بەگی رۆستەمی) ستایشێکی زۆری ناوبرای کردووە, هەروەك چۆن لە ناو شاعیرانی ئەو سەردەمەدا باوبووە کە وەڵامی نامەی (دۆستان, خۆشەویستان, پیاوە دیارەکانیان) بە زمانی شیرین و بە خۆبەکەمزانینێکی دیار بەرامبەر ئەوان داوەتەوە, (عینایەتی هیدایەتی)ش بەهەمان شێوازی دەربڕین بە زمانی شیعر هاتووەتە گوفتار و وتوویەتی:

دۆسەکەی گیانی رۆسەمی نەژاد نامەی شەریفت خەمان دا وەباد

ئەشعار مەربوگ مەعدەن شعوور صەیقل کریابێ بە وێنەی بلوور

مناجات خاس دڵ پەسەندیدە وانام و ساوام وەهەردوو دیدە

ئاهەنگ ئەشعار فەرد وێت وەندم جە دوڕ ئەفشانیت من حەیران مەندم

ئەشعارت جە لام وێنەی شەکەرەن من جە واتەی وێم قەلبم پەکەرەن

حەیفەن قاتی بۆ ئەو شیرین وەی تەڵخ ئەو ئاو صافەن ئێد لەجەن هەم بەڵخ

ئەو دانەی گەوهەر ئێد سەنگ خاران ئەو پارچەی حەریر ئێد کۆنەی شاران

ئەو خشتن میعمار باش ئۆسای یەمەن ئێد کەلاوە کۆن گڵ و خاك وەشەن

فعلەن ئەپاپەی تەحریرم نیەن پەی پەبتش ئایر نە قەلبم شیەن

نیگاش مەدارۆ تا دەرجش کەروون هەر وەخت وەسیلەش بەدەست باوەروون

قاتی پاتی بۆ خاس چەنی خراو تابۆ وەشەربەت شەکەر چەنی ئاو

یادگارییەن پەی کەسێ مانۆ شایەد درووودێ پەیمان بکیانۆ

وەسیلەش فەوری حاچر بی باری دەرج کەردم نەفەوق پەی یادگاری

ئیڤهار مەئیوس کەم سەوادی وێت پەی عیلم و تەحصیل نامرادی وێت

کەردەبێت وەلام منیچ هەر بەو دەرد جە کول کەس بەتەر گوم نام و رەنگ زەرد

دمای پەنجا ساڵ رەنج و کەردەی وێم ئیستە پابتەن مەعلووم بیەن لێم

هەر چێوم کەردەن کول پەشیمانم هەر یەك دەردێوەن وەرووی زامانم

ئینە کول باعپ بێ ئیگلاعیەن جە فەچڵ و دانش کەم مەتاعیەن

بێ عیلم و سەودا جە نادانییەن عاقڵ کەی کارش پەشیمانیەن

بەلاّم عەزیزم تە قصیرمان نیەن مەحەل موحەققر تەنگ و وەردیەن

مەدرەسەی عولووم عەقڵ و فام و بەخت یا پەنای دیوار یا سایەی درەخت

فەیلەسووف عەقڵ کان مەعریفەت رەواج دەهەندەی عیلم و شەریعەت

ئەو رۆ نیشانەی دەروەدەرمان بێ مەلاّ عەلی مراد تەعلیم دەرمان بێ

ئەو ئێمەش یاونا وەی پایەی بوڵەند (شێخ الازهر) بێ ئەو پیر دڵمەند

واتای شیعرەکە بەم شێوەیە:

دۆستی خۆشەویستم نەوەی رۆستەمی، نامە و شیعرەکانت خوێندمنەوە و سوینمە سەر هەردووچاوم، شیعرەکانت لەلام وەك شەکر وان و لەدورِ پەخشانکردنەوەت سەرمسورِدەمێنێت، شیعرەکانی تۆ گەوهەر و ئەوانەی من وەك بەرد وان، ئەوان پارچەی حەریرن و ئەمانیش کۆنەی شارانن، ئەوان خشتی بیناسازی باشوەستای یەمەن و ئەمانیش کەلاوە کۆنی لە خاك و خۆڵ درووستکراون.

دوای پەنجا ساڵ لە رەنجدان و کارکردن، هەرچییەکم کردووە لێیپەشیمانم، ئەمەش هۆی نادانییە و ئەوە دەگەیەنێ کە لە زانستدا بەهرەمەند نەبووم، ئەوەش لە ئەنجامی دەربەدەری و ئاوارەییمەوە بووە و سووچی خۆمی تێدانەبووە.

(عینایەتی هیدایەتی) وەك هەموو شاعرێکی خاوەن هەڵوێست تراژیدیاکانی گەلەکەی گەورەترین ئازارییانداوە و لەناخەوە گوشیویانە، بۆیە بەشیعر وێنای ئەو تراژیدیایانەی کردووە و خستوونیەتە پێشچاو، لە پارچە شعرێکیدا باسی لەوەکردووە لە گەرمەی شین و واوەیلا بۆ سەردارێکی گەورە، لەپڕ ئەو سەرداره بە دەستی بەستراوەوە خۆیکردووە بە ژووردا، پاش سلاّوکردن لە ئامادەبووان بەسەرهاتی خۆی گێڕاوەتەوە، باسی لە ستەمێکی گەورەکردووە کە هەموو خەڵکی هەر لە (مەریوان)ەوە هەتاکو (قەسری شیرین) گرفتارکردووە، هەروەها وتوویەتی: ئابڕوومان لەدەستچوو، کەس نازانێت ئەم کارانە بۆچی روودەدەن و ئەم زۆر و ستەمە بۆ چیە؟ یان هەر چەرخی گەردوونە وا ستەمکارە و ستەممانلێدەکات، ئەم چەند دێڕەی خوارەوە دەقی شیعرەکەن:

ناگا نەو دەمدا بی بە واوەیلا وێنەی واقعەی دەشتی کەربەلا

مەواتن سەردار سام سەنگینم رۆ بابۆی فرزەندان نازەنینم رۆ

ناگا نەو دەمدا سەردار ئەکرەم رەئیس و نەجیب شەخصی موحتەرەم

چەندێ نە دەوران دنیا ویەردە پەنای شەرافەت سوپەهبود بەردە

وارد بی نەو دەم وە دەست بەستە مانیا و مەفلووك ژاکیا و خەستە

صەفا و سەلامێ جە مابەین ویەرد شەرح حاڵ وێش وەی گهور تەمام کەرد

واتش ئازیزان یاران دێرین هەر جە مەریوان تا قەصر شیرین

یەکسەر وەی دەردە گرفتار بیەن ئابڕو و شەرافەت جەدەس بەرشیەن

کەس نمەزانۆ حاڵ زارمان کەس نمەزانۆ رای مەزارمان

کەس نمەزانۆ پەی چێش وەی گهورەن یا کار فەڵەك هەر فۆڵم و جەورەن

(د.صدیقی بۆرەکەیی) نووسیویەتی: بۆماندەرنەکەوتووە شاعیر لەبەرچی ئەم شیعرەی هۆنیوەتەوە و مەبەستی لە هۆنینەوەی چی بووە؟ هەروەها ئەو سەردارەی بەدەستی بەستراوەوە هاتووەتە ناو خەڵك و لایانوابووە مردووە, کێ بووە؟.

شێخ محەممەد ئەمین کاردۆخی

ئەم شاعیرەمان ناوی (محەممەد ئەمین کوڕی کاکەشێخ کوڕی شێخ محەممەد بەهائودیین کوڕی شێخ عوسمانی تەوێڵە)یە, دایکی کچی (مەلا نەجموددینی کوڕی مەلا نەزیر)ە, ڕۆژی (25/ 3/ 1916) لە تەوێڵە لە دایکبووە, هەر لەتەمەنی پێنج ساڵییەوە لای باوکی و خاڵوانی خەریکی خوێندن بووە, سەرەتا قورئانی پیرۆز و هەندێك کتێبی فارسی و عەرەبی خوێندووە,(ساڵی 1929ز) چووەتە قوتابخانە و ساڵی (1935ز) قۆناغی سەرەتایی تەواوکردووە, لەپایزی هەمان ساڵدا لە (خانەی مامۆستایانی لادێ= دار المعلمین الریفی) وەرگیراوە, لە مانگی حوزەیرانی ساڵی 1939ز خوێندنی تەواوکردووە, لە 10/1 هەمان ساڵدا کراوە بە مامۆستای (قوتابخانەی سەرەتایی تەوێڵە), پاشان بۆ ماوەی (31) ساڵ درێژەی بە پەیامی پیرۆزی مامۆستایێتی داوە بەم شێوەیە:

(یەك ساڵ لە شارەدێی تەوێڵە, دەساڵ لە شارەدێی بیارە, دووساڵ لە گوندی عەبابەیلێ, ساڵێك لە گوندی جافەران, دەساڵ لە شاری هەڵەبجە, دووساڵ لە شاری سلێمانی, شەش ساڵ لە بەغدادی پایتەخت).

(کاردۆخی) هەر لەسەرەتای لاوێتییەوە ئەوینداری دنیا جوان و بێگەردەکەی شیعر بووە و زۆر حەزی لە خوێندنەوە و لەبەرکردنی شیعرەکانی (حەزرەتی مەولەوی, حاجی قادری کۆیی, مستەفابەگی کوردی) کردووە, ساڵی (1935ز) دەستیداوەتە شیعر هۆنینەوە و یەکەم شیعری لەسەردەمی قوتابێتیدا لە شاری (بەغداد) لەژێرناونیشانی (خۆشەویستی وەتەن)دا هۆنیوەتەوە, هەر لەوکاتەشەوە نازناوی (کاردۆخی) بۆ خۆی هەڵبژاردوە, هۆی هەڵبژاردنی ئەم نازناوەش لەوەوە هاتووە, شاعیر لەئەنجامی خوێندنەوەی چەند کتێبێکی مێژوویی بۆیدەرکەوتووە کە یۆنانییەکان بەکوردیان وتووە (کاردۆخ), هەروەها کاردۆخییەکان یەکێکن لەو نەتەوانەی بەرەچەڵەکی دێرینی کورد لەقەڵەمدەدرێن.

شاعیر لەتەمەنی (25) ساڵیدا سەوداسەری خۆشەویستی کچێکی خزمی خۆی بووە, ئەو خۆشەویستییە زۆر کاریلێکردووە و بەجارێك نوقمی ناو دنیای ڕۆمانسیەتی کردووە, لەلایەك خۆشەویستی ئەو شۆخە و لەلایەکی تریشەوە جوانی سرووشتی کوردستان لە هەرچوار وەرزی ساڵدا بوون بەسەرچاوەیەکی گەورە بۆ شیعرەکانی, لەماوەی تەمەنیدا چەندین پارچە شیعری بە هەردوو شێوەزمانی (هەورامی و کرمانجی باشوور) هۆنیوەتەوە, بە وردبوونەوە لە شیعرەکانی بۆمانئاشکرادەبێت کە داویانە لە دەرگای هەموو بابەتە شیعرییەکان و بۆ هەر دیمەن و ڕووداوێك کاریلێکردبێت شیعرێکی نووسیوە, هەرچەندە زمانی دایکزادی شێوەزمانی هەورامی بووە, کەچی زۆربەی ئەو شیعرانەی کە لە دیوانەکەی, هەروەها لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە بەشێوەزمانی (کرمانجی باشوور) نووسراون.

(مامۆستا محەممەدئەمین کاردۆخی) بێجگە لە شیعرەکانی چەندین وتار و پەخشانیشی نووسیون, زۆربەیان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوکراونەتەوە, هەروەها چەند بەرهەمێکی هەیە کە لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی لەوانە: (ژیانی عەشقی, کتێبی حەدیقەی خوسرەوی), هەر لە بواری بەرهەمە نووسراوەکانیدا (مامۆستا محەممەد ئەمین نەقشبەندی) کە پێشەکی بۆ چاپی دووەمی (دیوانی کاردۆخی) نووسیوە و ساڵی (1982ز) لە چاپدراوە وتوویەتی:

(پرۆژەی ئەدەبی زۆری بەدەستەوەیە وەك: کۆکردنەوەی دیوانی شاهۆ, تەواوکردنی وەرگێڕانی کتێبی حەدیقەی خوسرەوی, نووسینەوەی شیعرەکانی میرزا ئەولقادری پاوەیی, تەواوکردنی کتێبی گوڵزاری عوسمانی, دانانی فەرهەنگێکی هەورامی بۆ سۆرانی- تا ئێرە نووسینەکەی مامۆستا محەممەدئەمین نەقشبەندی)یە.

بەڵام پێویستە باس لەوەبکەین (مامۆستا محەممەد ئەمین کاردۆخی) شیعرەکانی (شاهۆ)ی کۆکردوونەتەوە و ڕێکیخستوون و لە دوو بەرگدا لەچاپیداون.

پێشتریش لە ساڵی (1971ز) ئەرکی کۆکردنەوە و لێکدانەوەی واتا و لەچاپدانی (دیوانی صەیدی هەورامی) لە ئەستۆگرتووە, لە پێشەکی ئەو دیوانەدا نووسیویەتی: ئەوەی کە شایانی باسە تا مایسی ساڵی (1963ز) زیاتر لە (1450) شیعری (صەیدی)م کۆکردەوە, بەڵام داخەکەم هەر وەکو لە گۆڤاری برایەتی ژمارە (2) ساڵی یەکەمی تەمووزی (1970) نووسیبوم, ئەو (دیوانی صەیدی)یە لەگەڵ (800) پارچە شیعری خۆمدا کە هێشتا بڵاونەکرابوونەوە و لەگەڵ زۆر کتێبی کوردی تردا, هەموویان کران بە خۆراکی ئاگر.

پاش ئەوەی چەردەیەکمان لە مێژووی ژیانی (مامۆستا محەممەد ئەمین کاردۆخی) باسکرد, دینە سەر خستنەڕووی چەند نموونەیەك لە بەرهەمە شیعرییەکانی, سەرەتا لەم شیعرەوە دەستپیدەکەین لەژێر ناو و نیشانی (چاوی چاوەزار)دایە کە تێیدا باس لەوەدەکات چۆن بەژن و باڵا و لەش ولاری شۆخێکی نازەنین سەرنجیانڕاکێشاوە و لە شوێنی خۆیدا وشکیانکردووە, ئیتر بەم شێوەیە هاتووەتە گوفتار:

ترازا دوگمەی سینەی بە ڕێکەوت لەبەردەم مندا دوو لیمۆی دەرکەوت

لە (پیرۆزە و زێڕ) چاوێك زۆر جوان بەزنجیر بەند بوو لە بەینی بەیان

بێ پەروا وشك بووم لە جێی خۆم وەستام لە وێنە و ڕەنگیان حەیران و سەرسام

بە زەردەخەنە شۆخی ڕوومەت گوڵ وتی: شێخ چی بوو کاری کردە دڵ؟

وتم: دیققەتی کاری خوام کرد سەیری (شەمامە) و (سەرو)ی باڵام کرد

بەڵام نەمزانی چیە ئەو چاوە لە بەینی هەردوو لیمۆت وەستاوە

قا قا پێکەنی جوانی نازدار وتی: نەت دیوە چاوی چاوەزار

ئەوە (چاوەزار) سنگ و لیمۆیە سەرنج ڕاکێشی, زۆری وەك تۆیە

وەك چاوی ماری سەر خەزێنە و گەنج (مەم) دەپارێزێت , لە دەس (پیر و گەنج)

ئەم چاوەزارە و زنجیرەی ماری تەلیسمێکە وا بەسەر زاری

هیچ لێی تێ ناگەیت مەر لە زانکۆی عەشق بچی بخوێنی لەوێ بکەی مەشق

بەرە و ڕێی (زانکۆ) ڕێگام گرتەبەر ئێستاکە وێڵم, شێتم, دەربەدەر

نەمزانی (زانکۆ) هەر لە لای خۆیە دەرسی مەشقی عەشق سنگ و لیمۆیە

ئەم شاعیرەمان چەندین پارچە شیعری هەن کە تێیاندا بەوردی ستایشی سروشتی کوردستان بە گشتی و هەورامانی بە تایبەتی کردووە, یەکێك لە و پارچەشیعرانەی بە ناوی (کەمەر سەلارە)وەیە, دەربارەی ئەم شیعرە لە دیوانەکەیدا نووسیویەتی:

شیعری (کەمەر سەلارە) لە لاپەڕە (62)ی ئەم دیوانەدا هەیە و لە ساڵی (1978)دا چاپکراوە, لەسەر داواکردنی چەند ئەدەبدۆستێکی هەورامی ئەم شیعرانەم وەرگێڕایە سەر شێوەی (هەورامی).

ئێمە لێرەدا دەقە سۆرانییەکەی بڵاودەکەینەوە و پێمانوایە شاعیر زیاتر لەم دەقەیاندا سەرکەوتووتر بووە, ئەمەش دەقی شیعرەکەیە:

لەسەر پەردەی دڵ, وێنەت دیارە جوانیت باس ناکرێ, (کەمەرسەلارە)

شوێنی ڕوانگەت, یەکجار ڕەنگینە ئاسۆی لای سەرووت, شاخی بەفرینە

هەر لە ژوور (کەیمنە) تا (دەرەقەیسەر) باخ و باخاتی, بەردەمتە یەکسەر

هەوایش تا بڵێی پاك و بێگەردە چاو قەد تێر نابێ, لەو شاخ و هەردە

خۆ بە تایبەتی وەختی بەهاران هەتا چاو کارکات خەیمەی گوڵاڵان

قەد پاڵی شاخ و باخی گرتووە دڵی سەیرکەری, سەرسام کردووە

هاژە هاژەی چەم, جریوەی چۆلەکە ئاشکرا ئەڵێن, خەم لە دڵ دەرکە

قاسپە قاسپی کەو, لەسەر بەردی شاخ ڕەنگی هەراڵەی, هەڵووژەی, ناوباخ

دەنگ و ڕەنگێکن قەد ناچن لە بیر بۆیان حەیرانە, پاشا و گەدا و میر

چەند جوان و سوورە , قۆخی قەراخ ڕێ (زیوی تواوە), (چەم), بە خوڕ کەدێ

هۆرەی جوتیارە, لەوبەر, لەناو (وەرد) باعەی بزنە ومەڕ, لەسەر شاخ و هەرد

دەنگی گۆرانی، لاوی هەرزەکار چریکەی ناسکی کچانی نازدار

لەو باخ و شاخە، دەنگ ئەداتەوە یەکتر بانگ ئەکەن بە ئاواتەوە

من لە رۆژانی بەهارانا زوو پێش هەتاو کەوتن ئەمە جێگەم بوو

جوانی دیمەن و ئاسۆم سەیرئەکرد خەمی سالآنی پێشووم لا ئەبرد

لەبەرجوانی خاکی کوردستان سوپاس گوزاربووم، لە عاستی یەزدان

ئاواتم وابوو، جادەی (بیارە) لە (تافا) بێتە (کەمەرسەلارە)

بەناو باخانا، ئۆتۆمبێل بڕوات تەپی نیعمەت و قەلآو و کاوات

ئێستاش ئاواتی خەلکی (هەورامان) ئەمەیە کەوا، بۆت ئەکەم بەیان

کاربەدەستانی میری و دەولەمەن بڕازێننەوە سەرانسەر وەتەن

جادەی ڤیرتاو و کۆشك و گازینۆ حەوز و ئۆتەیل و سەددەی قەراخ جۆ

لە هەورامانا درووست کەن زوو زوو تاجوانی ولآت، چاکتر بێتەڕوو

گازینۆ و ئۆتەیل لە دەشتی چۆلآ لەگەرمیانا ناو خاك و خۆلآ

بێ کەلکە لە لای پیاوانی زانا با بێن بگەڕێن بە هەورامانا

هەزاران شوێنی دلگیر و رەنگین هەیە و دەرمانن بۆ نەخۆشی ژین

بۆ سەلماندنی ئەو راستییەی کە وتمان شاعیر لە دەقە سۆرانییەکەی ئەم شیعرەدا سەرکەوتووتربووە تا دەقە هەورامییەکەی، ئێستا چەند دێڕێکیش لە دەقە هەورامییەکەی دەنووسین، هەتاکو خوێنەرانی بەڕێز لەلای خۆیانەوە بەراوردی هەردوو نموونەکە بکەن:

پەردە و دلێەنە وێنەت دیارا (کەمەر سەلارە) فرە ئاشکرا

جوانی دیمەنیت باسش مەکریۆ بە شیعرە و پەخشان تەعریف مەدریۆ

وەرەچەمەکەت یەکجار رەنگینا ئاسۆ و لاو سەرەیت کەشی وەروینا

چوەرو (كەيمنە)ی تا (دەرەقەیسەر) باخ و باخاتا سەرانسەر یەكسەر

هەوات تا واچی پاك و بیٚ گەردا چەم سێر مەوەرۆ سەیركەردەو هەردا

خۆ بە تایبەتی وەختو وەهاری خەیمە و گورالاٚ و هەرالە و داری

(كاردۆخی) شاعرێكی نیشتمانپەروەرە, تاسەرمۆخ كوردستانەكەی خۆشویستووە, خەمی ژێردەستی گەلەكەی بەردەوام مێشكی كرۆشتووە, هیوا و ئاواتی رزگاری و پێشكەوتنی كورد و سەربەخۆیی كوردستانەكەی بووە, چەندین پارچەشیعری نیشتمانی هەن, لێرەدا یەكێك لە پارچەشیعرەكانی بە نموونە دەهێنینەوە لە ژێر ناو نیشانی (رێی خەبات) كە تێیدا سەرەڕای دەربڕینی هەستی نیشتمانپەروەرانەی خۆی, هانی بلاٚوكراوەكانی ئەو كاتەی داوە بۆ ئەوەی لە پێناوی بەرزی گەلیاندا رێی خەبات بگرن, ئەمەی خوارەوە دەقی هۆنراوەكەیە:

لە رێی (خەبات)دا بۆ لووتكەی (هیوا) تا (ژین)م هەیە قسەم بە خوا

ئەڕۆم ناپرسم لە سەختی و هەوراز ئەگەر نینۆكم دەربێنن بە گاز

بۆ (پێشكەوتن)ی كاری گەلەكەم سەر و ماڵ و گیان, هەمووی بەخت دەكەم

وەكو هێندیٚ كەس بیٚ بەر و پشت نیم ئارەزووم وایە, بەسەربەست بژیم

تا لە ئاسمان دا (شەفەق) و (بەیان) تیشكی زێڕینی (هەتاو)ی كوردان

سەردەرنەهێنیٚ من هەر پەژارەم بیٚشەوق و زەوقم وێڵ و ئاوارەم

هەتا (رزگاری) گەلم نەبینم پەستم خەمبارم هەر تاڵە ژینم

تا ئاگری (نەورۆز) لە گشت نیشتمان نەی كاتەوە گەل شەو هەتا بەیان

دنیام تاریكە و لێڵە بەرچاوم زامدارە دڵ و جەرگ و هەناوم

هەتا (ئازادی) گەلم نەبینم بە (بلێسە)ی زانست مافم نەسێنم

شین و زاریمە هەتاكو بەیان بۆ بیٚ دڵسۆزی و بەدبەختی كوردان

دەسا ئەی (خەبات) ئەی (هیوا) ئەی (ژین) (پێشكەوتن, شەفەق, هەتاو)ی بە تین

(رزگاری, نەورۆز, ئازادی) گەلان (بلێسە و بەیان) ئیش كەن هەمووتان

بۆ بەرزی گەلتان ڕێی خەبات بگرن پەردەی ناڕێکی و جیایی بدڕن

ئەم شاعیرەمان لە بواری شیعری نیشتمانیدا بە (شێوەزمانی هەورامی)یش هاتووەتە گوفتار, لە پارچە شعرێکیدا بە ناونیشانی (وەتەن مەورەشیۆ= نیشتمان نافرۆشرێت) وتوویەتی:

وەتەن ئەدانە کەس مەدۆش بە زەڕ ئانە دۆش بەزەڕ, شێتا یاخۆ هەر

وەتەن قیمەتش حسێب مەکریۆ بەهەزار کولۆرێ لیرێ مەدریۆ

ئانە ورەشۆش یا کرێش وەرۆ پێسەنە ئەدێش پەی خەڵقی بەرۆ

پەی ولاَ ت و وێش, هەرکەس پاسشەکەرد ئانە ئاو روو, وێشو کەساش بەرد

پانەی نەواچی قەد پیاخاسا مەژگش شڵەقیان تاواچی کاسا

پەی حەیا شیەیش, ئەشیەی زوو مەردێ دەسش جە دەسو ناحەزا وەردێ

واتای شیعرەکە بەم شێوەیە:

نیشتمان دایکە و کەس نایدات بە پارە, ئەوەی بیدات بە پارە شێتە یاخود کەرە, نیشتمان نرخی حیسابناکرێت بە هەزار (کولۆر) لیرە نافرۆشرێت, ئەوەی دەیفرۆشێت یاخود بە کرێیدەدات, وەك ئەوەیە دایکی خۆی بۆ خەڵکی ببات, هەرکەس بۆ نیشتمانی خۆی کارێکی وایکرد, ئەوە ئابڕووی خۆی و کەسەکانی برد, قەد بەوە نەڵێن پیاوچاکە, چونکە مێشکی شڵەقیوە و هەتا بڵێی کاسە, بۆ حەیاچوونی ئەبوایە هەر زوو بمردایە و دەستی لەدەستی ناحەزان بەربدایە.

(کاردۆخی) وەك کەسێکی دنیادیدە کەوتووەتە ژێرکاریگەری هەندێك لە (واتۆ وەڵینا= پەندی پێشینان)ەوە, بە تایبەتی ئەوانەیان کە دەرهاوێشتەی تێگەیشتنێکی ئەقلاَنین بۆ ژیان, هەر بۆیە ژمارەیەك لە پەندە هەورامییەکانی خستووەتە سەرزمانی شیعر, بۆ نموونە:

1-گۆشت و ران و وێت برێژە و وەرە منەتۆ قەسابی هەرگیز مەبەرە

واتاکەی بەم شێوەیە: گۆشتی رانی خۆت بخۆ و منەتباری قەساب مەبە.

2-وڵەنە بەرمەیا بە قسێ وەشێ چ مار چ کەمتار چ پیرە هەشێ

واتاکەی بەم شێوەیە: بە قسەی خۆش, (چ مار, چ کەمتار, چ پیرە ورچ) لە کونەکانیاندا دێنەدەرەوە.

3-دار ماچۆ دەسە گەر جە وێم نەبۆ تەوەر مەتاوۆ لاشەم شەق کەرۆ

واتاكەی بەم شێوەیە: دار دەڵێت ئەگەر تەور دەسكی لە خۆم نەبێت ناتوانێت لاشەم شەقبكات, هەر لەم بوارەدا دەوترێت: (دار پوازی لە خۆی نەبێت ناقلێشێت).

4-بێگانە پەرسی سەد ساڵێ كەری ئاخرش روێ نوشستی بەری

واتاكەی بەم شێوەیە: سەد ساڵ بكەی بێگانە پەرستی, دواجار دێنیت نوشوستی.

5-ئانە مل و من ئانە كاردۆ تۆ چێش ئەمرە كەری زوو فەرماوە بۆ

واتاكەی بەم شێوەیە: ئەوە ملی من و ئەوە چەقۆی تۆ, چی دەفەرمووی زوو فەرموو وەرە.

6-وێش كەردەن بە قەوم بە لالۆ لالۆ ئیسە گەرەكشا زەمینم كالۆ

واتاكەی بەم شێوەیە: بەخاڵۆ خاڵۆ خۆیكردووە بە خزم, كەچی ئێستا دەیەوێت زەویم بكێڵێت.

(مامۆستا كاردۆخی) لە بواری شیعری كۆمەڵایەتیشدا ئەسپی خۆی تاوداوە, چەندین نموونەی شیعری لەم بوارەدا هەن كە تیایاندا بوێرانە دژی دیاردە كۆمەڵایەتییە دواكەوتووەكانی وەك: (پیسكەیی و پارەپەرستی, بەدكرداری, فرتوفێڵ و خەڵك فریودان, ناپاكی , درۆكردن, بەدزمانی, دووڕوویی, ماستاوكردن, ناچاركردنی ژنان بە پۆشینی عەبا و پەچە و پێشێلكردنی مافیان, نەخوێندەواری....هتد) وەستاوە, لە شعرێكیدا بەناونیشانی (رقمە لە لار و خوار) لەم بوارەدا زۆر بوێرانە هاتووەتە مەیدان و وتوویەتی:

بەناو شێخم كەچی رقمە لە شێخی لار و كەچ رەفتار

بەخوێن كوردم, كەچی دوژمن بە كوردی زاڵمی زۆردار

سەرم رووتكرد لە داخی مێزەر و چەتفەی نەسیمانە

ئەوانەی رۆژ لە مزگەوتان, شەویش مەیخانە جێیانە

بەوردی كاتێ سەیری, كردەوەی ئینسانی لارم كرد

بەدڵ بەست بووم و زوو هەستام, لە لایان كۆچ و بارم كرد

زمان و كردەوەی ئینسان, ئەبێ دووربێ هەتا مردن

لە ناپاكی و درۆ و دەعیە, ریایی و فیتنەیی كردن

لە رێی راست هەر كەسێ لادا, خراپە, لارە, بێ بارە

مەراق و دەردی من زۆری، لە دەس لارو بەد ئەتوارە

ئەوەی راستە لە لام چاکە، ئەگەر بۆرە، وەگەر خزمە

پیاوی لارو ناراستیش، لە لای من تا بلێی نزمە

هەرچی (خوارە) لەسەر ئەرزا، بەدڵ رقمە لە رەفتاری

هەتا مردن ئەکەم نەفرین لە گوفتاری لە کرداری

حەقیقەت روون ئەکەم بۆ گەل، بەبێ ترس و بە بێ پەروا

هەمیشە ناحەزی لارم، هەتا خوینم لەلەش ئەڕوا

(کاردۆخی) خاوەنی چیرۆکێکی شیعرییە بەناوی (چیرۆکی دارفرۆش) کە لە دیوانەکەیدا بلاَوکراوەتەوە، دەربارەی ئەم چیرۆکە نووسیویەتی: ئەم هەڵبەستە دووبەشە، بەشی یەکەمیان جگە لە شەش هۆنراوەی پێشەوە ساڵی (1957ز) رێکخراوە، لە (گۆڤاری هیوا- ژمارە 11 - مانگی مایس- ساڵی 1958)دا بلاَوکرایەوە، دوایی وا بەچاك زانرا بکرێت بە (چیرۆکێکی شانۆیی) بۆ ئەمەش بەشی دووەمی خرایە سەر، قوتابیانی قوتابخانەی گۆیژەی سەرەتایی بەسەرپەرشتی (مامۆستا گالب بەرزنجی) کردیان بە شانۆگەرییەك، لە (تەلەفزیۆنی کەرکوك) و لە فیستیڤاڵی هونەرە جوانەکانی (موصلّ و بەغداد) نمایشکرا و خەلاَتیان لەسەروەرگرت.

ئەمانەی خوارەوەش چەند دێرێکن لەو چیرۆکە شیعرییە:

دارفرۆش:

ئاخ لەم کلۆڵییەی، بەسەر مندا هات ژینی هەژاریم، چۆن بوو بە خەلاَت؟

چۆن یەزدان ئاوا هەژاری کردم؟ بەکویرەوەرۆی بە ئەرزیا بردم

بەکۆڵ و سەرشان هەر دار هەڵ ئەگرم منداڵ هەر رووتن، خۆیشم بەرگ شڕم

خەڵق لە خۆشی دان، دوور لە ماتی و خەم منی دارفرۆش، هەر پەست و ماتەم

داری ئەم شاخەم لە بن دەرهێنا هێشتا بەدبەختم لەم سەرزەمینا

تاکەی بەم جۆرە ببم گرفتار؟ ئەمە کەی ژینە، ئەی پەروەردگار

خوێندەوار:

برای دارفرۆش زاڵمی زەمان بۆ لەناوت برد داری نیشتمان؟

بەتەور و تەوراس, بەتەشوێو مشار ئەبڕی وردئەکەی بەهەزاران دار

بۆ واجەور ئەکەی لە نەمام و دار؟ تاکەی لۆری و کەر بەدار ئەکەی بار؟

لق و پۆپی دار بۆ وا ئەشکێنی؟ داری وڵاتمان بۆ لە بن دێنی؟

ئەم چیرۆکە شیعرییە درێژە و لەبەشی دووەمیدا (بێگانە) دێتە ناو گەمەکەوە, بە ڕەوشتی داگیرکارانە و گێرەشێوێنانەی هەمیشەیی خۆی, دەیەوێت لە ڕێی تەلەکەبازی و فرتوفێل و پارەپێدانەوە فریوی (دارفرۆش) بدات, بەوەش هەردوولا بدات بەگژیەکتردا و ئاگری ناکۆکی لە نێوانیاندا خۆشبکات, لەو ڕێگەوە ئیتر بەئاسانی بە مەرامەکانی بگات, بەڵام حەزی برایی و ئیرادەی یەکبوونی هەردوولا زۆر لە نەخشەی نەگریسی بێگانە گەورەتر دەبن, بۆیە دواجار پەلاماریدەدەن و بەتەور و تەوەرداس دەیکوژن, بە خۆشی و پێکەنینەوە دەستدەخەنە ناو دەستی یەکتری و ئەم سێ دێڕە شیعرە دەڵێنەوە:

ئیتر بۆ خۆمان ئەژین بە دڵشاد لە نیشتمانا خەم ئەدەین بە باد

ئەیکەین بەبەهەشت ئەم کوردستانە بەکوێری چاوی پیاوی بێگانە

ئیتر ناترسین لە بەد و بەدکار بێگانەمان کوشت نەما ستەمکار

لە کۆتایی ئەم باسەماندا دەربارەی شاعیر (مامۆستا محەممەد ئەمینی کاردۆخی), دینە سەر ناوهێنانی بەرهەمە چاپکراو و چاپنەکراوەکانی وەك چۆن ناویان لە چاپی دووەمی دیوانەکەیدا هاتوون.

یەکەم- بەرهەمە چاپکراوەکانی:

1-دیوانی (صەیدی هەورامی)-چاپخانەی کامەرانی-سلێمانی- ساڵی (1971ز).

2-بەرگی یەکەمی دیوانی (شاهۆ)-چاپخانەی ڕاپەڕین-سلێمانی- ساڵی (1976ز).

3-بەرگی یەکەمی دیوانی (کاردۆخی)-دارالحریە-بغداد-ساڵی (1978ز).

4-بەرگی دووەمی دیوانی (شاهۆ)-چاپخانەی کامەرانی- سلێمانی-ساڵی (1980ز).

5-لەچاپدانەوەی دیوانی (کاردۆخی)- بەشی یەکەم و هەندێك لە بەشی دووەم- (چاپخانەی ئۆفسێتی سەرکەوتن)-سلێمانی- ساڵی (1982ز).

دووەم-بەرهەمە چاپنەکراوەکانی:


www.pertwk.com

1-حەدیقەی خوسرەوی.

2-لەیلێ و مەجنوونی هەورامی.

3-گوڵزاری عوسمانی.

4-بەرگی سێیەمی دیوانی شاهۆ.

5-بەرگی دووەمی دیوانی کاردۆخی.

6-واتە و وەڵینا=پەندی پێشینان بەهەورامی و لێکدانەوەیان بە شێوەی سۆرانی.

ئەم شاعیرەمان رۆژی (6 / 8/ ساڵی 82 19ز)پاش تەمەنێکی (66)ساڵی کۆچیدواییکردووە و ماڵئاوایی لە دنیای شیعر و ئەدەب کردووە, پاش کۆچی دووایشی هەتا رۆژی نووسینی ئەم بابەتە هیچ بە رهەمێك لەو بەرهەمانەی کە لە ژیانی خۆیدا ئامادەیکردوون بۆ لە چاپدان چاپنەکراون.

دوکتۆر محەممەد صدیقی موفتی زادە

شاعیر و نووسەری گەورە (د.محەممەد صدیقی موفتی زادە) دەربارەی مێژووی ژیانی خۆی نووسیویەتی: ناوم (حەمەصدیق کوڕی مەلا عەبدولای موفتی)م, ساڵی (1339ك= 1920ز) لە دێی (دشە) لە دایکبووم, بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم باوکم لە لایەن حوکمڕانەکانی (ئەردەلان)ەوە بانگکراوە بۆ (سنە) و کراوە بە مامۆستای مزگەوتی (دارولئیحسان), دواتر بانگکراوە بۆ تاران و نازناوی (موفتی کوردستانی) پێدراوە و گەڕاوەتەوە بۆ (شاری سنە), لە تەمەنی شەش ساڵیدا بووم باوکم کۆچی دواییکرد و لە تەمەنی یانزە ساڵیدا بووم دایکیشم مرد, هەر لە منداڵییەوە خەریکی خوێندن بووم, ئەوسا بۆ خوێندن بە فەقێیەتی زۆر شوێنی کوردستان گەڕاوم, بۆ خوێندنی فقهی ئیسلامی بە مەڵبەندەکانی: (شارەزوور, مەریوان, موکریان, پێنجوێن, سلێمانی, کەرکووك, هەولێر, رەواندوز, سابلاخ, سنە) کەوتوومەتە گەشتوگێڵ و لە لای زانایانی وەکوو (حاجی مەلا خالیدی موفتی, مەلا سەی عارف, بابارەسووڵی عەبابەیلێ, مەلا باقڕی باڵەك, مەلا مەحموودی دەرەتفێ, مەلا شێخ محەممەدی بورهان) خوێندوومە, سەرەنجام لەلای کاکم (مەلا مەحموودی موفتی) لە شاری سنە مۆڵەتی مەلایەتیم وەرگرتووە, پاشان لە زانستگەی تاران بڕوانامەی (لیسانس و دوکتۆرام) وەرگرتووە.

(دکتۆر محممەد صدیقی موفتی زادە) زانا, نووسەر, رۆژنامەنووس, وێژەوان و شاعیر بووە, بەڵام کەمتر بە هۆنینەوەی شیعرەوە خەریکبووە و زیاتر بایەخیداوە بەنووسنی وتار و کتێب, ماوەیەکی زۆر سەرپەرشتی بەشی کوردی رادیۆی تارانی کردووە و لەو ماوەیەدا گەلێك بەرنامەی بە سوودی نووسیون و بلاویکردوونەتەوە, وەك: (رێزمانی کوردی, پەندی پێشینان, وێژە و وێژەوانان).

هەروەها ماوەی چوار ساڵیش سەرنووسەری (رۆژنامەی کوردستان) بووە لە ئێران, هەرچەندە ئەو رۆژنامەیە زمانحاڵێ رژێمی ئەو کاتە بووە, بەڵام (دوکتۆر موفتی زادە) چەندین وتاری دەربارەی (مێژوو و وێژەی کوردی) تێدا بلاوکردووەتەوە,

ناوبراو لەم بوارەدا سەرچاوەیەکی گەورە بووە بۆ (مێژوو, کولتوور)ی نەتەوەکەی, ئەوانەمان تەمەنێکمانکردووە زۆرمان گوێمان بۆ بەرنامە رادیۆیەکانی ئەم مامۆستایە گرتووە و هەندێکیشمان بابەت و لێکۆڵینەکانیمان خوێندووەتەوە, هەر لەوێشەوە بە پایەی ئەدەبی و رۆشنبیریی شارەزابووین.

(د.محەممەد صدیقی موفتی زادە) هەرچەندە بەرهەمی شیعری کەمە و وەك پێشتر وتمان زیاتر بایەخی بە نووسین داوە, بەڵام ئەو شیعرانەی لەشوێنی بەجێماون هیچیان لە شیعری شاعیرە گەورەکانمان کەمتر نییە, لە رووی هۆنەری هۆنیەنەوەی شیعرەوە لە ئاستێکی بەرزدان و هەموو مەرجەکانی شیعری کاریگەری ئەو سەردەمەیان لە رووی (ناوەرۆك, کێش, سەروا)وە تێدایە.

یەکێك لە شوێنەوارەکانی چیرۆکێکی شیعرییە بە ناوی (چیرۆکی مام رێوی), ئەم چیرۆکە شیعرییە لەسەر بنەمای (پەندی پێشینان) هۆنراوەتەوە و لە دووتوێی (160) دێردایە, وا لەخوارەوە چەند دێرێکی دەنووسینەوە:

رۆژێ لە رۆژان رێوییێکی پرفێڵ بۆ خواردەمەنی کەوتە گەشت و گێڵ

ئەسووڕایەوە ئەم دۆڵ و ئەو دۆڵ ئەیدا بە پاوە بیابان و چۆڵ

هەوارێ نەما خۆی نەکا پێی دا کۆزگەیی نەبوو سووڕنەخوا تێی دا

نە هەمانەیێ نە کونە کۆنێ نە کوتێ پێستە نە خیگە رۆنی

نە (پێشە) و پەلای مریشك و سۆنە نە کوت و پارچەی بێژنگە کۆنە

نە تۆراخدانێ رزیو و بێ کەڵك نە نانە رەقێ لە پاشماوەی خەڵك

نە سەلکێ دۆینە نە لەتە کەشکێ نە (چەکە کلاشێ) نە هەنگڵە مکەشکێ

نە تیکە چەرمێ نە ژێرە کەوشێ نە قوشقنێ شڕ لە دەوری حەوشێ

هیچی دەس نەکەوت بە بەش بڕاوی بە زکی برسی و بە دڵ تۆراوی

هاواری ئەکرد ئەیدا بەسەردا وێڵ وێڵ ئەگەڕا بەدەشت و دەردا

کاتێ مام رێوی رێی چۆڵی ئەبڕی باڵدار لە ترسی ئەوا هەڵدەفڕی

هەرچەندە گەڕا هیچی دەست نەکەوت هەروەها دەردی برسیەتی نەسرەوت

ئینجا کەوتە رێ بە تاریکایی بۆ مریشك خواردن دەوری ئاوایی

ماوەیێ رێی کرد بە زکی برسی لە بەرخۆیەوە لە خۆی ئەپرسی

داخۆ سەك لەبەر دەرگا کەوتبێ؟ مریشکیش \لە نێو (کولین) خەوتبێ؟

خاوەن ماڵ چاوی باش چووبێتە خەو؟ مریشکی قەڵە و بڕفێنم ئەمشەو

بەراکردن و لۆقە و تەقڵەدەو گەیشتە نزیکی دێیێ نیوەشەو

برسیەتی زۆری زۆر بۆ هێنابوو بیر و ئاوەزی لە دەس سنرابوو

ناگا واقەیێ لە دەمی دەرچوو سەگەل ئاوایی گشت گوێیان لێ بوو

هەڵمەتیان بۆ برد هەموو بە حەپ حەپ گەمارەیان دا لە راست و لە چەپ

بوو بە سمڕ و بە قوولە و هەرا (قلینچکەی کەر)ی تێدا ئەپچڕا

ئەم ئەیوت بۆرە ها دەری نەکەی ئەو ئەیوت بازە تەکان دە سادەی

رێوی ئەوەی دی کەوتە بازبردن بە دڵ دەسی کرد بە کفرکردن

ئینجا بە ناچار خۆی کرد بە تووڵ بڕ لە چنگیان دەرچوو بە گووپچڕ گووپچڕ

لە ترسی گیانا تەکانی ئەدا رەپەی دڵی وەك دەهۆڵ ئەیکوتا

پاش ئەوەی لەدێ بەشەپ کرایە دەر دووبارە رێگای کێوی گرتە بەر

چوو لە بن بەردێ خۆی دا بە عەردا لە تاوی زکی ئەیدا بەسەردا

<u>تێبینی</u>

ئەم شیعرە پێویست بە لێکدانەوەی واتاکەی ناکات چونکە بە شێوەزمانی کرمانجی باشوور هۆنراوەتەوە و تێگەیشتنی بۆخوێنەران زۆر ئاسانە, تەنها هەندێك وشەی هەورامی تێدابوو پێویستیکرد بەوەی لە پەراوێزی ئەم لاپەڕەیەدا واتاکانیان لێکبدەینەوە.

(د.صدیقی بۆرەکەیی) دەربارەی بەرهەمەکانی (دکتۆر محەممەد صدیقی موفتی زادە) بە تایبەت ئەوانەیان وەك کتێبی دەستنووس نووسراونەتەوە وتوویەتی: خۆی بۆ خۆی مێژوویەك بو بۆ نەتەوەکەی, دوو شوێنەواری گرنگی هەن هەروا بە دەستنووس ماونەتەوە, یەکەمیان (رێزمانێکی زانستی بۆ زمانی کوردی) و دووەمیشیان (شیکردنەوەی شیعرەکانی مەولەوی)یە.

شاعیری ناوبراو پاش تەمەنێکی (63) ساڵی پڕ لە داهێنان لە بواری خزمەتکردن بە مێژوو کولتووری کورد, لە شاری تاران کۆچی دوایی کردووە و تەرمەکەی لە (گۆڕستانی وەیسی قەرەنی) لە دەوروبەری کرماشان بە خاکسپێردراوە.

عەبدوڵای ئەقدەسی

یەکێکە لە شاعیرە دیارەکانی گەلەکەمان و ناوی (عەبدوڵا کوڕی فەتحوڵا ئاغای رەزاو)ە, ساڵی (1341ك=1922ز) لە گوندی (رەزاو) لەدایکبووە, هەر لە منداڵییەوە لای مەلای گوندەکەیان خوێندوویەتی, پاشان چووەتە (سنە) و لای (ئایەتوڵای مەردۆخی کوردستانی) فقهی ئیسلامی خوێندووە, لای چەند مەلایەکی تریش ریزمانی عەرەبی و رەوانبێژی خوێندووە, ئینجا گەڕاوەتەوە بۆ (رەزاو) و بووە بە نووسەری تایبەتی (حەسەن خانی رەزاو) و لە ناو خەڵکی ناوچەکەدا بە (میرزا عەدووس) ناویدەرکردووە.

شاعیری ناوبراو ماوەی چەند ساڵێك لەکاروباری دەوڵەتیدا دامەزراوە, سەرەتا وەك فەرمانبەر و پاش ماوەیەك کراوە بە سەرۆکی شارەوانی مەریوان, لەبەرئەوەی سێ کوڕی پێشمەرگەی گروپە سیاسیە نەیارەکانی رژێمی ئیسلامی ئێران بوون کۆچپیکردووە بۆ عێراق و لە شاری سلێمانی نیشتەجێبووە, ساڵی (1406ك=1986ز) کۆچی دوایی کردووە و لە سەیوانی شەهیدستان بە خاکسپێردراوە.

ئەم شاعیرەمان بە هەردوو شێوەزمانی (هەورامی و کرمانجی باشوور) شیعری هۆنیوەتەوە, شیعرەکانیشی زۆر ناسك و پاراون و بەشێوەیەکی گشتی دەبن بە چوار بەشەوە بەم شێوەیە: (دڵداری و خۆشەویستی, ستایشی سروشت, کۆمەڵایەتیی, نیشتمانیی), بەڵام زۆربەیان ستایشی سروشتن, لە پارچە شیعرێکیدا بە ناو ونیشانی (نەورۆز) بە وردی چووەتە ناو وردەکاریەکانی سروشتی جوانی هەورامان لە وەرزی بەهاردا و بەم شێوەیە هاتووەتە گوفتار:

یاران وەهارەن دووبارە جە نۆ وەهار ئاماوە شادی کەژ و کۆ

شەماڵ داوە سەر بەرزی سەربەرزان وەروان کەرد بە ئاو, ئاوان کەرد هەرزان

گا وارۆ واران, گا وەرەتاوەن گا ناڵە و نرکەی هەوری سیاوەن

یا لار و لەنجەی سۆنە سەراوەن یا ناڵەی تفەنگ صەیادی روەن

کەش‌وکۆ و کەومەر, ساراو دەرو دەشت بەرگی سەوز پۆشان بەوێنەی بەهەشت

کەلی عاشقان تا تەوەنە سوور بەسا و سەعید دیارەن جە دوور

گوڵە نەورۆزە جە خاك سەرکێشان مەلان مەناڵان هەریۆ پەی وێشان

بەنی شانشین تا هەردی پلوور چوون پارچەی دێبا ئەرخەوانی سوور

ئەو دیم مێرگەوار, ئی دیم بێساران ئەولا پایگەلان, جای تاقیە لاران

بە هەزار رەنگە دەر و دەشت و دۆڵ بە گوڵ رازیان ئاوەدانی و چۆڵ

مەوارۆ واران بە کۆسالأن دا پەخشان بۆن وەسەور وردە خالأن دا

دەسە و مەحبووبا چەنی کناچا رژاقە و رژاق گۆرانی ماچا

زێڵە و زایلەن هەوار بەهەوار هەیشوور تا ژونی هەوارگەی روار

هەر جە سەرنەهاڵ تا بە عەودالأن نازکێشەن پەی ناز نازك نەوهالأن

ئی دیم تا ئەو دیم سیروان وەردەن جۆش کەش و کۆ و کەمەر بیەن سەوزە پۆش

کورەی میانە سەرسەوز و خاڵخاڵ یەك رەنگەن هەتا هۆبەتو سارال

وەهارەن شەماڵ دان وەسەر کوان ئەحیابی نەبات, پیرەدار جوان

شاهۆ دووبارە جە نۆ بی ئاوا هەوار نشینان مالأت و ساوا

هەر جە هانیەر تا هەردی پاوە هەوار و زۆمی تا دۆڵەناوە

بەنی ماکوان ئاتەشگاو وێراش هۆڵی تاسەراو رەزڵە و بالأتاش

هەر هاژەی ئاوەن کنیۆ جە کاوان نەرگسەن چون زولف ئەگریجە خاوان

دالأنی باشقەی کول نەووەهارەن موعجیزەی خیلقەت پەروەردگارەن

بە هەزار رەنگە برپەنش ئاوات نوەیجەڕ چەنی خورخورە و هەیات

هەر رەشبەڵەکا و هۆرپڕای یارا شیرین قامەتان قەتار ونارا

هەر دڵبەرێنێ کە دڵ مرفانا عەقڵ و هۆش جە دەس عاشق مەسانا

واتای شیعرەکە بەم شێوەیە:

یاران, وا سەر لەنوی بەهارە و کەژوکیو شادبوونەوە, شەماڵ هەڵیکرد بەسەر بەرزاییەوکاندا و بەفری کێوەکانی کرد بە ئاو, جارجار باراندەبارێت و جارجاریش خۆرەتاوە, جارجاریش ناڵە و دەنگی هەوری رەشە, یا لار و لەنجەی سۆنەی سەر ئاوە, یا

ناڵەی تفەنگی راوچییە, کەژ و کێو و کەمەر, دەر و دەشتایی هەموویان بەرگی سەوزیان پۆشیوە وەکو بەهەشتن, لە (کەلی عاشقان)ەوە تاکێوی (تەوەنەسوور) و هەتاکو (بەساو سەعید) لە دوورەوە دیارن, گوڵە نەورۆزە لە ناو خاکەوە سەریدەرهێناوە و باڵندەکانیش هەریەك و بۆ خۆیان دەناڵێنن, لە کێوی (شانشین)ەوە تا (هەردی پلوور) وەك پارچەی هەوریشم ئەرخەوانی سوورن, لەو دیوەوە (مێرگەوار) و لەم دیوەوە (بێساران)ە, ئەولاش (پایگەلان)ە کە مەڵبەندی ژنان و کچانی کلاوڵارە, دەر و دەشت و دۆڵ, ئاوەدانی و چۆڵ, هەموویان بە گوڵی رەنگاورەنگ رازاوەن,باراندەبارێت بەسەر کۆسالاندا و بەسەر وردە خالاندا پەخشاندەبێتەوە, دەستەی نازداران و کچانی جوان گۆرانیدەچڕن, دەنگ و ئاوازی گۆرانی هەوار بە هەوار هەر لە (هەیشوور)ەوە تا (ژۆنی)ی هەوارگەی (روار) دەڕوات.

لەم دیو ئەو دیوە وە ئاوی سیروان جۆشیخواردووە و کەژ و کێو بەرگی سەوزیان پۆشیوە, بەهارە و شنەی شەماڵ بەسەر کێوەکانەوە هەڵیکرد, رووەك بووژانەوە و پیرەدار جوانبوویەوە, شاخی(شاهۆ) بە هەوارنشینەکان و ئاژەڵەکانیان ئاوەدانبووەوە, (پاشان ناوی چەند گوند, هەوارگە و سەیرانگە)ی هێناون کە هەموویان خۆشیانتێکەوتووەتەوە و بۆ هەرشوێنێکیان دەڕۆیت کوڕی رەشبەڵەك و هەڵپەرکێ گەرمکراوە, هەر دڵبەرن دڵان دەرفێنن و ئەقڵ و هۆش لە دەست ئاشقان دەستێنن.

بۆ کۆتایهێنان بەم باسە دەربارەی شاعیر (عەبدوڵای ئەقدەسی), پێویستە ئاماژە بەوە بکەین (مەلا عەبدوڵای شەیدا) کە پیش (ئەقدەسی) نووسەری تایبەتی (حەسەن خانی رەزاو) بووە, بەپێی راسپاردەی (حەسەن خان) مێژووی هەورامانی بە شیعر هۆنیوەتەوە, بەڵام بەرلەوەی تەواویبکات کۆچی دوایی کردووە, پاشان (عەبدوڵای ئەقدەسی) دوابەشی ئەو مێژووەی هەر بەشیعر هۆنیوەتەوە و کارەکەی (مەلا عەبدوڵای شەیدا)ی تەواوکردووە.

ئەمین شێخ عەلائوددین نەقشبەندی

شاعیر و نووسەر شێخ ئەمین ناسراو بە (بێوەی) کوڕی شێخ عەلائوددین کوڕی شێخ عومەری بیارە کوڕی شێخ عوسمانی تەوێڵە= شێخی سیراجوددین)ە, دایکی ناوی (رابیعە کچی شێخ ئەحمەد) لە بنەماڵەی (بەنی عیزی) عەرەبە لە شاری (دیرالزور)ی وڵاتی سوریا, لە بەرەبەیانی رۆژی یەکشەممە رێکەوتی 12/21/ 1931 لە شارەدێی بیارە لە دایکبووە, هەر لەمنداڵییەوە لە خانەقای بیارە لە ژێردەستی (مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس) و (مامۆستا مەلا بەها) ئیمامی خانەقای بیارە خوێندوویەتی , لە تەمەنی هەشت ساڵیدا بەحەزی (شێخ تائب)ی مامی لەگەڵ براکانی چووەتە قوتابخانەی میرییەوە, ساڵی (1944ز) کە لە پۆلی شەشەمی سەرەتایدا بووە لە گەڵ دایکی و خوشك و براکانی پێکەوە چوون بۆ شاری (دیرالزور) بۆماڵی خاڵوانی, پاش ئەوەی ماوەی نۆ مانگ لەوێ ماونەتەوە گەڕاونەتەوە بۆ (بیارە), ساڵی (1946ز) دووبارە کەلکەڵەی خوێندنی کراوەتەوە, قۆناغی سەرەتایی لە شارەدێی بیارە و قۆناغی ناوەندی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە, هاوینی (ساڵی 1948ز) حەزرەتی شێخ عەلائوددین بڕیاریداوە لە ژیانی خۆیدا باخ و زەویوزارەکانی دابەشبکات بەسەر ئەندامانی خێزانەکەیدا, بۆ ئەوەی لە شوێنی خۆیاندا دابمەزرێن, لەم بوارەدا (ئەحمەدئاوا)ی داوە بە (شێخ ئەمین و خوشك و براکانی) کە لە (رابیعە خانم) بوون, هەمان ساڵ لەسەر فەرمانی باوکی و بەمەبەستی سەرپەرشتیکردنی ئەو برا و خوشکانەی کە هەموویان لە خۆی منداڵتربوون, لە خوێندن دەستیهەڵگرتووە و ئیتر لە (ئەحمەدئاوا)بە باخداری و کشتوکاڵکردنەوە خەریکبووە.

ساڵی (1951ز) لە گەڵ (نەجیبەخانی کچی مەحموود خانی دزڵی) زەماوەندیکردووە و خێزانیانپێکەوە ناوە, بەرهەمی ئەو خێزانپێکەوەنانەش پێنج منداڵ بووە بەم ناوانە:

(ئەمیر, بێوەی, ئازاد, ئارێز, رەنگین).

ساڵی 1962ز ماڵی گواستووەتەوە بۆ هەورامانی ئەودیو, سەرەتا چووەتە گوندی دزڵی و پاش ساڵێك لەوێوە باریکردووە بۆ گوندی مەحموودئاوای دوورۆ, ساڵی (1967ز) چووەتە شاری کرماشان و بە هیوای ئەوەی منداڵەکانی لەوێ درێژە بە خوێندن بدەن تێیدا نیشتەجێبووە, لە هەمان شاردا خویشی جارێکی تر لە گەڵ خوێندن تێهەڵچووەتەوە و قۆناغی ئامادەیی تەواوکردووە, پاش تەواوکردنی ئامادەیی باریکردووە بۆ (شاری تاران) و لەوێ لە کۆلێژی ئاداب-بەشی عەرەبی بڕوانامەی لیسانسی وەرگرتووە, ساڵی 1978ز کراوە بە (بەڕێوەبەری گشتی رادیۆ و تەلەفزیۆنی ئێزگەکانی کوردستان و مەریوان) بۆیە لە تارانەوە بە ماڵەوە گەڕاوەتەوە بۆ (شاری سنە), ساڵی (1979ز)یش گەڕاوەتەوە بۆ شارەدێی بیارە, وەك شاعیر خۆی باسیکردووە ئەو هەموو کۆچانەی لە مانگی ئەیلوولدا بوون.

لە ساڵەکانی (1982 , 1983ز) وەك (محاچر) لە بەشی فارسی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغداد وانەیوتووەتەوە.

(شێخ ئەمین) هەر لە سەردەمی لاوێتییەوە تێکەڵاوی نووسین و شیعرهۆنینەوە بووە, بە هەردوو شێوەزمانی (هەورامی و کرمانجی باشوور) و بە زمانی فارسی شیعری هۆنیوەتەوە, بۆ یەکەمجار ژمارەیەك لە پارچەشیعرەکانی لە ژێرناو و نیشانی ( بەرهەمی ژیان-دیوانی هۆنراوەکانی ئەمین نەقشبەندی) بە نازناوی (بێوەی) بڵاوکردۆتەوە.

ئەم شاعیرەمان کتێبێکی فارسی (700) لاپەڕەیی سەبارەت بەچۆنییەتی سەرهەڵدانی زانستە ئیسلامییەکان داناوە, هەروەها لێکۆڵینەوەیەکی بەپێزی لە ژێر ناو ونیشانی (شارەزوور و شارەزوورییەکان) نووسیوە و بەرکولێك لەو لێکۆڵینەوەیەی لە بەرگی دەیەمی (گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق)دا بڵاوکردووەتەوە, قەصیدەی بوردییەی کردووە بە کوردی و ئامادەیکردووە بۆ لە چاپدان, یەکێك لە شاکارەکانیشی لە بواری نووسیندا کتێبی (تەصەوف چییە)یە, دەربارەی ئەم دوا بەرهەمەی وتوویەتی: ئازیزترین بەرهەمی ژیان و ئاواتی گەورەی تەمەنییەتی.

(شێخ ئەمین) هەر لەوەوە کەپیاوێکی دیندار و لە بنەماڵەی شێخە نەقشبەندییەکانی هەورامان بووە, مەبەستی لە ژیاندا کارکردنی بەردەوامبووە بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندی خوای گەورە و جێبەجێکردنی فەرزەکان, بۆیە لە ساڵەکانی (1970, 1981, 1983ز) سێجار حەجیکردووە.

شاعیر دەربارەی شیعرەکانی نووسیویەتی: (ئەم دیوانەی کە لە پێشچاوتانە پێشاندەری هەستی دەروونی منە بەرانبەر بە (ژیان, سروشت, مرۆڤ, ئایین,عادات) و زۆر مەبەستی تریش, بەڵام هەریەکەی لە پلەیەکی ژینا نووسراوە, لەبەرئەوەی بیروڕا لە دۆخێکدا نامێنێت و لە گۆڕاندایە هەر بەشێك لەم هۆنراوانەم پیشاندەری هەستی دەروونن بەرانبەر بە رووداوەکانی جیهان لە قۆناغێکی تایبەتی تەمەنمدا, هەرچۆنبێت توانای هەست و دەربڕین و لە ژیان تێگەیشتنم لە مەیدانی شیعردا ئەمەیە کە لەبەردەستاندایە.

شاعیر و نووسەر (شێخ ئەمین شێخ عەلائوددینی نەقشبەندی) مانگی نیسانی ساڵی (1990ز) لە شاری بەغداد کۆچی دوایی کردووە و مەزاری پیرۆزی لە گۆرستانی (حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی)دایە.

پاش ئەوەی چەردەیەکمان لە ژیاننامەی شاعیر باسکرد, ئێستاش دینە سەرخستنەڕووی چەند نموونەیەك لە شیعرەکانی, لە پارچە شیعرێکدا بە ناو ونیشانی (بۆ تاقە خۆشەویست) کە لە سەرەتای چوونە ناو دنیای شیعرەوە, رۆژی 23/7/ 1946ز لە شاری کرماشان هۆنیویەتەوە وتوویەتی:

شۆخەکەم شیرینەکەم دڵدارە شەهێن چاوەکەم

قەد سنەوبەر سینە مەڕ مەڕ چاوەکەم قژ خاوەکەم

پەلکە شۆڕی رەوتە پۆڕی خۆش وتاریٚ دڵ تەوەن

دەم گوڵ بۆن سونبۆڵە خۆش ناوەکەم شەکراوەکەم

دان صەدەف مەمکە بەهێ باسك بلوورین بێ مسال

دڵ رفێنە خەم رەوێنە یارە شیرین ناوەکەم

سەر هەتا پێ بێ غەشە پەلکە رەشە بێ شەرتەکەم

خۆ لە دووریت رۆژ و شەو گریانە پێشەی چاوەکەم

من وەکو بولبوڵ نیەم بۆ گشت گوڵێ بێمە سەما

من هەموو یەك گوڵ لەبەر ئەو مەیلی درك و داو ئەکەم

وانەزانی رۆژ و شەو بۆ راوە دەچمە دەشت و کێو

من لە عەشقی چاوی تۆیە لێرە ئاسکە ڕاو ئەکەم

تۆ ئەگەر بێ و بمکوژی یا بمخەیە زیندانەوە

بابسوتێنێ بە ئارت جەرگە هەڵقرچاوەکەم

سەر بوڵەندم مەست و رەندم شادمانم کامەران

چونکی کوژراوم بە نازی یارە قەد لاولاوەکەم

ماچی لێو و کوڵمی سێو و چاوی باز و دەردی ناز

شێتی کردم پەستی کردم شێتی هەردوو کاوەکەم

ئەی خوا ساکەی بە دیداری بە ئاواتم بگەم

کەی لە چەشمەی لێوی ئاڵی جەرگو دڵ تێراوەکەم

ئەم پارچە شیعرە بە شێوەزمانی کرمانجی باشوور نووسراوە و پێویست بەلێکدانەوەی واتاکەی ناکات, بەڵام لە رووی هونەری شیعرەوە تا رادەیەك کرچوکاڵە, شاعیر لەکاتی هۆنینەوەیدا تەمەنی لە شانزە ساڵ کەمتر بووە و لە سەرەتای هەنگاوەکانیدا بووە بۆچوونە ناو دنیای شیعرەوە, بۆیە دەبینین زیاترحەزێکی گەنجانەی پێوەدیارە, لەوەی کە خەیاڵێکی هونەریانەی شیعری بێت بۆ دەربڕینی هەست و سۆزی خۆشەویستی.

لە پارچە شیعرێکی تری دا بە ناو و نیشانی (دواکۆچی لەیل) کە وەك خۆی نووسیویەتی مانگی ئابی ساڵی (1948ز) بە بۆنەی کۆچی دوایی خۆشەویستێکەوە هۆنیویەتییەوە وتوویەتی؛

لەیلێ تۆ مەردی مەجنوون مەندەوە فەڵەك هەقی کێش جە تۆ سەندەوە

بێ وەفا مەجنوون چی مەلی وەکۆش وێت حەوت جار گێڵنی نە دەوری گلکۆش

چوون هەتا سەرووی بالاّ ش مەرمانێ جگە تۆ کەسش جە لا نەرمانێ

هەر خزموتێت کەرد جە لاش دیار بێ بە راسی لەیلێ و تۆ وەفادار بێ

جا ئیسە بێ ناز ها نەتۆی گڵ دا گلەیی کەرۆ نە گەڵی دڵ دا

مەواچۆ ئەی دڵ چن رەنجم کێشا جارێ نەواتت ئی رەنجە چێشا

چی پاسە کەری دنیا فانیا بزانە فەڵەك وەفادار نیا

هەتا کۆچم کەرد جە لای یارانم خوا حافیزیم کەرد جە دیارانم

کۆن زەوق و شەوقم کۆن وەهارانم هەردا و هەرد کەردە و گەشتەی شارانم

کۆن گەشتی گوڵزار تاڤگە و شەتاوم کۆن لار و لەنجە و ئەگریجەی خاوم

گوڵێچ وێنە و من دەردم گرانەن رەنجش بێ گەنجەن یانەش وێرانەن

هەر گوڵەن چەن من وێش مەڕازنۆ پەی شەوقی بولبڵ ژەوق مەسازنۆ

ئادیچ وێنە و من وێش کۆچ مەکەرۆ ئاواتو دڵیش وە تۆی گڵ بەرۆ

واتای شیعرەکە بەم شێوەیە:

لەیلێ وا تۆ مردیت و مەجنوون مایەوە, هەڤی کێبوو فەلەك لە تۆی سەند, مەجنوونی بێوەفا بۆنارۆی حەوت جار خۆت بگێڕی بە دەوری گڵکۆکەیدا, چونکە هەتاکو لە ژیاندا بوو و باڵای سەروو ئاسای دەنواند, بێجگە لو تۆ هەموو کەسێکی بە لاوە هیچ بوو, هەر خزمەتێکتدەکرد بەلایەوە دیار بوو, لە راستیدا لە یلی تۆ زۆر بە وەفا بوو, وا ئێستا بێنازکەوتووە و لە دوتوێی گڵدایە, لە گەڵ دڵیدا لە گلەییکردندایە و دەڵێت: ئەی دڵ چەندە رەنجمکێشا جارێك نەتوت ئەم هەموو رەنجکێشانە چییە؟ نەتوت بۆ وادەکەیت فەلەك وەفادار نییە و دنیا کۆتایدێت, هەتاکو کۆچمکرد لە لای یارانم و ماوای خۆم بەیەکجارەکی بەجێهێشت, کوا خۆشی کۆنی بەهارانم وگەشتی شارانم؟ کوا گەشتی ناو گوڵزارم؟ کوا لەنجە ولار و پرچی خاوم؟ گوڵیش هەر وەك من دەردی گرانە, رەنجی بێسوود و ماڵی وێرانە, هەر گوڵ وەك من خۆی دەڕازێنێتەوە و بۆ خۆشی بولبول کەیف دەسازێنێت, ئەویش وەکو من کۆچدەکات و ئاواتەکانی دڵی دەباتە ناو گڵەوە.

ئەم شاعیرەمان زۆربەی تەمەنی بە ئاوارەیی و دوور لە زێدی خۆی گوزەراندووە, هەرچەند چەند ساڵێك لە (مەحموود ئاوا)ی بەینی (دووڕۆ) و (سەولاوا)دا ژیاوە, هەرچەندە ئەوێش هەر هەورامان بووە, بەڵام وەك لە شیعرەکانیدا دەردەکەوێت, ژیان لە هیچ شوێنێك بۆ ئەو چێژی ژیانی (بیارە و ئەحمەدئاوا)ی نەبووە, لە پارچە شعرێکیدا بە ناو و نیشانی (جەژنی دوور وەلات) کە لە (20/ 4/ 1960ز) و رێکەوتی جەژنی قوربان لە (مەحموود ئاوا) نووسیویەتی, لەگەڵ ستایشی سروشتی جوانی ناوچەکە لە وەرزی بەهاردا, بێزاری و بێتاقەتی خۆی و دوورکەوتنەوەی و ئازاری ژیانی تاکە ماڵەیی بەم شێوەیە خستووەتەڕوو:

مەواچان جەژنەن وەشین شادی یەن وادەی سەیرانەن رۆی ئازادیی یەن

فەسڵی وەهارەن خەیمەی گولاڵان ئێلاّخان خاڵ خاڵ رۆی بولبولانەن

هاڕەی شەتاوەن نە پای کۆسارا زایڵە کەوتەن کۆنە هەوارا

پۆل پۆل نازاران ملان وە کۆسار هەم سەیرانی گوڵ هەم دیدەنی یار

ئانە تۆ چێشەن چی خەمگینەنی؟ چی کزت کەردەن چێشا چینەنی؟

واتم مەزانو من چی شادیم بۆ کە ئارۆ ئەوجی نامورادیم بۆ

چەنی کێ گەردەن ئازادی کەروو؟ داخانی دەروون وەلای کێ بەروو؟

کێ پەنەم واچۆ جەژنت موبارەك؟ دیوانم پەی کێ بدەو تەدارەك؟

چەنی کێ بلو ئێسالْ وە کۆسار؟ بێ دۆسو هام دەم بێ یاوەر بێ یار

چەنی کێ گێلۆ نە پاو خالْ خالاْ؟ چەنی کێ گێرو دەسەو گولاْلاْ؟

پەی کێ هۆرمجو زوخاو و دلاْ؟ چەنی کێ کەر و سەیرانو گولاْ؟

من دوور جەولاْت جە ماوا و مەسکەن دوور جە ئازیزان جە خاکی وەتەن

دوور جە بیارێ دوور جە ئالْیاوا دوور جە تافی زەلْم جە ئەحمەد ئاوا

دوور جە رەنگین و دوور جەشارەزوور جە قەومو خوێشان جە هامسایان دوور

دوور جە تەوێلێ چمان بەهەشتەن باخەن شەتاوەن گولْزارەن گەشتەن

جە سلێمانی دوور شار و نازارا مەنزلگە و مەردا نشینگە و یارا

ئیسە چۆلْ و هۆلْ من و ئاسیاوێ وە تاقە یانە چۆلْێ خەراوێ

(شێخ ئەمین نەقشبەندی) وەك هەموو موریدێکی تواوە لە ناو سۆز و خۆشەویستی پیرەکەیدا, سالْی (1952ز), پارچە شعرێکی وەك نامە لە (ئەحمەد ئاوا)وە ناردووە بۆ خزمەتی باوکی, لە دوو توێیدا بەدەر لە سۆز و خۆشەویستی فرزەند بۆ باوك, خۆشەویستییەکی گەورەی (مورید) بۆ (پیر)ەکەی بە رادەی بەستنەوەی رووسپییەتی لە هەردوودنیادا بە خودی پیرەوە بەرجەستەبووە, ئەم چەند دێڕەی خوارەوەش دەقی شیعرەکەیە:

پیرم دەس گیرم قیبلەی یەقینم گە بیبی زامان سەختی برینم

فێنکی دەروونی پڕ لە شەرارەم ئامری دلْەی شێت و پەتیارەم

خەوم خۆراکم مەرامو نیازم ئاواتی دلْی وێلْو بێ نازم

ژیانم ژینم بینایی چاوم خەتەرە و خەیالْ بێداریو خاوم

گریانم شینم شەوقو پێکەنین (تاقە چراوەکەم) نەڕووی سەرزەمین

شیفای بیماریم دەرمانی زامم ئوستادی دلْەی خامو ناکامم

دادمەن بێداد هاوارەن هاوار (سا یاوە فریام) پەشێوم یەکجار


www.pertwk.com

حەزینو دڵ تەنگ خەیلێ پەژارەم غەرقو نوقمی ناو کڵپە و شەرارەم

(خەیاڵم پەرتەن) هۆشم بێ هۆشەن (نە زوانم زوانەن نە گۆشم گۆشەن)

چەمم نابینا زرانیم ناتەوان زوانم لاڵەن قسەم ناڕەوان

دڵم وێڵ بیەن مەزانوو چکۆن مەزانوو لانەش نە کام هەرد و کۆن

وە حچوری (وێت) وە دیدەن ئامان یاخۆ (وێڵ بیەن) بێ سەر و سامان

قوربان قوربانەن ئەر (ئامان وە لات) دەسم نە دامان (وێش وستەن پەنات)

نمازە بێوە با هەر نەوجا بۆ نەسای ئەو شادار نەو جاو پەنا بۆ

جە خەستەخانەی راگەی حەقیقەت دەواو دەرمانش مەعنای تەریقەت

دەرمانش کەری بەش نەجاتش بۆ بەڵ جە ئیسە و لای نۆرەی هاتش بۆ

حەیفەن تۆ گبیب پەرێ عاڵەم بای زانا وە ئاهو حاڵو ناڵەم بای

قبوڵش کەری حاڵم بەد حاڵ بۆ دیمەنم زەرد و دڵم زوخاڵ بۆ

دەماخم وشك و فكرم عەواڵ بۆ دایم گیرۆدەی هەوا و خەیاڵ بۆ

قوربان نەیاوی وەفریای ئەمین رووسیای ئاخرەن رووزەردی زەمین

ئەم شیعرە بەزمانێکی تێکەڵاو لە شێوەزمانی هەورامی و شێوەزمانی کرمانجی باشوور هۆنراوەتەوە و پێویست بە لێکدانەوەی واتا گشتییەکەی ناکات, بۆیە تەنها واتای وشە هەورامییەکان و هەندێك لە دێڕەکانی لە پەراوێزدا لێکدەدەینەوە, بۆ ئەوەی تێگەیشتنی ئاسانتر بێت و ئەوانەی بە شێوەزمانی هەورامی نامۆن بەتەواوی لێتیبگەن.

باری خراپی ژیان و گوزەرانی بێدەرەتانان و نەداران زۆرکاریکردووەتە سەر ئەم شاعیرە و لە قووڵایی دڵییەوە ئاهی بۆ ئازارەکانیان هەڵکێشاوە, هەر لەم بوارەدا ئەو جۆرە ژیانەی بەژیان نەزانیوە کە لەسەربنەمای جیاوازی چینایەتی دامەزرابێت, لە پارچە شعرێکیدا بە ناو و نیشانی (بێوەژن) ئەم راستییەمان دەکەوێتەپێشچاو, دەربارەی ئەم پارچە شیعرە نووسیویەتی: ساڵی (1963ز) ماڵمان لە (هەوارە لێژەی دزلی) بوو, بێوەژنێکی هەژاری هەورامی رێیکەوتە ماڵمان بۆ (سواڵکردن), ئەم هۆنراوانە لەو پێشهاتەوە ئیلهمیانوەرگرتووە.

ئەم چەند دێڕەی خوارەوە دەقی شیعرەکەیە:

خوزگە نەم ئەدی ئەو شێوە و رەنگە نەئەهاتە گوێم ئەو هانا و دەنگە

ماتو کزۆڵە و جل شیتاڵ شیتاڵ بێ کەوش و کلاش یێ جل و سیپاڵ

وشکو رەقوتەق نووزە لێ براو قاچو قولی وشك پێلاوی دڕاو

زولفی گرژ بەسەر پێشەی روومەتا وێڵ بوو بە شوێنی دوونانی لەتا

رەنگی رەش لەبەر گەرمای هاوینا تك تکی عارەق بەسەر جەبینا

سەیرم کرد کۆڵێ لەسەر پشتییە لێم پرسی دایە کۆڵەکەت چی‌یە؟

من وام ئەزانی شڕە سیپاڵە کە سەری لادا دەرکە و مناڵە

مناڵ جنگێ بوو لە پێشە و پەلا کە دیم ژینی خۆم لابوو بەبەلا

وتی کۆمەکم بکەن برا گیان مانگی مەولودە و سەردەمی ئیحسان

وەرنا با بڕۆم بۆ دەرگایێ تر بەدەنگێکی مات کز و سارد و سڕ

هەرچەن ئەو دەنگە وا سارد و سربوو بۆ ناو جەرگی من وەك پشکۆ و گڕبوو

سیخێ بوو کردی بەناو دەروونا دووکەڵی هەڵسا بە روی گەردوونا

وتم ئەی یەزدان خاوەنی هەموو حاکمی مردوو رازقی زینوو

تاکەی ئەبینم ئەم جۆرە ژینە بۆ وێران نەبێ ئەم سەرزەمینە

یارەحمێ خەرە دڵی دەوڵەمەن یا بیکوژە هەزار مەیهێڵە بۆ پەن

یا دڵم رەق کە منیش وەکو بەرد گوێ نەدەم بە ئاه بە ناڵە و بەدەرد

ئەنا زیندەگی کەی ئەبێ وابێ؟ چینێ دەوڵەمەن چینێ گەدا بێ

(شێخ ئەمین نەقشبەندی) لە چەند پارچەیەك لە شیعرەکانیدا, ئاوڕی لە هەندێك باو وبرەوی ژیانی کۆمەلایەتی کۆمەڵی کوردەواری داوەتەوە, ئەو باو برەوانە لای شاعیر بەشێك بوون لە جوانییەکانی ژیانی کوردەواری, لەم بوارەدا دەربارەی شیعری (رانەبێرە) نووسیویەتی:

هەرچەندە ئێمە لە رووی رێنووس و زمانەوە چەند تێبینییەکمان لەسەر ئەم نووسینە هەیە, بەلاّم بەبێدەستکاری دەینووسینەوە, ئەمەی خوارەوەش دەقی نووسینەکەیە:

(رەوشتوعادەتەکانی سەرنشینانی ئەم جیهانە هەر وا کە هەر لە مەڵبەند و ناوچەیەکدا تایبەتی خۆی هەیە, هەر واش لە هەر قۆناغێ لە مێژوودا ئەم رەوشتوعادەتانە ئاڵوگۆڕیان دێت

بەسەردا, وە زۆر رەوشتو کەلەپووری وا هەیە کە پاش چەن سەدە شوێنەمای نامێنی, جا ئەگەر هۆنەران و هونەرمەندان بە هۆنراوە و پەخشانی جوان, یان بە نەخشونیگار, ئەم ژیانە بێرنە سەر لاپەڕەی مێژوو, وا گوم نابن و شوێنەواریان هەر ئەمێنێتەوە, ئەگەریش گەلێك دواکەوتبوو, وا هەموو شوێنەوارێکی تیا چووە.

من تێکۆشیوم برێ لە چۆنیەتی ژیانی کۆمەلاّیەتی ئەم چەرخەی گەلەکەم بە هۆنراوە پیشانبدەم, وەکو ژیانی مەلا, یان چۆنیەتی رەمەزان, وەهی تر بەلاّم لە هەموویان تەواوتر چۆنیەتی (رانەبێرە)یە لە لادێ بە تایبەت لە هەوراماندا, وەتێکۆشام واقیعیەت پیشانبدەم, چونکی ئەم عاداتوباوەڕە, لام وایە روە و تیاچوون ئەڕوات, بەلاّم ئەم هۆنراوانەم جۆرێك رێکخستوون, کە پاش سەدان ساڵیش ئەگەر بیانەوێت ئەتوانن بێرنیە سەرشانۆ و بە زیندوویی پیشانیبدەن, ئەمە ئێوە و ئەمە هۆنراوەی رانەبێرە).

کۆرپەی ئێسك سووك خنجیلانە و ورد ناسك و نازار شیرین کچە کورد

منالْ چواردە سالْ جوانتر لە جوانی ناسك تر لە شنەی بەری بەیانی

گولاّڵە سوورەی شاخی کوردستان چنور و شەوبۆ نەرگسو رێحان

ئاسۆی دەم کەلی دەمە و بەهاران کارمامزەکەی هەرد و کۆساران

هەستە خیراکە کاتی ناو ڕانە ران مۆڵ داوە لەو ناو شاخانە

باش بیان خە یەك ئەو کولّمە ئاڵە ئەو پرچە زەردە ئەو چاوە کاڵە

شانەی کە زولّفو دانەی کە خالْت جوان دەسەی بگرە پەلکە و دەسماڵت

(کلاّوزەڕی نوقرە) سەرپۆشی ناسك گیوەی تەوێڵە و خڕخاڵی باسك

جوتێ بەرخۆلەی سرگ و نەرمۆڵە بیدە بەری خۆت لەو چەمو دۆڵە

دەمە و بەهارە شاخ و کێو رەنگین جریوەی مەلان دەنگی زۆر شیرین

هاڕەی بەفراوی شاخو کوێستانە گولاّڵەی زەرد و سوری جوانە

تۆیش بە ڕەوتی ورد سووکو لەسەرخۆ تاوێ پشوو بە و تاوێکیش بڕۆ

تەشی ڕێسانی دەم وردە ڕەوتت تاوێ لە نسار تاوێ خۆر کەوتت

دەمێ شاخو کێو کپو کشومات ناو بەناو قاسپەی کەو ئەگاتە لات

تۆیش هەر ناو بەناو بەدەنگی نەرم دەنگی گۆرانیت با بێ بە گەرم

روە و لووتەی شاخ داوێنی بەفراو بە گولاڵەی کوێسان هەموو ڕێ تەنراو

وا دەستە خوشکان لە دور دیارن زریوەیان ئەڵێی مەلی بەهارن

ئەگەن بەیەکتر من خۆش و تۆ خۆش دڵی دڵداران بۆیان دێتە جۆش

ئەڕۆنە ناوڕان ئەبێتە هەرا کچ تێکەڵ ئەبن لەو دەشتو دەرا

بڕێ شۆڕەژن تەڕ پۆشو جوان ئەبنە ئاوێتەی کیژانی ناو ران

بە کەژەڵ کەژەڵ بە مەڕی مەڕی بە پەرە پەرە یان کەڕی کەڕی

هاڕەی هەیاسە و خشپەی کەمەرە باڕەی بەرخ و مێ ئەڵێی مەحشەرە

بۆی سملۆ مێخەك لیباس زەردوسوور بۆی گولی کوێستان بۆی شەوبۆ چنوور

شنەی بای پاکی بێگەردی کوێسان باوەشێن ئەکا زولفی ئازیزان

کە شیریان دۆشی و مەشکەیان پڕکرد بۆ گەڕانەوە ئەکەن دەسو برد

جا بەرە و باغی ناو دۆڵ و کانی دەسەی کچی فریشتەی جوانی

بە لەنجەی ورد و ڕەوتی سووکو سۆڵ خێرا ئەگەنە باخی ناوی دۆڵ

هەر وەك پەپولەی ناو باخ و چەمەن ئەم دار و ئەودار دەوەنە و دەوەن

هەر گولێ کەوا بۆن خۆش و جوان بێ یا گولاڵەیێ بەدڵی ئەوان بێ

دەسکی لێ ئەگرن ئەیکەن بەسەرا یا بەسینەدا و بەبەر کەمەرا

ڕووئەکەنەوە گوند و ئاوایی رووخۆش گورج و گۆڵ ئاسك ئاسایی


www.pertwk.com

لاوانی لادێیش تازە هەڵ هاتوو سەرمەستی جوانی لەخەم دەرهاتوو

لیباس رێکوپێك دڵ گەرم و رووخۆش کورەی لاویان گشت هاتوەتە جۆش

پشت گوێ خستوی خەمی زەمانە هەمی چاوەڕێی پۆلی کچانە

بە رانکوچۆخەی شاڵی هەورامان مەرەزی بانە و دەوری مەریوان

(رەشتی) رەنگاورەنگ فەرەنجیلاشان هەموی ئامادەی سەیر و تەماشان

لەولاوە دەستەی کچ وەك پۆلە کەو لەم لاوە لاوە چاوەڕوانی ئەو

کچ کە گەیینە بەر دێ و لای مالآن خێرا ئەیبەخشن گوڵ و گولاڵان

کۆرپەم چاوەڕێی چەپکە گوڵی تۆم تا منیش دیاری یار ببەم بۆ خۆم

(شیخ ئەمین نەقشبەندی) لەبەر ئەوەی کەسێکی دیندار و ئاییناسبووە, بڕوای وابووە کە بوونی مرۆڤ لە دنیادا بەستراوە بەوەوە تا چ رادەیەك خوداپەرستە و هەقیقەتی خودایی دەناسێت, چونکە تەنها لەو رێگەوە دەتوانێت کەسێکی سوودبەخشبێت لە ناو کۆمەڵی ئادەمیزاددا و بە هەموو بوونییەوە بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی بپارێزێت, لەم بوارەدا لە پارچەیەك لە شیعرە خوداناسییەکانیدا کە لێوانلێون لە ئامۆژگاری بە کەڵك وتوویەتی:

سەرێ گەر خوا پەرستی تیا نەبوو پوچە و بەجێ ماوە

دڵێ وا نوری هەق شەیدای نەکا تەختەی سەری ئاوە

دوو چاوم بۆیە لاچاکە کە رێگەی راس دیاری کەن

کە چاو رێگەی نەدی گاڵۆکی کوێرێ چاکە لەو چاوە

خیرەد وا بەکەڵکە وا لە دەردی سەر نەجاتم دا

چ عەقلێکە نەزانی کامە دانە و کامەیە ئاوە

دەسێك هەر هەوڵی بردن بۆ دەم و گیرفانی ئینسان بێ

چ دەسێکە نەزانێ کامە پاکە و کامە گڵیاوە

ئەگەر قاچو قولم هەر بۆپەلامار بێ بە هەر لادا

له ئاكام دا ئەبێ بمخاتە ناو چاوە بە دوو پاوە

زوان بۆیە خوا داویە کە راسو چاکو باش بێژێ

ئەگەر هەر بەد بە خەڵك بێژێ ئەوە ماری کونی ناوە

ئەگەر گوێ, گوێ قولاٌغی غەیبەتو لۆمەی برایانە

خۆشا بەو رۆژە وا بێژن کە پەردەی گوێتە دڕیاوە

پەنا بە خوا بەرین چاکە مەگەر هەر ئەو بە لوگفی خۆی

بمان پارێزێ لم داوە چ لەم لاوە چ لەو لاوە

ئەمین گەر لوگفی حەق فریا نەگا لەم رۆژ و دەورانا

بەشەر تا چاوەکاتۆ تیاچوە فەوتاوە خنکاوە

شاعیری ناوبراو وەك هەموو کوردێکی دڵسۆز و خەمخۆری گەلەکەی, کارەساتەکانی کوردستانی خۆرهەلاٌت ساڵی 1979ز, لە (داگیرکردنەوەی ناوچە رزگارکراوەکانی ژێر دەسەلاٌتی دیموکرات و کۆمەڵە, کوشتن و لەسێدارەدانی هاوولاٌتیانی کورد لەشارەکانی کوردستان بەگشتی و پاوە و مەریوان بە تایبەتی) هەژاندوویانە و بە زمانی شیعر بەم شێوەیە هاتووەتە گوفتار:

باغی ئازادی سەوز و رەنگینە تێراوی خوێنە بەهەشتی ژینە

گوڵو گەلاٌی ئەو, دڵی میللەتە میوە و سەمەری, جەرگی لەت لەتە

سەروی ئازادی, بالاٌی شەهیدان شەونمی ئەوە فرمێسکی گریان

باغەوانییەتی, هەزاران تاسە ئەشەکێتەوە بە بای هەناسە

بە باغێك ئەڵێن باغی ئازادی کاری تێ نەکا بای نامورادی

بۆ ئاوا باغێك کێ تەعقیم ناکا؟ کێ گیانو رۆحی بەو تەسلیم ناکا؟

هەر گەلێك خاوەن باخێکی وا بێ لەناو گەلانا قەد سەرشۆڕ نابێ

محەممەد بەهائودین مەلا صاحب

شاعیر و نووسەر (محەممەد بەهائوددین مەلا صاحب) لە نەوەی (مەلا نەزیری گەورە)یە و نازناوی شیعری (دانای هەورامی)یە, ساڵی (1934ز) لە شارەدێی تەوێڵە و لە ناوخێزانێکی ئاییناسدا لە دایکبووە, هەر لە منداڵییەوە لای باوکی خوێندوویەتی, پاش تەواوکردنی کتێبە سەرەتاییەکان بەمەبەستی خوێندن روویکردووەتە شاری سلێمانی و چەند ساڵێك تێیدا ماوەتەوە هەتاکو خوێندنی دینی تەواوکردووە و دواجار ساڵی (1957ز) لە (مزگەوتی ئەوقاف)دا مۆڵەتی مەلایەتی وەرگرتووە.

ئەو ساڵانەی لە سلێمانیدا بووە شانبەشانی خوێندنی دینی دەستیداوەتە نووسین و شیعر هۆنینەوە, هەندێك لەشیعرەکانی لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بلاْوکراونەتەوە, لە کتێبی (پیشالیاری زەڕدەشتی)دا نووسیویەتی: هۆنراوەی زۆرم بە ناوی (دانای هەورامی)یەوە لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بلاْوکردوونەتەوە, پاش شۆڕشی (14) گەلاوێژ خولێکی مامۆستایی کراوەتەوە بۆ ژمارەیەك لە زانا ئاینییەکان, (دانای هەورامی)ش یەکێکبووە لە بەشدارانی ئەو خولە, پاش تەواوکردنی خولەکە کراوە بە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی تەوێڵە.

ئەم شاعیرە مامۆستا و پەروەردەکارێکی کەمنموونە بووە, زۆر بەتەنگ ئەوەوە بووە خوێنکارەکانی فێری خوێندنبکات و هانیداون لەسەر خوێندنەکەیان بەردەوامبن, پێیوتوون: تەنها خوێندن چارەسەری کێشەی دواکەوتوویی گەلەکەمان دەکات, لەم بوارەدا هەمیشە دێڕە شیعرێکی (ئەحمەد موختار بەگی جاف)ی بۆ خوێندوونەتەوە کە تێیدا فەرموویەتی:

بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمن

هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە

پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول (دانای هەورامی)یش وەکو هەموو کوردێکی خاوەن هەڵوێست کەوتووەتە بەر پلاری داگیرکارانی کوردستان, لە ئەنجامی ئەوەی سیخوڕێکی رژێمی بەعس زمانیلێداوە و راپۆڕتی لەسەر نووسیوە, ماڵەکەی لە تەوێڵە زۆر بەنامەردانە پشکێنراوە و هەرچی دەستنووس و کتێبی هەبوون بەبەرچاوی خۆیەوە کراون بە خۆراکی ئاگر, لە ئەنجامی ئەو رووداوەدا داخ و پەژارەیەکی زۆر دایگرتووە و بۆ ماوەیەك نەخۆشکەوتووە, ساڵی (1976ز)

باریکردووە بۆ سلێمانی و تێیدا نیشتەجێبووە, ساڵی (1878ز) توشی نەخۆشی (شێرچەنجە) بووە و بۆ ماوەی ساڵێك بە ئازاری ئەو نەخۆشییە کوشندەوە ناڵاندوویەتی, ساڵی (1979ز) کۆچی دوایی کردووە و لەسەر راسپاردەی خۆی تەرمەکەی براوەتەوە بۆ تەوێڵە و لە ئامێزی (گۆڕستانی باواسەرهەنگ)دا بەخاکسپێردراوە.

شاعیری ناوبراو یەکێکبووە لە شاعیران و نووسەرانی گەلەکەمان لە ژیانی خۆیدا سێ کتێبی چاپگەیاندوون بەم ناوانە:

1-یووسف و زلێخا ساڵی (1955ز).

2-پیشالیاری زەڕدەشتی ساڵی (1968ز), لە پێشەکی ئەم کتێبەدا نووسیویەتی: مەبەست لە نووسینی ئەم نووسراوە ئەوە نییە کە شێوەی هەرامی بەسەر شیوەکانی تری زمانی کوردیدا بە زیاتر سەیر بکرێت, بەڵکو مەبەست روونکردنەوەی

مێژووی پیرشالیار و چۆنیەتی نووسینی کۆن و شێوەی ژیان و دیمەنی ناوچەی هەورامانە, لەگەڵ لێکۆڵینەوە لە مێژووی هۆنەرەکان.

3-پێشەوا قازی محەممەد ساڵی (1970ز).

هەروەها کتێبی (السلگانە زاهیە)ی لە عەرەبییەوە کردووە بە کوردی و لەگەڵ دەستنووسی دیوانی شیعرەکانیدا ئامادەیکردوون بۆ چاپ, بەڵام وەك پێشتر وتمان لە ناو ئەو کتێبانەیا بووە بە دەست دەسەڵاتدارانی رژێمی بەعسی لە گۆڕنراو سووتێنراون.

پاش ئەوەی چەردەیەکمان لە مێژووی ژیانی (دانای هەورامی) باسکرد, دینەسەر خستنەڕووی چەند نموونەیەك لە شیعرەکانی.

شاعیر لە پارچە شعرێکیدا کە گفتوگۆیەکی شیعرییە لەگەڵ (شاخی تەخت) و ناوەرۆکی گفتوگۆکەش باس لە دواکەوتنی کوردستان و ئەو سنوورە دەستکردە دەکات بە بێویستی کورد بەسەریدا سەپێنراوە و بووە بە هۆی دابەشبوونی کوردستانەکەی وتوویەتی:

ئەی تەخت چی بەرگی ماتەمیت پۆشان ئەسرینی هۆنین نە دیدەت جۆشان

بێ ناز و پەرۆش ژەرەژت لاڵەن هامرازت پەپوون واشەن یا داڵەن

هەر چەند بە نامێ ماچا تەختەنی بەڵام پەی ئێمە فرە سەختەنی

شەماڵت فاڕان کەردەنت بۆران تا کوشندە بۆ پەرێ راویەران

(تەخت)بش بە زمانحاڵی خۆی بەم شێوەیە وەڵامیداوەتەوە:

(دانا) بە دنیای کەمێ رات بەردەن وێت جە دەردی من بێ خەبەر کەردەن

تا یاران بەی تەور بەیانێ سەرم بۆش نیەن (چنوور) یا (وەرکەمەر)م

(سوورە هەڵاڵە)م گوڵ مەکەرۆ سوور کەس بۆنی (شەوبۆ)م مەکەرۆ جە دوور

چەرخێ گەردوونی تا پێسە گێلاً من هەر ماتەنا و بینایيم لێلاً

هەر ساتێو نەمەن قەدەغە و سنوور سەیرانم کەردێ بە کەیف و سرور

پێچا و پێچ جادێ نە دەورم دریا با کۆڵ نەوینو تا غەمێم برِیا

با کاسم کەرۆ سازو نەغمەی نەی زڕە و پیاڵەی کاسەی پڕ مەی

دالآنی و هەیات، هەتا حەوت کەشان (بەرزەڵنگ) کەرۆ بۆی ویش پەخشان

هان جە دامێنم چەمەی ئاوێسەر تامو شیرینیش وەشتەر جە کەوسەر

شنەی شەماڵم هاژەی بەفراوم بەرکەرۆ جە دڵ دەرد و زوخاوم

شانازی کەروو بە لووتکەی بەرزم بە عەتر و گوڵاو گوڵی سەد تەرزم

گۆشت کەڕ کەروو جە قاقبەی ژەرەژ جە نەغمەی بولبول لای نساری کەژ

پی رەنگە هەرکەس جە لام بنیشۆ هەرگیز هەناسەی سەرد هۆرمەکێشۆ

واتای ئەم شیعرە بەم شێوەیە:

ئەی (تەخت) بۆچی بەرگی ماتەمیت پۆشیوە و فرمێسکی خوێنین لە چاوانتەوە دەتکێن، هەرچەندە بەناو (تەخت)ت پێدەڵێن، بەڵام بۆ ئێمە زۆر سەختی، شەماڵت گۆڕیوە و کردووتە بە زریان هەتاکو کوشندەبێت بۆ ڕێبواران.

(دانا) تۆ کەمێك بە دنیا ڕێتبردووە و خۆت لە دەردی من بێخەبەرکردووە، تاياران و خۆشەویستان بەم شێوەی ئێستا بێنەسەرم، (چنوور و وەرکەمەر)م بۆنیان نییە، (سوورە هەڵاڵە)م گوڵ سوورناکات و هیچ کەسێك لە دووریشەوە بۆنی (وەرکەمەر)م ناکات، هەتاکو چەرخی گەردوون بەم شێوەیە بگەڕێ من هەر خەمبار و بینایيم لێڵە، هەر کاتێك قەدەغە و سنوور نەمان بە کەیفو خۆشییەوە سەیرانمبکەن، جادەی پێچاوپێچ بە هەرچوار دەورما لیبدرێن، با بێخەمبم و خەڵکی کۆڵبەکۆڵنەبینم، هەر لە (دالآنی و هەیاتەوە هەتا حەوت کەشان) بەرزەڵنگ بۆنی خۆی پەخشبکاتەوە، شنەی شەماڵ و هاژەی بەفراوم دەرد و زوخاو لەدڵ دەربکەن، گوێت لە قاقبەی کەو و نەغمەی بولبولی نزار کەڕبکەم، هەر کەس بەم شێوەیە لە لام دابنیشێت، هەرگیز هەناسەی سارد هەڵناکێشێت.

لە شیعری (لە تەڵقینی ڕەنجبەرێکی هەورامی)دا، بە زمانی ڕەنجبەرێکی هەورامییەوە باسی ژیانی هەژار و نەدارانی هەورامانی کردووە و وتوویەتی: ژیانی لەم چەشنە هەموو جوانییەکانی دنیا لە مرۆڤ دەسێنێتەوە و هیچ جیاوازییەکی نییە لە گەڵ مردندا، لێرەوە داویەتی لەدەرگای مەسەلەی جیاوازی چینایەتی و ئەو مەینەتییانەی کە هەژارانی تێدان، بە رادەیەك پاش مردنیشیان بێمنەتن بەرامبەر بەو فریشتانەی لە ناو گۆڕدا لێیاندەپرسنەوە، لەم بوارەدا وتوویەتی:

ئەی بەندەی خودا جە گۆڕی تەنیا ئیسە فریشتێ پەی لاو تۆ مەیا

پەرسا لێت ماچا ئایینت کامەن خودا و پێغەمبەر پەڕاوت کامەن

نەتەرسی واچە یەزدان خودامەن موحەممەد نەبیم هەم پێشەوامەن

قورئان پەڕاوم کابە قیبلەمەن زۆرداری کافر برا کوشتەمەن

چێش پەرسی واچە کاکە (ئەڕنەمووك) تا واچوت پەنە بە ئاسان و سووك

گۆڕە مشیۆ بۆ پەرێ گردیما هەر پێسە (کۆرە وڵ)ەکە و لاووێما

ئێرۆ دۆزەخی بێ درۆ و شکەن تەخمینمش گێرە کوورەی ئاهەکەن

جە دنیای رۆشن تەمرینم کەردەن جە (وەنەن) هەجیج سەد کۆڵم بەردەن

زووتەر مەویەرو سەرو سیراتی با تیژ بۆ باریك منیچ پاپەتی

تۆ جە کۆساڵان خۆ کەردەنت گەشت هەر پاجۆرەنە مزانو بەهەشت

من کە قامەتم کەمانی لار بێ وەشی کۆساڵان لێم زاری مار بێ

سەوزیو مێرغوزار نەدیدەم تار بێ کۆساڵان پەی من هەر سەنگو خار بێ

بدیە وە سۆزی زامانی دەردم وە هەوری سەرکەش هەناسەی سەردم

من پەرسو وەلاَم شمەم پەی چێش بێ تا زیندە بێنێ جەستەم پڕ ئێش بێ

سۆب تا وێرەگا کۆل لە سەر شان بیم وێرەگا تا سۆب ئاه و ناڵان بیم

پۆشاك چل پینە وەنەش دریابێ لەشم ساخ نەبێ هەر دەردەداربێ

بە شەو و بە رۆ کاسپی کەرێنێ سەرکار و قلۆخ نیمەش بەرێنێ

سەرتاپای عومرم گرد مەینەت بیەن بیەن هەر کاژێرێوم قیامەت بیەن

پەی لوای بەهەشت من بێ مەرجەنا چوون شەهیدەنا کوشتەی رەنجەنا

بێ گومان زانو یاگەم بەهەشتا واز جەمن باردێ خودا حافێزتا

مەشێی زانێتا من نەمەردەنا زەحمەتو ژیوای بێ هۆش کەردەنا

پەی ئامای قەبرێ ئاواتم واسەن ووچانم دەیدێ کۆتایی باسەن

مانای ئەم شیعرە بەم شێوەیە:

ئەی بەندەی خودا لەم گۆڕە تاك و تەنیایەدا, ئێستا فریشەكان دێن بۆ لات و لێتدەپرسن, دەڵێن: (خودا و پێغەمبەر و ئایین)ت كامانەن, مەترسە بڵێ یەزدان خودامە و محەممەد پێغەمبەر و پێشەوامە, قورئان كتێب و كەعبە قیبلەمە و زۆرداری گومڕا براكوشتەمە, چیملێدەپرسیت كاكە (ئەڕنەمووك) هەتا بە سووك و ئاسانی وەڵامتبدەمەوە, گۆڕ دەبێت بۆ هەموومان بێت هەر وەك (وێرانە تەنگ و تاریكەكەی لای خۆمان= مەبەستی خانووەكەیەتی), من لە دنیای رۆشندا خۆمڕاهێناوە و سەدان كۆڵم بەسەر (وەنەن)ەكەی هەجیجدا پەڕاندووەتەوە, بۆیە دەتوانم بەسەر (سیراگ)دا ئەگەر چی تیژ و باریكیش بێت و منیش پێپەتیبم بەزوویی بپەڕمەوە, خۆ تۆ لە (كۆساڵان) گەشتتكردووە, دەزانم بەهەشتیش بەو جۆرەیە, من كە قەدوباڵام وەك كەوان چەماوەتەوە خۆشی كۆساڵان بۆم وەك ژەهری مار بووە, سەوزیو مێرگوزار لەبەرچاومدا تاریكبوون و (كۆساڵان) بۆم هەر دڕك و بەرد بووە, من پرسیارو وەڵامی ئێوەم بۆ چییە؟ تا زیندووبووم جەستەم هەمووی پڕ ئێشبوو, هەر لە بەیانییەوە هەتاكو ئێوارە كۆڵ بەسەر شانمەوە بوو, لە ئێوارەشەوە تاكو بەیانی ئاه و ناڵەم بوو,جلەكانیشم لە چل شوێنەوە پێنەكرابوون و لەشم ناساخ و دەردەدابوو, بەشەو و بەرۆژ كاسپیمدەكرد و سەركار نیوەیان دەبرد, هەموو تەمەنم سەرتاپای مەینەت و هەر كاتژمێرێكم بۆ خۆی قیامەت بووە, بۆ رۆیشتنە بەهەشت هیچ مەرجێكم لەسەر نییە, چونكە شەهید و كوژراوی رەنجكێشانم, بێگومان دەزانم شوێنم بەهەشتە و وازم لێبێنن و خوداتان لەگەڵ, دەبوایە بتانزانیایە من نەمردووم, ئەركی گرانی ژیان و گوزەران بێهۆشیكردووم و بۆ هاتنە ناوگۆڕ ئاواتمخواستووە.

ئەم شاعیرەمان چەند چوارینەیەكی هۆنیونەتەوە, نموونەی ئەو چوارینانەی لە كتێبكەیدا بە ناوی (پیشالیاری زەڕدەشتی) خستوونەتەڕوو, ئەمانەی خوارەوە نموونەكانن:

نیشتەبێم وەكز جە دووری چەمم

بە كۆڵ مەگرەوان من هەردوو چەمم

زانام كە هانام یاوا بە گەردوون

دەس بە گاچۆن بیم پەی باڵای چەمم

واتاكەی بەم شێوەیە:

لە دووری خۆشەویستەكەم بە كزی دانیشتبووم, هەردووچاوم بە كوڵ دەگریان, زانیم هانام گەیشووەتە گەردوون, دەست بە گالۆك بووم بۆ باڵای چەماوەم.

شاعیر لەم چوارینەدا وشەی (چەمم)ی بە سێ واتا بەكارهێناوە بەم شێوەیە:

لە نیوەدێڕی یەكەمدا, چەمم= خۆشەویستەكەم

لە نیوەدێڕی دووەمدا, چەمم=چاوم

له نیوەدێڕی چوارەمدا, چەمم=چەماوەم

ئاگا دیم چەمم هانە وەرمەنە

وێرەگا وەختەن پرشەی وەرمەنە

واتم بێ داربە ئەی دڵ شادیەن

چوون دڵ بێ ئاگان ئینا وەرمەنە

واتاکەی بەم شێوەیە:

لە ناکاو بینم چاوم لەبەردەممدایە, ئێوارە وەختەیە و هێشتا پرشەی خۆر ماوە, وتم ئەی دڵ بە ئاگابە کاتی شادییە, چونکە دڵ بێئاگایە و لە خەودایە.

لەم چوارینەشدا وشەی (وەرمەنە) بە سێ واتا بەکارهێنراوە بەم شێوەیە:

لە نیوەدێڕی یەکەمدا, وەرمەنە=لەبەردەممدا

لە نیوەدێڕی دووەمدا, وەرمەنە=خۆرمابوو

لە نیوەدێڕی سێیەمدا, وەرمەنە=لەخەودابوو.

زنام نامەبەر هان جە لاش پەیکێ

پەرسام ئی نامە چی ئامان پەی کێ؟

مەس بیم کەنامەی لەیلی دوورم بی

پێسە بنۆشو بە چەندان پەیکێ

واتاکەی بەم شێوەیە:

زانیم نامەبەر نامەیەکی لە لایە, پرسیم ئەم نامەیە بۆچی هاتووە و بۆ کێیە؟ مەستبووم کەزانیم نامەی لەیلی دوورم بوو, وەك ئەوەی بە چەندان پەیك مەی بنۆشم.

لەم چوارینەدا وشەی پەیکێ بە سێ واتا بەکارهێنراوە بەم شێوەیە:

له نیوەدێڕی یەکەمدا, پەیکێ= نامەیەك

له نیوەدێڕی دووەمدا, پەیکێ=بۆ کێ؟

له نیوەدێڕی سێیەمدا, پەیکێ=پیاڵەی مەی

ئەم شاعیرەمان چەند پارچە شعرێکی نیشتمانی هۆنیوەتەوە, ئەو ستەم و چەوساندنەوەی لەسەر گەلەکەی بووە هەمیشە ئازاریداوە, بۆیە لەو شیعرانەدا لە ناخەوە ئاواتەخوازی یەکدەنگی کورد و سەربەخۆیی کوردستانەکەی بووە, ئۆمێدی گەورەی ئەوەبووە کوردستان رزگاربێت و ئاڵاکەی بشەکێتەوە, لەم بوارەدا وتوویەتی:

کوردە کەساسی و داماوی تاکەی؟ تاکەی بە بێ سوود قوربانی ئەدەی؟

ئاخۆ کەی ئاڵات بشەکێتەوە؟ خونچەی رزگاریت بگەشێتەوە

خوزگەم بەو رۆژەی نامگرن بە دیل بتوانم بچمە سەر کێوی قەندیل

دەست راوەشێنم بە چەپدا و بە راس رووبکەمە لای دەرسیم و سیواس

روو وەرچەرخێنم بەرە و مەهاباد ئاکرێ و زاخۆ و بەرزانی ئازاد

دەست راوەشێنم بەرە و قامیشلی شەنگار و کەرکووك هەتا مەندەلی

بڵێم ئەی گەلی کوردی چەوساوە تا کەی بیر و ڕات پەرش و بلاوە

دەست راتەکێنە لە زنجیر و کۆت ئەم رێگا سەختە کێ تەختی کا بۆت

عوسمان محەممەد هەورامی

مامۆستا عوسمان محەممەد هەورامی یەکێکە لە شاعیرە هاوچەرخەکانمان, هاوشانی شیعر بایەخێکی گەورە دەدات بەزمان و رێنووسی نوێی کوردی, دەتوانین بڵێین لەم بوارەدا نەوەك هەر شوێن دەستی دیارە, بەڵکو یەکێکە لە شارەزایانی کەمنوونەی بوارەکە و شوێن پرس و راوێژپێکردنە, وەك نووسەری ئەم کتێبە پێمان چاکبوو شتێك دەربارەی ژیاننامەی و شیعرەکانی بنووسین, بۆ ئەم مەبەستە روومان لێنا, لەگەڵ ئەوەشدا کە سەرقاڵبوو, بەلام دڵینەشکاندین و رۆژی 4 / 9 /2004 کورتەیەك لە مێژووی ژیانی و چەند نموونەیەك لە شیعرەکانی بۆناردین, ئێمەش لێرەدا ژیاننامەکەی وەك چۆن لەلایەن خۆیەوە نووسراوە دەینووسینەوە:

نوێشکێك لە مێژووی ژیانم:

ناوی سیانیم :عوسمان محەممەد ساڵح فەرەج.

نازناو :عوسمان محەممەد هەورامی.

ساڵ وزێدم : (1940) شارۆچکەی تەوێڵە.

لە ناسنامەی باری شارستانیمدا, ساڵی لە دایکبوونم (1936) نووسراوە, لە ساڵی (1953)دا, کە دەرچووم بۆ پۆلی دووەمی ناوەندی, لە قوتابخانە, لە گەڵ کۆمەڵێك لە قوتابیانی دواناوەندیدا هاتبووەوە, کە بڕوانامە ببەم بۆ فەرمانگەی سەربازی!.. دەستمکرد بە گریان, باوکم وتی: رۆڵە گوێی مەدەرێ, تۆ دەخوێنی, خۆ ناتکەن بەسەرباز, ئەگەر بتەوێ دەستکاری تەمەنت بکرێ, کاکت بچووکتر نووسراوە, خێزانی هەیە, ئەو دەبەن بۆ سەربازی, ئەی کێ منداڵەکانی بەخێوبکات!! بەو جۆرە ساڵی لە دایکبوونم مایەوە و چاك بۆم ساخنەکرایەوە.. ساڵی (1980), رۆژێکیان دایکم باسی کۆچی دوایی پایەبەرز (شێخ حیسامەددینی تەوێڵە)ی کرد, بۆم دەرکەوت حەفتەیەك دوای کۆچی ئەو پایەبەرزە لە دایکبووم, واتە لە ناوەڕاستی شوباتی (1940)دا- بە ساڵەکانی خوێندنیشمدا دەردەکەوێ بەو جۆرەیە..

لە پاییزی (1947)دا, واتە, کە دەرچووم بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی, لەبەر بارودۆخی ئابووری و بژێوی , باوکم بەماڵەوە هاتووتە سلێمانی, لە گەڕەکی (کانیی ئاسکان- لە بازاڕە بچکۆلە)ی ئەوسا و لە نزیك ماڵی (شێخ لە تیفی شێخ مەحمود) نیشتەجێبووین. خوێندنی سەرەتایی و دواناوەندیم لە سلێمانی تەواوکردووە, ساڵی (1958) کە قۆناخی دواناوەندیم تەواوکرد, لەبەر دەردی نەبوونی نەمتوانی بچم بۆ (بەغداد) و کۆلێج تەواو بکەم.ناچار بووم بە مامۆستای کاتی و لە قوتابخانەی تەوێڵەی سەرەتایی بە شەوقەوە وانەم وتەوە. لە پاییزی (1959)دا بەشی کوردی لە کۆلێجی ئادابی بەغداد کرایەوە, لەوێ وەرگیرام, راگری کۆلێجەکە کابرایەکی شۆڤێنیی رق لەدڵبوو , ناوی (د.ناجی مەعرووف) بوو, هیچ خوێندکارێکی کوردی لە بەشی ناوخۆیی وەرنەگرت, توانیم تەنیا دوو مانگ بەردەوامبم, بە ناچاری گەڕامەوە سلێمانی, بۆ جاری دووەم بوومەوە بە مامۆستای کاتی, لە سەرەتای ساڵی (1960)دا چووم بۆ گوندی (چنارنە) لە ناوچەی (مەرگە). لەوێ تاکە مامۆستا و تاکە مووچەخۆری میری-بووم- خەڵکی گوندەکە ئەوەندە لە تەکمدا باش و گونجاوبوون, وامدەزانی هەر لە ماڵی خۆماندام.

هاوینی (1960) خولێکی تایبەت بۆ مامۆستا کاتییەکان کرایەوە, بەڕێوەبەری پەروەردە (مامۆستا مووسا صەمەد) بەڕێوەیدەبرد. خولەکە پێنج مانگی خایاند, یەکەمی خولەکە بووم. لە سەر ویستی هاوڕێم (مامۆستا حەبیب فەرەیدوون بیارەیی) و خواستی خۆم چووم بۆ گوندی (شێنێ) لە ناوچەی (مەنگوڕایەتی).. تا کۆتایی (1962) واتە دوو ساڵ لەوێ مامەوە. بە دەیان وشەی دروست و رەسەنم لە خەڵکی شێنێ و دەوروبەری وەرگرتوون, وەك وشەی (ئاماژە), کە بەندە چەند جارێ نووسیم بە تەواوەتی بڵاوبووەوە.

لەم قوتابخانانەی خوارەوەش مامۆستا بووم: لە سلێمانی: (زانستی ئێواران- سەیوان- ئەیوبیە-ئاراس- پەیمان- گزنگ- میدیا- هێمن-کانی- ناوەندیی نەورۆزی کچان-ناوەندیی ئەحمەدی خانی-ناوەندی زێوەر). هەروەها لەم قوتابخانانەش مامۆستا بووم: (بەمۆی دەربەندیخان-دووکان-دەگاشیخانی لای بیارە-تەوێڵە, لە نێوان 1970-1981).

له ساڵی (1964)دا، جارێکی تر چوومەوە بۆ (بەغداد)، بۆ تەواوکردنی خوێندن، لە بەر ئەوەی کۆمەڵێك کۆسپ خرابوونە بەردەم مامۆستا، کە نەتوانێ بخوێنێ، جارێکی تر و بۆ دواجار وازم لە خوێندن هێنا.

لە حوزەیرانی (1963)دا بەر شاڵاوی رەشبگیرییەکەی سلێمانی کەوتم و نزیکەی چل و پێنج رۆژ لە گەڵ سەدان رۆڵەی کورددا لە تەویلە بەدناوەکاندا مایەنوە، لە سەگ و پشیلەی خوێڕی حاڵمان شڕتربوو، هەر یەکە لەوانەی لەوێدا بەندکراون، هەزار و یەك بەسەرهاتی دزێو و دڵتەزێنیان لە هەناویاندا تۆمارکردوون.

لە زستانی (1966)دا، هەر لەسەر کوردایەتی، نزیکەی دوو مانگ چەسپی بەندیخانەی سلێمانی کرام..

لە رووداوەکانی کوردستاندا سێ جار ماڵم تاڵانکراوە، لە کاتی رەشبگیرییەکەی حوزەیرانی (1963)دا، پاش نسکۆی (1975)، کاتی رەوەکەی (1992).

لەمەی دواییدا بە تەواوی گشت ناو ، لە هەمووی سەختتر و دژوارتر تاڵانکردنی کتێبخانەکەم و هەموو ئەرشیفم بوو، کە بە درێژایی (30) ساڵ بەردەوام هەر کۆمدەکردەوە... (لە کتیبی (کەشکۆڵی حاجی مەحموودی یاروەیس)دا بە درێژی باسی ئەوەم کردووە.

لە هاوینی (1975)دا چوم بۆ بەغداد، لەوێ چوومە لای (مامۆستا جەمال بابان)، ئەوسا بەڕێوەبەری -دەزگای رۆشنبیریی کوردی- بوو، بە داخەوە نەیتوانی دیوانی بێسارانیم لێوەرگرێ و لە سەر حسابی ئەو دەزگایە چاپبکرێت، چونکە بوودجەیان نەبوو. (کاکە محەممەدی مەلا کەریم) لەوێ کاریدەکرد، بردمی بۆ لای باوکی لە (گەیلانی)، لەوێ بڕیاردرا هەمووی بە رێنووسی کۆڕی زانیاری بنووسمەوە، بیبەمەوە بۆ کاکە محەممەد، لە گەڵ هۆنراوەکانی بێسارانیدا کە لای رێزدار (مەلا کەریم) بوون بکرێنەوە بە یەك و لە کۆڕی زانیاری لە چاپبدرێ و کاکە محەممەد هەموو کارەکان راپەڕێنێ.. بە داخەوە کاکە محەممەد ئەو کارەی زۆر دواخست، تاکو پاش دە ساڵ چاوەڕوەنی کاکی ناوبراو بۆی ناردمەوە و ئێستاش هەر چاوەڕوانی چاپکردنە.

هەر لە ساڵی (1975)دا، (دیوانی وەلی دێوانە و دیوانی ئەحمەد موختارجاف)م دانە کۆڕ تاکو چاپیانبکات، یەکەمیان لە ساڵی (1976)دا چاپکرا، بەڵام دووەم نەکرا و بەنووسراوی رەسمی بۆیان ناردمەوە و ئەمیش هەر چاوەڕێی چاپکردنە.

لە بەرهەمەکانمدا زۆرتر بایەخم بە منداڵ داوە، دیارە ئەگەر لە هەموو قۆناخەکاندا وەك پێویست لە خزمەت منداڵدا بین ، ئاڵۆزی و کێشەکانیان بەرەو کەمتربوونەوە دەچن، بێگومان کە گەورە بوون ئەو ئەندامە کەڵکدار و بایەخدارە دەبن کە خزمەتی تەواوی دەوروبەر و هەمووان دەکەن، وەك ئامانجی رەچاوکراویش پەیامی پیرۆز بەجێ دەگەیەنن.

(تائیرە دەقی نووسینەکەی مامۆستا عوسمان محەممەد هەورامی)یە.

ئەم شاعیرەمان مامۆستایەکی دڵسۆز و پەروەردەکارێکی کارامەیە، هەمیشە بەتەنگ ئەوەوەیە بەباشترین شێوە پەیامی پەروەردەیی خۆی بەجێ بگەیەنێ، هەوڵدەدات قوتابی و خوێنکارەکانی لە رووی پەروەردە و فێربوونەوە سەرلەبەربن، هەر

ئەمەش وایکردووە لەهەر شوێنێکدا مامۆستا بووبێت خۆشەویستی قوتابیەکانی بەتایبەتی و خەڵکی ئەو شوێنە بەگشتی بووە.

هەر لەسەرەتای تەمەنی لاوێتییەوە تێکەڵاوی دنیا جوان و ئەفسووناوییەکەی شیعر بووە, لە خوێندنەوەی بەرهەمە چاپکراوەکانیدا بۆماندەردەکەوێت لە بواری شیعردا زیاتر بە دوو رێچکەدا رۆیشتووە بەم شێوەیە:

1-خوێندنەوەی شیعری شاعیرە گەورەکانمان و هەوڵدان بۆ کۆکردنەوە و لێکدانەوە و لە چاپدانی بەرهەمی ژمارەیەکیان, لەم بوارەدا ساڵی (1970) دیوانی (صەیدی هەورامی) چاپکردووە و ساڵی (1976)یش دیوانی (وەلی دێوانە)ی چاپکردووە, وەك لە ژیاننامەکەیشیدا هاتووە هەوڵی لە چاپدانی دیوانی (بێسارانی و ئەحمەد موختار جاف)یشی داوە بەلاّم تا ئەم رۆژانەش چاپنەکراون.

2-هۆنینەوەی شیعری پەروەردەیی, یەکەم بەرهەمی لەم چەشنەی ساڵی (1970) لە ژێرناو و نیشانی (شاهۆ)دا بلاّوکردوەتەوە, لێرەدا پێویستەباس لەوە بکەین کوڕی گەورەی شاعیر ناوی (شاهۆ)یە, لەلایەکەوە دەتوانین بڵێین ئەم ناوەی لە خۆشەویستی کوڕەکەیدا لەم بەرهەمەی ناوە و پیدەچێت هیواخوازی ئەوەبووبێت (شاهۆ) و هەموو هاوتەمەنەکانی لە چەشمەی شیرینی ئەو شیعرانەوە مەستی جوانی ژیان ببن, لەلایەکی تریشەوە دەکرێت بڵێین شاعیر وەك کەسێکی هۆشیار و دڵ پڕ لە خۆشەویستی کوردستانەکەی زانیوەیەتی (شاهۆ) شاخێکی سەرکەش و رەنگینی کوردستانە و یەکێکە لە هێماکانی سەربڵندی و رەسەنایەتی نەتەوەکەمان, چەندین داگیرکار و ملهوڕی سەردەمەجیاجیاکانی تێداکراوەتە پەند, هێرش و لەشکرکێشییەکانیانی تێدا نغرۆکراون, کەواتە لە خۆشەویستی ئەم شاخەدا هەم ناوی کوڕەکەی هەم ناوی بەرهەمەکەیشی ناوە, دیارە ئێمە مافی خۆمانە بەم شێوەیە بۆ ئەو ناونانە بچین, لە کاتێکدا راستی شتەکە هەرچی بێت لای شاعیر خۆیەتی.

پاش ئەم چەند دێڕە دەچینە سەر خستنەڕووی چەند نموونەیەك لە شیعرەکانی, لە پارچە شعرێکیدا بە ناو نیشانی (جگەرگۆشە مەزنەکان) کە لێوانلێوە لە خۆشەویستی بۆ منداڵ بەرادەیەك شاعیر ئاواتەخوازە گیانی بکاتە چراخانیان و هەموویان چەپکێك خونچە بن لە باوەشیدا, وەك لەم دێڕانەدا دەردەکەوێت:

کۆرپەلە وردیلەکان

بەرخۆلە نەشمیلەکان

کە پیت و وشەی دروست

بۆ ئێوە دائەرێژم

هەستدەکەم کە پشتاوپشت

هەموو پەستی ئەنێژم,

که ئاوازێکی نوێ

له ناخمەوە دەرئەچێ

لەگەڵ دڵتانا ئەدوێ

سۆزی گیانم هەڵئەچێ,

کاتێ که زەردەخەنە

لەسەر لێوی نەخشینتان

چەسپە, گەردوون هی منە

بەشێکم له خۆشیتان,

پێم خۆشە که سەراپا

گیانم چراخانتان بێ

دەرد و بەڵاتان لابا

رادەری داخانتانبێ,

ئاواتمە خونچە ئاسا

چەپکێبن له باوەشما

بە دڵ هەستدەکەم ئەوسا

کەیلم له بەختی گەشما,

کاتێ بە پیرۆزییەوە

پێم ئەڵێن هاورێی منالڵ

بەوپەڕی شانازیەوە

گیان ئەدا له شەقەی باڵ,

ئەخوازم وا بە پاكی

هەر پیرۆز و مەزن بن

هیوا و شەوق و رووناكیی

پاشە رۆژی رۆشنبن

1996 / 1 / 1

شاعیر تا سەرمۆخ كوردستانەكەی خۆشدەوێت, هەر بۆیە لەگەڵ نەبەردانا و لەهەمان كرنووشكەی ئەوانەوە, بە نەوازشەوە بۆ سروشتەكەی كرنووشدەبات وەك لەم پارچە شیعرەیدا دەردەكەوێت:

<u>كرنووش</u>

سەرانسەر بە كوردستانا

گەشتی بەهەشتی بەرین كەو

لە ئاستی بالاّ بەرزانا

سەرنجی پڕ لە ڕێز بدە و

لەگەڵ ورشەی چاوی جوانا

چاوت زاخاو بدە و بدە و

بڕۆ بە ڕێی ئاشقانا,

ئەڵقە لە گوێی جوانیی رەسەن

وا لە بۆتەی شەیدایانا,

با هەموومان یەكگیان و دڵ

لە گەڵ پێشەنگی كاروانا

هەر دڵبەند بین

گیرۆدەی ئەشقی پاکژ و

وا بەستەی داو و کەمەند بین

لە کڕنووشگەی نەبەردانا

کڕنووش بەرین

بۆ سروشت و

ئەشقی کوردستانی شیرین

سلێمانی 15 / 3 / 2001

شاعیر لە پارچە شعرێکی تریدا, باسی هەستی پاك و سۆزی بێگەردی شاعیرمان بۆ دەکات و دڵی شاعیریشی کردووە بە کانگای ئەم هەست و سۆزە و پێماندەڵێت: هەر دڵی شاعیرە کانگای ئەوینی پاك و بێگەردی خودایی و مەستی خۆشەویستی نیشتمانە, هەربۆیە هەرگیز ئارامناگرێت و لە کڕنووشگەی شەیدایاندا ئێشدەگرێت, ئەمانەی خوارەوەش چەند دێڕێکن لەو پارچە شیعرەی لە ژێر ناو و نیشانی (دڵی بەکوڵ)دا:

دڵی شاعیر کانگەی ئەشقی

پاك و بیگەردی یەزدانە

چاوەی سروەی

ناخی سۆزی بەربەیانە

تین و شنەی

هەموو گەرمیان و کوێستانە

خەندە و گەشەی

گۆنای کۆرپەی نەرم و نیانە...

+ + +

دڵی شاعیر


www.pertwk.com

سروودی ناخی گەشمەردانە

کۆرپەی ناز و شەیدا و مەستی

دار و بەردی نیشتمانە

ئاوازی دڵکێشی گەرووی

پڕ لە سۆزی گشت مەلانە

نۆتەیەکی پڕ جادووە

لە وێنەی هەر نییە و نابێ و

هەر نەشبووە,

سیمفۆنیەی ناخی گەردوونە

نەنووسراوە, نە بیستراوە

بە بەهرەی هیچ کارامەیەك

لێنەدراوە

+ + +

دڵی شاعیر

هەرگیز, هەرگیز ئارام ناگرێ

هەموو شەوێ

کە جێی ئارام رادەخرێ

ئەم نانوێ

بە کڵپەوە, تا بەیانی

ئێشکدەگرێ,

هەمیشە هەر

لە کڕنووشگەی شەیدایانی

باوەگڕ گڕدا دەگرێ

ئامیزی بۆ سەودا سەران

ئەلەندی گەش و والآیە,

دڵی هۆزانڤان هەر وایە...

+ + +

سلێمانی 25 / 12 1989

شاعیر (عوسمان محەممەد هەورامی) دایکی بەزمانە شیرینەکەی (صەیدی و بێسارانی و میرزای پاوەیی) و دەیان و دەیان کەڵە شاعیری تر لایە لایەی بۆکردووە و هەر بەو زمانەش کەوتووەتە گڕ وگاڵ, بۆ یەکەمجاریش کە لە سەربانەبەرزەکانی تەوێڵەدا راوڕاوێنی کردووە هاورێکانی بەو زمانە بانگیانکردووە و وەڵامی داونەتەوە, هەر بۆیە خۆشەویستی ئەو زمانە بەڕادەیەك کاری لێکردووە, نازناوی هەورامی بۆ خۆی هەڵبژاردووە, ئەو نازناوەش لەوە وە نەهاتووە ناوبراو لە هۆزێك یا تیرەیەکە پێیاندەوترێت هەورامی و ئەڤلێکی خێڵەکیش لە پشتییەوە نییە, بەڵکو خۆشەویستیەکی گەورەیە بۆ شێوەزمانە دایکزادەکەی, هەر بۆیە چەندین پارچە شیعری بە هەورامی هۆنیونەتەوە, زیادە رۆیی و پیاهەڵدانیش نییە بڵێین: تا ئەو شوێنەی ئێمە ئاگاداربین یەکەم کەسە دەستپێشخەری کردووە لە بواری هۆنیەنەوەی شیعری هەورامی لە سەر شێوازی نوێ, هاوکات لە بابەت وچوارچێوە باوەکانی پێش خۆی دەرچووە و فۆرمی نوێی لە هۆنینەوەی شیعری هەورامیدا هێناوەتە گۆڕێ, لەم بوارەدا با لەم دوو پارچە شیعرەی وردببینەوە:

(1)

<u>گەشت</u>

گیانی گیانم

من گەرەکما خەم لابەری

کسپە و ژانم

بە رۆشنایی ژینی کەری,

با دەس جە دەس

بلمێ سێرانو سەرکەشا

بە بێدەربەس

سەردێمێ ئا کەشە وەشا,

با دووبارە

گیڵمیوە بەهەشتی بەرین

چا گوڵزارە

دەم بنیەیمێ چەمەی شیرین

دەس بارە, دەی

ئوخەی, ئوخەی

با بلمێ, دەی

پەی سەرچەمەی ژینی بیپەی

ئۆخەی, ئۆخەی

سلێمانی 1 / 2 / 1989

(2)

گورانییە نەمرەکا ماچمێ

ئازیز, کە شادی بەپڕیا

جە بەهەشتو کویسانی,

فڕەشا دانە دۆزەخو

گڕەو کوشندە و گەرمیانی

کویسان دیا شونیشەرە

دەروون گڕەش وەربیەنە

نەرە بیۆ بە قوتەرە...

کە ژەرەژی خاڵومێڵدار

دووە دریا

گوارەکێش هۆرپڕوزیی و

جە لانەکەش تەرە کریا

رووە و هەوارگەی چۆڵ دیا,

کەسش نەدی,

جە داخێنە فنجووقش کەرد

پەی دووری, تا جەچەم بڕیا...

گەشت و سەیران ئەرامەندەن

کۆڕو گۆڕالآما کزا

گرد جارێنە

ددانو شادیشا کەندەن

نازدارەکێ نادیارێنێ

بدانێ لوتکە و سەربەرزا

ئە جیۆ خامۆشی باڵش شان

ملو دەرە و کەشەکارە

سروشت گردش بێئاوازا,


www.pertwk.com

دوور جه بالاَ و یاری گیانی

ئاوەدانیی سەرزەمینی

شین و شەپۆڕ و وێرانی...

بەلاّم ئازیز

هەر چەند گڕە

دانش هەناو و کوێسانی,

ئارو تینا

سەبای شەختە و یەخبەندانی,

پیرێ خەندە و خونچە و دلاَ

وەشی و بەزمی هەرگیز نەمر

بەخشو بە جیهانی وەلاَ

سەر نەوەیۆ

هەرچی دڕەی و پەیکولاَ

هەر بەرەگۆ هورپاچمێ

تێکەڵ بە شنە و سەرکەشا

بە کام هەوا فرە وەشا

جە سەرکەمەرە بەرزەکا

گورانییە نەمرەکاما

دیسان ماچمێ,

هەر ماچمێ,

هەر ماچمێ...

تەوێڵە 25 / 8 / 1978

واتای ئەم شیعرە بەم شێوەیە:

ئازیز کە شادی لە بەهەشتی کوێستان دەرپەڕێنرا, فڕێیاندایە ناو دۆزەخی گڕەی کوشندەی گەرمیانەوە, کوێستان روانی بە شوێندا و گڕی تێبەربوو, بەڕوو بویەوە بە کۆتەرە, کە کەوی خاڵ خاڵاوی لە هێلانەکەی دوورخرایەوە, روو بەهەوارگەی چۆڵ روانی کەسی نەدی, لە داخاندا دای لە شەقەی باڵ و دوورکەوتەوە هەتا لەبەر چاو نەما.

گەشت و سەیرانمان ئەرامەندەیە و کۆڕی گوڵانمان کزە, هەموویان بە جارێ دانی شادییان کەندووە, نازدارەکان نادیارن بدەن لە لووتکەی سەربەرزان, دەڵێیت خامۆشی باڵی کێشاوە بەسەر چۆم و شاخەکاندا, سروشت هەمووی بێئاوازە, دوور لە باڵای یاری گیانی ئاوەدانی سەرزەوی شین و شەپۆڕ و وێرانییە.

بەڵام ئازیز هەرچەند گڕە داویەتی لە هەناوی کوێستان, ئیمڕ و گڕە و تینە, سبەی شەختە و سەهۆڵبەندان, دووسبەی خەندەی خونچەی دڵان خۆشی بەزمی هەرگیز نەمر بەجیهانی ئاوەڵا دەبەخشێت, سەرلەنوێ هەرچی دڕك و پەیکوڵە هەر بەڕەگەوە هەڵیانپاچین, تێکەڵ بە شنەی سەر شاخەکان و بەکام هەوا کە زۆر خۆشە, بەسەر گابەردە بەرزەکانەوە گۆرانییە نەمرەکان دیسان دەڵێینەوە, هەر دەیانڵێینەوە, هەر دەیانڵێینەوە.

حەمەخانی مستەفا بەگ

ئەم شاعیرەمان ناوی (حەمەخان کوڕی مستەفابەگ کوڕی حەمەخان بەگ کوڕی فەتاح بەگ کوڕی حەمەسەعیدسان)ە, ساڵی (1327ك=1948ز) لە گوندی (هانەگەرمڵە) لەدایکبووە, لە منداڵییەوە خراوەتە بەر خوێندن و هەر لەسەرەتای تەمەنی لاویەتیشەوە تێکەڵ بە دنیاجوانەکەی شیعر و ئەدەب بووە, سرووشتە دڵڕفێنەکەی هەورامان و جۆری ژیانی خەڵکەکەی بوون بە سەرچاوە بۆ هەڵقوڵینی شیعرەکانی, شیعرەکانی زۆر تەڕ و پاراون بە رادەیەك بوون بە وێردی سەرزمانی گۆرانیبێژە هەورامییەکان, چەند پارچەیەك لەو شیعرانەی گەیشوونەتە لای ئێمە یەکێکیان ئەوەیە کە لەبیرەوەری خۆیدا باسی دیاردەی (راوی کەڵە کێوی)کردووە.

لەم پارچە شیعرەدا بە جوانترین شێوە باسی سروشتەجوانەکەی هەورامانی کردووە و دیاردەی راویشی بەهەردوو دیوەکەیدا خستووەتەڕوو, چ لە رووی ئەوەی بووە بە خوویەك لای راوچییەکان و چێژیلیوەردەگرن, چ لە رووی ئەوەی کە دڵڕەقییە دژی ئەو ئاژەڵانە و زیادەڕۆییە بۆ سەر مافیان, ئەم دێڕانەی خوارەوەش دەقی شیعرەکەن:

نیشتەبێم مەلوول مات و پەرێشان کەوتۆ نەویرم ویەردەی ساڵان

بە یادی جوانی من خیاڵم کەرد زەمانە ریشەی جەرگم بەرئاوەرد

من ئارەزووم كەرد بلوۆ ئۆ وەتەن تێر كەرو سەيری ئەو هەردو چەمەن

روێ جە روان چەنی رەفێقان روو بە (خورڕخورِە) بە عەزمی سێران

من پێچ پێچ تێم كەرد جادەی ژاڵانە تێر كەردم سەيری ئەو تاق و بانە

چین چین مدرابێ چنوور بە پۆل پۆل تك تك مەتكيێ وەرواوان نە گۆل

لوام ئۆ سەركەل شای شاهانی كۆ داش وە دەماخم تێكەڵ هەزار بۆ

داش وە دەماخم سۆزەی هەوای سەرد سێرانی شەوبۆ من چنوورم كەرد

رووم نيا سەرچاڵ سەحرا و چەمەنەن ئيسە سەيرانگای سەفای كەڵڕەمەن

جا كەوتا پارێز تەوەنا و تەوەن من تاقيبم كەرد گەوەنا و گەوەن

ديم كەڵێ مدران جە سێبەری كۆ سەرساڵ گرێ دان هەشت هەتاكو نۆ

تووكش بە وێنەی مەغمەڵی كاشان خاڵ وێنەی زوخاڵ وێش كەردەن پەخشان

جار جار بە نازۆ مديۆ وە لاوە ماچی ئەسپی جاف مدران نە پاوە

چەم بەيزی شكڵ چون حەوزی كەوسەر چەنەش ديارەن هەزار جانەوەر

هەناسەی وەشبۆ جە دەم كەلانەن جە وێش وەشبۆتەر كام ئەنكولانەن

پەنجەی خەتاكار مێڵ دا دماوە فەنەری پێچ پێچ نەمدرا تاوە

هۆرش دا فيشەك داش وەدەم مێلۆ واتش حازرەن مێلە مەگێلۆ

مێڵ هەرزەی سەرچڵ شێتی بەدكردار ناكەس بە پەلە فيشەك بەرد هۆمار

واتش دەی سەياد وەختی بازيەن وەختی عەجەلە و تير ئەندازيەن

قۆناخ دام ئۆشان پەنجە سەر ماشە قەرەولم گرت بە عەزمی لاشە

پەنجە پەنجە كێش هەناسەم قەت كەرد دوكەڵ وەدەم لوول تير كەمانەش كەرد

كەڵ ئاما جواب واتش فرياد رەس پێكانێش بەتير بندەسا و بندەس

دەك سەیاد غەزەب وارۆ ئۆبانت كام زەرەرم دا باخ و بێسانت

كام مزاحمەت پەی تۆم ئیجاد كەرد جە كام موڵكی تۆ من گوزەرم كەرد

من پیٚ وێم گێڵاٚم چا كویسانە وێم مەشاردەوە جە هەر بێگانە

پەنجە دات ماشە پێكانێت بە تیر سەرپەنجەت ڕێز و چون گەڵاٚی هەنجیر

من بیٚ خۆف پاڵم دا وە بەردەوە ئەجیام ناشیەن وێم نەشاردەوە

چون هیچ ناشیێ نەكەرێم شكار وێڵش كەرێنی بن دارۆ بن دار

نەزانام كۆنە سەیادی زوەن تاقیبم كەرۆ تەوەنا و تەوەن

دەك تفەنگ لوولێت بڕێزۆنە خاك كردار وێنەی گورگ سیفەت چون زوحاك

دەك مێڵت مەڕیۆ هۆرنەدۆ كەمان بیٚ ئیختیار بی جە لای سەیادان

بیٚ ڕەحم پەنجەت نیا سەرماشە تەپاوتلەی من كەردت تەماشە

قەسەم بە گرێی شاخی كەمانم بیٚ وادە بڕیات جە ڕەفیقانم

سۆسەن تۆ شاهید چنور تۆ قازی بیٚ وادە سەیاد كەرد تیرئەندازی

شاخ كەرو قەڵەم چەقنوش وەهووندا منویسوش تاریخ (بێڵە خاتوون)دا

شاخ كەر و قوڵنگە هۆركەنو چەنەش وەسیەت نامۆ وێم منویسو وەنەش

كەڵاٚن كەڵڕەمان وەسیەت نامە بۆ هەتا وەرەتاو زەرد نەبۆ جە كۆ

تا لێڵەی مەغریب نەدۆ ئا بانە هیچ كەڵێو بەرنێو جە كەڵەلانە

واتای ئەم شیعرە بەم شێوەیە:

بە ماتی و مەلوولی و پەرێشانی دانیشتبووم, ساڵانی ڕابوردووم هاتنەوەیاد, بیری جوانی خۆممدەكردەوە و زەمانە ریشەی جەرگمی دەرهێنا, ئارەزوومكرد بڕۆمەوە بۆ نیشتمان و تێر سەیری ئەو شاخ و چەمەنە بكەم, ڕۆژێك لە ڕۆژان لە گەڵ هاورێكانم بەرەو (خوڕخوڕە) بۆ سەیرانكردین ڕۆیشتین, من پێچاوپێچەكانی جادەی ژاڵانەم تەیكرد و تێرتێر سەیری ئەو ناوەم كرد, ڕۆیشم بۆ سەركەل كە شای هەموو كێوەكانە و شنەبایەكی سارد تێكەڵاٚو بە هەزاران بۆنی خۆش دایلەدەماخم,

سەیرانی (چنوور و شەوبۆ)م کرد و رووم‌کردە (سەرچاڵ)کە ئێستا شوێنی سەیر و سەفای کەڵەکێویەکانە, لەوێ بەردا و بەرد بەشوێنیاندا دەگەڕام, تا بینیم کەڵە کێوییەکی هەشت نۆ ساڵان کە تووکی وەك مەغمەڵی کاشان نەرمبوو, وەك ئەسپی جاف بە پێوە وەستاوە, لە ناوچاوەکانیدا کە وەك حەوزی کەوسەر سافبوون هەزار گیانلەبەر دیاربوون, هەناسەی بۆنخۆشی هیچ کۆلۆنیایەکی نەدەگەیشتێ, پەنجەی تاوانکار میلیهێنایەوە و میلی ناکەسیش بەپەلە فیشەکی بردە عەمبارەوە و وتی (راوچی) دەی خێراکە کاتی تیر ئەندازییە, قۆناخی تفەنگمدایە شانم و پەنجەمخستەسەر ماشەکەی و بە نیازی لەشی کەڵەکێویەکە قەرەوڵمگرت, هەناسەم لە خۆمبڕی و پەنجەم هێنایە دواوە و دووکەڵ لە دەمی لوولەکەیەوە وەك تیروکەوان پێچپیخوارد.

کەڵەکێوی هاتە قسە و وتی ئەی فریادڕەس بندەستا و بندەست پێکامی, دەك (راوچی) غەزەبتلێباریێت, چ زیانێکم لە باخ و بێستانت دابوو, کام ئەرکم بەسەرتەوەبوو, بەکام مولکی تۆدا گوزەرمکردبوو, من بۆ خۆم بەم کوێستانەدا دەگەڕام و لەهەموو بێگانەیەك خۆمدەشاردەوە, من پاڵمدابوو بەبەردەوە وام زانی ناشییە بۆیە خۆمنەشاردەوە, چونکە هیچ ناشییەك نەیدەتوانی راومبکات و بندار بە بندار وێڵەمدەکرد, نەمزانی کۆنەراوچی زووە و بەرد بەبەرد بە دوامەوەیە, دەك تفەنگ لوولەت بڕزێتە ناو خاك کە کردارت وێنەی گورگ و سیفەتت وەکو زوحاکە, دەك میلەکەت بشکێت و لای راوچییەکان بێنرخبکەویت, بەگرێی شاخەکانم سوێندبێت ناکاولە هاوڕێکانم داتبڕیم, (سەوسەن) تۆ شایەت و (چنوور) تۆش قازی بە, کە راوچی ناکاو تیرئەندازیکرد, شاخم دەچەقێنم بە خوێنەکەمدا و راسپاردەی خۆمی پێدەنووسم, کەڵە کێوییەکان راسپاردەم ئەوەیە بۆتان تا لێڵەی مەغریب نەدا لە بەرزاییەکان هیچ کەڵێك لە لانەکەی دەرنەچێت.

شاعیر (حەمەخانی مستەفا بەگ) تا ساتی نووسینی ئەم دێڕانە لە ژیاندایە و لە شاری (مەریوان)دا نیشتەجێیە و خەریکی دوکانداریيە, لە گەڵ ئەوەشدا تەمەنی (56) ساڵە هەر حەزی لە راو و شکارە.

پاش ئەوەی لەم بەشەی ئەم کتێبەدا باسی ژمارەیەك لە شاعیرەکانی (هەورامان) کرا و چەردەیەك لە ژیاننامە و بەرهەمی شیعریان خرایەڕوو, ناوی ژمارەیەکی تر لە شاعیرەکانی هەورامان دەهێنین کە زۆربەیان زانا و کەسێتی دیاری سەردەمی خۆیان بوون, زۆر تا کەم شیعریان لە شوێن جێماوە, هەیانن مێژووی ژیانیان و کەمێك لە شیعرەکانیان لە دووتوێی (کتێب و کەشکۆڵەکان)دا نووسراونەتەوە و هەشیانن تەنها ناویانهاتووە, یاخود چەند دێڕە شیعرێکیان دەما و دەمی گوێزراونەتەوە بۆ نەوەکانی دوای خۆیان, ئیتر باسێك لە ژیاننامە و بەرهەمی شیعریان نییە, ئەمانەی خوارەوەش ناوەکانیانن:

1-مەلا تایەری هەورامی.

2-شێخ عوسمانی سیراجوددین= شێخ عوسمانی تەوێڵە, ساڵی 1774ز لە دایکبووە و ساڵی 1867ز کۆچی دوایی کردووە.

3-رەزابەگی هەورامی.

4-مەلا فەیزولای هەورامی.

5-مەولانا عەبدولای هەورامی.

6-حەمەمین بەگی هەورامی.

7-شێخ محەممەد بەهائوددینی نەقشبەندی, ساڵی 1791ز لە دایکبووە و ساڵی 1872ز کۆچی دوایی کردووە.

8-حاجی شێخ عەبدولڕەحمان ئەبولوەفا, ڕۆژی (5 )مانگی موحەڕەمی ساڵی 1253ك=1837ز لە تەوێڵە لە دایکبووە, دایکی برازای حەزرەتی مەولاناخالیدی نەقشبەندییە, یەکێکبووە لە شاعیرە گەورەکانی سەردەمی خۆی, دەڵێن دیوانێکی شیعری هەیە کە بە فارسی هۆنراونەتەوە, مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس نووسیویەتی:

بیستومە ئەو دیوانە لای کوڕەکانی شێخ صادقی برازیەتی کە جاران لە دێی (گوڵپ) دادەنیشتن, بەشێکی ئەو دیوانە لە ناو کەشکۆڵەکەی (حاجی مەحموودی یاروەیسی) و بەشێکیشی لە کەشکۆڵەکەی (مەحموود پاشای جاف)دا نووسراونەتەوە, ساڵی (1285ك=1868ز) لە بەغداد کۆچی دوایی کردووە, سەرەتا لە گۆڕستانی (غەزالی) بە خاکسپێردراوە و پاشان گوێزراوەتەوە بۆ گۆڕستانی (حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی).

9-مەلا عەبدولخالیقی پاوەیی.

10-شێخ کوولەکەی هەورامی, ساڵی 1866ز کوژراوە.

11-شێخ نەجموددینی بیارە, ساڵی 1862ز لە دایکبووە و ساڵی 1918ز کۆچی دوایی کردووە.

12-سەی محەممەدی خانەگایی, ساڵی 1246ك=ز لە دایکبووە و ساڵی 1328ك=ز کۆچی دوایی کردووە.

13-مەلا محەممەد کوڕی مەلا عەبدوڵای دشەیی, نازناوی شیعری (میهری)یە, لە شاری سنەدا لە دایکبووە, خوێندنی مافی لە ئەستەمبووڵ تەواوکردووە, زانا و پارێزەرێکی گەورەبووە, بەشیعر یادی زێد و مەڵبەندی خۆی کردووەتەوە, لە ئەستەمبووڵ کۆچی دوایی کردووە.

14–سەید عەبدولحەکیمی هۆیە:ساڵی 1892ز لە دایکبووە, کەسێکی نیشتمانپەروەربووە و تاکە ئامانجی رزگاری کوردستان بووە, ڕۆژی 15 / 12/ 1957ز لە خانەقین کۆچی دوایی کردووە و هەر لەوێش بە خاك سپێردراوە.

# دەگاشێخان نەوەك دەرگاشێخان

یەکێکە لەگوندە رازاوەکانی هەورمانی لهۆن و دەکەوێتە سەر ڕێگەی ئۆتۆمبێلی نێوان (تەوێڵە و بیارە), لە رووی ئیدارییەوە سەر بە ناحیەی (بیارە)یە, لە دامێنی چیاسەرکەشەکەی (هەوارەبەرزە)دا دروستکراوە و لە خۆرهەڵاتیەوە لووتکەی (چنارە) و لە خۆرئاوایشیەوە هەردوو لووتکەی (ملەخانەگای سەروو) و (ملەخانەگای

خواروو) دەوریدەدەن, کەشوهەوای ئەم گوندە لە وەرزی (زستان)دا ساردە و بەفر و بارانی زۆری لێدەبارێت, بەڵام لەوەرزی هاویندا بەهەشتێکە بۆخۆی ساباتی فێنکی باخەکان و ئاوی ساردی کانیاوەکان کەشوهەواکەیان تەواو خۆشکردووە.

(دەگا شێخان)پێشینەیەکی مێژوویی دێرینی هەیە, شوێنێك کە پێیدەوترێت (کەلارۆ گاورا=کەلاوەی گاوران) و لە نزیك چایخانەکەی ئێستای گوندەکەدایە, تا ئێستاش شوێنەواری نیشتەجێبوونی تێدا دیارە, دیارە کە دەوترێت (کەلارۆگاورا= کەلاوەی گاوران) ئەوە ناگەیەنێت خەڵکی ئەو شوێنە لە کۆندا لەسەر دینی (حەزرەتی مەسیح) بووبن, بەڵکو ئەوانیش هەر وەکو هەموو خەڵکی ناوچەکە پێش سەرهەڵدانی دینی ئیسلام (زەردەشتی) بوون و بوونی (ئاتەشگە)ش لە بیارە کەتەنها (2)کم لە دەگاشێخانەوە دوورە ئەم راستییەمان بۆ دەسەلمێنێت, لێرەدا پێویستە ئاماژەبکەین بەوە خەڵکی ناوچەکە پاش ئیسلامبوونیان بە هەموو نا موسڵمانێکیان وتووە (گاور), هەر بۆیە ئەو شوێنەش بە (کەلاوەی گاوران) ناویدەرکردووە.

نوێترین ئاماژە بۆ ئاوەدانکردنەوەی (دەگاشێخان) لەسەردەمی ئیسلامدا, دەمانگەرێنێتەوە بۆ زیاتر لە (850)ساڵ لەمەوبە ر و کاتێك لە سەردەمی ژیانی (حەزرەتی شێخ عەبدولقادری گەیلانی)دا, دووبرا لە بنەماڵەی شێخەکانی (جام و لەنگەر) لە ئێرانەوە هاتوونەتە (هەورامانی ئەمدیو), لە شوێنێکدا کە ئێستا پێیدەوترێت (داشارە) و کەمێك لە خوار کۆنەگوندی دەگاشێخانەوەیە خانوویان دروستکردووە, ئەم دوو زاتە دینداری گەورەی سەردەمی خۆیان و ئاییناسی کەمنموونەبوون هەر بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە هەورامییەکان لە دەوریان کۆبوونەتەوە و لە دەورووبەری خانووەکانی ئەواندا خانوویان دروستکردوون, ئەوەش وایکردووە شوێنەکە ببێت بە ئاوەدانییەکی گەورە و بە (دەگاشارە) واتە دێیەك کە هێندەی شارێك گەورە بووە ناویدەرکردووە, پاشان ناوەکە گۆڕانی هاتووە بەسەردا و بووە بە (داشارە), لە ئەنجامی بلاْوبوونەوەی پەتا کوشندەکانی سەردەمی کۆن وەك: (چاوەقووڵە=کۆلێرا, تاعوون, ئاوڵە) خەڵکی (داشارە) زۆربەی هەرە زۆریان مردوون, تەنها چەند کەسێکیان ماونەتەوە ئەو شوێنەیان بەجێهێشتووە و رۆیشتوون لە نزیك سەرچاوەی ئاوی (دەگاشێخان)ەوە خانوویان کردووەتەوە, بەرەبەرە ژمارەی خانووەکانیان زیادیانکردوە و شوێنەکەیان ناونراوە (دەگاشێخان= دێی شێخان).

شایانی باسکردنە هەر لەکۆنەوە و ئێستاشی لەگەڵدابێت ناوی ئەم گوندە نەك هەر لە لایەن خەڵکانی دەرەوەی گوندەکە, بەڵکو لە لایەن ژمارەیەکی زۆر لە گوندنشینەکانیشەوە بە هەڵە دەهێنرێت و پێیدەڵێن (دەرگاشێخان), بۆ راستتکردنەوەی ئەم هەڵەیە دەڵێن: خەڵکی ئەم گوندە هەر لەسەرەتاوە هەورامی بوون, شتێکی ئاشکراشە لە شێوەزمانی هەورامیدا بە (دەرگا) دەوترێت (بەرە), کەواتە ئەگەر ناوی گوندەکە (دەرگاشێخان) بوایە دەبوایە بە هەورامی پێیبوتراوە (بەرۆ شێخا), لێرەوە بۆمان ئاشکرادەبێت ناوەکە (دەگاشێخان)ە نەوەك (دەرگاشێخان).

پاش راپەڕینە شکۆدارەکەی ئازاری (1991ن) ژمارەیەك لە خێزانە دەگاشێخانەیەکان گەڕاونەتەوە سەر ماوای خۆیان, بەلاْم نەچوونەتەوە شوێنی گوندە سووتماککراوەکەیان و لە شوێنێکدا کە بە تەنشت (کەلارۆگاورا= کەلارەی گاوران)ە وەیەو پێیدەوترێت (تفویابنی= تووی یابن) خانوویان دروستکردووە.

کەواتە ئەوەی ئاشکرابێت هەر لە کۆنەوە تا ئێستا, سێ قۆناغی جیاواز لەئاوەدانکردنەوە و وێرانبوونی ئەم گوندە دیارن بەم شێوەیە:

قۆناغی یەکەم: ئاوەدانکردنەوە و وێرانبوونی (کەلارۆ گاورا= کەلاوەی گاوران).

قۆناغی دووەم: ئاوەدانکردنەوە و وێرانبوونی (داشارە).

قۆناغی سێیەم:ئاوەدانکردنەوە و وێرانبوونی (کۆنە گوندی دەگاشێخان).

دیارە قۆناخی چوارەمیش بە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکە لە شوێنی ئێستایدا و پاش بەهاری (1991ز) دەستپێکردووە.

خەڵکی (دەگاشێخان) بە شێوەیەکیگشتی بەسەر چەند بنەماڵەیەکدا دابەشبوون بەم ناوانە:

1-بنەماڵەی وەستا مستەفا

2-بنەماڵەی کوێخا ئیبراهیم

3-بنەماڵەی فەقێ

4-بنەماڵەی شێخ سلێمان

5-بنەماڵەی ئەلأمورار

6-بنەماڵەی لالۆ تۆفیق

7-بنەماڵەی سەیدەکانی کەلجینی

هەموو بنەماڵەکانیش لە گوندەکەیاندا وەك یەك خێزان ژیاون و لە خۆشی و ناخۆشیدا هاوکاری یەکتریان کردووە, یادەوەری خەڵکەکە لێوان لێون لە نموونەی جوانیپێکەوەژیان و بەدەنگەوەهاتنی یەکتری, ژمارەیەك کەسێتی دیار و پیاوماقووڵ لەم گوندەدا هەڵکەوتوون کە رۆڵێکی دیاریان لە ژیانی کۆمەلأیەتی گوندنشینەکاندا گێڕاوە, لەوانە: (شێخ حەمەعارف و شێخ مستەفای کوڕی, کوێخا ئیبراهیم, خالۆ کەریم و خالۆ حەمەڕەزا, خالۆ ئەمین), لێرەدا پێویستە بڵێین (خالۆ ئەمین) ئەو کەسە قارەمانە بووە (ساڵی 1963ز) لە نەبەردییەکەی (پردی زەڵم)دا لە گەڵ شەهید (حەمەگوڵپی) بە خەنجەر هەڵیانکوتاوەتە سەر دەبابەکانی (زەعیم صدیق) و لەو نەبەردییەدا شەهیدبوون.

سەرچاوەکانی بژێوی خەڵکی (دەگاشێخان) بە شێوەیەکی گشتگیر بریتین لە: (باخداری, کشتیاری, ئاژەڵداری) و ژمارەیەکیشیان بەکاسپیکردن و کاروباری دەوڵەتییەوە سەرقاڵن, بەرهەمی باخەکانیان بریتین لە: (گوێز, توو,

هەنار, هەڵووژە, هەنجیر, سێو, قەیسی...هتد) و رووبەرێکی فراوان رەزەدێمیشیان هەیە زیاتر تایبەتن بە بەرهەمهێنانی (ترێی رەش), لە زەوییە تەختاییەکانیشدا چەند بەروبوومێك بەرهەمدەهێنن وەك: (تووتن, تەماتە, بامیۆ, باینجان, کوولەکە) و تەڕەکاڵی تر.

ئەم گوندە هەر وەك زۆربەی هەرە زۆری گوندەکانی کوردستان بەسووتماککراوە, رۆژی (1 /10/ 1978ز لە لایەن دەسەڵاتدارە شۆفێنیستەکانەوە وێرانکراوە و خەڵکەکەی بۆ کۆمەڵگەی زۆرەملێی (سیروان) راگوێزراون, ئەوەش وایکردووە هەتاکو راپەڕینە شکۆدارەکەی ئازاری (1991ز) لە زێد و ماوای خۆیان دابڕێن و زۆربەی باخەکانیان وشکبوون, بەڵام هەر پاش راپەڕین چەند خێزانێکیان گەڕاونەتەوە بۆ گوندەکەیان و (خانوو, باخ)ەکانیان ئاوەدانکردوونەتەوە, تا رادەیەکیش لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان سوودمەندبوون بەوەی (قوتابخانە, ئاو و ئاوەرۆ, باخچەی ساوایان)یان بۆ دروستکراون و موەلیدەیەکی کارەبایشیان بۆ دانراوە.

گوندی هاوار مەڵبەندی هانابۆبردنی یارسانەکان بووە

یەکێکە لە گوندەکانی هەڵگرانی رێوڕەچەی (یارسان=کاکەیی) لە هەورامانی لهۆندا, دەربارەی ناوەکەی دەوترێت: ئەم گوندە بۆ ماوەی زیاتر لە (800) ساڵ شوێنی داڵدەدانی کاکەییەکان بووە, بە واتا هەر کەسێکیان لە هەر شوێنێکی ترەوە زۆری بۆهاتبێت هانایهێناوە بۆ خەڵکی ئەم گوندە و ئەمانیش چوون بە هانایەوە, لێرەوە ئیتر گوندەکە ناوی (هاوار)ی لێنراوە.

ئەم گوندە ئاو و هەوایەکی خۆشی هەیە, لە هەر چوار لاوە شاخی بەرز دەوریداوە وەك: (شنرویۆ, ئەشکەدۆڵ= ئەشکەهۆڵ, رووتاوا, مەکۆی ماغە), رووبەرێکی زۆر باخی رازاوەی تێدایە مێوەی جۆراوجۆریان تێدا بەرهەمدەهێنرێت وەك: (گوێز, هەنار, هەنجیر, ترێ....هتد), ژمارەیەك (کانی و ئەستێڵ)یش لە ناو هاوار و دەورووبەریدا هەن لەوانە: (وێشەیی, کانی درێژ, کانی وەزگێڵ, کانی گۆێژەگەڵوەزان, کانی باخچەی جانیۆ), ئاوی ئەم کانییانە بۆ خواردنەوەی مرۆۋ و ئاژەڵ و ئاودانی باخەکان سوودیان لێوەردەگیرێت.

چەند شوێنەوارێکی مێژوویش لەدەورووبەری گوندەکەدا هەن, (قەڵای هاوار) یەکێکە لەو شوێنەوارانە و مێژوویەکی دێرینی هەیە, لەسەردەمی (بێگە بەگی ئەردەڵانی)دا ئاوەدان و پۆشتەکراوەتەوە, چەند مەزارگەیەکی گەورەپیاوانی کاکەیی لە گوندی (هاوار) و دەورووبەریدان, لەوانە: (داودی رەهبەر, مەزاری میر ئەسکەندەر, کاکەی جاور).

خەڵکی هاوار بەشێوەیەکی گشتی بەسەر چەند بنەماڵەیەکدا دابشدەبن بەم ناوانە:

(بنەماڵەی کوێخاکان, بنەماڵەی وسێن, بنەماڵەی ئەحمەد), ئەم بنەماڵانەش پێکەوەدەژین و لەخۆشی و ناخۆشیدا هاوکاری یەکتری دەکەن, چەندین کەسێتی دیار و پیاوماقووڵی سەردەمی خۆیان لەم گوندەدا هەڵکەوتوون, لەوانە (خەلیفە رەشیدی هاواری) کە پیاوێکی (دیندار, بەسەلیقە, خاوەن هەڵوێست) و خۆشەویستی خەڵك بووە, هەروەها (کوێخا تۆفیقی هاواری) کە لای هاوارییەکان بە (مامۆتۆفیق) بەناوبانگبووە, ناوبراو پیاوێکی (ئازا, خاوەن هەڵوێست, ژیر و بەسەلیقە, پزیشکی میللی) بووە, بەدرێژایی تەمەنی سەرقاڵی خزمەتکردنی خەڵکی و

چارەسەکردنی شکستەکانی لاشەیان بووە, چەندین کەسی لە کەمئەندامی و شکستی دەست و قاچیان ڕزگارکردووە.

هاوارییەکان شۆڕشگێر و قارەمانن, هاوکاری (شێخ ڕەشیدی عەبابەیلیٚ)یان کردووە لە بەرەنگاربوونەوەی سوپای ئینگلیز و گەورەترین داستانی قارەمانانەیان لە (دەربەندی ئەشکەهۆڵ)دا تۆمارکردووە, لەئەنجامی ئەو هەڵوێستەیاندا (هاوار) سووتێنراوە, هاوکات ژمارەیەکی زۆری خەڵکەکەی دەستگیرکراون و خراونەتە زیندانی کەرکووکەوە, لێرەدا پێویستە باس لەوەبکەین لە داستانی (دەربەندی ئەشکەدۆڵ)دا چەند کەسێك ڕۆڵی قارەمانانەیان گێڕاوە, لەوانە: (کوێخا تۆفیقی هاواری, حەمەعەلی بەیجانی ڕێشاوی, حەمەسەعید زەردۆیی), جەنگاوەرێکی هاواری بە ناوی (مارف ئەحمەد) کوژراوە و سوپای ئینگلیزیش (70) کوژراویان لەگۆڕەپانی جەنگەکەدا جێهیشتووە, یەکێکیان پلەی (کاپیتان) بووە.

لە شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێی گەلەکەماندا (هاوار) بەردەوام جێژووانی پێشمەرگە بووە, لەگەڵ ئەوەدا خەڵکەکەی هاوڕاز و هاوکاری شۆڕشەکان بوون, ژمارەیەکیشیان کادر و پێشمەرگە بوون, چەندین شەهیدی قارەمانیشیان بە کاروانی سەرفرازی گەلەکەمان بەخشیوە لەوانە شەهیدان: (کەمال هاواری, سەیفەدین هاواری, سەریاس هاواری).

پاش ئەوەی ڕژێمی لە گۆڕنراو هاوارییەکانی گواستووەتەوە بۆ کۆمەڵگەی زۆرەملێی (عەنەب) و گوندەکەیان بووە بە ناوچەی قەدەغەکراو, چەند کەسێکیان بەردەوام بە نهێنی هاتووچۆی هاواریان کردوە و ئاوی باخەکانیان دێراوە, کاتێکیش کە بە ناوی قەرەبووکردنەوەی زەرەر و زیانەوە پارەیداوە بە خەڵکانی ناوچە ڕاگێزراوەکان, ژمارەیەکیان بە هیچ شێوەیەك قایلنەبوون پارە وەربگرن, دیارە ئەوەش بەڵگەیەکی گەورەی نیشتمانپەروەرییانبووە.

سەرچاوەی بژێوی هاوارییەکان بە شێوەیەکی گشتی بریتین لە: (باخداری, بنێشتکردن, ئاڵوویردکردنی سەرسنوورە) و ژمارەیەکیشیان کارمەندی فەرمانگە دەوڵەتییەکانن, ئێستا زۆربەیان لە (کۆمەڵگەی عەنەب) نیشتەجێن و چەندین خێزانیشیان لە (هەڵەبجەی تازە, سلێمانی) و شوێنەکانی تردا دەژین, بەڵام هاوینان زۆربەیان بنەباخ دەبەنەوە باخەکانیان و لە ساباتییاندا دەحەوێنەوە.

هەر ئەوە ماوە بڵێین هاوارییەکان بە شێوەیەکی گشتی باوەڕی پتەویان بە ڕابەرەدینییەکانی خۆیان و ئەو کەسانەش هەیە کە خۆیان بۆ خزمەتی کاروباری دینی ڕێوڕەچەکەیان تەرخانکردووە, ڕاز و بەسەرهاتەکانی ئەو کەسانە بە لایانەوە پیرۆزن و زۆربەیان بە (پەرجوو=موعجیزە) لە قەڵەمدەدەن, لەم بوارەدا باس لەوە دەکەن گوایا لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا یەکێك لە (سەرسپەردەگان)ی کاکەیی بە ناوی (دەروێش حەبیب) لە ناو کاکەیەکانی ئێرانەوە هاتووەتە (هاوار) و چەند ساڵێك لە ناویاندا ماوەتەوە, ناوبراو لەو ساڵانەدا هەم وەك کەسێکی دینی و هەم وەك پزیشکێکی میللی کاریکردووە, لە گژوگیای ناوچەکە دەرمانی جۆروجۆری درووستکردووە و چەندین نەخۆشی چارەسەرکردووە, سەرپەرشتی درووستکردنی (جەمخانە)کەی هاواری کردووە و لە ڕووی مادیشەوە کۆمەکیکردووە, لە بواری پێشبینیکردندا چەند شتێکی سەیری لێوەدەگێڕنەوە, بۆ نموونە دەڵێن: جارێکیان

بزنێکی کابرایەکی هاواری دزراوە و بۆ دۆزینەوەی پەنایبردووە بۆ (دەروێش حەبیب)، ئەویش ناوی دزەکەی بۆ ئاشکراکردووە و هاوکات ناردوویەتی بە دوایدا بۆ ئەوەی پێیبلێت بزنەکە بداتەوە بە خاوەنەکەی، کاتێك بزن دز هاتووەڕوو سەرەتا نەچووەتە ژێرباری دزیەکەی، بەلاّم کە زانیویەتی سوودی نیە ناچار بڕیاریداوە بزەکە بداتەوە بە خاوەنەکەی، بە (دەروێش حەبیب)یشی وتووە: ئەمە دواجارت بێت لە گەڵمدا ئەگینا شەوێك سەرتدەبڕم، دەروێش لە وەلاّمدا پێیوتووە: بریا تۆ سەرتبڕیمایە چونکە دواجار من هەر سەرمدەبڕن، ساڵی (1961ز) پێشبینییەکەی هاتووەتەدی و لە مەزاری (شائیبراهیمی ئێوەت) کە یەکێکبووە لە (حەوت تەنی جاویدان)ی سەردەمی ژیانی (سان سەهاکی بەرزنجی)، لە لایەن زیرگەوانی ئەو مەزارەوە سەربڕدراوە.

## گوندی دشە مەڵبەندێکی دێرینی نیشتەجێبوونە

گوندێکی دێرینی (هەورامانی لهۆن)ە و لەرووی ئیدارییەوە سەر بە ناوەندی قەزای (پاوە)یە لەسنووری پارێزگای (کرماشان)دا، دەربارەی ناوەکەی بۆچوونێك هەیە دەڵێت: پاش هێرشەکەی ئەسکەندەری مەکدۆنی ناوچەکە زیاتر لە (150)ساڵ لەژێر دەسەلاّتی یۆنانییەکاندا بووە و پاش ئازادکرنی ئەو یەهودییانەی (بەخت نەسر) بە دیلی هێناونی بۆ بابل، (42360)کەسیان لە گەڵ (7337) خزمەتکار و کارەکەریان و (200) گۆرانیبێژ کە لە گەڵیان بوون گەڕاونەتەوە بۆ (ئۆرشەلیم و یەهودا) و شارەکانی تر، بەلاّم ژمارەیەکیان نەگەڕاونەتەوە و بەولاّتی ئێراندا بلاّوبوونەتەوە و چەند خێزانێکیان لە هەوامانداا نیشتەجێبوون، لەوە ئیتر چەندین ناو و دەستەواژەی یۆنانی و عیبری لە ناو شێوەزمانی خەڵکی ناوچەکە جێگیربوون، یەکێك لەو ناوانە (تشی، تشەن)ە کە بە واتای (پەرستگە= شوێنی پەرستنی خواوەندەکان) دێت.

(دشە) شوێنی نیشتەجێبوونی زەڕدەشتییەکان بووە و ژمارەیەك لە (مووبدەکان)ی زەردەشتی تێدا ژیاون و تا ئێستاش شوێنەواری ئاتەشگەی زەردەشتی تێدایە.

(دشە) گوندێکی سەیدنشینە و (ئایەتولاّ مەردۆخ) پێیوایە (سەیدەکانی دشە) بە رەچەڵەك دەچنەوەسەر (پیر یوونس کوڕی پیر ئەلیاس کوڕی پیرخدری شاهۆ)، بەلاّم دشەییەکان خۆیان دەڵێن گوایا رەچەڵەکیان دەچێتەوەسەر (سەی مەحموودی ئەصفەهانی) کە لە نەوەی (ئیمام جەعفەری صادق) بووە.

چەند شوێنەوارێك لەم گوندەدا هەن کە لە رووی مێژووییەوە بایەخ و گرنگی خۆیان هەیە و گەواهی ئەوەدەدەن ئەم گوندە شوێنی نیشتەجێبوونی دێرین بووە، لەوانە: (قەلاّی پاسگە، گەنجگا، شوێن پێی ئەسحابە، مزگەوتی دشە)، ئەم مزگەوتە بە فەرمانی عەبدولاّی کوڕی عومەری کوڕی خەگاب درووستکراوە.

(دشە) مەڵبەندێکی گەورەی دینداری بووە، چەندین گەورە پیاوی دیندار لەم گوندەدا ژیانیان گوزەراندووە، وەك بنەماڵەی موفتییەکان، هەروەها ژمارەیەك لە شاعیران و زانایانی دشەیی شاسواری ناو کاروانی رۆشنبیری کوردی بوون، هەر بۆنموونە ناوی چەند کەسێکیان دەهێنین:

(مەلا مەحموودی دشەیی, مەلا عەبدولاَی دشەیی, د.محەممەدصدیقی موفتی زادە), هەر لەم رووەوە ئاماژەبەوەدەکەین مەزار و نشینگەی چەندین دیندار و ئاییناسیگەورەی سەردەمی خۆیان لەم گوندەدان لەوانە:

1-مەزاری مەلامەحموودی موفتی زادە= مەلا مەحموودی دشەیی.

2-مەزاری شێخ حەبیبولاَی نەقشبەندی-زۆربەی خەڵکی جوانڕۆ موریدی ئەم زاتەبوون.

3-مەزاری شێخ شەهاب-خەڵکی خانەگا بە تێکڕایی خۆیان بەموریدی دەزانن.

هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە مەلادیارەکانی کوردستان لەم گوندەدا و لەژێردەستی زانا ئایینییەکانی دشەیی خوێندوویانە.

ژمارەی خانووەکانی (دشە) لە (400) خانوو زیاترە و (دانیشتوانەکەشی (3000) هەزار کەسن, سەرچاوەی بژێویشیان بریتییە لە (ئاژەڵداری, باخداری, کاسبیکردن, بنێشتکردن), ئاژەڵدارەکانیان سالاَنە بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان دەچنە هەوارگەکانی هاوینەیان وەك: (سیاسەر, دەرەتفیَ, مەرەسیاوە, هێلاو), دەوترێت ناوی (هێلاو) لە ناوی (هێلین)ی یۆنانییەوە هاتووە و لەبەر ئەوەی شوێنەکەی زۆر بەرزە, یۆنانییەکان بۆ ئەستێرەناسی چوونەتە ئەویَ.

چەندین سەیرانگەی رەنگین لە دەوروبەری (دشە)دا هەن وەك: (هانەکوان, هومان) کە خەڵکان بەمەبەستی سەیرانکردن روویانلێدەکەن.

یە کێك لە رۆشنبیرە هاوچەرخەکانی (دشەیی) بە ناوی (مامۆستا رەفعەتی موڕادی), بەزمانی شیعر هاتووەتە گوفتار و بەم شێوەیە باسی گوندەکەی خۆی کردووە:

رویَ جە روان پەی شەرح ئەحوالَ جە دشەی کۆنم من کەردم سوال

واتم ئەی ئازیز نام و نیشانت شەرحۆ حالۆ وێت بارە سەر زوانت

جوابش داوە پیری کۆهەن سالَ واتش ئەی رەفیق خەستەی پەشێو حالَ

من نامم (دژەن) مەشهوور بە (دشە) پەی فەتح ئەمن جەنگ بیَ هەمیشە

پاسگەی مەشهوور و قەلاَی موڕادم شاهیدی زیندەن پەی شەرح یادم

هەرکەس فاتح بیَ جە دوو قەلاَی من ریشەی دوژمنان بەر ئاریَ جەبن

راگەی تجارەت عێراق و ئێران جەمن ویەریَ (قدیم الزمان)

ئاوم فراوان باخاتی پڕ بەر مێوەی ڕەنگاوڕەنگ ماوەرۆ سەمەر

هەوای گەرم و سەرد کویستان و گەرمیان چوار فەصڵی وەش خەڵاتم کریان

دار و درەخت و چیا و هەرد و کۆ کێ هەن پێسە من خەڵات کریابۆ؟

هانەی (هانە کوان), هەم سەر تاوێران هەر راگوزەرێ پێش مەبۆ حەیران

هانە و (دەرەتفێ) جە وەهارەنە مەشهوور بێ دڵێ هاوارانەنە

کۆچێ لوێنێ روو بە (سیاسەر) هەواری پڕ ئاو پڕ باخ و سەمەر

(هێڵاو) هەوارگەی بەرزە هەواران (بەران شاخ)ی سەوز نەزرگای یاران

(بەرۆژ) و (شەرگە), یا (کەلە قەندی) هەرچن وەشسشا بە وێشا نەدی

ئا کەشە بەرزێ ماوا و صەیادان جیاتی وەشی بیە یاگێ خەمان

موفتیانی زانا خاوەن عیلمم بێ شێخی تەریقەت راگەی دینم بێ

رۆڵە وەسیەتم یاونە بە یاران ئینەن شەرتۆ من پەی وەفاداران

دار و درەختم قەل و قەم نەبۆ لاشەم زامدار و باڵام ڕێش نەبۆ

هەوارم هاڵی و بێ کۆچەر نەبۆ باخاتم بێ ئاو بێ سەمەر نەبۆ

خەڵکم پەرێشان سەرگەردان نەبۆ دڵشان جە یەکتری نیگەران نەبۆ

بەڵێ ئازیزم یە حاڵی من بێ داستانی تەڵخ و شیرینی من بێ

ئاگرێ وەر بی حوجرەی دەروونم حاڵم بی پەشێو پەی (دشە)ی کۆنم

واتم زێدی من دنیا دەورانەن گا خەنەبەندان گاهێ گریانەن

ئارۆ وەی تەورەن چەرخی زەمانە دڵ چەنی دڵدار کریان بێگانە

کۆچێ نەمەنێ هەواران بی چۆڵ جیای سەیرانگەی بیەن خاك و خۆڵ

نەسەدای شمشاڵ نە سیاچەمانە دەنگشا نەمەنەن جە سەرکەشانە

(مەڕە سیاوە)، (تاڵگە و هومان) شادی و وەشیشا جە دەسما لوان

(هێلاو)، (بەران شاخ)، (شەرگە و سیاسەر) هەوارنشینیٚ گرد بییٚ دەربەدەر

یاخوا هەر کەسیٚ ئینەش کەرد بە تۆ لیلاویش لیٚڵ بۆ، چەمانش کۆر بۆ

بەش سەروچێر بۆ چەرخ و زەمانەش (بایەقوش) وانۆ جە ماوا و یانەش

بەڵکو دەوریٚ تەر دەورانو تۆ بۆ (دشە)م ئاوابی و شادی بەشت بۆ

(رەفعەت) بە موراد گێڵۆ سەرکەشان وانۆ سروود پیٚ بە ئاهەنگشان

بێساران زیدی بێسارانی و گەورە زانایانە

یەکێکە لەگوندە دێرینەکانی (هەورامانی ژاوەرۆ)، نزیکەی (30) میل لە شاری (سنە)وە دوورە و کەوتووەتە باشووری خۆرئاوای ئەو شارەوە، دەربارەی ناوەکەی دوو بۆچوون هەن، ئەوانەی لەسەر بۆچوونی یەکەمن پێیانوایە لە بەر ئەوەی ناوچەکە شاخاوییە و هیچ تەختاییەکی تێدا نییە پێیوتراوە (بێسارایی)، ئاشکرایە خەڵکی هەورامان بەتەختایی دەڵێن (سارایی)، بەم پێیە ناوەکە لە (بێسارایی)یەوە هاتووە.

ئەوانەش لەسەر بۆچوونی دووەمن دەڵێن: لەبەر ئەوەی خەڵکی گوندەکە بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەلایەن نوێنەری سانەکانی هەورامانەوە و هەندێکجاریش لەلایەن نوێنەری حوکمڕانەکانی ئەردەڵانەوە حوکمکراون، ئەو نوێنەرانەش خەڵکی گوندەکە نەبوون، بە واتا خۆیان سەرداری خۆیان نەبوون ، بۆیەپێدەچێت ناوەکە لە (بێسەرداران)ەوە هاتبێت.

چەند شوێنەوارێك هەن دڵنیایدەدەن کە (بێساران) مێژوویەکی دێرینی هەیە لەوانە:

1-قەڵای دارسەیران: ئەم قەڵایە وا بەشوێنێکی بەرزاییەوە و لە درووستکردنیدا (قسڵ و جۆرە قوڕێکی تێکەڵ بە موو) بەکارهێنراون کە پێکەوە وەك کۆنکرێتیان لێهاتووە، لە کانییەکی بەرزەوە بە جۆرە بۆرییەك کە لەخۆڵی سووری سوورەوکراوە درووستکراون ئاوی بۆ راکێشراوە، زۆرجار لە دەوروبەری قەڵاکەدا شتی کۆنی گرانبەها لەلایەن گوندنشینەکانەوە دۆزراونەتەوە و فرۆشراون، دواجار بەمەبەستی پاراستنی شوێنەوارەکانی ئەم قەڵایە دەسەڵاتدارانی ئێرانی دەستیانگرتووە بەسەریدا.

2-قەڵای میرحاج: ئەم قەڵایە دەکەوێتە بەرامبەر خۆرنشینی قەڵای (دارسەیران)، سیٚ بەردی زۆر گەورە و تەخت و سپی لەناو قەڵاکەدان، دارقەزوانێکی گەورەش بەسەر مەزارەکەی (میرحاج)ەوەیە، دەربارەی ئەو بەردانە و دار قەزوانەکە، (مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی) دەڵێت: تەمەنی ئەو دارە زیاتر لە هەزار ساڵە و پێدەچێت ئەو سیٚ بەردەش لە شوێنی ترەوە هێنرابن، چونکە لەو ناوچەدا هیچ جۆرە بەردێکی تری وەهای لێنییە.

لەدەوروبەری (بێساران)دا چەندین نشینگە و مەزاری پیاوچاکان هەن, خەڵکی ناوچەکە زۆر باوەڕیان بەسەردانی ئەو شوێنانە هەیە و بەمەبەستی رزگاربوون لە نەخۆشی رووپانلێدەکەن, لەوانە:

1–مەزاری باواشێخ: خەڵکی ناوچەکە باوەڕیان وایە ئەو ژنانەی منداڵیان نابێت ئەگەر بچنە سەر ئەم مەزارە, پاش ماوەیەکی کەم دووگیاندەبن و منداڵیاندەبێت.

2–مەزاری پیرمحەممەد: بەمەبەستی رزگاربوون لەهەموو جۆرە نەخۆشییەك.

3–مەزاری حاجی ئاڵی: بۆرزگاربوون لە نەخۆشی (لەرز و تا), هەورامییەکان بەم نەخۆشییە دەڵێن (سێبەڕۆ).

4–هانەوا: بۆرزگاربوون لە نەخۆشییەکانی (ئاوسان) و (ژان و با=رۆماتیزم).

ژمارەیەکی زۆر مەلای گەورە و زانای ئایینی ناودار لەم گوندەدا هەڵکەوتوون, بۆنموونە ناوی چەند کەسێکیان دەهێنین وەك:

(مەلا عەلی بێسارانی, مەلاحامیدی کاتب, شێخ سەلامی بێسارانی, مەلائەحمەدی بێسارانی, مەلا مستەفای بێسارانی=بێسارانی شاعیر), پێویستە ئاماژەبەوەبکەین (مەلا ئەحمەدی بێسارانی) باوکی (بێسارانی)شاعیرە و هەموو نەوەکانی (مەلا)بوون, بەرەی (قازی جوانرۆ)ش هەر لەنەوەی ئەم زاتەن.

خەڵکی بێساران بەشێوەیەکی گشتی بەسەر چەند تیرەیەکدا دابەشدەبن بەم ناوانە:

(تیرەی عەلی رەمایی, تیرەی یاقووبی, تیرەی غولامەیسی, تیرەی پیرەیی, تیرەی باسامی, تیرەی زەبیحی, تیرەی ئەلیاسی, تیرەی بێسارانی, تیرەی ئیمامزادە= سەیدەکانی بێساران, هۆزی وەستا باوە), دەوترێت (وەستا باوە) یەکێك بووە لەو یەهودییانەی هاتوونەتە ناوچەکە و تێیدا نیشتەجێبوون.

پاڵەنگان رازێکی گەورەی لە مێژووی گەلەکەماندا هەیە

دەکەوێتە خاکی (ژاوەرۆ) و لە پەنای چیای سەربەرزی (شاهۆ) دایە, ماوەیەکی زۆر شارێکی گەورە و مەڵبەندی میرایەتی بووە, ژمارەیەك دەسەڵاتداری دیاری سەردەمی خۆیان حوکمڕانیان تێداکردووە, کۆنەشاری (پاڵەنگان) لەشوێنێکی سەختدا دروستکراوە ودەوروبوری ئەوشوێنەچەند کانیاوێکی تێدایە, ئاوی کانیاوەکان کە کۆدەبێتەوە ئەوەندە زۆرە کاتی خۆی حەوت پردیان لەسەری دروستکردووە بۆ ئاسانکردنی هاتووچۆ.

چەندین شوێنەواری کۆن لە پاڵنگاندا هەن وەك (گەڕەکی خومخانە, مووسایان, شوێنی گەرماو, شوێنی کۆنەبازاڕ وشووورای شارەکە), هەروەها ئەودەروازە بەردینەی کەبۆ هاتووچۆی ناو قەڵاکە بەکارهێنراوە و قولەکانی دەوروبەری شار.

(میرەکانی پاڵنگان) لەسەردەمی خۆیاندا حوکمی شەش قەڵایان کردووە بەم ناوانە:

1-قەڵای دێودزە, دێودز لە ئێستادا گوندێکە بەناوی( دێوەزناو).

2-قەڵای مرواری, مرواری لە ئێستادا گوندێکە دەکەوێتە پەنای (ملەمرواری) و لەنێوان ( بێڵەوار و ژاوەڕۆدا)یە.

3-قەڵای یەمەن, ئێستا گوندێکە بەناوی (یەمێنان).

4-قەڵای نشوور, نشوور ئێستا گوندێکە دەکەوێتە پەنای چیای (عەودالان), سەعاتێك بەپێ لە قەڵای (نشوور)ـەوە دوورە.

5-قەڵای کێڵانە, ئێستا گوندێکە بە هەمان ناوەوە.

6-قەڵای دێزمان, ئەم قەڵایە دەکەوێتە لای سەرووی (ژاوەڕۆ)وە, لەنێوان (هۆیە) و (ئەوێهەنگ)دایە, ئێستا پێیدەوترێ (دێزملی).

ئەم قەڵایانە کە ناومانهێنان هەموویان سەر بە (میرایەتی پاڵەنگان) بوون, دەربارەی میرە بەناوبانگەکانی(پاڵەنگان) ,(شەرەفخان بەدلیسی) لە کتێبی (شەرەفنامە)دا ناوی چەند کەسێکیانی هێناوە لەوانە:

1-(میر غەیبولا) لەبارەی ئەم میرەوە نووسیویەتی: میرێکی پیاو چاك و خواناس بووە, دەسەڵاتێکی زۆری هەبووەو هەمووقەڵکانی دەورووبەری خستوونەتە ژێر فەرمانییەوە, سەرەتا لەژێر فەرمانی (شائیسماعیلی صەفەوی)دا بووە.

2-(میرمحەممەدی کوڕی میر غەیبولا), لەلایەن (شاتاماسب)ـەوە کراوە بە حوکمڕانی (پاڵەنگان), پیاوێکی (زانا, دانا, ئەدەبدۆست) بووە, دیوەخانەکەی هەمیشە کۆڕی ئەدەب و شیعر بووە, مزگەوت و خوێندنگەی ئاینی لە(پاڵەنگان)دا درووستکردوون, (مەلاجامی) کردووەبە مامۆستا و سەرپەرشتیاری خوێندنگەکە, تائێستاش شوێنەواری مزگەوتەکە ماوە.

3-(میر محەممەد), زۆر لە (شاتاماسب)ـەوە نزیکبووە, بەجۆرێك کچێکی بووە بە هاوسەری شا.

4-(میرئەسکەندەر), تەنها ساڵێك حوکمیکردووە.

لێرەدا پێویستە باس لەوە بکەین (میر حسێن تەکلۆی میری دینەوەر) پاش ئەوەی هەواڵی مردنی( میر ئەسکەندەر)ی بیستووە, بەلەشکرێکی زۆر گەورەوە هاتۆتە سەر(پاڵەنگان) و داگیریکردووە, ناوچەکەی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە, (حسێن تەکلۆ) کەسێکی ستەمکارو خوێنڕێژ بووە, تەنانەت براکانی خۆی لێیترساون, (سوڵتان حەسەن تەکلۆ)ی برای لەترسی ئەودا ڕایکردووە و پەنای بۆ لای (مەحمود پاشای کوڕی شەمسیپاشای میریمیرانی شارەزوور) بردووە, پاش مردنی(شائیسماعیلی دووەمیصەفەوی), (وەلیخان تەکلۆی میریهەمەدان) پاڵەنگانی

داگیرکردووە، (سۆلاغ حسێن تەکلۆ)ی کوشتووە، لەگەرمەی هێرشەکەی (وەڵیخان تەکلۆ)دا بۆ سەر (پاڵەنگان)، (مەحمود پاشای میریمیرانی شارەزوور) هێرشی کردووەتە سەر ناوچەکە و گرتوویەتی، ئیتر لەو کاتەوە (میرایەتی پاڵەنگان) لەلایەن عوسمانییەکانەوە هەر کاتێك دراوە بە کەسێك، بەتایبەت بەو کەسانەی کە لەبەرژەوەندی ئەواندا هەڵسووڕون و هەمووشیان بەناوچەکە بێگانە بوون.

گوندی دەمەیەو جانولاَّبەگ ئاوەدانی کردووەتەوە

گوندەی دەمەیەو یەکێکە لە گوندەکانی هەورامانی (تەخت) و پیشتر شوێنەکەی هەوارگە بووە، سنوورەکەی لە خۆرهەلاَّتەوە (دەربەنە، سەکۆی سان، عەودالاَّن و پیرڕۆستەم)، لە خۆرئاواوە (قەلاَّی بروسکە، مەیدان) لە باکوورەوە(کێوی زەڕە)، لە باشوورەوە (کەڵی دڵی و کەماجەڕو وەزەرا)ن، دەربارەی ناوەکەی خەڵکی گوندەکە دەڵێن: لەبەرئەوەی گوندەکەیان لە شوێنێکی کەم ئاودایە و زۆربەی بەرهەمی کشتیاری بریتیە لە (جۆ)، ئاشکرایە لە شێوەزمانی هەورامیدا بە (جۆ) دەوترێت (یەو)، بۆیە پێدەچێت ناوەکە لە (دێمە یەو=دێمەجۆ)ەوە هاتبێت و پاشان کورتکرابێتەوە بۆ (دەمەیەو).

سەرەتاکانی ئاوەدانکردنەوەی ئەم گوندە بۆ نزیکەی سەد ساڵێك لەمەوبەر دەگەڕێتەوە، کاتێك کە (جانەلاَّبەگ) لە ئەنجامی ناکۆکی و کێشمەکێشی نێوان کوڕەکانی و ئامۆزاکانییەوە واتە کوڕەکانی (برزووم بەگ)، (بارام ئاوا)ی داوە بە کوڕەکانی و خۆی هاتووە (دەمە یەو)ی ئاوەدانکردووەتەوە، دەربارەی کونترین شوێنەواری مێژوویی لە ناوچەدا (مامۆستا محەممەد ئەمین هەورامانی) دەڵێت: توولە رێیەك هەیە پێیدەوترێت (ڕێی تەبەرلەنگ)، هەندێك پێیانوایە ئەم ناوە لە بنەڕەتدا (ڕێی تەیمووری لەنگ)بووە و ناوبراو لەکاتی لەشکرکێشییەکەیدا بۆ ناوچەکە بەو ڕێیەدا گوزەریکردووە، هەروەها شوێنێك هەیە پێیدەوترێت (کەلوتاقی=کەڵی تاق)، یەکێك لە بەگزادەکانی ناوچەکە بەناوی (حامید بەگی کوڕی جانەلاَّبەگ) وتوویەتی: ناوی (کەڵی تاق) لەوە هاتووە چەند خانوویەك لەو شوێنەدا لە سەر شێوەی (تاق) درووستکراون و دارەڕانەکراون، ئەو خانووانە نزیکەی (40) خانوویەك دەبن و هەر ژوورێکیان (4) کەس تێیدا جێیاندەبێتەوە، (حامید بەگ) لە درێژەی قسەکانیدا باسی لەوەکردووەچەند ناوێکی تەر هەن لە ناوچەکەدا پێشینەیەکی مێژووییان هەیە وەك: (هەردی جیهانشا، پلەی جیهانشا، زەوی جیهانشا، ئاوەڕۆی پیشالیار).

ئەم گوندە هەندێك چەم و دۆڵی تێدایە بەم ناوانە:

1-دەرۆ هۆشو ئاساوی=چەمی حەوشەی ئاش

2-دەرۆ باخو میرا=چەمی باخی میران

3-دەرۆ مووسالەی=چەمی مووسالە

4-دەرۆ دەربەنی=چەمی دەربەند

هەروەها چەند کانییەك لە ناو گوندەکە و لە دەوروبەریدا هەن وەك:

1-هانۆ جانەڵابەگی=کانی جانەڵا بەگ

2-هانۆ ژەنا=کانی ژنان

3-هانۆ میرانی=کانی میران

5-هانۆ باپیری=کانی باپیر

6-هەسارۆ شێخی=ئەستێڵی شێخ

7-کارێز و بێڵوە چەرمێ= کارێزی بێڵوە سپی

8-هانۆ جەمیلی=کانی جەمیل

9-هانۆ حەمەرەحیمی= کانی حەمەڕەحیم

10-هانۆ مزگی= کانی مزگەوت

سەرەڕای ئەو هەموو بەسەرهاتانەی لە رووە جیاجیاکانەوە بەسەر خەڵکی ئەم گوندەدا هاتوون, کەچی رووداوێك هەیە هەمیشە لە یادەوەری خەڵکەکەدایە و تا ئێستاش ئەوەی رووبکاتە (دەمەیەو) ئەو رووداوەی بۆ دەگێڕنەوە, کورتەی ئەو رووداوەش بەم شێوەیە بووە: یەکێك لە کوڕەکانی (جانەڵا بەگ) بە ناوی (حەمەڕەشید بەگ) لەگەڵ ژمارەیەك لە خەڵکی گوندەکەدا چوون بۆ راو بۆ (دەربەند کەڵەوێ), لەوێ لە توولەرێیەکی زۆر سەختدا تووشی ورچێك بوون, (حەمەڕەشید بەگ) فیشەکێکی پێوەناوزە و برینداری کردووە, ئەوانەی لە گەڵیدا بوون بە جۆرێك دەوری ورچەکەیانداوە هیچ رێگەیەکی دەربازبوونی نەبووە, (حەمەشەریف بەگ)یش زۆر لێیچووەتەپێشەوە و بەتەواوی لێینزیکبووەتەوە, کاتێك پیرە ورچ زانیویەتی دەربازبوونی مەحاڵە خۆی کردووە بە خەوتوو, هەتاکو لە پڕ پەلاماری (حەمەشەریف بەگی) داوە, تفەنگەکەی لەدەستسەندووە و لەو شاخە هەزار بەهەزارەوە فڕێداوەتە خوارەوە و هەپروون بە هەپروون بووە.

رەمەزانی هەورامان

شتێکی ئاشکرایە (رۆژوو) یەکێکە لەو ئەرکە سەرەکییانەی خودای گەورە لەسەر بەندەکانی خۆی دایناون و تایبەت نییە بە دینێك, یاخود رێوڕەچەیەکی دینی دیاریکراوەوە, گشت دینە ئاسمانی و ئینسانییەکان رۆژووی تایبەتی خۆیان هەیە, هەر بۆنموونە (هیندۆسی و بودائییەکان رۆژووی خۆیان هەیە و پێیانوایە ئەو رۆژووەیان هەوڵدانێکە بۆ پاکژبوونەوەیان لە تاوان و خراپەکاری, شوێنکەوتوانی دینی عیسایی رۆژووی خۆیان هەیە و بەدرێژایی ماوەی

به ڕۆژووبوونیان خوداپەرستی تایبەت بە خۆیان دەکەن و خۆیان دووردەخەنەوە لە خواردن و خواردنەوە, لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی (ڕۆژوو) خۆی لە خۆیدا هەوڵدانێکی مرۆڤە بۆ بەدەستهێنانی ئەو هێزەی مرۆڤ بە گەورە و باڵادەستی دەزانێت, دیارە ئەو هێزەش لای شوێنکەوتووانی دینە ئاسمانییەکان خودایەکی تاك و تەنیایە, لای خەڵکی تریش خواوەندەکان و هێزە شاردراوە و ئەفسووناوییەکانن, شتیکی ئاشکرایە دینی ئیسلام وەك دوا پەیامی خودایی بۆ بەندەکانی هەر وەك لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: (الیوم اکملت لکم دینکم واتممت علیکم نعمتی ورچیت لکم الاسلام دینا), بە جۆرێکی جیاواز و باڵاتر لە گشت دینەکانی پێش خۆی چوارچێوەی گشتی و وردەکارییەکانی ڕۆژووگرتنی دیاریکردوون, ماوەکەشی بەیەك مانگ دیاریکردووە ئەویش مانگی (ڕەمەزان)ـە.

مانگی ڕەمەزان یەکێکە لە مانگە پیرۆزەکانی ساڵ و لای موسڵمانان گەورەیی خۆی هەیە, چونکە مانگی (بەڕۆژووبوون و خوداپەرستی و بەدەستهێنانی ڕەزامەندی خودای گەورەیە), ئەم مانگە پاش مانگی (شەعبان) دێت کە خەڵکی هەورامان پێیدەڵێن (کوڵە مانگ), لە سەر ڕۆشنایی قورئانی پیرۆز کە دەفەرمێت: (فمن شهد منکم الشهر فلیصمه), یەکەم ڕۆژی ئەم مانگە بە دیتنی مانگ دیاریدەکرێت, هەر لەسەر ڕۆشنایی قورئانی پیرۆز بۆماندەردەکەوێت کە قورئانی پیرۆز لەم مانگەدا بۆ (حەزرەتی محەممەدی کوڕی عەبدوڵڵا د.خ) هاتووەتەخوارەوە, لەم بوارەدا خودای گەورە فەرموویەتی: (انا انزلناه فی لیله القدر وما ادراك ما لیله القدر لیله القدر خیر من الف شهر).

مانگی ڕەمەزان لە سەرانسەری دنیای ئیسلام ڕێوڕەسمی خۆی هەیە, هەر لە (هەستان بۆ پارشێو, ئامادەکردنی خواردەمەنی و بایەخدان بە فرەجۆریان, سەرقاڵبوون بە بەجێهێنانی ئەرکە دینییەکانەوە بیگرە, هەتاکو گلێربوونەوە لە چایخانە و شوێنە گشتییەکان و بەسەربردنی چەند کاتێکی خۆش بە هەندێك لە یارییە میللییەکان ...هتد), ئەمانەی باسمانکردن جۆشوخرۆشێکی زۆر دەدەن بەم مانگە و چێژێکی تایبەتی دەدەنێ.

سەبارەت بە ناوچەی هەورامانیش مانگی ڕەمەزان تێیدا تایبەتمەندییەکی گەورە و مانا و چێژی خۆی هەیە, بێجە لەوەی مانگی بەڕۆژوو بوون و خوداپەرستییە, مانگی (تێکەڵاوبوون, هاوکاریکردن و بەتەنگەوەهاتن)ی یەکترییە, ڕێورەسمەکانی بەسەربردنی مانگی ڕەمەزان لە هەوراماندا بوون بەبەشێك لە کولتووری خەڵکی ناوچەکە و شوێنێکی دیاریان لە یادەوەرییەکانیاندا هەیە.

پێشتر هەموو خێزانێکیان هەر چەند ڕۆژێك پێش ڕەمەزان خۆیان بۆ پیشوازی ئەم مانگە ئامادەکردووە, زانیویانە جیرەی مانگی ڕەمەزان لە جیرەی مانگەکانی تر جیاوازە و قورسایی لەسەر گیرفانیان درووستدەکات, بۆیە پێشوەخت بودجەی پێویستیان بۆ ئامادەکردووە, زۆر بەپەرۆشەوە چاوەڕوانی یەکەم شەوی ئەم مانگەیان کردووە و زۆریش مەبەستیبانبووە بەلایانەوە دیاربێت, پێشتر مەلای گوندەکان و ئەوانەی پێیانوتراوە (حیسابۆگیر=حیسابگر) لە دیاریکردنی یەکەم شەوی ڕەمەزان و یەکەم شەوی جەژنەکەشیدا ڕۆڵی گەورەیان گێڕاوە و هاوکات خەڵکەکەش خۆیان بە وریاییەوە چاودێری مانگیان کردووە, پاشان کە ڕادیۆ گەیشووەتە گوندەکان ئیتر ئەم کارە بۆیان ئاسانبووە و زیاتر لەڕێی گوێگرتنەوە بۆ ڕادیۆ زانیویانە یەکەم شەوی ڕەمەزان کەی دەستپێدەکات.

خەڵکی هەورامان زۆریان بەلاوە گرنگبووە پارشێوبکەن, واتە (لەکاتی پارشێودا لە خەو هەستن و خواردن بخۆن), خواردنەکانی پارشێویش زیاتر بریتیبوون لە (گێتە مەژگێ= کولێرەی بەکاکڵە ناواخنکراو, ناوساجی, خورماو رۆن, نان و ماست) و بەپێچەوانەی خەڵکی هەندێك ناوچەکانی تر, لەپارشێودا کەمتر شلە و برنجیان خواردووە, بەڵام سفرە وخوانی ئێوارانیان هەمیشە قەڵەباڵغ بووە و جۆرەها خواردنی لەسەر بووە, هەر لەشۆربا و شیرینییەوە بیگرە هەتاکو (شلە و برنج بەگۆشتەوە, یاپراخ, شفتە, کفتەشۆربا) و چەندین خواردنی تر کە بەپێی حەزی خێزان رۆژانە ئامادەکراون, ئەمە بێجگە لە (ترشیات, تەرەسان, میوە, سەوزە, دۆ, ماستاو) کە بە پێی وەرزەکانی ساڵ لە سەر سفرە ئامادەبوونیان هەبووە, چایی لە رەمەزاندا گرنگی خۆی هەبووە و لە پارشێو و ئێواراندا خوراوەتەوە, ئێواران پێش ئەوەی دەستبکەن بە خواردن چاییەکی شیرینیان بە پارچەیەك ناوساجییەوە, یان گێتەمەژگەوە, یاخود هەر بە تەنها خواردووەتەوە, ئینجا دەستیانکردووە بە خواردنی نانی ئێوارە.

ئەوانەشیان لە مزگەوتەکاندا نوێژی ئێوارەیان بە جەماعەت کردووە, هەر لە مزگەوتدا رۆژووەکەیان بە شیرینی وەك: (نوقڵ, چکلێت, لوقم,هەنجیری وشك, خورما),یان بە خواردنی وەك: (کولیچە, ناوساجی), یان هەر شتێکی تر لەبەردەستدابووبێت شکاندووە و پاش نوێژکردنیش گەڕاونەتەوە ماڵەوە بۆ سەر سفرەی نانی ئێوارە, پاش خواردنی نانی ئێوارە و کەمێك پشوودان (پیاوان, هەرزەکاران و مێرد منداڵان), رووە و مزگەوتەکان و خانەقاکان کەوتووەنەتەڕی و کەرەسێڵیانبەستووە بۆ تەراوێحکردن, ئەوانەی چوون بۆ نوێژی (تەراوێح) لەوسەرەوە بەگیرفانی پڕ لە (گوێز, مێوژ, هەنجیری وشك), یان هەرچی شتێکی تر کە هاتبێتە مزگەوت و خانەقاوە گەڕاونەتەوە ماڵەوە.

پاش نوێژی (تەراوێح) هەرکەسێك بە پێی حەزی خۆی روویکردووەتە شوێنێك, ئیتر ئەو شوێنە چایخانە بووبێت, یان کۆڕی شەونشینی ماڵان بووبێت, ئەوانەی چوونەتە چایخانەکان هەندێکیان بە یاریکردنەوە و ئەوانی تریشیان بە کارکردن لە هەندێك لە پیشە دەستییەکاندا بە تایبەت (کڵاشچنین)ەوە سەرقاڵبوون, ئەوانەش ئامادەی کۆڕی شەونشینی ماڵان بوون, کاتی خۆیان بە (دەمەتەقێ, یاری میللی, گۆرانیچڕین)ـەوە بردووەتەسەر, هەندێك لە پیشەوەرەکانیش بە تایبەت (پێکەنەگیر, کڵاشکەر, کڵاشچن, جۆڵا)کان, وەك نەریتێکی کۆمەڵایەتی هەر شەوێك لە ماڵی یەکێکیاندا کۆبوونەتەوە, بەدەم دەمەتەقێ و گاڵتە و گەپ و گۆرانی چڕینەوە کارەکانی خۆیان کردووە, زۆرجار ئەم کۆڕی شەونشینییانە چ لە ماڵاندا و چ لە چایخانەکاندا هەتاکو پارشێو بەردەوامبوون, بۆ پارشێوکردنیش هەر کەسێك گەڕاوەتەوە بۆ ماڵی خۆی و لەگەڵ خێزانی خۆیدا پارشێوی کردووە.

شەونشینییەکانی ماڵان لە رەمەزانی هەوراماندا لێوانلێوبوون لە جوانی و دڵخۆشکەربوون بۆ ئامادەبوانیان, بەپێی وەرزەکانیش چەندین شەوچەرەیان تێدا خوراوە. (لە بەرگی یەکەمی ئەم کتێبەدا و لە باسی شەونشیندا لەم بارەیەوە قسەمانکردووە).

خەڵکی هەورامان زۆر بەلایانەوە مەبەستبووە لە رەمەزاندا نوێژەکانیان بە جەماعەت بکەن, لەم بوارەدا بەجەماعەتکردنی نوێژی عەسر زۆر بایەخی دراوەتێ, چونکە لە زۆربەی گوندەکاندا پاش نوێژی عەسر لە لایەن مەلای گوند یاخود کەسێکی تری شارەزاوە, باسی گەورەیی مانگی رەمەزان و خوداپەرستی و بابەتە دینیەکان

کراوە, هاوکات هەر کەسێك پرسیارێکی دینی بووبێت رووبەرووی ئەو کەسانەی کردووەتەوە و وەڵامی پێویست دراونەتەوە.

هەورامییەکان لە مانگی رەمەزاندا زیاتر لە مانگەکاتی تر هاوکاری یەکتریان کردووە, داراکانیان زۆر یارمەتی (نەدار, هەتیو, نەخۆش, لیقەوماو)ەکانیان داوە, زۆریش مەبەستیان بووە سفرەی هەموو کەسێك بەخواردەمەنی جۆرا و جۆر پۆشتە و قەڵەباڵغ بێت, بۆ ئەوەی هیچ کەسێك هەست بە نەبوون و هاوچەشمانکەمی نەکات, هەموویان سەرفیترە و داراکانیشیان زەکاتیان داوە, دیارە زەکات و سەرفیترەش دراون بە: (هەژار, هەتیو, بێوەژن, پیرێژن, مەلا)کان و ئەوەش یارمەتیدەرێکی چاك بووە لە بواری دابینکردنی هەندێك پێداویستی بژێوییاندا.

رەمەزان لە هەوراماندا ئەوەندە پیرۆزی هەبووە, کەسێکیش کە بەرۆژوونەبووبێت نەیوێراوە بە ئاشکرا رێزینەگرێت و رێگەی بە خۆی نەداوە لای خەڵکی تر دەربیخات کە بە رۆژوو نییە, ئەگەر کەسێکیش بە ئاشکرا رێزی رەمەزانی نەگرتبێت, ئەوە لە سەر کەسێتی کەوتووە ولە ناو خەڵکدا بە کەسێکی بیزرا و قێزەون سەیرکراوە.

باوك و دایك زۆر مەبەستیانبووە منداڵەکانیات هەر لە منداڵییەوە فێری ئەوەبکەن بەرۆژووبن, منداڵەکانیش بوێرانە هاتوونەتە مەیدان و زۆربەیان بەدرێژایی مانگی رەمەزان بەرۆژووبوون, ئەمەش وایکردووە کە رۆژوو بەدەر لەوەی جێبەجێکردنی یەکێك لە ئەرکە دینییەکان بووە, وەك نەریتێکی کۆمەڵایەتیش شوێنی خۆی گرتووە.

خەڵکی هەورامان هەر لە شەوی (21)ی رەمەزانەوە هەتاکو شەوی (29)ی ئەم مانگە, بەتایبەت لەشەوە تاکەکاندا لەمزگەوتەکاندا کۆبوونەتەوە بۆ نوێژکردن و قورئانخوێندن, هاوکات پرسیاری جۆرا و جۆریان لە بابەتە دینیەکاندا لە زانا دینییەکان کردووە و وەڵامدراونەتەوە, ئەو پرسیار و وەڵامانە جۆرە مشت و مڕێکیان لە ناو هەندێك لە ئامادەبواندا درووستکردووە, لەوێشەوە زیاتر لە بابەتەکان تێگەیشتوون.

خەڵکی ناوچەکە بە تایبەت داراکانیان لە مانگی رەمەزاندا قورئانخوێنەکانیان راسپاردوون بۆ ئەوەی رۆژانە, یان بەتەنها رۆژانی هەینی, بەسەر مەزاری مردووەکانیانەوە قورئانبخوێنن و بەرامبەر بەوەش یارمەتیان داون.

بۆ کۆتایهێنان بەم باسە ئەوە ماوە بڵێین: رۆژێکیان کەسێکی هەورامی لە مەلای گوندەکەیانی پرسیوە, مامۆستا ئەگەر کەسێك نوێژنەکات لە رووی دینیەوە چییە, ئەویش وتوویەتی (کافر), کابراش وتوویەتی ئەی ئەگەر رۆژوونەگرێت, مەلاش وتوویەتی (کافر هەی کافر), خۆ ئەگەر بەوردی لە بنەماکانی دینی ئیسلام وردببینەوە حوکمی کافربوون بەسەر نوێژنەکەر, یاخود رۆژوونەگردا نادرێت, بەڵام دەبینین تەنانەت بەلای مەلایەکیشەوە لێکدانەوەیەکی کۆمەڵایەتی لەم بوارەداکراوە.

<u>تێبینی:</u>

ئەم باسە وەك رابووردوو خراوەتەڕوو لەبەرئەوەی ئێستا گۆڕانکاری بەسەر رێوڕەسمەکانی رەمەزاندا هاتوون.

## یاری منداڵانە

هەموومان منداڵ بووین و لەو دنیا ئەفسووناویدا ژیاوین, ئەو ژیانە پاك و ڕۆحسووکەمان گوزەراندووە کە شیرینترین قۆناغی تەمەنە و هیچ شتێك لە شتە ڕەزاقورس و بێتاقەتکارەکانی ڕۆژگار و ڕەنج و ماندووبوونی تاقەتپڕۆکێنی تێدا نیین, هەموویەکێکمان پاش گەورەبوونیشمان ناو بەنا و یادیدەکەینەوە و هەندێك جاریش لە ناخی دڵمانەوە ئاواتی بۆ دەخوازین و حەزدەکەین جارێکیتر بچینەوە ناو دنیای منداڵیەوە, ژیانی منداڵ ئەوەندە ژیانێکی شیرین وپاك وبێگەردە هەموو ماناجوانەکانی ژیانی ڕاستەقینەی مرۆڤانەی تێدان, لەو ژیانەدا تەنها لەتە نانێك سکتێردەکات و تەنها نوقڵێك, یان چکلێتێك, زەردەخەنە دەخەنەسەر لێو, تەنها کراسێك, یان جووتێك پێڵاو, خۆشییەکی شاگەشکەئامێز بە منداڵ دەبەخشن, دەرچوونێکی ئاسایی لە ماڵ,یان سەیران و گەشتێك, ئیتر ئەوە بەهەشتی ڕاستەقینەی دنیای منداڵییە, دیارە شادی جەژن و چاوەڕوانیی جەژنانە و شیرینی و بەسەربردنی ڕۆژەکانی جەژن, ئەوە منداڵ دەخەنە ناو حاڵەتێکی دەروونی واوە وادەزانێت لەم دنیایەدا کەس لە و دڵخۆشتر نییە, چونکە منداڵ تا ڕادەیەکی زۆر بێئاگایە لەو گرفتانەی کە ئەرك و ماندووبوونی ڕۆژگار لە هەموو بوارەکانی ژیاندا, ڕۆژانە دەیانخەنە بەردەم گەورەکان و هەندێکجار بێتاقەت و بێزاریاندەکەن.پاش ئەم چەند دێڕە دێینە سەر کرۆکی باسەکەمان دەربارەی یاری منداڵانە.

هەمووومان باش دەزانیین منداڵ لەو تەمەنەوە دەکەوێتە کڕوگاڵ, ئیتر لە ناو ماڵدا دەبێت بە مایەی خۆخەریککردن لە گەڵیدا لە لایەن: باوك, برا, خوشك و کەسە نزیکەکان لێیەوە, سەبارەت بە دایکیش ئەوە لە هەموو چرکەکانی تەمەنی منداڵەکەیدا لە گەڵیدا دەژی, یاریکردن لە گەڵ منداڵ لە تەمەنی گڕوگاڵدا بریتییە لە (لاواندنی, دواندنی, گرتنەباوەشی, هەڵپەڕاندنی بەدەم گۆرانییەوە), پاش ماوەیەك کە منداڵ دەکەوێتە (گاڵکۆکێ) و خۆی دێتە باوەشەوە, لەم تەمەندا دەیەوێت زیاتر لە دەوروبەرەکەی تێبگات , بۆیە هەموو شتێك سەرنجڕادەکێشێت و دەستی بۆ درێژدەکات, لێرەدا هەندێك شت کەبەدەست ئەو کەسەوەن دەدیدوێنێت , بۆ نموونە (تەسبیح) کە لە ناو کۆمەڵی کوردەواریدا زۆرباوە, یان بازن وملوانکەی دەست وگەردنی ژنان و کچان, یان شتێك بەدەست منداڵەکە خۆیەوە بێت, دەبن بە ئامرازی یاریکردن لە گەڵیدا, دەبینین ئەو کەسەی منداڵەکە دەدوێنێت ئەو شتانەی دەستیان بۆ دەبات بەینا و بەین لێیدووردەخاتەوە, ئەویش هەوڵدەدات جارێکی تر بکەونەوە ژێردەستی, بۆیە بە گاڵکۆکێ و بەخێرایی چەندە لێشیەوە دووربن بۆیان دەچێت, لێرەدا منداڵەکە دەبێت بە لایەنێکی کاریگە ر لە یاریەکەدا و دەیەوێت بیسەلمێنێت توانای بەدەستهێنانەوەی ئەو شتانەی هەیە لێیدوورخراونەتەوە, خۆ ئەگەر ڕێگەی

بەدەستهێنانەوەشی لێگیرا, ئەوە زۆرجار ناڕەزاییدەردەبڕێت هەر لە دەست و پەل وەشاندنەوە بیگرە هەتاکو گریان و هاوارکردن.

منداڵ پاش ئەوەی دەکەوێتەسەرپێ و دەتوانێت بە پێی خۆی بڕوات, لەم تەمەنەدا ئیتر لە رووی زمانگرتنیشەوە پێشدەکەوێت و دەتوانێت چەند وشەیەك بە زمانی منداڵانە دەربڕێت, بە پێی ئەم گۆڕانکارییانە کە لە رووی جەستە و تەمەنییەوە روودەدەن یارییەکانیش دەگۆڕێن و چەند یارییەکی نمایشکارانە دێنە گۆڕێ, وەك: (بژێ بژێ, هەتۆڵ مەتۆڵ تەکامە زەرد و سوور و شەمامە, زەقنیرە من و فلاَن پەنیرە– دیارە فلاَن ناوی ئەو منداڵەیە یارییەکەی لە گەڵدا دەکرێت و لە و کاتەدا ناویدەهێنرێت).

یارییەکانی ئەم تەمەنە یارمەتی منداڵەکە دەدەن هەم لە رووی جووڵە و قسەکردن, هەم لە رووی دەرککردن بە شتەکانی دەوروبەریەوە زیاتر پێشبکەوێت و لە رووی دەروونیشەوە دڵخۆش و ئاسوودەی دەکەن, بۆ نموونە کاتێك ئەو کەسەی یاری (زەقنیرە)ی لەگەڵدەکات و دەڵێت (زەقنیرە من و فلاَن پەنیرە) منداڵەکەش هەوڵدەدات لە گەڵیدا قسە و جووڵەکان دووبارە بکاتەوە, دیارە هەر لەم تەمەنەشدا هەندێك ئامرازی تری یاریکردن دەکەونە بەردەستی منداڵ وەك: (تۆپ, میزڵدان, فیقفیقە...هتد), ئەمانەش هەر یەکێکیان رۆڵی خۆیان هەیە بۆی هەم چێژپێدەگەێنن, هەم ئەگەر بە باشی و بەهاوکاری گەورەکان بەکاربهێنرێن کاریگەریاندەبێت لە فراوانکردنی مەودای بیرکردنەوەیدا,چونکە منداڵ هەوڵدەدات لە بەکارهێنانیاندا ئەفراندنبکات, بەلاَم ئەم جۆرە ئامرازانە و چەندین ئامرازی تریش ئەگەر بەهەرەمەکی بخرێنە بەردەست منداڵ, تەنها ماوەیەکی کەم خۆی پێیانە سەرقاڵدەکات, پاشان بێجگە لە شکاندن و فرێدانیان هیچ ئاییندەیەکیان نابێت, هەر بۆیە هاوکاریکردنی منداڵ لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی یاریکردندا زۆر گرنگە و بایەخی خۆی هەیە.

کاتێك منداڵ ئەوەندە گەورەدەبێت دەردەچێت بۆ کۆڵاَن و لەگەڵ منداڵانی تردا تێکەڵاَویدەکات, هەندێك یاری تری منداڵانە بۆی دێنەئاراوە, بەلاَم لەم تەمەنەیدا ژمارەیەك لە یارییەکانی کوڕان و کچان لە یەکتری جیادەبنەوە و ژمارەیەکیشیان هەر بە تێکەڵاَوی دەمێننەوە, بۆ نموونە جاری واهەیە کوڕان و کچان پێکەوە یاری (یانەقۆڵێ=ماڵە باجێنە) دەکەن, کەچی هەر پاش کەمێك کچەکان دەچن بە لای (پەتپەتێن)ەوە و کوڕەکانیش خەریکی (مووشێن), یان (هەلووکێن), یاخود (تۆپێن) دەبن, یان دەبینین لە کاتێکدا کە پێکەوە یاری (خەتخەتێن) دەکەن, کەچی لە پڕ کچەکان جیادەبنەوە و خەریکی یاری (پەتپەتێن) دەبن, هاوکات کوڕەکانیش دەچن بەلای یاری (بازبازێن), یان راوڕاوێنەوە, بەلاَم پاش ئەوەی تەمەنی منداڵ زیاتر دەبێت یارییەکانیکوڕانە و کچانە بە تەواوی لە یەکتری جیادەبنەوە, ئیتر نەوەك هەر پێکەوە یارییناکەن بەڵکو بە پێی نەریتی کۆمەلاَیەتی تێکەڵاَوبوونیان بەجۆرێك لە شوورەیی دەزانن.

بەهەرحاڵ, یاری منداڵانە ئەگەر بە رێکوپێکی ئەنجامبدرێن, دەبن بە هۆی زیاترگەشەکردنی بەهرە و سەلیقەی منداڵاَن و کاریگەرییان هەیە لە سەر فراوانبوونی مەودای بیرکردنەوەیان, هاوکات منداڵ لە گۆشەگیری و قەتیسبوون لەناو پەردەی شەرم دووردەخەنەوە, بەلاَم بەرەڵاَکردنی منداڵاَن لە کۆڵاَناندا و لێنەپرسینەوەیان کاردانەوەی پێچەوانەی هەیە, چونکە لە لایەکەوە گوێڕایەڵنابن بۆ لە خۆیان گەورەتر و لە لایەکی تریشەوە لەسەر

پەروەردەکردنیان دەکەوێت, هەر بۆیە نابێت (باوك و دایك), یان ئەندامە گەورەکانی تری ناوخێزان خۆیان لە یاریکردنی منداڵەکانیان دوورەپەرێزبگرن و رۆژ تائێوارە بەرەڵای ناو کۆڵانەکانیان بکەن, یاخود بەتەوای رێیانلێبگرن و یاریکردنیان لێقەدەغەبکەن, بەڵکو دەبێت بەپێی بوار و کاتی خۆیان لەم لایەنەوە چاودێری منداڵەکانیان بکەن, چونکە لایەنێکی گرنگی پەروەردەی منداڵە و کاریگەریشی لەسەر کەسێتی منداڵەکە هەیە, بەوەی لە ئایندەدا کەسێکی خاوەن بڕوا بە خۆ و کراوە بە ڕووی خەڵکدا دەربچێت, یاخود کەسێکی بێبڕوا بە خۆ و داخراو بەڕووی خەڵدا دەربچێت.

شتێکی ئاشکرایە یارییە منداڵانەکان هەندێکیان یاری ناوچەیین و هەندێکی تریان سنووری ناوچەییان بەزاندووە و تا رادەیەکیش جیهانی بوونەتەوە, بەڵام لە ڕووی شێوازی ئەنجامدانیانەوە و ئەو ئامرازانەی تیایاندا بەکاردێن کەمێك جیاوازیان هەن, هەروەها هەیانن بەکەرەسەی مادی دەکرێن و هەشیانن تەنها یاری نمایشکارانەن و هیچ کەرەسەیەکیان تێدا بەکارناهێنرێت, بەڵام زۆربەیان ئەگەر لە ژێرچاودێری و ئامۆژگاری گەورەکاندا ئەنجامبدرێن, ئەوە بەدڵنیاییەوە هەم لەڕووی تەندرووستییەوە و هەم لە ڕووی رێکخستنی پەیوەندی منداڵان بە یەکترییەوە سوودبەخشن.

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد بەدەر لە و یارییانەی منداڵانی ناوچە جیاجیاکان بە شێوازی جیاجیا ئەنجامیاندەدەن, هەمو ناوچەیەك یاری منداڵانەی تایبەت بە خۆی هەن, ناوچەی هەورامانیش لەم بوارەدا لە ناوچەکانی تر کەمتر نییە, گرنگترین یارییە منداڵانەکانی هەورامان بریتین لە: (بژێ بژێ, زەقنیرە, هەتۆڵ مەتۆڵ, چاڵانی, واغانی, خواجەڕۆ, هەنۆری مەنۆری, فڕیانشەق, قولەقانێ...هتد), هەریەك لەم یارییانەش مانا و شێوازی خۆی هەیە, ژمارەیەك لە مامۆستاکانی هەورامان کاتی خۆی بە توندی دژایەتی ئەم یارییانەیان دەکرد و هەوڵی بنەبڕکردنیان دەدان, بە رادەیەك هەندێك قوتابی و خوێنکاریان فێری جۆرە سیخوڕییەك کردبوو بەوەی ناوی ئەوانەیان بۆ دەنووسین کە لە رۆژانی هەینی و پشوودا ئەم یارییانەیان دەکرد, دارکاری ناو گۆڕەپانی قوتابخانە و خوێندنگاش لە ناو ریزی بەیانیان و لە نا و پۆلەکانی خوێندندا و سزای ئەو قەتابی و خوێندکارانە بوو ئەو یارییانەیان دەکردن, بەڵام هەندێك مامۆستای تر بە پێچەوانەوە سەیری ئەو مەسەلەیان دەکرد, هەوڵیاندەدا ئەو یارییانە شێوازێکی پەروەردەیی وەربگرن و دوور لە بەرەڵایی ناو کۆڵانان ئەنجامبدرێن, هاوکات باسی ئەوەیان دەکرد ئەو یارییانە بەشێکن لە کولتووری ناوچەکە, رێگەلێگرتنیان دەبێت بە هۆی فەوتان و لەبیرکردنیان, بۆیە پێویستە شێوازەکەیان رێکبخرێتەوە و لە ژێرسەرپەرشتی گەورەکاندا ئەنجامبدرێن و سوود لە خاڵە چاکەکانیان وەربگیرێت, لە بیرمە ساڵی (1964ز) لە پۆلی چوارەمی سەرەتایدا بووم لە قوتابخانەی تەوێڵەی سەرەتایی, رۆژێك مامۆستایەکمان کەوتە وێزەی چەند قوتابییەك هەر لەبەر ئەوەی رۆژی پێشووتری بینیبوونی لەسەربانێك یاری (خواجەڕۆ)یان کردبوو, ئەوەندە بە توندی دارکاریکردن چەند قوتابییەکی کچمان لە گەڵدا بوون یەکێکیان بە ناوی (حەمیدەی مەحموودی ئاسنگەر) دەستی کرد بە گریان بۆ هاوڕیکانی, بۆ رۆژی دوایی مامۆستاییەکی تر هاتەسەرمان باسی دارکارییەکەی دوێنێی قوتابییەکانی کرد و وتی: (هەندێك مامۆستا زۆر بە چەواشەیی لە پەروەردە و فێرکردن گەیشتوون, وادەزانن هەموو شتێکی میللی حەرامە), دیاربوو ئەو مامۆستایە دارکاری قوتابییەکان زۆر بێتاقەتیانکردبوو, ئێمەش ئەویێ رۆژێ هیچکاممان لەو تەمەن و لە وئاستی تێگەیشتنەدا نەبووین لە بێتاقەتییەکەی ئەو تێبگەین.

منداڵانی هەورامان زۆر بە ئازادییە و لەبەر چاوی گەورەکانییانەوە زۆربەی یارییە میلییەکان دەکەن و ئەوەش هیچ سەرئێشەیەکیان بۆ دروستناکات, تەنها لەسەر ئەوانەیان سەرزەنشتدەکرێن کە خراپن و منداڵ فێری تەماع دەکەن, وەك (شێر و خەت), دیارە ئەم یارییە بە پارە دەکرێت و کاریگەری خراپی لەسەر پەروەردەی منداڵ هەیە, بۆیە گەورەکان چەندیان پێبکرێت نایەڵن منداڵەکانیان لێینزیکببنەوە.

یارییە منداڵانەکان بە پێی رۆژگار دەگۆڕێن, هەندێکیان لەناودەچن وياری تر جێگەیان دەگرنەوە, هەر بۆنموونە ژمارەیەکی زۆر لە گەنجەکانی ئێستای هەورامان هەن پێیدەچێت ناوی هەندێك لە یارییە منداڵانەکانیانی وەك: (خواجەڕ, هەنۆڕێ مەنۆڕێ)یان نەبیستبێت.

## ئەلبومی وێنەکان

(میهرابە)یەك لە لێواری رووباری فورات – وڵاتی سوریا

**(میهرابە)ی دوکان داود لەسەرپێڵی زەهاو**

(هات)ی ژماره 15 لەسروودی دووەمی ئاوێستا = ئوشتوەدگا، کە بریتیە لە 11 بەند

(هات)ی ژماره 15 لەسرووودی دووەمی ئاوێستا = ئوشتوەدگا، کە بریتیە لە 11 بەند

(هات)ی ژماره 15 لەسروودی دووەمی ئاوێستا = ئوشتوەدگا، کە بریتیە لە 11 بەند

## ڕوونووسی لاتینی پەخشانی چوارەم – لەپەخشانە دینییەکانی یارسان=کاکەیی

## کەعبەی زەردەشت لەناو شوێنەوارەکانی نەقشی ڕۆستەم

## نەخشەی ئیداری قەزای پاوە

**بەهاری رەنگاڵەیی هەورامان**

**مەشکەژەنین لەهەوارگەی هاوینەدا**

## ژنێکی کڵاشچنی هەورامی

**گوندی شمشێر - یەکێکە لەشارەدێکانی هەورامانی لهۆن**

## وەستایەکی دروستکردنی بنەکڵاش کە پێیدەوترێت (کڵاشکەر)

# جۆڵایەکی هەورامی لەکاتی کۆتدانی رانکوچۆغەدا

# تەمبورژەنێکی یارسان=کاکەیی

دەروێش حەبیب – یەکێکبووە لەسەرسپردەگانی کاکەیی

**قەڵای (سەرماج)**

**(دخمە)یەکی زەردەشتی لەزەهاو**

**(سابیر وەهاب) باشترین کلاشچنی هەورامی لەماوەی سی ساڵی رابردوودا**

**گوندی (نۆدشه) زێدی مەلا ئەحمەدی نۆدشی**

**گوندی هاوار ساڵی** 1996

**مامۆستایانی شۆڕش لەقوتابخانەی سەرەتایی تەوێڵە ساڵی** 1964

شاعیر محەمەد ئەمین کاردۆخی

**وەستاساڵحی چەقۆ لەنێوان عەلی عومەری و سەلام ناوێکدا**

**وەستا ساڵح پێشەنگی ئەو کەسانە بووە ئۆتۆمبێلیان بردووەتە هەورامان**

**شاعیر عوسمان محەمەد هەورامی لەگەڵ باوکیدا**1972/11/23

## شاعير شێخ ئەمين شێخ عەلائوددين نەقشبەندى

**کەڵەکێوی**

**کە شاعیران و گۆرانیبێژانی هەورامان چەندین دێڕە شیعر و گۆرانیان پیاهەڵداوە**

**قوتابخانەی فەلسەفە**

## بۆ نووسینی ئەم کتێبە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

1-قورئانی پیرۆز-ناشر مۆسسە انتشارات دار العلم.

2-ئینجیلی مەتی-بەرچڤەی (قەشە یووسف پەری و کەریم زەند)-چاپخانەی راپەڕین سلێمانی 1972.

3-(اوستا)-جلد (1-2)-گزارش وپژوهش (د.جلیل دوستخواه)-چاپ چهارم-1377- انتشارات مروارید.

4-(نامە سرنجام =کلام خزانە)-تحقیق وتفسیر (صدیق صفی زادە بورەکئی)-چاپ اول-1375-تهران انتشارات هیرمند.

5-(تاریخ ایران باستان)- جلد (1-2-3 )- نوشتە (حسن پیر نیا=مشیر الدولە)- نوبت چاپ-نهم 1378- ناشر انتشارات افراسیاب.

6-(تاریخ دە هزار سالە ایران)-جلد (1-2-3-4) نویسندە (عبدالعقیم رچایی)-نوبت چاپ-دهم 1378.

7-(اسگورە اهل حق)-تالیف (ایرج بهرامی)-نوبت چاپ-اول, تابستان 1378.

8-(اندیشهای فلسفی در ایران)- تالیف (ابو القاسم پرتو)-چاپ اول- انتشارات اساگیر –1373- تهران.


www.pertwk.com

9-(زرتشت - مزدیسنا و حکومت) –مهندس جلالدین اشتیانی- چاپ هفتم- ناشر شرکت سهامی.

10-(تاریخ و شناخت ادیان)- جلد دوم- (د. علی شریعتی).

11-(ائین مهر=میترائیسم)- تحقیق ونوشته- (هاشم رچی)- انتشارات فروهر-چاپ اول-1359 تهران.

12-(وندیدات)-جلد (اول)-تحقیق- هاشم رچی- چاپ اول- انتشارات فکر روز- تهران 1376.

13-(راستی علی کیست)-تالیف- (جمیل افشار)-چاپ اول 1376- انتشارات هیرمند-تهران.

14-(تاریخ ومژاهب در ایران)- تالیف (عباس قدیانی)-چاپ اول 1374.

15-(ایلات وگوایف کرمانشاهان) -2/1- تالیف- (محمد علی سلگانی)-نوبت چاپ- اول 1372 تهران.

16-(فرهنگ جامع سیاسی)-محمود گلوعی-چاپ دوم 1377-چاپخانه حیدری.

17-حدیقه سلگانی-تالیف محمد علی سلگانی-تهران 1364.

18-(مجتمع جدید او الکارپه)-تالیف- (الدکتور زکی نجیب محمود)- دار الشروق-بیروت 1978.

19-(ایران فی عهد الساسانیین)-تالیف- (ارپر کریستنسن)- ترجمه (یحیی الخشاب) مراجعه (عبدالوهاب عزام)- مگبعه لجنه التالیف والترجمه و النشر-القاهره 1957.

20=(مروج الژهب)-ج 4 –تالیف- (ابو الحسن علی بن حسین المسعودی)-القاهره 1938.



www.pertwk.com

21-كرد-ترك-عرب)-تاليف-(سيسل جون ادموندز)-ترجمه-(جرجيس فتح الله)- مگبعه التايمس 1971.

22-(الاكراد)-باسيل نيكتين- دار الروائع-بيروت 1985.

23-(دراسات كرديه فى بلاد سوبارتو)-تاليف (الدكتور جمال رشيد امين)- بغداد 1984.

23-(حكمه الاديان الحيه)-تاليف (جوزيف گاير)- ترجمه (المحامى حسين الكيلانى)- مراجعه الاستاذ محمود الملاح)-منشورات (دار مكتبه الحياه)-بيروت.

24-فن الشعر)- هوراس- ترجمه (د.لويس عوچ) –الگبعه الپانيه-قاهره 1970.

25-(فلسفه الفن) رؤيه جديده- ص(24)- الدكتور على عبدالمعگى محمد- دار النهقه العربيه للگباعه والنشر-بيروت 1985.

26-(مسائل فلسفه الفن المعاصره)-تاليف (جان مارى جويو)- ترجمه (سامى الدروبى)- دار ليقظه العربيه-بيروت 1965.

27-(فلسفه التربيه)- تاليف-(د.نورى جعفر)-مگبعه الزهراو-بغداد-1959.

28-(الدين والمجتمع)- تاليف- (اديب صعب), دار النهار بيروت-1983.

29-(الخلافه ونشاه الاحزاب الاسلاميه)- تاليف (د. محمد عماره)-المؤسسه العربيه للدراسات والنشر-بيروت-1977.

30-(رسائل الجاحف)- جلد 1-تحقيق – (عبدالسلام هارون)-القاهره1964.

31-(النزعه العقليه فى فلسفه ابن الرشد)-تاليف-محمد عاگف العراقى-الگبعه الپالپه-1968دار المعارف بمصر.


www.pertwk.com

32-(الاسلام والسلگه الدينيه)-تاليف-(الدكتور محمد عماره)-الگبعه الپانيه-المؤسسه العربيه للدراسات والنشر-بيروت 1980.

33-(الاكراد فى بهدينان)-تاليف-انورالمائى-بغداد-1960.

34-(مجله الپقافه)-العدد (2) السنه الرابعه-شباگ 1974.

35-دەستنووسی (پاسداران مرز ایران= تاریخ اورامان) نووسینی (موزەفەرخانی رەزاو).

36-دەستنووسی (دەفتەری شندروێ), یەکێکە لە دەفتەرە پیرۆزەکانی (رێورەچەی یارسان).

37-مرۆڤ و دەوروبەر)-بەشی دووەم-نووسینی (مەسعوود محەممەد)-چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق-بەغداد 1984ز.

38-(پەیامی هەورامان)-چاپی یەکەم-نووسینی (هادی رەشید بەهمەنی)2001ز=2701کوردی.

39-(خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان) بەرگی یەکەم- نووسینی (محممەد ئەمین زەکی بەگ) چاپی نوێ, سلێمانی 2000.

40-(مێژووی ئاینی زەردەشت)- نووسینی (عەبدولا موبلیغی ئابادانی)-وەرگێڕانی (وریاقانیع)- چاپی دووەم-خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی قانیع-سلێمانی 2004.

40-(ئاڤێستا نامەی مەنەڤی ئایینی زەردەشت)-بەشی یەکەم-نیگاکردنەوەی-(ئەندازحەوێزی)-سوید 1992ز.

41-(تەصەووف چی یە)-نووسینی (ئەمین شێخ عەلائەدین نەقشبەندی)-دار الحریە للگباعە 1985.

42-(ڕەخنەسازی-مێژوو و پەیڕەویکردن)-دانانی (د.کامل حەسەن عەزیز ئەلبەصیر)چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق-بەغداد 1403کۆچی=1983زایینی.

43-(کورد و باکووری کوردستان لە سەرەتای مێژووەوە هەتا شەڕی دووەمی جیهان)-بەرگی یەکەم-نووسینی (محەممەد ڕەسووڵ هاوار)-چاپی یەکەم-2000.

44-(کورد)- نووسینی فلادیمێر مینۆرسکی-وەرگێڕانی بۆ عەرەبی (د.مارف خەزنەدار)-وەرگێڕانی بۆ کوردی (حەمەسەعید حەمەکەریم)-1984.

45-(مێژووی ئەدەبی کوردی)-(نووسینی عەلائوددینی سەجادی)- چاپی دووەم ساڵی 1971.

46-(مێژووی هەورامان)-نووسینی (محەممەد ئەمین هەورامانی)-انتشارات بلخ-1380.

47-(مێژووی وێژەی کوردی)-بەرگی یەکەم-بەرگی دووەم-نووسینی (د.صدیقی بۆرەکەئی)-چاپخانەی چهر-تبریز 1370.

48-(مێژووی ڕێبازی زمانی کوردی)-نووسینی (محەممەد ئەمین هەورامانی)-مەڵبەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی زانکۆی سەلاحەدین-1990ز.

49-(لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی دەربارەی وڵاتی کوردەواری)-نووسینی (د.جەمال ڕەشید ئەحمەد)- لە بڵاوکراوەکانی (دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی)-1988.

50-(کاکەیی)-نووسینی (محەممەد ئەمین هەورامانی)-بەغداد 1984ز.

51-(یادی مەردان)-بەرگی دووەم- نووسینی (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)-چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق-بەغداد 1983.

52-(هەورامان)-بەرگی یەکەم- نووسینی- (ئەیوب ڕۆستەم)-چاپی یەکەم-سلێمانی زستانی 2004.


www.pertwk.com

53-(هەگبە و هەوارگە)-نووسینی ئەیوب رۆستەم-چاپی یەکەم-2003زایینی-2703کوردی.

54-(گەنجینەی فەرهەنگ و زانست)-نووسینی (محەممەد صالّح ئیبراهیمی محەممەدی)-چاپخانە مهارت- تهران.

55-(دیوانی میرزا ئەولقادری پاوەیی)-محەممەد ئەمین هەورامانی-چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق-1984 بەغداد.

56-(دیوانی صەیدی هەورامی)- محەممەد ئەمین هەورمی-چاپخانەی کامەرانی- 1971ز.

57-(دیوانی کارۆدخی)-بەشی یەکەم و هەندێ لە بەشی دووەم-(محەممەد ئەمین کاردۆخی)-چاپی دووەم 1982-چاپخانە و ئۆفسێتی سەرکەوتن-سلێمانی.

58-(دیوانی مەلا حەسەنی دزلّی مەردۆخی)-کۆکردنەوە, لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە (ئەحمەد نەزیری)-چاپی یەکەم-چاپخانە خرمی-گولآنی 80.

59-کێش و قافیە لە شیعری کوردیدا-نووسینی (د.مارف خەزنەدار)-بەغداد 1962.

60-(بەرهەمی ژیان- دیوانی هۆنراوەکانی ئەمین نەقشبەندی-بێوەی)-چاپخانەی شەفیق-1980زایینی.

61-(دیوانی شاهۆ)-کۆکردنەوە و رێکخستنی (محەممەد ئەمین کاردۆخی)-بەرگی دووەم-چاپی یەکەم-چاپخانەی کامەرانی-1980.

62-(پیشالیاری زەردەشتی)- نووسینی (محەممەد بەهائەدین مەلا صاحب) بەغداد-ساڵی 1968.

63-(دیوانی بێسارانی)-کۆکردنەوەی –(کیومەرپ نیك رەفتار)-بەغداد 1360 هەتاوی.

64-(رۆڵە بزانی)- شیکردنەوەی (محەممەد سیراجوددینی نیزلّی)-تاران 1405.


www.pertwk.com

65-(گۆڤاری بانە رۆژ)-ژمارە (5)-نیسانی 2004.

66-(گۆڤاری هەورامان)-ژمارە (1)- زستانی (2003).

67=دەیان وتار و لێکۆڵینەوەی خۆم کە لە بارەی مێژوو و کولتووری هەورامانەوە نووسراون و لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا بلاْوکراونەتەوە.

68-ئەرشیفی شەش ساڵ و نیوی بەرنامەی رادیۆیی (وەشەن هەورامان) کە هەفتانە ئامادە و پێشکەشیدەکەم و لە رادیۆی دەنگی گەلی کوردستانەوە بلاْودەکرێتەوە.

## لە رووی ئەمەکدارییەوە سوپاس و پێزانینمان بۆ ئەم بەرێزانە:

1-کاك جەمیل هەورامی- چەند سەرچاوەیەکی پێدام.

2-مامۆستا عوسمان محەمەد هەورامی-بەرگی دووەمی ئەم کتێبەی بە پیتی لاتینی بۆ نووسیم.

3-(زەکیەخانی هاوسەری خوالێخۆشبوو مامۆستا مەحیەدین حاجی سەلیم تەوێڵەیی و کاکە زانای کوڕی),چەند لاپەڕەیەك زانیارییان دەربارەی مێژووی ژیانی شاعیر (میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی) لە ناو کتێبخانەکەی (مامۆستا مەحیەدین)دا بۆ دەرهێنام, هەرچەندە لەوەتی ئەو کۆچی دواییکردبوو هیچ دەستکارییەکی ئەو کتێبخانەیان نەکردبوو, بەلاْم کە من چووم بۆ لایان دەستیاننەنا بە رووەمەوە.

4-کاك فەخرەدین حاجی سەلیم تەوێڵەیی-چەند لاپەڕەیەکی دەربارەی ژیاننامەی (میرزا عەبدولقادری تەوێڵەیی) بۆ نووسیم.

5-كاك صبوور حەمەشەریف- لە تایپکردن و نەخشەسازی کۆمپیوتەریدا هاوکاریکردم و سێ سەرچاوەشی پێدام.

6-كاك رەفعەتی موڕادی دشەیی- ((c.dیەکی بۆ هێنام چەندین وێنە و نەخشەی پارێزگاری کرماشان و هەندێك زانیاری لە بارەی مێژوو و کولتووری ئەو پارێزگایەوە لە بوارە جیاجیاکاندا تێدان.

7-كاك ئەکبەر کەریم هاواری-وێنەیەکی (دەروێش حەبیبی کاکەیی) بۆ پەیداکردم.

8-مامۆستا عەبدوڵا کەریم تەوێڵەیی-وێنەی مامۆستایانی شۆڕشی قوتابخانەی تەوێڵەی سەرەتایی ساڵی (1964ز)ی بۆ هێنام.

9-مامۆستا دڵشاد محەممەد مەلا صاحب - چەند لاپەڕەیەك لە ژیاننامەی مامۆستا (محەممەد بەهائوددین مەلا صاحب) ناسراو بە (دانای هەورامی) بۆ نووسیم و چەند دێڕێك شیعری بڵاونەکراوەیشی بۆ هێنام.

10-نەسرین صاڵح- وێنەیەکی (وەستا صاڵح ناسرا و بە صاڵح چەقۆ)ی بۆ هێنام.

11-كاك شێخ ئەمیر شێخ ئەمین- مێژووی کۆچی دوایی (شێخ ئەمین شێخ عەلائوددین نەقشبەندی) بۆ دەستنیشانکردم.

12-كاك شاهۆ شێخ محەممەد ئەمین کاردۆخی- دەربارەی بەرهەمە چاپنەکراوەکانی باوکی زانیاری پێدام.

13-كاك ئەرکان هاواری-شوێن و مێژووی کوژرانی (دەروێش حەبیبی کاکەیی) بۆ دەستنیشانکردم.

14-(مام کەریم عەبدوڵا)-چەند دێڕێك شیعری میرزا عەبدولقادری پاوەیی بۆ خوێندمەوە و تۆمارمکردن.

15-مامۆستا سەردار حەمەخان-هەندێك زانیاری دەربارەی گوندی (دەگاشێخان)پێدام.

ئومێدەوارم هەمیشه سەرفرازبن و نموونەیان زۆربێت.

-

**وێنەی بەرگ:**

1-گوندی هەجیج.

2-پیاوێکی هەورامی له ناو سروشتی سەرەتای زستاندا.